

# کۆمەڵێک وتارو دیمانەی نووسەرانی بیانی

## وەرگێڕاوە لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی

## هاوڕێ کەماڵ حەسەن پوور

بەشی یەکەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٢٦ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

**بابەتی ساڵی........... ۲۰۱۷ ................ لاپەڕەی ........ ۵**


١- بردنەوەی ترامپ چی بۆ خۆرهەڵاتی ناوین لەگەڵ خۆیدا دێنێ.......................................... گیلبەرت ئاچکار .....

٢- لە سووریە تا ناتۆ، پرسەکانی سیاسەتی دەرەوە کە ڕێکس تیللێرسۆن وەک وەزیری کاروبـاری دەرەوە.....................

٣- ترامپ زەخت دەخاتە سەر کردارە تێرۆریستییە نێونەتەوەییەکانی ئێران........................ ماتیو ر.ج.برۆسکی .....

٤- بەڕاستی ئێران لە ئاڵوگۆڕی جوگرافیای سیاسی خۆرهەڵاتی ناوین دا لە پاشەکشە دایە؟........... ئێلێن لەیپسۆن .....

٥- داعش پارسەنگی ئێران نیە............................................................... سێت جەی فرانتزمەن .....

٦- ئێران ناوەندی نوێی تێرۆر دروست دەکا................................................... وێس مارتین .....

٧- ئیددیعای تیلێرسۆن بۆ گۆڕینی «ئاشتییانەی» ڕێژیمی ئێران، ڕاستە؟ ئەدی دوایە؟.............. ئێریک پێلۆفسکی .....

٨- شەڕی داهاتوو لە خۆرهەڵاتی ناوین ............................................................ یوشکا فیشێر .....

٩- ئاژاوە و نەزم لە جیهانێکی هەردەم لەگۆڕاندا (ڕووسیە و چین)...................................... هێنری کیسێنجێر ......

١٠- ئەگەری لێکهەڵوەشانی عێراق لە دوای گشتپرسییەکەی کوردان ........................................ دەیلی بیست .....

١١- ترامپ خەریکە ڕێگا بە ئێران بدا کە دەست بە سەر عێراق دابگرێ...................................... بێنی ئاڤنی .....

١٢- ڕووبەڕووبوونەوەی داهاتوو لە نێوان ئیسرائیل و ئێران........................................ ئێلیۆت ئابرامس ......

١٣- سێهەمین شەڕی لوبنان بەڕێوەیە.......................... ژەنراڵ کلاوژەنراڵس دیتەر ناومەن و لۆرد ریچارد داننات .....

١٤- خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە کلێپەی تەڤینەوەدا.................................................. ڕۆبەرت مەنلی .....

١٥- چۆن ئۆباما و ترامپ بوونە هۆی بۆشایی لە خۆرهەڵاتی ناوین.................................... شالۆم لیپنەر .....

١٦- کۆرەی باکوور و ئێران پەرەسەندنی هاوکاریی سەربازیی نیوانیان...................................... جەی سالامۆن .....

١٧- گۆڕینی نەخشەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ڕێگایەک بۆ............................................. مایکڵ ماکۆسفی .....

١٨- بۆچی نارەزایەتییەکانی ئەمجارە گرینگن؟................................................... دێ کۆنڤرسەیشن .....

١٩- ئاوابوونی خۆری بەختی کوردان (باشووری کوردستان)........................................... جوست هیلتەرمەن .....

٢٠- یەکەم شەڕی ژەنراڵ ئەردۆغان............................................................. ستیڤن ئەی کوک .....

## بابەتەکانی ساڵی............. ٢٠١٨ ................. لاپەڕەی ......... ٦٦

٢١- گۆڕینی نەخشەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ڕێگایەک بۆ................................................ مایکڵ ماکۆسفی .....
٢٢- بۆچی نارەزایەتییەکانی ئەمجارە گرینگن؟.................................................... دێ کۆنڤرسەیشن .....
٢٣- ئاوابوونی خۆری بەختی کوردان (باشووری کوردستان)........................................... جوست هیلتەرمەن .....
٢٤- یەکەم شەڕی ژەنراڵ ئەردۆغان.................................................................. ستیڤن ئەی کوک .....
٢٥- سەرەکییترین کێشەکانی جیهان بۆ چاودێری لە ٢٠١٨دا........................ ئوری فریدمەن و ئانابێل تیمسیت .....
٢٦- بۆمبی کات بۆدیاریکراوی سووریە.................................................................. یۆشکا فیشێر .....
٢٧- سەردەمی پاکڕەوشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەسەر چووە................................................. جەیمز تراوب .....
٢٨- دوابەدوای هێرشی ئاسمانی بۆ سەر سووریە شەڕی ناڕاستەوخۆی ئیسرائیل و ئێران بەرێوەیە....... ڕافائیل ئارین .....
٢٩- ریاڵی ئێران لە دەلاقەی جیاوازیی نرخی دراو بە فەرمی و لە بازاڕی ئازاددا................... ستیف ئێچ هانک .....
٣٠- شەڕی ساردی ئەمریکا لەگەڵ ئێران دەستی پێکردۆتەوە.............................................. ڕابێرت تراسینسکی .....
٣١- هەوڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕینی ڕێژیم........................ دان ستاینبۆک - فارین پاڵیسی جورناڵ .....
٣٢- دووبارە دارشتنەوەی هاوپەیمانی لە نێوان متمانە پێنەکراوەکاندا.................................. هەربەرت لەندەن .....
٣٣- هەنگاوەکانی داهاتوو؛ ئەودیوی ڕێککەوتنی ناوکیی ئێران........................................... جایسۆن برادسکی .....
٣٤- سیاسەتی ڕووهەڵماڵراوانەی ئاڵمان بەرامبەر بە ئێران............................................. ئارۆن کلیگمەن .....
٣٥- ئازادکردنی ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوز یارمەتیی ڕیفۆرمخوازەکان دەکا؟........................... ئارەش عەزیزی .....
٣٦- لەمەودوا ئێران، ریاڵی ئەو وڵاتە و ئایەتوڵڵا چیان لێ دێ؟......................................... باب مەسین .....
٣٧- ستراتیژیی ترامپ بەرامبەر بە ئێران لەلایەن ڕاستەکانەوە لەهەڵلا دراوە.......................... جێنیفەر روبین .....
٣٨- هێرشی درندانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر قەڵای دێموکڕات و کاردانەوەی لە میدیای جیهانییدا.............
٣٩- ستراتیژیی نوێی ترامپ بە ئیلهام وەرگرتن لە شەڕی سارد.......................................... مایک جیگلیو .....
٤٠- ستراتیژیی سەرکەوتن بەسەر ئێراندا ................................................. فردریک دەبلیو کەیگان.....

٤١- ئێران داینامۆی سەرەکیی ناسەقامگیرکردنی ناوچەیە.............................................. یوسی مێلمەن .....
٤٢- هێرشی بی جی پی و بەبارمتەگرتنی ترافیکی تێلێگرام لە ئێران...................................... چارلیی ئۆزبۆرن .....

٤٣- ترامپ بۆ گەمارۆ ئابوورییەکان دەبێ هەوڵەکانی چڕتر بکا...................................... سەعید قاسمنژاد .....

٤٤- ئێران لە ستراتیژیی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دا.............................................. مایک پۆمپیۆ .....

## بابەتەکانی ساڵی.......... ٢٠١٩ ............ لاپەڕەی ....... ١٧٧

٤٥- ئێران لە «ستراتیژیی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ»دا................................................... مایک پۆمپیۆ .....

٤٦- ڕێبەری داهاتووی ئێران مردووە.................................................................. کێڤین لیم .....

٤٧- ڕێگاچارەی لاوازی یەکیەتیی ئورووپا بۆ گەمارۆکانی ئامریکا دژی ئێران.......................... کیت جانسۆن .....

٤٨- کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ نیگەرانی کۆنفرانسی وارشۆ بێ.......................................... ژانڤیڤ عەبدو .....

٤٩- ئاخۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و ئورووپا بۆ شەڕ لەگەڵ ئێران لێک نیزیک دەبنەوە؟..................... گالیپ دالای .....

٥٠- ڕابوونی کورد........................................................................ هێنری جەی بارکی .....

٥١- ڕێنێسانسی کورد..................................................................... هێنری جەی بارکی .....

٥٢- نفوزی تێرۆریستیی ئێران لە ڕۆژئاوا دەکرێ چێ لەگەڵ بکرێ؟..................................... سارا کارتەر .....

٥٣- گۆڕینی ڕێژیمەکانی ئێران و ڤێنێزوئێلا.................................................... هاوارد لافرانچی .....

٥٤- تای ئاشتی......................................................................... ماتیو کۆنتینەنتی .....

٥٥- گرژیی نێوان ئەمریکا و ئێران قووڵە، بەڵام ئاخۆ دەبێتە شەڕ؟.................................... جاناتان برۆدەر .....

٥٦- بۆ چاوترسێن کردنی ئێران لێگەڕێن با شەڕ ببێ............................................... کریستیان وایتن .....

٥٧- لە کاتێکدا کە گرژیی نێوان ئێران و ئەمریکا پەرەدەستێنێ........................................ جێس ڕۆسێنفێڵد .....

٥٨- ئاخۆ کۆتایی ڕێژیمی ئێران نزیکە؟.......................................................... مایکڵ رووبین .....

٥٩- ئیسرائیل پەرەی داوە بە شەڕی نهێنیی خۆی لەگەڵ ئێران............................................ جۆزێف هیکس .....

٦٠- نەتەوەسازی بۆ هەندێک وڵات یەک دەگرن، بەڵام هەندێکی تر لێک هەڵدەوەشێن؟........... ئاندرێیاس ویممەر .....

٦١- نەتەوەسازی - گەڕانەوە بۆ مێژوو؛ سەرهەڵدانی دەوڵەت و نەتەوەسازی....................... ئاندرێیاس ویممەر .....

٦٢- سەرهەڵدان دژی "سیستمی" ئێران لە عێراق و سووریە........................................... جاناتان سپایەر .....

٦٣- ئێران خەریکە خۆرهەڵاتی ناڤین لە کیس دەدا................................................. حەنین غەددار .....

## ساڵی.................. ٢٠١٧

# بردنەوەی ترامپ چی بۆ خۆرهەڵاتی ناوین لەگەڵ خۆیدا دێنێ

**گیلبەرت ئاچکار**

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتی ئیمپراتوریەتیی گرتە بەر تا ئێستا، لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوە بە گشتی و خۆرهەڵاتی ناوین بەتایبەتی، وێدەچێ دۆنالد ترامپ وەک سەرکۆماری تازەی ئەو وڵاتە، پێشبینی نەکراوترین پیاو بێ کە ئەو پلەی بەدەست هێناوە.

لە ماوەی پێشبڕکێی هەڵبژاردندا ترامپ جار لە دوای جار قسەی دژ بە یەکی کردوون و هەڵوێست و بۆچوونی لە بارەی چەندین بابتدا گۆڕیون. سەرەڕای ئەوە ئەگەر چەند بابەتێک بکەینە بنەما کە ئەو لە ساڵی رابردوودا لێبڕاوانە دووپاتی کردوونەوە، ئەوە ئەو شتانەن کە گریمانە دەکرێ لە ماوەی سەرکۆماریی ناوبراو کاریگەرییان لەسەر خۆرهەڵاتی ناوین هەبێ:

**خەڵکی سوریە یەکەم قوربانیانی هەڵبژێرانی ناوبراون.** دەرگای ویلایەتە یەکگرتووەکان بە رووی پەناخوازانی سوریەیی دادەخرێ، ئەوە رەنگبێ پەناخوازە کریستیانەکان نەگرێتەوە چونکە پڕۆپاگەندەکانی ترامپ لە دژی پەناخوازانی سوریەیی هەمیشە جەختی لەسەر ترس لە ئیسلام (ئیسلامۆفۆبیا) کردۆتەوە.

بۆ پێشگرتن لە هاتنە دەرەوەی پەناخوازانی سوریەیی، ترامپ پێشنیاری دروست کردنی "ناوچەیەکی پارێزراو" لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتەدا دەکا، تا ئاوارە سوریەییەکان لە جیاتی چوونە دەرەوە وەک پەناخواز لەوێ جێگیر بکرێن. ئەو خۆی هەڵناوەتەوە و وتوویەتی کە وڵاتەکانی خەلیجی عەرەبی ناچار دەکا پارەی ئەو کارە دابین بکەن هەر وەک چۆن مەکزیک ناچار دەکا پارەی ئەو دیوارە دابین بکا کە قەرارە لە سنووری هەروو وڵاتدا دروست بکرێ.

**دووهەم:** ترامپ سیاسەتێکی تازەی دۆستایەتی و هاوکاری لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی روسیە لەگەڵ سەرکۆماری ئەو وڵاتە ڤلادیمیر پوتین دەست پێدەکا. ئەوە بە واتای قبووڵ کردنی دەوری روسیە لە سوریە وەک شتێکی ئەرێنی و پشتگیریی

بەشار ئەلئەسەد وەک بژاردەیەکی کەمتر خراپ.

ئەوە شتێکی لۆژیکییانەیە کە داوا لە هاوپەیمانە نەریتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا بکرێ کە دەست لە پشتیوانی کردنی ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری سوریە هەڵبگرن. ئەوکات واشینگتۆن لەگەڵ مۆسکۆ پشتیوانی لە "دەوڵەتی هاوپەیمانی" بە بەشداریی ئەندامانی ئاشتیخوازی "ئۆپۆزیسیۆن" دەکەن. ئەوە ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ هاوپەیمانییەتی ئەمریکا لەگەڵ ڕێژیمی ئەسەد بە ناوی "شەڕ دژی تێرۆر".

وەک ڕەچاوکردنی سیاسەتی پشتیوانی کردنی "پیاوانی بەهێز" لە دەسەڵاتدا، کە ئەو لەو بارەوە لەگەڵ پوتین هاوڕایە، ترامپ دەیهەوێ پەیوەندییەکانی واشینگتۆن لەگەڵ سەرکۆماری میسر عەبدولفەتاح ئەلسیسی و سەرکۆماری تورکیە ڕەجەب تەییب ئەردۆغان باشتر بکا.
ئەو لەوانەیە هەوڵ بدا پەیوەندیی نێوان ئەو دوو پیاوە بۆ ڕێکخستنی هەوڵەکانیان بە دژی "تێرۆریزم" باشتر بکا، بە شێوەیەک کە هەرکام لە سەرکۆمارەکان پێناسەی تێرۆریزم لە وڵاتی خۆیدا لە لایەن ئەویتر قبووڵ بکا.

بە لەبەر چاو گرتنی ویستی ترامپ بۆ بەرهەڵستکاریی ئێران لە ڕێگای هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی ناوکی کە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما پەسەندی کردبوو، ئەو لەوانەیە عەرەبستانی سعودی هان بدا بۆ پێکهێنانی سێکوچکەی سوننی پێکهاتوو لە ئانکارا، قاهیرە و ریاز بە پشتیوانیی واشینگتۆن.
ناتەبایی سەرەکی لە ڕوئیای ترامپ بۆ خۆرهەڵاتی ناوین لێرە دایە (هەروەک هەڵوێستی نەیارانەی بە دژی چین ناتەبایی سەرەکیی لە ڕوئیای جیهانیی ناوبراوە): گەیشتن بەو ئامانجە دەخوازێ کە هەم مۆسکۆ و هەم ڕێژیمی ئەسەد قەناعەتیان پێ بێندرێ کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تاران بپچڕێنن.

**لە کۆتاییدا "پیاوێکی بەهێزی" تری ناوچە کە لە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپدا پەیوەندییەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ واشینگتۆن باشتر دەبێ بێنیامین ناتانیاهوویە. بۆیە، قوربانییەکی ڕاستەوخۆیتری سەرکەوتنی ترامپ، خەڵکی فەلەستین دەبێ چونکە نەتانیاهوو پاش ئاریێل شارۆن بە دوای ڕووداوی ١١ی سێپتامبری ٢٠١١، دەستی لە گشت سەرۆک وەزیرەکانیتری ئیسرائیل بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوان ئاواڵەتر دەبێ.**

لە ژمارە ٦٩٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

## لە سووریە تا ناتۆ، پرسەکانی سیاسەتی دەرەوە کە ڕێکس تیللێرسۆن وەک وەزیری کاروباری دەرەوە بەرەوڕوویان دەبێتەوە

ئەگەر بێتوو پشتڕاست بکرێتەوە کە ڕێکس تیللێرسۆن بۆتە وەزیری کاروباری دەرەوە، ئەو دێتو بە حەسرەوەتە دەڕوانێتە ژیان وەک سەرۆکی (کۆمپانیای) نەوت.

وەک سەرۆکی ئێکسۆن مۆبیل، تیللێرسۆن ئەرکی دەستەبەر کردنی ئەوپەڕی قازانج بۆ پشکدارەکانی لە ئەستۆیە. ئەوەی ڕاستی بێ هیچ پێوانەیەکی تری سەرکەوتن گرینگ نیە و هەر کەسیش بتوانێ بە ملیارد پارە ببژێرێ دەتوانێ ئەو حیسابە بکا. دەستەبەر کردنی سەرکەوتن وەک دیپلۆماتی پایەبەرزی نەتەوە، کارێکی دژوارترە. چ نرخێک لە «بەهاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان» مافەکانی مرۆڤ بدرێ و ئەوەی کە ئاخۆ نرخی گۆڕینەوەی ئەو ئامانجانەلەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی چەندە؟ لە بەڕێوەبەرایەتی یا تەنانەت لە وەزارەتی خۆیدا بەرهەڵستکار و ڕەقیب کەم نابن کە لە کاتێکدا کە ئەو شتێک بە باش هەڵدەسەنگێنێ ئەوان بە خراپی هەڵسەنگێنن یاخود پێوەری بە تەواو جیاواز بۆ هەڵسەنگاندن بە کار بێنن.
لە دیپلۆماسیدا زۆر دەگمەن هەڵدەکەوێ کە تەنیا کڕیار و فرۆشیارێک بوونیان هەبێ. لە زۆر لەو قەیرانە جیهانییانەی کە چاوەڕوانی تیللێرسۆنن و ئەوانەی کە لە داهاتوودا سەر هەڵدەدەن، گرۆڵەیەکی ئاڵۆزی بەرژەوەندییەکان پێک دێ کە بەرەنگاری «مامەڵەچییەتیی» ببێتەوە.ئەوە بە تایبەتی لەو دۆخانەدا وەڕاست دەگەڕێ کە هەندێک لە بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی ترامپ لەگەڵ ئەوانی تر ناتەبان.

### کۆریای باکوور

ڕێژیمی کیم یونگ ئون کار لەسەر دانانی کڵاوەی ناوکیی لەسەر مووشەکی دوورهاوێژ دەکا کە بگاتە کەناری ڕۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکان. هەر هەوڵێکی سەربازی بۆ وەستاندنی پێشکەوتن لەو بارەوە، وێدەچێ ببێتە هۆی وەڵامێکی بەزەبر و ڕەنگبێ ناوکی، بە دژی هاوپەیمان و پێگەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ناوچەدا. یەکێک لە هاوپەیمانەکان، کۆریای باشوور، لەوانەیە دەست بە بیرکردنەوە لە دروست کردنی بۆمب بکا، کاتێک هەست بکا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەڵێنیی پارێزگاریی لەوان شل بۆتەوە. ترامپ وای نواندووە کە ئەودەیهەوێ بۆ چارەسەریی ئەو کێشەیە داوا لە چین بکا کە زەخت بخاتە سەر کۆریای باکوور. وەک وەزیری کاروباری دەرەوە، تیللێرسۆن دەبێ بیر لەوە بکاتەوە چۆن ئەو



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەکەم

سیاسەتە پەیڕەو بکا لە کاتێکدا ئەو دەبێ ئەولەوییەتێکی تری ترامپ لەبەرچاو بگرێ: بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ چین.

### چین

ترامپ هەر ئێستا لە ماوەی دەستاودەست کردنی دەسەڵات، بە قسە کردن لەگەڵ سەرکۆماری تایوان قەیرانێکی لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا-چین دروست کردووە و شک و گومانی خستۆتە سەر سیاسەتی ٣٧ ساڵەی یەک چین کە بە مانای بەفەرمی نەناسینی سەربەخۆیی تایوانە. بەیژینگ وتوویەتی کە ئەو کاردانەوەی توندی دەبێ ئەگەر پرەنسیپی یەک چین (لەلایەن ئەمریکاوە) وەلا بنرێ. کاردانەوە تووڕەکە لەوەش خراپتر دەبێ ئەگەر بێتو ترامپ هەڕەشەکەی بباتە سەر کە چینی وەک «گەمەکەر بە پارە» ناو بردبوو و گوتبووی لەبەر ئەو هۆیە باجی قورسدەخاتە سەر کەلوپەلی هاوردەی چینی. لە سەرەتای دەستبەکاربوونی وێدەچێ تیللێرسۆن داوای لێ بکرێ کە پێش بە قووڵتر بوونەوەی قەیرانەکە و دەستپێکی شەڕی بازرگانیی یا لەوەش خراپتر، بە لەبەرچاو گرتنی ئەو زانیارییە کە هەر ئێستا هێزەکانی چین و ئەمریکاله دەریای باشووری چین تێک هەلدەنگوێن، بگرێ.

### ئورووپا، ناتۆ و رووسیە

کۆنترین هاوپەیمانەکانی واشینگتۆن لە ئورووپا بە قووڵی نیگەرانی پەیوەندییەکانی ترامپ لەگەڵ مۆسکۆ، هۆگریی ئەو بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر ناتۆ، هەڵویستی بەرامبەر یەکیەتیی ئورووپا بە لەبەرچاوگرتنی شاگەشگەبوونی بە برێکزیت (چوونە دەری بریتانیا لە یەکیەتیی ئورووپا) و پەیوەندییەکانی لەگەڵ راستە توندڕەوەکانیئورووپان. پەشێوییەکان هێندەی دیکەش بە مێژووی پەیوەندییە گەرموگوڕەکانی تیللێرسۆن لەگەڵ کرێملین، ئەو ترسەی کە روانگەی مامەڵەچییانەی بازرگانێک ببێتە هۆی مامەڵە بە ئاسایشی هاوبەش لە لێواری هاوپەیمانییەکە و رۆیشتن بەرەو ئاجێندای موسکۆ بۆ دامەزراندنەوەی ناوچەی دەسەڵات لە خۆرهەڵاتی ئورووپا، پەرەدەستێنن. زۆربەی دەوڵەتانی ئورووپا داوای دەربڕینی راشکاوانەی باوەڕ بە یەکیەتیی ئورووپا و ناتۆ و بەرەی یەکگرتوو لە دژی مۆسکۆ بە هۆی دەستوەردانی سەربازی لە ئوکراینا دەکەن و مۆسکۆ خۆی لەگەڵ رێککەوتنی مینسک لە بارەی کۆتایی هێنان بە ناکۆکییەکە دەگونجێنێ. ئاخۆ سەرۆکی تیللێرسۆن ئامادەیە ئەو زەمانەتانە بدا؟ ئەگەر نا، نسکۆی زۆر چاوەڕوان دەکرێن کە دەبێ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ.

### ئێران

ڕێبەرانی ئاسایشی نەتەوەیی کە ترامپ تا ئێستا دەستنیشانی کردوون سوورن لەسەر بەربەرەکانی لەگەڵ نفووزی ئێران لە

## بەشی یەکەم

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پشتیوانیی لە تاقمە چەکدارەکان و بەرنامەی مووشەکی. لە کۆنگرەدا پشتیوانیی قایم بۆ وەها سیاسەتێک بوونی هەیە. ئەو پرسیارە لە ئارادایە کە ئاخۆ واشینگتۆن کار بکا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنە ناوکی‌یەکەی ساڵی ڕابردوو؟ ئەوە دەتوانێ ببێتە هۆی تۆڵە ئەستاندنەوەی ئێران و ئەوان ڕایبگەیەنن کە چیتر بەربەستەکانی سەر چالاکی‌یە ناوکی‌یەکانیان لەبەر چاو ناگرن.ئەگەر ئەوان بەشێوەیەکی بەربڵاو دەست بکەنەوە بە پیتاندنی ئۆرانیۆم، ئەوە بڕاردەی شەڕ دەهێنێتەوە سەر مێز. هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکە لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان هەروەها دەبێتە دروست کردنی قەڵشتێک لە نێوان ئەمریکا و ڕۆژئاوایئورووپا، ڕووسیە و چین، هاوواژۆکەرانی ڕێککەوتنەکە، کە دەبێ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. ئەوە بڕوا بە قورسایی واژۆی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەر ڕێککەوتنەکان لاواز دەکا کە بۆ وێنە دەبێتە لاواز بوونی هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەی مووشەکیی کۆریای باکوور.

### سووریە و دژایەتیی تێرۆریزم

ئەو ئاراستەیەی کە ترامپ و فلین لە سووریە نەخشەیان بۆ کێشاوە ئامانجەکەی بەتەواوی دژی تێرۆریزمە، کە ئەگەری هاوکاری لەگەڵ ڕووسیە و ڕێژیمی سووریە لەبەر چاو گیراوە. چەندین پرسیاری بێ وەڵام لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەو سیاسەتەدا دەبێ لەسەرەتادا جواب بدرێنەوە و زۆر وێدەچێ کە وەزیری کاروباری دەرەوە ئەرکداری دۆزینەوەی ڕێگاچارە بکرێ. پێش هەموو شتێک، هاوکاری لەگەڵ دوو لایەن کە بەرپرسی بۆمبارانی بێبەزەییانە دژی خەڵکی سیڤیل و چەندین تاوانی جەنگی‌ترن، زەندەقی هەندێک لە هاوپەیمانە ئورووپاییەکان دەبا و دەبێتە هۆی ئامرازێکی بەهێز بۆ جیهادیستەکان لە سووریە بۆ ڕاکێشانی هاوسۆز لە سەرانسەری جیهان بۆ لای خۆیان. ئەوە هەروەها پێویستی بە هاوکاریی سەربازیی لەگەڵ ئێرانە کە دەبێتە هۆی ئاسان کردنی کردنەوەی کۆریدۆری ڕاستەوخۆ لە نێوان ئێران و لوبنان کە ئەویش لە دژی ئامانجی ستراتیژیکی کەم کردنەوەی نفوزی تارانە.

**ئەوە تووشی ئاستەنگی بەرچاو لە کۆنگرە و پێنتاگۆن، شوێنێک کە هەر هاوکارییەک لەگەڵ هێزەکانی ڕووسیە پێویستی بە ئیجازەی تایبەتیی وەزیری بەرگری، جایمز مەتیس هەیە، دەبێتەوە. لەو بوارەدا و زۆر بواری‌تر، تیللێرسۆن پێویستی بە لێهاتوویی دیپلۆماتیک هەم لە واشینگتۆنوهەم لەدەرەوەی وڵات هەیە.**

لە ژمارە ٦٩٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٧

بەشی یەکەم

## ترامپ زەخت دەخاتە سەر کردارە تێرۆریستییە نێونەتەوەییەکانی ئێران

ماتیو ر.ج.برۆسکی

دوای هەوڵە بێ ئاکامەکەی، وێدەچێ بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ ئامادەی دەرکردنی بڕیارێکی سەرۆکایەتیی، پاش لێکدانەوەی لایەنە جیاجیاکانی یاسایی، بێ کە جاری یەکەم بەسەریان دا تێپەڕ ببوو.

نابێ مرۆڤ لەوە شۆکە بێ کە بڕیارەکە ئەوجاریش هەمان ٧ وڵات دەگرێتەوە، واتە: ئێران، عێراق، سوریا، یەمەن، سومالی، سودان و لیبی. جیاوازیی سەرەکیی ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە کارتی سەوز (گرین کارت)یان هەیە یا خود هاووڵاتیی دووانەی ئامریکایی و یەکێک لەو وڵاتانەیان هەیە بۆیان هەیە کە بە ئازادیی سەفەر بۆ ناو و دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکەن. جگە لەوە دامودەزگاکانی ئەمریکایی چیتر پەنابەرانی سوریایی لەو بڕیارە هەڵناوێرن. لە کاتی پێداچوونەوە بە داوای ڤیزا و پەناخوازانێک کە بە هۆی ئایینییەوە قەڵاچۆ دەکرێن هیچ پێداچوونەوەیەکی تایبەتیی بۆ کەیسەکەیان ناکرێ. سەرەڕای ئەوە، بڕیاری نوێ بە دوای ئەو بڕیارەدا دێ کە بە شێوەیەکی کاتیی دانی ڤیزا بە هاووڵاتیانی هەندێک وڵاتی خاوەن موشکیلەی راگرت.

لە کاتێک دا کە وڵاتان و رێکخراوەکانی پشتیوانی تێرۆریزم کە بە هیوای زیان گەیاندن بە ئەمریکان بە شێوەیەکی بەرچاو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستن، ئەوان زۆر جار پشت بە وڵاتان یا کاربەدەستانی گەندەڵ لە دەرەوەی ئەو ناوچەیە بۆ وەدەستهێنانی توانایی دارایی لە رێگای زنجیرەیەک ئاکاری نایاسایی، دەبەستن. ئەوەی کە لە مشتومڕە سیاسییەکان لە بارەی ئەو کۆچبەرانە دا ون دەبێ پیوەندیی نێوان دوژمنانی ئامریکا، وەک ئێران و حیزبوڵڵا، و رایەڵەی شاراوەیان بۆ پشتیوانیی دارایی تێرۆریستان لە سەرانسەری جیهانە. ئەو باسکە داراییانە دەگەنە ئەمریکای باشوور و تەنانەت ویلایەتە یەکگرتووەکانیش، ئاماژە بە پێویستیی بەرگریی ئێمە بۆ پێش گرتن بە دزە کردنی تێرۆریستان بۆ ناو وڵاتی ئێمە و جڵەو کردنی بەرهەڵستکارەکانمان لە رێگای زەرەرلێدان لە کیسەباخەڵەکانیانە.

لەو پەیوەندییەدا، چەند راپۆرتی نوێ لەوانەیە بەرچاوڕوونی لە بارەی هەوڵەکانی بەڕێوەبەرایەتیی نوێ لە دژی تێرۆریسم بدەن. هەرچەند کە زۆربەی هەواڵەکان جەختیان لەسەر جێبەجێ کردنە ناسەرکەوتووەکەی پلانی سەرەتایی کردەوە، ناوەرۆکی سیاسەتی نوێ بە بێ پەیوەندیی بە رووداوی ترەوە نەهاتە کایە. لەراستی دا وێدەچێ کە ئەوە بەشێک

بەشی یەکەم

بێ لە هەوڵەکانی سەرکۆمار ترامپ بۆ بەرپەرچدانەوەی ئێران و نوێنەرە تیرۆریستەکەی، حیزبوڵڵا و هەروەها داعیش و گروپە تیرۆریستییە سوننییەکانی تر.

جگە لە بڕیاری سەرۆکایەتیی، وەزارەتی دارایی ئابلۆقەی نوێی خستتە سەر ١٣ کەس و ١٢ کۆمپانیا کە پەیوەندییان بە بەرنامەی
مووشەکی بالیستیکیی ئێران و پشتیوانیی لە سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسدارانەوە هەیە. کاربەدەستانی کۆشکی سپی ئەوە وەک هەنگاوی «دەستپێک» باس دەکەن و ئاماژە بەوە دەکەن کە نەخشەیەکی تۆکمەتر بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ چالاکییە گێرەشێوێنەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە رێککەوتنی ناوەکیی بە چارەسەرنەکراوی مابوونەوە، بەڕێوەیە.

ئەو ٧ وڵاتەی کە لە بڕیاری سەرۆکایەتیی ترامپ دا ئاماژەیان پێدەکرێ هۆی چوونەسەری پێوەری ئەو هەڕەشانەن کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەدەرەوە ڕا بەرەورووویان دەبێتەوە. ئەوانە وڵاتانێکن کە لەوێ داعیش بە شێوەی بەرچاو چالاکە یا وڵاتی ناسەرکەوتوون کە وەک شوێنی پەروەردە کردنی تیرۆریزمی ناودەوڵەتیی کەڵکیان لێوەردەگیرێت.

جێگای ئاماژەیە کە ئێران لە هەرکام لەو شەش وڵاتانەی تر بەشێوەی سیاسیی یا لەشکەریی چالاک بووە، لەشەڕی ناوخۆی عێراق، سوریا و یەمەن را بگرە تا سومالی و سودان و تەنانەت لیبی، ئەو شوێنەی کە تیوەگلانی سوپای قودس لە هێرشی بێنغازی لە ٢٠١٢ لە لایەن راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی پێشوو مایکێل فلین، کە ئەو کات وەک بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگریی هێزی بەرگریی کاری دەکرد، ئاشکرا کرا.

جێگای ئاماژەیە کە بڕیاری یەکەم لە بارەی کۆچبەرانەوە بە شێوەیەکی کاتیی پێشی بە داهاتی ئێران و حیزبوڵڵا گرت. بە گوێرەی هەواڵێک ئەوە کاردانەوەکەی لە باشووری کالیفۆرنیا، شوێنی ژیانی ٣٠٠ تا ٥٠٠ هەزار ئێرانی-ئەمریکایی، هەستی پێکرا.

فەرهاد بەشارەتی، کە ئاژانسێکی سەفەری لە وێستوود، گەڕەکێکی لۆس‌ئانجێلێس کە بە «تێهرانجێلێس» بە ناوبانگە، گوتی کە سەرەڕای تووڕەیی لە بڕیاری ترامپ، سنووردارکردنی سەفەر دەتوانێ رایەڵەی دارایی حیزبوڵڵا تێکدا. لە ماڵپەڕی لوبنانی نەهارنێت دا بەشارەتی گوتی «هەندێک خەڵکی دەوڵەمەندی ئێرانی هەن کە بە میلیۆن یاخود بە میلیارد دۆلاریان هەیە و ئەوان ٥٠٠ هەزار دۆلار بۆ کارتێکی سەوز سەرف دەکەن. ئەوانە خەڵکی ئاسایی نین کە بۆ خوێندن یاخود کار دێن. ئەوانە کەسانێکن کە پشتگیریی لە سوریا و حیزبوڵڵا دەکەن».

بەشی یەکەم

لە کاتێکدا کە کڕینی کارتی سەوز لە ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکان نرخێکی بەرزی هەیە، ڕێگای هەرزانتر بۆ کڕینی بەڵگەی وەها هەن کە ڕێگا بە تێپەڕ کردنی سنوورەکان دەدەن.

بۆ وێنە بڕواننە کەیسی ڤێنێزوئێلا و جێگری سەرکۆمارەکەی، تاریق ئەلئەیسامی، کە یەکێکە لەو کەسانەی کە بە هۆی قاچاخی ماددەی سڕکەر بەر ئابلۆقە نوێکەی بەڕێوەبەرایەتیی تڕامپ کەوتووە. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی سی ئێن ئێن کە ساڵێکی پێچووە، پەیوەندی نێوان تاریق و ١٧٣ پاسپۆرتی ڤێنێزوئێلایی کە بۆ خەڵکانی خۆرهەڵاتی ناوین، کە هەندێکیان پەیوەندییان بە حیزبوڵڵاوە هەبووە، سەلماوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی هەواڵگریی لە ٢٠١٣ کە دەست سی ئێن ئێن کەوتووە، ئەلئەیسامی بەرپرسی «دانی ڤیزا و مافی هاووڵاتیی بوون بە خەڵکی وڵاتانی تر بووە، بەتایبەتی سوریایی، لوبنانی، ئۆردونی، ئێرانی و عێراقی». ئەو چالاکییانە لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٨ تا ٢٠١٢ بەڕێوەچوون، کاتێک کە ناوبراو وەزیری کۆچبەریی و فەرماندار بووە.

گەندەڵیی سیستەماتیک لە پەیوەندیی لەگەڵ بەڵگەی تەزویر تەنیا لەناو سنوورەکانی ڤێنێزوئێلا دا بەڕێوەناچێ. لێکۆڵینەوەیەک دەریخستووە کە لانی کەم تا کۆتایی ٢٠١٤، پاسپۆرت، ڤیزا، بەڵگەی لەدایکبوون و دۆکومێنتی تری ڤێنێزوئێلایی بە هەزاران دۆلار لە باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە لە بەغدا فرۆشراون. لە هەمان کاتدا، غازی نەسرەدین دیپلۆماتی ڤێنێزوئێلایی کە لە باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە لە سوریا کاری دەکرد، ئێستاش لە لایەن ئێف بی ئای بە هۆی «پارە کۆکردنەوە» بۆ حیزبووڵڵا و ئاسانکاری بۆ سەفەری ئەندامانی حیزبوڵڵا بۆ ڤێنێزوئێلا و لەوێڕا، داواکراوە.

لە کاتێکدا بۆ سەفەر لە ڤێنێزوئێلا ڕا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویست بە ڤیزا دەکا، پاسپۆرتی ئەو وڵاتە بۆ سەفەر بۆ ١٣٠ وڵات، لەناویاندا ٢٦ وڵاتی یەکیەتیی ئوروپا، پێویستی بە ڤیزا نیە.

لە ١٣ی فێوریە، بەرپرسانی وەزارەتی دارایی ئەمریکا، تاریق ئەلئەیسەمییان پاش لێکۆڵینەوەیەکیی درێژخایەن لە بارەی پەیوەندییەکانی ناوبراو بە هەناردەکردنی ماددەی سڕکەر و ئیسلامیی توندڕەو خستە ناو لیستەی ئابلۆقەکانیانەوە. بە گوێرەی کاربەدەستانی وەزارەتی دارایی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ کۆنترۆڵی دارایی خەڵکی بیانیی (OFAC)، ئەو کردەوە پێش بە دەستڕاگەیشتنی ناوبراو بە سامانە ٣ میلیاردییەکەی دەگرێ. بە وتەی بەڕێوەبەری ئۆفاک، جان ئی. سمیت «ئەو پەروەندەیە نیشانەی جەخت کردنە لە سەر هەناردەکەرانی ماددەی سڕ کەر و ئەو کەسانەی کە یارمەتییان دەکەن کە داهاتە نایاساییەکانیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بشۆنەوە».

## بەشی یەکەم

چەند رۆژ دوای بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوکەی سی ئێن ئێن، ڤێنێزوئێلا پەخشی کانالی سی ئێن ئێن ئیسپانۆلی راگرت. بە گوێرەی لێدوانێکی کۆمیسیۆنی پەیوەندیی تەلەفۆنیی نەتەوەیی، هەواڵنێریی ناوبراو «دەستدرێژیی راستەوخۆ دەکاتە سەر ئاشتی و سەقامگیریی دیموکراتیک» لەو وڵاتە و «کەشوهەوای پێکەوە هەڵنەکردن دروست دەکا».

هەموو ئەوانە نیشاندەری هەڵسوکەوتێکی جێگرتوون. بە وتەی راپۆرتێکی تازەی کارناسێکی دژە سیخوڕیی، ماتییو لێڤیت، جموجۆڵێکی بەرچاو لە بەڕیوەبەرایەتیی پەیوەندیی دەرەوەی حیزبولڵا، « کە ئەندامەکانی بەفەرمیی وەک ئاڵقەی پەیوەندیی لە ناو تاراوگەنشینە شیعەکانی سەرانسەری جیهان کار دەکەن، بەڵام بە شێوەیەکی پەرەگرتوو خەریکی کاری نایاسایی و تێرۆریستیین، هاتوەتە ئاراوە». کاربەدەستانی هەواڵگریی کاناداش باسی چالاکیی هاوشێوەیان کردوە.

بێگومان کۆمپانیا تاوانکارەکانی حیزبولڵا هەموو جیهانیان تەنیوەتەوە. بە وتەی لێڤیت «کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ‹بەشێکی بەرچاو› لە داهاتی رێکخراوە تێرۆریستییەکانی خۆرهەڵاتی ناوین بەگشتیی لەو ٢٠ تا ٣٠ میلیارد دۆلارانەوە دێ کە بە تەنیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە رێگای نایاسایی وەدەست دێ». جا ئەوە ماددەی سڕکەر، ماشێنی دەستی دوو، کۆمپانیای شۆردنەوەی پارە دەگرێتەوە. پۆلیسی ئامریکا پێی وایە کە دەست و پێوەندەکانی حیزبولڵا پشکی شێریان لەو پەیوەندییەدا پێ بڕاوە.

لەناو جەرگەی رایەڵەی ئێرانی - حیزبولڵای باشووری ئامریکا و کۆمپانیاکانی حیزبولڵای تێرۆریست، سوپای مەلاکان، سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامییە. ئەوان گرنگترین دامەزراوەی ئاسایشیی، سەربازیی و سیاسیین کە بەرژەوەندیی ئابوورییان لە زۆربەی کەرتە ئابوورییەکانی دەوڵەتدا هەیە. سوپای قودسی ئەوان، کە بەرپرسی ئۆپەراسیۆنە جیهانییەکانە، بە فەرمیی لە ٢٠٠٧ لە لایەن وەزارەتی دارایی ویلایەتە یەکگرتووەکان، وەک تێرۆریست ناسێندرا. حیزبولڵا لە ١٩٩٧ وەک تێرۆریست ناسێندرا. بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ وێدەچێ هەست بکا کە کاری زۆرتری لەپێشە.

راگەیاندنی ئەو دواییانەی ئابڵۆقەی نوێ لە سەر تاکی ئێرانیی و ڤێنێزوئێلایی و چەند کۆمپانیای تر، دەستپێکێکی باشە. لە کاتی خستنەسەری زەختی زۆرتر، بە سەدان ئەنجامدەر و یەکەی سەر بە سوپای پاسداران هەن کە دەتوانن ببنە ئامانج. بە لەبەرچاوە گرتنی ئەو راستییە کە هەڵگرتنی ئابڵۆقەکان (پاش رێکەوتنی ئەتۆمی) میلیاردها دۆلاری خستە ناو خەزانەی ئێران ، سنووردار کردنی دابین کردنی دارایی شەڕەکانی ناوخۆ، تێرۆریزم و چالاکیی نایاسایی سوپای پاسداران و حیزبولڵا هەنگاوێکی هەستیارە بۆ کۆنترۆڵ کردنی بڵندخوازییە جیهانییەکانی ئەوان.

## بەشی یەکەم

بڕیاری ترامپ لە بارەی کۆچبەرانەوە وڵاتە ناسەرکەوتووەکان دەکاتە ئامانج کە شوێنی پەروەردە کردنی تیرۆریزمن یا وڵاتانێکن کە لەوێ تیرۆریستان بە ئازادی چالاکن یاخود لە ژێر فەرمانی دەسەڵاتداران دان.

لەهەمان کاتدا ئابلۆقەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی پەرەئەستێن وڵاتە گەندەڵەکان و ئەو کاربەدەستانە دەکەنە ئامانج کە بە شێوەی نایاسایی سوود لە چالاکییەکانیان لە ئاستی جیهانیی دا وەردەگرن.

لە دونیای دژەتێرۆر دا، هەموو ئەو شتانە بەیەکەوە پەیوەندییان هەیە. ئاخۆ بڕیاری نوێ لەبارەی کۆچبەرانەوە ئەو ئامانجە دەپێکێ یا نا، یەک شت مسۆگەرە: تێکەڵاوی هۆشیاریی لەسەر سنوور، پشکنینی تۆکمە لەکاتی دانی ڤیزا و ئابلۆقەی ئامانجدار لە لایەن وەزارەتی دارایی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، ئامرازێکن کە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بۆ پاشەکشە بە ئێران و داعش،

**بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ دابین کردنی دارایی بۆ تیرۆریزم و بۆ وشک کردنی ئەو لماوەیە کە لەوێدا ئەوانەی کە هەڕەشە لە ئەمریکا دەکەن خەریکی ئەنجامدانی بازرگانیی نایاساییین.**

لە ژمارە ٧٠٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٧

## بەڕاستی ئێران لە ئاڵوگۆڕی جوگرافیای سیاسی خۆرهەڵاتی ناوین دا لە پاشەکشە دایە؟

**ئێلین لەپیسۆن**

تەنیا چەند مانگ لەوەپێش بۆچوونی گشتیی ئەوە بوو کە دینامیزمی ناوچەیی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە قازانجی ئێرانە. بە گوێرەی ئەو بۆچوونە، تاران خەریکی پەرەپێدان بە نفووزی خۆی لە ڕێگای تێوەگلانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ئاڵۆزیی و کێشەکانی ناوچە بوو کە بە پشتگەرمیی بەرزبوونەوەی بەخۆباوەڕیی بە هۆی هەڵگیرانی ئابلۆقەکان پاش ڕێککەوتنی ناوەکیی لە گەڵ کۆمەڵگەی ناونەتەوەیی هاتبوە ئاراوە. بەڵام ئەوڕۆ وێنەکە بەهەمان شێوە ڕوون نیە. ئەوەی ڕاستی بێ ئاراستەی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە بە بەشداریی ڕوسیا، بەڕێوەبەریی نوێ لە واشینگتۆن و ئیسرائیل لەوانەیە ئاکامەکەی بە زەرەری ئێران تەواو بێ.

جوگرافیای سیاسی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ئەوەندە خێرا دەچێتە پێش کە ناکرێ لێکدانەوەیەکی جێگیرلە ئاراستەی گۆڕانەکان بکرێ. دوستایەتی سەیروسەمەرە و هاوپەیمانیی بێزراو شتێکی ئاساییین. هەر بڕواننە هاوکاریی بێ ئاکامی نێوان تورکیا و ڕوسیا لە بارەی سوریا، یاخود کۆبوونەوەی سێ لایەنە لە باشووری تورکیا لە نێوان ژەنراڵەکانی ئەمریکایی، ڕووسی و تورک بۆ پێشگرتن بە تێکهەڵچوونی نەخوازراو لە کاتی بەربەرەکانی لەگەڵ بەناو دەوڵەتی ئیسلامیی لە سوریا. دۆخێکی تر لەو ڕوانگەوە چۆنیەتیی هەڵوێستی وڵاتە گەورەکانی عەرەب لەبارەی ئیسرائیل لە نەتەوە یەکگرتووەکانە لە کاتێکدا کە لە ژێرەوە هاوکاریی ئەمنییەتیی لەگەڵ ئیسرائیل پەرە پێدەدەن. لەهەمان کاتدا لە هەرکام لەو نموونانەدا، ویدەچی ئێران دوڕاو دەرچێ، بە بێ توانایی لە دیاری کردن یاخود پێشگرتن بە ئەجێندای هاوشانەکان و ڕەقیبەکانی ناوچەیی بۆ بەرگریی لە بەرژەوەندییە سەرەکییەکانیان و ئیدارە کردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا و ڕوسیا.

لە ڕوسیاوە دەست پێبکەین، ئێران حەقیەتی کە لە هاوبەشییەکەی لەگەڵ ڕوسیا نیگەران بێ، پەیوەندییەکەی لە هاوپەیمانیی ڕاحەت تەڵەبانە بۆ دۆخێکی تەنانەت ناسەقامگیر گۆڕاوە. کاتێک کە ئەو لە ٢٠١٥ دەستی کرد بە دەستتێوەردان لە قەیرانی سوریا، ڕوسیا بە تەواوی دڵنیا بوو کە پشتیوانیی ئێران لە ڕێژیمی بەشارئەسەد ئامانجەکانی خۆی ناپێکێ. ئێستا ڕوسیا جڵەوی هەوڵە ناونەتەوەییەکانی بۆ سەقامگیریی، ئەگەر نەشتوانێ قەیرانەکە چارەسەر بکا، بە دەستەوە گرتووە و تورکیای کردوەتە هاوبەشێکی بەکەڵکتر، لەبەر ئەوەی کە ئاشکرا دەستی بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی

سوریا رادەگا. تا ئێرە، ئەوە ئاکامێکی ئەوتۆی نەبووە، چەند دەستپێشخەری دیپلۆماتیکی رووسی ناسەرکەوتوو بوون و ئەوە بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە تورکیا هێندەی دەسەڵات نیە کە هێزەکانی دژی ئەسەد ناچار بە درێژەپێدانی هەوڵی دیپلۆماتیک بکا. بەڵام سەرەڕای دەستکەوتە لاوازەکانی، تاران بە ئاشکرا رووداوەکانی ئەو دواییانە وەک کز بوونی هاوکارییەکانی لە گەڵ روسیا دەبینێ، بۆیە لە هەوڵی رەچاو کردنی ستراتێژی تایبەتیی خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ سوریەدایە.

ئێران هەروەها سەرنج دەدا کە چۆن بەڕێوەبەرایەتییە نوێکەی سەرکۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان، دۆنالد ترامپ، بەرەو جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانی لە کاتی هەڵبژاردندا کە هەڵوێستی بەرامبەر ئێران لە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما توندتر دەبێ، هەنگاو دەنێ. تا ئێستا هیچ بڕیارێکی فەرمیی سەرکۆماریی یا نیشانەی ناردنی هێز بۆ ناوچەکە نەبینراوە. بەڵام لە ناو بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە وەزیری بەرگری جەیمز ماتیس بۆ خوارەوە بۆچوونێکی درێژخایەن هەیە کە ئێران سەرچاوەی ناسەقامگیرییە لە ناوچە؛ لەو دواییانە دا بەڕێوبەری ناوەندی فەرماندەیی، ژێنراڵ جۆزێف ڤۆتێل، ئێرانی وەک یەکێک لە پێنج مەترسیی سەرەکیی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەستنیشان کرد و هەندێک بەرچاوڕوونی لەبارەی ستراتێژیی پێشگیرانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشکەش کرد:

"بۆ پێش گرتن بە پەرە ئەستاندنی ئێران... ئێمە دەبێ لەگەڵ ئەوان بە شێوەیەکی کاریگەرتر لە «ناوچەی بۆر» روبەڕوو ببینەوە، لە رێگای بەکارهێنانی هێمای ترسێنەری بەهێز، چالاکیی دژەپەیامی ئامانجدار و لە رێگای بەهێز کردنی وڵاتانی هاوپەیمان، هەم لە رێگای پەیام و هەم بە کردەوە. ئێمە هەروەها دەبێ لە پەیوەندی گرتنەکانمان دا روون بین و دڵنیا بین کە مەبەستەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان جێگای مەتمانەن. ئێران دەبێ باوڕ بکا کە ئەگەر درێژە بە چالاکییە گێرەشێوێنانەکەی بۆ نانەوەی ناسەقامگیریی لە ناوچەدا بدا، تووشی کاردانەوەی پێشگیرانە دەبێ."

ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ڤۆتێل وتەکانی بەوە کۆتایی هێنا کە ئەو پشتگیریی لەو بیرۆکە دەکا کە لانی کەم بیر لە "پەیوەندیی راستەوخۆ لەگەڵ رێبەرایەتیی ئێران بۆ باشترکردنی شەفافیەت و کەم کردنەوەی ئەگەری لێکدانەوەی هەڵە" بکرێتەوە.

لە هەمان کاتدا، ترامپ کەڵکی لە چاوپێکەوتن لەگەڵ رێبەرانی ئیسرائیل و عەرەب بۆ سەلماندنی هەنگاوی بەرچاوتر بۆ زەخت خستنە سەر ئێران، لە رێگای هاوپەیمانیی لەگەڵ دۆستانی ناوچەیی، وەرگرتووە. دیداری حەوتووی رابردووی سەرکۆمار لەگەڵ شازادەی سعودی موحەممەد بین سەلمان، کە هەروەها وەزیری بەرگرییە و دەگوترێ خاوەن دەسەڵاتی

راستەقینە لە سیستەمی سعودی دایە، جەژنی سەردەمێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا - سعودی بوو و گفتوگۆ لە بارەی ئێران زۆر جیددی بوو. شازادەی سعودی رەخنەی لە رێککەوتننامەی ناوەکیی لەگەڵ تاران گرت و ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە هەوڵ دەدا کۆنترۆڵی ناوچە پیرۆزەکانی ئیسلام، کە پاشایەتیی سعودی لەسەر ئەوان رەوایی خۆی بونیات ناوە، بە دەستەوە بگرێ.

چەند حەوتوو لەوەپێش، من کەمیک گەرمییم لە پەیوەندییەکانی نێوان سعودی و ئێران، بە هۆی داوای ئێران لە وڵاتانی عەرەبی کەنداو، بەدی کرد. ئەوە لەگەڵ نیگەرانییەکانی ئێران لە بارەی تەریک کەوتنەوە و ناسکییەکەی لە بەرامبەر بەرهەڵستکاریی ترامپ، یەک دەگرێتەوە. بەش بە حاڵی سعودییەکان، لەوانەیە ئەوانیش لە یەک کاتدا لە چەند پلە کار بکەن، بۆ وەڵامدانەوەی جوگرافیای سیاسیی ناوچە لە کاتی دیدار لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکایی و بۆ بابەتەکانی پەیوەندیدار بە کولتوری ناوچەیی وەک حەج و شتی پەیوەندیدار بە پرۆتۆکۆلی ئیسلامیی.

بە هەمان شێوە، لەو مانگەدا هەندێک سیگناڵی سەرنج راکێشی کولتوری لە نێوان ئیسرائیل و ئێران ئاڵوگۆڕ کراون، یەکیان لە بارەی پشووی جووەکان بە ناوی پوریم لە حەوتووی رابردوو، کە وەبیرهێنەرەوەی رووداوی ئینجیلیی نەجات دانی جووە فارسەکان لە دەورانی دەسەڵاتی هاوسەریی جووی ئیمپراتورەوە بە ناوی ئێستێر، و ئەوەی تر لە کاتی ساڵی نوێی فارسی، نەورۆز، کە دوێنێ بوو. سیاسەتوانان لە ئیسرائیل و ئێران باسی پەیوەندیی قووڵی مێژوویی لە نێوان نەتەوەکانیاندا کردووە و هەوڵیان داوە لە بەرامبەر یەکتر ئیمتیاز وەدەست بێنن. سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو، بە ئاماژە بە بەسەرهاتی پوریم، ئێرانی بەوە تۆمەتبار کردوە کە ئەوان سوورن لەسەر لەناوبردنی جووەکان. وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، موحەممەد جەواد زەریف، وەڵامی داوەتەوە کە ئەوە "مێژووی تەزویرە" و، تا رادەیەک بە دروستی، پێداگریی کردوە کە دەوڵەتانی ئێران چەند جار گیانی جوولەکەکەنیان نەجات داوە. ئەو ئاڵوگۆڕانە دەری دەخەن کە چۆن لێکدانەوەی ژێئۆپۆلیتیکیانەی دەوڵەتان لەو ناوچەیە زۆر جار تووشی بەربەستی پێناسەی ئایینی و کولتوریی دەبن کە دەبێتە هۆی هەرا خستنەوە لەناو جەماوەر و مەیدانی مانۆڕی رەێبەرەکان سنووردار دەکەن.

ئەو ئاڵوگۆڕە لە دینامیزمی ناوچەدا کە ئێرانی خستوەتە دۆخی بەرگریی تا سەر نیە. ئەوان فێری هەوراز و نشێون. بەڕێوەبەرایەتیی رووسی لە قەیرانی سوریا لەوانەیە رێگە بە بەشداریی لایەنی تر لە پرۆسەی (ئاشتی) بە رێبەریی نەتەوە یەکگرتووەکان بدا کاتێک کە لایەنەکان ئامادەی وتووێژ بن. هەوڵی تورکیا بۆ ئیدارەی (قەیرانی) سوریا تەنیا وەک بەشێک لە سیاسەتی بەرامبەر بە پرسی کورد، رەنگبێ رێخۆشکەر بێ بۆ گەڕانەوەی ئاشکرا بۆ ناتۆ و هاوپەیمانیەتیی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک کاکڵی ستراتیژیی تەناهیی. ئەمریکاش خەریکە فێر دەبێ کە بەهێزکردنی عەمەلیاتە

بەشی یەکەم

سەربازییەکانی لە یەمەن و سوریا بە بێ وەلانانی کایەی سیاسیی ناتوانێ ببێتە هۆی دەرکەوتنی بەڕێوەبەرایەتیی نوێ بە شێوەی شیاو.

لە ناوخۆش، ئێران لە سەرەتای وەرزی بانگەشەی سیاسیی دایە، بە ناڕوونی لە بارەی ئەوەی کێ دەبێتە بەریژێری (هەڵبژاردنی) سەرکۆماریی و کامیان لە شورای نیگابان پەسەند دەکرێن. گریمانە دەکرێ کە سەرکۆمار حەسەن روحانی باشترین شانسی بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنی مانگی مای هەبێ، بەڵام زۆرشت بەوە بەستراوەتەوە کە ئاخۆ نەریتپارێزەکان چ هەنگاوێک بۆ لاوازکردنی ناوبراو هەڵدێنن و ئایا دەنگدەرەکان پێیان وایە کە بەڵێنییەکانی لە بانگەشەی هەڵبژاردنی پێشوو جێبەجێ کردوون یا نا.

کەوابوو ئەو دۆخە ناسەقامگیرە وێدەچی دوای هەڵبژاردنی ئێرانیش ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ. سەرکەوتنی روحانی ئەو روانگەیە دەپارێزێ کە ئێران کەڵک لە دیپلۆماسیی بۆ دڵنیا کردنەوەی جیرانەکانی وەردەگرێ و دۆخی ناونەتەوەیی خۆی باشتر دەکا، تەنانەت دوای شکستەکانی ئەو دواییانە.

سەرکەوتنی نەریتپارێزەکان ئێمە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەنگاوی یەکەم، سەرئێشەکانی ئێران بۆ کاربەدەستانی مۆسکۆ و واشینگتۆن پەرە دەستێنن و لەوانەیە نیگەرانییەکانی یاریکەرانی ناوچە لەبارەی ئامانجە راستەقینەکانی ئێران بێنە دی.

لە ژمارە ٧٠١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئەپریلی ٢٠١٧

## داعش پارسەنگی ئێران نیە

**ناشناڵ ریڤیو - سێت جەی فرانتزمەن**

لە دوو لێدواندا لە ٢٠١٤، سەرۆکی حیزبوڵڵا حەسەن نەسروڵڵا، ئیددیعای کرد کە داعش هەڕەشەیەکە بۆ سەر ناوچە. ئەو گوتی: "مەترسییەکە گوێ ناداتە شیعە، سوننی، کریستیان، دروز، ئێزدی، عەرەب یا کورد. ئەو دەعبایە گەشە دەکا و گەورەتر دەبێ."

ئەو هەروەها گوتی کە داعش هەڕەشە لە شانشینە عەرەبەکان لە ئوردن تا کەنداو دەکا. پاشان ئەو ئامانجە راستەقینەکەی جووڵانەوەی حیزبوڵڵای، کە لە لایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکرێ، ئاشکرا کرد. "چوونە ناو شەڕی سورییە، لە پلەی یەکەم، بۆ بەرگریی کردن لە لوبنان، خۆڕاگریی لە لوبنان و گشت لوبنانیەکە."

لە دەستپێکی شەڕی ناوخۆی سورییەوە، ئێران، حیزبوڵڵا و میلیشیا جۆراجۆرە شیعەکانی عێراق کە حەشدی شەعبی پێک دێنن گەلێک سەرکەوتنیان وەدەست هێناون. هەرگیز بەکرێگیراوەکانی ئێران، میلیشیا توندڕەوەکان، هێندە خاوەن رەوایی و دەسەڵات لە هەندێک ناوچەدا نەبوون، ئەوە لە کاتێکدایە کە لە هەندێک شوێنی تر بوونە هۆی چەند جەمسەریی.

بۆ بەرەبەرەکانی لەگەڵ نفوزی ئێران، هەندێک گوتوویانە کە داعش و جیهادییەکانیتر دەبێ هان بدرێن کە لە گەڵ حیزبوڵڵا و هاوپەیمانەکانی شەڕ بکەن. رۆژنامەنووس توماس فریدمەن لە ١٢ی ئاپریل لە نیویۆرک تایمز دا نووسی "ترامپ دەبێ لە سورییە بهێڵێ داعش ببێتە سەرئێشەی ئەسەد، ئێران، حیزبوڵڵا و روسیا، بە هەمان شێوە کە ئێمە شەڕکەرانی موجاهیدینمان لە ئەفغانستان هاندان تا ببنە هۆی خوێن لەبەر رۆیشتنی روسیا". فریدمەن ١٩٨٢ بەرپرسی دەفتەری تایمز لە بەیروت بوو و دواتر لە هەشتاکان بۆ ئورشەلیم نێردرا. ئەو ئاگای لە دەستپێکی سەرهەڵدانی حیزبوڵڵا و سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان، ئەو شوێنەی کە ئەمریکا سەدان میلیۆن دۆلاری بۆ پشتیوانیی لە شەڕکەرانی دژی یەکیەتیی سۆڤیەت خەرج کرد، هەیە.

ئێفرایم ئینبار لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیکی بیگین - سادات لە ئاگوستی ٢٠١٦ بەڵگەی دەهێنانەوە کە "لەناو بردنی دەوڵەتی ئیسلامیی هەڵەیەکی ستراتیژیکە." ئەو دەیگوت "باشترین شت ئەوەیە کە لە لایەنەکان بگەڕێین کە

لەجیاتی ئامانجە خۆرئاواییەکان، شەڕ لەگەڵ یەکتر بکەن و پێش بە خولیای ئێران بۆ هێژمۆنی ناوچەیی بگیرێت." لەو تیئۆرییەدا وەک ئەوەی دواتر فریدمەن شی کردەوە، "حیزبوڵڵا نرخێکی یەکجار زۆر گەورەی لە شەڕی دژی داعش داوە."

لە روانگەی ئەخلاقییەوە، داعش لە عێراق و سوریە لەبەر تاوانەکانی بە دژی مرۆڤایەتیی، بە تایبەت کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان، لە ٢٠١٤ و فرۆشتنی ٥٠٠٠ ژن وەک کۆیلە، دەبێ لەناو بچێ. ئەوانەی کە بەڵگە دەهێننەوە کە سەرەڕای ئەوە دەبێ لە داعش گەڕێین تا ئێران "خوێنی لەبەر بڕوا" ئیددیعا دەکەن کە ئەوە بە پێی "بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و خۆرئاوا" ستراتیژییەکی پراگماتیکە.

موشکیلەکە لێرەدایە کە هیچ بەڵگەیەک نیە کە داعش بوەتە هۆی ئەوە کە ئێران، رژێمی سوریە، حیزبوڵڵا و میلیشیا شیعەکان "خوێنیان لەبەر بڕوا"، بەڵکو ئەوان تەنیا یارمەتیی بەرەوپێش بردنی بەرژەوەندییەکانی ئێرانیان داوە. پێش هێرشی داعش بۆ سەر عێراق لە ٢٠١٤، دەوڵەتی بەغدا هێشتا ناچار بوو وا بنوێنێ کە خزمەتی سوننییەکان دەکا. پاش هێرشی داعش، ئایەتوڵڵای مەزن عەلی سیستانی فتوایەکی بەناوبانگی دەرکرد و لەوێدا داوای لە گشت عێراقییەک کرد کە بەرگریی لە وڵاتەکەیان بکەن. دەیان هەزار کەس لە دەوری حەشدی شەعبی، یا یەکینەکانی بەسیجی جەماوەریی، کۆبوونەوە. لە دێسامبری ٢٠١٦ ئەوان بوون بە باسکێکی فەرمیی لە هێزە ئەمنییەکانی عێراق.

**داعش رەوایی بە ئەسەد دەبەخشێ، وەک "لایەنێکی کەمتر خراپ لەناو دوو بەدخوازدا."**

لە ماوەی جەنگی عێراق بە دژی داعش، قاسم سولەیمانی، فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسدارانی ئێران، بەردەوام سەردانی بەرەکانی شەڕی کردووە: داعش نفوزی ئێرانی لە عێراق کەم نەکردەوە بەڵکو وەک دەرمانی بەهێزکەر وابوو. پێش داعش، ئێران هەرگیز توانایی پێکهێنانی بەرەی میلیشیای شیعە و کردنیان بە بەشێکی فەرمیی لە دەوڵەتی نەبوو. میلیشیاکان وەک توندڕەوی تایفی ناسرابوون. ئێستا لە بەرەکانی شەڕ لە دەوروبەری موسڵ، کە من لە سەرەتای ئاوریل شاهیدی بووم، ئاڵای شیعە لە هەموو شوێنێک دەشەکێتەوە، و ئەوان وەک رزگاریدەر دەردەکەون.

لە لوبنانیش بە هەمان شێوە: لەگەڵ دەرکەوتنی تاقمی داعش لە سەر سنوور لە ٢٠١٤، نەسروڵڵا، خۆبەزلزانێکی مەندیل بەسەر کە میلیشیایەکی مەزهەبیی بەڕێوەدەبا، لە بارەی ئەو "وەحشییانەی" پشت دەروازە قسەی کرد. حیزبوڵڵا کەڵکی لە قەیرانی سوریە و ئەگەری مەترسیی جیهادیستەکانی بۆ بە بارمتەگرتنی پۆستی سەرکۆماری لوبنان بۆ ماوەی دوو ساڵ بەکار هێنا تا لە ٢٠١٦ میشێل عەونی سەپاند. یاسای بنەڕەتیی لوبنان دەخوازێ کە سەرکۆمار دەبێ کریستیان بێ، بەڵام

## بەشی یەکەم

نەسروڵڵا کریستیانێکی هاوپەیمانی حیزبوڵڵای دەویست. شەڕ لە دژی داعش و جیهادیستەکانیتر لە سوریا، ڕێگەی پێ دەدا کە خۆی وەک پارێزەری کریستیان و کەمینەکانیتر لە لوبنان بنوێنێ. ئەو درێژە بەو بانگەشەیە دەدا کە حیزبوڵڵا لە ڕێگای شەڕ لە سورییە، دژی ئیسرائیل "دەوەستێتەوە." چۆن؟ نەسروڵڵا ئیددیعا دەکا کە ئیسرائیل پشتگیریی داعش دەکا.

توندڕەویی داعش، سەرهەڵدانی سورییەی بێ ئیعتیبار کردووە. پێش دەرکەوتنی داعش و سەربڕینی ستیڤن سۆتلۆف و جەیمز فۆلی، جیهان سەرنجی خۆی خستبووە سەر دڕندەیی بەشار ئەسەد. پاش ئاگوستی ٢٠١٤، هاوپەیمانیی پێک هاتوو لە ٦٨ وڵات بە ڕێبەریی ویلایەتە یەکگرتووەکان سەرقاڵی بۆمبارانی داعشن. ئەو ئیددیعایەی کە دەڵێ ئەگەر لە داعش بگەڕێین، ئەوە بە شێوەیەک دەبێتە هۆی "خوێن لەبەر ڕۆیشتنی" ئەسەد، هەڵەیە. لە ٢٠١٤، داعش شەڕی خۆی ئاراستەی کوردەکانی سورییە و عێراق کردبوو و هیچ مەترسییەکی بۆ ڕێژیمی ئەسەد نەبوو. مەترسیەکە (بۆ سەر ڕێژیمی ئەسەد) لە لایەن یاخیبووانی سورییەوە بوو. ڕێژیم یاخیبووەکانی وەک خوێنڕێژانی داعش و ئەلقاعیدە پێناسە دەکرد. داعش پارسەنگی ئەسەد نەبوو. ئەو ڕەوایی بە ئەسەد بەخشی، "وەک لایەنێکی کەمتر خراپ لەناو دووبەدخوازدا."

پشتیوانیی لە توندئاژۆیانی دینی، وەک ویلایەتە یەکگرتووەکان لە نەوەدەکاندا لە ئەفغانستان کردی، نابێتە پارسەنگی توندئاژۆیانیتر. خەبات لە دژی هێژمۆنی ئێران دەبێ شانبەشانی لایەنگرانی خۆرئاوا یا بەڕێوەبەرایەتیی هاوپەیمان وەک ئیسرائیل، ئوردون، عەرەبستانی سعودی، میسر و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق ئەنجام بدرێ. پشتیوانیی لە جیهادیستان دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی. نابێتە هۆی ڕاگرتنی بالانس بەرامبەر بە ئێران.

لە ژمارە ٧٠٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٧

## ئێران ناوەندی نوێی تیرۆر دروست دەکا

**فۆربس - وێس مارتین**

ئەوەی کە بەڕێوەبەری ترامپ بە تەمایە بە ڕەسمی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران وەک «ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی» بناسێنێ شتێکی دڵخۆشکەرە، ئەگەرچی چەند ساڵێکە کە سپای قودس، لقێکی سوپای پاسداران ئەو نازناوەی دراوەتێ.

ئەوەی کە تا ئێستا ڕێکخراوی دایک (واتە سوپای پاسداران) لەلای وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ریکخراوی تیرۆریستی نەناسراوە لە عەقڵدا ناگونجێ، بەتایبەتیی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە دەوڵەتی ئێران دەمێکە لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بە سەرەکیترین دەوڵەتی پشتیوانی تیرۆریزم دەناسرێ. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو ڕاستییە لە سیاسەتیشدا ڕەنگدانەوەی هەبێ، هەر ڕۆژەی کە ئامریکا بە تیرۆریست ناساندنەکە وەدوا بخا دەستەیەکی پێشکەتووی ڕاهێنەر لە نێو سوپای پاسداران تاقمێکی نوێی شەڕکەری لێهاتوو بۆ شێواندنی ناوچە و چاندنی تۆوی تیرۆر لە سەرانسەری جیهاندا بەرهەم دەهێنێ.

ڕێکخراوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی موجاهیدینی خەڵک لە مانگی ڕابردوودا چاردە کەمپی ڕاهێنانی تیرۆریستانی ئاشکرا کرد کە لە لایەن سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوە بەڕێوە دەچن. بە بەراورد لەگەڵ بەرنامەکانی ڕاهێنانی ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین لە شەستەکان و حەفتاکانی زایینی، ئەو کەمپە تایبەتانەی سوپای پاسداران دەکرێ وەک «نایابترین ڕاهێنانی تیرۆریستان» دەستنیشان بکرێن.

بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە، سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران نیشانی دەدا کە هەوڵەکانی بۆ ڕاهێنانی تیرۆریستی هەمە لایەنە چڕ دەکاتەوە. پلانی ڕاهێنانەکە ئەو لایەنانە دەگرێتە خۆ: مێشک شۆردنەوەی ئایینی، دروستکردن و دانانی بۆمب، بۆمبی خۆکوژی، کوشتن، بەبارمتە گرتن، کۆکردنەوەی یارمەتیی دارایی، دەرفەتەکانی بازاڕی ڕەش، بناغەکانی ئەندازیاریی بیناسازیی، خۆ بواردن لە دۆزرانەوە لە لایەن پۆلیس، بنەماکانی خانەی نوستوو و هەموو شتی دیکە کە بۆ لەنێو بردنی شارستانییەتی ڕۆژئاوا پێویستن. سوپای پاسداران هەر ئێستا خاوەنی ئەزمونیکی ١٥ ساڵەی هەڵسەنگاندنی زیانەکانی شەڕ و هێرش بۆ سەر هێزەکانی ئامریکایە لە عێراق. جگە لەوە سوپای عێراق هەموو ئەزموونی ڕاهێنانی کە لە

لایەن سوپای ئامریکاوە پێی گەیشتووە بۆ سوپای پاسدارانی گواستۆتەوە.

بە پێچەوانەی ئاکادێمیای ئاسایی، دەرچووانی قوتابخانەی تیرۆریزمی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران پاش وەرگرتنی بڕوانامەکەیان ناچن بۆخۆیان وەدوای دیتنەوەی پیشەیەک لە جیهان بکەون. خاوەنکاری تاهەتایی ئەوان دەوڵەتی ئێران دەبێ. جا چ بنێردرێنە شەڕ بۆ وەدەستهێنانی لێهاتوویی پتر یا خود ببنە ئەندامی خانەی نوستوو تا کاتی کاراکردنیان، تەنیا مەرگ دەتوانێ لە ئەرک و گرێبەستەکەیان داماڵێ.

هەر وەک چۆن ڕێکخراوی رزگاریدەری فەلەستین تیرۆریستی سەر بە نەتەوەکانی دیکەی رادەهێنا، شێوەکاری سوپای پاسدارانیش هەر بەو جۆرەیە. گۆڕەپانی کۆتایی شەڕ دژی تیرۆریزم، خۆراوای ئورووپا و باکووری ئامریکایە. سەرەتاکانی ئەو سێناریۆیە هەر ئێستا بە هۆی سنوورە بێژنگییەکان و نەخشە شاراوەکانی تووندئاژۆکان دەستی پێ کردووە. هێرشەکان ئاڵۆزتر و کوشەندەتر دەبن و چەند تیم هاوکات هێرش دەکەنە سەر چەند ئامانج.

وەک ئەفسەری خاوەن ئەزموونی دژە تیرۆری هێزە هاوپەیمانەکان لە عێراق، ئەمن شاهیدی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای پێشکەتوو لە لایەن هێزی قودس و سوپای پاسداران بووم کە پێشکەشی چەکدارانی شیعە و سوننییان دەکرد. چونکە ئێران بە تەواوی باوەڕی بەوە هەیە کە «دوژمنی دوژمنی من دۆستی منە»، ئێمە ئاکامی لێکۆڵینەوە و بەرهەمهێنانی تاقیگاکانی چەکوچۆڵی ئێرانمان پێ دەگەیشت.

لە ژێر رووناکایی ئەو هەڕەشە لە رادەبەدەرە، زۆر کەس سەریان سوڕ ماوە کە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە بەڕەسمی ناساندنی تیرۆریستبوونی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانیان راگرتووە. بەداخەوە، رابردووی وەزارەتخانەکە ئەوە نیشان دەدا کە لیستی رێکخراوی تیرۆریستیی بیانی لە جیاتی وێناکردنی راستەقینەی هەڕەشەکان بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاووڵاتیان زۆرتر وەک ئامرازێکی سیاسی دەچێ. نموونەکەی پرۆسەی بە ئانقەست شکست پێهێناوی بە تیرۆریست ناساندنی سوپای مەهدی سەر بە مەلا موقتەدا سەدرە کە سەرەڕای بەڵگەی حشاهەڵنەگری ئەوە کە ئەو رێکخراوە سەدان ئەندامی سوپای ئامریکای لە عێراق کوشتووە و بەڵێنی داوە کە زۆرتریش بکوژێ.

وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە کۆتایی دا ددانی بەوە داهێنا کە ئێران بەرنامەی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیی بەرەوەپێش بردووە کاتێک کە موجاهیدینی خەلق، رێکخراوی سەرەکیی دژی بنئاژۆخوازانی تاران، بەرنامە نەهێنییەکەیانی ئەوانی بۆ جیهان ئاشکرا کرد. لەجیاتی مەحکومکردنی رێژیم، رێگاچارەی وەزارەتی دەرەوە وتوویژ کردن بوو. لە بەرامبەر بەڵێنی

**بەشی یەکەم**

ئێران بۆ دەست هەڵگرتن لە بەرنامەی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیی، بەڕێوەبەریی ئۆباما قبووڵی کرد کە ئابلۆقەکان شل بکاتەوە و ۱۵۰ ملیارد دۆلار کە دەستی بەسەر دا گیرابوو ئازاد کرا.

هەڵگرتنی ئابلۆقەکان سەرکەوتنێکی سیاسیی بوو بۆ ئێران. زەختی خەڵکی ئێران (بۆ سەر رژێم) کەم بۆوە و تاران لێهاتوویی خۆی لە سەرکەوتن بەسەر ئامریکا لە دانووستاندا سەلماند. ۱۵۰ ملیاردەکەی کە لە ئاسمانەوە بۆیان باری زۆر زوو کەوتە گەڕ. ئێران توانیویەتی یارمەتی ئابووریی و چەکوچۆڵ بۆ شەڕی نێوخۆ لە سورییە و یەمەن بنێرێ. لێکۆڵینەوە لە بارەی چەکی ئەتۆمی چەندە لە کۆریای باکوور پاش دانوستان لەگەڵ بەڕێوەبەریی کلینتۆن وەستا هەر ئەوەندەش لە ئێران وەستاوە.

رێکخراوە تێرۆریستییەکان بۆخۆیان بڕیار دەدەن کەنگێ و لە کوێ هێرش بکەن. ئەوان تەنیا پێویستە لە هەندێک لە جارەکان سەرکەوتن وەدەست بهێنن. وەک ئامانجی هێرشەکان ئێمە دەبێ لێبڕاوانە توانایی بەرگریی خۆمان بپارێزین. هەر وەک شکستی بەڕێوەبەرییەکانی پێشووتر لە پێشبینی کردنی سەرهەڵدانی داعش سەلماندوویەتی، حاشا کردن لە گرنگیی موشکیلەیەک رێگا بۆ گەشەکردنی خۆش دەکا.

**کاتی ئەوە هاتووە کە سەرکۆمار ترامپ وەزارەتی کاروباری دەرەوە راسپێرێ کە سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران وەک رێکخراوێکی تێرۆریستیی بیانیی بناسێنێ و بەو پێناسەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکا.**

لە ژمارە ۷۰٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ۲٥ی جوونی ۲۰۱۷

## ئیددیعای تیلێرسۆن بۆ گۆڕینی «ئاشتییانەی» ڕێژیمی ئێران، ڕاستە؟ ئەدی دوایە؟

### جاست سێکیوریتی - ئێریک پێلۆفسکی

ئێستا لە دیسکۆرسی سیاسیی نێوخۆ، زۆر دەگمەن باسێکی سیاسەتی دەرەوە پتر لە خولێک لە نێو هەواڵەکاندا دەمێنێتەوە مەگەر ئەوەی کە پەیوەندی بە رووسیەوە هەبێ. بەڵام کەمێک پێشتر لەو مانگەدا، هەواڵێکی گرینگ وەک دەنگێکی زۆر لاواز لە ڕادارەدا دەنگی دایەوە. لە لێکۆڵینەوەیەکی گشتیی لە کۆنگرەدا، وەزیری دەرەوە رێکس تیلێرسۆن باسی لەوە کرد کە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر بە ئێران دەبێ، لەگەڵ شتی دی پشتیوانیی بۆ گۆڕینی «ئاشتییانەی» ڕێژیمیشی تێدا بێ. لە باشترین حاڵەت دا ئەوە ڕەنگدانەوەی ناکارامەیی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لە بارەی ئێران و لە خراپترین حاڵەتدا، ئەوە نیشاندەری دەستپێکی دەسکەوتی کۆنەپارێزە نوێیەکان لە سیاسەتی ترامپ بەرامبەر ئێرانە.

### ئەو دارەی کە کەوتە نێو دارستانەوە

تیلێرسۆن لە وەڵامی پرسیاری ئەندامێکی کۆمیتەی کاروباری دەرەوە لە بارەی هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە گۆڕینی ڕێژیمی ئێران گوتی: «سیاسەتی ئێمە بەرامبەر بە ئێران ئەوەیە کە پاشەکشە بە هەژمۆنیی ئەوان بکەین، پێش بە توانایی دروستکردنی چەکی ناوەکیی ئێران بگرین و هاوکاریی ئەو لایەنانە لە نێوخۆی ئەو وڵاتەدا بکەین کە ببێتە هۆی گۆڕینی ئاشتیانەی دەوڵەت.» تیلێرسۆن دەڵێ «ئەو لایەنانە بێگومان بوونیان هەیە.»

ڕاپۆرتی نووسراوەی تیلێرسۆن ئەو ئیدیعایانەی تێدا نەبوو. لە جیاتی ئەو گوتی، «ڕێژیمی ئێران درێژە بە دەست تێوەردان و ناسەقامگیرکردنی خۆرهەڵاتی ناوین دەدا، پشتیوانی لە ڕێژیمی ئەسەد و پشیتوانیی ئابووریی لە میلیشیا و شەرکەرانی بیانی لە عێراق و یەمەن دەکا بۆ بنکۆڵ کردنی دەسەڵاتی دەوڵەتانی ڕەوا و چەکدارکردنی ڕێکخراوی تێرۆریستیی وەک حیزبوڵڵا، کە هەڕەشە لە هاوپەیمانی ئێمە ئیسرائیل دەکا و ئێمە و هاوپەیمانەکانمان دەبێ بەرپەرچی هەوڵەکانی ئێران لە ناوچە بدەینەوە.»

بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ئاخۆ تیلێرسۆن ئەو قسانەی بۆ بەهێزتر کردنی ڕاپۆرتەکەی گوتن یا ئەو شتانەی لەپڕدا بە مێشکی داهاتن، وەڵامی ناوبراو جیاوازییەکی ئاشکرای لەگەڵ قسەکانی پێشووی ئیدارەی ترامپ لە بارەی ئێراندا

هەبوو؛ لەوەش زیاتر لەگەڵ سیاسەتی لەمێژینەی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

وتەبێژێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ڕایگەیاند کە «پشتیوانیی ڕاستەوخۆ» لە گۆڕینی ڕژێمی ئێران سیاسەتێک نیە کە ئیدارەی ترامپ بیری لێدەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەراوەردکردنی ئەو ڕەتکردنەوە دەستبەجێ و شڵەژاوە لەگەڵ بۆچوونی وەزیری کاروباری دەرەوە کە لە کۆنگرەدا شاهیدی دەدا ئاسان نیە. جگەلەوە لە کاتێکدا کە پرۆسەی چاوخشاندن بە سیاسەت (بەرامبەر بە ئێران) بەردەوامە، ئەو دڵنیاکردنەوەیە ناتوانێ بەڵێنیی بدا کە خاڵی گۆڕینی ڕژێمی تێدا نابێ، بەتایبەتیی کە تیلێرسۆن یاریکەری سەرەکی لەو پێداچوونەوەدایە. هەر بۆیە ئەوە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر ئێران هێندەی دیکە لێڵ و تەمتوماوی دەکا.

## کاردانەوەکان لە ئێران

هەرچەند کە ئەو هەواڵە لە واشینگتۆن هەرایەکی نەنایەوە بەڵام ئێرانییەکان چاک پێی هەڵبەزینەوە. تاران نارەزایەتیی خۆی لە چەند شوێنێک دەربڕیی. لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، لای سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان و، لای باڵوێزی سویس لە ئێران کە دەوڵەتەکەی لەساڵی ١٩٨٠ وە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانە.

دەوڵەتی ئێران چەند نامەی بڵاو کردنەوە کە لەواندا قسەکانی تیلێرسۆنی وەک «نەخشەیەکی دەستتێوەردانی بێشەرمانە کە بە پێچەوانەی گشت پێوانە و پرەنسیپەکانی یاسای نێونەتەوەییە، هەروەها بە پێچەوانەی پێڕەوی نەتەوە یەکگرتوەکان و نیشاندەری ئاکاری ناپەسەند لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان» ناوبردوو. ئێرانییەکان لەوەش زیاتر چووبە پێشێ و گوتیان کە ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێکەوتننامەی ئەلجەزایریان (ئەو ڕێککەوتننامەیە کە کۆتایی بە قەیرانی بارمتەکان هێنا) ژێرپێ ناوە کە دەڵێ (ئامریکا) نابێ ڕاستەوخۆ یا ناراستەوخۆ دەست لە کاروباری نێوخۆی ئێران وەردا.

ئیدارەی ترامپ چاو بە سیاسەتی بەرامبەر بە ئێران دا دەخشێنێ، بەڵام ئێمە دەبینین کە بە چ ئاقارێکدا دەڕوا. وێدەچێ کاربەدەستان لەسەر هەڵویستێکی سێ بەرەیی کار بکەن کە ئامانجەکەی یەکەم سەپاندنی «بەرجام» بە شێوەیەکی چڕوپڕ و ئامازە بە کەموکوڕیی و هەڵەکان (ڕاستەقینە و هەست پێکراو)، دووهەم لاوازکردنی نفوزی ناوچەیی ئێران لە هەرشوێنێک کە بلوێ، و سێهەم بەهێزکردنی هاوپەیمانەکانمان لە ناوچە لە دژی ئێران.

## بەشی یەکەم

### ڕۆژێکی نوێ و شایەکی نوێ لە عەرەبستانی سعودی

حەوتووی رابردوو، واشینگتۆن بەرەوڕووی دیمەنێکی نوێ لە عەرەبستانی سعودی بۆوە، کە شازادەیەکی جێنشین (موحەممەد بین نایف) مەیدانەکەی بۆ شازادەیەکی جێنشینی نوێ (موحەممەد بین سەلمان) کە پیرۆزبایی و بڕیاری وەفاداریی پێگەیشت، جێهێشت.

موحەممەد بین سەلمان وەک ئەندازیاری قەیرانی یەمەن سەیر دەکرێ و هەروەها دەوری سەرەکیی لە لایەن سعودییەوە لە قەیرانی قەتەردا بینیوە. ئێستا، کە ئەو جێپێی خۆی وەک جێنشین بۆ پاشایەتیی قایم کردووە، ویدەچێ بەرپرسی سەرەکیی سیاسەتی کاروباری دەرەوەی عەرەبستانی سعودی بێ. لە وتوویژێکی تەلەفزیۆنییدا موحەممەد بین سەلمان هەڕەشەی لە ئێران کرد کە «هەوڵ بدا کە شەڕ لەگەڵ ئێران لەنێوخۆی ئێران دا بکا نەک لە عەرەبستانی سعودی.» بێ گومان بەرنامەی سعودی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەوڵە ناوچەییەکانی ئێران چڕتر دەبنەوە، جا ئەوە لە یەمەن، قەتەر یا هەرشوێنێکی دیکە بێ.

لە یەمەن بواری سەربازیی بە شێوەیەکی گشتیی تووشی دۆخی کوێر بووە و دانوستانە سیاسییەکانیش لە سەرەمەرگ دان. قەیرانی قەتەر لە هی یەمەن دژوارترە، بەڵام سەرئەنجامەکەشی زۆر نادیارە. دەوڵەتانی سعودی و ئیمارات نیگەرنیی قووڵی خۆیان لەبارەی پشتیوانیی قەتەر لە ئیسلامیست و گروپە توونداژۆکان دەربڕیوە و ئابلۆقەیەکی بەربڵاوی ئابووریی و ئاسمانییان بەسەری دا سەپاندوە. لەو دواییانە دا داواکارییەکی ١٣ خالیی بۆ هەڵگرتنی ئابلۆقەکان پێشکەشی قەتەر کراوە، بەڵام بەربڵاویی داواکارییەکان ویناچێ هیچ ڕێگا چارەیەکی خێرا بۆ قەیرانەکە بهێڵێتەوە.

لە یەمەن و قەتەر، ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرژەوەندیی بەرچاوی هەن و هەندێک یارمەتیی بە هەوڵەکانی سعودی و ئیماراتی گەیاندووە. سیاسەتی دەرەوەی سعودی بەرامبەر بە ئێران لەوانەیە فۆرمێکی چالاکتر بگرێتە خۆ. بڕیارەکانی داهاتوو لە بارەی ئێران دەتوانێ لە لایەن خاوەن بەرژەوەندییەکانی ناوچە لەبار ببرێ یا بە هۆی ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو خێرا بکرێ (بۆ وێنە وەک ڕووبەڕووبونەوەیکی تر لە ئەلتەنف یا دەوروبەری ئەوێ). لە هەر حاڵدا، دەبێ بەڕێوەبەرایەتیی بە سەرنج و دیققەتێکی زۆرەوە ئەو بڕیارانە بدا.

### دوایە چێ؟

بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەبێ بە جیددی بیر لەوە بکاتەوە کە ئاخۆ گۆڕینی ڕێژیم، چ ئاشتییانە یا بە شێوەیەکی دی،

**بەشی یەکەم**

کارێکی ژیرانەیە بەرامبەر بەو موشکیلانەی کە ئێران درووستیان دەکا. وا باشترە ئەو کارە پێش ئەوەی کە وڵاتانی دیکە پێشنیاری دی پێشکەش بکەن ئەنجام بدرێ. ئەو «لایەنانەی نێوخۆی ئێران» کە تیلێرسۆن ئاماژەی پێکردن کە لایەنگری گۆڕینی رێژیمن، هەر چی بن بە نێشاندانی بوونیان بەهێزتر نابن، بە تایبەتیی ئاشکراکردنیان یا ئاماژە بەوەی کە یارمەتیی بیانییان پێ دەگا. بە تایبەتی ئەگەر کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەوە بڵێن. لە جیاتان، وتەکانی تیلێرسۆن رەسەنایەتیی ئەو «لایەنانە» لە ناو سیستەمی ئێران دێننە ژێر پرسیار و بیانوویەک دەدەنە دەوڵەتی ئێران کە جارێکی تر بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە خەڵکی وڵاتەکەی بکاتە ئامانج (جا ئەوە لەبەر گۆڕینی رێژیم بێ یا هەر شتێکی دی).

لەگەڵ بەرەوپێش چوونی پرۆسەکە لە واشینگتۆن، ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێ وریا بێ کە بە شێوەیەکی نەخوازراو وەدوای سیاسەتی گۆڕینی رێژیمی ئێران نەکەوێ. ئەوە بە قازانجی بەرژەوەندیی کورتخایەن و درێژخایەنی ئامریکا نییە.

لە ژمارە ٧٠٦ی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جووڵای ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# شەڕی داهاتوو لە خۆرهەڵاتی ناوین

## پرۆجێکت سیندیکات - یوشکا فیشێر

لەگەڵ ئازادکردنی موسڵ لە باکووری عێراق، دەوڵەتی ئیسلامیی (داعش) بەو زووانە کۆتایی دێ. بەڵام شکستی داعش و نەمانی خەلافەتی عێراق - شام بە مانای ئاشتی بۆ خۆرهەڵاتی ناوین و تەنانەت کۆتایی تراژێدیی سووریەش نییە. لەجیاتان وێدەچێ کە ئەوە سەرەتای برگەیەکی نوێ لە مێژووی خوێناوی و بشێویی ناوچەکە بێ، بڕگەیەک کە لە برگەکانی دی لە دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریی عوسمانی پاش شەڕی یەکەمی جیهانیی کەمتر مەترسیدار نەبێ.

درێژە کێشانی ئەو شێوە ڕەفتارە پڕ لە توندوتیژییە شتێکی مسۆگەرە، چونکە ناوچەکە توانای چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان یا دروستکردنی هەر شتێک کە وەک چوارچێوەیەک بۆ ئاشتیی بچێ نییە. لەجیاتیان لە شوێنێک لە نێوان سەدەکانی نۆزدە و بیستدا گیری کردوە.

دەسەڵاتە خۆرئاواییەکان لە مەینەتباریی خۆرهەڵاتی ناوین بێتاوان نین. هەر ئاماژەیەک بە ڕێککەوتننامەی سایکس - پیکۆ، کە لەودا بریتانیای مەزن و فەڕانسە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی عوسمانییان دابەش کرد، ئێستاش دەبێتە هۆی وەها تووڕەییەک لە جیهانی عەڕەب کە وێدەچێ وەک ئەو نەخشەیە، کە بە نهێنیی لە ١٩١٦ دارێژرا، دوێنێ دارێژراوە.

نابێ دەوری ڕوسیەی تێزاریشمان لە ناوچەکەدا لەبیر بچێ. پاش شەڕی دووهەمی جیهانیی، جێگەرەوەی ئەو، یەکیەتیی سۆڤیەت و دژبەرەکەی لە شەڕی سارد واتە ویلایەتە یەکگرتووەکان، دەست تێوەردانە یەک لە دوای یەکەکانیان دەست پێکرد.
بێگومان ویلایەتە یەکگرتووەکان یاریدەدەری سەرەکیی پێکهاتنی بشێویی ئەورۆ لە ناوچە دایە. بەرژەوەندیی ئامریکا لە خۆرهەڵاتی ناوین لەسەرەتادا بە نەوت بەسرابۆوە. بەڵام لە دەستپێکی شەڕی ساردا، بەرژەوەندیی ئابووریی خێرا، بوون بە بەرژەوەندیی ستراتێژیکی بۆ پێشگرتن لە سەرهەڵدانی دەوڵەتانی دژە خۆرئاوا و دۆستی سۆڤیەت. هەوڵی ئامریکا بۆ نفوزی یەکلاکەرەوە لە ناوچەکەدا بە هاوپەیمانیی نزیکی ئەمنییەتی لەگەڵ ئیسرائیل و لە کۆتاییدا دوو دەستوەردانی سەربازیی لە دوو شەڕی کەنداو لە دژی عێراقی سەددام حوسێن تەکمیل کرا.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

تێوەگلانی ئامریکا لە ئەفغانستانیش کاریگەریی قووڵی لە سەر خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەبووە. سەرهەڵدانی هەشتاکان کە ئامریکا پشتیوانیی دەکرد و بە ناوی جیهاد دژی یەکیەتیی سۆڤیەتی داگیرکەر دەستی پێکرد، دوو هاوپەیمانی نزیکی ئامریکا واتە پاکستان و عەرەبستانی سعوودیی کردنە هەڕەشەی ستراتیژیکی. ئەوە لە سێپتامبری ٢٠١١ ئاشکرا بوو کاتێک دەرکەوت کە ١٥ لە ١٩ هێرشبەر کە ئەلقاعیدە ناردبوونی، هاووڵاتیی عەرەبستان بوون. هەروەها ئەوە پاکستان بوو کە تاڵەبانی دروست کرد کە پەنایان بە ئەلقاعیدە دا تا نەخشەکانیان لە دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان و خۆرئاوا دارێژن.

سەرکەوتنی شەڕی یەکەمی کەنداو لە ١٩٩١ لەسەر دەستی جۆرج بوشی باوک و، ١٢ ساڵ دواتر شەڕی دووهەمی کەنداو ئەمجارەیان لەسەر دەستی بوشی کوڕ کە بووە هۆی کارەساتێکی ناوچەیی کە ئێستاش درێژەی هەیە، مایەپووچ بۆتەوە. لە کاتێکدا کە بوشی باوک ئامانجی سنورداری وەک ئازادکردنی کوەیت و نەک گۆڕینی ڕێژیمی عێراقی هەبوو، کوڕەکەی ئامانجی بەرزەفڕانەتری هەبوون.
بیرۆکەکە ئەوە بوو کە سەددام لابەن و عێراقێکی دێموکراتیک دروست بکەن کە ئەوە خۆی دەبوو بە کاتلیزۆرێک بۆ ئاڵوگۆڕی بەربڵاو لە گشت خۆرهەڵاتی ناوین و گۆڕینی بۆ ناوچەیەکی دێموکراتیک و دۆستی خۆرئاوا. لە ئیدارەکەی بوشی لاوتر ئایدیالیزمی ئیمپراتۆرییەتی بە سەر ڕێئالیزمی سەرسەختدا زاڵ بوو کە بووە هۆی ناسەقامگیریی بێ‌پسانەوە لە خۆرهەڵاتی ناوین بە گشتی و، ئێرانی گەیاندە دۆخێک و ئاستێک کە نفوزی خۆی پەرە پێ بدا.

پاش هەرەسهێنانی داعش، بڕگەی داهاتوو لە مێژووی خۆرهەڵاتی ناوین لە ڕێگای ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاشکرا و ڕاستەوخۆی عەرەبستانی سعوودیی سوننی و ئێرانی شیعە بۆ باڵادەستی ناوچە بڕیاری لەسەر دەدرێ. تا ئێستا ئەو ناکۆکییە درێژخایەنە لەژێر پەردەدا و لە لایەن بەکرێگیراوانەوە بەڕێوە چووە. دوو زلهێزەکەی جیهان کە لە ناوچەدا چالاکن، هەر ئێستا بە ئاشکرا لایەنی خۆیان لە ناکۆکییەکەدا هەڵبژاردووە، ویلایەتە یەکگرتووەکان لەلای عەرەبستانی سعودییە و ڕووسیەش لەگەڵ ئێرانە.

«شەڕی دژی تێرۆر» کە ئێستا لە ئارا دایە وردە وردە جێی خۆی دەدا بە ناکۆکیی لە سەر هەژمۆنی. ئەوەی کە ئێستا عەرەبستانی سعودی و چوار وڵاتی سوننیی هاوپەیمانی کە قەتەریان ئابلۆقەداوە، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی نزیکی قەتەر لەگەڵ ئێران، ئەو ناکۆکییە گەیشتۆتە یەکەم خاڵی وەرچەرخان لە ناوەندی ناوچەکە واتە کەنداوی فارس.

بێگومان هەر تێکهەڵچوونێکی سەربازیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران لە گشت شەڕەکانی پێشوو لە خۆرهەڵاتی ناوین پتر ئاگر لە ناوچەکە بەردەدا. جگە لەوە، لە کاتێکدا کە ئاگری شەڕی سورییە ئێستا نەکوژاوەتەوە و عێراق بە هۆی کێبڕکێی



سەرچاوە
Serchawe

تایفیی بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لاواز بووە، داعش یا جێگرەوەکەی هەروا بە چالاکیی دەمێنێتەوە.

هۆکارێکی دی بۆ ناسەقامگیری سەرهەڵدانی دووبارەی «پرسی کوردە». کوردەکان، خەڵکێکی بێ دەوڵەت،

نیشانیان داوە کە شەڕکەرێکی باوەڕپێکراو لە دژی داعشن و دەیانهەوێ کەڵک لە دەسەڵاتی نوێی سیاسیی و سەربازیی خۆیان بۆ گەیشتن بە خۆبەڕێوەبەری و تەنانەت دەوڵەتی سەربەخۆ وەر بگرن. بۆ ئەو وڵاتانەی دەیانگرێتەوە، لە پێش هەمووان‌دا تورکیە و هەروەها سوورییە، عێراق و ئێرانیش، ئەو پرسە بە واتای ڕاگەیاندنی شەڕە؛ چونکە ئەوە کاریگەریی لەسەر تەواوەتیی خاکی ئەوان هەیە.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو پرسیارانە و بەرزبوونەوەی ناکۆکیی هەژمۆنیی لە نێوان ئێران و عەرەبستانی سعودی، بڕگەی داهاتوو لە مێژووی ناوچەکە بەڵێنیی هەموو شتێک دەدا جگە لە ئاشتی. بەڵێ، لەوانەیە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کارەساتی عێراق ئەو وانەیە فێر بووبێ کە ناتوانێ، سەرەڕای دەسەڵاتی زەبەلاحی سەربازیی، لە شەڕی سەر عەرز لە خۆرهەڵاتی ناوین سەرکەوتوو بێ. سەرکۆمار ئۆباما هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی لە ناوچە کێشایەوە، کە دەرکەوت ئەوە هەم لە بواری سەربازیی و هەمیش لەبواری سیاسییەوە کارێکی دژوارە. بۆیە ئەو لە شەڕی نێوخۆی سوورییە، دەستوەردانی سەربازیی ڕەت کردەوە، تەنانەت لە ئاسمانیشەوە، کە بووە هۆی بۆشایی دەسەڵات کە ڕووسیە خێرا پڕی کردەوە، بە هەموو ئاسەوارەکانی کە بۆ هەمووان ئاشکرایە.

جێگرەوەی ئۆباما، دۆناڵد ترامپ، لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بەڵێنیی دا کە لە ناوچەکە بکشێتەوە. لەدوای هەڵبژاردنەوە، ئەو هێرشی مووشەکیی کردە سەر سوورییە، هاوکارییەکانی لەگەڵ عەرەبستانی سعودی و هاوپەیمانەکانی چڕتر کردووە و هەڵوێستی سەختگیرانەی ئامریکای بەرامبەر بە ئێران توندتر کردووە.

**وێدەچێ ترامپ تووشی هەورازی سەخت بۆ ناسینی خۆرهەڵاتی ناوین بێ، ناوچەیەک کە چاوەڕوانی ناکا تا ئەو بەسەریدا زاڵ بێ. هیچ هۆیەک بۆ گەشبین بوون نابینم.**

لە ژمارە ٧٠٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئاگۆستی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# ئاژاوە و نەزم لە جیهانێکی هەردەم لەگۆڕان دا

**کاپ ئێکس - د. هێنری کیسینجێر**

خاتوو تاچێر یەکێک لە ڕێبەرە هەرە مەزنەکانی سەردەمی ئێمە بوو. خاوەن بڕیار، بەجۆش و خرۆش، بەغیرەت و وەفادار. ئەو لە جیاتی گوێ دان بە بۆچوونی گروپی ڕاوێژکار، خۆی بۆ دروستکردنی داهاتوو تەرخان کردبوو.

من یەکەم جار لە سەرەتای حەفتاکان چاوم پێی کەوت، کاتێک کە ئەو وەزیری خوێندن لە کابینە ئێدوارد هیث بوو. لە یەکەم دیدارمان دا، خاتوو تاچێر بێ‌ڕێزی خۆی بۆ بۆچوونی باوی ئەوکات کە لای وابوو کە لە کێبڕکێی سیاسیی دا بردنەوەی ناوەڕاست (و. مەبەست پێوەری سیاسی لە چەپ - ڕاست) ئامانجی سەرەکییە درکاند. ئەو پێی وابوو کە ئەرکی ڕێبەریی ئەوەیە کە ناوەڕاستی سیاسی بەرەو پرەنسیپی دیاریکراو ببا نەوەک بە پێچەوانە.

بۆ جێبەجێ کردنی ئەو فەلسەفەیە، ئەو لە ماوەی تەمەنی سیاسیی خۆیدا ڕێچکەیەکی سیاسیی نوێی لە کۆمەڵگای خۆیدا دروست کرد. ناوبراو ئەو کارەی بە تێکەڵاوێک لە تایبەتمەندیی تاکیی (کاراکتەر) و غیرەت ئەنجام دا: کاراکتەر لەبەر ئەوەی کە بژارە داهێنەرەکانی کە پرۆسەی سیاسیی دەیخوازن زۆرجار وەک ڕۆیشتن بە ڕێگایەکی باریک لە شوێنێکی پڕ لە کەندولەند دەچێ و غیرەت بۆ ئەوەی کە بە ڕێگایەک دا کە هیچ کەس پێشدا پێیدا نەڕۆیشتووە بەرەوە پێشەوە بڕۆی.

مارگارێت تاچێر ئەو تایبەتمەندییانەی زۆر بە باشی لە وتارێکدا لە زانکۆی وێست مینستێر لە فاڵتۆن، میزوری، هەمان شوێن کە پەنجا ساڵ پێشتر وینستۆن چرچیل وتاری "پەردەی ئاسنین"ی پێشکەش کردبوو، نیشان دا.

**ئەو ئاماژەی بەو موشکیلانە کرد، کە ئەوڕۆش لە ناوەڕۆک دا ڕێگاچارەی خێرا دەخوازن:**

* ئاخۆ ڕوسیا وەک هەڕەشە سەیر بکرێ یا وەک هاوبەش؟
* ئاخۆ پێویست دەکا کە ناتۆ سەرنج بداتە پرسی "دەرەکیی"؟
* ئاخۆ ناتۆ بە وریایی و خێرایی تەواو دەدان بە دیموکراسییە نوێکانی ناوەندی ئوروپا بە پەرپرسیاریی تەواوەوە بنێ؟
* ئاخۆ ئوروپا پێویست دەکا لە ناو ناتۆ دا "ناسنامەی بەرگریی" تایبەت بەخۆی پەرە پێ بدا؟

## بەشی یەکەم

دوو دەیە دوای وتـارە پێشـبینیکەرەکەی خـاتوو تـاچێر، جیهـانی ئەمـبەر ئەوبەری ئاتلانتیـک بەرەوڕووی هەنـدێک پرسـی هاوشێوە بوونەتەوە. ئەو نەزمە جیهانییەی کە خۆرئاوا بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی سی‌ساڵە لە ١٦٤٨ی زایینـی دروستی کـرد (و. مەبەست رێککەوتننامەی وێستفالە)، لە سەر بنەمای سەربەخۆیی دەوڵەتان کە لە ڕێگای هاوسەنگیی دەسەڵات لە نێوان چەندین پێکهاتە دەپارێزرا، دامەزرابوو. ئەو نەزمە ئێستا بەرەوڕووی چەمکی وەرگیراو لە ئەزموونی مێژوویی و کولتـوریی جیاواز بە تێکەڵاوێک لە ڕوانگەی ئایینی لە ئاستی کیشوەریی یا جیهانیی بۆتەوە. کەوابوو بـابەتی درێژخـایەن ئەوە دەبێ کە ئاخۆ ئەو پرسانە لە ڕێگای تێئۆریی دەوڵەت - نەتەوەوە چارەسەر بکرێن یاخود چەمکی جیهـانییتر و دەرئەمجامەکەی بـۆ نەزمی داهاتووی جیهان چی دەبێ.

ڕێگام بدەن ئەو کارە بە گونجاندنی موشکیلە ئاماژە پێکراوەکانی وتـاری خاتوو تـاچێر لەگەڵ دۆخی ئێستامان دا بکەم.

## ڕوسیا

موشکیلەی ڕوسیا، یەکەم پرسی خـاتوو تـاچێر، ئەمڕۆ جەخت لەسەر ئوکراین و سوریە دەکـاتەوە بەڵام نـوێنگەی تەریـک کەوتنەوەیەکی قـووڵترە. وڵاتێک کە خـاوەنی یـازدە هەرێمی کـاتە و ڕووبەرەکەی لە ئوروپـاوە و بە سنووری ئیسلام دا تـا کیشوەری ئارام دەچێ. ڕوسیا چەمکی تـایبەت بەخۆی لە نەزمی جیهانیی دروست کردووە. لە هەوڵی بێ پسانەوە بـۆ ئاسـایش لە سنوورە بەربڵاوەکانی کە بە ڕێژەیەکی کەم سنووری سروشتین، ڕوسیا بەرەو ئاسایشی تەواو کە بە واتـای بـێ ئاسایشیی تەواو بۆ بەشیک لە جیرانەکانییەتی هەنگاوی ناوە.

لە هەمـان کاتـدا قەبـارەی ژێئـۆ - سـتراتێژیکی ڕوسیا و چەمکی ئەفسوناوی مەزنیی و ویستی خەڵکەکەی بـۆ تەحەممولی دژوارییەکان یارمەتیی کردووە کە ماوی سەدان ساڵ خۆی لە داگیرکاریی مەغول، سوێدی، فەڕانسەوی و ئاڵمـانی پاراستووە. ئاکامەکەی بۆتە هۆی دروست بوونی دووهەستیی، خولیـای قەبـووڵکران لە لایەن ئوروپـاوە و لە هەمـان کاتـدا تێپەڕین لەو هەستە. ئەو هەستە تـایبەتییەی شونـاس بـۆ شی کردنەوەی لێدوانی پـوتین یارمەتیـدەرە کە دەڵـێ "لەنـاوچوونی یەکیەتیی سۆڤیەت مەزنترین کارەساتی ژێئۆپۆلیتیکی سەدە بوو."

ڕوانگەی پوتین لەبارەی سیاسەتی جیهانییەوە زۆر جار وەک دووبارەبوونەوەی دیکتاتۆریی ناسیۆنالیستیی سی‌یەکانی زایینـی ئوروپـا باسی لێوە دەکرێ. بە شێوەیەکی دەقیقتر، ئەوە میراتـی جیهـانبینیی فیۆدۆر داستایەفسکییە، کە لە وتارێکدا لە ١٨٨٠ بۆ پەردەلادان لە پەیکەری پوشکین، پێشکەشی کرد. داوا پڕ هەستەکەی بۆ دەورانێکی نوێ لە مەزنیی ڕۆسیی کە

## بەشی یەکەم

لەسەر بنەمای بایخەکانی ڕووحی و تایبەتمەندیی ڕوسی پێکهاتبێ لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا لە لایەن ئالێکساندێر سولژێنیتسین دووپات کرایەوە.

سۆلژێنیستین لە کاتێکدا کە دەیهەویست کۆتایی بە تاراوگەنشینی لە ڤێرمۆنت بهێنێ و بۆ ڕوسیا بگەڕێتەوە، لە کتێبەکەی دا بە ناوی "لەبارەی پرسی ڕوسیا"، داوای هەنگاوی بە کردەوە بۆ ڕزگار کردنی ئەو شارۆمەندانەی ڕوسیای کرد کە لە ڕوسیا "وەدەر نراون". بە هەمان شێوە پوتین هێرشی کردۆتە سەر ئەو شتەی کە لە ڕوانگەی ناوبراوەوە ٣٠٠ ساڵ هەوڵی خۆرئاوایە بۆ گەمارۆدانی ڕوسیا. لە کۆنفرانسی ئاسایشی مونیخ لە ٢٠٠٧ هەر وەک داستایەفسکی، ئەو خۆرئاوای بەوە تۆمەتبار کرد کە بە شێوەیەکی ناەادپەروەرانە هەوڵی کەڵکی خەراپ وەرگرتن لە موشکیلەکانی دوای شەڕی سارد لە ڕوسیایە بۆ تەریک خستنەوە و مەحکوم کردنی.

خۆرئاوا چۆن دەتوانێ پەیوەندییەکانی لە گەڵ ڕوسیا پەرە پێبدا، وڵاتێک کە لایەنێکی حەیاتیی ئاسایشی ئوروپایە بەڵام بە هۆی مێژوویی و جوگرافیایی، ڕوانگەیەکی لە بنەڕەت جیاوازی لەبارەی بنەماکانی ڕێککەوتننامەیەک لە بارەی ڕێکخستنی ناوچەکانی هاوسنووری ڕوسیا کە جێگای پەسەندی هەردوو لا بێ هەیە. ئاخۆ ژیرانەترین هەڵوێست ئەوەیە کە زەخت بخرێتە سەر ڕوسیا و ئەگەر پێویست بوو سزا بدرێ، تا ڕوانگەی خۆرئاوا لە بارەی نەزمی ناوخۆیی و جیهانیی پەسەند بکا؟ یا بۆ گەڕان بەدوای نەزمی جیهانیی جێگای پەسەند، بوار بۆ پرۆسەیەکی سیاسیی برەخسێ تا بە سەر لێک نامۆبوونی دوولایەنە سەر کەوین یا لانی کەم ئاسەوارەکانی کەمتر بکەینەوە؟

ئاخۆ سنووری ڕوسیا وەک ناوچەی بەرەوڕوو بوونەوەی هەمیشەیی چاوی لێبکرێ یاخود دەتوانێ بکرێ بە ناوچەیەک بۆ هاوکاریی و پێوەرەکان بۆ پرۆسەیەکی ئەوتۆ کامانەن؟ ئەوانە ئەو پرسیارانە لەبارەی نەزمی ئوروپایین کە پێویستیان بە لەبەرچاوگرتنی سیستەماتیک هەیە. هەرکام لەو چەمکانە پێویستیان بە توانایی بەرگریی هەیە بۆ لەناوبردنی وەسوەسەی زەختی سەربازیی لەلایەن ڕوسیاوە.

## چین

پرسی خاتوو تاچێر لە بارەی ناوچە دەرەکییەکان لە سەردەمی ئێمە دا زۆرتر چین و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە. چین پرۆژەی "ڕێگای ئاوریشمی نوێ" ی وەک بەرنامەیەکی سیاسیی، ئابووریی، کولتوریی و ئاسایشیی دەست پێکردووە کە لە دەریای خۆرهەڵاتی چین تا کاناڵی ئینگلستان دەگرێتەوە. ئەوە بیرەوەریی وانەیەکی ئەنجومەنی جوگرافیای سەڵتەنەتیی لە

١٩٠٤ کە لە لایەن هالفۆرد ماککیندێر پێشکەش کرا دێنێتەوە بیر کە باسی وڵاتانی ناوەندی ئەوراسیای وەک تەوەری ژێئۆ - ستراتیژیکی جیهانی کرد.

بە بەستنەوەی چین بە وڵاتانی ناوەندی ئاسیا و لە کۆتایی دا بە ئوروپاوە، ڕێگای ئاوریشمی نوێ بەکردەوە ناوەندی کێشی جیهان لە ئاتلانتیکەوە بەرەوە وڵاتانی ئەوراسیا دەگوێزێتەوە. ڕێگاکە بەناو ڕێژەیەکی بەرچاو لە کولتور، نەتەوە، ئایین، دامەزراوە و وڵاتی سەربەخۆ دا تێپەڕ دەبێ. لەسەر ئەو ڕێگایە کولتوری مەزنی ڕوسیا، هیندوستان، ئێران و تورکیا هەڵکەوتووە و لە خاڵی کۆتایی وڵاتانی خۆرئاوای ئوروپا دەگرێتەوە کە هەرکامیان بڕیار لەسەر پەیوەست بوون، هاوکاریی کردن یا دژایەتیی کردنی وشیوەکانی دەدەن. ئاڵۆزییەکانی بۆ سیاسەتی جیهانی سەرسوڕ هێنەر و لەهەمان کاتدا دڵڕفێنە.

"ڕێگای ئاوریشمی نوێ" لە هەلومەرجێکی ستراتیژیکی ناونەتەوەیی وەک هی وێستفال، کە لە سەر فەلسەفەی نەزمی خۆرئاوایی دامەزرا پێشکەش دەکرێ. بەڵام چین تاقانەیە و لە دۆخی وێستفالیی تێپەڕ دەبێ: ئەو هاوکات شارستانییەتێکی لەمێژینەیە، دەوڵەتێکە، ئیمپراتورییەکە و ئابووریی بە جیهانیی بووی هەیە. لە کۆتایی دا، چین داوای ڕێکخستنی نەزمی ناونەتەوەیی دەکا کە لەگەڵ ئەزمونی مێژوویی، توانای پەرەئەستێن و دووره دیمەنی ستراتیژیکی ئەو بگونجێ.

ئەو سوڕی کامڵبوونە سێهەمین وەرچەرخانی چین لە نیوسەدەی ڕابردوویە. مائۆ یەکیەتیی هێنا، دێنگ چاکسازیی هێنا، سەرکۆمار شی جینگپینگ بە دوای گەیشتن بەو شتەیە کە ناوی "خەونی چینە"، واتە گەڕانەوە بۆ چاکسازییەکانی ئیمپڕاتۆریی چینگ لە ڕێگای هێنانەدی "دوو ١٠٠ـە کان". کاتێک کە کۆماری گەلیی چین لە ٢٠٤٩ پێ دەنێتە دووسەد ساڵیی، بە پێی پێناسەی سەرکۆمار شی، چین ئەگەر بەتواناتر نەبێ، دەبێ هەمان توانای هەر کۆمەڵگایەکی تری ئەم جیهانەی هەبێ و داهاتی سەرانەی لە ساڵدا وەک هی وڵاتانی گەشەساندوو بێ.

بەمجۆرە، ویلایەتە یەکگرتووەکان و چین دەبنە دوو وڵاتی هاوکێش لە بواری ئابووریی و جوگرافیای سیاسییەوە کا ناچارن خۆگونجاندنی پێشتر نەبینراو لە بیرکردنەوەی نەریتیی یان دا بکەنەوە. لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو بە زلهێز، لەگەڵ هاوشانێکی ژێئۆپۆلیتیک کێبڕکێی نەکردووە. هیچ کات لە مێژووی هەزار ساڵەی چینیش دا هیچ نەتەوەیەکی بێگانە زیاتر لە شتێکی بچووک لە چاو دەوڵەتی پاشایەتیی ناوەند یا "ناوین" نەبووە.

بەشی یەکەم

هەردوو وڵات خۆیان بە شتێکی هەڵکەوتوو دەبینن، ئەگەر چی بە شێوەی جیاواز: ئامریکا بڵاوکردنەوەی بایخەکان و سیستەمی خۆی لە ناو وڵاتانی تر وەک بەشێک لە مەئمورییەتی خۆی دەزانێ، چین بە شێوەی مێژوویی وا جووڵاوەتەوە کە دەسکەوتە پڕشکۆیەکانی وڵاتانی تر بۆ ڕەچاو کردنی هیرارشی لەسەر بنەمای ڕێز دانان هان دەدا.

لە هەردوو وڵات دا زۆر بۆچوون لە سەر لێک نزیک کردنەوەی ئەو جیاوازیی ڕوانگانە لە ئارا دایە، یا لە ڕێگای تێئۆری دەوڵەت - نەتەوە یا بە شتێکی نوێ، وەک چەمکی زۆرتر بە جیهانیی بوو، کە هەندێکیان سەرکۆمار شی لە وتاری "خەونی چینی" ئاماژەی پێکردوون. بۆ هەردوو کۆمەڵگا و بۆ باقی جیهان، ڕەوتی کامڵبوونی ئەوان دەبێتە ئەزمونی سەردەم.

دەوری ئوروپا لە جیهانێکی ئەوتۆ دا چی دەبێ؟ وەک بەشێک لە جیهانی ئاتلانتیک یا وەک پێکهاتەیەک خۆی پێناسە دەکاتەوە و سەربەخۆ خۆی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی دەوروبەری دەگونجێنێ؟ وەک بەشێک لە ڕێککەوتنی ئەمبەر ئەوبەری ئاتلانتیک؟ یا وەک پێکهاتەیەکی جیاواز کە یەکەکانی لە هاوسەنگییەکی مێژوویی مۆدێلی دەسەڵات دا بەشدار دەبن؟ کام نەزمی جیهانی بەستراوەتەوە بە پێکەوە سازانی چەمکەکانی ترانس - ئاتلانتیک و "ڕێگای ئاوریشمی نوێ"؟

## خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

لە ئەوراسیا و لە سنوورەکانی ڕوسیا، نەزمی جیهانی بە هۆی ئاسەوارەکانی کێشمەکێشی دەسەڵات تووشی موشکیلە بووە. لە کەنارەکانی خۆرهەڵاتی ناوین، بە هۆی ئاژاوەی لێکهەڵوەشان هەڕەشەی لێدەکرێ. سیستەمی نەزمی وێستفالیی کە لە خۆرهەڵاتی ناوین لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیی هاتە ئاراوە وێران بووە. چوار وڵاتی ناوچە چیتر وەک وڵاتی سەربەخۆ نین. سورییە، عێراق، لیبی و یەمەن بوونەتە مەیدانی شەڕی ئەو تاقمانەی کە بەدوای سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیانەوەن.

لە ڕووبەرێکی بەرچاو لە عێراق و سورییە، سوپایەکی ئایینی توندئاژۆ، داعش، خۆی وەک دوژمنی دڵڕەقی شارستانییەتی مودێڕن پێناسە کردووە کە لە ڕێگای توندوتیژیی دەیهەوێ سیستەمی ناونەتەوەیی چەند وڵاتان بۆ ئیمپراتوریەتێکی ئیسلامیی لە سەر بنەمای شەریعەت بگۆڕێ. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دا، پەندی پێشینیان کە دەڵێ دوژمنی دوژمنەکەت دەکرێ وەک دۆست سەیر بکرێ بڕ ناکا. لە خۆرهەڵاتی ناوینی ئێستا، دوژمنی دوژمنەکەت لەوانەیە دوژمنی تۆش بێ. خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە ئایدیۆلۆژییەهەمیشە لە گۆڕانەکانی و بە هەمان ڕێژە بە کردارە تایبەتییەکانی کاریگەریی لە سەر جیهان هەیە.

## بەشی یەکەم

شەڕی جیهانی دەرەوە لەگەڵ داعش دەتوانێ ئەو شتە نیشان بدا. زۆربەی دەسەڵاتە غەیری داعشییەکان، بە ئێرانی شیعە و وڵاتە سەرەکییە سوننییەکانەوە، لە سەر ئەوە هاوڕان کە دەبێ لەناوی بەرن. بەڵام کام لایەن قەرارە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بە میرات بگرێ؟ هاوپەیمانییەک لە سوننیەکان؟ یا تاقمێک کە لە ژێر نفوزی ئێران دایە؟ جوابەکەی ناڕوونە چونکە ڕوسیا و وڵاتانی ناتۆ هەرکامیان پشتیوانیی لە لایەک دەکەن. ئەگەر ناوچەی ژێر دەسەڵاتی داعش لە لایەن سوپای پاسدارانەوە یا ئەو هێزانەی کە لە لایەن ئەوانەوە ڕاهێنان و ڕێبەرییان دەکرێ داگیر بکرێ، ئاکامەکەی دەبێتە ناوچەیەک کە لە تاران تا بەیروتە، کە دتوانێ دەستپێکی سەرهەڵدانی ئیمپراتوریی توندئاژۆی ئێران بێ.

لێکدانەوەی خۆرئاوا بە ئاڵوگۆڕی تورکیا تێکچووە، سەردەمێک کلیلی نفوزی میانڕەویی، لە دەوڵەتێکی سێکولارەوە بۆ چەشنێک کە لە بواری ئایدیۆلۆژییەوە ئیسلامییە گۆڕاوە. لە یەک کاتدا ئەو کاریگەریی لەسەر ئوروپا لە ڕێگای کۆنترۆڵی سەرەڕێژەی پەنابەران لە خۆرهەڵاتی ناوینەوە هەیە و ئامریکای بە گواستنەوەی نەوت و کاڵای تر لە سنووری باشووریەوە تووڕە کردووە، پشتیوانیی تورکیا بۆ پرسی سوننی هاوتەریب لە گەڵ هەوڵەکانی بۆ لاواز کردنی خۆبەڕێوەبەریی کوردان، کە زۆرینەی تاقمەکانی تا ئێستا لە لایەن خۆرئاواوە پشتیوانیی دەکرێن، دەچێتە پێش.

دەوری نوێی ڕوسیا کاریگەریی لە سەر شێوەی نەزمی داهاتوو دەبێ. ئامانجی ئەو، یارمەتیی بە شکست پێهێنانی داعش و پێشگرتن بە تاقمی هاوشێوەیە؟ یا هۆیەکەی نۆستالژی گەڕانی مێژوویی بۆ دەسەڵاتی ستراتیژیکە؟ ئەگەر ئەوەی پێشدا بێ، سیاسەتی هاوکاریی خۆرئاوا لە گەڵ ڕوسیا شتێکی باش دەبێ. ئەگەر ئەوەی دواتر بێ، دووبارە بوونەوەی شەڕی سارد شتێکی چاوەڕوانکراوە. هەڵوێستی ڕوسیا لە بارەی کۆنترۆڵی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش، کە لەسەروە ئاماژەی پێ درا، کلیلی تاقیکردنەوەی دەبێ.

هەمان بژارە بەرەوڕووی خۆرئاوا دەبێتەوە. دەبێ بڕیار بدا کام سەرئەنجام لە گەڵ نەزمی نوێی جیهانیی تەبایە و پارێزگاری لێ بکا. ئەو ناتوانێ بە شێوەی گشتیی پشتیوانیی لە بژارەیەک لەسەر بنەمای تاقمی ئایینی بکا چونکە ئەوان بۆخۆیان بەش بەشن. ئامانجی پشتیوانییەکەی دەبێ سەقامگیریی بێ و لە دژی هەر تاقمێک بێ کە هەڕەشە لە سەقامگیریی دەکا. و لێکدانەوەکە دەبێ درێژ مەودا لەبەر چاو بگرێ و نابێ ئاکامی تاکتیکەکانی ئێستا بێ.

ئەگەر خۆرئاوا درێژە بە بەشدارییەکەی بدا بێ ئەوەی کە پلانێکی ژێئۆستراتیژیکی هەبێ، ئاژاوە پەرە دەستێنێ. ئەگەر پاشەکشە بکا لە تێئۆریی دا یا بە کردەوە، هەر وەک لە ١٠ساڵی ڕابردوو دا وەسوەسەی هەبووە، زلهێزی وەک چین و هیندوستان، کە ناتوانن قبووڵی ئاژاوە لە نزیک سنوورەکانیان یا پشێویی لە ناوخۆ بکەن، وردە وردە لە گەڵ ڕوسیا

جێگای خۆرئاوا دەگرنەوە. شێوازی سیاسەتی جیهانیی ئەو سەدانەی دوایی دەڕووخێ.

## پەیمانی ئاتلانتیک بەرەو کوێ

ئەم ڕووداوانە دوو دەرئەنجامی بۆ پەیمانی ئاتلانتیک دەبێ. تا ئەو جێیەی کە ئاڵوگۆڕەکانی دونیای دەرەوە هەڕەشە لە هاوسەنگیی دەسەڵات بکەن، ئەوان هەڕەشەن بۆ تەناهیی. بەڵام ئەوان خۆرئاواش بە چالش دەکێشن تا یارمەتیی بە دروست کردنی نەزمێکی نوێی جیهانیی بکا. بڕگەی ژمارە پێنجی پێڕەوی ناتۆ شی کردۆتەوە کە چی دەبێ بپارێزرێ، ئەوە ناتوانێ بەرهەمی کۆتایی سیاسەتی ئاتلانتیک بێ.

ناتۆ لە ١٩٤٩ بۆ پارێزگاریی لە ئەندامەکانی دژی هێرشی یەکیەتیی سۆڤیەت دروست بوو. لەو کاتەوە بەرەو ڕایەڵەیەک لە نەتەوان بە قەبارەی جیاوازەوە گۆڕاوە تا دژی ناسەقامگیر کردنی ناونەتەوەیی بوەستێتەوە. بەڵام ناتۆ زۆرتر لە ئامانجە سەرەکییەکانی دا دەقیق بووە تا ئەو کاملبوونەی کە بە خۆیەوە دیتووە، ئەو لەبارەی ئەرکە بەرگریکارانەکەی دا ئاشکراتر دواوە تا دەوری خۆی لە یارمەتییدان بە نەزمی جیهانیی.

دڵنیا لە دەوری وریا کەرەوەی بەرامبەر بە هەڕەشەی یەکیەتیی سۆڤیەت لە پرۆسەی پەرە پێدانی جبەخانەی ئەتۆمی وەک تەواوکەریک بۆ باڵادەستی ڕێژەیی هێزە وشکانییەکەی، ناتۆ ئەرکێکی یاسایی و هەروەها نیشانەی باوەڕی هاوبەشی نەتەوە ئازادەکانی خۆرئاوا بۆ برەودان بە بایخەکانیان بوو.

نەریتی ڕیبەریی ئامریکا بووە هۆی ئەوەی کە جبەخانەی ئەتۆمی ئامریکا وەک ئەوپەڕی هاوسەنگی توانایی سەربازیی سۆڤیەت بووە. بە تێپەڕ بوونی دەیەکان، پەیمانەکە وەردە وردە وەک زەمانەتی یەکلایەنەی ئامریکای لێهات لە جیاتی ئەو چەمکە ستراتێژیکە کە لەسەری ساغ ببوینەوە بۆ گۆڕانی جیهان.

ڕوانگەی خاتوو تاچێر لە بارەی پەیمانی ئاتلانتیک زۆر لەگەڵ واقعییەتەکانی ئێستا جیاواز بوو. ئەو ئاوای باس دەکرد کە لە لە ناوەڕۆک دا پێکهاتتوە لە "ئامریکا وەک دەسەڵاتی سەرەکیی لەگەڵ هاوپەیمانانێک کە بە شێوەی گشتیی لە ئەمری ئەو دان". ئێستا چیتر بەو شێوە نییە. ویلایەتە یەکگرتووەکان چیتر بەو شێوەیە کە تاچێر باسی دەکرد ڕێبەریی ناکا و ئاکاری ئوروپاییەکانیش ئەوەیە کە لە ئالترناتیوی تر دەکۆڵنەوە.

بەشی یەکەم

بوونی خەڵک، سامان، تێکنۆلۆژی و سەرمایە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی جیهانیی بۆ ئامریکا و ئوروپای خاوەن توانایی سەربازیی دەستەبەر دەکا. بەڵام ئەوە بە بێ ستراتیژی دیرایکراو و ڕوانگەی سیاسیی نایەتە ئاراوە.

لە ئاڵوگۆڕەکانی خێرای جیهانی ئەمڕۆ، ناتۆ دەبێ خەریکی پێداچوونەوەی هەمیشەیی بە ئاماج و تواناییەکانی بێ. ئاڵوگۆڕەکان لە پێکهاتەی نەزمی ئەمڕۆیی جیهان، دەبێ ناتۆ و ئەندامەکانی بێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە لەخۆیان بپرسن: دەیانهەوێ پێش بە کام ئاڵوگۆڕ جگە لە کۆنترۆڵی خاکی وڵاتانی ئەندام بگرن و بە کام ئامراز؟ ئامانجە سیاسییەکان کامانەن و ئامادەن کام ئەمرازانە بەکار بێنن؟

**کەوابوو ڕێگام بدەن بە دووپات کردنەوەی وتەی خاتوو تاچێر لە وتارە دۆستانەکەی دوو دەیە لەوەپێشی کۆتایی بە وتارەکەم بهێنم:**

"چی بکەین؟ من پێموایە ئەوەی کە ئێستا پێویستە دەستپێشخەرییەکی نوێ و ژیرانەی ئاتلانتیکە. ئامانجەکەی دەبێ دووبارە پێناسە کردنەوەی ئاتلانتیسیزم لە ژێر ڕووناکایی ئەو موشکیلانە بێ کە باسم کردن. چرکەساتی دەگمەن هەڵدەکەون کە مێژوو ئاواڵەیە و ڕەوتەکەی بەو ئامرازانە دیاریی دەکرێن کە باسم کردن. وێدەچێ ئێستا ئێمە لە چرکەساتێکی وەها دابین."

**وتەکانی خاتوو تاچێر، پێش هەموو شتێک، ڕاسپاردە و پێناسەی ئەرکەکە بوو. ئێمە ئەمڕۆ لە ساتەوەختێکی هەستیارتریش دا دەژین.**

(لە ژمارەی ٧١٠ ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە Serchawe

# ئەگەری لێکهەڵوەشانی عێراق لە دوای گشتپرسییەکەی کوردان

## دەیلی بیست

دانیەل سێروێر، دیپلۆماتی پێشوو و پرۆفێسۆری بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ناکۆکیی لە زانکۆی جان هاپکینز، پێی وایە کە کاتەکە بۆ سەربەخۆیی کوردستان گونجاو نییە. سێروێر دیپلۆماتێکی ئامریکایی بوو لە کاتی لێکهەڵوەشانی یوگوسلاوی. دیپلۆماتکارێک کە لە نێوان ١٩٩٦ - ١٩٩٤ ڕاوێژکاری وەزیر بوو و وەک نوێنەری تایبەتیی لە فێدێراسیۆنی بۆسنیا کاری دەکرد. ئەو هەروەها کاری بەڕێوەبەریی هەوڵەکانی هێنانەکایەی ئاشتی لەلایەن ئەنستیتۆی فێدێڕاڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئاشتی لە عێراق، ئەفغانستان، سودان و باڵکان لە ماوەی ١٢ ساڵ وەک جێگری سەرۆک لە ١٩٩٨ تا ٢٠١٠ی بە ئەستۆوە بوو.

**پرسیار**: تۆ پێت وایە کە کاتەکە بۆ گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان گونجاو نییە. بەڵام لایەنگرانی ڕێفراندۆم دەڵێن کە ئەوان نزیکەی سەدەیەک ڕاوستاون و هەلومەرجەکە هەرگیز بە تەواوی گونجاو نابێ. لەو بارەیەوە دەڵێی چی؟

**وەڵام**: دەلیل هێنانەوەی من ئەوەیە کە کاتەکە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان گونجاو نییە. چونکە گشتپرسییەکە ڕەوایی دەدا بە داگیرکاریی ڤلادیمیر پوتین لە گورجستان، ئوکراین و مۆڵداوی. ئەوە بۆ ئورووپاش کاتێکی باش نییە چونکە کاتالۆنیا و سکاتلەند هەردووکیان جووڵانەوەی بەهێزی سەربەخۆیی خوازییان هەیە. ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئوروپایی کاتێک کە بڕیار لە مەڕ بە فەرمیی ناسینی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق بدەن یا نادەنگی خۆیان دەدەن. بە بۆچوونی من، ئەوان تا ئەوکاتەی هەولێر لەگەڵ بەغدا ڕێک نەکەوێ ئەو کارە ناکەن، شتێک کە ئێستا بوونی نیە.

ئەمن دەمهەوێ ئەوەش زیاد بکەم کە کاتەکە بۆ کوردانیش باش نییە، چونکە ئەوان توانایی ئابووریی و یەکگرتوویی سیاسیشیان نیە کە بۆ سەرکەوتنی سەربەخۆیی پێویستن.

**پرسیار**: لە لێکدانەوەکەی خۆتدا ئاماژەت بەو ڕاستییە کردووە کە زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لاون. ئەوە چ پەیوەندییەکی بە پرسی سەربەخۆییەوە هەیە؟

**وەڵام**: چونکە لاوانی کورد کەمێک یا هیچ ئاشناییەکیان لەگەڵ عێراقی عەرەب نییە، جگە لەو ئاژاوە و ناکۆکییانەی کە

بەشی یەکەم

هەموو ڕۆژێ لەبارەیاندا دەبیستن. زۆربەی هەرە زۆری لاوانی کورد دەنگ بە سەربەخۆیی دەدەن.

**پرسیار**: هەندێک کەس دەڵێن وڵاتانی وەک تورکیە،، ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئێران تەنیا بە قسە دژی گشتپرسی کوردستانن بەڵام بە کردەوە لەبەر هۆی پراگماتیستی قبووڵی دەکەن. پێت وایە ئەوە ڕاستە؟

**وەڵام**: بێگومان ئامریکا لەسەر ئەو پرسە شەڕ لەگەڵ کوردستان ناکا بەڵام لەوانەیە بەغدا، تاران یا ئانکارا ئەو کارە بکەن.

**پرسیار**: پێت وایە ئیسرائیل بۆچی هێندە پشتیوانیی لە گشتپرسی دەکا؟

**وەڵام**: ئیسرائیل بەرهەمی لەت بوونە، ئەو ماوەیەکی دووروودرێژە پەیوەندییەکی باشی سیاسی و سەربازیی لەگەڵ کوردستان هەیە و مامەڵەی نەوت لەگەڵ هەولێر دەکا. بۆ پشتیوانیی لە گشتپرسییەک نەکا کە عێراق لاواز و ئێران تووڕە دەکا؟

**پرسیار**: ئاخۆ ئەگەری ئەوە هەیە کە عەڕەبستانی سعودی و ئۆردۆن پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی کە قەڵخانێک بێ لە بەرامبەر پەرەگرتنی دەسەڵاتی ئێران؟ ئاخۆ یەکیەتیی عەڕەب لەسەر ئەو پرسە یەکگرتوویی خۆی لە کیس دەدا؟

من زۆر لەوە دڵنیا نیم. دابەشکردن شتێک نییە کە دەوڵەتانی یەکگرتووخوازی وەک ئۆردۆن و عەڕەبستانی سعودی پێیان خۆش بێ بیبینن. کوردستانی عێراق هەر ئێستاش پارسەنگی ئێرانە، هەر چەند کە سەربەخۆ نییە. تەنیا کاتێک کە بەغدا ڕازی بێ وێدەچێ عەممان و ڕیاز پەسەندی بکەن.

**پرسیار**: پشتگیریی مۆسکۆ بۆ سەربەخۆیی، شانسی کوردستانێکی سەربەخۆ زۆر زیاد دەکا؟ هەولێر دەتوانێ لەسەر درێژەکێشانی پشتیوانیی (ڕوسیە) حیساب بکا؟

**وەڵام**: هیچکەس نابێ حیساب لەسەر پشتیوانیی بەردەوامی دەسەڵاتێکی ناوچەیی بەرەولێژ وەک ڕوسیە کە بە توندی بە نەوت و گاز بەستراوەتەوە بکا. هۆگریی ڕوسیە بۆ سەربەخۆیی کوردستان وێدەچێ لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کۆتایی پێبێ.

بەشی یەکەم

**پرسیار**: تۆ دەوری سەرەکییت لە هەوڵەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە یەکێک لە دژوارترین لێک جیابوونەوەکان لە سەردەمی نوێ، واتە ئی یوگۆسلاوی دا هەبوو. ئەو ئەزمونەی تۆ بە چ شێوەیەک یارمەتیدەرە بۆ چاودێریکردنی کوردستان؟

**وەڵام**: من پێموایە لێک جیابوونەوەی مەخمەلی زۆر لە شەڕ باشترە.

***

**بۆ کوردەکانی عێراق، پیتەر گالبرەیت دۆستێکی دێرینە، سیاسەتوانێکی پایەبەرز کە بە ئاشکرا پشتیوانیی لە هەوڵی سەربەخۆیی کردووە.**

پەیوەندیی گالبرەیت لەگەڵ ئەو ناوچەیە بۆ زۆر لەوە پێش دەگەڕێتەوە. لە کۆتاییەکانی هەشتاکان، کاتێک کە ڕێژیمی عێراق لە کاتی سەددام حوسێن ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی کەم لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان یا نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەبوو.

چەندین ساڵ دواتر کاتێک کە عێراق لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە داگیر کرا و ڕێژیمی سەددام ڕووخێندرا، گالبرەیت بوو بە ڕاوێژکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لە نەوەدەکان کاتێک کە یوگوسلاوی لێک هەڵوەشا گالبرەیت کاربەدەستێکی پایەبەرز بوو. ئەو تەنیا چەند مانگ دوای ئەوەی کە واشینگتۆن داوای لە کرۆواتەکان کرد کە وەدوای سەربەخۆیی نەکەون، یەکەم باڵوێزی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کرۆواسی بوو. ئەوەی کە کەمتر زانراوە دەوری گالبرەیتە لە سەربەخۆیی وەڵاتیکی خاوەن نەوت لە وڵاتێک کە زۆرینەی دانیشتووانی موسوڵمان بووە:

تەیموری خۆرهەڵات. گالبرەیت ئەندامی یەکەم کابینەی دەوڵەتی گواستنەوە بوو و زۆر لە خەڵکی تەیموری خۆرهەڵات ڕێز لە دەوری ناوبراو لە پێداچوونەوە بە گرێبەستەکانی نەوت و گاز لەگەڵ ئوسترالیادا دەگرن.

**پرسیار**: کوردەکان دەیان ساڵە پڕوپاگەندە بۆ سەربەخۆیی دەکەن بەڵام تۆ پێتوایە کە ئێستا کاتەکە بۆ گشتپرسی گەنجاوە. بۆ ئێستا؟

بەشی یەکەم

**وەڵام**: کوردەکان ١٠٠ ساڵە خەون بە سەربەخۆییەوە دەبینن. ئەوان خەڵکێکن لە ناوچەیەکی جوگرافیایی دیارکراو کە زۆرینەیان ئەوەیان دەوێ و کاتێک دەبێ کاتی گونجاو بۆ ئەو کارە بێ. ئەوان دەوڵەتێک و سوپایەکیان لەسەر ئەرزی واقع هەیە. بە هۆی شەڕەکەیان لەگەڵ داعش دونیا بەشێوەیەکی بێ وێنە سەرنجی داوەتە سەر کوردان کە ئەوە بۆتە هۆی پەیداکردنی دۆستی زۆر لە ویلایەتە یەکگرتووەکان.

**پرسیار**: تۆ باست کردووە کە وڵاتانی ناوچە و لە ئاستی جیهانیدا، یەکێک لەوان ئێران، لەوانەیە دژی گشتپرسی کوردان لە ئێستا دا بوەستن، بەڵام بە کردەوە ئەوان بە شێوەیەکی پرگماتیستی هەڵسوکەوت لەگەڵ کوردستانێکی سەربەخۆ دەکەن. چۆن دەتوانی ئەوە شی بکەیەوە؟

**وەڵام**: بە شێوەیەکی گشتی ئەوە بەو شێوەیە کە تۆ گشتپرسییەکت هەیە، تۆ سەربەخۆیی ڕادەگەیەنی و دوایە دونیا خۆی لەگەڵ ئەوە دەگونجێنێ. لە ١٩٩١ بەولاوە بیست و هەشت وڵات سەربەخۆ بوون و ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەرەتادا دژی سەربەخۆیی هەموویان بووە جگە لە باشووری سودان. بۆ وێنە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە توندی دژی شێوەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە لایەن کرۆواسی لە ژوئەنی ١٩٩١ بوو. ئەو کاتی، ویلایەتە یەکگرتووەکان پاشای ڕەهای جیهان بوو بە شێوەیەک کە ئێمە چیتر نین. جەیمز بەیکر، وەزیری کاروباری دەرەوە و دۆستی سەرکۆمار جۆرج بوشی باوک بوو. بوش هات بۆ بێلگراد، لەگەڵ سەرکۆماری ٦ کۆمارەکە کۆبۆوە و هۆشداریی لە بارەی لێکهەڵوەشاندنی یوگوسلاوی پێدان.

بەڵام سەرکۆمارەکانی کرۆواسی و سلۆڤێنیا ماوەیەکی کورت دواتر سەربەخۆیی وڵاتەکانیان ڕاگەیاند.

بەڕیوەبەرایەتیی بوش هەروەها دژی لێکهەڵوەشانی یەکیەتی سۆڤیەت بوو. لە ئاگوستی ١٩٩١ سەرکۆمار چوو بۆ کییەف و وتارێکی پێشکەش کرد کە بە وتاری ترسنۆکانەی کییەف ناسراوە.

سەرەڕای ئەوە، لە کۆتایی هەمان مانگ، ئوکراین سەربەخۆیی ڕاگەیاند و ئێمە بە فەرمیی ناسیمان، هەر وەک ئەو کارەمان لەگەڵ کرۆواسی و سلۆڤێنیا کرد. ئوروپاش بە هەمان شێوە دژ بوو، بەڵام ئاڵمان و ڤاتیکان بڕیاریان دا کەلە ١٥ ژانوییە بە فەرمیی بیانناسن.

١٩٩٢ یەکیەتیی ئورووپا (کە ئەوکات ناوی هابەشیی ئورووپا بوو) سەربەخۆیی کرۆواسی و سلۆڤێنیای بە فەرمی ناسی و ویلایەتە یەکگرتووەکانیش لە ئاپریلی ١٩٩٢ ئەو کارەی کرد. کە واتە لە ماوەی ٩ مانگ دا ئەوە ڕووی دا.



سەرچاوە
Serchawe

ئێران بۆیە نیگەرانە چونکە بۆخۆی هاووڵاتیی کوردی هەن کە زۆر بە خراپی لەگەڵیان دەجووڵێتەوە، بەڵام بژاردەکانی تر یا پەیوەندییەکی دوژمنکارانەیە یا پەیوەندییەکی باش لە گەڵ کوردستانی سەربەخۆ. دەبینی کە عەقڵانییەتێک لە پشت ئەوە. کاتێک کە گشتپرسییەکە کرا و سەربەخۆیی ڕاگەیەندرا، تۆ چۆن دەتوانی جنۆکەکە لە شووشەکەی بهاوێیەوە؟ تۆ ناتوانی!

**پرسیار**: بۆ ئیسرائیل وا سەرسەختانە پشتیوانیی لە سەربەخۆیی کوردستانی کردوە؟

**وەڵام**: بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆستایەتییەی کە ئەوان لەگەڵ کوردی عێراق هەیانە. جولەکەکان لە دوای ۱۹٤۸ لە عێراق دەرکران بەڵام کوردەکان هەمیشە پاراستوویانن. ئەو جوولەکانەی کە چوون بۆ ئیسرائیل بۆچوونی زۆر باشیان لەسەر کوردستان هەبوو، کە دژی بۆچوونی ئەو جوولەکانەیە کە لە وڵاتانی عەرەب ڕا هاتوون کە زۆر دوژمنی عەرەبانن و ئەزموونە تاڵەکانیان وای کردووە کە دژی عەرەب بن و تووندئاژۆ بن. جوولەکەکانی کوردستان، کە فرەچەشنیی ئەو شوێنەیان لەبیر ماوە، داوای بەفەرمیی ناسینی کوردستانیان کردووە.

**پرسیار**: ئەزموونی تۆ لە بارەی لێکهەڵوەشانی یوگوسلاوی چەندە کاریگەریی لە سەر هەڵوێستی تۆ لە بارەی کوردستان هەبووە؟

**وەڵام**: کاریگەرییەکی زۆری هەبووە چونکە لەوێ دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە لایەن سلۆڤێنیا و کرۆواسی بە هیچ شێوەیەک نەدەکرا یوگوسلاوی بە یەکگرتوویی ڕاگیرێ. دەکرێ بڵێی کارەسات بوو بەڵام ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە کە ئاخۆ باش بوو یا خراپ. یوگوسلاوی لێک هەڵوەشا و نەیتوانی بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە.

عێراقیش ناتوانێ بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە. کوردستان لە سەر ئەرزی واقع بۆ ماوەی ۲٦ساڵ سەربەخۆ بووە، زۆربەی ئەو کەسانەی کە دەنگ دەدەن هیچ بیرەوەرییەکیان لە بارەی ژیان لە ژێر دەسەڵاتی عێراقەوە نییە. ئەوان هیچکات سوپای عێراقیان لە وڵاتی خۆیان نەدیتووە، هیچکات دەسەڵاتی عێراقیان بەسەر سنوورەکانیانەوە، گومرگەکان و پلانی قوتابخانەکانیانەوە نەدیتووە. زۆربەیان عەرەبی نازانن. چۆن دەتوانن کوردستان بگەڕێننەوە بۆ عێراق؟ تەنیا لە ڕێگای هێزی بەربڵاو کە من پێم وانییە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئەوەی بوێ و عێراقیش ئەو توانایەی نییە. پێت خۆش بێ یا نا ئەوە ڕاستە و دەبێ قبووڵی بکەی.

شتێکی تر کە لە ئەزمونی کرۆواسی وەرم گرتووە ئەوەیە کە نەدەکرا یوگوسلاوی بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە بەڵام دەکرا پێش بە شەڕ بگیرێ. شکستی گەورەی دیپلۆماسی ئامریکا ئەوە بوو کە جەختی لەسەر پێشگرتن بە شەڕ نەکرد، کە دەکرا بیکردبا و ئەوە ئاکامی کارەساتباری لێکەوتەوە.

ئەو جار ویلایەتە یەکگرتووەکان، ڕوسیە و ئێران نابێ سەرنجی خۆیان لەسەر ئەرکی نامومکینی یەکگرتوو ڕاگرتنی عێراق کۆ بکەنەوە. ئەوان دەبێ لەوە دڵنیا بن کە لێک جیا بوونەوەکە نەبێتە هۆی بەکارهێنانی زەبرو زەنگ و دوو وڵاتە تازەکە پەیوەندییەکی باشیان بە یەکەوە هەبێ.

(لە ژمارەی ٧١١ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## ترامپ خەریکە ڕێگا بە ئێران بدا کە دەست بە سەر عێراق دابگرێ

### نیویۆرک پۆست - بێنی ئاڤنی

ئەگەر سەرکۆمار ترامپ دەیهەوێ پێش بەوە بگرێ کە ئێران گشت وڵاتی عێراق بکاتە ژێر دەستەی سوپای پاسداران، دەبێ زۆر خێرا هەڵوێستی بە کردەوە لە بارەی قەیرانی کوردستان بگرێ.

ڕۆژی دووشەممە هێزە عێراقییەکان دوای شەڕێکی کورت بەسەر شەڕکەرە کوردەکان دا سەر کەوتن و دەستیان بەسەر شاری کەرکوک لە باکووری عێراق داگرت.

**ئەوان بێ ئێمە نەیان دەتوانی ئەو کارە بکەن.**

کاتێک داعش لە ٢٠١٤ هێرشی کردە سەر عێراق، سوپای ورەدۆڕاوی عێراق هەرەسی هێنا، چەکدارەکانی شوێنەکانی خۆیان جێهێشت و ڕایان کرد. بەغدا بە توندی سەرشۆڕ کرا. دوایی شەڕکەرانی کورد، کە بە ناوی پێشمەرگە ناسراون، چوونە ناو کەرکوک و ئەم شارە گرنگەیان لە جیهادییەکان پاراست.

لەو کاتەوە، سوپای عێراق لە لایەن ئامریکا ڕاهێنانی زیاتری پێکراوە و چەکوچۆڵی باشتری پێدراوە و شانبەشانی هێزی پێشمەرگە شەڕی دژی داعشی کردووە. ئێستا کە داعش نزیکی لەناوچوونە، سوپای عێراق ڕووی کردۆتە کەرکوک و کوردەکانی بە ناوی یەکگرتوویی نەتەوەیی ڕاوناوە.

هێرشە سەرکەوتووەکە وەک خاڵێکی باش بۆ حەیدەر العیبادی تۆمار دەکرێ. ئەو پاش گشتپرسییەکەی ٢٥ی سێپتامبر کە لەویدا بەشێکی بەرچاو لە کوردانی عێراق دەنگیان بە سەربەخۆیی دا هەوڵی یەکگرتوو ڕاگرتنی عێراقی داوە.

کەوابوو ئامریکا دەبێ دڵخۆش بێ، نا؟ هەرچۆنێک بێ ڕاوێژکارە ئامریکاییەکان سوپای عێراقییان کردە ماشێنێکی شەڕکەری جێی مەتمانە و نیشانیان دا کە شایانن. جگە لەوە، وەزارەتی کاروباری دەرەوە دژی ئەو گشتپرسییە بو کە لە لایەن ڕیبەری کورد مەسعود بارزانی ڕا گەیەندرا.

## بەشی یەکەم

موشکیلەکە ئەوەیە کە سوپای عێراق لە تێکشکاندنی کوردەکان دا تەنیا نەبوو. بەشی هەرە زۆری پێکدادانەکان لە لایەن میلیشیا شیعەکانی عێراقەوە ئەنجام دران، کە بەشێکی بەرچاو لەوان سوێندی وەفادارییان بۆ سوپای پاسداران خواردووە، ئەوانیش بە هەمان شێوە چەکوچۆڵی ئامریکاییان پێدراوە.

ڕۆژی هەینی سەرکۆمار ترامپ سوپای پاسدارانی ئێرانی وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستیی ناوزەد کرد. وەزارەتی دارایی ئابلۆقەی نوێی بەسەر ئەم گرووپە دا سەپاند بۆ ئەوەی کە پێش بە پەرەگرتنی نفوزی جیهانیی ئەو بگرێ.

سەرڕەڕای ئەوە کەوتنی کەرکوک بێگومان "سەر کەوتنێکی گەورە بۆ فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێران (قاسم) سولەیمانی بوو" هەر وەک زەلمای خەلیلزاد نوێنەری پێشووتری ئامریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە منی گوت. خەلیلزاد لایەنگری تێوەگلانی ئامریکا لە دانووستانی نێوان بەغدا و هەولێر، پێتەختی کوردستانی عێراقە.

دانوستانێکی لەم شێوەیە دەبێ ڕێککەوتن لەسەر دابەش کردنی دەسەڵات و داهاتی نەوتی کەرکوک بگرێتە خۆ. بە وتەی خەلیلزاد، لە کۆتایی دا دەبێ باسی مافی چارەی خۆ نووسینی کورد بکرێ. بە وتەی ناوبراو: "ئەوە لە بەرژەوەندی ئێمە دا نییە کە کوردەکان، کە دۆستی باشی ویلایەتە یەکگرتووەکانن، ناسەقامگیر و شکست خواردوو بن."

سەرەڕای ئەوە، لە کاتێک دا کە قەیرانی کوردستان خەریکی سەرهەڵدان بوو، بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ شتێکی زیاتر لە بانگەواز بۆ پاراستنی یەکگرتوویی خاکی عێراق نەکرد. تەنانەت ئێستا هەندێک کەس شکستی کەرکوک وەک وانەیەک بۆ بارزانی و وەک بەڵگەیەک کە هەڵوێستی وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە بارەی بەرهەڵستکاری بەرامبەر بە گشتپرسی سیاسەتێکی دروست بووە دەبینن.

ترامپ ڕۆژی دووشەممە وتی: "ئێمە پێمان ناخۆشە کە پێکدادان لە ناویان دا هاتۆتە ئاراوە، بەڵام ئێمە لایەنگریی لە هیچکامیان ناکەین."

سەرەڕای ئەوە بێ هەڵوێستیی ئامریکا بەرامبەر بە سەربەخۆیی کوردستان جیرانەکانی کوردستانیان هاندا تا کارەکان بە شێوەی خۆرهەڵاتی ناوین بکەن: تورکیا، ئێران و دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، هەڕەشەی شەڕیان کرد تەنانەت کاتێک کە بارزانی خۆی لە ڕاگەیاندنی یەکلایەنەی سەربەخۆیی لە دوای ئاکامی گشتپرسی پاراست و پێشنیاری گفتوگۆی بە جیرانەکان کرد.

بەشی یەکەم

ئێستا کەرکوک، خەزێنەیەکی سەرەکیی ناوچە، خەریکە بکەوێتە ژێر ڕکێفی میلیشیایەک کە لە ژێر فەرمانی سولەیمانی، ژەنراڵی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران کە بە هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامیی شیعی ئێرانی لە جیهان دا تاوانبار کراوە.

سەرکەوتنە ساکارەکەی کەرکوک و بێ تەفاوەتیی ئامریکا دەتوانێ ببێتە هۆی زەختی زیاتری ئێران بۆ سەر ناوچە کوردییەکان. ئەگەر وابێ، چاوەڕوانی شەڕی خوێناوی بن و تا ئەو قەیرانە بە چارەسەر نەکراوی بمێنێتەوە، تێوەگلانی ئێران زۆرتر و بە هەمان شێوە دەسەڵاتی بەسەر دەوڵەتی عیبادی دا زیاتر دەبێ.

عیبادی دەمێکە گەمە بە هاوپەیمانییەکان دەکا و هیوادارە هەم ئی ئامریکا و هەم ئی ئێران ڕاگرێ. بەڵام تەنیا ئامریکا دەتوانێ ناچاری بکا کە ڕاستی داخوازەکانی کوردان قبوڵ بکا. تەنیا ئامریکاییەکان دەتوانن ڕێککەوتنێک بێننە ئاراوە کە پێش بە شەڕێکی درێژخایەن و خوێناوی لە نێوان بەغدا و هەولێر بگرێ، کە دەبێتە هۆی پاڵنانی عیبادی بۆ ناو ئامێزی ئێران.

ئامریکا خوێن و سامانێکی زۆری لە عێراق سەرف کردووە کە ئێستا کە داعش لە قەراخی لەناوچوونە ڕێگا بە ئێران بدا دەست بە سەر عێراق دابگرێ.

**لە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئێچ ئار مەکماستێر بۆ خوارەوە، ڕاوێژکارانێک دەوری ترامپیان گرتووە کە بە باشی لە ڕاستییەکانی عێراق دەگەن. ئەوان دەبێ دەسەڵات بە دەستەوە بگرن و هەرچی زووتر بەغدا و هەولێر ناچار بە دانووستان بکەن.**

دەنا سولەیمانی بە شێوەی خۆی دەیکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

# ڕووبەڕووبوونەوەی داهاتوو لە نێوان ئیسرائیل و ئێران

**ئێلیۆت ئابرامس**

لە ئامریکا باس و خواسەکان لەبارەی ئێران لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا زۆرتر لەبارەی بەرجام، ڕێککەوتننامەکەی ناوەکیی سەردەمی ئۆباما، بووە. لە خۆرهەڵاتی ناوین، شتەکان جیاوازن.

هۆیەکەی ئەوەیە لە کاتێکدا کە ئێمە مشتومڕمان بووە، ئێران چالاک بووە و ئیسرائیل بەرپەرچی داوەتەوە. ئیسرائیل لە پێنج ساڵی ڕابردوودا ١٠٠ جار هێرشی کردۆتە سەر بنکەی جۆراجۆر لە سورییە و، کاتێک کە زانیویەتی ئێرانییەکان هەوڵ دەدەن کەرەستەی پێشکەوتوو بۆ حیزبوڵڵا لە لوبنان بنێرن بۆمبارانی کردوون. مانگی ڕابردوو ئیسرائیل ناوەندی بەناو توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستیی لە مەسیاف، شارێک لە ناوەندی سورییە، کە بنکەیەکی سەربازیی بوو و دەگوترا لەوێ چەکی شیمیایی و بۆمبی دەقیق بەرهەم دەهێندرا بۆمباران کرد. ئێستا ڕاپۆرتەکان (وەک ئەوەی کە ئالێکس فیشمەن لە ڕۆژنامەی یێدیوت ئاخرۆنۆت دا بڵاوی کردەوە) باس لەوە دەکەن کە ئێران بەتەمای دروستکردنی فڕۆکەخانەی سەربازیی لە نزیکی دیمەشقە، شوێنێک بۆ سۆپای پاسداران کە بتوانێ لەوێ جێگیر و چالاک بێ. هەروەها باس لەوە دەکرێ کە ئێران و ڕێژیمی ئەسەد خەریکی دانوستان لە بارەی دابینکردنی بنکەیەکی هێزی دەریایی لە ڕۆخی تارتوسن و ئەوەی کە ئێران لەوانەیە لەشکرێک سەرباز لە سورییە جێگیر بکا.

ئیسرائیل ناتوانێ ئەو شتانە قبووڵ بکا و ئەو پەیامە دەگەیەنێتە ڕوسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان. وەزیری بەرگریی ڕوسیە بەمزووانە سەردانی ئیسرائیل دەکا، دوای ئەو وەزیری بەرگریی ئیسرائیل سەردانی واشینگتۆن دەکا. هەوڵەکانی پێشووی ئیسرائیل بۆ ئەوەی کە لە ڕێگای پوتین پێش بە ئێران بگرێ (لە ماوەی چوار سەردانی ناتانیاهو بۆ موسکۆ لە ساڵی ڕابردوو) شکستیان هێناوە، ئەوە نیشانی دەدا کە پێویستە ئیسرائیل بۆخۆی ئەوکارە بە تەنیا بکا، مەگەر سیاسەتی نوێ بەرامبەر ئێران کە لە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ باسی لێوە دەکرێ پێش بە بڵاوبوونەوەی حزووری سەربازیی و نفوزی ئێران لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بگرێ.

جارێ ماویەتی تا ئاکامەکەی ببینین. دەنگۆیەکان باس لەوە دەکەن کە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لەوانەیە سوپای پاسداران وەک گروپێکی تیرۆریستی پێناسە بکا، ئەوە دەتوانێ ڕێگا بۆ دامودەزگاکانی دژی تیرۆریزم خۆش بکا کە پێش بە



سەرچاوە
Serchawe

پەرەئەستاندنی بگرێ. دانوستانەکان لەسەر بەرجام بە هەر کوێیەک بگەن، وێدەچێ لێک تێگەیشتنێکی بەربڵاوتری لە نێو بەڕێوەبەرایەتی لەبارەی بەربەرەکانی لەگەڵ دەوری سەربازیی پەرەئەستێنی ئێران لە عێراق، سوریە، لوبنان و شوێنی دیکە لە ناوچە هەبێ.

بڕیاری ئامریکا هەرچی بێ، ئەگەر ئێران بەکردەوە حزووری سەربازیی گەورە و هەمیشەیی لە سووریە هەبێ، کە بە بنکەی هەمیشەیی هێزی دەریایی و پێگەی هێزی ئاسمانیی و هێزێکی بەرچاوی وشکانیی تەکمیل بکرێ، ئیسرائیل دەبێ بڕیاری چارەنووساز بدا. حزوورێکی ئەوتۆی ئێران لە مەدیتەرانە و لە سەر سنووری ئیسرائیل هاوسەنگیی سەربازیی لە ناوچە دەگۆڕێ و دۆخی ئاسایشی ئیسرائیل لە بنەڕەتدا دەگۆڕێ. دەبێ لەبیرمان بێ کە بە پێی رێککەتننامەی بەرجام کە ئۆباما رەزامەندیی لەسەر دا، بەربەستەکانی سەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران ٨ ساڵی دیکە کۆتاییان پێ دێ و ئێران لەوانەیە ئێستا بەرنامەی موشەکیی بالیستیکی خۆی تەکمیل بکا و هیچ پشکنینێک لە بنکە سەربازییەکان ناکرێ کە لەوانەیە توێژینەوە لەسەر چەکیی ئەتۆمی لە ئارا دابێ. هەر وەک لەو دواییانەدا سێناتۆر تام کاتن باسی کرد، «ئەگەر ئێران ئەمڕۆ بەرنامەیەکی نهێنیی ئەتۆمیی نەبێ، ئەوە یەکەم جارە لە ماوەی جیلێک دا.» ئیسرائیل لەوانەیە ١٠ ساڵ لە دۆخێک دوور بێ کە لەودا ئێران چەکی ناوەکی و بنکەی سەربازیی لە سووریە هەبێ و دەتوانێ تەنانەت چەکی ئەتۆمیی لە سووریە، تەنیا چەند مایل دوور لە سنووری ئیسرائیل جێگیر بکا.

فیشمەن، سەرتۆپی هەواڵنێرانی سەربازیی ئیسرائیل دەنووسێ «ئەگەر هەوڵە سیاسییەکانی ئیسرائیل بێ بەر بێ، ئێمە (ئیسرائیل) بەرەو ناکۆکیی زیاتر لەگەڵ ئێران دەڕۆین. ئەو ئاکامە و هەوڵەکانی ئێران بۆ وەڕاست گێڕانی، دەبێ لە بیری کاربەدەستانی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ، لە کاتی فکر کردنەوە لە سیاسەتی تازە بەرامبەر بە هەوڵە بێ کۆتاییەکانی ئێران بۆ دەسەڵات لە خۆرهەڵاتی ناوین، بێ.

* سەرچاوە: کاونسڵ ئان فارین ریلەیشنس

(لە ژمارەی ٧١٢ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

# سێهەمین شەڕی لوبنان بەڕێوەیە

## "ژەنڕاڵ کلاوژەنڕاڵس دیتەر ناومەن" و "لۆرد ریچارد داننات"

### بۆ وەستاندنی، ئەمریکا دەبێ دەستی ئێران کورت بکاتەوە و ئابلۆقە بخاتە سەر حیزبوڵڵا

لە کاتێکدا کە شەڕی نێوخۆی سورییە چەندین دۆڕاوی هەن، ڕێکخراوی تێرۆریستی لوبنانیی حیزبوڵڵا وەک براوەیەکی بێ ڕەکەبەر لەو شەڕە هاتۆتە دەر کە بۆتە هۆی پێشکەوتنی بەرچاوی توانایی سەربازیی ئەو ڕێکخراوەیە.

ئەم پێشکەوتنە، لەگەڵ دڵگەرمیی بە دەوری خراپی ئێران لە ناوچە، کە ئێستا بەڕوونی لە لایەن سەرکۆمار ترامپ وەک چالشێکی هەنووکەیی ئیعترافی پێ کراوە، هەڕەشەیەکی جیددین بۆ سەر خۆرهەڵاتی ناوین کە لە ئێستادا زۆر ناسەقامگیرە. ئەگەر ئەوە بە چارەسەر نەکراوی بمێنێتەوە، وێدەچێ ببێتە هۆی شەڕی سێهەمی لوبنان، شەڕێک کە لە گشت ئەوانی دی کە پێشوو دیتوومانن خراپتر دەبێ.

دوای شەڕی دووهەمی لوبنان لە گەڵ ئیسڕائیل لە ٢٠٠٦، حیزبوڵڵا، ئامرازی سەرەکیی ستراتێژیی ئێران بۆ شەڕی تێرۆریستیی ناوچەیی، لە سەپاندنی خۆی وەک هێزێکی باوەڕپێکراوی سەربازیی لە لوبنان نەسڵەمیوەتەوە. بە فریودانی خەڵکی لوبنان و خزانە نێو هێزە سەربازییەکانی لوبنان، ئەو گرووپە حزووری سەربازیی خۆی لە سەرانسەری وڵات، بە تایبەت لە باشووردا چەسپاندووە.

جگە لەوە، لە ڕێگای ئەولەوییەتدان بە وەدەستهێنانی جبەخانەی پێشکەوتوو، پێکهاتوو لە ١٠٠ هەزار ڕۆکێت و موشەک کە ئاستی هەنگێوییان هەر لە زیادبوونە، حیزبوڵڵا خۆی بە توانایی هەنگاوتنی ئامانجی ستراتێژیک لە سەرانسەری ئیسڕائیل تەیار کردوە، لە نێویاندا هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ڕایەڵەی دابینکردنی وزە. ئەوەی کە جێگای نیگەرانیی زۆرە، یارمەتیی ئێران ئەو گرووپەی گەیاندۆتە شوێنێک کە لە جیاتی پشتبەستن بە هێنانیان بە قاچاخی، بتوانن بۆ خۆیان موشەکی پێشکەوتوو بەرهەم بێنن.

سەرەڕای ئەوە حیزبوڵڵا پێشی بە ئاشکرابوونی هەوڵەکانی خۆتەیار کردنی سەربازیی لە ڕێگای پێشگرتن و تۆقاندنی

هێزەکانی پارێزەری ئاشتی، کە بەشێکن لە هێزی نێوخۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لوبنان (یونیفیل)، گرتوە.

ئەمڕۆ نە ئێران و نە حیزبوڵلا هیچ هۆیەکی باوەڕ پێکراویان بۆ دوژمنایەتیی لە گەڵ ئیسرائیل نییە، سەرەڕای ئەوە ئەوان خەریکی هەڵمەتێکی کوشەندەی نەفرەت لە ڕیگای شێوەی ئیسلامی توونداژی خۆیانن. جگە لەوە حیزبوڵلا دەبێ بۆ دانیشتووانی لوبنان ڕوون بکاتەوە، کە ئیددیعای پاراستنییان دەکا، بۆ خەریکی کوشتنی موسوڵمانان لە سووریە بە شێوەیەکی خێرا بووە. باشترین شێوە بۆ پڕکردنەوەی بێباوەڕیی (خەڵکی لوبنان)، هێرشکردنە سەر ئیسرائیلە. هەم وتارەکانی سەرۆکی حیزبوڵلا، حەسەن نەسروڵلا و ئاکاری چالاکییە تێرۆریستییەکانی لە سنووری ئیسرائیل ئەوە دەسەلمێنن.

ڕاپۆرتی نوێی ئێمە بۆ دەستەی باڵای سەربازی ئەوە ئاشکرا دەکا کە بە هۆی ئەو ڕووداوانە کاربەدەستانی ئیسرائیل ئامادەی هێرشی نوێ لە لوبنانەوەن. ئەوان هیچ گومانێکیان بۆ نەهێشتینەوە کە تواناییەکانی ئەمڕۆی حیزبوڵلا بەو مانایەیە کە ئیسرائیل ناچارە ڕێگاچارەی کاریگەر بۆ پاراستنی خەڵکی مەدەنیی خۆی بگرێتە بەر.

دوور لەو قسە پاشەملانەی کە بە هێزە چەکدارەکانی ئیسرائیل لە هەڵمەتێکی نێونەتەوەیی بۆ ستاندنەوەی ڕوایی دەوترێن، ئێمە ڕەزامەندین کە ئیسرائیل بە گوێرەی ستانداردە یاسایی و ئەخلاقییەکانی کە هێزە چەکدارەکانی خۆمان لەبەر چاویان دەگرن دەجووڵێنەوە. بەڵام ئێمە لەوەش دەگەین کە ئامانجە ڕەواکانی سەربازیی لە ناکۆکییەکی ئەوتۆ دا دەبنە هۆی شەڕێکی زۆر توند. وەک ستراتێژییەکی بە ئانقەست، حیزبوڵلا چالاکی، چەکوچۆڵ و کەرەستە سەربازییەکانی لەنێو خەڵکی مەدەنیی لوبناندا دەشارێتەوە، ئەوە تاوانێکی جەنگییە کە لە کاتی شەڕ دانیشتووان تووشی مەترسییەکی لە ڕاددە بەدەر دەکا.

هەر وەک ئێمە لە سەرەتای لێکۆڵینەوەی ئەمساڵماندا داوامان کردوە، ئەوە گەلێک گرینگە کە پێشتر ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی هەنگاوی دەستبەجێ و ئاشکرا بۆ پێشگرتن لە شەڕ بنێن. زەختی سیاسیی قورس دەبێ بخرێتە سەر کاربەدەستانی لوبنان، کە سەرکۆمارەکەی لەو دواییانەدا باسی حیزبوڵلای وەک «بەشێکی سەرەکیی بەرگریی لوبنان» کردبوو، بۆ جیا کردنەوەی دەوڵەتی لوبنان لە پەیوەندیی لەگەڵ حیزبوڵلا، بە تایبەتیی ئەو بەشانەی کە لە ژێر دەستی هێزە چەکدارەکانی لوبنان دان، دەبێ ئەولەوییەتی پێ بدرێ.

هەروەها دەبێ هاوکاریی ئابووریی داهاتوو بۆ ئەو وڵاتە بە بەجێگەیاندنی ئەو مەرجە ببەسترێتەوە و زەختی ئابووریی

دەبێ لەگەڵ هەوڵی سیاسیی هاوتەریب بێ. بۆیە ئێمە پشتگیریی لە هەوڵە نوێکانی بەڕێوەبەرایەتیی بە تایبەت پێشنیاری پەسەندکردنی یاسا لە لایەن کۆنگرەوە، کە وێدەچێ دەنگ بێنێتەوە، بۆ سنووردارکردنی چالاکییەکانی حیزبوڵڵا وەک هەنگاوی سەرەتایی پێویست بۆ پێشگرتن بە ئاڵۆزتر بوونی دۆخی ناوچەکە دەکەین. جگە لەوە، بەڕێوەبەرایەتیی دەبێ داوا لە یەکیەتیی ئورووپا و وڵاتانی هاوپەیمان لە ئورووپا بکا کە بەپەلە هەنگاوی لەو چەشنە بنێن.

هەروەها شتێکی یەکلاکەرەوە بۆ سەرکەوتن ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی یەکیەتی ئورووپا بۆ باشترکردنی لێهاتوویی یونیفیل هەوڵ بدەن. سەرەڕای هەنگاوی بچووکی ماوەیەک پێشووتری ئەمساڵ، چاودێرانی نێونەتەوەیی ناتوانن چاودێریی چالاکییەکانی حیزبوڵڵا بە شێوەیەکی کاریگەر بکەن و ژێرپێنانی بڕیارەکان چەند هێندە زیاد بوون.

**لە کۆتاییدا، ئامریکا و هاوپەیمانەکانی دەبێ لەگەڵ ئیسرائیل بن، بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز بڵێن کە هەڵمەتە تێرۆریستییەکانی ئێران و حیزبوڵڵا بە دژی ئیسرائیل بەرەوڕووی بەرپەرچدانەوەی بێ وێنەی سیاسی و ئەگەر پێویست بێ، پەرچەکرداری ڕەوای سەربازیی ئیسرائیل دەبنەوە. ئێستا پەیامێکی چاوترسێنکەری لەم شێوەیە زۆرتر یاریدەی ئاشتی دەدەن تا سکاڵاکانی دوای دوژمنکاریی حیزبوڵڵا.**

***

* ژەنراڵ کلاوس دیتەر ناومەن فەرماندەی گشتیی پێشووی هێزە چەکدارەکانی ئاڵمان و سەرۆکی کۆمیتەی سەربازیی ناتۆ بووە.

* ژەنراڵ لۆرد ریچارد داننات ڕەئیسی فەرماندەیی گشتیی سوپای بەریتانیا بووە.

ئەوان هەردووکیان ئەندامی گرووپی پایەبەرزی سەربازیین کە ٢٥ی ئۆکتۆبر ڕاپۆرتی هەڕەشەی حێزبوڵڵا پێشکەش دەکەن.

(لە ژمارەی ٧١٣ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

# خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە کلێپەی تەقینەوەدا

## دیفێنس وان - ڕۆبەرت مەلی

لوبنـــان زۆر دەمـێکە ئـاوێنەی خـۆرهەڵاتی نـاوینە. یـاریکەرە بەهێزترەکـانی نـاوچە، ئەویّ وەک مەیـدانی شـەڕە بە وەکالەتەکانیان بەکار دێنن، مەیدانێک کە گەمەی ناکۆکیی عەرەب - ئیسرائیل تیایدا بەڕێوە چووە و شوێنی تـاقیکردنەوەی پێکەوە ژیانی سعودی - ئێرانیش بووە. ئەویّ شوێنێکە کە ناوچەکە شەڕەکان و ئاگربەسە کاتییەکانیـان لەویّ بەڕێـوەدەبەن. حەوتووی ڕابردوو، وەک زۆر حەوتووی پێشووتر، خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ لوبنان میهرەبـان نەبوو.

هەواڵەکان چواری نۆڤەمبەر لە توێی سێ ڕووداوی بەیەک گرێدراوەوە لە ماوەی کەمتر لە ١٠ کاتژمێر بڵاو بـوونەوە. یەکەم، سەعد حەریری، سەرۆک وەزیری لوبنان دەست لەکار کێشانەوەی خۆی ڕاگەیـاند. ئەوەی کە حەریـری لێدوانەکەی لە ڕیـاز ڕا نارد زۆر شت دەڵێ، ئەوەش کە لێدوانەکەی وەک کەسێک کە ناچار بکریّ حوکمی زینـدانی خۆی بخـوێنێتەوە، بـاقی شـتەکان دەڵێ. بڕیـارەکە لەلایەن سەرۆک وەزیرانی لوبنـان ڕاگەیەنـدرا بەڵام عەرەبستـانی سعودی دابـووی. موحەممەد بین سـەلمان، شازادەی جێنشین و ڕێبەری ڕاستەقینەی عەرەبستـانی سعودی، دەلیلی هەبـوو کە بیهەویّ ئەو شتە ڕوو بـدا. گرژیـی نێـوان سعودی و ئێران ڕوو لە زیاد بوونە و بین سەلمان سوورە لەسەر ئەوەی کە تـاران وەک سەرچاوەی گشت بەدکارییەکانی نـاوچە بناسێنیّ. بۆ حەریری سەرۆکایەتیی دەوڵەتێک کە حیزبوڵڵاشی تێدابیّ لە بنەڕەتدا لاواز کردنی کـاکڵی ئەو پەیـامەیە: ئەوە بەو مانایە بوو کە یەکێک لە نزیکترین هاوپەیمانەکانی ڕیاز لە گەڵ وەفادارترین هاوبەشی ئێران هاوکاریی بکـا. حەریـری وەک سەرۆک وەزیر ئەو بۆچوونەی دروست کرد کە پێکەوە ژیـان لە گەڵ حیزبوڵڵا و بە واتـایەکی تـر لەگەڵ ئێـران مومکینە، لەکار لادانی بۆ ئەوەیە کە هەر جۆرە شک و گومانێک لەوبـارەوە برەوێنێتەوە. ئەو سـاڵێک لەوە پێش بـۆ پـاراستنی لوبنـان لە کێبڕکێی نێوان سعودی - ئێران، داوای لێکرابوو ببێتە سەرۆک وەزیر؛ ئێسـتا کە ئەو ڕۆیشـتووە، لوبنـان بە تەواوی گیـرۆدەی ئەو (دژ یەک وەستانەوە) بووە. ئێستا لوبنان چۆتە نـاو بەرەی دوژمنـانی عەرەبستانی سعودییەوە.

پەردەی دووهەم ئەو هەواڵە بـوو کە عەرەبسـتـانی سعودی موشـەکێکی شـوێنگیریی کـردووە کە لە یەمەنەوە پێـوەی نـراوە کە ئامانجەکەی فڕۆکەخانەی ڕیاز بووە. ئەوە یەکەم موشەکی حوسییەکان - کە لە لایەن ئێـران و حیزبـوڵڵا پشتیوانیی دەکرێن - نەبـوو کە بە جیرانی بـاکووری خۆیـانەوە نـابێ، بەڵام کـاتەکەی و مەودا چـاوەڕواننەکراوەکەی کـاردانەوەیەکی جیـاوازی لێکەوتەوە. ڕادەی یارمەتیی دەرەکی بۆ حوسییەکان جێگای مشتومڕە، هەرچەند نە کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتـووەکـان و

نە هی عەرەبستانی سعودی گومانیان لەوەدا نییە کە پێشکەوتنی بەرچاوی بەرنامەی موشەکی بالیستیکی حوسییەکان بەبێ ڕاهێنانی بەرچاوی دوو یاریدەدەرەکەی مومکین نەبووە. وەک لە ئاکاری خۆفیداکەری حەریریدا، بەرپرسانی سعودی خێرا و بە ئاشکرا هێڵێکیان پەیڕەو کرد کە لەودا هێرشەکەیان بە ئێران و حیزبوڵڵا بەستەوە، ئەو هێرشە وەک ڕاگەیاندنی شەڕ پێناسە کرا و هەردووکیان وەک بەرپرسیار دەبێ چاوەڕوانی وەڵام بن.

پەردەی سێهەم ڕاماڵینە بەربڵاوەکەی سعوودی بوو کە لەودا ١٠ شازادە و دەرزەنێک بازرگان و کاربەدەستی پایەبەرز دەستبەسەر کران. ئەوە ماڵ خاوێنکردنەوەی بین سەلمان بۆ نەهێشتنی هەرچەشنە ڕەقیبی چاوەڕوانکراوی سەربازیی، سیاسی، ئابووریی و مێدیایی بوو. لەگەڵ هەنگاوەکانی دیکەی، ئەوە بەو بەمانایەیە کە ئەو چۆتە سۆراغی گشت کۆڵەکە نەریتییەکانی ڕێژیم. هەندێک ئەو پرسیارە لەخۆیان دەکەن، ئاخۆ ئەو بێئەزموون و کرچوکاڵە، لەوانەیە زۆر دوژمنی لە یەک کاتدا ورووژاندبن. بەڵام ئەو تۆڵەی کەم ئەزموونیی بە بڵندخوازیی قەرەبوو دەکاتەوە و ئێستا لە هەمان پلە دایە کە خۆی حەزی لێ بوو: توانایی نەهێشتنی سستی چەندین ساڵەی سعودی و دارشتنەوەی سیاسەتەکانی نێوخۆیی و دەرەوەی پاشایەتیی بە کەیفی خۆی، بە تایبەتی بۆ ئەوەی کە بەشێوەیەکی کاریگەرتر ڕووبەڕووی ئێران ببێتەوە.

ئەو سێ ڕووداوانە ئاماژە بە یەک ئاراستە دەکەن: کە ڕێبەرایەتیی جەسوور و خاوەن بڕوای سعودی زۆر خوازیاری هاوکاریی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەی ئێران کە پێی وایە بە دوای ڕووداوەکانی ئەو دواییانەی یەمەن بەهێزتر بووە.

لوبنان و ناوچەکە پێشتر ئەوەیان دیتووە، بۆشایی ڕێبەریی لە توێی تەشەنەکردنی گرژییەکان شتێکی نوێ نییە. بەڵام ئەوەی کە نوێیە، ئیسرائیلێکی نیگەران، ڕێبەرایەتییەکی باوەڕ بەخۆ و نەترسی سعودی و بێگومان سەرکۆمارێکی نائاسایی ویلایەتە یەکگرتووەکانە. لە پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل: ئەو چەندین مانگە کە زەنگی خەتەری لەبارەی بەربڵاویی نفوزی حیزبوڵڵا و ئێران لە سورییە و بەتایبەتیی توانایی حیزبوڵڵا بۆ بەرهەمهێنانی موشەکی هەنگێوی لێ داوە، ڕووداوێک کە کاربەدەستانی ئیسرائیل وەک فاکتەری تێکدانی بالانس سەیری دەکەن کە دەبێ دژی بوەستنەوە.

بۆ ڕێبەریی نوێی سعودی؛ بین سەلمان دڵنیایە کە ئێران زۆر دەمێکە وەک کیسە بۆکسێک سەیری عەرەبستانی سعوودی دەکا و عەرەبستانی سعودیش زۆر دەمێکە ناچار بە قبوڵی ئەو ڕەوتە کراوە. ئەو دەبینێ کە ئێران پارەیەکی زۆر کەمتر، چەکوچۆڵی کەمتر و هاوپەیمانی بەهێزی نێونەتەوەیی کەمتری هەیە، سەرەڕای ئەوە لە بەرزبوونەوە دایە و دەسەڵاتی خۆی بە سەر بەغدا، دیمەشق، بەیروت و سەنعا پەرە پێداوە. ئەو پێی وایە تەنیا لە ڕێگای بەرپەرچدانەوەی بەهێزتر و



سەرچاوە
Serchawe

شەڕانییتر، جا لە یەمەن، عێراق یا لوبنان بێ، عەرەبسانی سعودی و هاوپەیمانەکانی دەتوانن ئێران بوەستێن و ئاراستەکە بگۆڕن. تا ئێستا، لە هێرشە سەربازییە ناسەرکەوتووەکەی لە یەمەن ڕا تا هەڵە سیاسییەکەی بۆ تەریکخستنەوەی قەتەر، زۆرتر دەرخەری مەیلی خۆ تووشی قەیران کردن دەگەیەنن تا کۆتاییهێنان بە قەیران.

لە پەیوەندی لە گەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان؛ پێشبینی نەکراویی و پڕ دژایەتی بوون لە زۆر بوارەوە، سەرکۆمار ترامپ لانیکەم لە یەک مەسەلە دا یەک هەڵوێست بووە، ئەویش شەڕانیی بوون لە دژی ئێران کە بۆتە مۆرکی بەڕێوەبەرایەتییەکەی لە سیاسەتی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست. کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ویستی ترامپ بۆ هەڵسوکەوت دژی ئێران و بۆ گەڕاندنەوەی ئیعتیبار و ئوبوهەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە ئەو پیی وایە سەرکۆماری پێشوو(کە من بۆ پرسەکانی خۆرهەڵاتی ناوین پێم باشبوو) لەناوی بردبوو، کەڵک وەردەگرن. بۆ ئەو کارە، وێدەچێ هەڵوێستی ئەو زۆر وەک هی بین سەلمان بچێ: وەلانانی دیپلۆماسی لەگەڵ تاران و دڵنیا لە پێویستیی باڵانسێکی نوێی دەسەڵات، وا دەکا کە لە جیاتی کۆنتڕۆڵ کردنی غەریزەکانی بین سەلمان، ئەوان هان بدا.

کەم کەس لە لوبنان پێیان وایە کە شەڕێکی گشتگیر بەو زووانە ڕوو دەدا، چونکە هەر سێ دژبەرەکان هۆی خۆ کۆنتڕۆڵ کردنیان هەیە. هەمان هۆ کە وا دەکا ئیسرائیل بخوازێ هێرش بکاتە سەر حیزبوڵڵا، دەبێتە هۆی ددان بەخۆ داگرتن، واتە ئەگەری هێرشی موشەکیی بۆ سەر شارەکانی. ئیسرائیل توانایییەکی گەلێک زۆرتری بۆ زەرەر گەیاندن هەیە بەڵام حیزبوڵڵا توانایییەکی زۆرتری بۆ تەحەممول کردنی ئەو هەیە، کە دەبێتە هۆی ئەوە کە هەر هێرشێکی بەربڵاوی ئیسرائیل، مەترسیی ئەوەی هەبێ کە براوەکەی نادیار بێ. عەرەبستانی سعوودی توانایی سەربازیی شەڕی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئێران نییە و دەبێ بیر لە هەڕەشەی تۆڵەی ئێران لە نێو خاکی خۆیدا بکاتەوە. لە پەیوەندی لەگەڵ ئەگەری وەستانەوە بە دژی ئێران و هاوپەیمانەکانی، ویلایەتە یەکگرتووەکان درێژە بە حیساب کردن لە سەر نزیکی میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران لە هێزەکانی ئامریکا و ئەگەری دەستپێکردنەوەی هێرشەکانیان (بۆ سەر ئامریکاییەکان) دەکا.

دیسانیش لوبنانییەکان، چ ئەوانەی لایەنگری حیزبوڵڵان و چ ئەوانی دیکە، وێدەچێ دڵنیا بن کە شتێک هەر دەقەومێ. هێرشە موشەکییەکەی حوسییەکان زۆر بێبەزەییانە بوو، هۆشداریی دانی سعوودییەکان زۆر دەقیق، نیگەرانیی ئیسرائیل زۆر مەزن و دوژمنایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر بە ئێران و حیزبوڵڵا زۆر لەوە ئاشکراترە کە چاوەڕوانی شتێکی دیکە بین. دەکرێ شتی دیکەش بەو لیستەوە زیاد بکەین: بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێرانی بردۆتە ژێر پرسیار و بەتەمای زیاترکردنی ئابلۆقەکان بۆ سەر تارانە، کە گرژییەکان بە شێوەیەکی ناپێویست زیاتر دەکا، هاوکات لەگەڵ نەبوونی پەیوەندیی ئاسایی لە ئاستی بەرزدا لە نێو ئەو دوو وڵاتە تا بتوانێ گرژییەکان کەم بکاتەوە. بە

بەشی یەکەم

شێوەیەکی گشتیی وێدەچێ کە دژبەرەکانیان هەنگاو بنێن و ئێران و حیزبوڵڵا دژکردەوە بنوێنن: ڕەنگبێ هەر دوو لا بەو ئاواتە بن کە پێش بە بەریەک کەوتنی جیددی بگرن، بەڵام هیچکامیان نایانهەوێ ئەوە بنوێنن. پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ لەو هەلومەرجە دا هەنگاوی سنوورداری لایەک بە پەرچەکرداری لایەنەکەی تر کۆتایی پێدێ یا قەیرانەکە قووڵتر دەبێ؟

ئەوەی کە لێرەدا بوونی نییە، دیپلۆماسییە، لە نێوان ئێران و عەرەبستانی سعوودی، ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکان، یا عەرەبستانی سعودی و حوسییەکان، لە جیاتان ناوچەکە بەرەوڕووی دۆخێک بووە کە هەر کەس ئازادە کە لەوێدا تەنیا بەربەست بۆ هەنگاونان دڵەڕاوکێ لەوەیە کە نازانن چ دەورووژێنن. ئەوە هیچ دڵنیاکەر نییە. لێرە لە لوبنان خەڵک دڵنیا نین کە کێ یەکەم هێرش دەکا، کێ (ئێران یا حیزبوڵڵا) لەوانەیە ببێتە ئامانج، کەنگێ و لە کوێ (لە لوبنان، سورییە یا ئێران) ئەوە ڕوو بدا و چۆن دەبێ؟ بەڵام ئەوان هەست دەکەن کە شتێک دەقەومێ و لەوە دەترسن کە ئەوجاریش، بێگومان ئاوێنەی لوبنانی دەشکێ.

(لە ژمارەی ٧١٤ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە Serchawe

## چۆن ئۆباما و ترامپ بوونە هۆی بۆشایی لە خۆرهەڵاتی ناوین

### گۆڤاری پۆلیتیکۆ - شالۆم لیپنەر

سەردەمێک گشت پسپۆڕان دەیانگوت کە ئامریکا زامنی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوینە. ئەوە ئێستاش تا ڕاددەیەک ڕاستە بەڵام بەو شێوە نییە. لە ڕاستیدا ئەوە لەوانەیە بە پێچەوانەی ئەو شتە بێ کە تۆ بیری لێ دەکەیەوە.

سەرۆکی هێزی بەرگریی ئیسرائیل، ژەنراڵ گادی ئایسەنکۆت حەوتووی ڕابردوو وتووێژێکی دەگمەنی لەگەڵ میدیای عەرەبستانی سعودی ئەنجام دا. ئەو لە قسەیەکی سەرسوڕهێنەردا باسی لەوە کرد کە ئیسرائیل ئامادەیە زانیاریی هەستیار لەگەڵ وڵاتە میانڕەوە عەرەبەکان بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران بەش بکا. ئەو شانازیی دروستکردنی دەرفەت بۆ هاوپەیمانیی نوێی لە ناوچەدا بۆ سەرکۆمار ترامپ گەڕاندەوە.

هێندە لەمێژ نییە کە خەونی یەکگرتنێکی ستراتێژیک لە نێوان ئیسرائیل و دونیای سوننی بۆ بیرلێکردنەوەش نەدەبوو. تەنانەت ئەمڕۆش، هاوپەیمانانی نوێی ئیسرائیل لە کەنداوی فارس لە بواری تەکنیکییەوە لەگەڵ دەوڵەتی جوولەکان لەشەڕ دان. بەڵام هەشت ساڵ دەسەڵاتداریی ئۆباما و هاتنی ترامپ، هاوکێشەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی گۆڕیوە.

ئاشتبوونەوە لەگەڵ هەندێک لە دژبەرە کۆنەکانی، دۆخی ئەمنیی ئیسرائیلی باشتر کردووە. بێگومان مامە سام (ئامریکا) تا ڕاددەیەک بێ ئەوەی کە بەخۆی بزانێ لە پێکهاتنی ئەو دۆخە باشەدا بەرپرسیارە. ڕێخۆشکەری پشکووتنی ئەو خۆشەویستییە لە نێوان عەرەب و ئیسرائیلییەکان، چۆنایەتیی گومانتاویی ڕێبەریی ئامریکایە. خەڵکی ناوچە چیتر چاوەڕوانی هاتنی سوپای سوارە ناکەن کە بێن و نەجاتیان بدەن. ویلایەتە یەکگرتووەکان لە خەودا قەرەبووی دەکاتەوە.

خراپترین نهێنیی جیهان ئەوەیە کە ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودی لە دژایەتی بەرامبەر ئێران بە تەواویی هاوڕان. ئایسەنکۆت ئەوەی لە وتووێژەکەیدا پشتڕاست کردەوە. پشتیوانیی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران، کە هەردوو وڵات دژی بوون، هاندەری هاوپەیمانییە نوێکەی نێوان عەرەب - ئیسرائیل بۆ پێشگرتن لە پەرەئەستاندنی ئیسلامی شیعە بوو.

کاتێک کە ڕێککەوتننامەکە، بە هەموو قازانجە ڕاستەوخۆیەکانییەوە، بووە هۆی گەڕاندنەوەی ئێران بۆ نێو بنەماڵەی نێونەتەوەیی و ژیانێکی تازەی بە خولیا زێدەخوازییەکانی ئەو بەخشی، دوژمنە لەمێژینەکان بۆ وەستانەوە لە دژی دوژمنی هاوبەش یەکیان گرت. بەڵام ترامپ دەبێ زۆر زیاتر لە هەڕەشە و گوڕەشەی بەتاڵ باس لە نیگەرانییەکانیان بەرامبەر بە ئاکاری نەشیاوی ئێران بکا.

لە سورییە، بێهەڵوێستیی ئامریکا بۆتە هۆی زیندووبوونەوەی دەسەڵاتی وێرانکەری ناوچەیی ڕووسیە و هاندانی هاوپەیمانە ئێرانییەکەی. بە پێچەوانەی ئەو هێڵە سوورەی ئۆباما دیاری کردبوو، لە کاتێکدا کە ڕێژیمی ئەسەد لە ٢٠١٣ کەڵکی لە چەکی شیمیایی وەرگرت، ئەو دژی بەکارهێنانی هێزی سەربازیی بڕیاری دا. لەجیاتی ئەو پێشنیاری مۆسکۆی بۆ بەدەستەوەدانی چەکی شیمیایی سورییەی قبووڵ کرد.  بە گوێرەی لێکۆڵەرەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، سورییە تا ئاپریلی ئەمساڵیش کەڵکی لە چەکی قەدەغەکراو لە دژی خەڵکی خۆی وەر دەگرت.

بەڕیوەبەرایەتیی ترامپیش بە هەمان شێوە لە کاتێکدا کە شەڕی نێوخۆی سورییە درێژەی هەیە، لە لایەن سیاسەتی ڕوسیەوە کپ کراوە. سەرکۆمار ڤلادیمیر پوتین گشت داواکانی لیکۆڵینەو لەلایەن شووڕای ئەمنیەت لەبارەی دۆخی کارەساتباری سورییە ڤیتۆ دەکا. سەرەڕای ڕێککەوتننامەی ئاگربەست، ڕووسیە، بە ڕەزامەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، درێژە بە پشتیوانیی لە حزوری «ڕەوای» ڕاوێژکارە سەربازییەکانی ئێران لە سورییە دەدا. ئیسرائیل و عەرەبە سونناییەکان بە ترسەوە دەڕواننە دوژمنە کوشەندەکانیان، ئێران و حیزبوڵڵا، کە چۆن ئەو وڵاتە سمکۆڵ دەکەن و بۆشایی پاش ئامریکا پڕ دەکەنەوە.

بێگومان ترامپ کەمتر لە ئۆباما لە بەڕێوەبەریی کاروباری جیهانییدا ئامانجدار و یەک هەڵوێست بووە، بەڵام ئەو دووبارە دروستکردنەوەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست میراتی ئەوان بووە. پەیامی ئەوان یەک بووە: ئەگەر دۆستەکانی ئامریکا لە ناوچە لە هەوڵی باشترکردنی ئەمنیەتن، نابێ چاوەڕوانی کۆشکی سپی بن بۆیان دابین بکا. ئەگەر ڕووداوەکانی ئەو دواییانە نیشانەکانی بن، پەیامەکە زۆر بە ئاشکرا بیسرا.

ڕووحێکی نوێی هاوکاریی لە ناوچەکەدا، بە هۆی بێتەفاوەتیی ئامریکا، وەرەی بە دەوڵەتانی لایەنگری خۆرئاوا بەخشیوە تا بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییەکانیان، بە شێوەیەکی بێ وێنە، یەک بگرن. نەوەیەکی لاوی شازادەی عەڕەبستانی هاتوونە مەیدان. شازادەی جێنشین موحەممەد بین سەلمان ڕێبەری هەوڵەکانە لە دژی ئێران کە بەرپەرچی نفوزی ئێران لە یەمەن و لوبنان دەداتەوە. دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیری لوبنان، سەعد حەریری بە پشتگیریی سعودی (یا بە وتەی هەندێک

لایەن بە فیتی ئەوان)، هەنگاوێکی بوێرانە بوو بۆ بە چالشکێشانی بەکرێگیراوی ئێران واتە حیزبوڵڵا و بۆ ئاشکراکردنی کۆنترۆڵی ئەوان بەسەر دەوڵەتی لوبناندا. کاردانەوەی گشتیی ئەو هەنگاوانە، لە نێویاندا دەستبەسەرکرانی هەندێک شازادەی سعودی، جارێ ناڕوونە، بەڵام وێدەچێ ترامپ بە تەواوی متمانەی بە خولقێنەرەکەیان هەبێ.

ئیسرائیلیش بەشی خۆی لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ تەوەری شیعە، ئەگەر بڕوا بە ڕاپۆرتە سورییەیی و لوبنانییەکان لە بارەی هێرشەکانی ئیسرائیل بکەین، ئەنجام داوە و هیچ بەتەماش نیە بیانوەستێنێ، بەتایبەتی کە پێشنیارەکەی لەبارەی دروستکردنی ناوچەیەکی بەربڵاو بۆ دوور ڕاگرتنی هێزەکانی ئێران و بەکرێگیراوانیان لە لایەن ئامریکاوە پاشگوێ خرا. سەرۆک وەزیر بێنیامین نەتانیاهو چەند ڕۆژ لەوەپێش ئاشکرای کرد کە ئیسرائیل درێژە بە چالاکییەکانی دەدا «بە پێی تێگەیشتنی خۆمان و بە پێی پێداویستییە ئەمنییەکانی خۆمان». خەڵکی دیکەش لە ناوچەکە بە هەمان شێوە بیر دەکەنەوە.

هەندێک کەس لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەڵێن کاتی ئەوە هاتووە کە هاوپەیمانەکانی ئامریکا خۆیان کێشەکانیان چارەسەر بکەن. من لەو هەڵوێستە دەگەم بەڵام ئەوە بە هەڵوێستێکی کورتبینانە دەزانم. ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرژەوەندیی لە سەرانسەری جیهاندا هەیە و سپاردنی پاراستنی ئەوان بە خەڵکی دیکە خراپترین بژاردەیە بۆ بەرگریی کردن لەو بەرژەوەندییانە.

دانیشتن لەسەر کورسی دواوە ڕێگا بە خەڵکی دیکە ئەدا کە چارەنووسی ئامریکا دیاری بکەن. ئێمانوئێل ماکرۆن هەر ئێستا بۆشاییەکە لە لوبنان پڕ دەکاتەوە و تەلەفۆن بۆ تاران و ئورشەلیم دەکا. ڕۆژی چوارشەممەش ڕێبەرانی ڕووسیە، تورکیە و ئێران لە سوچی دەستپێشخەرییەکی نوێیان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتننامەیەک لە بارەی سورییە ئاشکرا کرد. ئەگەر دوژمنکاریی لە سورییە، ئێران یا هەر شوێنێکی تر لە ناوچە سەرهەڵدەن، ویلایەتە یەکگرتووەکان لەوەی کە ڕۆڵی چاودێری گێڕا پەشیمان دەبێتەوە. لە کاتێکی ئەوتۆدا، تێچووی بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە ئاسایشی، ئابووری و دیپلۆماتیکەکان لە ڕادەبەدەر زیاد دەکەن.

بەتەنیا هێشتنەوەی دەسەڵاتە ناوچەییەکان وا دەکا کە ئەوان ڕێگاچارەکانیان لە ئاستی قەبارەی بچووکی خۆیانەوە بێ. بەڵام ڕووداوەکان لە شوێنی هەستیاری وەک کوردستانی عێراق و یەمەن، مەترسیی ئەوەیان هەیە کە ناکۆکیی بەربڵاوتر دروست بکەن چونکە لایەنە شەڕکەرەکان کە ئەجێندای بچووکیان هەیە، کاردانەوەی چاوەڕواننەکراو دەخولقێنن. ئەگەر ئەوە ڕوو بدا، هێور کردنەوە، بۆ گشت لایەک، پێویست دەبێ. هیچ لایەنێک بۆ ئەوکارە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان شیاوتر نییە.

**بەشی یەکەم**

ئەو ڕێبەرە بیانییانە کە باوەڕیان بە یارمەتیی ئامریکا بۆ سەقامگیریی جیهان هەیە هەوڵ دەدەن دێویکی خەواڵوو لەخەو هەڵستێنن. هاوینی ڕابردوو، سەرۆک وەزیری کانادا جاستین ترودۆ، مەسەلەی سیاسەتی (بازرگانی)ی خۆپارێزیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوەیی پارێزگاران باس کرد. وڵاتانی ئورووپایی و ئاسیایی پەیوەندی بە کاربەدەستانی ویلایەتەکان و شارەدارییەکانەوە لە سەرانسەری ئامریکا دەکەن. ئامانجی ئەوان زیندووکردنەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک هێزێکی ئەرێنی لەناو سیستەمی نێونەتەوەیی، یا لانیکەم کارکردن لەگەڵ هاوبەشی خوازیارتر لەوانی واشینگتۆنە.

ئەگەر پاکس ئامێریکانا لە خۆرهەڵاتی ناوین مردووە، ئەوە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ئامریکا سڕی کردووە. ئیسرائیل، عەرەبستانی سعودی و وڵاتە میانڕەوەکانی دیکەی عەرەب پشتیوانی لە ئامریکایەکی چالاکتر لە دەوروبەریان دەکەن، بەڵام ئەگەر ئەوەش ڕوونەدا، بۆخۆیان کارەکە دەکەن. ئەوان تاسەر چاوەڕێی بڕیارێک نابن کە لەوانەیە هەرگیز نەدرێ. ئەگەر ترامپ لەناکاو بیهەوێ ئامریکا دووبارە فەرمانی کۆنتڕۆڵ بەدەستەوە بگرێ، دەتوانێ تەلەفۆنیان بۆ بکا.

(لە ژمارەی ٧١٥ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٧

## کۆرەی باکوور و ئێران پەرەسەندنی هاوکاریی سەربازیی نێوانیان

### جەی سالامۆن

پیونگ یانگ بۆتە هاوبەشێکی مەترسیدار لە «تەوەری بەرخۆدانی» تاران و کاربەدەستان هۆشیاریی دەدەن کە هەوڵە هاوبەشەکانیان لەوانەیە چەکی کۆمەڵکوژیش بگرێتەوە.

دیداری ئاستی بەرز لە نێوان کاربەدەستانی کۆرەی باکوور و ئێران لە چەند مانگی ڕابردوودا نیگەرانییەکانی لەنێو دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەبارەی بەربڵاویی پەیوەندییە سەربازییەکانی دوو دوژمنی ئامریکا زیاد کردوە. لە مانگی سێپتامبردا سەرۆک کۆمار دۆناڵد ترامپ داوای لە ئاژانسە هەواڵگرییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان کرد تا پێداچوونەوەیکی تازە لەبارەی هەر چەشنە هاوکاریی ناوکیی دوولایەنە (لە نێوان ئێران و کۆرەی باکوور) بکەن. لە ئێستادا کاربەدەستانی واشینگتۆن، ئاسیا و خۆرهەڵاتی ناوین کە چاودێریی پەیوەندییەکەیان دەکەن بۆیان دەرکەوتوە کە پیونگ یانگ و تاران دەمێکە هوگریی خۆیان بۆ بەرەوپێشبردنی هاوبەشی سیستەمی مووشەکی بالیستیکی و بەرنامەی دیکەی سەربازیی - زانستیی نیشان داوە.

کۆرەی باکوور لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا توانایی ناوکی و مووشەکی دوورهاوێژیان بە شێوەیەکی بەرچاو لە ڕێگای گەشەپێدانی مووشەکی بالیستیکی ویشکاڕۆبڕ کە توانای هەڵگرتنی کڵاوی ناوەکیی هەبێ و بتوانێ خۆرئاوای ئامریکا بکاتە ئامانج، پەرە پێداوە. لەهەمان ماوەدا، ئاژانسە هەواڵگرییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، کاربەدەستانی بەرگریی ئێرانیان لە پیونگ یانگ دیتووە، کە بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی دڵەڕاوکێ لەبارەی ئەگەری ئاڵوگۆڕی زانیاریی لەبارەی تەکنەلۆژیای مەترسیدار لە نێوانیان دا. کاربەدەستێکی پایەبەرزی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە لە سەر خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کار دەکا گوتی: «دەبێ تێگەیشتنی خۆمان لەبارەی گشت ئەو پەیوەندییانە باشتر بکەین، ئەوە یەکێک لە ئەولەوییەتە هەرە بەرزەکانمان دەبێ.»

### چاوپێکەوتنە گوماناوییەکان

لە سەرەتای ئاگوست، کیم یونگنام، دووهەم کەس لە ڕیبەرایەتیی پیونگ یانگ و سەرۆکی پارلمان، بۆ سەردانێکی فەرمیی

## بەشی یەکەم

پیونگ یانگی بەرەوە تاران جێهێشت. هۆی فەرمیی ئەوە بوو کە ناوبراو لە ڕیوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆک کۆمار حەسەن ڕوحانیدا بەشدار بێ، بەڵام ماوەی دیدارەکە بووە هۆی دەنگدانەوەی زەنگی مەترسی لە واشینگتۆن و پایتەختی هاوپەیمانەکان. میدیای دەوڵەتیی کۆرەی باکوور گوتی سەفەرەکە چوار ڕۆژی پێچووە بەڵام میدیای دەوڵەتیی ئێران گوتی کە دیدارەکە دە ڕۆژی خایاندوە و کۆڕێکی مەزن لە کاربەدەستانی پایەبەرز هاوسەفەری کیم بوون.

دوایین جار کیم لە ٢٠١٢ سەفەری بۆتاران کردبوو تا بەشداریی لە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلایەن، ڕێکخراوێکی سەردەمی شەڕی سارد پێکهاتوو لە وڵاتانی جیهانی سێهەم کە هەوڵیان دەدا لە نێوان واشینگتۆن و کرێملیندا بێلایەن بن، بکا. ئەوکات ئەو خۆی لە زۆربەی ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بەو کۆنفرانسە بواردبوو، لە جیاتیان ئەو کاتی خۆی بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی هاوکاریی زانستیی دوولایەنە لەگەڵ سەرکۆمار مەحمود ئەحمەدینەژاد تەرخان کردبوو. بە گوێرەی قسەی کاربەدەستانی هەواڵگریی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەو ڕێککەوتننامەیە زۆر وەک ئەوەی لە نێوان پیونگ یانگ و سوورییە لە ٢٠٠٢ واژۆ کرا دەچوو، پێنج ساڵ دواتر، فرۆکە شەڕکەرەکانی ئیسرائیل بینایەکیان لە خۆرهەڵاتی سووریە وێران کرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێیان وایە ڕێئاکتۆرێکی ناوکیی کۆرەی باکوور بوو کە نیزیکی وەگەڕکەوتن بوو. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە یەکێک لەو کاربەدەستە ئێرانییەی کە بەشداری چاوپێکەتنەکە لەگەڵ کیم بوو، سەرۆکی ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی فەرەیدون عەبباسدەوانی بوو، کە واشینگتۆن و نەتەوە یەکگرتووەکان بە هۆی دەوری ناوبراو لە گەشەپێدانی چەکی ناوکی ئابلۆقەیان بەسەر دا سەپاندوە.

بەهەمان شێوە، بە گوێرەی میدیای کۆرەی باکوور و ئێران دوایین سەفەری کیم جەختی لەسەر شتی زیاتر لە پشتیوانیی لە ڕوحانی کردوە. کیم و جیگری وەزیری کاروباری دەرەوە چو هویچول، باڵوێزخانەی نوێی کۆرەی باکووریشیان لە تاران، سەمبولی قووڵتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە، کردەوە. ئەوان هەروەها بەشدارییان لە زنجیرەیەک کۆبوونەوەی دووقۆڵی لەگەڵ ڕێبەرانی بیانیی کرد کە زۆربەیان وڵاتانێکن کە کڕیاری مەزنی چەکوچۆڵی کۆرەی باکوور لە دەیەکانی ڕابردوو بوون (بۆ وێنە زیمبابوێ، کوبا، کۆماری دێموکراتیکی کۆنگۆ و نامیبیا). بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ زەختی سیاسی لەسەر ئەو وڵاتانە زیاد کردوە تا پەیوەندییە ئابووری و سەربازییەکانیان لەگەڵ پیونگ یانگ، وەک وەڵامێک بۆ زنجیرە تاقیکردنەوە مووشەکی و ناوکییەکانی ئەو ڕێژیمە، بپچڕێنن.

لە ماوەی سەردانەکەی «کیم»دا لە پەیوەندیی لەگەڵ گەشەپێدانی مووشەکیی، ئێران و کۆرەی باکوور بەرەی هاوبەشیان لە دژی واشینگتۆن پێکهێنا. هەر وەک پیونگ یانگ، تاران لە چەند مانگی ڕابردوودا زنجیرە تاقیکردنەوەی مووشەکی بالیستیکی، سەرەڕای بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و مەحکومکرانی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ، ئەنجام داون.

## بەشی یەکەم

دوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆکی پارلمانی ئێران عەلی لاریجانی لە ٤ی ئاگوست، کیم ڕایگەیاند، «ئێران و کۆرەی باکوور دوژمنی هاوبەشیان (ویلایەتە یەکگرتووەکان) هەیە.»

### پەیوەندیی نهێنی

ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لە میدیا دەوڵەتییەکاندا ڕانەگەیەندراون وڵاتانی هاوپەیمانی زۆرتر نیگەران کردوە. لەو ساڵانەی دواییدا، دەزگا هەواڵگرییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کۆرەی باشوور شوێن پێی ڕێژەیەکی زۆر لە کاربەدەستانی ئێرانی و کۆرەی باکوورییان هەڵگرتوە کە لە هەوڵ بۆ گەشەپێدانی سیستەمی بەرگرییان، چاویان بە یەکتر کەوتوە. بەشێکی بەرچاو لە کاربەدەستانی کۆرەی باکوور سەر بە ناوەندە پیشەسازییە سەربازییەکان یا دامەزراوە ئابوورییە نهێنییەکانن کە ڕاستەخۆ لە ژێر چاودێریی دیکتاتۆر کیم یونگ - ئونن، لە ناویاندا بەڕیوەبەرایەتیی ٣٩ و ٩٩ ی سەر بە حیزبی کرێکاری کۆرە.

ساڵی ڕابردوو، کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕایانگەیاند کە پسپۆڕی مووشەکیی یەکێک لە گرنگترین کۆمپانیاکانی بەرگریی، گرووپی پیشەسازیی شەهید هیممەت، سەفەری بۆ کۆرەی باکوور کردبوو و لە گەشەپێدانی مۆتۆڕێکی مووشەکی بالیستیکی یارمەتیی کردبوون.دەڵێن یەکێک لە کاربەدەستە پایەبەرزەکانی ئەو کۆمپانیایە، سەید جەواد موسەوی، هاوکاریی کۆمپانیای گەشەپێدانی کانیی کۆرە (KOMID)ی کردووە، کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەر ئەوەی کە دەوری سەرەکیی لە کڕینی کەرەستە بۆ بەرنامەکانی ناوکیی و مووشەکی بالیستیکی پیونگ یانگ دەگێڕێ، ئابلۆقەیان خستۆتە سەر. بۆ وێنە، شەهید هیممەت بە شێوەیەکی نایاسایی هەواکێش، ئێلێکترۆنیک و کەرەستەی ئەندازە گرتنی بۆ(KOMID) بۆ کەڵکوەرگرتن لە ئوتۆمبێلی مووشەک هەڵگر و مووشەکی بالیستیکی کە کەڵک لە سوتەمەنی ئاوەکیی وەردەگرن بەڕێ کردوە.

### کاردانەوەی سیاسی

کۆرەی باکوور وەک هاوبەشێکی گرینگ لە هاوپەیمانیی نێوان ئەو دەوڵەت، میلیشیا و جووڵانەوە سیاسییانەی کە بە «تەوەری بەرخۆدان» ناسیاون دەرکەوتووە، کە تاران بۆ بە چالشکێشانی دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دروستی کردوە. پیونگ یانگ یەکێک لە گرینگترین دابینکەرانی چەکوچۆڵ و کەرەستە بۆ گرینگترین هاوپەیمانی عەرەبی ئێران، ڕێژیمی ئەسەد لە سورییە، لە ماوەی شەڕی نێوخۆیی ئەو وڵاتە بووە. بە گوێرەی کاربەدەستانی ئێستا و



سەرچاوە Serchawe

بەشی یەکەم

پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکان، یاخیبووانی حوسییش، کە ئێران پشتیوانییان لێ دەکا، لە هەوڵەکانیان بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتی یەمەن کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ئیعترافی پێکردووە، چەکوچۆڵیان لە کۆرەی باکوور کڕیوە.

جگە لەوە، سەفەری ئاگوستی کیم یونگنام وێدەچێ پشتیوانیی فەرمیی چین و ڕووسیەشی لە پشت بێ. لە سەر ڕێگای خۆی بەرەو ئێران، ئەو لە پێشدا بە فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانیی کۆریۆ، هەمان هێڵی ئاسمانیی کە وەزارەتی دارایی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دێسامبری ٢٠١٦ بە هۆی یارمەتی دارایی ڕێژیمی کیم و بەرنامەی مووشەکی بالیستیکی، ئابلۆقەی خستبوو سەر، بۆ ڤلادیڤۆستۆک فڕی. پاشان ئەو بە فڕۆکەیەکی ئایرۆفلۆتی ڕووسیە، بە سەر ئاسمانی چیندا بەرەو تاران فڕی.

ئێستا گرینگترین پرسیار ئەویە کە ئاخۆ لوولە تفەنگی دووکەڵاوی کە بتوانێ هاوکاریی ناوکیی نێوان ئێران و کۆرەی باکوور نیشان بدا دەر دەکەوێ؟ دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیی دەڵێن جارێ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەی ئەوتۆیان نیە. بەڵام گروپە نەیارەکانی ئێرانی دەڵێن کە کاربەدەستانی ڕێژیم سەردانی کۆرەی باکووریان کردوە تا لە تاقیکردنەوەی ٦ بۆمبی ناوکیدا بەشدار بن. ئەوان ئەوەش زیاد دەکەن کە سەرۆکی ئەو کاربەدەستانە موحسین فەخریزادە، ژەنراڵی ئێرانی کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەوە تۆمەتباری کردوە کە هاوکاری نزیکی فەرەیدون عەبباسیدەوانی بۆ توێژینەوە لە بەرنامەی نهێنی ناوکییە.

**کاربەدەستانی هەواڵگری ئێستا و پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەڵێن ناتوانن ئەو هەواڵە ڕەت بکەنەوە، کەوابوو گشت پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو ڕێژیمە دەبێ لە نزیکەوە لێکۆڵینەوەیان لێ بکرێ.**

***

* ئەنستیتۆی واشینگتۆن بۆ سیاسەتی خۆرئاوای نیزیک

(لە ژمارەی ٧١٦ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

**بابەتی ساڵی.................... ٢٠١٨**

## گۆڕینی نەخشەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ڕێگایەک بۆ بەرپەرچدانەوەی شەڕەنگێزیی ئێران

**مایکڵ ماکۆسفی**

پەرەئەستاندنی دەسەڵاتی جوگرافیای سیاسیی ئێران بەرچاوترین و مەترسیدارترین ڕووداوی ئەم سەدەیە لە خۆرهەڵاتی ناوینە. بەڵام لە کاتێکدا کە ستراتیژیی نوێی ئەمنیەتی نەتەوەیی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بە دروستی ئێران وەک یەکێک لە هەڕەشە گرینگەکان بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمنیەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستنیشان دەکا، ستراتیژییەکی بەکردەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتی پەرەئەستێنی ناوچەیی ئێران دیاریی ناکا.

سەرۆک کۆمار ترامپ دەبوو لاسایی سەرۆککۆمار ڕەیگان بکاتەوە کە ستراتیژییەکی هەڵمەتبەرانەی بۆ بنکۆڵکردنی یەکیەتیی سۆڤیەت گرتە پێش کە پشتیوانیکردن لە گشت سەرهەڵدانە دژە کۆمۆنیستییەکان لە سەرتاسەری جیهانی لەخۆ گرتبوو. ئەمڕۆ، ئامریکا دەبێ پشتگیریی لەم هێزە نێوخۆییانە بکا کە هەوڵ بۆ سەربەخۆیی دەدەن و دژی دەسەڵاتی ئێرانن.

بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەی ستراتیژیکی ئێران پێویستی بە حوزوری بەردەوامی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکان و یارمەتیی سەربازیی بۆ هێزە ناوچەییەکان لە سورییە و عێراق هەیە. ئەمە هەروەها دەخوازێ کە یارمەتیی زۆرتر بە هاوپەیمانەکانمان لە ناوچە، وەک ئیسرائیل و ئوردون بکەین، کە دەبێ پێش بە هەوڵە تێکدەرانەکانی ئێران و بەکرێگیراوانی بگرن. بەڵام ئەم هەڵوێستە بەرگرییکەرانە تەنانەت بۆ پێشگرتن بە ئێران بەس نییە، جا چ بگا بەوەی کە ڕیبازەکەی پێ بگۆڕێ.

ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە ئیعتراف بەو ڕاستییە لەبارەی سووریە، عێراق، لوبنان و یەمەن بکا: ئەمانە وڵاتانێکی

ناسەرکەوتوو و دەستکردن کە لە ژێر دەسەڵاتی ئێران دان. ئێران کەڵکی خراپی لە تێکڕمانی خەلافەتی داعش بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی لەم وڵاتانە وەرگرتوە.

ساختاری سیاسی هەنووکەیی خۆرهەڵاتی ناوین لە خزمەت بەرژەوەندی ئێران دایە و کاتی کۆتاییپێهێنانی هاتوە.

بەردەوامیی سووریە، عێراق، لوبنان و یەمەن بە شێوەی ئێستا ناسرووشتییە و لەخزمەت بەرژەوەندییەکانی ئێران دایە. هیچ شتێکی پیرۆز لە بارەی سنووری ئەم وڵاتانە بوونی نیە کە وێدەچێ لەلایەن نەخشەکێشێکی سەرخۆش و چاوبەستراوەوە کێشرابنەوە. بێگومان، داعش و ئێران هەر ئێستا بە پاشگوێخستنی ئەم سنوورانە بێ مانایی و ناسەردەمیانەبوونی ئەوانیان نیشان داوە.

سووریە، عێراق، لوبنان و یەمەن دەوڵەت- نەتەوە نین بەم شێوەیە کە ئەمریکییەکان لێی تێدەگەن، بەڵکوو وڵاتانی دەستکردی دوای شەڕی جیهانین، کە زۆرتر لە پاشماوەکانی ئیمپراتوریی عوسمانی وەک ئەزموونێکی شکستخواردووی مەزن لە لایەن ڕێبەرانی نێونەتەوەییەوە، پێکهاتوون. ئەم چوار وڵاتە بە کەلێنە قووڵە ئێتنیکی و تایفییەکانیانەوە یا لەلایەن حکومەتە سەرەڕۆکانەوە پارێزراون یا بە هۆی خوێنرێژیی تایفی.

بێگومان، خاڵی لاوازی سەرەکیی ستراتیژی ناوچەیی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی دڕندەی ئێران کە خاوەنی کەلێنی قووڵی ئێتنیکی و تایفییە. ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێ کەڵک لەم لاوازییە بە پشتیوانیکردن لەم هێزانە لە سووریە، عێراق، لوبنان و یەمەن وەرگرێ کە دژی نفوزی ئێرانن و داوای سەربەخۆیی زیاتر و جیابوونەوە لە پێتەختەکانیان دەکەن.

ئاکامەکە دەتوانێ ببێتە هۆی گۆڕینی ئەم دەوڵەتە فەشەلانە بۆ سیستەمی کۆنفیدراڵی یا وڵاتی نوێ کە سنوورەکانیان سرووشتیتر ڕەنگدانەوەی هێڵە تایفییەکان بێ.

هەر چەشنە داڕشتنەوەی پەیوەندییەکان و سنوورەکان گەلێک ئاڵۆزە، و ویلایەتە یەکگرتووەکان ناتوانێ ئاکامەکەی دیاری بکا. بەڵام ئێمە دەتوانین کاریگەریمان لەسەریان هەبێ. پێویستە ئێمە هەرکام لەم وڵاتانە لە ڕوانگەی تایبەتمەندی و مێژوویان بخەینە ژێر لێکۆڵینەوەی چڕ و پڕ و پێش بڕیاردان لەبارەی سیاسەتێک لە نزیکەوە لەگەڵ هاوپەیمانە ناوچەییەکانمان ڕاوێژ بکەین.

**ئەمە نموونەی هەندێک ئاکامی سیاسین کە لەوانەیە ویلایەتە یەکگرتووەکان پێیان بگا:**

- ئێمە لەوانەیە دەستبەرداری دابینکردنی چەکوچۆڵ بۆ عێراق بین و بڕیاری پشتیوانی و یارمەتی بەهێزی سەربازیی بۆ دەوڵەتی کوردی لە عێراق بدەین، کاتێک کە ئەوان یەک بگرن و چاکسازیی لە دەوڵەتداریی خۆیاندا بکەن. ئێمە دەتوانین پشتگیریی لە فێدێڕالیزم بۆ باقی عێراق بکەین.

- بۆ سورییە، ئێمە دەتوانین داوای کونفێدڕاڵی لە سەر بنەمای ئەتنیکی یا وڵاتی جیاواز کە لەگەڵ یەکتر هاوسەنگ بن بکەین. عەلەوییەکان کە ئێران پشتگیرییان دەکا بە درێژایی کەنار دەریا، کوردەکان لە باکووری خۆرهەڵات و، سوونییە عەرەبەکان لە ناوەندی وڵات. ئێمە هەروەها دەتوانین دژەشیعە نەبوونی خۆمان بە باشترکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئازەربایجان، وڵاتێکی شیعەی سێکولار کە هاوسنووری ئێرانە و داوای پەیوەندیی نزیکتر لە گەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکا نیشان بدەین.

سوودێکی چاوەڕوانکراوی ئەم هەڵوێستە ئەمەیە کە گرژییەکان لە نێوخۆی ئێران، کە خاوەنی حەشیمەتێکی بەرچاوی کورد و ئازەرییە، پەرە دەستێنن و بەم شێوەیە ڕێژیمی ڕادیکاڵی تاران لاواز دەبێ.

هەندێک کەس لەوانەیە دەلیل بێننەوە کە ئەم هەڵوێستە ناعەمەلی، تێکدەری سەقامگیری و دابینکەری دەرفەتی نوێ بۆ ئێرانە.

ڕەنگبێ وا بێ، بەڵام ئاراستەی هەنووکەیی ناوچەکە مەترسیدارترە. ئەرکەکە کەوتۆتە سەر شانی ویلایەتە یەکگرتووەکان تا سیاسەتی خۆی بۆ نەهێشتنی سنوورەکان و بەرپەرچدانەوەی شەڕەنگێزیی ئێران بگونجێنێ.

ئێران بە دەستکەوتەکانی تائێستای ڕازی نییە، ئەمە بۆتە هۆی هاندانی ڕێژیمە توندڕەوەکەی تا بە تەمای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ناوچە و لەنێوبردنی ئیسرائیل بێ. بە دامەزراندنی پێگە و ناوەندی بەرهەمهێنانی مووشەک لە سووریە کە دەبێتە هۆی کرانەوەی بەرەی دووهەم لە باکووری ئیسرائیل، شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل هەر دێت و نزیکتر دەبێتەوە.

جگە لەمە، ئامریکا دەبێ سەرنج بداتە سەر بەرنامەی گەشەپێدانی مووشەکی بالیستیکی هەڵگری چەکی ناوکیی کە دەتوانێ

بەشی یەکەم

لە کۆتاییدا بگاتە خاکی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

وڵاتانی دەستکرد بە سەرکەوتوویی ڕێژەیی لە ڕابردوودا جیابوونەوە و لێکهەڵوەشانیان بە خۆیەوە دیتووە، بۆ وێنە یەکیەتیی سۆڤیەت، یوگوسلاوی و چیکوسلۆڤاکیا، کە دوای شەڕی دووهەمی جیهانیی پێکهاتبوون. بۆسنیا و هەرزێگۆڤینا توانیویانە وەک سیستەمێکی کۆنفێدڕاڵ سەرکەوتوو بن.

**سەرۆک کۆمار ترامپ دەبێ هەڵوێستێکی هێرشبەرانە بەرامبەر بە ئێران بگرێتە بەر. پێکهاتەی سیاسی هەنووکەیی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە بەرژەوەندیی ئێرانە و کاتی ئەوە هاتووە کە کۆتایی پێبێ.**

(لە ژمارەی ٧١٧ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێویری ٢٠١٨

بەشی یەکەم

## بۆچی ناڕەزایەتییەکانی ئەمجارە گرینگن؟

### دێ کۆنڤرسەیشن

زنجیرەیەک سەرهەڵدان لە چەند شاری ئێران کە ١٨ی مانگی دێسامبر لە دووهەمین شاری مەزنی ئێران ڕا دەستی پێکرد، ڕێژیمی ئیسلامیی ئەم وڵاتە و باقی جیهانی شۆکە کرد.

هەرچەند کە خۆپیشاندەرەکانی مەشهەد لە لایەن کۆنەپارێزەکانی دژی سەرۆک کۆمار حەسەن ڕووحانی هاندرابوون تا سیاسەتە ئابوورییەکانی ناوبراو مەحکووم بکەن، بەڵام خۆپیشاندەران لە کۆنترۆڵی ڕێکخەرەکان دەرچوون. خۆپیشاندەران دروشمی وەک «سورییە جێهێڵە، بیرێک لە ئێمە بکەوە» و «مردن بۆ حیزبوڵلا» یان دەگوتەوە کە ئامانجەکەی تەنیا حەسەن ڕوحانی نەبوو بەڵکوو گشت ڕێژیمی ئیسلامیی بوو.

لە ڕۆژەکانی دواتر، ناڕەزایەتییەکان بۆ ٨٠ شاری دیکە تەشەنەی کرد و بووە هۆی کوژرانی ٢٢ کەس و دەستبەسەر کرانی پتر لە ١٠٠٠ کەس. لە ٨ی ژانوییە، ڕووحانی، کە لە مانگی مای ساڵی ڕابردوودا دووهەمین دەوری هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی بردەوە، گوتی ئەمە نیشانی دا کە ئێرانییەکان تەنیا داوای ئابووریی بەهێز ناکەن، بەڵکوو ئازادی زۆرتریش دەخوازن.

لە کاتێکدا کە دەوڵەت دەڵێ دۆخەکەی لە ژێر کۆنترۆڵ دایە، ئەمە نابێتە هۆی لەنێوچوونی گرینگیی مەزنترین ناڕەزایەتییەکانی دوای ٢٠٠٩، کاتێک کە میلیۆنان کەس هاتنە دەر و ناڕەزایەتییان لە دژی ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی دەربڕی. ئەوکات دەوڵەت سەرهەڵدانەکەی سەرکوت کرد و دوو کەس لە کاندیداکان کە دژی ئاکامی هەڵبژاردنەکە بوون ئێستاش لە ماڵەوە دەستبەسەرن.

بۆچی دیسان ئەم هەموو ئێرانییانە هاتوونە سەرشەقام و ئاخۆ ئەم ناڕەزایەتییە کاردانەوەی مەزنتر لە هی هەشت ساڵ لەوەپێشی دەبێ؟ وەک چاودێرێکی ئێران، ئەمن لە سەر ئەم بڕوایەم کە چەند جیاوازیی گرینگ لە نێوان ناڕەزایەتییەکانی ئەمجارە لەگەڵ هی ساڵی ٢٠٠٩ هەن کە دەتوانن بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە یارمەتیدەر بن.

## بەشی یەکەم

### هۆی سەرهەڵدانەکە چیە؟

هیچ سەیر نیە کە باڵی کۆنەپارێزی ڕێژیمی ئیسلامی خێرا دژبەرانی ئێرانیان تاوانبار کرد، وەک ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودی. بە پێچەوانە ڕیفورمخوازەکان دەڵێن کە هۆی نارەزایەتییەکان ڕەخنەی ئابووری وەک بێکاری، نایەکسانی و گەندەڵییە.

ئەوان تا رادەیەک ڕاست دەکەن. لە کاتێکدا کە ئابووری بە گشتیی لە گەشە کردنە، و زۆر لە نیشانەکان لە دوو ساڵی رابردوودا ئەرێنی بوون، دەستکەوتەکان لە نێوان گشت ئێرانییاندا دابەش نەکراون.

لە ٢٠١٦، دوای ڕێککەوتننامەی ناوکیی لەگەڵ خۆرئاوا، کە بۆتە هۆی چوونە سەرێی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت و گازی وڵات، ئابووری بە ڕێژەی ٤،١٣% وەک ئاکامی بەرزبوونەوەی کەرتی نەوت و دارایی، گەشەی کرد. بەڵام کەرتی غەیری نەوت، تەنیا % ٣،٣% گەشەی کرد، کە نیشانەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەم ڕاستییە کە گەشەکردنی ئابووری ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی لە ستانداردی ژیانی خەڵک دروست نەکردوە. داهاتی ڕاستەقینەی بەشێکی بەرچاو لە کەرتەکانی ئابووری بە لاوازیی دەمێنێتەوە و بەشی بیناسازیی و ڕێگاوبان لە دۆخی نزمی بازاڕدا ماوەتەوە.
ڕێژەی بێکاریی هێشتا ١٢- ٥%، بەتایبەتی لەنێو ئەو کەسانەی کە بڕوانامەی زانکۆیان هەیە. بەڵام لە شارە بچووکەکان و ناوچە سنوورییەکانی وڵات، شوێنێک کە زۆربەی نارەزایەتییەکان بەهۆی نیگەرانی لەبارەی نایەکسانیی و هەژاریی هاتنە ئاراوە، گەلێک بەرزترە.

لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا ڕیبەری مەزن دەسەڵاتی بەربڵاوی بۆ دیاریی کراوە و تەنانەت رووحانیش توانایییەکی سنووورداری بۆ کاریگەریدانان لەسەر بەشە گرینگەکانی سیاسەت و لەنێویاندا بەشێک لە سیاسەتی ئابووریدا هەیە. هەندێک لە سیاسەتە کلیلییەکان لێی قەدە کراون، وەک دەستوەردان لە سورییە، عێراق و لوبنان. ئەم هەڵمەتانە کە هەموو ساڵێک تێچووی چەندین میلیارد دۆلاریی بۆ ئێران هەیە، وێدەچێ کە بۆتە هۆی بەشێک لە تووڕەیی خۆپیشاندەرەکان.

### جیاوازییە سەرەکییەکان

سێ جیاوازیی سەرەکی لە نێوان سەرهەڵدانی ئەم دواییانە و هی ٢٠٠٩ هەیە. لە ٢٠٠٩، داواکارییەکان سیاسی بوون. بەشی

بەشی یەکەم

ڕیفۆرمخوازی ڕێژیم، کە ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی قبووڵ نەبوو، ئەکتەری سەرەکیی ناڕەزایەتییەکان بوو. ناڕەزایەتیی ئەمجارە هیچ ڕێبەرێکی دیاریکراوی سیاسیی نیە و وێدەچێ تەواوەتیی ڕێژیمی کردبیتە ئامانج، بە ڕیفۆرمخوازەکانیشەوە. ئەمە بە باشترین شێوە لەو دروشمانەی کە زۆر جار لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە دەگوترانەوە دەردەکەوێ، کە دەکرێ بەم شێوەیە وەریان گێڕین، «ئەمە کۆتایی گشت ئێوەیە».

جیاوازییەکی دیکە ئەمەیە کە ناڕەزایەتییەکانی ۲۰۰۹ لە تاران و شارە سەرەکییەکان بەڕێوەچوون. لە کاتێکدا کە خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە ئەگەر خۆپیشاندەری کەمتری لەخۆ گرتبوو، بەڵام پانتاییەکی زۆر مەزنتری وڵاتیان گرتەوە، لەنێویاندا زۆر شاری بچووک کە ناپێشکەتوو و کەمداهاتن.

ئەم خۆپیشاندەرانە کە زۆرینەیان لاون، لەنێویاندا بێکارانی خاوەن بەڵگەنامەی زانکۆ و کرێکاری کەم داهاتن، لە هەواڵە بەربڵاوەکانی گەندەڵیی و قۆرخکرانی نادادپەروەرانەی سامان لە دەستی بەشێک لە کاربەدەستاندا تووڕەن. تاقمە دەسەڵاتدارەکان کە لەگەڵ یەکتر لە کێبڕکێ دان، پەیتا پەیتا گەندەڵیی یەکتر ئاشکرا دەکەن، ئەم ئاشکرا کردنانە بۆتە هۆی هەست بە بێگانەبوون لە نێو ئەم بەشە لە هاووڵاتییان کە تووشی هەژاریی و بێکاریی بوون. ئابووری بۆ خۆپیشاندەرانی ئێستا گەلێک گرینگترە لە خۆپیشاندەرەکانی چینی مامناوەند لە ناڕەزایەتییەکانی ۲۰۰۹.

خاڵی کۆتایی، وەڵامی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ سەرهەڵدانی ئەمجارە زۆر جیاواز بوو.

بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما بە پارێزەوە وەڵامی سەرهەڵدانی ۲۰۰۹ی دایەوە و داوای کرد کە خۆپیشاندەران بە ئاشکرا هان نەدرێن، هۆیەکەی ئەو مەترسییە بوو کە پشتیوانیی ئاشکرا دەبێتە هۆی سەرکوتی بێبەزەییانەتر.

بە پێچەوانە، سەرۆک کۆمار دۆناڵد ترامپ و وەزارەتی کاروباری دەرەوە چالاکانە پشتیوانییان لە خۆپیشاندەران کردوە و ویلایەتە یەکگرتووەکان تێدەکۆشێ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کاردانەوەی دەوڵەتی ئێران مەحکووم بکەن. بەڵام ئەم دەستپێشخەرییە، بەرەوڕووی دژایەتیی توندی ڕووسیە و چین لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆتەوە.

نیگەرانییەکان لەبارەی پەرچەکرداری بەهێزتر لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ ڕەنگبێ بتوانێ وڵامی وریا و لەسەرخۆی هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران لە ڕووبەڕووبوونەوە بەرامبەر بە خۆپیشاندەرەکان شی بکاتەوە. وەڵامەکە لە ۲۰۰۹ بێبەزەییانەتر و توندوتیژتر بوو.

## ئەگەری کام گۆڕان لە ئارادایە؟

جەختکردنەوەی خۆپیشاندەران لەسەر پرسی ئابووری لەجیات سیاسی، توانایی هەندێک لە بەرپرسە میانڕەوەکانی ڕێژیم بۆ ئاماژە کردن بە نارەزایەتییەکانی خۆپیشاندەران لە جیات بیدەنگ بوون و مەحکومکردنی ڕاستەوخۆ دەباتە سەر، شتێک کە لە ٢٠٠٩ ئەنجام درا.

لە کاتێکدا کە ئاکاری تووندوتیژ لەلایەن هەندێک لە خۆپیشاندەرانەوە مەحکوم کرا، زۆر لە ڕیبەرە سیاسییەکانی ئێران، لە نێویاندا عەلی خامەنەیی، هاوسۆزیی لەگەڵ نیگەرانییە ئابوورییەکانیان دەربڕیوە.

ئەوان بە هەمان شێوە بوونە هۆی هەندێک ئاڵوگۆڕ لە بودجە و پێشترێتیدان بە چاکسازییە ئابوورییەکان. بۆ وێنە، بردنەسەریی بەرنامە بۆداڕێژراوی نرخی سووتەمەنی وەدوا خراوە.

لە کاتێکدا کە جێگای دڵخۆشییە کە دەوڵەت کاردانەوەی بەرامبەر بە نیگەرانییەکانی خۆپیشاندەران هەبووە، ڕاگرتنی چاکسازیی ئابووری پێویست، ڕێگای دروستی ئەم کارە نیە. ئەم هەنگاوانە بێگومان بە دڵی ئێرانییە کەمداهاتەکان و بردنە سەریی خۆشەویستیی سیاسی ئەوان دەبێ، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی گیروگرفتی زۆرتر لە داهاتوودا چونکە دەبێتە هۆی چوونە سەریی ڕێژەی کەمهێنانی بودجە کە لە کۆتاییدا ئەگەری چوونە سەریی ڕێژەی هەڵاوسانی نرخەکانی بەدواوەیە.

لەجیات ئەوەی کە نرخی کاڵا سەرەکییەکان بە شێوەیەکی دەستکرد لەخوارەوە ڕاگیرێ، کە دەبێتە هۆی بەفیرۆ چوون و ناکارامەیی بەرچاو لە ئابووریدا، ڕێگای کاریگەرتر ئەمەیە کە جەخت لەسەر سوبسیدی دیاریکراو بۆ چینی هەژار بکرێ و هەوڵی جیددیتر بۆ خەبات دژی گەندەڵیی و واستەکاریی سیاسی، هۆی سەرەکیی جیاوازیی نێوان داهاتەکان لە ئێرانە، بدرێ.

## کام شت ڕوونادا؟

ئاخۆ ئەم سەرهەڵدانە دەبێتە هۆی وەخەبەر هاتنی ئێلیتی سیاسی بۆ پێویستیی هەنگاوی زۆرتر؟

بەداخەوە لانیکەم تا ئێستا، کاردانەوەیەکی ناکاریگەری پۆپولیستی تەنیا شتێک بوو کە ڕێبەری مەزن ئەنجامی داوە.

بەشی یەکەم

داواکارییە سیاسییەکانی خۆپیشاندەران، وەک نەهێشتنی گەندەڵیی، سنووردار کردنی دەسەڵاتی خامەنەیی و کەمکردنەوەی دەوری ئێران لە ناکۆکییە ناوچەییەکان، وێناچێ بەم زووانە وەڵام بدرێنەوە.

سیستەمی سیاسیی ئێران بە وردی لەو کاربەدەستانە کە دەبنە بەڕیوەبەریی دامودەزگا دەوڵەتییەکان دەکۆڵێتەوە و لە ئاکامدا ئەم شوێنانە بە ڕووی هاووڵاتییە ئاساییەکاندا داخراون، کە دەبێتە هۆی ئالتێرناتیڤی گەلێک کەم بۆ کاریگەریی لەسەر سیاسەتەکانی دەوڵەت جگە لە خۆپیشاندانی سەر شەقام.

هیچکام لە تاقمە سیاسییەکان، بە ڕێفورمخواز و کۆنەپارێزەوە، هێچ ڕیگاچارەیەکیان بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە پێشنیار نەکردوە. بەڵام بۆ زۆربەی ئێرانییەکان، گەندەڵیی، هەژاریی و نایەکسانیی ئابووری بە بێ چاکسازیی جیددی چارەسەر نابن. ئەمە بەو مانایەیە کە ئەگەرچی سەرهەڵدانی ئەمجارە خۆی لە کزیی داوە، سەرهەڵدانی لەم چەشنە وێدەچێ لە داهاتوودا دووپات بنەوە.

(لە ژمارەی ٧١٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٨

# ئاوابوونی خۆری بەختی کوردان (باشووری کوردستان)

## ١

### فارین پاڵیسی - جوست هیلتەرمەن

تەنیا چەند مانگ پێش ئێستا، وێدەچوو کوردەکانی عێراق و سورییە گەورەترین براوەی شەڕ لە دژی داعش بن. بەهێز لە هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە خۆرئاواییەکان، کە سەردەمێک خیانەتیان پێکردبوون و لێکیان جیا کردبوونەوە، وێرایان خەونی قەرەبووکردنەوەی ئەوشتەی کە لە ڕوانگەی ئەمانەوە هەڵەیەکی مێژوویی لە کاتێکدا کە مانۆڕە ژێئۆپۆلیتییەکان، دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، پێشیان بە دروستبوونی کیانی سەربەخۆی خۆیان گرت، ببینن.

بەڵام لەجیات ئەوەی کە شاهیدی دروستبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ بن، کوردەکان تووشی نسکۆیەکی مەزن بوون. لە کاتێکدا کە هەڵمەتە سەربازییەکەی دژی داعش بەرەو کۆتایی دەچێ، حەزی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی بۆ بەکارهێنانی کوردان وەک نوێنەری ئەوان دژی ڕێکخراوە جیهادییەکان نەبۆتە هۆی پشتیوانیی درێژخایەنی سەربازیی و سیاسی و بێگومان نەشبۆتە پشتیوانیی لە کیانی سەربەخۆ.

ڕێبەرانی کورد هەمیشە ئاگاداری ئەم مەترسییانە بوون بەڵام سەرەڕای ئەم ڕاستییە، بە هیوای دەستخۆشانەی قوربانیدانییەکانیان، ڕەزامەندییان دەربڕیوە: گیانی هەزاران کەس و تێچوویەکی بەرچاو کە لە جیات ئەوەی کە خەرجی گەشەکردنی کوردستان بکرێ سەرفی گرتنەوەی ئەم شوێنانە کرا کە ڕەنگبێ بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی زۆر گرینگ بن بەڵام بۆ خودی کوردەکان گرینگ نەبن. ئەم مەئمورییەتانە بوونە هۆی ناڕەزایەتیی قووڵی شەقامی کوردی. پارێزەرێکی کورد لە شاری قامیشلو دەڵێ هێزە کوردییەکان خەریکی ئازادکردنی ژمارەیەکی زۆر لە شارە عەرەبەکانن لە کاتێکدا کە ناوچە کوردییەکان بە دەست نەبوونی ژێرخانی ئابووری وەک قوتابخانە و کارەباوە دەناڵێنن.

ئەوەی کە دۆخەکەی هێندەی تر خراپ کردووە، تێکەڵاوێک لە دەستلێبەردانی وڵاتە خۆرئاواییەکان و ناکارامەیی سیاسەتی نێوخۆیە کە کوردەکانی تووشی خراپترین دۆخی تا ئێستا کردووە. لە ساڵی ڕابردوو دا، کاربەدەستانی کورد لە عێراق وازیان لە ستراتێژییە هۆشیارانەکەیان هێنا تا بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی لە ڕێگەی هیوادارابوون بە پشتیوانیی ئامریکا

## بەشی یەکەم

بۆ ئەوەی کە ڕێگایان بدا بەرەو هێڵی کۆتایی بەسەر تەنگوچەڵەمەکاندا بازدەن و ئەمە دەرکەوت کە هەڵە بوو. بڕیاری ئەوان بۆ بەڕیوەبردنی گشتپرسی سەربەخۆیی کە دەمەقاڵەی لەسەر بوو و پێچەوانەی ویستی دەوڵەتانی بەهێزتر بوو، نسکۆیەکی مێژوویی لێ کەوتەوە.

گشتپرسی سێپتامبری ٢٠١٧ قەرار بوو دەستپێکی چنینەوەی دەستخۆشانە لەلایەن کوردانی عێراق بۆ ڕۆڵی ئەوان لە شەڕ دژی داعش بێ. مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پانتایی ناوچەی گشتپرسی بۆ ئەم شوێنانە زیاد کرد کە بە ناوچە جێناکۆکەکان، لە سنووری نێوان بەشە کوردی و عەرەبییەکانی عێراق، کە هەردوو لا ئیددیعای خاوەندارێتی دەکەن هەڵکەوتوە و پڕە لە سەرچاوەی نەوت. دەوڵەتی بەغدا بە سەرۆکایەتیی سەرۆک وەزیران حەیدەر ئەلعەبادی بەتایبەتی دژی ئەم بڕیارە بوو، کە وەک یەکەم هەنگاوی هەرێمی کوردستان بۆ دەستبەسەر داگرتنی ئەم ناوچەیانە سەیری دەکرد.

کاردانەوەی عێراق خێرا و بێبەزەییانە بوو: دوای گشتپرسییەکە، عەبادی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی بەغدا، هێزی سەربازیی فێدراڵی نارد بۆ ناوچە جێناکۆکەکان. ئەم ناوچانە پتر لە سێ ساڵ پێشتر کەوتبوونە دەست هێزی پێشمەرگە، کاتێک کە سوپای عێراق لە بەرامبەر هێرشی سەرەتایی داعش شکستی هێنا. لە ئۆکتۆبر، دوای گرتنەوەی چاڵە نەوتەکانی کەرکوک هێزە ئەمنییەکانی عێراق درێژەیان بە مارشەکەیان دا و پانتاییەکی بەربڵاویان لە ناوچە جێناکۆکەکان لە باکوور و خۆرهەڵاتی عێراق گرتەوە کە لەو ناوچانەی کە ساڵی ٢٠١٤ کوردەکان دەستیان بەسەردا گرتبوون زۆرتر بوو.

بارزانی زوو تێگەیشت کە هاوپەیمانەکانی پشتیان تێکردووە و دوژمنەکانی دژی ئەو یەکتریان گرتووە. ئێران، کە ماوەیەکی دوورودرێژ بوو دژایەتیی خۆی بەرامبەر بە گشت هەوڵێک بۆ پارچە پارچە کردنی عێراق دەربڕیبوو، کەڵکی لە تاقمێک شیعە کە بۆخۆی ڕاهێنانی پێکردبوون و بەچەک پۆشتەی کردبوون، دژی هێزە کوردییەکان کە دوای سوپای هێرشبەری عەبادی پاشەکشەیان کردبوو وەرگرت. تورکیە، هاوپەیمانی بارزانی، نیگەرانی تەشەنەکردنی خولیای جیاییخوازیی لە نێو کوردەکانی خۆی بوو. تورکیە هەڕەشەی کرد کە سنوورە هەستیارەکانی بەرەوڕووی هەرێمی کوردستان دابخا و چاوی لە بەرامبەر ئەو مامەڵەیەی ئێران نووقاند کە ئیزنی پاشەکشەکردن بە کوردەکان لە لایەن بەغداوە دەدا.

لە پەیوەندی لەگەڵ کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەوان دەمێک بوو دژی هەرچەشنە ئاڵوگۆڕ لە سنوورەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، لە ترسی ئەوەی کە ئەمکارە ببێتە هۆی کاردانەوەی دۆمینەیی کە نەکرێ پێشی پێ بگیرێ و دژی هەر هەوڵێک کە ببێتە هۆی لاواز کردنی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، بوون و بە ئاشکرا چەند حەوتوو پێشتر بە بارزانییان گوت کە گشتپرسییەکە نەکا. کاتێک کە واشینگتۆن بۆی دەرکەوت کە عەبادی لە گەڵ یەکێک لە گرووپە کوردییەکان، لایەنی

یەکیەتی نیشتمانی کوردستان سەر بە تاڵەبانی، ساغ بۆتەوە کە بێ خوێنڕێژیی کەرکوک بگرێتەوە، هیچ کارێکی نەکرد. وێدەچی کە ئێران دەلالی ئەم مامەڵەیە بووبێ.

دەستبەسەرداگرتنی چاڵە نەوتییەکانی کەرکوک لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە وێدەچێ شکستێکی مەزنتر لە لەکیس چوونی خودی شارەکە بۆ ئاواتەکانی کوردان بێ. نەوت بۆ خەونی سەربەخۆیی ئەوان یەکلاکەرەوەیە: نەوت دەبێتە سەرچاوەی داهات و وەک کارتێکی فشار بەرامبەر بە جیرانەکانیان. لەکیس چوونی کۆنترۆڵ بەسەر ئەم چاڵە نەوتانە، بە مانای گەڕانەوە بۆ سەردەمێکە کە ئەوان بەستراوەی عێراق و داهاتی چاڵە نەوتەکانی باشوور کە گەلێک مزنترن بوون. هەڵسوکەوتی بەغدا پاش گرتنەوەی کەرکوک لە نێوەڕاستەکانی ئۆکتۆبر نیشاندەری ئەمەیە کە ئەوان دەقاودەق مەبەستیان گەڕانەوە بۆ ئەم دۆخەیە: بەستراوەیی تەواوی هەرێمی کوردستان بە بەغدا.

سەرۆکایەتیی کورد دوو هەڵەی لێکدانەوەی کردن کە بووە هۆی دۆخی ترسناکی ئێستا. یەکەمیان چاوڕوانیی بارزانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پشتیوانیی لە هەوڵەکانی ناوبراو بۆ سەربەخۆیی، کە بناخەکەی لەسەر ئەم شتەی کە لە ڕوانگەی ئەوەوە پێویستیی خۆرئاوا بە کوردان و هاوسۆزی خۆرئاواییەکان بۆ کوردان دامەزرابوو. ڕێبەرانی کورد لەسەر ئەم بڕوایەن کە ئەوان جار لە دوای جار سەلماندوویانە کە شایانی هاوپەیمانیی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانن و باسی ئەمەیان کردووە کە کوردستان هاوبەشێکی جێگای مەتمانە بۆ بەرپەرچدانەوەی خولیاکانی ئێران لە ناوچەیە.

بەهەمان شێوە ڕێبەرانی کورد دەمێکە پشتیوانییان لە پرەنسیپە دێموکڕاتیکەکان کردووە و ئیددیعا دەکەن کە ئەوان مودێلێکی نموونەیین بۆ خۆرهەلاتی نێوەڕاست دوای ٢٠٠٣. ئەوان قەت لەبیر ناکەن کە باسی پاراستنی گروپە کەمینەنەتەوەکان بکەن و کە ئەوان پتر لە میلیۆنێک ئاوارەی عێراقییان لە هەرێمی کوردستان حاواندۆتەوە. ئەوان هەروەها باس لەوە دەکەن کە ڕەوایی هەوڵەکانیان بۆ سەربەخۆیی لە شەڕی ئامریکا بۆ سەربەخۆیی کەمتر نیە و کە پرەنسیپەکانی سەربەخۆیی لە یاسای نێونەتەوەییدا پشتیوانییان لێدەکرێ.

ئەوەی کە ئەم هەڵمەتە دڵڕفێنانە سەرکەوتوو نەبوون دەگەڕێتەوە بۆ بەشی دووهەمی هەڵەی لێکدانەوە لە لای بارزانی، کە گەلێک لەماڵەوە نزیکترە. بەڵگە ناخۆشەکە ئەمەیە کە ڕێبەرانی کورد بانگەشەی ئەمە دەکەن کە ئەوان خەریکی دامەزراندنی قەلایەکی دێموکراسی لە خۆرهەلاتێکی نێوەڕاستن کە بەدەست دەسەلاتی ئایینییەوە دەناڵێ، بەلام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەوان قەت ئەم کارەیان نەکرد. دوای ڕووخانی دەسەلاتی سەددام حوسێن، دوو حیزبی سەرەکیی کوردیی، پارتی دێموکراتی کوردستان (پدک) سەر بە بارزانی و یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان (ینک) سەر بە جەلال تاڵەبانی وزەی

خۆیان بۆ دامەزراندنی پێکهاتەی یاسایی و فرەلایەن کردنی ئابووری تەرخان نەکرد. لە جیاتان، ئەوان پارەی نەوتیان بۆ دەوڵەمەندترکردنی خۆیان، بنەماڵەکانیان و کادرەکانی حیزبەکانیان تەرخان کرد.

هێرشە بێبەزییانەکەی داعش لە باکووری عێراق لە ٢٠١٤ دۆخەکەی خراپتر کرد. خەبات دژی دوژمنی هاوبەش مەیدانی بۆ بارزانی چۆڵ کرد تا ڕەوایی بە داخستنی پارلمان و درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی بدا. دەسەڵاتی حیزبی جێگای دەسەڵاتی لێهاتووی گرتەوە. سەرۆکایەتیی بەرەکانی شەڕ دژی داعش هەم لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی و هەمیش لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکیەتی، درایە دەست ڕایەڵەیەک لە خەڵکی سیاسی، سەربازی و بازرگان کە بەشی سەرەکییان پەیوەندیی کەسیی و خزمایەتییان بە ڕیبەرانی حیزبەکانەوە هەبوو.

دەستبەسەر داگرتنی خێروبێری شەڕ لە لایەن چەند ڕێبەرێک کە دەسەڵاتیان هەر لە زیادبوون بوو، بنکۆڵ کرانی سیستەمی سیاسی لێکەوتەوە. وەزیرانی دەوڵەت کە سەر بە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان بوون دەسەڵاتیان لە کارمەندەکەنیان لە هەمان وەزارەتخانانەدا کە سەر بە پارتی یا یەکیەتی بوون کەمتر بوو و ئەمە بووە سەرچاوەی سەرەکیی خزمخزمێنە لە هەرێمی کوردستان. مەسرور بارزانی، کوڕی مەسعود، دەسەڵاتی خۆی بەسەر دەزگای ئەمنییەتی پارتییەوە، لە کێبڕکێ لەگەڵ ئامۆزاکەی نێچیرڤان بارزانی، کە سەرۆک وەزیرانی هەرێمە و پراگماتیستێکە کە جەخت لەسەر بەهێز کردنی ئابووری دەکا، بەهێز کرد.

پشتیوانیی بێمەرجی سەربازیی لە لایەن خۆرئاواوە ئەم ڕەوتەی بەهێزتر کرد. ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئورووپا ڕێژەیەکی بەرچاو چەکوچۆڵیان دایە هێزە کوردەکان، لە قسان بۆ حکومەتی هەرێم بەڵام بە کردەوە بەشی سەرەکیی کەوتە دەست پارتی. هێزە ئەمنیەتییەکانی پارتی و یەکیەتی چوونە قووڵایی ناوچە جێناکۆکەکان و هەندێک ناوچەی غەیرە کوردییان لە پرۆسەی شەڕ دژی داعش وێران کردوە و پێشیان بە خەڵکی مەدەنیی گرتوە کە بگەڕێنەوە مەگەر ئەوەی کە بەڵێنی وەفاداریی بە حیزبە کوردییەکان بدەن.

لە شەڕی ئازاد کردنی موسڵ لە دەستی داعش لە کۆتاییەکانی ٢٠١٦، تێکەڵاوێک لە دەوڵەتداریی خراپ، نایەکگرتوویی سیاسی و ناڕەزایەتیی جەماوەیی سەری هەڵدا. هەندێک کەس لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە شەڕ دژی داعش لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان لە لایەن ڕێبەرانی کورد وەک ئامرازێک بۆ دەوڵەمەند کردنی خۆیانەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ کە هیچ قازانجێکی بۆ کوردی ئاسایی نیە. لە سەرەتای هەڵمەتی شەڕی موسڵ پێشمەرگەیەک پرسیاری دەکرد، «بۆچی ئێمە بۆ چینی سیاسەتمەدار بجەنگێین؟ بۆچی ئێمە بۆ شەڕ بچینە موسڵ کاتێک کە موسڵ بەشیک لە کوردستان نیە؟»

بەشی یەکەم

لێکترازانی نێوان پارتی و یەکیەتی قووڵتر بۆتەوە و بۆتە هۆی کەلێنی ناوچەیی لە کوردستان، چوون لە سلێمانی کە لە ژێر دەسەلاتی یەکیەتییە بۆ هەولێر کە لە ژێر دەسەلاتی پارتییە وەک تێپەڕ بوون لە سنوور دەچێ. بە شێوەیەک، گشتپرسی و نسکۆیەکەی هەردووکیان ئاکامی هەوڵی ئەم دوو حیزبە بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەویتر دابوو: بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی جەماوەری بۆ گشتپرسی، پارتی دیموکراتی مەسعود بارزانی ئاشتییەکی لەرزۆکی لەگەڵ ئەو ڕێبەرانەی نێو یەکیەتی کە لە تەریکخرانەوە لەلایەن فراکسیۆنی تاڵەبانی دەترسان، پێکهێنا. ئەم هەنگاوە تاقمی تاڵەبانی، بە نێوەندگیریی ئێران، هان دا کە لەگەڵ بەغدا بۆ کشاندنەوەی هێزەکانیان لە کەرکوک ڕێکبکەوێ.

دەوری تاڵەبانییەکان هەستیار بوو. ئەوان تەنیا پشتیوانیی شلوێ و درەنگ وەختیان لە نەخشەکانی گشتپرسی بارزانی کردبوو. کاتێک کە دیتیان سەرۆک بەرەوڕووی ڕەخنەی بەربڵاوی ناوچەیی و نێونەتەوەیی لە بەر پێداگریی لەسەر گشتپرسی بۆتەوە، هەلێکیان بۆ پووچەڵکردنەوەی پلانەکانی ناوبراو بەدیکرد. لە ئەنجامی کشاندنەوەی هێزەکانیان لە کەرکوک، سوپای عێراق، بە پشتیوانیی میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە کاتی بەرەوپێشچوونیان بەرەوڕووی نزیکەی هیچ بەرهەڵستکارییەک نەبوونەوە.

**ویدەچوو بارزانی بەم ڕووداوانە تووشی شۆک بووبێ، ئەمە بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە پێی وابووە کە پشتیوانیی خۆرئاوا و داهاتی نەوت ئەمی دژی پێویستیی سازش واکسینە کردووە. حیزبەکەی بە شێوەیەکی پەرەئەستێن تووشی هەڵوێستی یەکلایەنە ببوو: پێش ڕووداوەکانی ئەم دواییانە بە ئاماژە کردن بەم ناوچانەی کە پارتی لەوێ دەسەڵاتی تاقانەی هەیە، بازرگانێک کە بۆتە پێشمەرگە گوتی «ئەگەر سلێمانی لەگەڵ ئێمە نەبێ، ئێمە کوردستان لە دهۆک، هەولێر و دەشتی نەینەوا دروست دەکەین.»**

**لە ئاکامی ئەم غرورەوە، ئێستا جێگای گومانە کە بتوانن کوردستان لە هیچ شوێنێک دروست بکەن.**

(لە ژمارەی ٧١٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# یەکەم شەڕی ژەنڕاڵ ئەردۆغان

## ستیڤن ئەی کوک

ئیسماعیل حەققی کارادایی هەرگیز لە پشت وەزیری بەرگریی دانەدەنیشت. حوسێن کیڤریک ئۆغلۆش بە هەمان شێوە. هیچ فەرماندەیەکی گشتیی سوپای تورکیەی پێش ئەوانیش ئەو کارەیان نەکردبوو. ئەوە هەمیشە وەک شتێکی سەیر لە کۆبوونەوەکانی وەزیرانی ناتۆ دەبینرا کە ئەفسەرانی سوپای وڵاتانی تر لە پشت سەری ڕیبەرە سیڤیلەکانیان دادەنیشتن، جگە لە ئەوانی تورکیە، ئەوان لەپەنای وەزیرەکانیان دادەنیشتن. بەڵام گشت شتێک جگە لەوە شێواندنی پرۆتۆکۆڵ بوو. چارتی ڕێکخراوەیی تورکیە ڕوون بوو: وەزیری بەرگریی هیچ ئۆتۆریتەیەکی بەسەر فەرماندەی سوپاوە نەبوو، و لە کاتێکدا کە هەردووکیان لە ژێر فەرمانی سەرۆک وەزیرانی سیڤیل دابوون، پیاوە یونیفۆرم لەبەرەکان هەمیشە بەو شێوەیە هەڵسوکەوتیان نەدەکرد.

ئێستا خەریکە ئەو شێوازە پەیوەندییەی نێوان بەشی سوپا و سیڤیل لە تورکیە دەگۆڕێ. لاوازکردن و وەدەرنانی هێزە سەربازییەکان لە ژێر دەسەڵاتی حیزبی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابردوودا بەو مانایە بووە کە ئیستا سەرۆک کۆمار رەجەب تەیب ئەردۆغان یەکەم سەرۆکی تورکیەیە کە خاوەنی ڕاستەقینەی دەسەڵاتەکانی دیاریکراو لە برگەی ژمارە ١٠٤ و ١١٧ی یاسای بنەڕەتیی تورکیەیە. ئەو برگانە ئەرۆغان دەکەنە فەرماندەی گشتیی (بە نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی مەزنی نەتەوەیی) و ڕێگای پێدەدەن کە " بڕیاری بەکارهێنانی هێزە سەربازییەکانی تورکیەی بەدەستەوە بێ"، کە دووهەمین سوپای مەزنی ناتۆیە. و ئەو بە سەخاوەتەوە کەڵکی لەو دەسەڵاتە وەرگرتووە، لە ماوە ١٨ مانگی ڕابردوودا دووجار فەرمانی بە فرۆکە، تانگ و سوپای تورکیە داوە کە بچنە ناو سورییە.

ئەردۆغان چ جۆرە فەرماندەیەکی گشتیی بووە؟ عەمەلیاتی چڵە زەیتون، کە ٢٠ ی ژانویە دەستی پێکرد، نیشانی داوە کە ئەردۆغانی فەرماندەی سوپا تا ڕاددەیەکی زۆر وەک ئەردۆغانی سیاسەتوانە، هەر دوو نێشانەی کەسێکی ڕیسککەر و پراگماتیست، لە داگیرکارییەکەی لە سورییە دەبینرێن. بەڵام شتێک کە ڕێبەرایەتییە سەربازییەکەی سەرۆک کۆماردا نەگۆڕ ماوەتەوە: شێوەی ئاخافتنی خۆسەپێنەر و نەتەوەپەرستانە، هەم لەبارەی ئامانجە سەربازییەکانی و پێشوەچوونەکانی. جگە لەوە لە کاتی قسە کردنی ئەردۆغان بۆ لایەنگرەکانی لە بارەی دوایین دەستدرێژییەکەی بۆ ناو سورییە، پێداگریی ئاشکرا لەسەر سوژەی ئیسلامیی دەکا.

## ئاکامەکان لە بەرەی شەڕدا هەرچی بێ، ئەردۆغان هەر ئێستا دەورێکی سەربازیی بێ وێنەی بۆ خەڵکی سیڤیلی تورکیە دەستەبەر کردووە.

دەسەڵاتەکانی فەرماندەی گشتیی کە لەدەست ئەردۆغان دان، دەسەڵاتێکە کە سەرۆک کۆمارەکانی پێشووش هەیانبوو. برگەکانی ئاماژە پێکراو لە یاسای بنەڕەتیی دا لە دوای پەسەند کرانیان لە ١٩٨٢ ئاڵوگۆڕیان بەسەردا نەهاتووە. سەرەڕای ئەوە، ئەردۆغان بە هۆی زیندوو کردنەوەی ئەو دەسەڵاتانە تاقانەیە. تەنیا نموونەی سیاسی لە ساڵەکانی دوای کودەتای ١٩٨٠، سەردەمی سەرکۆماریی خاوەن کاریزما تورگوت ئۆزال بوو. هەروەک ئەردۆغان جیلێک دواتر، ئۆزال بڕیاری دابوو کە ئۆتۆریتەی خۆی لە ڕێگای بە چالش کێشانی دەسەڵاتی ئەفسەرانی سوپا بسەپێنێ. لە ١٩٨٧، ئەو ژەنراڵ نەجیب تۆرومتای وەک سەرۆکی فەرماندەی گشتیی دیاریی کرد کە بووە هۆی ناڕەزاتەیی ئەو فەرماندانە کە عادەتیان بەوە گرتبوو کە ئەوان ئەو بڕیارە بدەن .

ئەو سەردەم، دوو ساڵ و نیو دواتر، ئۆزال، کە ئەو کات یەکەم سەرۆک کۆماری سیڤیلی وڵات بوو، لەگەڵ فەرماندەی گشتیی تووشی کێشمەکێش بوو لەبەر پێداگریی لەسەر پشتیوانیی تورکیە بۆ عەمەلیاتەکانی قەڵخانی بیابان و گەردەلولی بیابان بە ڕێبەریی ویلایەتە یەکگرتووەکان. وەک ناڕەزایەتیی دەربڕین تۆرومتای دەستی لە کار کێشایەوە. پاشان هیچ شتێک نەقەوما. هیچ هەڕەشەیەک لە لایەن ئەفسەرانەوە نەبینرا، هیچ یادداشتێک بەرەوەڕووی ئۆزال بۆ گۆڕینی سیاسەتی تورکیە نەبۆوە و هیچ کودەتایەکیش نەهاتە ئاراوە.

بەڵام سەربەخۆیی ئۆزال بەرامبەر بە سوپا بە مەرج و بەستراوە بە هەلومەرجی تایبەتییەوە بوو و شێوەی نەریتیی دەستەوەستانی سیڤیل دوای مردنی ناوبراو لە ١٩٩٧ گەڕایەوە. پێش ئەوەی کە یەکەم دەوڵەتی ئیسلامیی لە ژوئەنی ١٩٩٧ ناچار بە دەستلەکار کێشانەوە بکرێ، فەرماندەی گشتیی، سەرەڕای دڵگرانیی تووندی سەرۆک وەزیران نەجمەددین ئەربەکان، پەیوەندیی ستراتێژیکی لەگەڵ ئیسرائیل دامەزراند، و بوونی ئەوەیان لە ناوەندێکی لێکۆڵینەوە لە واشینگتۆن ڕاگەیاند، جگە لەوە عەمەلیاتی سەربازیی لە عێراق دژی حیزبی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بە بێ ئاگادار کردنەوەی ئەربەکان ئەنجام درا. ئەفسەرەکان دوای هەوپەیمانیی لەرزۆکی ڕاست - چەپ کە دوای ئەربەکان دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، عەمەلیاتێکی سەربازیی تریان لەناو عێراق ئەنجام دا. سەرۆک وەزیرانی نوێ، مەسعود ییلماز، بەهەمان شێوە لە تاریکییدا مایەوە.

کاتێک کە ئەکەپە لە نۆڤامبری ٢٠٠٢ دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، دەستی بە ئاڵوگۆڕ لە پەیوەندیی نێوان ڕێبەرانی سیڤیلی هەڵبژێراوی تورکیە و ئەفسەرانی سوپا کرد. دەوڵەتی پێشوو هەندێک دەستوەردانی لەو مژارە بە گۆڕینی پێکهاتەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیە، کاناڵی سەرەکیی کە لەوێوە سوپا کاریگەریی لەسەر سیاسەت و سیاسییەکان

دادەنا، بە قازانجی سیڤیلەکان ئەنجام دابوو. بەڵام بە لەبەر چاو گرتنی کۆنترۆڵی سوپا بەسەر دامودەزگای بوروکراتیکی ئەنجومەنەکەوە، کاریگەرییەکی سنوورداری هەبوو. هەوڵەکانی ئەکەپە بە لەبەرچاوگرتنی پشتیوانیی بەربڵاوی جەماوەری لە چاکسازییەکانی پەیوەندییدار بە یەکیەتیی ئورووپا کە بەشێکیان دەگەڕاوە سەر هاوتەریب کردنی پەیوەندیی نێوان سوپا و ڕیبەرە سیڤیلە هەڵبژێراوەکان لەگەڵ نۆرمەکانی یەکیەتیی ئورووپا، بێ کێشە دەستیان پێکرد. ئەردۆغان و سەرۆک ئەرکانی ئەوکاتی، ژەنراڵ حیلمی ئۆزکوک، وێدەچوو گەیشتبنە لێکتێگەیشتنێکی جێنتلمەنانە بۆ پێشگرتن بە شێواندنی گۆڕەپانی سیاسی لەبەر ئەو ئاڵوگۆڕانە.

لە ٢٠٠٧ کاتێک کە سوپا پێشی بە بەربژێری ئەکەپە عەبدوڵڵا گیول گرت کە ببێتە سەرۆک کۆمار، هەندێک ئاڵۆزیی هاتە ئاراوە. لە ترسی ئەوەی کە نوخبەی نەریتیی تورکیە هەرگیز نەهێڵی ئەو ببێتە سەرۆکی دەوڵەت، ئەردۆغان و ئەکەپە دەستیان کرد بە هاوکاریکردن لەگەڵ لایەنگرانی فەتحوڵڵا گیولەن و دەسەڵاتی سوپایان لە ڕێگای دادپرسیی فەرمایشی بە بەڵگەی ساختەوە کەم کردەوە. چاوترسێن کردنی سوپا بە وەلانانی ئەفسەرانێک کە بە لایەنگریی کردن لە گیولەن تاوانبار کرابوون، ئێستا دەوڵەتی تورکیە ئەو مەلایە کە دانیشتووی ویلایەتە یەکگرتووەکانە بەوە تاوانبار دەکا کە ڕێبەری ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە کە لە پشت کودەتای شکستخواردووی جولای ٢٠١٦ بووە، و ئەندامانی تری سوپا کە وەفاداری [ئەردۆغان] نین درێژەی پێدرا. ئەوە بۆتە هۆی ئەوە کە سوپا لە دۆخێک دانەبێ کە بتوانێ ئەردۆغان بە چالش بکێشێ. ئەگەرچی بیرۆکەیەکی باش نییە کە بڵێین سەردەمی کودەتاکان لە تورکیە بەسەر چووە، لانیکەم لەبەر ئەوەی کە زۆر لە لێکۆڵەرەوان پێش هەوڵی کودەتای سەربازیی لە ٢٠١٦ ئاماژەیان پێدەکرد، دەسەڵاتی درێژخایەنی ئەردۆغان وێدەچێ شێوەی پێشووی پەیوەندییەکانی نێوان بەشی سیڤیل و سوپای لە تورکیە گۆڕیبێ.

داگیرکارییەکان لە سوورییە دەقاودوق ئەو ڕاستییە نیشان دەدن. ئێستا ئەردۆغان دووجار فەرمانی بە هێزە سەربازییەکانی تورکیە، کە فەرماندەکانی پێشتر پێداگرییان لەسەر عەمەلیاتی خێرا، سنووردار لەوبەری سنوورەکان کردووە، داوە تا لە باشووری سنوور عەمەلیات بکەن. پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە ئاڵۆزیی شەڕی سوورییە هۆی ئەوە بوو کە ئەردۆغان چەندین ساڵ بەڕیوەبەرایەتیی سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان باراک ئۆبامای هاندەدا و فریوی دەدا تا لە سوورییە دەستوەردان بکا تا ڕێبەری تورکیە ناچار نەبێ هێزەکانی خۆی بنێرێ بۆ ئەو کێشە مەترسیدارە. کاتێک کە لە هەوڵەکانی قەناعەت هێنان بە ویلایەتە یەکگرتووەکان شکستی هێنا، ئەردۆغان بۆخۆی لە کۆتاییدا ئەو ریسکەی کرد و تەنیا پێنج حەوتوو دوای کۆدەتا شکستخواردووەکە لە جولای ٢٠١٦ بڕیاری دا تا سوپا سەرلێشێواوەکەی دەست بە عەمەلیاتی قەڵخانی فوڕات بکا. عەمەلیاتەکە دەرکەوت کە هێرشێکی ناسەرکەوتوو بێ، بە ڕکخستنی خراپ، ڕیبەریی لاواز و حەوت مانگی پێچوو تا تەکمیل کرا. نێوان ٣٥ تا ٧٠ سەربازی تورک لە هەوڵەکان بۆ ئەستاندنەوەی ئەلباب و شارێکی تر لە داعش

بوونە قوربانیی. تێچووە سیاسییەکانی ئەو عەمەلیاتە بەو ڕاستییە کەمتر کرانەوە کە لایەنگریی لە ئەکەپە ڕەنگدانەوەی بەرچاوی لە ڕاپۆرتی میدیاکانی تورکیەدا هەبوو. ئەوە هەروەها لە کاتێکدابوو کە دوای کودەتای جولای، ئەردۆغان لەلایەن بەرەیەکی بەرین لە لایەنە سەیاسییەکانی تورکیەوە پشتیوانی لێدەکرا.

وێدەچی ئەردۆغان بەشێوەیەکی جیاوازتر دەستی کردبێ بە دوایین قوماری خۆی، لە ژێر ناوی سەیروسەمەرەی "چڵی زەیتون"، کە بەلەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییە کە گرەوەکە قورسترە، مرۆڤ لیی تێدەگا. لە ڕوانگەی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیەوە، ئەو داگیرکارییە بۆ ڕێگریی کردن لە دامەزرانی دەوڵەتێکی تێرۆریست لە سەر سنوورەکانی پێویستە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەردۆغان هەنگاوێکی دراماتیکی لە ناردنی هێزی سەربازیی بۆ شەڕێک لە دژی ئەو هێزانە کە هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانن هەڵگرتووە و لانی کەم ناڕاستەوخۆ هەڕەشەی لە سەربازانی ئامریکا لەبەر ئەو بەڵێنییە کردووە کە دەیهەوێ بەرەو مینبەج و ئەولاتریش تا سنووری عیراق بچێ. ئەو ناوچەیە شوێنێکە کە هێزە تایبەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)، تاقمێکی پەیوەندییدار بە پەکەکەوە، بەشی سەرەکیی هێزی وشکانیی وەزارەتی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ شەڕ دژی داعش پێک دێنن.

پێویست بە گوتن ناکا کە فەرماندەرە گشتییەکانی پێشووی تورکیە وێناچێ بەو شێوەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانیان بە چالش کێشابا. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا بە لەبەرچاو گرتنی پەیوەندیی واشینگتۆن لەگەڵ یەپەگە و تووڕەیی تورکیە لەو پەیوەندییەدا، هەڕەشەی کێشە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان سیاسەتێکی باشە کە دەبێتە هۆی چوونەسەری ڕێژی پشتیوانانی ئەردۆغان، شتێک کە پێش عەمەلیاتی چڵی زەیتون لە بەراورد لەگەڵ دوای کودەتای ٢٠١٦ کەمتر ببۆوە.

تا ئێستا وێدەچێ کە سوپا لە عەمەلیاتی قەڵخانی فوڕات ئەزموونی وەرگرتبێ. تورکیە بە بۆمباران و تۆپ باران پشتیوانیی لە سوپای ئازادی سوریە دەکا، کە بە نوێنەرایەتیی تورکیە دژی یەپەگە لە ناوچەی عەفرین شەڕ دەکەن. ئەوە بۆتەی هاتنە خواری ڕێژەی قوربانییەکانی تورکیە. ئاشکرا نییە کە ئاخۆ ئەردۆغان لە هیچ پلان دانانێکی سەربازییدا بەشدار بووبێ، جگە لە پەسەند کردنی پلانەکە و فەرمانی دەستپێکی دوژمنکارییەکە. لە یەکەم حەوتووی شەڕەکە دا، ئەو لە شوێنێک کە وەک ناوەندی فەرماندەیی عەمەلیاتەکە دەچێ بە باڵتۆیەکی سەربازییەوە وێنەی لێگرا کە ئاماژە بە شتێک دەکا کە وەک بەڵگە و نەخشەی گۆڕەپانی شەڕەکە بێ. ئەوە وەک وێنەیەکی ستاندارد دەچێ ( هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ وێنەی سەرۆک کۆماری ئامریکا لە کاتی سەردان بۆ ناوچەی لە سوپا پاک کراوەی نێوان کۆرەی باکوور و باشوور نییە)، نەوەک نیشانەیەک بۆ ئەوەی کە ئەردۆغان بە ڕاستیی شەڕەکە بەڕێوە دەبا. وەک سەرۆکێک کە خۆ لە هەموو شتێک هەڵدەقوتێنێ، ئەردۆغان، وێدەچێ بە پێچەوانەی عادەتی خۆی وردەکارییەکانی شەڕی بۆ سەرۆک ئەرکانی سوپا جێهێشتبێ.

## بەشی یەکەم

ئەوە هەنگاوێکی زیرەکانەیە، بەڵام بەهەمان شێوە گرینگە کە فەرماندەری گشتیی پێداگر بێ کە زانیاریی بە وەخت و ڕاستەقینە لە بارەی مەیدانی شەڕی پێ بدرێ. بە لەبەرچاوگرتنی شێوازی هەڵەی بەڕێوەبەریی ئەردۆغان، کەس ناتوانێ لەوە دڵنیا کە بەو شێوەیە. لەوانەیە لە ڕۆژەکانی سەرەتایی شەڕەکەدا بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ترس، خولیای نەتەوەپەرستانە و تووڕەیی (زۆرتر بەرامبەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکان) کە لەناو دانیشتووانی تورکیەدا وورووژاندوویەتی، ئەوە گرینگ نەبێ.

بەڵام ئەگەر هاتوو زۆرتر سەربازی تورک کوژران چی؟ ئەگەر هاتوو یەپەگە بەرخۆدانێکی سەرسەختانەتری کرد چی؟ ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان دەست لە هاوپەیمانە کوردەکەی هەڵنەگرێ چی؟ ئەگەر هاتوو هیزەکانی ڕێژیمی سورییە بە هاوکاریی شەڕکەرانی حیزبوڵڵا هێرشیان کردە سەر هێزەکانی تورکیە لە ئیدلیب و ئەو ڕووبەڕووبوونەوانە بەربڵاوتر بوون، و ئەگەر هاتوو سورییە بوو بە باتلاقێک بۆ هێزە سەربازییەکانی تورکیە چی؟ زۆر ڕێگای هێرش بردنە سەر وڵاتانی جیران هەن کە لەسەر نەخشە جوان و خاوێنن بەڵام دەبنە هۆی تێکشکانی عەمەلیاتی سەربازیی و تەنانەت دەبنە هۆی ئەوە کە زۆر ڕیبەری کەڕی سیاسی بنکۆڵ بکەن، نائومێدیی دوای مردنی هاوسەرەکەی و باتلاقی عەمەلیاتی ئاشتی بۆ گالیلێ لە ١٩٨٢بووە هۆی تەریک مانەوەی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل مێناخێم بێگین لە پاشماوەی ژیانی دا. لەوانەیە ئەردۆغان لە گشت ئەو ریسکانە ئاگادار بێ، بەڵام هەمان دینامیزمە سیاسییەی کە بۆ ڕاکێشانی پشتگیریی لە عەمەلیاتی چڵی زەیتون دروستی کردووە، لەوانەیە بۆی دژوار بکا کە کۆتایی پێبێنێ.

بەڵام تا ئێستا وێدەچی کە لە ڕۆڵی تازەی خۆیدا چاکی بۆ بگوزەرێ. ئەو ئامانجەکانی عەمەلیاتەکەی دیاری کردوون و بۆ دڵنیا بوون لە بەرژەوەندیی جوگرافیایی سیاسی تورکیە، هێزی خۆی بۆ بەڕیوەبەریی سیاسەتەکانی ناوخۆ لە ڕێگای وورووژاندنی پشتیوانیی ناوخۆیی، کە کەم کەس وەک ئەو لێی شارەزان، بۆ عەمەلیاتی چڵی زەیتون لەماڵەوە لەکاتێکدا کە شەڕەکە بە فەرماندەکان دەسپێرێ، تەرخان کردووە. بەڵام بە بێ لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە مرۆڤ چۆن لەبارەی ڕەوایی دۆزی تورکیە لە سورییە بیر دەکاتەوە، کۆنترۆڵی سیڤیل بە سەر سوپا لە تورکیە ئێستا واقیعییەتێکە.

**ئەوە شتێکی بە تەواوی نوێیە. مەترسیی ڕاستەقینە بە لەبەرچاو گرتنی جیهانبینیی دیکتاتۆریانەی ئەرودۆغان و هەڵوێستی لەبارەی سیاسەت ئەوەیە کە سوپا بکاتە ئامرازێک بۆ خولیای خۆی بۆ گۆڕینی تورکیە. تەنیا فەرماندەیەکی گشتیی کە تا ئێستا ئەو کارەی کردووە، مستەفا کەمال ئاتاتورک بووە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی فێبریوێری ٢٠١٨

# ئاوابوونی خۆری بەختی کوردان - خۆرئاوای کوردستان

## ٢

### فارین پاڵیسی - جوست هیلتەرمەن

تاقمی دەسەڵاتدار لە باکووری سوریيە لەوانەیە بەمزووانە تووشی چالنجی هاوشێوە بن. ئەوانیش ڕەزامەندییان بۆشەڕ بە نوێنەرایەتیی ئامریکا لە بەرامبەر وەرگرتنی چەکوچۆڵ دەربڕیوە و وێدەچێ ئەوانیش دوای ئازادکرانی پاشماوەی ئەو شوێنانەی کە بەدەست داعشەوەن و لە کاتێکدا کە واشینگتۆن شەرقاڵی شوێنی دیکەیە، وەلا بنرێن. چی بەسەر ئەم هەرێمە بە کردەوە خودموختارە دێ کە کوردەکانی سوریيە توانیویانە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا دەستی بەسەر دابگرن؟

هەر وەک براکانیان لەو دیوی سنووری عێراق، کوردەکانی سووریە کەڵکیان لە هەلی لاوازبوونی دەوڵەتی ناوەندیی وەرگرت. لە ٢٠١٢، لە ژێر گوشاری شەڕی نێوخۆدا ڕێژیمی بەشار ئەلئەسەد لە باکوور پاشەکشەی کرد و بۆشاییەکی جێهێشت کە لایەنگرە ناوچەییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) پڕیان کردەوە. ئەم گرووپە، کە بەناوی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ناسراوە، سەرەڕای ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پ ک ک بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی دەزانێ، بەڵام یارمەتیی سەربازیی دڵفراوانی لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە پێ کراوە.

هەر وەک عێراق، پڕچەککردن و ڕاهێنان ئەم تواناییەی بە یەپەگە بەخشیوە کە جار لە دوای جار داعش تێکبشکێنێ. ئەم سەرکەوتنانە دوو کاردانەوەی دژی یەکتری لێ کەوتوونەوە: ئەمە خولیای کوردەکانی سووریەی بۆ پێکهێنانی ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبەری کوردی، هەروەک ئەوەی عێراق زیاد کردوە و هەروەها یارمەتیی بە فەرماندەکانیان کە لەلایەن پەکەکەوە ڕاهێنانیان پێ کراوە کردووە کە وەک سەرەکیترین نوێنەری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سووریە هەڵسوکەوت بکەن. ئەم فەرماندەرانە لە نێوان ویستیان بۆ کەڵکوەرگەرتن لە دەستکەوتەکانیان بۆ پشتگیریی لە خەباتی پەکەکە لە تورکیە و پاراستنی خۆبەڕێوەبەرییەکەیان لە سوریيە گیریان کردووە.

پاوانکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن کادرە پەکەکە ڕاهێنراوەکان، یەپەگەی لەنێو چینی مامناوەندی کوردستانی سووریە تەریک خستۆتەوە کە ئەگەرچی لەوانەیە بە پێزانینەوە بڕواننە پارێزگاریکرانیان؛ بەڵام لە ژێر گوشاری ئەوان و

بازرگانانی شەڕ کە لە دەوری یەپەگە کۆبوونەوە بە گلەیین. وەک چۆن یەکێک لە دانیشتووانی چینی مامناوەند لە قامیشلوو باسی کرد: «شۆفیر تاکسی بوونە ئەفسەری خاوەن دەسەڵاتی پۆلیس و دوکانداری ئاسایی ئێستا دەبینرێن کە مەرسەدێسی ٢٠١٧ لێ دەخوڕن، چونکە قاچاخی نەوت دەکەن و چیمەنتۆ هەناردە دەکەن.» ئەو درێژەی پێدا و دڵگرانیی خۆی لەمە دەربڕی کە ئەم ئاڵوگۆڕانە لە کاتێکدا کە مامۆستایان، یاساناسان و دوکتورەکان خەریکی کاری کەمداهات تەنیا بۆ زیندوومانەوەن، هێندەیتر بێزارکەرە.

یەپەگە تووشی دووڕیانێک بۆتەوە: بۆ ئەوەی کە لە بواری سەربازییەوە بەهێز بێ پێویستە پەیوەندیی بە پەکەکەوە هەبێ، کە فەرماندە سەرەکییەکانی لەوێوە ڕاهێنانیان پێکراوە. لە هەمان کاتدا ئەم کارە پێش بە وەدەستهێنانی پشتیوانیی خەڵکی ناوچەکە دەگرێ کە پێیان وایە ئەوان سوودێک لە فەرماندە پەکەکە ڕاهێنراوەکان کە ئاڵای پرسی کوردیان لە سووریە بەرزکردۆتەوە پێناگا. خەڵکی ناوچەکە هەر بۆچوونێکیان لەسەر ئایدیۆلۆژیی گروپەکەوە هەبێ، دژی بەڕیوەبەریی ئەوانن کە هیچ شێوە ئۆپۆزیسیۆنێک تەحەممول ناکا. لە هەمانکاتدا هاوسۆزیی یەپەگە بۆ پەکەکە ئەوان دەکاتە دوژمنی ڕاستەوخۆی تورکیە، کە هەوڵی خنکاندنی باکووری سوورییەی لە بواری ئابوورییەوە داوە. ئەگەر کوردەکانی سووریە وریا نەبن، لەلایەن جیرانەکانیانەوە ئیزۆلە دەکرێن، ئانکارا و دیمەشق لەوانەیە لە داهاتوودا هاوکاریی یەکتر بکەن بۆ ڕاونانی یەپەگە و دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی ناوەند، هەر وەک چۆن ئانکارا چرای سەوزی بە تاران، بۆ شکستپێهێنانی هەوڵی کوردانی باکووری عێراق، دا.

یەپەگە دوو ڕێگای بۆ پێشگرتن لە چارەنووسێکی ئەوتۆ لەبەر دەستە. ئەو دەتوانێ دەسەڵاتی ئەو شوێنانەی کە لە دەرەوەی ناوچە کوردییەکانن و پاش شکستی داعش وەدەستی کەوتوون، بداتە هاوپەیمانە غەیرە کوردەکانی تا بتوانێ هێزی خۆی بۆ بووژاندنەوەی خۆبەڕێوەبەرییەکی سەقامگیر لەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتووانی کوردن، تەرخان بکا. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پشت بە چینی خوێندەواری مامناوەند ببەستێ کە لایەنگری حیزبی دیکەن جگە لە پەکەکە و ئەو کادرانەی ئەوان ڕاهێنانی سەربازییان پێکردوون و هیوادار بن کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بیانپارێزن. ئەمە لەوانەیە ڕەزامەندیی تورکیەشی بەدواوە بێ کە بتوانێ دەسەڵاتێکی کوردیی لە سنووری خۆی تەحەممول بکا، هەروەک عێراق، بەڵام ئەم دەسەڵاتە نابێ لە ژێر هێژمۆنیی دوژمنی سەرەکیی ئەوان، پەکەکە دابێ.

بەڵام ئەم ستراتیژییە لەبەر ئەم ڕاستییە ئاڵۆز بووە کە هاوپەیمانیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردانی سووریە، لە هاوبەشیی واشینگتۆن لەگەڵ کوردەکانی باکووری عێراق ناسەقامگیرترە. لە کۆتاییەکانی نۆڤامبر، سەرۆک کۆمار دۆناڵد ترامپ باسی لەوە کرد کە ڕەنگبێ ویلایەتە یەکگرتووەکان کۆتایی بە یارمەتیی سەربازی بە یەپەگە بێنێ. ئەگەر ئەمە

## بەشی یەکەم

نیشانەی ویستی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ دەستبەردار بوون لە نوێنەرەکەی لە داهاتوویەکی چاوەڕوانکرا بێ، ئەگەرێک کە بۆتە هۆی باسێکی گەرم لەنێو یەپەگە و پەکەکە، ئەم گروپە کوردە هیچ ڕێگاچارەیەکی جگە لە فەرامۆش کردنی هاوپەیمانییەکەی نیە ئەگەر بیهەوێ درێژە بە ژیان بدا.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم ڕاستییە، ڕێگاکەی دیکەی بەردەم ڕێبەرانی کوردستانی سووریە ئەمە دەبێ کە دەسەڵاتی ناوچەیی و پێکهاتە ئەمنیەتییەکانیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی سووریە، کە تواناییەکانی بە شێوەیەکی جیددی لاواز بووە، ڕێکبخەن. بوونی یەپەگە لە باکووری سووریی بەهۆی دانبەخۆداگرتنی ڕێژیم و پشتیوانە بەهێزەکانیەوە مومکین بووە، و شەڕکەرەکانی تا ڕاددەیەکی زۆر هاوشانی هێزە ئەمنیەتییەکانی سووریە لە قامیشلو و حەسەکە بوونیان هەبووە. پەکەکەش ڕابردووی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕێژیمی هەیە کە لە کۆتاییەکانی ١٩٨٧، مەقەڕی لە دیمەشق و ئۆردوگای ڕاهێنانی بۆ شەڕکەرەکانی لە دۆڵێ بێقاع لە لوبنان، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی سووریە، هەبوو.

ئەمە بە قازانجی یەپەگەیە کە بە هاوکاریی حیزبە کوردییەکانی ناوچەکە جەخت بکاتە سەر دامەزراندنی پێکهاتەی بەڕێوەبەریی کارامە و بیر لە بانگهێشتنی وەزارەتەکانی سووریە کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن بکاتەوە. ئەمە دەتوانێ دەرگای بازرگانیی لەگەڵ عێراق لە سنووره هاوبەشەکەیان بکاتەوە کە ئێستا لە لایەن بەغدا و میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە بەشی عێراق کۆنتڕۆڵ دەکرێ، چونکە لەوانەیە دەوڵەتی عێراق پشتیوانیی لە لێکتێگەیشتن لە نێوان یەپەگە و دیمەشق بکا.

ئەمە نائاشکرایە کە ئاخۆ ئەسەد هیچ شتێک جگە لە گەڕاندنەوەی سەروەریی هەمەلایەنەی سووریە بۆ ناوچە کوردییەکان پەسەند بکا، بەڵام بە هەمان شێوە ناڕوونە کە توانایی ئەم کارەی هەبێ. ڕووسیە ڕایگەیاندووە کە لەوانەیە دژی خۆبەڕیوەبەریی کوردان نەبێ. بۆیە زۆر شت بەستراوەتەوە بە ئەگەری سازشێک لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕووسیە، بۆ دۆخی دوای ناکۆکییەکان کە ڕێگا بە ناوچە کوردییەکان بدا دوای شەڕی نێوخۆیی سووریە بگەنە شێوەیەک لە خودموختاری.

بە وێرانکرانی سنووری نێوان عێراق و سووریە لە لایەن داعشەوە، ئەم نەزمە سیاسییەی کە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هاتە ئاراوە بە چالش کێشرا. ئاکارە بێ بەزەییەکانی بوونە هۆی گەشەکردنی خەونی کوردان بۆ سەربەخۆیی، داعش بووە هۆی دەستوەردانی خۆرئاوایی لە جیات کوردەکان و هەلێکی بۆ کوردان بۆ گۆڕینی سنوورەکانی ناوچە، بە قازانجی ئەوان ڕەخساند. لە هەردوو لای سنووری سووریە - عێراق کوردەکان چاوەڕوانی تێکڕمانی

بەشی یەکەم

دەوڵەتەکانیان لە ژێر زەختی شەڕی نێوخۆیی بوون، لە کاتێکدا کە بە یارمەتی چەکوچۆڵی خۆرئاوا خۆیان بەهێز دەکرد. بە تایبەتی لە عێراق، وێدەچوو ئەوان گرەو لە سەر شتێکی گرینگتر بکەن: پشتگیریی خۆرئاوا بۆ کیانێکی سەربەخۆ دوای کۆتاییهاتنی شەڕ. بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ویدەچوو ئەمە گرەوێکی دۆڕاو بێ.

بۆ کوردان ڕێگایەکی باشتر لە پشتبەستن بە هێزی دەرەکیی و پەرە پێدانی چەوساندنەوە لە نێوخۆ بوونی هەیە. تا ساڵێک پێش ئێستا، ڕێبەرانی کوردستانی عێراق ستراتێژییەکی ژیرانەیان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی هەبوو: پرۆسەیەکی پەرەئەستێنیی ڕاکێشان لە ڕێگای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان. نزیکەی دە ساڵ، ئەوان توانیان کۆمپانیا نەوتییە بەهێزەکان بۆ وەبەرهێنان لە کێڵگە دەستلێنەدراوەکان ڕاکێشن و لەم ڕێگایەوە پشتیوانیی سیاسی وڵاتانی ئەم کۆمپانیایانە، لەناویاندا ویلایەتە یەکگرتووەکان، تورکیە و ڕووسیە وەدەست بێنن. ئەم پرۆسەیە سەربەخۆیی خێرای دەستەبەر نەدەکرد، بەڵام بناخەکەی بۆ دادەمەزراند.

ئێستا ڕێبەرانی کورد دەبێ سەرلەنوێ دەست پێ بکەنەوە. بۆ ئەم ئامانجە پێویستە وەبەرهێنان لە ئەم دامەزراوانە بکرێ کە هەم ببێتە هۆی دروست بوون و هەروەها مانەوەی دەوڵەتی سەربەخۆ، لە ئەگەری ئاڵوگۆڕ لە هاوسەنگیی نێوان هێزە ناوچەییەکان بە قازابجی کوردان. پارلمانێکی زیندوو و سیستەمی دادوەریی سەربەخۆ دوو دامەزراوەی سەرەکیین، هەر وەک ئاژانسی سەربەخۆی دژی گەندەڵی کە هاوتەریبی سیستەمی دادوەریی ئیش بکا.

شەڕی دژی داعش کە بە یارمەتیی خۆرئاوا کرا، ڕێبەرە کوردەکانی هاندا بنەماکانی سەربەخۆیی بنکۆڵ بکەن. تێکەڵاوێک لە زێدەڕۆیی لە باوەڕبەخۆبوونی سیاسی و تەماعی خاک بووە هۆی نسکۆیەکی کارەساتبار بۆ کوردەکانی عێراق، و ئەمە دەتوانێ بە زوویی لە سورییەش ڕوو بدا. ئەگەر کوردەکان دەخوازن شانسی سەربەخۆبوونیان هەبێ، ئەگەر و لە کاتێکدا کە هاوکێشەی ناوچە گۆڕا،

**بۆ ڕێبەرە سیاسییەکانیان باشترە کە لە نێوخۆ چاکسازیی سیاسی بکەن. ئەگەر لەم کارەدا سەرکەوتوو نەبن، لەوانەیە، حەوت ساڵ پاش بەهاری عەرەبی، تووشی بەهاری کوردیی لە لایەن هاووڵاتی لاوی تووڕە، بێزار و خوزیاری سزادانی ئەوان لەبەر لەکیسدانی هەلی مێژووی، شکستی سیاسی و گەندەڵیی چارەسەرنەکراو ببنەوە.**

(لە ژمارەی ٧٢٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## سەرەکییترین کێشەکانی جیهان بۆ چاودێری لە ۲۰۱۸دا

### ئوری فریدمەن و ئانابێل تیمسیت

لەگەڵ سەرهەڵدانی ناکۆکییەکان لە دونیا، کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکان پەیوەندیی ئەوان لەگەڵ ڕێژەی هەڕەشەیان بۆ سەر ئامریکا هەڵدەسەنگێنن. هەموو ئەو ناکۆکییانە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندییەکانی ئامریکا ناکەن، بۆیە ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە هەموو ساڵێک لێکۆڵینەویەک دەکا تا یارمەتیی ڕێبەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکا کە هەڕەشەکان بۆ ساڵی دواتر پۆلێن بکەن. لە دە ساڵی ڕابردوودا، ئەو لێکۆڵینەوە جەختی لەسەر ئەو مەترسییانە کردووە کە لەلایەن ئەکتەرە دەرەکییەکان دێنە ئاراوە. ئێستا هەڵسەنگاندن بۆ ئەو مەترسییانەش دەکرێ کە ئامریکا ئاراستەی جیهان و هەروەها خۆی دەکا.

پۆل ستەیرس، بەرپرسی ناوەندی کرداری پێشگیرانەی CFR، کە ئەو لێکۆڵینەوانە دەکا، دەڵێ: «ئێستا ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشبینی نەکراوترین ئەکتەری جیهانە و، ئەوە بۆتە هۆی دروستبوونی نیگەرانیی قووڵ. تۆ جاران دەتتوانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بخەیە لایەنێکەوە و وەک شتێکی نەگۆڕ سەیری بکەی و سەیری جیهان بکەی و ببینی کە گەورەترین سەرچاوەی ناسەقامگیریی و نائارمیی لە کوێیە. ئێستا دەبێ تۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان لەو نێو ئەم هاوکێشەیە باوێی. بە لەبەرچاو گرتنی شێوەی هەڵسەنگاندنی ئەو سەرۆک کۆمارە، هیچکەس لەوە دڵنیا نییە کە ئێمە (ئامریکاییەکان) لە دۆخێکی دیاریکراودا چۆن هەڵسوکەوت دەکەین.» ئەم سەرۆک کۆمارە لەوانەیە ئەم بارودۆخەی بەکەیفێ بێ. دۆناڵد ترامپ لە ۲۰۱۵دا نووسی؛ «ئەمن نامهەوێ خەڵک بە تەواوی بزانێ چی دەکەم، یا چۆن بیر دەکەمەوە، ئەوە دەبێتە هۆی تێکچوونی بالانسی ئەوان.»

پێشبینیی نەکراویی ئامریکاییەکان زۆر بە ئاشکرا لە دوو سێناریۆی دەستنیشانکراودا دەرکەوتن کە وەک مەترسی خاوەن بەرزترین ئاستی ئەولەوییەت لە ڕاپۆرتی ئەمساڵدا ئاماژەیان پێکرا، **کە لە وەڵامدانەوەی ٤٣٦ کارناسی سیاسەتی دەرەوە وەدەست هاتووە:**

**یەکەم؛** کێشەی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، کۆرەی باکووو و جیرانەکانی کۆرەی باکوور.

**دووهەم؛** بەرەوڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانێکی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە هۆی تێوەگلانی ئێران لە ناکۆکییەکانی ناوچە و پشتیوانیی لە تاقمە شەڕخوازەکان.

**ستەیرس گوتی:** «ئەمانە دوو مەترسیدارترین کێشەی هەنووکەیین، هەندێک کەس ڕەنگبێ بڵێن ئەمە شتێکی باشە کە لێگەڕێین خەڵک بکەونە گومانەوە، ئەمانە هەمووی بەشێکن لە هەوڵی بەرزکردنەوەی گرەوی (ئامریکا) بەرامبەر بە کۆرەی باکوور و ئێران. پێموابێ زۆربەی پسپۆڕەکان هاوڕا بن کە ئەمە ستراتێژییەکی ژیرانە نیە: ئەمە لەوانەیە کاردانەوەی پێچەوانەی لێ بکەوێتەوە، یا ببێتە هۆی لێکدانەوەی هەڵە و لێکتێنەگەیشتن و شتی لەم بابەتە.»

لە لێکدانەوەکەدا کە نیوەی یەکەمی مانگی نۆڤامبر کرا، لە کاتی پشووی کاتی لە تاقیکارییەکانی ناوکی و مووشەکیی کۆرەی باکوور، هاوڕایی گشتیی ئەمە بوو کە کێشە لەگەڵ کۆرەی باکوور کاردانەوەی «بەرچاوی» دەبێ بەڵام ئەگەری ڕوودانەکەی «نامناوەندییە». گوتنی ئەوەی کە کێشە لەگەڵ کۆرەی باکوور کاردانەوەی بەرچاوی دەبێ کەم نرخاندنە چونکی زۆربەی پسپۆڕان پێیان وایە کە ئەمە دەتوانێ ببێتە هۆی سەختترین شەڕ لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە. ستەیرس بۆی دەرکەوت کە لە کاتێکدا کە لە ڕاپرسیی ساڵی ڕابردوودا «کێشەیەکی جیددی لە کۆرەی باکوور» بە هۆی پرۆگرامی چەکی ناوکیی لە ئاڵقەی یەکەمی مەترسییەکاندا پۆلێن کرابوو، شەڕی نێوخۆیی سورییە وەک کێشەی سەرەکی بۆ چاودێریی دیاری کرابوو، ئەوەی کە ئەمساڵ نوێیە ئەمەیە کە نیگەرانییەکی جیددی لەبارەی بەرەوڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی سەربازیی لە نێوان کۆرەی باکوور و ویلایەتە یەکگرتووەکان، و ئەوەی کە هاوکات ئەم دوژمنایەتییە ببێتە هۆی هاتنەئارای یەکەم شەڕی چەکی ئەتۆمی لە مێژوودا، لە ئارا دایە.

**ستەیرس گوتی:** «ئێستا نیگەرانییەکە بە ئاشکرایی ئەمەیە کە شەڕێکی نوێ لە دوورگەی کۆرە دەتوانێ ببێتە هۆی کەڵکوەرگرتن لە چەکی ناوکی. تێگەیشتنی خەڵک لەبارەی شەڕ گۆڕاوە.» سێ هۆی سەرەکیی بۆ ئەم شتە بوونیان هەیە: شەڕی زارەکیی نێوان دۆناڵد ترامپ و کیم یونگ ئون، پێشوەچوونە خێراکانی کۆرەی باکوور لە گەشەپێدان بە مووشەکێک کە بگاتە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە کلاوێکی ئەتۆمیی هێندە بچووک کە لێێ قایم بکرێ و هەڕەشە پەیتاپەیتاکانی ترامپ و دژبەرەکانی لەبارەی ئەنجامدانی هەنگاوی سەربازیی ئەگەر پێویست بکا.

ئاکامی لێکۆڵینەوەکە لێکدانەوەی چاودێری خاوەن زانیاریی وەک جەیمز ستارڤیدیس، دەریاداری خانەنشینکراو و جان برێنەن، سەرۆکی سی ئای ئەی لە سەردەمی ئۆبامادا پشتڕاست دەکاتەوە. ستارڤیدیس ئەگەری پێکدادانی نائەتۆمیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و کۆرەی باکوور لە سەدا ٢٠ بۆ سەدا ٥٠ پێشبینی دەکا، و ئەگەری شەڕی ئەتۆمی ١٠ لە سەد.

ڕەنگبێ بۆ وێنە ئەگەر کۆرەی باکوور فڕۆکەیەکی شەڕکەری ویلایەتە یەکگرتووەکان بخاتە خوارەوە یا مووشەکان بە دوورگەی ئامریکایی گوام بنێ کە ببێتە هۆی وەڵامدانەوەی ئامریکا و کێشەکە بکەوێتە بواری تۆڵەئەستێنی.

**بریێنەن لە وتوێژێکدا لەگەڵ دێ ئاتلانتیک باسی پێشبینینەکراویی ترامپ وەک فاکتەرێکی هەستیار بۆ دانی ئەگەری ٢٠ تا ٢٥ لەسەد بۆ هاتنە ئارای شەڕی کردووە. بریێنەن گوتی:** «ئەمن تەقریبەن دڵنیام کە کۆرەی باکوور نایهەوێ هەڵایسێنەری کێشەیەکی مەزنی سەربازی بێ و چەندین ساڵیش بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکان خوازیاری شەڕێکی ئەوتۆ نەبوو، ئەمن نازانم ئاغای ترامپ توانایی کام بڕیار یا کام کردەوەیەکی هەیە.»

هۆگریی دوودڵانەی ترامپ بۆ ڕێککەوتننامەی ناوکیی ئێران، کە ئەو «ڕەواییەکەی ڕەت کردۆتەوە» و بۆ کۆنگرەی ناردووە تا پێداچوونەوەی بۆ بکەن، و ئێستاش ئەگەری ئەوە هەیە کە پاشەکشەی لێ بکا، بە هەمان شێوە بۆتە دروستکردنی مەترسی. ئێستا ئەگەری بەرەوڕووبوونەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئێران لەسەر هەندێک بابەتی جێگای ناکۆکی، لە بەرنامەکانی مووشەکی و ناوکیی ئێران تا مانۆڕەکانی لە سورییە و عێراق و پشتیوانیی لە تاقمە چەکدارەکانی یەمەن، لوبنان و فەلەستین کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی وەک ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودی بە توندی دژی ئەو هەوڵانەن، لە ئارا دایە. هەر وەک کێشەی کۆرەی باکوور، بەشدارانی لێکۆڵینەوەکە شەڕ لە نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکان یا هاوبەشەکانی وەک کێشەیەک بە کاردانەوەی بەرچاو بەڵام بە ئەگەری مامناوەندیی هەڵدەسەنگێنن. ئەم سێناریۆیە لە ڕاپۆرتی CFR لە ساڵی ڕابردوودا نەبوو، کاتێک کە ئێران خەریکی بەشێکی بەرچاو لەم چالاکییانە بوو بەڵام داهاتووی ڕێککەوتننامەی ناوکیی نەکەوتبوو ژێر گومان.

سێناریۆی دیکەی لەم چەشنە بریتین لە هێرشی تێرۆریستی بە قوربانیی گەلێک زۆر، هێرشێکی مەزنی سایبێری بۆ سەر ژێرخانە هەستیارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و دوو دانەی پێشبینیی نەکراو بە لەبەرچاو گرتنی بیدەنگیی لە هەرکام لەم بەرەیانە لە ٢٠١٧: ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی لە نێوان ڕووسیە و ئەندامانی ناتۆ یا لە نێوان چین و یەکێک یا چەند وڵاتی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا لەسەر ناوچە کێشەلەسەرەکان لە دەریای باشووری چین.

ستەیرس نیگەرانیی لەبارەی کێشەی ناتۆ - ڕووسیە بەو شێوەیە ڕوون دەکاتەوە «لەوانەیە ڕەنگدانەوەی خراپتر بوونی پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕووسیە بێ. بە ئاشکرابوونی دەستوەردانی ڕووسیە (لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی لە ٢٠١٦) و لەو پەیوەندییەدا، کێشەیەک لە شوێنێکی دی لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپا سەر هەڵ دا.» لە هەمان



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی یەکەم**

**کاتدا، بەلەبەر چاوگرتنی سەرکەوتنی شی جینپینگ لە قۆرخکردنی دەسەڵاتەکەی لە کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیست لە مانگی ئۆکتۆبر، «خەڵک ڕەنگبێ هەست پێبکەن کە سەقامگیریی نێوخۆ (سیاسەتی نێوخۆئی چین)، لەوانەیە چینییەکان جارێکی دیکە وا لێ بکا کە لە دەریای باشووری چین شەڕانی بن.»**

**جگە لەمانە لە نێو مەترسیی پلە یەک، دوو ئەگەری دیکە هەن کە زۆر وێدەچێ بێنە پێش بەڵام کاریگەریی مامناوەندییان بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێ: خراپتر بوونی شەڕی ئەفغانستان، شوێنێک کە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بەڵێنییەکی نیوەچڵی بۆ درێژەدان بە سیاسەتی پێشوو داوە و پەرەئەستاندنی توندوتیژی لە سورییە هاوکات کە سەرۆک کۆماری سورییە بەشار ئەلئەسەد دووبارە کۆنترۆڵی وڵاتە وێرانەکەی دەگرێتەوە دەست.**

**جێگای سەرسوڕمانە کە لێکهەڵوەشانی پتر لە عێراق کە دوو ساڵ لەوەپێش لە پلەی یەکەمی ئەگەری وەڕاستگەڕان دابوو و پلەی دووهەمی لە لیستەی ساڵی ڕابردوودا هەبوو، لە ڕاپرسییەکەی ئەمساڵدا دەر نەکەوت. سەرەڕای نیگەرانییەکان لەبارەی هێرشی تێرۆریستیی، داعشیش لە لیستەی هەڕەشەکانی ئەمساڵدا نەمابوو. شەممەی ڕابردوو، سەرۆک وەزیرانی عێراق یارمەتیی بە شیکردنەوەی هۆی ئەم کارە کرد:**

**ئەو ئیددیعای کرد کە هێزەکانی عێراق و هاوپەیمانەکان بە تەواوی وڵاتیان لە داعش ڕزگار کردووە، بەڵام هەوڵی تەقاندنەوەی تەرمیناڵی ئۆتوبوس لە نیویۆرک ڕۆژی دووشەممە دەری دەخا کە چۆن هەڕەشەی تێرۆریزم دەتوانێ سەرەڕای ئەوەی کە داعش ناوچەی ژێر دەسەڵاتی لەکیس دەدا، هەر وا درێژەی هەبێ.**

**(لە ژمارەی ٧٢١ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٨**



سەرچاوە
Serchawe

# بۆمبی کات بۆدیاریکراوی سووریە

یۆشکا فیشێر

کێشەی سووریە لە زۆر بوارەوە لەگەڵ شەڕی سی ساڵە (١٦٤٨ - ١٦١٨) وەک یەک دەچن، کە ناوەندی ئورووپا، بە تایبەتی شاری ئاڵمانیی ماگدێبورگ، حەڵەبی ئەم سەردەمەی، خاپوور کرد. لە دوورەوە شەڕەکە کێشەی یەک لەدوای یەک بوون کە مەینەتباریی لەپێوان نەهاتووی بەسەر خەڵکی ئورووپادا سەپاند و تەنیا کاتێک بە ئاشتی وێستفالیا کۆتایی پێهات کە گشت لایەنە بەشدارەکان بە تەواوی ماندوو ببوون.

شەڕی سی ساڵە بە ڕواڵەت کێشەی ئایینی لە نێوان کریستیانی کاتۆلیک و پرۆتیستان بوو، هەروەک هۆی سەرەکیی کەلێنی نێوان موسڵمانانی سوننی و شیعە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئەمڕۆ. بەڵام، هەروەک ئەمڕۆی سووریە، ئایین ڕووکەشێکە بۆ ململانێی قووڵتر لە سەر دەسەڵات و دەسەڵاتداریی ناوچە.

شەڕی سووریە لە کاتی بەهاری عەرەبیدا سەری هەڵدا، لە کاتێکدا کە خۆپیشاندەران داوای دێموکراسی و کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆریی سەرۆککۆمار، بەشار ئەلئەسەدیان دەکرد. بەڵام زۆر زوو بووە پرسێکی نێونەتەوەیی. ئێران و حیزبوڵڵا، میلیشیای لوبنانی کە ئێران پشتگیریی دەکا، لەگەڵ ڕووسیە، دەستوەردانی سەربازییان کرد و پێشیان بە شکستی ئەسەد لە بەرامبەر هێزە نەیارەکان، کە لەلایەن تورکیە و عەرەبستانی سعودییەوە وەک نوێنەری لایەنی سوننی، گرت.

لەهەمان کاتدا، شەڕەکە بەربڵاوتر بۆوە و هەڵمەتێک بە ڕێبەریی ویلایەتە یەکگرتووەکان دژی داعش دەستی پێکرد و کاتێک کە ساڵی ڕابردوو داعش تێک شکا، کێشەیەکی دی، ئەمجارە لە نێوان تورکیە و کوردەکانی باکووری سووریە، خێرا دەستی پێکرد. ئێستا جەنگاوەرانی هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، یەپەگە (یەکینەکانی پاراستنی گەل) کە سەلماندوویانە بۆ شەڕ دژی داعش بێ وێنەن لەلایەن تورکیەوە کراونە ئامانج، لە ئاکامدا ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی ڕاستەوخۆ لە نێوان دوو هاوپەیمانی ناتۆ بەرز بۆتەوە. جگە لەوانە، مەترسیی پەرەئەستێنی پێکدادانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕووسیە، کە بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییانە کە باس لە هێرشی ئاسمانیی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کوژرانی چەند دەرزەن بەکرێگیراوی ڕووسیایی لە سووریە دەکەن، پشتڕاست دەکاتەوە.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەکەم

لەگەڵ هەر برگەیەک، تراژێدیای سووریە وێدەچی هەر دێت و مەترسییدارتر دەبێ. کێشەکە چیتر لەسەر ئەوە نیە کە کێ لە دیمەشق دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، بەڵکوو کێ لە خۆرهەڵاتی ناوین خاوەن هەژمۆنییە. کێبڕکێیەکە تەنیا لە نێوان ڕووسیە و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا نیە، بەڵام لە نێوان ئێرانی شیعە و عەرەبستانی سوننیشە، کە هەر دێت و خۆی زۆرتر لەگەڵ ئیسرائیل دەگونجێنێ، کە هاوپەیمانێکی دیکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانە.

تورکیە بە نۆرەی خۆی زۆرتر ترسی لە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردییە لە باکووری سووریە، کە ببێتە هۆی هاندانی لایەنە جوداییخوازەکانی کوردی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیە. بێگومان، کوردەکانی باکووری عێراق (کوردستان) هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان دەدەن و تەنانەت گشتپرسی سەربەخۆییشیان لە ساڵی ڕابردوودا بەڕێوە برد.

لە کۆتاییدا، ئیسرائیل، زلهێزی سەربازیی ناوچەکە، بەرژەوەندیی تەناهی خۆی لە لوبنان و باشووری سووریە هەیە. تا ئەم دواییانە، ئیسرائیل تا ڕاددەیەکی زۆر خۆی لە شەڕەکە بەدوور گرتبوو. بەڵام ناچار بووە بە هێزی ئاسمانی بۆ پێشگرتن بە گەیشتنی کەلوپەلی سەربازیی بە دەست حیزبوڵڵا و بۆ پێشگرتن بە ئێران کە بوونی خۆی لە سنووری باکووری ئەوان بسەپێنێ، دەستوەردان بکا.

تێوەگلانی ئیسرائیل ئەم مانگە، کاتێک کە فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ئێرانی کە لە سووریەوە چووبووە نێو ئاسمانی ئیسرائیل خستە خوارەوە، بەربڵاوتر بوو. کاتێک کە فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئیسرائیل لە وەڵامدا هێرشیان کردە سەر بنکە ئێرانییەکان لە سووریە، یەکێکیان لەلایەن ئاگری دژە فڕۆکەی سووریە کەوتە خوارەوە ( فڕۆکەوانەکان بە سڵامەتی گەیشتنەوە نێو خاکی ئیسرائیل)، کە بووە هۆی هێرشی ڕاستەوخۆی ئیسرائیل بۆ سەر هێزەکانی ئەسەد.

لە کاتی ئەم ڕووداوانەدا، زۆر زوو ئاشکرا بوو کە ئیسرائیل ناتوانێ پشت بە پەیوەندیی تایبەتیی نێوان سەرۆک کۆماری ڕووسیە ڤلادیمیر پوتین و سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بێنیامین نەتانیاهو ببەستێ. ڕوسیە نیشانی دا کە یا نایهەوێ یا ناتوانێ ئێران کۆنترۆڵ بکا. کەوابوو، ئێستا ئیسرائیل پێی خۆش بێ یا نا لە سووریە ئەکتەرێکی چالاکە.

ئەمە دەقاودەق لەو بەرەیە کە شەڕێکیتر دەتوانێ هەڵایسێ، ئەمجارە لە نێوان ئیسرائیل و ئێران. کێشەیەکی وەها لە بەرژەوەندیی هیچ کامیاندا نیە، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی دۆخی هەنووکەیی ئەم شتە دەتوانێ بە ئاسانی ڕوو بدا. ئیسرائیل ناتوانێ کاتێک کە ڕێژیمی ئەسەد، ڕووسیە، ئێران و حیزبووڵڵا سەرکەوتنی سەربازیی مسۆگەر دەکەن خۆ لە کێشەکە بەدوور بگرێ. فاکتەرەکانی مەیدانیی هەڕەشە لە ئاسایشی ئیسرائیل دەکەن و دوژمنی ئەو، ئێران، بەشێوەیەکی

بەرچاو بەهێز دەکەن.

شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل (و عەرەبستانی سعودی لە دواوە) سەرجەم ناوچەکە دەخاتە مەترسییەوە، چونکە دەبێتە بەرەیەکی دی لە شەڕ بۆ هەژموونی. بەڵام ئەمە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئورووپاش دەبێ، نە تەنیا لەبەر ئەوەی کە کێشەیەکی مەزنتر دەبێتە هۆی ناردنی پەنابەری زیاتر بەرەو باکوور. بە لەبەرچاوگرتنی هەڕەشەی سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان دۆنالد ترامپ کە ڕێککەوتنە ناوکییەکەی ئێران هەڵوەشێنێ، ئورووپا دەتوانێ بکەوێتە نێو کێبڕکێییەکی سامناکی چەک، و تەنانەت شەڕێکی مەزنی دیکە، کە لە نیزیکی سنوورەکانی هەڵدایسێ.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم مەترسییانە، ئورووپا چیتر لەبەرژەوەندییدا نیە کە لە دوورەوە تەماشاوان بێ. ئورووپا دەبێ لەبەر تەناهیی خۆی داکۆکی لە ڕێککەوتننامەی ناوکیی لەگەڵ ئێران بکا و لەبەر ئەوەی کە یەکیەتیی ئورووپا ئەرکداریی درێژخایەنی بەرامبەر بە ئیسرائیل هەیە، نابێ ڕێگا بە ململانێی تووندوتیژانەی هەژموونی بدا کە ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە ئیسرائیل بکا.

**ئێستا لە هەموو کات زۆرتر، کاتی دیپلۆماسی ئورووپایە. بە هۆی هەڕەشەی شەڕێکی مەزنی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ڕێبەرانی ئوروپا دەبێ دەستبەکار بن.**

(لە ژمارەی ٧٢٢ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# سەردەمی پاکڕەوشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەسەر چووە

**جەیمز تراوب**

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕستانی ئایدیالیزمی سیاسەتی دەرەوەی ئامریکایە. بۆ جیلی ڕابردوو، ویلایەتە یەکگرتووەکان بە هیوای دووبارە دارشتنەوەی ناوچەیەکی سەرکێش و گەلێک گرینگ، گشت چەکوچۆڵێکی کە لە بەردەستی دابووە بەکاری هێناوە: گۆڕینی ڕێژیم، پشتگیریی لە دێموکراسی، دژەسەرهەڵدان، دەستوەردانی مرۆیی، باشوێژیی لە بارەی مافەکانی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین.

ویلایەتە یەکگرتووەکان چ شتێکی هەیە کە بۆ ئەو هەموو تێچووەی گیانیی مرۆڤ، پارە، هیوا و فکرانە بتوانێ نیشانی بدا؟ لەمەش گرینگتر، دەبێ هاووڵاتی ئاسایی کە لە کۆتاییدا لە میسر، بەحرەین، لیبی، سووریە و عێراق چارەنووسی خۆیان گرتە دەست، چی نیشان بدەن؟ مردن، زیندانیبوون و ترس. ئاشتی زۆر بە دەگمەن ڕووی لە خۆرهەڵاتی ناوین کردووە، بڕوانە سووریە، یەمەن یا لیبی، بەڵام ئەو هەستەی کە داهاتوو لەوانەیە لە ڕابردوو باشتر بێ وەک زۆر شتی دی نێژراوە.

من کاتێک کە (کتێبی) «ئەزمی دوای خۆڵەمێشان: بناخە نوێیەکانی تەناهی لە خۆرهەڵاتی ناوین»م خوێندەوە، کە کۆکراوەی چەند نووسراوەیە کە لەلایەن (چاپخانەی) سێنچری فاوندەیشن چاپ کراوە، خۆم ناچار کرد کە بیر لەم گۆڕستانە بکەمەوە. کتێبەکە بانگهێشتمان دەکا کە بڕوانینە داهاتوو، بەڵام خودی خوێندنەوەکەی ناچارت دەکا ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەیەوە. بڕوانە ئەم سەردێڕە: «خۆڵەمێش»ەکانی کە باسیان لێوەدەکرێ گشت ئەو شتەیە کە پاشماوەی ئەم ئاگرانەیە کە ئامادە بوون لە ٢٠١١ جیهانی عەڕەب هەڵلووشن. لە کۆکراوەیەکی ٢٠١٧، سیاسەتی عەڕەب دوای سەرهەڵدانەکان: ئەزموونەکانی سەردەمی سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆری، سەدەیەک بڕوا وابوو کە ئەم ئاواتانە لەنێو چووبوون. ئێستا پرسیار دەکا کە ئاخۆ شتێک ماوە کە شایانی دروست کردنەوە بێ لە سەر ئەم مەیتخانەیە؟

ئەم شتە (ئەزمە)، کە دەبێ بگوترێ ئەزمێکی وێستفالیی دەوڵەتانێکە کە بە یەکەوە بەناوی ئاسایشی ناوچەیی هەنگاو دەنێن. ئەو شتەی کە گەلێک گاڵتەجاڕانەیە و بۆ بیر لێکردنەوە دەبێ، ئەوەیە کە ناوچەیەک کە لە سەرەتادا بە داگیرکاریی ئامریکا بۆ ڕووخاندنی دیکتاتۆرێکی بێزراو و ڕێخۆشکردن بۆ گەشەسەندنی دێموکراسی سەراوبن کرا، ئێستا

## بەشی یەکەم

ڕێگای پێ دەدرێ کە هەوڵ بۆ ئاشتییەکی دیکتاتۆرانە بدا. بەڵام ئێمە لە هۆیەکەی تێدەگەین: دیکتاتۆرەکان لە بەشێکی بەرچاوی ناوچەکە دەسەڵاتی خۆیان پتەو کردووە. لە هەموویان خراپتر، بەشار ئەلئەسەدی سووریە، لەوانەیە تەنیا چەند حەوتوو لە بەدەستەوەگرتنی کۆنترۆڵ بەسەر نزیکەی دوو لە سەر سێی ڕووبەری وڵاتەکەی دوور بێ و بۆیە دەتوانێ بانگەشەی شێوەیەک لە سەروەری بکا. جیهانی عەرەب زۆر لە گەڕانەوە بۆ دۆخی باوی سەدەی بیستەم دوور نییە، بەڵام بە دابەشبوونی دەسەڵات بە شێوەیەکی گەلێک جیاواز لە نێوان یاریکەرە سەرەکییەکاندا. جگە لەمە، ئەو شتەی کە لە ناوچەکە بەرەوپێش دەچێ مافی تاکەکان نابێ بەڵکوو کێبڕکێی نێوان وڵاتەکانە.

لێرە من وەک ئایدیالیستێکی مارانگەز قسە دەکەم بەڵام پێم وانیە بەتەنیا بم. من لە ۲۰۰۹ چوومە ئەفغانستان تا چالاکیی دژی بەرهەڵستکاران ببینم، ستراتیژییەک کە لە دەرەوەی قەندەهار کەڵکی لێوەردەگیرا. من پێم وابوو کە ئەم ستراتیژییە بیرۆکەیەکی باشە، ئەگەرچی لەوانەیە کاتی پێویست بۆ کاریگەریی نەبێ. بەڵام دوایە گەیشتمە ئەم ئاکامە کە ئەمە بۆ وڵاتێکی بە تەواوەتی جیاواز باش بوو. ئەفغانستانی فرەمەزن، سنوورەکان فرەئاواڵە و خەڵکەکەی زۆر کەم وڵامی دەسەڵاتی ناوەندیی دەدەنەوە. من پێم وایە کە سەرۆک کۆمار ئۆباما ئاواتی دەخواست کە بە قسەی جێگری سەرۆک کۆمار، جۆ بایدێنی کردبا کە ئامریکا بۆ پارێزگاری لە بەرژەوەندیی خۆی جەخت لەسەر دژایەتیکردنی تێرۆریزم بکا و ئەفغانستان بۆ خۆیان (ئەفغانستانییان) جێ بهێڵێ.

کاتێک کە لە کۆتاییەکانی ژانوییەی ۲۰۱۱، گەرەدەلوولی بەهاری عەرەبی گەیشتە میسر، من بێسەبرانە چاوەڕوان بووم کە ئۆباما لایەنی خەڵکی میسر بگرێ و داوا لە سەرۆک کۆمار حوسنی موبارەک بکا کە واز لە دەسەڵات بێنێ. لە کۆتاییدا ئەو ئەم کارەی کرد و کاتێک کە موبارەک ڕەزامەندیی دەربڕێ کە دەستبەجێ (لە پۆستەکەی) دەست هەڵگرێ، گشت میسر نوقمی شادی بوو. وێدەچوو ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ یەکەم جار لایەنی دروستی مێژووی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەڵبژاردبێ. بەڵام ئاراستەی مێژوو بە لایەکیتردا چوو. وەزیری کاروباری دەرەوە، هیلاری کلینتۆن، سەری لە بێ دەسەڵاتیی ڕێبەرانی جووڵانەوە سوڕ مابوو و ئامۆژگاریی ئۆبامای کرد کە پشتگیریی لە دەستاودەست کردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بکا. بە ئاوەڕدانەوە بۆ دواوە دژوارە ببینین کە چۆن ئەمە ئاکامێکی جیاوازی لێدەکەوتەوە. بەڵام دوودڵیی کلینتۆن ڕەوا بوو.

ئاخۆ ئەو ئاکامگیرییەی کە دەتوانین لەم بەفیڕۆدانە ترسناکە وەریگرین ئەمەیە کە باشتر دەبوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەدەی ۲۱، وەک چۆن لە سەدەی پێشتر کردی، پشتگیریی لە هاوپەیمانە دیکتاتۆرەکانی کردبا؟ بێگومان، کارەساتی عێراق، زۆر درەنگ، فێری ژیریی سیاسەتی بەسەبری پێشگیری و کۆنترۆڵی کردین، ئەگەرچی لەوانەیە

نائومێدکەر و تەنانەت مەترسیدار بێ. ئاکامە وێرانکەرەکانی دەستوەردان لە لیبی جارێکیتر، فێری ئاکامە نەخوازراو و پێشبینینەکراوەکانی هەوڵی خێرخوازانەی کردین. بەڵام هەڵوێستی بە پرەنسیپی ئۆباما، وەک بۆخۆی وای سەیر دەکرد، لە یارمەتیی بەرچاو بە نەیارانی سووریە چی؟ سووریەیان بە تەنیا لە گێژاوی کارەساتی مەزنتر لە هی عێراق جێهێشت، نیشانیان دا کە ئاکامەکانی بێهەڵوێستیی بە قەد هەڵوێست گرتنە. هەرچەندە «واقیعگەرا» ش بن، ناتوانن لە ئاکامی سووریە ڕەزامەند بن.

مێژووی ئەم دواییانە بەوە دڵخۆشمان ناکا کە چارەنووسی گشتیی مێژوو بەرەوە دادمەندییە، وەک ئۆباما زۆر جار دەیگوت. سەرەڕای ئەمە، من ئێستاش لەسەر ئەم بڕوایەم کە دەبوو بە هەمان شێوە هەڵسوکەوتمان کردبا. من لەمە پەشیمان نیم کە ئۆباما داوای لە موبارەک کرد کە واز لە دەسەڵات بێنێ و ئاواتم دەخواست کە ئەو لە ٢٠١٢ یارمەتیی نەیارانی سووریەی کردبا. دیسانیش وێرانەکان وەبیرمان دێننەوە کە ئێمە چەندە کەم دەتوانین چارەنووسی ئەم خەڵکانە بگۆڕین کە لەنێو وڵاتانی ستەمکاردا دەژین. ئێمە هەوڵی زۆرمان دا، و زۆر بەدووورە (ڕەنگبێ جگە لە سووریە) کە ئەگەر هەوڵی زیاتریشمان دابا جیاوازییەکی هەبا.

نەزمی دوای خۆڵەمێشان بانگهێشتمان دەکا کە هێڵێک بە بن ئەو سەردەمدا بکێشین و بڕوانینە ئاکاری دەرەکیی ئەو دەوڵەتانەی کە دوای بشێوییەکە سەریان هەڵداوە. بەڕاستی، ململانێ هەنووکەییەکانی دەسەڵاتەکانی ناوچە وێدەچێ کە تەشەنە بکا. ڕەنگبێ، پاشان لە سەرەتای گەڕانەوەی کەشوهەوای وێستفالی لە خۆرهەڵاتی ناوین دەرفەتێک بۆ شێوەی نوێی هاوکاری لە نێوان دەوڵەتەکان بڕەخسێ. بەڵام یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە بۆچی کێشەکە خۆماڵییە ئەوەیە کە وڵاتانی جیهانی عەرەب ئەو شتەی کیسینجێریان قبووڵ نەکردووە کە لە کتێبی «نەزمی جیهان وەک پرەنسیپی سەرەکیی سیستەمی وێستفالی»ی باسی دەکا، واتە ویستی ڕێگادان بە گشت وڵاتێک کە چارەسەری نەزمی نێوخۆ بکا، هەروەک شازادە پرۆتێستان و کاتۆلیکەکان لە کۆتایی شەڕی سی ساڵەدا کردیان. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە هەردوو وڵاتی یەمەن و سووریە، نەزمێکی شیعی خەریکی پاکانە حیسابە دژی لایەنی سوننی بە ڕێبەرایەتی عەرەبستانی سعوودی. ئەگەر سعوودییەکان بەڕاستی ڕیبەری مەزنی ئێران، ئایەتوڵڵا خامنەیی، لە بواری ئەخلاقییەوە هاوتای هیتلێر دەبینن، هەر وەک شازادەی جێگرەوەی سعوودی، محەممەد بین سەلمان بە (پرۆگرامی) ٦٠ چرکەی گوت، دەبێ چاوەڕێی شتی خراپتر بین.

زۆربەی نووسەرانی کتێبی سێنچری (کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا) چاوەڕوانییەکی دیکەیان نیە. هەندێکیان وێدەچێ بڕیاریان دابێ کە هەڵسوکەت لەگەڵ بابەتێک بکەن کە گریمانە پڕهیواکانی ئەویان قبووڵ نیە. بڕایان کاتولیس، پسپۆڕێکی بواری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ناوەندی گەشەی ئامریکا، باسی دوورەدیمەنی نەزمێکی نوێی ناوچەیی وەک شتێکی

«لیڵ، ئەگەر هەر بوونیشی هەبێ» دەکا. کاتولیس بە وردی باسی ئەزموونەکانی هەوڵە شکستخواردووەکانی حەفتا ساڵی ڕابردوو بۆ دروستکردنی نەزم لە ناوچەکەدا دەکا: «کێبڕکێی جوگرافیای سیاسی (ژێئۆپۆلیتیک) بەسەر هاوکاریدا زاڵە»، «ترس لە باڵادەستیی جوگرافیای سیاسی پێش بە هاوکاریی ئاسایشی ناوچە دەگرێ»، «پێناسەکانی هەڕەشەی هاوبەش ئەولەوییەتەکان و بەرژەوەندییەکان دەشارنەوە.» بەڵام چونکە نەزمێکی ئەوتۆ «لە ڕاددەبەدەر گرینگە کە دەستی لێهەڵگیرێ،» هەر وەک لە مانشێتی نووسراوەکەی کاتولیس دەردەکەوێ، ئەو پێشنیار دەکا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەتوانێ هەنگاوی بەکردەوە بگرێتە بەر، لەنێویاندا پێشگرتن بە هاوپەیمانەکانی بۆ ئەنجامدانی «هەڵەی لەخۆڕا و کارەساتباری ستراتێژیک،» وەک شەڕی سعودی - ئیماڕاتی لە یەمەن.

هەڵبەت ئەمە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە شێوازی بیرکردنەوە نە تەنیا لە خەلیج بەڵکوو لە واشینگتۆنیش دەخوازێ. لە شوێنێکی دیکەی نەزمی دوای خۆڵەمێشان، پسپۆڕی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بروس جێنتێلسۆن، پێشنیاری پێداچوونەوە بە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەکا کە لەویدا ڕێگا بە دیپلۆماسی بەرامبەر بە ئێران و وەستاندنی پشتیوانی لە دیکتاتۆرێکی خاون کاریزما وەک محەممەد بین سەلمان و قبووڵکردنی ڕەوایی ئیسلامی سیاسی بدرێ. تا ئێستا بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەستئاواڵەیی بێسنووری بە سعودییەکان هەم لە یەمەن و هەم لە کەمپەینی نێوخۆیی سوننە دژی قەتەر بەخشیوە، لە کاتێکدا کە ترامپ بۆخۆی وێدەچێ ئامادەی بەخشینی دیاریی هەرە نایاب بە سعودییەکان لە ڕێگای هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی ناوکی لەگەڵ ئێران بێ. بۆ ماوەی چەند ساڵی داهاتوو، زۆرتر وێدەچێ ویلایەتە یەکگرتووەکان لە جیات یارمەتی، پێش بە یارمەتییدان بە هەوڵە لەرزۆکەکان بۆ دامەزراندنی نەزم دوای خۆڵەمێشان بگرێ.

**هێشتا، شتێکیتر هەیە کە دەیزانین: «نەزم کۆتایی بە سیاسەت ناهێنێ. کاتێک کە خەڵک تامی ئازادی و ڕێزدارییان چێشت، تۆ ناتوانی تا هەتایە لەوانی دوور بکەیەوە. ئەم ئاگرانە لە کۆتاییدا جارێکیتر سەرهەڵدەدەنەوە.»**

(لە ژمارەی ٧٢٣ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠١٨

## دوابەدوای هێرشی ئاسمانی بۆ سەر سووریە شەڕی ناڕاستەوخۆی ئیسڕائیل و ئێران بەڕێوەیە

**نووسەر: ڕافائیل ئارین**

بە گوێرەی لێکدانەوەی چەند توێژەر و کاربەدەست، دوای هێرشی ئیسڕائیل بۆ سەر ئامانجەکانی ئێران لە سووریە، ئەگەری ناکۆکییەکی سەربازیی لە نێوان دەوڵەتی جوولەکە و کۆماری ئیسلامیی وێدەچی زیادی کردبێ.

ئێهود باراک، سەرۆکوەزیرانی پێشوو و وەزیری بەرگریی ئیسرائیل ڕۆژی سێشەممە گوتی: «ئەگەر لە ڕۆژانی پێشووتر، ئەگەری (کێشەی سەربازیی لەگەڵ ئێران) نزیکەی یەک لەسەر سەد بوو، ئێستا نزیکەی دە لەسەر سەدە.»

ئامۆس یادلین، سەرۆکی ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوەی ئاسایشی نەتەوەیی وەڵامی دایەوە؛ «وێدەچی ئێرانییەکان وەڵامی ئەو هێرشە بدەنەوە کە دەڵێن ئیسڕائیل کردوویەتی، ئەگەرچی دەستبەجێش نەبێ. لەبەر هێرشەکانی ئەمجارە بۆ سەر سەربازەکانی، ئێران بیر لە تۆڵە ئەستاندنەوەیەکی ڕەسمی دەکاتەوە تا ئیسڕائیل لە درێژەدان بە هێرش بۆ سەر هێزەکانی لە سووریە، چاوترسێن بکا.» ئەو ئەوەشی زیاد کرد کە، ئەگەر کاتێک ئێران بڕیاری هێرش بۆ سەر ئیسڕائیلی دا، ئەوان ئەم کارە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان ڕا ناکەن. « شوێنی ئەم شانۆیە دەتوانێ سووریە، لوبنان یا هەر شوێنێکی دیکە لە جیهان بێ و، ئێران لەوانەیە کەڵک لە بەکرێگیراوە تێرۆریستییە نەریتییەکانی خۆی وەرگرێ.»

جاناتان شانزێر، جێگری سەرۆکی بنکەی داکۆکیی لە دێمۆکراسییەکانیش دەڵێ بەڕێوەبوونی «بەرەوڕووبوونەوە» لە نێوان ئیسڕائیل و ئێران لەسەر نەوتی سووریە، هێندەیە کە چاوەڕوانیی «خراپترین شەڕ»ی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دەیان ساڵدا بکەین.

شانزێر کە توێژەرێکی ئابووریی تێرۆریزمە و کاری لەو بارەوە بۆ دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان کردووە، لە گۆڤاری پۆلیتیکۆدا نووسی: «ئێران کە ڕابردوویەکی دوورودرێژی لە پشتیوانیی لە تاقمە تێرۆریستییەکانی کە هێرش دەکەنە سەر ئیسڕائیل هەیە و هاوکات داوای پەیتاپەیتای لەنێو بردنی دەوڵەتی ئیسڕائیل دەکا، ئەوە شتێکە کە زۆر دەمێک بوو چاوەڕوانیی دەکرا. بەکرێگیراوە سوورییەیی و لوبنانییەکانی ئێران، کە بە ٢٥٠٠٠٠ مووشەک تا ددانان پڕچەک کراون، خۆیان بۆ شەڕ دژی پێشکەوتووترین هێزی سەربازی لە خۆرهەڵاتی ناڤین ئامادە دەکەن. ئەوە بێگومان خراپترین شەڕی ناوچە لە

دەیان ساڵی ڕابردوودا دەبێ.»

ڕۆژی چوارشەممە سەرۆکوەزیران بێنیامین ناتانیاهو بە ئاماژە بە «دۆخی گرژ» وەزیرەکانی ڕێنوێنی کرد کە بە ئاشکرا باسی دۆخی هەنووکەیی ئاسایش لە پەیوەندیی لەگەڵ ئێران و سووریەدا نەکەن.

بەڵام لە گفتوگۆ تاکەکەسییەکاندا، کاربەدەستانی ئیسرائیلیش دەڵێن کە «بەریەککەوتنێک» لەگەڵ ئێران ناکرێ خۆی لێ لادرێ.

ئیسرائیل هێڵی سووری دیاری کردوون و پەیتا پەیتا ڕایگەیاندووە کە ئیزن بە ئێران نادا بە شێوەی سەربازی جێ پێی خۆی لە سووریە قایم بکا. بەڵام چونکە کۆماری ئیسلامیی لەسەر ئەنجامدانی ئەم کارە سوورە، لێکدانەوەکە ئەوەیە کە درەنگ یا زوو بەرژەوەندییە دژی یەکەکانی لایەنەکان دەبێتە هۆی کێشەیەکی سەربازیی تەواو.

گرژییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل زۆر دەمێکە بە هۆی خولیا ناوکییەکانی ئێران و ئامانجی ڕاگەیەنراوی پاککردنەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشە، ژێربەژێر درێژەیان هەبووە. بەڵام ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی سووریە ئەوە دەگەیەنن کە پێکدادانە چاوەڕوانکراوەکە لەوانەیە زووتر بێتە پێش نەوەک درەنگتر.

وەک باس دەکرێ ڕۆژی دووشەممە، ئیسرائیل هێرشێکی ئاسمانیی کردە سەر بنکەیەکی هێزی ئاسمانیی لە سووریە و چەند کەسی کوشتن، لە ناویاندا لانی کەم حەوت کاربەدەستی ئێرانی. لە کاتێکدا کە زۆربەی چاودێران سەرەتا پێیان وابوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک بەرپەرچدانەوەی هێرشی شیمیایی ڕێژیمی ئەسەد بە دژی خەڵکی سیڤیل لە ناوچەیەکی قەراغ دیمەشق، دوما، ئەو هێرشەی ئەنجام داوە، ڕووسیە، سووریە و ئێران بە ئاشکرا ئیسرائیلیان تۆمەتبار کرد.

تاران، کە ئەغڵەب لەبارەی هێرشی ئیسرائیل کە زەرەر بە سامانەکانیان لە سووریە دەگەیەنێ لاڵە، لە ڕێگای کاناڵە شێوە فەرمییەکانی، دەدانی بەوە دانا کە ئێرانییەکان بە هۆی فڕۆکەی شەڕکەری ئیسرائیلی کوژراون و بەڵێنیی دا کە تۆڵە بستێنێتەوە.

ڕۆژی سێشەممە، عەلی ئەکبەر ویلایەتی ڕاوێژکاری پایەبەرزی ڕێبەری مەزنی ئێران عەلی خامنەیی، لە دیمەشق گوتی، «تاوانەکان بێ وەڵام نامێننەوە.»

## بەشی یەکەم

بە وتەی شیمۆن شاپیرا، پسپۆڕێکی ئێران و حیزبوڵڵا لە ناوەندی پەیوەندییە گشتییەکانی ئورشەلیم، لە دیداری ئەم حەوتوویەی ویلایەتی لە پێتەختی سووریە وێدەچێ ئەم دوو وڵاتە هاوپەیمانە جەختیان لەسەر شێوەی بەرپەرچدانەوەی هێرشی ئیسرائیل کردبێتەوە.

ئەو گوتی، هێرشی ئاسمانیی دووشەممە بۆ سەر ناوەندێکی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئێران لە بنکەی T4 بوو کە لەژێر فەرماندەیی ئێران بووە. یەکێک لە حەوت ئێرانییە کوژراوەکان پلەی سەرهەنگیی هەبووە.

بە گوێرەی لێکدانەوەی شاپیرا، کە لە یەکەم دەورەی سەرۆکوەزیریی ناتانیاهودا وەک ڕاوێژکاری سەربازیی کاری کردووە، تاوانبار کردنەکانی تاران و مۆسکۆ کە ئیسرائیل بۆمبارانە ئاسمانییەکەی ئەنجام داوە و بۆتە هۆی زەرەر و زیانی جیددی بۆ سەر ئامانجە ئێرانییەکە، ئەگەری خراپتر بوونی دۆخی سەربازیی نێوان ئێران و ئیسرائیلی زیاد کردووە.»

ئەو درێژەی پێدا و گوتی: «ئێران لەوانەیە هەوڵەکانی بۆ هێرش بۆ سەر ئیسرائیل لە بەرزاییەکانی جۆلان بە کەڵکوەرگرتن لە حیزبوڵڵا و بەکرێگیراوی شیعەی دیکە ‹لێژیۆنی بیانیی› کە لە سووریە جێگیری کردوون، پەرە پێ بدا.

وردەوردە ئەم خراپتر بوونە لەوانەیە لە سووریە تێپەڕێ و ببێتە هۆی ئەوەی کە ئێران و حیزبوڵڵا بیانهەوێ هێرش بکەنە سەر ئامانجەکانی ئیسرائیلی و جوولەکە لەدەرەوەی ناوچەکە.»

(لە ژمارەی ٧٢٤ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٨

# ڕیاڵی ئێران لە دەلاقەی جیاوازیی نرخی دراو بە فەرمی و لە بازاڕی ئازاددا

## فۆربز - ستیف ئێچ هانک

ئابووریی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەوڕووی گیروگرفتی نێوخۆیی لاوازکەر بۆتەوە. گەلێک تۆوی دژی بازاڕ لە لایەن دوایین پاشا چێندران. ئەم تۆوانە بە باشی ئاگادارییان لێکراوە و لە لایەن ڕێژیمی ئایینی ئێستای ئێران گەلێک زیاد کراون. ئەگەر ئەم گیروگرفتە ئابوورییە خۆجێیانە بەس نەبوون، بەرزەفڕییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بۆتە هۆی سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری لە لایەن دوژمنە دەرەکییەکانیەوە.

تێکەڵاوێک لە ئابوورییەکی لاواز و ناسک، و ئابلۆقەی وەڕەزکەر، دەبنە هۆی گەردەلوولێکی تەواو. ئەم گەردەلوولە دەبێتە هۆی بەدبەختییەکی زۆر.

بۆ ئەوەی کە بە خێرایی بزانم ڕێژەی بەدبەختی لە ئێران چەندە، لیستەی ڕێژەی بەدبەختیی ساڵانەی هانکم دروست کرد. لیستەکەی من کۆی بێکاریی، هەڵاوسان و ڕێژەی قەرزدانی بانکەکانم حیساب کرد و ئاڵوگۆڕ لە ڕێژەی داهاتی ناخالسی نەتەوەیی بۆ هەرکام لە دانیشتووانم لێی کەم کردەوە. ئەگەر ڕێژەی سێ شتی یەکەم لە سەرێ بێ ئەوە «خراپە» و خەڵک بەدبەختتر دەکا. شتی «باشیشی» تێدا وەک ڕێژەی داهاتی ناخالسی نەتەوەیی، کە شتە «خراپ»ـەکانم لێی کەم کردۆتەوە. هەرچی وڵاتێک پلەی سەرووتر لە لیستەی بەدبەختیدا وەدەست بێنی، بەو مانایەیە کە پلەی «بەدبەختی» لەسەرترە.

لە مانگی مای ٢٠١٧دا لیستەی بەدبەختی ٩٨ وڵاتی لە خۆ دەگرت. بەدبەختترین وڵات ڤێنێزوئێلا بوو و بەدوایدا سووریە، برازیل، ئارژانتین، میسر، نیجێرییە، ئەفریقای باشوور، بۆسنی و هەرەزێگۆوین، ئوکراین، سائۆتۆمێ و پرینسیپ. دوای ئەوانە ئێران لە پلەی یازدە یەکێک لە بەدبەختترین وڵاتەکانی جیهانە.

یەکێک لە ڕێگاکانی پلەی گەرمای بەدەنی نەخۆشێک، وەک ئێران، بەشێوەی زیندوو ئەوەیە کە چاو لە نرخی بازاڕی ڕەشی (واتە بازاڕی ئازاد) ڕیالی ئێران بەرامبەر بە دۆلاری ئامریکا بکەین (ڕیاڵ/دۆلار). دیاگرامی ژێرەوە پرۆسەی نرخی فەرمی و بازاڕی ئازادی ڕیال / دۆلار نیشان دەدا:

بەشی یەکەم

هەرەسهێنانی ئەم دواییانەی نرخی ڕیاڵ لە مەترسی دڕاندنی ڕێککەوتننامەی بەرجام لەلایەن سەرۆک کۆمار ترامپەوە، کە ڕێگا بۆ سەپاندنی وەجبەی دووهەم و سێهەمی ئابلۆقە دژی ئێران خۆش دەکا، سەرچاوەی گرت. ئەمە هەزاران ئێرانیی ناردە شەقامی فیردەوسی لە تاران، کە پڕە لە دووکانی ئاڵوێری پارە. ئەوە لەوێ بوو کە ئەوان ڕیاڵەکانیان بە دۆلار گۆڕییەوە.

بە کەڵکوەرگرتن لە نرخی گۆڕینەوەی ڕیاڵ / دۆلار، کە نوێنەرایەتیی گرینگترین نرخ لە ئێران دەکا، من توانیومە ڕێژەی هەڵاوسانی نرخ لە ئێران حیساب بکەم. بێگومان نرخی گۆڕینەوە لە بازاڕی ئازاد دەتونێ بە شێوەیەکی جێگای مەتمانە بۆ حیسابکردنی دروستیی ڕێژەی هەڵاوسان لە سەرانسەری ئێران کەڵکی لێوەرگیرێ. دیاگرامی ژێرەوە دەریدەخا کە ڕێژەی هەڵاوسانی ساڵانەی نرخ لە ئێران چۆن تا ٨،٥٣%، بە هەرەسهێنانی نرخی ڕیاڵ لە بەرامبەر دۆلاری ویلایەتە یەکگرتووەکاندا چۆتە سەر.

ئەگەر ئێمە بە کەڵکوەرگرتن لە چوونە سەری ڕێژەی هەڵاوسانی ساڵانەی نرخ بۆ ٨،٥٣% لیستەی نوێی بەدبەختی حیساب بکەین، ئەوا تەنیان دوو وڵات لە ئیران بەدبەختترن: ڤێنێزوئێلا و سووریە.

ڕەهەندێکی بەکەڵکی دیکەی ئەندازەگرتنی گەرمای ئێران بە شێوەی ڕۆژانە (ئەگەر نەڵێین خولەک بە خولەک) ئەوەیە کە دەسکەوتی گۆڕینەوەی پارە لە بازاڕی ئازاد حیساب بکەین. فۆرمولی دەسکەوتی گۆڕینەوەی پارە لە بازاڕی ئازاد (BMP) بەم شێوەیە:

دەسکەوتی ٥،٣٤% گۆڕینەوەی پارە لە بازاڕی ئازاد بەو مانایەیە کە ئێرانییەکان ئامادەن نزیکەی ٣٥% پارەی زیادی بۆ دۆلاری ئامریکایی لە بازاڕی ئازاد بدەن ئەگەر ئەوان هێندە شانسیان هەبێ (هێندە ئیمتیازیان هەبێ) کە بتوانن دۆلار بە نرخی فەرمیی دەوڵەتی وەرگرن.

بۆ نیشاندانی وێنەیەکی تەکمیلتر لە دەسکەوتی گۆڕینەوەی پارە لە بازاڕی ئازاد، دیاگرامێکم لەو ڕێژەیە لە ماوەی سەرۆککۆماریی حەسەن ڕووحانیدا کێشاوەتەوە. هەر وەک دەبینین، هەڵکشانی ئەم دواییانە بەستراوەتەوە بە هێرشی سەرۆک کۆمار ترامپ بۆ سەر ڕێککەوتننامەی بەرجام، کە بە ئاشکرا جەماوەری ئێرانیی ترساند.

**بۆ ئەوەی کە بەدواداچوون بۆ شێوەی هەڵسوکەوتی ئێرانییان بەرامبەر بە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژانەدا بکەین، هیچ شتێک**

بەشی یەکەم

**باشتر لە پێوانی دەسکەوتی نرخی ڕیاڵ – دۆلار لە بازاڕی ئازاد نیبە. بە کورتی، لە جیاتی شەیدای گشت لێدوانی «میدیاکاران» بن، ئێرانییەکان دەبێ بەدواداچوون بۆ دەسکەوتی نرخی ڕیاڵ – دۆلار لە بازاڕی ئازاد بکەن.**

(لە ژمارەی ٧٢٥ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٨

## هەوڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕینی ڕێژیم

**دان ستاینبۆک - فارین پاڵیسی جورناڵ**

سێ ساڵە ڕێککەوتننامەی ناسراو بە بەرجام بۆتە هۆی سووککردنی ئابلۆقەی فرەلایەنە بۆ سەر کەرتی وزە، دارایی، کەشتیوانیی و ڕاگواستن لە ئێران لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. بەڵام ئاڵوگۆڕی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کۆتاییەکانی ٢٠١٦ دەستی پێکرد و ئەنجومەنی پیران و کۆنگرە بە کۆی دەنگ ماوەی ئابلۆقەکانی سەر ئێرانیان بۆ ساڵی دەهەم درێژ کردەوە. نەتەنیا زۆربەی کۆماریخوازەکان، بەڵکوو دێموکراتەکانیش کە لە سەردەمی ئۆبامادا پشتیوانییان لە بەرجام کرد بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هەڵوێستی خۆیان گۆڕی.

**ئەمە بووە هۆی ورەبەخشین بە ترامپ بۆ سیاسەتێکی بەهێزتر، و ڕێگە پێنەدراو، دژی ئێران.**

هەوڵی ناسەقامگیر کردنی ئێران بۆ بردنەوەی خۆرهەڵاتی ناڤین لە ناوچەکە، هەڵوێستی ترامپ پشتیوانیی ئابووری و ژێئۆپۆلیتیک لە عەرەبستانی سعودییە، هەروەک مامەڵەی ١١٠ ملیارد دۆلاریی چەکوچۆڵ لەگەڵ ڕیاز لە ساڵی ڕابردوودا نیشانی دەدا، و بەهێزکردنی پەیوەندیی ئەمنیەتی لەگەڵ ئیسرائیل، وەک بە فەرمی ناسینی ئورشەلیم وەک پایتەختی ئیسرائیل؛ هەڵەیەکی سیاسیی بەرچاو کە لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە مەحکوم کرا و بووە هۆی بەراوەژوو کردنەوەی سیاسەتی حەفتاساڵەی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

پەرەگرتنی یەکگرتنەوەی بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، سعوودی و ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕەنگدانەوەی هەوڵێکی پەرەئەستێن بۆ باڵادەستیی ناوچەییە. ئۆکتۆبری ڕابردوو، بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بڕیاری خستنی ئابلۆقەی زیاتر بۆ سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان بە بەرنامەی موشەکی و سوپای پاسدارانی دەرکرد، هاوکات هەڕەشەی چوونەدەر لە ڕێککەوتننامەی بەرجامی کرد. بە لاواز کردنی «میانڕەوە»کانی ئێران، کۆشکی سپی هیوادار بوو کە «هەڵۆکان» هەنگاوی ستراتیژیک بنێن تا وەک بیانوو بۆ گۆڕینی ڕێژیم کەڵکی لێ وەرگرێ.

پلانەکە کە لەلایەن نوێکۆنەپارێزەکانی کۆماریخواز و دێموکراتە لیبراڵەکانی خوازیاریی دەستێوەردان پشتیوانیی لێدەکرێ و پشت بە ئێرانییە ناڕازییەکانی تاراوگە و لایەنگرانی شا لە ڕۆژئاوا دەبەستێ، لە کاتێکدا کە عەرەبستانی سعودی و

## بەشی یەکەم

ئیسرائیل هەوڵ دەدەن لە ڕێگای سەربازیی و ئۆپەراسیۆنی شاراوە لە شەڕە بە وەکالەتەکانی کە لە ناوچەکەدا لە ئارا دان، ئێران لاواز بکەن.

لەگەڵ زەختی ئابووری، ترامپ دەستی بە ئۆپەراسیۆنی شاراوە کرد لە ڕێگای دیاریکردنی مایکل دیئاندرێیا، کە بە قووڵی لە بەرنامەی پرسیارلێکردنی (گیراوان) لە ئامریکا دوای هێرشەکانی یازدەی سێپتامبر، و بەرپرسی مێزی ئێران لە ناو سی ئای ئەی، لە کاتێکدا کە مایک پۆمپێئۆ کە توندئاژۆیەکی کۆنەپارێزە، بووە جێگرەوەی ڕێکس تیللەرسۆن وەک وەزیری کاروباری دەرەوە. دیئاندرێیا و پۆمپێئۆ هەردوو لایەنگری گۆڕینی ڕێژیمی ئێرانن.

ترامپ بە هەمان شێوە جان بۆڵتۆنی نوێکۆنەپارێزی وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و جینا هاسپێلی وەک سەرۆکی نوێی سی ئای ئەی دیاریکرد. لە کاتێکدا کە بۆڵتۆن یارمەتیی بە ئیدیعای «چەکی کۆمەڵکوژ» کرد کە بووە هۆی شەڕی عێراق، هاسپێل وەک ڕەئیسی وێستگەیەکی سی ئای ئەی کە زیندانییەکان لێی ئەشکەنجە کراون و لە نێوبردنی نزیکەی ١٠٠ فیلمی ڤیدیۆی لێپرسینەوە لە زیندانیان دەستی هەبووە.

لە ٢٠٠٣ بۆڵتۆن پشتی بە زانیاریی ساختە لە لایەن عێراقیانی بەرهەڵستکاری نیشتەجێ لە ئامریکا بەست، و ئێستا پشتی بە زانیاریی هەڵەی تاراوگەنشینانی ئێرانی دەبەستێ. لە نۆڤامبری ٢٠١٧، بۆڵتۆن داوای لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کرد تا پلانێکی «سێناریۆی شای ئێران»ی هەبێ. چوارمانگ پێشووتر، ئەو لایەنگریی لە کشانەوەی ترامپ لە بەرجام کردبوو و داوای گۆڕینی ڕێژیمی ئێران پێش فێوریەی ٢٠١٩، چل ساڵ دوای شۆڕشی ئێرانی کردبوو. دوای ئەوەی کە بۆڵتۆن جێگای ئێچ ئار مەکماستێری وەک ڕاوێژکاری نەتەوەیی ترامپی لە مانگی ئاپریل گرتەوە، ئێستا پلەوپایەی پێویستی بۆ بەڕێوەبردنی نەخشەی گۆڕینی ڕێژیم هەیە.

### گۆڕینی ڕێژیم، تێرۆر، بەکرێگیراو و پارەی جێگای گومان

بۆڵتۆن پشتگیری لە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق دەکا، گرووپێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە زانیارییان (و پارەی قسەکردن لە کۆڕوکۆبوونەکانیان) لێ وەردەگرێ. ڕێکخراوی موجاهیدین لایەنگری ڕووخاندنی دەوڵەتی هەڵبژێراوی ئێران لە ڕێگای توندوتیژییەوەیە. تا سەرەتای ٢٠١٠، بریتانیا، یەکیەتیی ئورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێکخراوی موجاهیدینیان وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستیی دەناسی، بەڵام وەزیری کاروباری دەرەوە هیلاری کلینتۆن گرووپەکەی لەو لیستەیە هێنا دەر، بە گوێرەی زانیارییەکان بۆ ئەوەی کە کەڵک لە موجاهیدینی خەلق بۆ ئامانجەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەرگیرێ. لە



سەرچاوە Serchawe

بەشی یەکەم

هەمان کاتدا، کلینتۆن ئابلۆقەی لە سەر میلیۆنان دۆلاری موجاهیدینی خەلق هەڵگرت تا بتوانن زۆرتر لە کۆنگرەی ویلایەتە یەکگرتووەکان کاری لۆبی بکەن.

لەگەڵ لایەنگرانی شای پێشوو لە ویلایەتە یەکگرتووکان و شوێنی دیکە، پلاندانەرانی گۆڕینی ڕێژیم پشت بە ئەم کەسە جێی گومانانە، و ڕێکخراوە شێوە یاساییانە دەبەستن، هەر وەک بەرامبەر بە ئەحمەد چەڵەبی ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی عێراق لە ٢٠٠٣ کردیان. ئەوە کاتێک بوو کە ئابلۆقەکان بوونە هۆی شەڕی عێراق، کە ئێستا هەمان دەوریان لە بارەی ئێراندا هەیە.

## لە ئابلۆقەی کۆنەوە بۆ هی نوێ

حەوتووی ڕابردوو، ویلایەتە یەکگرتووەکان جارێکی دیکە تاکلایەنانە، کاتێک کە وەزارەتی دارایی ئابلۆقەی خستە سەر چەند کۆمپانیا و تاکی ئێرانی کە دەگوترێ دەستیان لە پارە گۆڕینەوەی نایاسایی لە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبیدا هەبووە، هەنگاوی بەرەو دابڕاندنی ئێران لە ئابووریی جیهان هەڵێنا. لە بانگەشەی هەڵبژاردنی ٢٠١٦ دا ترامپ ڕێککەتننامەی ئەتۆمیی وەک «کارەسات» وەسف کردبوو. ڕەوانبێژیی هێرشبەرانە یەکێک لە توخمەکانی مامەڵەکردنی ناوبراوە. ئەمە دووبارە پێناسەکردنەوەی مەرجەکانی بەدواوە. ئەم هەوڵە تاکلایەنانە لە پێشدا پشت بە زەختی ئابووری دەبەستن، پاشان هەڕەشەی سیاسی و کاتێک پێویست بێ، هێزی سەربازیی.

دوای بەرجام، ئابلۆقەی سەرەتایی لەسەر کەرتی وزە، دارایی، کەشتیوانیی و ڕاگواستن، دوای ئەوەی کە ئاژانسی ناونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیی لە ژانویەی ٢٠١٦ پشتڕاستی کردەوە کە ئێران ڕێککەتننامەکەی بەڕێوە بردووە، هەڵگیران. لە هەمان کاتدا، ئابلۆقەی دیکە لەسەر کۆمپانیایان لەگەڵ ئابلۆقە لەسەر کۆمپانیای ئامریکایی، لە ناویاندا بانکەکان، لە جێی خۆی مانەوە.

کۆشکی سپی هەوڵ دەدا ئەم ئابلۆقانە بەهێزتر بکا، لە کاتێکدا کە هەوڵ دەدا ئابلۆقە سەرەتاییەکان زیندوو بکاتەوە. لە ئۆکتۆبری ڕابردوو، ترامپ داوای کرد کە بەرجام پرۆژەی گەشەپێدانی موشەکی بالیستیکی و چالاکیە ناوچەییەکانی ئێران سنووردار بکا. لە ئاکامدا، بەڕێوەبەرایەتییەکە ئابلۆقەی خستۆتە سەر لایەکی دیکەی پەیوەندیدار بە بەرنامەی موشەکیی ئێران، چالاکییەکان لە خەلیجی فارس و چالاکیی دیکە لە ناوچە.



سەرچاوە Serchawe

بەشی یەکەم

سەرنجەکان گەڕاونەوە سەر ئەو ئابلۆقانەی کە لە لایەن کۆنگرە پەسەند کراون یا لە ژێر لێکۆڵینەوە دان، وەک یاسای بەرپەرچدانەوەی دوژمنانی ئامریکا لە ڕێگای ئابلۆقەوە لە ساڵی ٢٠١٧، هەروەها پێشنیاری یاسای پەیوەندیدار بە موشەکە بالیستیکییەکانی ئێران، داراییەکانی ڕێبەرانی ئێران، چاودێریی وردتر بەسەر دەستڕاگەیشتنی ئێران بە دارایی، دووبارە سەپاندنەوەی ئابلۆقەی ئامریکایی کە هەڵگیرابوون و ئەگەری ئابلۆقەی چەند لایەنانەی نێونەتەوەیی.

چونکە ڕووسیە و چین درێژە بە پشتیوانیی لە ڕێککەتننامەی ئەتۆمیی لەگەڵ ئێران دەدەن، پرسیاری ڕاستەقینە ئەوەیە کە ئاخۆ هێزە سەرەکییەکانی ئورووپا، ئەڵمان، فەڕانسە، بریتانیا و خودی یەکیەتی ئورووپا، داکۆکی لێ دەکەن.

## هەوڵەکان بۆ بنکۆڵکردنی پەیوەندییەکانی یەکیەتی ئورووپا – ئێران

پێش بڕیاری ترامپ، ڕێبەرانی ئورووپا پێداگرییان لەسەر جێبەجێکردنی تەواوی بەرجام دەکرد. سەرۆک کۆماری فەڕانسە ئێمانوئێل ماکرۆن هۆشداریی دا کە «بڕیارنامەی پێشگرتن بە پەرەئەستاندنی چەکی ئەتۆمی لە مەترسی دایە». وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەڵمان هەیکۆ ماس دەلیلی هێنایەوە کە بەرجام «دونیا ئەمینتر دەکا». وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا بوریس جانسۆن گوتی کە «بریتانیا وەفادارێکی بەهێزی بەرجام دەمێنێتەوە.» هەروەها دیپلۆماتی پایەبەرزی یەکیەتیی ئورووپا فێدریکا مۆگێرینی بەڵێنی دا کە یەکیەتیی ئورووپا وەفای بۆ ڕێککەتننامەکە دەمێنێ.

بەڵام لەم دواییانەدا ماکرۆن گوتی «ئێمە بەیەکەوە کار دەکەین بۆ چوارچێوەیەکی بەرفراوانتر، کە چالاکیی ئەتۆمی، ماوەی دوای ٢٠٢٥، چالاکیی موشەکیی، و سەقامگیریی لە خۆرهەڵاتی ناڤین، بە تایبەتی سوورییە، یەمەن و عێراق بگرێتەوە.» ئەم لێدوانانە نیشاندەری ئەوەن کە هەندێک لە ڕێبەرانی یەکیەتیی ئورووپا لەوانەیە بەدوای دووبارە پێناسە کردنەوەی هەڵوێستی یەکیەتیی ئورووپا لە ڕێگای جێهێشتنی ڕێککەتننامەی بەرجام بە شێوەی ئێستا بن، بەڵام ڕێککەتننامەکە بە یەکی نوێ و مەرجی بەرینتر پێوەست بکەنەوە کە دەبێتە بنکۆڵکردنی ڕێککەتنەکە.

بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ وێدەچێ کۆمپانیاکانی ئورووپایی بکاتە ئامانج کە دوای ڕێککەوتنی ئەتۆمیی مامەڵەیان لەگەڵ ئێران کردووە. لەوانەیە ئابلۆقە بخاتە سەر کۆمپانیای وڵاتی لایەنی بەرجام، کە چین، فەڕانسە، ڕووسیە، بریتانیا، ئەڵمان و یەکیەتیی ئورووپان، بۆیە مەترسی دەستڕاگەیشتنیان بە بازاڕەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەچێتە سەر. وەک وەزیری دارایی ستیڤن مانچین لەم دواییانەدا گوتی، ڕێککەتننامە بازرگانییەکانی ئورووپا - ئێران «کاتێک کە ڕێپێدانەکانی ئێستا وەرگیرێنەوە» لە ئیعتیبار دەکەون.

## بەشی یەکەم

جگە لە رێنۆ، پێژۆ سیترۆئەن و سانۆفی، کۆمپانیای فەڕانسەیی بەشێکی بەرچاویان لە ڕێککەوتنەکە هەیە بەهۆی گرێبەستی ئەیرباس بۆ فرۆشتنی ١٠٠ فڕۆکە بایی ٢١ میلیارد دۆلار و توتال گەورە کۆمپانیای نەفت کە گرێبەستێکی ٢ میلیارد دۆلاری بۆ گەشەپێدانی کێڵگەی پارس لە باشوور واژۆ کردووە. نزیکەی ١٢٠ کۆمپانیای ئەڵمانی، لەناویاندا فۆلکسڤاگێن و زیمێنس، لە ئێران خەریکی چالاکین و ١٠٠٠٠ دانەی دیکە لەگەڵ ئێران مامەڵە دەکەن. رۆیال داچ شێل بە شێوەی نەرێنی کاریگەریی لەسەر دەبێ. زەختی ئابووری دەتوانێ زەرەری بەرچاو بە کەرتی نەفتی ئێران بگەیەنێ کە مەزنترین کڕیارەکانی چین، کۆرەی باشوور، تورکیە، ژاپۆن، ئیتالیا و هیندوستانن.

پەیامی کۆشکی سپی بەرز و ئاشکرایە: «ئەگەر دەتانهەوێ لە ئامریکادا بمێننەوە، لە ئێران بچنە دەر»، ئەمە هەوڵی گۆڕینی ڕێژیمە بەڵام بێ ڕەوایی نێونەتەوەیی، بەتایبەتی چونکە ئێران مەرجەکانی بەرجامی بە تەواوەتی بەڕێوە بردووە.

ئێستا ئیعتیباری بەهێزەکانی ئورووپا کەوتۆتە ژێر تاقیکاری.

(لە ژمارەی ٧٢٥ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# شەڕی ساردی ئەمریکا لەگەڵ ئێران دەستی پێکردۆتەوە

## ڕابێرت تراسینسکی

شەڕی سارد لەگەڵ ئێران دەستی پێکردۆتەوە. من ئەوەی وەک ڕەخنە لە سەرۆک کۆمار ترامپ بۆ هەڵوەشاندنی ڕێککەوتننامەی ئەتومی لەگەڵ ئێران باس ناکەم. ئەم بڕیارە هەڵگیرسێنەری ناکۆکییەکە نەبووە. شەڕی ساردی ئێران دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان قەت نەوەستا. ئەم بڕیارە تەنیا ددان بەم ڕاستییە دادەنێ و ئامریکا دەگەیەنێتە شوێنێک کە ئێمە دەبێ بەشە شەڕی خۆمان بکەین.

ڕوونتر بیڵێم، ئەوە (جێهێشتنی ڕێککەوتننامەکە) خەیاڵی ئۆباما هەڵدەوەشێنێ کە پێی وابوو هەڵگرتنی زەخت لەسەر ئێران کۆتایی بە دوژمنکاریی ئەوان دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەرژەوەندییەکانی دێنێ. ئەو بیرۆکەیە کە ئامریکا دەتوانێ سەرجەم دوژمنەکانی تەنیا لە ڕێی میهرەبانتر بوون بەرامبەریان لەکۆڵ خۆی بکاتەوە خولیای تاکە کەسیی سەرۆک کۆمار ئۆباما بوو و ڕێککەوتنەکەی ئێران بەڵێنیی تاکیی ئەو بوو. بۆیە دەکرا تاکلایەنانە هەڵپەسێردرێ. بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی کە لە بڕیاری ترامپ تووشی هەناسەبڕکە بوون، سێناتۆری کۆماریخواز بێن ساس جوابێکی هەیە کە لێرەدا باسی دەکەم:

«ئەمڕۆ وەبیرهێنەرەوەی ئەم ڕاستییەیە کە ئەگەر پشتیوانەی بڕیارەکەت پلەی سەرۆک کۆماری بێ، ئەم بڕیارە لە کۆتایی ماوەی سەرکۆمارییەکەتدا دەمرێ. ئێمە دبێ بە ڕوونی بڵێین: دۆناڵد ترامپ ڕێککەتننامەیەک نادڕێنێ، ئەو بەڵێنیی باراک ئۆباما هەڵدەوەشێنێ. دوو ساڵ و نیو لەوەپێش، سەرۆک کۆمار ئۆباما مامەڵەیەکی لەگەڵ ئێران کرد بەبێ پشتیوانیی کۆنگرە، و ئەمڕۆ سەرۆک کۆمار ترامپ بەڵێنیی تاکەکەسیی سەرۆک کۆمار ئۆباما جێ دەهێڵێ، و ئەو پێویستیی بە پشتیوانیی کۆنگرە نیە بۆ ئەم کارە. سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا بەرەوپێشچوونی بێ پسانەوە بەخۆیەوە دەبینێ کاتێک کە سەرۆک کۆمار بەڕێوەبەری بێ، کۆنگرە پەسەندی بکا و ڕاستگۆیانە پێشەکشی خەڵکی ئامریکا بکرێ.»

سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا هەروەها کاتێک بە باشترین شێوە کار دەکا کە کۆمەڵێک بڕیاری لێک جیا نەبن، هێرشێکی ئاسمانی لێرە، لێکهەڵوەشاندنی مامەڵەی سیاسی لەوێ، بەڵکوو بەشێک بن لە هەوڵی درێژخایەن بۆ بەکارهێنانی چەندین ئامراز بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجێکی ڕوونی ستراتێژیک. لەم پەیوەندییەدا، چەندین نیشانەی دڵخۆشکەر لە بڕیارەکەی

سەرۆک کۆمار بەدی دەکرێن، بەتایبەتی چۆنیەتیی بەرینکردنی پاشخانی لۆژیکی نە تەنیا لەبەر ئەوەی ئێران لە بەرنامەی چەکی ئەتۆمییدا ساختەکاری دەکا، بەڵکوو دەوری ئێران وەک سەرچاوەی چەندین هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی؛ وەک:

ڕێژیمی ئێران پشتیوانی سەرەکیی تێرۆریزمی دەوڵەتییە. ئەو مووشەکی مەترسیدار هەناردە دەکا، پەرە بە ناکۆکییەکانی سەرانسەری خۆرهەڵاتی ناڤین دەدا و پشتگیریی تێرۆریستان، میلیشیای بەکرێگیراو وەک حیزبوڵڵا، حەماس، تالیبان و ئەلقاعیدە و هتد دەکا.

ڕێککەوتننامەکە ئابلۆقەی ئابووری ئیفلیجکەری لەسەر ئێران لابرد (لە بەرامبەر) سنووری لاواز بۆ چالاکیی ئەتۆمیی ڕێژیم و هیچ سنوورێک بۆ گشت ئاکارە شەیتانییەکانی، لەناویاندا چالاکییە بەدخوازانەکانی لە سورییە، یەمەن و شوێنی دیکە لە چوارگۆشەی جیهان دانەنا.»

دۆناڵد ترامپ کابرایەک نیە کە دەستەواژەی «ئاکاری شەیتانیی» لەخۆوە بەکار بێنێ. بێگومان ئەو ئەم دەستەواژەیەی لە ڕاوێژکارەکەی وەرگرتووە کە یادداشتی فەرمیی بڕیارەکەی نووسیوە، کە مانشێتەکەی ئەمەی تێدا، «هەنگاوی دیکە بۆ بەرپەرچدانەوەی نفوزی شەیتانیی ئێران» کە دەقاودەق شتێکە کە دەبێ ئەنجامی بدەین.

لەسەرەتای دامەزرانیەوە لە ١٩٧٩ وەک ڕێژیمێکی ئایینی شۆڕشگێر، کۆماری ئیسلامیی ئێران دوژمنایەتیی خۆی بەرامبەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوبەشەکانی ڕایگەیاندووە. ئێران وەک یەکێک لە ڕێبەرانی تێرۆریزمی دەوڵەتی ماوەتەوە و یارمەتیی پێشکەش بە حیزبوڵڵا، حەماس، تالیبان، ئەلقاعیدە و هێڵە تێرۆریستییەکانی دیکە دەکا. ئێران هەروەها ئاگری توندوتیژیی تایفیی لە عێراق خۆش دەکا و پشتگیریی لە شەڕی قیزەوەنی نێوخۆیی لە یەمەن و سورییە دەکا. ئەو پێشێلکاریی بەرچاوی مافەکانی مرۆڤ دەکا و لەسەر تاوانی بێ بنەما و بێ لەبەرچاوگرتنی پرۆسەی یاسایی بیانییان، لەنێویاندا شارۆمەندی ئامریکایی لە گۆترە دەستبەسەر دەکا.

ئەمە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانە کە پێش بە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی و مووشەکی بالیستیکی ویشکاڕۆبڕ بگرێ، و ڕایەڵە و هەوڵەکانی ئێران بۆ بەرهەڵستکاریی ناوچەیی لێک هەڵوەشێنێ، پێش بە دەستڕاگەیشتنی سپای پاسداران و بەکرێگیراوانی بگرێ کە دەستییان بەو سامانانە ڕابگا کە درێژە بە چالاکییە تێکدەرەکانیان بدەن، و بەرپەرچی هەوڵە شەڕانگێزییەکانی ئێران بۆ گەشەپێدانی مووشەک و چەکوچۆڵی ئاسایی بداتەوە.»

**بەشی یەکەم**

دەزانن کێ دەستەواژەی «نفوزی شەیتانیی» بەتایبەتی لەبارەی ئێراندا بەکار دێنێ؟ جان بۆڵتۆن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ترامپە. ئەو هەروەها کابرایەکە کە ستراتیژییەکی وەها پان و بەرین دژی ئێران دارێژێ و جێبەجێی بکا کە ئاماژەی پێ کرا.

بە ڕاستی شەڕی سارد مۆدێلی دروست بۆ ڕەچاوکردنی شێوەی هەڵسوکەت لەگەڵ ئێرانە، چونکە لە زۆر بوارەوە وەک یەک دەچن. ئێران ڕێژیمێکە کە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی شۆڕشگێڕیی دروست کراوە کە دەیهەوێ هەناردەی گشت شوێنێکی جیهانی بکا بە تایبەتیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. هەندێک جار ئەو ئەم کارە لە ڕێگای تێوەگلانی سەربازیی ڕاستەوخۆ و هەروەها لە ڕێگای شەڕی بەوەکالەت و ڕووخاندن و پشتیوانیی لە حیزبی سیاسی، جووڵانەوەی شۆڕشگێڕ، و تاقمی تێرۆریستیی دەکا، گشت ئەمانە لاپەڕەی کتێبی کایەی یەکیەتیی سۆڤییەتن.

لەم ڕوانگەیەوە، ئێران هەمیشە هەڕەشەیەکی مەزنتر لە داعش بووە و دەبێ. ئەو گروپە هەوڵی دا ببێتە دەوڵەت بەڵام هەرگیز بە تەواوی سەرکەوتوو نەبوو. ئێران بە کردەوە هەمان ئایدیۆلۆژی هەیە، سەرەڕای جیاوازییە ڕواڵەتییەکانی [تاقمەکانی نێو دەسەڵات] دەوڵەتیشە و، خاوەنی بەرنامەیەکی ئەتۆمیش.

هەر وەک یەکیەتیی سۆڤیەت، ئێران لە نێوخۆدا لاوازە. لە پشت بانگەشە و هەراوهوریا شۆڕشگێڕییەکەی، ئابوورییەکی فەشەل، تاقمی دەسەڵاتداری بەرتیلخۆر و سەرکوتکەری هەیە کە خەڵکی خۆی تەریک خستۆتەوە. ڕێژیمی ئێران چەند دەیەی ڕابردوو خەریکی سەرکوت کردنی سەرهەڵدانی خوێندکاران و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان کردووە کە داوای ئازادیی زۆرتریان کردووە، هەر وەک لە ژانوییە و زۆر بەناوبانگتر لە کاتی شۆڕشی سەوز لە ٢٠٠٩، کە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما بە ئانقەست ویستی یەکگرتووانەی ئەوانی لە بەر تراویلکەی ڕێککەوتنی ئەتۆمیی پاشگوێ خست.

ئەمە هەلی ڕاستەقینەیە کە بە بڕیاری سەرۆک کۆمار هاتۆتە ئاراوە. ئەگەر ئێران مۆتۆڕی پشێویی بێ، ئێمە دەبێ ئەوە وەک دەرفەتێک سەیر بکەین تا ئەم مۆتۆڕە لەکار بخەین. هەر وەک چاوەڕوان دەکرا، نیویۆرک تایمز لەبەر بڕیاری ترامپ لەبارەی جێهێشتنی ڕێککەوتننامە لەگەڵ ئێران بوورایەوە،

**بەڵام لەهەمان کاتدا وتارێکی بڵاو کردەوە کە بە ئاشکرا باسی پۆتانسیەلی ئاسەواری ئەم بڕیارە شی دەکاتەوە:**

«قەیران لە ئێران قووڵ و بەربڵاوە. ئابوورییەکەی خەریکی دارمانە. پارەکەی خەریکی تێکڕووخانە. چوونەسەرێی

## بەشی یەکەم

نرخەکان زەخت دەخاتە سەر دانیشتووانی شار. وشکەساڵیی پێنج ساڵە گوندەکانی وێران کردووە. ململانێی نێوان ڕێفۆرمخوازەکان و بنئاژۆخوازەکان هێندە مەترسیدارە کە تەنانەت باسی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن هێزە چەکدارەکان دەکرێ.

ئێستا، ئەو پەتی ژیانەی کە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ٢٠١٥ دەستەبەری کرد، کە قەرار بوو زەختی سەر ئابووریی ئێران کەم بکاتەوە و درز بخاتە سەر بەربەستەکان بەرەو ڕۆژئاوا خەریکی دارمانە. سەرۆک کۆمار ترامپ ڕۆژی سێشەممە ڕایگەیاند کە ئەو ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنەکە دێنێتە دەر، کە ئەو بە « ڕێککەوتنێکی کارەساتبار» ناوی برد.

لە درێژخایەندا، لێکهەڵوەشانی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی دەتوانێ هەواڵێکی ناخۆش بێ بۆ سەرجەم رێبەریی ئێران، کە بەرەورووی نارەزایەتیی پەرەئەستێنی جەماوەریی بە هۆی ئابووریی و نەبوونی ئازادیی و نەبوونی داهاتووی ڕوون بوونەوە. ئەمە دەتوانێ هەواڵی ناخۆش بۆ خەڵکی ئاسایی ئێرانیش بێ.

«تکایە، یەکێک چارەنووسی ئێمە بگۆڕێ، هەر کەسێک بێ، تەنانەت ترامپ». عەلی شوجاع، کە شوێنان خاوێن دەکاتەوە گوتی کە توانای بەخێو کردنی سێ کورەکانی نیە. «من لە پێشدا شۆفیر بووم، ئێستا شوێنان خاوێن دەکەمەوە. دوای ئەمە چی بکەم؟ من ناتوانم ببمە سواڵکەر.» کۆی ئامانجەکە گۆڕینی چارەنووسی ئێرانە، ئەگەرچی ئێمە هیواداریـن کە هێندە ئێرانیی هەبن کە بیانهەوێ چارەنووسی خۆیان بەدەست خۆیانەوە بگرن.

**شەڕی ساردی ئێمە لەگەڵ ئێران هەرگیز نەوەستا. ئێمە تەنیا کۆتاییمان بە شەڕکردن هێنا. ئەگەر سەرۆک کۆمار ترامپ لە سەر بڕیارەکەی سوور بێ، ئەو دەرفەتی هەیە نە تەنیا هەوڵی ئامریکا دژی ئێران زیندوو بکاتەوە بەڵکوو ئەم شەڕە ساردە بە هەمان شێوە کە ئێمە دژی سۆڤییەت بەڕیوەمان برد، و بە هەمان ئاکام بۆ ئاشتی جیهانیی، خۆشگوزەرانی و ئازادی، بەینەوە.**

(لە ژمارەی ٧٢٦ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠١٨

## هەوڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕینی ڕێژیم

**دان ستاینبۆک - فارین پاڵیسی جورناڵ**

سێ ساڵە ڕێککەوتننامەی ناسراو بە بەرجام بۆتە هۆی سووککردنی ئابلۆقەی فرەلایەنە بۆ سەر کەرتی وزە، دارایی، کەشتیوانیی و ڕاگواستن لە ئێران لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. بەڵام ئاڵوگۆڕی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کۆتاییەکانی ٢٠١٦ دەستی پێکرد و ئەنجومەنی پیران و کۆنگرە بە کۆی دەنگ ماوەی ئابلۆقەکانی سەر ئێرانیان بۆ ساڵی دەهەم درێژ کردەوە. نەتەنیا زۆربەی کۆماریخوازەکان، بەڵکوو دێموکڕاتەکانیش کە لە سەردەمی ئۆبامادا پشتیوانییان لە بەرجام کرد بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هەڵوێستی خۆیان گۆڕی.

**ئەمە بووە هۆی ورەبەخشین بە ترامپ بۆ سیاسەتێکی بەهێزتر، و ڕێگە پێنەدراو، دژی ئێران.**

### هەوڵی ناسەقامگیر کردنی ئێران بۆ بردنەوەی خۆرهەڵاتی ناڤین

لە ناوچەکە، هەڵوێستی ترامپ پشتیوانیی ئابووری و ژێئۆپۆلیتیک لە عەرەبستانی سعودییە، هەروەک مامەڵەی ١١٠ ملیارد دۆلاریی چەکوچۆڵ لەگەڵ ڕیاز لە ساڵی ڕابردوودا نیشانی دەدا، و بەهێزکردنی پەیوەندیی ئەمنیەتی لەگەڵ ئیسرائیل، وەک بە فەرمی ناسینی ئورشەلیم وەک پایتەختی ئیسرائیل؛ هەڵەیەکی سیاسیی بەرچاو کە لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە مەحکوم کرا و بووە هۆی بەراوەژوو کردنەوەی سیاسەتی حەفتاساڵەی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

پەرەگرتنی یەکگرتنەوەی بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، سعوودی و ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕەنگدانەوەی هەوڵێکی پەرەئەستێن بۆ باڵادەستیی ناوچەییە. ئۆکتۆبری ڕابردوو، بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بڕیاری خستنی ئابلۆقەی زیاتر بۆ سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان بە بەرنامەی موشەکی و سوپای پاسدارانی دەرکرد، هاوکات هەڕەشەی چوونەدەر لە ڕێککەوتننامەی بەرجامی کرد. بە لاواز کردنی «میانڕەوە»کانی ئێران، کۆشکی سپی هیوادار بوو کە «هەڵۆکان» هەنگاوی ستراتیژیک بنێن تا وەک بیانوو بۆ گۆڕینی ڕێژیم کەڵکی لێ وەرگرێ.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەکەم

پلانەکە کە لەلایەن نوێکۆنە پارێزەکانی کۆماریخواز و دیموکڕاتە لیبڕاڵەکانی خوازیاریی دەستێوەردان پشتیوانیی لێدەکرێ و پشت بە ئێرانییە نارازییەکانی تاراوگە و لایەنگرانی شا لە ڕۆژئاوا دەبەستێ، لە کاتێکدا کە عەرەبستانی سعودی و ئیسرائیل هەوڵ دەدەن لە ڕێگای سەربازیی و ئۆپەراسیۆنی شاراوە لە شەڕە بە وەکالەتەکانی کە لە ناوچەکەدا لە ئارا دان، ئێران لاواز بکەن.

لەگەڵ زەختی ئابووری، ترامپ دەستی بە ئۆپەراسیۆنی شاراوە کرد لە ڕێگای دیاریکردنی مایکل دیئاندرێیا، کە بە قووڵی لە بەرنامەی پرسیارلێکردنی (گیراوان) لە ئامریکا دوای هێرشەکانی یازدەی سێپتامبر، و بەرپرسی مێزی ئێران لە ناو سی ئای ئەی، لە کاتێکدا کە مایک پۆمپێئۆ کە توندئاژۆیەکی کۆنەپارێزە، بووە جێگرەوەی ڕێکس تیللەرسۆن وەک وەزیری کاروباری دەرەوە. دیئاندرێیا و پۆمپێئۆ هەردوو لایەنگری گۆڕینی ڕێژیمی ئێرانن.

ترامپ بە هەمان شێوە جان بۆڵتۆنی نوێکۆنە پارێزی وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و جینا هاسپێلی وەک سەرۆکی نوێی سی ئای ئەی دیاریکرد. لە کاتێکدا کە بۆلتۆن یارمەتیی بە ئیددیعای «چەکی کۆمەڵکوژ» کرد کە بووە هۆی شەڕی عێراق، هاسپێل وەک ڕەئیسی وێستگەیەکی سی ئای ئەی کە زیندانییەکان لێی ئەشکەنجە کراون و لە نێوبردنی نزیکەی ١٠٠ فیلمی ڤیدیۆی لێپرسینەوە لە زیندانیان دەستی هەبووە.

لە ٢٠٠٣ بۆڵتۆن پشتی بە زانیاریی ساختە لە لایەن عێراقیانی بەرهەڵستکاری نیشتەجێ لە ئامریکا بەست، و ئێستا پشتی بە زانیاریی هەڵەی تاراوگەنشینانی ئێرانی دەبەستێ. لە نۆڤامبری ٢٠١٧، بۆڵتۆن داوای لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کرد تا پلانێکی «سێناریۆی شای ئێران»ی هەبێ. چوارمانگ پێشووتر، ئەو لایەنگریی لە کشانەوەی ترامپ لە بەرجام کردبوو و داوای گۆڕینی ڕێژیمی ئێران پێش فێوریەی ٢٠١٩، چل ساڵ دوای شۆڕشی ئێرانی کردبوو. دوای ئەوەی کە بۆڵتۆن جێگای ئێچ ئار مەکماستێری وەک ڕاوێژکاری نەتەوەیی ترامپی لە مانگی ئاپریل گرتەوە، ئێستا پلەوپایەی پێویستی بۆ بەڕێوەبردنی نەخشەی گۆڕینی ڕێژیم هەیە.

### گۆڕینی ڕێژیم، تیرۆر، بەکرێگیراو و پارەی جێگای گومان

بۆڵتۆن پشتگیری لە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق دەکا، گرووپێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە زانیارییان (و پارەی قسەکردن لە کۆڕوکۆبوونەکانیان) لێ وەردەگرێ. ڕێکخراوی موجاهیدین لایەنگری ڕووخاندنی دەوڵەتی هەڵبژێراوی ئێران لە ڕێگای توندوتیژییەوەیە. تا سەرەتای ٢٠١٠، بریتانیا، یەکیەتیی ئورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێکخراوی موجاهیدینیان

## بەشی یەکەم

وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستیی دەناسی، بەڵام وەزیری کاروباری دەرەوە هیلاری کلینتۆن گروپەکەی لەو لیستەیە هێنا دەر، بە گوێرەی زانیارییەکان بۆ ئەوەی کە کەڵک لە موجاهیدینی خەلق بۆ ئامانجەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەرگیرێ. لە هەمان کاتدا، کلینتۆن ئابلۆقەی لە سەر میلیۆنان دۆلاری موجاهیدینی خەلق هەڵگرت تا بتوانن زۆرتر لە کۆنگرەی ویلایەتە یەکگرتووەکان کاری لۆبی بکەن.

لەگەڵ لایەنگرانی شای پێشوو لە ویلایەتە یەکگرتووکان و شوێنی دیکە، پلانداندەرانی گۆڕینی ڕێژیم پشت بە ئەم کەسە جێی گومانانە، و ڕێکخراوە شێوە یاساییانە دەبەستن، هەر وەک بەرامبەر بە ئەحمەد چەڵەبی ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی عێراق لە ٢٠٠٣ کردیان. ئەوە کاتێک بوو کە ئابلۆقەکان بوونە هۆی شەڕی عێراق، کە ئێستا هەمان دەوریان لە بارەی ئێراندا هەیە.

### لە ئابلۆقەی کۆنەوە بۆ هی نوێ

حەوتووی ڕابردوو، ویلایەتە یەکگرتووەکان جارێکی دیکە تاکلایەنانە، کاتێک کە وەزارەتی دارایی ئابلۆقەی خستە سەر چەند کۆمپانیا و تاکی ئێرانی کە دەگوترێ دەستیان لە پارە گۆڕینەوەی نایاسایی لە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبیدا هەبووە، هەنگاوی بەرەو دابڕاندنی ئێران لە ئابووریی جیهان هەڵێنا. لە بانگەشەی هەڵبژاردنی ٢٠١٦ دا ترامپ ڕێککەتننامەی ئەتۆمیی وەک «کارەسات» وەسف کردبوو. ڕەوانبێژیی هێرشبەرانە یەکێک لە توخمەکانی مامەڵەکردنی ناوبراوە. ئەمە دووبارە پێناسەکردنەوەی مەرجەکانی بەدواوە. ئەم هەوڵە تاکلایەنانە لە پێشدا پشت بە زەختی ئابووری دەبەستن، پاشان هەڕەشەی سیاسی و کاتێک پێویست بێ، هێزی سەربازیی.

دوای بەرجام، ئابلۆقەی سەرەتایی لەسەر کەرتی وزە، دارایی، کەشتیوانیی و ڕاگواستن، دوای ئەوەی کە ئاژانسی ناونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیی لە ژانویەی ٢٠١٦ پشتڕاستی کردەوە کە ئێران ڕێککەتننامەکەی بەڕێوە بردووە، هەڵگیران. لە هەمان کاتدا، ئابلۆقەی دیکە لەسەر کۆمپانیایان لەگەڵ ئابلۆقە لەسەر کۆمپانیای ئامریکایی، لە ناویاندا بانکەکان، لە جێی خۆی مانەوە.

کۆشکی سپی هەوڵ دەدا ئەم ئابلۆقانە بەهێزتر بکا، لە کاتێکدا کە هەوڵ دەدا ئابلۆقە سەرەتاییەکان زیندوو بکاتەوە. لە ئۆکتۆبری ڕابردوو، ترامپ داوای کرد کە بەرجام پرۆژەی گەشەپێدانی موشەکی بالیستیکی و چالاکییە ناوچەییەکانی ئێران سنووردار بکا. لە ئاکامدا، بەڕێوەبەرایەتییەکە ئابلۆقەی خستۆتە سەر لایەکی دیکەی پەیوەندیدار بە بەرنامەی موشەکیی

بەشی یەکەم

ئێران، چالاکییەکان لە خەلیجی فارس و چالاکیی دیکە لە ناوچە.

سەرنجەکان گەڕاونەوە سەر ئەو ئابلۆقانەی کە لە لایەن کۆنگرە پەسەند کراون یا لە ژێر لێکۆڵینەوە دان، وەک یاسای بەرپەرچدانەوەی دوژمنانی ئامریکا لە ڕێگای ئابلۆقەوە لە ساڵی ٢٠١٧، هەروەها پێشنیاری یاسای پەیوەندیدار بە موشەکە بالیستیکییەکانی ئێران، داراییەکانی ڕێبەرانی ئێران، چاودێریی وردتر بەسەر دەستڕاگەیشتنی ئێران بە دارایی، دووبارە سەپاندنەوەی ئابلۆقەی ئامریکایی کە هەڵگیرابوون و ئەگەری ئابلۆقەی چەند لایەنانەی نێونەتەوەیی.

چونکە ڕووسیە و چین درێژە بە پشتیوانیی لە ڕێککەتننامەی ئەتۆمیی لەگەڵ ئێران دەدەن، پرسیاری ڕاستەقینە ئەوەیە کە ئاخۆ هێزە سەرەکییەکانی ئورووپا، ئەڵمان، فەڕانسە، بریتانیا و خودی یەکیەتی ئورووپا، داکۆکی لێ دەکەن.

## هەوڵەکان بۆ بنکۆڵکردنی پەیوەندییەکانی یەکیەتی ئورووپا – ئێران

پێش بڕیاری ترامپ، ڕێبەرانی ئورووپا پێداگرییان لەسەر جێبەجێکردنی تەواوی بەرجام دەکرد. سەرۆک کۆماری فەڕانسە ئێمانوێل ماکرۆن هۆشداریی دا کە «بڕیارنامەی پێشگرتن بە پەرەئەستاندنی چەکی ئەتۆمی لە مەترسی دایە». وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەڵمان هەیکۆ ماس دەلیلی هێنایەوە کە بەرجام «دونیا ئەمینتر دەکا». وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا بوریس جانسۆن گوتی کە «بریتانیا وەفادارێکی بەهێزی بەرجام دەمێنێتەوە.» هەروەها دیپلۆماتی پایەبەرزی یەکیەتیی ئورووپا فێدریکا مۆگێرینی بەڵێنی دا کە یەکیەتیی ئورووپا وەفای بۆ ڕێککەتننامەکە دەمێنێ.

بەڵام لەم دواییانەدا ماکرۆن گوتی «ئێمە بەیەکەوە کار دەکەین بۆ چوارچێوەیەکی بەرفراوانتر، کە چالاکیی ئەتۆمی، ماوەی دوای ٢٠٢٥، چالاکیی موشەکیی، و سەقامگیریی لە خۆرهەڵاتی ناڤین، بە تایبەتی سورییە، یەمەن و عێراق بگرێتەوە.» ئەم لێدوانانە نیشاندەری ئەوەن کە هەندێک لە ڕێبەرانی یەکیەتیی ئورووپا لەوانەیە بەدوای دووبارە پێناسە کردنەوەی هەڵوێستی یەکیەتیی ئورووپا لە ڕێگای جێهێشتنی ڕێککەتننامەی بەرجام بە شێوەی ئێستا بن، بەڵام ڕێککەتننامەکە بە یەکی نوێ و مەرجی بەرینتر پێوەست بکەنەوە کە دەبێتە بنکۆڵکردنی ڕێککەتنەکە.

بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ وێدەچێ کۆمپانیاکانی ئورووپایی بکاتە ئامانج کە دوای ڕێککەوتنی ئەتۆمیی مامەڵەیان لەگەڵ ئێران کردووە. لەوانەیە ئابلۆقە بخاتە سەر کۆمپانیای وڵاتی لایەنی بەرجام، کە چین، فەڕانسە، ڕووسیە، بریتانیا، ئەڵمان و یەکیەتیی ئورووپان، بۆیە مەترسی دەستڕاگەیشتنیان بە بازاڕەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەچێتە سەر. وەک

**بەشی یەکەم**

**وەزیری دارایی ستیڤن مانچین لەم دواییانەدا گوتی، ڕێککەتننامە بازرگانییەکانی ئورووپا_ ئێران «کاتێک کە ڕێپێدانەکانی ئێستا وەرگیرێنەوە» لە ئیعتیبار دەکەون.**

**جگە لە رێنۆ، پێژۆ سیترۆئەن و سانۆفی، کۆمپانیای فەڕانسەیی بەشێکی بەرچاویان لە ڕێککەوتنەکە هەیە بەهۆی گرێبەستی ئەیرباس بۆ فرۆشتنی ۱۰۰ فڕۆکە بایی ۲۱ میلیارد دۆلار و توتال گەورە کۆمپانیای نەفت کە گرێبەستێکی ۲ میلیارد دۆلاری بۆ گەشەپێدانی کێڵگەی پارس لە باشوور واژۆ کردووە. نزیکەی ۱۲۰ کۆمپانیای ئەڵمانی، لەناویاندا فۆلکسڤاگێن و زیمێنس، لە ئێران خەریکی چالاکین و ۱۰۰۰۰ دانەی دیکە لەگەڵ ئێران مامەڵە دەکەن. ڕۆیال داچ شێل بە شێوەی نەرێنی کاریگەریی لەسەر دەبێ. زەختی ئابووری دەتوانێ زەرەری بەرچاو بە کەرتی نەفتی ئێران بگەیەنێ کە مەزنترین کڕیارەکانی چین، کۆرەی باشوور، تورکیە، ژاپۆن، ئیتالیا و هیندوستانن.**

**پەیامی کۆشکی سپی بەرز و ئاشکرایە: «ئەگەر دەتانهەوێ لە ئامریکادا بمێننەوە، لە ئێران بچنە دەر»، ئەمە هەوڵی گۆڕینی ڕێژیمە بەڵام بێ ڕەوایی نێونەتەوەیی، بەتایبەتی چونکە ئێران مەرجەکانی بەرجامی بە تەواوەتی بەڕێوە بردووە.**

**ئێستا ئیعتیباری بەهێزەکانی ئورووپا کەوتۆتە ژێر تاقیکاری.**

**(لە ژمارەی ۷۲۷ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ۲۰۱۸**



سەرچاوە Serchawe

## دووبارە داڕشتنەوەی هاوپەیمانی لە نێوان متمانە پێنەکراوەکاندا

**واشینگتۆن تایمز - هەربەرت لەندەن**

سوریبە بۆتە «پیاوی نەخۆشی» خۆرهەڵاتی ناڤین، وڵاتێکی پڕ لە مەرگ و ئاوارەیی. سەرۆک کۆماری پێشووی ئەمریکا، باراک ئۆباما ڕووسیەی بانگهێشتی ناوچەکە کرد تا کۆنترۆڵی بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لە لایەن بەکرێگیراوەکەی بەشار ئەسەد بکا. لە ٢٠١٥، کاتێک کە دەستێوەردانی ڕووسەکان بەربڵاوتر بوو، ئاغای ئۆباما گوتی ئەمە «تەنیا دەبێتە هۆی گیرخواردنیان لە باتڵاقدا.» سێناتۆر جان ماککەین لە ئەنجومەنی پیران وەڵامی دایەوە: سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما «ڕیسکی هەڵوێستگرتنی بە مەترسیی بێهەڵوێستیی گۆڕیوەتەوە.»

ئەمڕۆ دەبینین کە مەترسییەکانی بێهەڵوێستی ئاشکرا دەبن. دەسەڵاتی ڕووسیە بەسەر تەقریبەن نیوەی خاکی سوریبە لە ماوەی تەنیا چەند مانگ دوای دەستێوەردانەکەی و بوونی ڕووسیە لەوێ کۆتایی بە گشت هەوڵێکی جیددی لە لایەن پشتیوانەکانی نەیارەکان بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئەسەد هێنا.

جگە لەمە، ڕێبەری ڕووسیە ڕێککەوتنێکی لەگەڵ تورکیە کرد کە هەوڵی ناسەقامگیر کردنی ڕێژیمی دابوو و لە جیاتان هاوپەیمانییەکی بناخەداندراو لەسەر دوژمنایەتیی چالاکی (تورکیە) لەگەڵ کوردانی پێک هێنا. ئێستا دەکرێ بڵێین کە بەم ئاڵوگۆڕە لە سیاسەتدا، نزیکەی سەرجەم ئەو وڵاتانەی کە سەردەمێک پشتیوانییان لە ئۆپۆزیسیۆن دەکرد پێویستیان بە ڕووسیەیە تا لە سووریە فریایان بکەوێ. ڕووسیە ڕێگای پێدراوە کە ببێتە «ئەسپی بەهێزی ڕۆژهەڵاتی مەدیتەرانە.»

ئەم بیرۆکەیە کە ڕووسیە دەتوانێ وەک تایەری باڵانس لە دژی ئێران بەکەڵک بێ لە کاتێکدا کە هاوپەیمانییەکی لاوازی لەگەڵیدا هەیە، دەرخەری ئەم باوەڕەیە کە ئەو دەتوانێ زامنێکی باشتر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بۆ سەقامگیری بێ. بەڵام، ڕووسەکان هێشتا سیاسەتێکیان نیشان نەداوە کە هەمان دەرەنجامی لێ بکەوێتەوە. ئۆردۆن، ویلایەتە یەکگرتووەکان و لوبنان هیوادار بوون ڕووسیە لە هاوپەیمانەتیی لەگەڵ ئێران دەست هەڵگرێ و ڕێگا بە داهاتوویەکی جێگای ئومێد بدا. ئەمە تا هێشتا وەڕاست نەگەڕاوە. بەڵام وەزارەتی کاروباری دەرەوە لەسەر ئەم بڕوایەیە کە دەکرێ ڕووسیە لە ئێران و حیزبوڵڵا جیا بکرێتەوە. ئەم دەستپێشخەرییە پاڵنەری دانوستانە هەنووکەییەکانی ڕووسیە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان لەم بارەوەیە.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەکەم

سێ فاکتری بەرایی تێگەیشتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی لەبارەی سورییە گۆڕیوە: هیچ هەوڵێکی دەرەکی بۆ بە چالشکێشانی ئاغای ئەسەد وەک پێشوو بوونی نیە، نەیارەکان هیچ هەڕەشەیەک ناخەنە سەر ناوەندە پڕ حەشیمەتەکان و هەموو نەتەوەکانی خاوەن گرەو لە ناچەکەدا ڕێککەوتنیان لەگەڵ ڕووسیە هەیە، نەوەک هەر ئێران. لاوازکردنی پەیوەندیی نێوان ئێران و سورییە لەوانەیە ئامانجی ڕوسەکان بێ، ئەمە ئامانجی ویلایەتە یەکگرتووەکانیشە. لە ڕاستییدا، ڕووسیە تەنیا خاوەن دەسەڵاتێکە کە بتوانێ پێش بە دەست بەسەرداگرتنی گشت وڵاتەکە لە لایەن ئێران بگرێ.

لە ڕوانگەی ویلایەتە یەکگرتوەکان و ئیسرائیلەوە، هیچ ناکۆکییەک لەوەدا نیە کە حیزبوڵڵا دەبێ سنووردار بکرێ، لانیکەم لە بەرزاییەکانی گوڵان بکشێتەوە. ئەمە تاقیکاریی جێی متمانەبوونی ڕووسەکانە. لە ناوچەکە کۆتر نافڕن، بەڵام شێوەیەک لە سەقامگیریی مومکینە. ڤلادیمیر پوتین نیشانی داوە کە خوازیاری هێڵێکی پارێزەر لەگەڵ ئیسرائیلە.

سەرەڕای ئاکارە بێبەزەییەکانی حیزبوڵڵا کە پتر لە ١٢٠٠٠٠ موشەکی لە لوبنان کۆکردۆتەوە، مۆسکۆ ئیددیعا دەکا کە تێدەکۆشی هەوڵەکانی شەڕ نەزۆک بکا. لە چەند کۆبوونەوەدا کە بێنیامین نەتانیاهوو لەگەڵ ئاغای پوتین هەیبووە، گەیشتوونە لێکتێگەیشتنێک کە (لە کاتی هێرشی ئیسرائیل) هێزەکانی ئاغای پوتین ئاگادار بکرێنەوە تا تووشی مەترسی نەبن.

شتێکی ئاشکرایە کە ڕێبەریی ڕووسیە هەردوو لای دەوێ: پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران درێژە پێ بدا کە هێز لەوێ پیادە دەکا و توانایی ئەوەی هەبێ کە پێش بە حیزبوڵڵا بگرێ کە حزووری خۆی لە بەرزاییەکانی گوڵان بسەپێنێ. ئاغای پوتین دەیهەوێ دۆخی هەنووکەیی لە ناوچەکەدا بپارێزێ، بەڵام خولیا ئیمپێریالیستییەکانی ئێران و ئامانجەکانی حیزبوڵڵا لەوانەیە ویستە دیپلۆماتیکەکانی ئەو پووچەڵ بکەنەوە.

ئایا دەتوانن ڕووسەکان خۆیان وەک دەسەڵاتێکی ناوچەیی خاوەن بەرپرسیارەتیی ڕەفتار بکەن؟ ئاخۆ ئێران بە دەورێکی لاوازی شیعە لە ناوچەکە ڕازی دەبێ؟ ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێگای دەستێوەردانی هەیە؟ و ئاخۆ ئاغای ترامپ بەتەمایە لە ناوچەکە بکشێتەوە کە پێی وایە باتڵاقە؟

**ئەمانە پرسیارێکن کە لەسەر مێزی وەزیری کاروباری دەرەوە مایک پۆمپێۆن. ئێستا ئەمانە شتەهایەک نین کە پەلەیان لێبکرێ، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەرگیز دڵنیا نی کەنگێ ئەمانە لەبەر داوەریی پڕجۆش و بڕیاری ناخۆش ئاگر دەگرن.**

(لە ژمارەی ٧٢٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٨

## هەنگاوەکانی داهاتوو؛ ئەودیوی ڕێککەوتنی ناوکیی ئێران

**یو ئێس نیوز - جایسۆن برادسکی**

لە مانگی مای، سەرۆککۆمار دۆناڵد ترامپ بەڵێنی بانگەشەی هەڵبژاردنی بردە سەر و لە ڕێککەوتنی ناوکیی لەگەڵ ئێران هاتە دەر، کە بووە هۆی ڕەخنە لە لایەن هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان و مەترسیی تۆڵەئەستێنیی ئێران لە ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکان پەرەی گرت. بەڵام ڕێککەوتنەکە تەنیا بەشێکی بچووک لە پازڵەکە بوو شتی گەلێک زۆرتر لە گرەو دایە.

ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە هەوڵی خۆی لەسەر ڕێگاچارەی زۆر پێویستی درێژخایەنی ئەودیوی گفتوگۆی دووبارە لەبارەی ڕێککەوتنی ناوکیی چڕ بکاتەوە. ئەمە بە مانای سەرمایەگوزاری لە ناوچەکە، یەکخستنی هاوپەیمانەکانمان و چەسپاندنی ئابلۆقەی توند بەسەر دوژمنەکانمانەوەیە. هەراوهوریاکەی سەر ڕێککەوتنی ناوکیی شوێنەونییەکە کە دەستکردی تارانە. مشتومڕی بێکۆتایی لەبارەی ئەو بڕگەیە کە باسی کاتی دوای هەڵگیرانی بەربەستەکان لەسەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و پشکنینەکان لەسەر حیسابی ستراتیژییەکی گشگیرتر بووە. لە کاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆخۆی بە پێچەوانەی سیاسەتەکانی دەجووڵێتەوە و بنکۆڵیان دەکا، ئەمە "بردنەوەیەکی" ئاشکرایە نەتەنیا بۆ مەلاکان بەڵکوو بۆ ڕێژیمی ئەسەد لە سوریە و لایەنە دوژمنکارەکان لە سەرانسەری ناوچە.

سیاسەتێکی نوێ و بەربڵاو بەرامبەر بە ئێران دەبێ لەسەر ئەم پرەنسیپە دامەزرێ کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە باڵادەستیی خۆی لە گشت ناوچەکە لە ڕێگای وەبەرهێنان وەدەست بێنێتەوە.

یەکێک دەبێ سوریە و ناوچەی قەیراناوی وەک عێراق دووبارە ئاوەدان بکاتەوە، و ئەگەر ئامریکا و هاوپەیمانەکانی ئەم کارە نەکەن، بێگومان دوژمنانمان ئەم کارە دەکەن. ئەگەر ئێمە پێش بە سەرمایەی ئاوەدانکردنەوە بگرین، وەک ترامپ کردوویەتی، شارە وێرانەکانی وەک حەڵەب، ئەمە تەنیا ڕێگا بۆ تاقمە تاوانکارەکان وەک سپای پاسدارانی ئێران خۆش دەکا تا بەشە ئەندازیارییەکانی خۆیان کارا بکەن و پێگەی ئایدیۆلۆژیکی خۆیان بەهێز بکەن. ئێمە بەرگەی بۆشایی ڕێبەرییەکی دیکە ناگرین، کە تەنیا دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی پێشمەرجەکانی کە جاری پێشوو بووە هۆی سەرهەڵدانی داعش.

## بەشی یەکەم

پاشان، سەرەڕای بەڵێنی کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن لەبارەی دانانی قەڵای ئیزۆلەکردن لە دەوری ئامریکا، هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ دڵنیا بوون لە سەقامگیریی پێویستە لە ناوچەدا بمێننەوە.

ئێمە هەر ئێستا دەبینین کە کاتێک کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەر ئەرد بێهەڵوێستە، ڕووسیە کەڵک لە هێزی خۆی بۆ گێڕانی ڕۆڵی بڕیاردەر وەردەگرێ. ئەم هەڵسوکەوتە لە وتوێژەکان لەبارەی پێگەی ئێران لە ناوچەی هێمنی باشوور دەبینین. ئیسرائیل حیساب لەسەر کرەملین تا باڵی ئێران بقرتێنی لە ترسی لەو ترسانە کە دەستکەوتەکانی ڕێژیمی ئەسەد نەکەونە مەترسییەوە دوای شەڕە مووشەکی هێزی بەرگری ئیسرائیل و هێزەکانی ئێران. بەڵام مۆسکۆ سەلماندوویەتی کە زەمانەتکەرێکی جێگای گومانە لە سورییە، بە تایبەتی لە ڕوانگەی چەکی شیمیاییەوە. سەرەڕای هەوڵی پوتین لە ٢٠١٣ کە ویستی بە گوێرەی کۆنوانسیۆنی ١٩٩٧ لە بارەی چەکی شیمیایی قەناعەت بە بەشار ئەلئەسەد بێنێ کە سەرجەم چەکوچۆڵە شیمیاییەکانی لەناو ببا، خۆی وەک ئەندامێکی بەرپرسیاری کۆمەڵگەی ناونەتەوەیی نیشان بدا، لێکۆڵینەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان نیشانی داوە کە ڕێژیمی سورییە "بەشێک لە جبەخانەی شیمیایی خۆی، کە گریمانە دەکرێ لە سەرانسەری وڵات و لە پێگەی جیاوازدا شاردبێتەوە،" و ڕووسیە لێکدا لێکدا پێشی بە نوێکردنەوەی مێکانیزمی پشکنینی هاوبەش بۆ لێکۆڵینەوە و ڕاگەیاندنی بەرپرسیارەتیی هێرشە شیمیاییە بەردەوامەکان گرتووە.

### بۆیە بەڕێوەبەرایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە حزووری لە ناوچەکە هەبێ پێویستە.

لە کۆتاییدا، لە واشینگتۆن تێرۆریزمی شیعە شایانی باسلێکردنە. بەتایبەتی کۆنگرە لەم ڕوانگەیەوە بێ هەڵوێست بووە. تازەترین پێشنیار بۆ کەڵکوەرگرتن لە هێزی سەربازیی لەلایەن سێناتۆرەکان باب کۆرکەر، ئار تێن و تیم کاین، بە ئاشکرا تێرۆریزمی سوننەیان کردۆتە ئامانج، بەڵام بەرامبەر بە ئامۆزا شیعەکەی نارِوونە. ئەم لێڵبوونە پەیامی هەڵە دەنێرێ، بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی هەوڵە چڕەکانی دوژمنەکانمان. لەبیرتان بێ کە شیعە میلیشیاکانی بەکرێگیراوی ئێران لە سورییە، کە ڕێژەیان دەگاتە ٢٠٠٠٠ تا ٣٠٠٠٠ و لە جەنگاوەری بیانی پێکهاتوون، بە گوێرەی ئەنستیتۆی واشینگتۆن بۆ سیاسەتی خۆرهەڵاتی ناڤین، شەرکەری لێهاتوون و تاقیکراونەوە، و بێگومان هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەرانسەری ناوچەکە دەکەن.

ئەمە بەتایبەتی جێگای نیگەرانییە چونکە میلیشیا شیعەکان بە شێوەیەکی پەرەئەستێن بێسنوور دەبن. لە ژانوییەی ٢٠١٥ حەسەن نەسروڵڵا خۆی هەڵنایەوە کە هێزە شیعەکان بەرزاییەکانی گوڵان و باشووری لوبنان وەک بەرەیەکی یەکگرتوو دژی ئیسرائیل بەکار دێنن. ئەوان بە هەمان شێوە بەجەرگتر دەبن، وەک بەڵگە دەکرێ ئاماژە بە سەردانی ئەم دواییانەی

**بەشی یەکەم**

فەرماندەی عەسائیب ئەهلەلحەقی عێراقی، قەیس خەزعەلی بۆ سنووری لوبنان لەگەڵ ئیسرائیل بکەین. ئەمە جگە لە بنکەی بەرهەمهێنانی مووشەکی هەنگێوی تاران لە لوبنان و سورییەیە.

جێی مەتمانە نەبوون، نیوە هەنگاو و لە سینگدانی جارجارەکیی نابێتە هۆی دەستەبەرکردنی سەقامگیریی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. دەمێکە کاتی ئەمە هاتووە کە بە جیددی و بە وردی بەرپەرچی مەترسیی ئێران بدەینەوە. سەرمایەگوزاریی لە ناوچە، پشتیوانیی لە هاوپەیمانەکانمان و پێشگرتن بە دوژمنانمان گەلێک لە شەڕەو دندووکەی واشینگتۆن لە بارەی چۆنییەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ڕێککەوتنی ناوکیی لەگەڵ ئێران باشترە.

(لە ژمارەی ٧٢٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٨

# سیاسەتی ڕووهەڵماڵڕاوانەی ئاڵمان بەرامبەر بە ئێران

## ئارۆن کلیگمەن

ئاڵمان لە چاو گشت وڵاتیکی کۆمەڵگەی ئازاد بەڕاستی پێویست بوو، ئەرکدار بوو هەڵوێستێکی بە هێز و یەکگرتووی بەرامبەر بە ڕێژیمی قاتڵی ئێران هەبێ. سەرەڕای ئەمە بەرلین، کە بۆخۆی مەینەتبارییەکی زۆری بە دەست ڕێژیمێکی لەم چەشنە چەشتووە، لە پشتیوانیکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە هەوڵی لەنێو بردنی ئیسڕائیل دەدا، خۆی پاراستووە.

لە کۆتایی حەوتووی ڕابردوودا، هەواڵەکان ئاشکرایان کرد کە بەرلین بەتەمایە ڕێگا بە ئێران بدا کە بە کەڵکوەرگرتن لە بانکی بازرگانیی ئوروپایی - ئێرانی لە هامبورگ ٣٠٠ میلیۆن یورۆ پارەی نەغد بنێرێتەوە بۆ ئێران تا خۆ لە ئابلۆقەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە بە زوویی دەسەپێندرێن دەرباز بکا. کاربەدەستانی ئیسڕائیلی و ئامریکایی نیگەرانی ئەوەن کە ئێران، سپۆنسەری سەرەکیی تێرۆریزم لە دونیا، لەم پارەیە کەڵک بۆ ئامانجی تێرۆریستیی وەرگرێ. (بێگومان ئەم ئێرانییەی کە ئەم کارە جێبەجێ دەکا، عەلی تەرزەلی، کاربەدەستێکی پایەبەرزی بانکی ناوەندیی ئێران، لەبەر پشتیوانیی لە گرووپە تێرۆریستییەکان لە لیستەی ئابلۆقەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دایە.)

بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ هەوڵ دەدا پێش بە ئاڵمان بگرێ کە ڕێگا بە تاران بدا ئەم پارەیە بگوێزێتەوە. ریچارد گرێنێل، باڵوێزی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئاڵمان، داوای لە بەرلین کرد کە لەم بارەوە بڕیاری ڕوونی هەبێ، بەڵام داواکارییەکە لە لایەن یوهان وادێفول، جێگر سەرۆکی پارلمان سەر بە حیزبی کۆنەپارێزی ڕاوێژکار ئانگێلا مێرکل ڕەت کرایەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆیترز وادێفول گوتی پارە گواستنەوەکە «ئەگەر بە گوێرەی یاسا ئەنجام بدرێ لەبەر هۆکاری سیاسی پێشی پێناگیرێ»، کە ئەمە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی کابینەی مێرکڵە. نەخشە ئێرانییەکە دەتوانێ یاسایی بێ، کە دەبێ لێی بکۆڵدرێتەوە، بەڵام بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەمە، شتێکی بێشەرمانە و مەترسیدارە کە ئاڵمان لە جیات پێشگرتن، ئاسانکاریی بۆ ئەم شتە بکا.

بەرلین هەوڵی پەیتاپەیتای داوە کە درێژە بە هەڵگرتنی ئابلۆقە لەسەر ئێران بدا، کە ئەمە پێش بە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەگرێ کە پاشەکشە بە دڕندەیی و شەڕەنگێزیی کۆماری ئیسلامیی بکا. بازرگانانی ئاڵمانی دوای ڕێککەوتنە

ئەتۆمییەکە، کە بە فەرمیی پێی دەڵێن بەرجام، و لە ٢٠١٥ واژۆ کرا، سەرڕێژیان کردە ئێران، کە دەوڵەتی ئاڵمانیش گەلێک حەزی لە باشترکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکەیان بوو. پاش ئەوەی کە سەرۆک کۆمار ترامپ لە مانگی مای کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە ڕاگەیاند، بەڵێنی دا کە سەرلەنوێ ئابلۆقە هەڵگیراوەکان لە سەر ئێران لە ماوەی ڕێککەوتنەکە بسەپێنێتەوە، ئاڵمان لێبڕاوانە هەوڵی داوە ڕێککەوتنەکە بپارێزێ و درێژە بە بازرگانیکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی بدا. مانگی ڕابردوو دەوڵەتی ئاڵمان بەڕێوەبەرییەکی تایبەتیی دامەزراند - کە وەزارەتی ئابووری وەک «شوێنی پەیوەندیی لەگەڵ ئێران» باسی لێوە کرد- بۆ ڕێنوێنیکردنی ئەم کۆمپانیایانە کە نیگەرانن بازرگانیکردن لەگەڵ ئێران لەوانەیە ببێتە هۆی ئابلۆقەی ویلایەتە یەکگرتووەکان. وەزارەتەکە دووپاتی کردەوە، هەر وەک مێرکڵ ئەم حەوتووە هەمان کاری کرد، کە ئاڵمان بە سووککردنی ئابلۆقەکانی سەر ئێران وەفادارە. مێرکل ئەمەشی دووپات کردەوە کە کۆمپانیاکان دەبێ بۆخۆیان بریار بدەن کە ئاخۆ دەیانهەوێ لە ئێران وەبەرهێنان بکەن، بێ ئەوەی کە بچووکترین ئاسەواری هەڵوێستی سەختگیرانەتر بەرامبەر بە ئێران نیشان بدا.

جەمسەرنمای ئەخلاقیی ئاڵمان چیتر بەرەو باکوور نییە. ئەو لە جیات لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، پشتیوانیی لە تیئۆکراسی ئێران دەکا، ڕووحی خۆی قوربانیی دەکا. لەبەر چی؟

بەرژەوەندیی ئابووری وێناچێ هاندەری سەرەکیی بێ، سەرەڕای ئەوەی کە گەلێک هەواڵنێر و توێژەر ئیددیعای پێچەوانەکەی دەکەن. هەرچی بێ، هەنارده و هاوردەی ئاڵمان لەگەڵ ئێران دڵۆپەیەکی دەریای کۆی گشتیی بازرگانییەکەیەتی (٢٧،٠ و ٠٣٢،٠ لە سەد لە ٢٠١٧ دا، بە نۆبە).

شیکردنەوەیەکی دیکە بۆ ڕەفتاری ئاڵمان تووڕەییەکەیەتی بەرامبەر بە ترامپ. داواکاریی ترامپ لە ئەندامانی ناتۆ، بە تایبەتی ئاڵمان، کە پارەی زۆرتر سەرفی بەرگریی بکەن بێگومان بەرلینی دڵڕووشاو کردووە، هەر وەک گومرگی سەر پۆڵا و فافۆن کە هەناردەی ئامریکا دەکرێ و دوژمنایەتیی گشتیی بەرامبەر بە بازرگانیی ئازاد. زۆربەی ڕێبەرانی ئوروپای خۆرئاوا لە ترامپ بێزارن، هیچیان لەمەدا ناگەنە مێرکڵ و هاوکارەکانی. لام وایە ئەوان لە پشت دەرگا داخراوەکاندا دەڵێن: «هاوڕێ بەرێزەکەمان باراک بۆ کوێ چووە؟»، پێیان وایە ئاکار و ناسیۆنالیزمی ترامپ ساویلکانە و دواکەوتووانەیە. جگە لەمە، ڕێبەرانی ئورووپا چوونەدەرێی ئامریکا لە ڕێککەوتنی لەگەڵ ئێران وەک زلـەیەک لە لاچاوی خۆیان سەیر کرد، کە جەسوریی ئەوانی بۆ نەچوونە ژێر باری دەمەدەمی مەزاجیی واشینگتۆن و ترسی ئابلۆقەکانی بردە سەر.

شیکردنەوەی سێهەم زۆرتر ئاریشییە. ئەو دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هێزی سەربازیی ئاڵمان و قبووڵنەکردنی ئەوەی ڕەوایە کە هێزی سەربازیی دەتوانێ و دەبێ بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکییە ناونەتەوەییەکان کەڵکی لێوەرگیرێ.

ئەمە باوەڕێکی قووڵە لە هەندێک بەشی ئورووپا، بە تایبەت ئاڵمان و یەکیەتیی ئورووپا، کە وتووێژ و ئاشتی لە ڕێگای بازرگانی و شێوازی دیکەی بەستراوەیی ئابووری، گەشە دەکەن و تاکە ڕێگای چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە نێوان وڵاتانە. دەستکەوتی مەزنی سیاسی، وەک بەرجام، جایزەی هەرە نایابی ئەم بۆچوونەیە. دیپلۆماسی لەنێو بیرۆکراتە پێشکەوتووەکان، بە گوێرەی ئەم جیهانبینییە، ڕێگایەکە بۆ دوور کردنەوەی ناکۆکیی، بۆ پێشگرتن بە هاتنە ژووری ئەو وەحشییانەیە - ئەوانەی کە باوەڕیان بە دەسەڵاتی ڕەقە - کە لە دەروازەی شار نەیەنە ژوور. تیۆریی بناغەدانەری ئەم سیستەمە بۆچوونە ئەمەیە کە هەموو کەس، قەی ناکا چەند دوژمنکار، بە کەلوپەل، خزمەتگوزاریی، کافە و پارەی خۆرئاوایی، وەسوەسە دەبن. کەوابوو پیاوە ڕەقەکانی ئێران لە کۆتاییدا چەکەکانیان دادەنێن، لە جیاتان کەیفە بە مۆدەکانی ئورووپا هەڵدەبژێرن.

بێگومان ئەمانە گشتی قۆڕییاتە، بەڵام بۆ ساتێک گومانت نەبێ کە ڕێبەرانی ئاڵمان باوەڕیان پێیەتی، چونکە ئەگەر ڕاست نەبێ، کەوابوو ئاڵمان لە شانۆی سیاسەتی جیهانییدا هیچ دەسەڵاتێکی نییە، لانیکەم بۆ چارەسەری بابەتە هەرە گرینگەکان.

ئاڵمان، وەک وڵاتانی دیکەی ئورووپا، بەم قسەیە داکۆکی لە سیاسەتەکەیان بەرامبەر بە ئێران دەکا کە تەنیا جێگرەوەی بەرجام و سازش، شەڕە. بەڵام ئێران، وەک هەر دەسەڵاتێکی ڕیویزیۆنیستی دیکە، ئەگەر بەرەوڕووی نەوێستییەوە، پشتگەرمتر دەبێ. ئەمە گشت شەڕانگێزییەکی ئێران دەگرێتەوە، لە بەرنامەی ناوکیی، تا سەرکوتکەریی نێوخۆیی، تا دەستوەردانەکەی لە ڕەشەکوژیی سورییە.

وێدەچی ئاڵمان بە گاڵتەجاڕیی هەڵوێستەکەی بەرامبەر بە ئێران نەزانێ. مێرکڵ زۆر خێرا بوو لە وەرگرتنی کۆڕەوی پەنابەری سورییەیی - سیاسەتێکی جوامێرانە هەرچەند هەڵە - پێش ئەوەی کە لە بڕیارەکەی پاشگەز بێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتی مێرکڵ بە حەزەوە ڕێککەوتنی بازرگانیی لەگەڵ ئێران واژۆ دەکا، ناڕاستەوخۆ پشتیوانیی لە ڕێژیمێک دەکا کە سەرسەختترین پێشتیوانی ماشێنی شەڕی سەرۆک کۆمار بەشار ئەلئەسەدە؛ کە لە پلەی یەکەمدا بووە هۆی ئەوە کە پەنابەران بەرەو ئورووپا ڕابکەن!

بەشی یەکەم

بەرلین دەرفەتی بەدەستەوەگرتنی ڕێبەریی جیهانیی لە ڕووبەڕووبوونەوە دژی ئێران و وەستانەوە دژی دیکتاتۆریی ڕاستەقینەی هەیە. بۆ ئەم مەبەستە، ئاڵمان پێویستە دژی ڕێژیم بوەستێتەوە و پشتیوانی لە خەڵکی ئێران بکا کە دژی ڕێژیم خۆپیشاندان دەکەن. ئەمە بە مانای پشتیوانی لە ئازادی و مافەکانی مرۆڤە، نەوەک دۆستایەتی بەدرۆ.

ئاڵمانییەکان دەبێ هەروەها پرسی ئێران لە پرسە جێی ناکۆکییەکان لەگەڵ ترامپ جیا بکەنەوە بۆ ئەوەی کە کاریگەربوونی ئابلۆقەکان مسۆگەر بێ، بۆ سنووردارکردن و لە کۆتاییدا پاشەکشەکردن بە زێدەڕۆییە ئیمپێریالیستییەکانی ئێران لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی ناڤین، و بۆ دڵنیا بوون لەمە کە ئێران هەرگیز نەبێتە خاوەنی چەکی ناوکیی.

ئاڵمان دەبێ بە هەمان شێوە بەرامبەر بە سیاسەتی لەڕادەبەدەر دژە جوولەکەی ئێران بوەستێتەوە، لەنێویاندا حاشاکردن لە کۆمەڵکوژکرانی جولەکەکان و بڕیاری لەنێوبردنی ئیسڕائیل.

**پتر لە ٧٠ ساڵ پێش ئێستا، شەش میلیۆن جوولەکە لە ڕەشترین بڕگەی مێژووی مرۆڤایەتییدا قوربانی کران. ئاڵمان ئەرکێکی ئەخلاقیی هەیە کە دڵنیا بێ کە داوای ئێران بۆ لەنێوبردنی شەش میلیۆن جوولەکەی دیکە هەرگیز وەڕاست نەگەڕێ.**

(لە ژمارەی ٧٣٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٨

## ئازادکردنی ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوز یارمەتیی ڕیفۆرمخوازەکان دەکا؟

**ئاتلانتیک کاونسڵ - ئارەش عەزیزی**

هەمووی بە دەنگۆیەک دەستی پێکرد. ٢٨ی جولای بەشێکی زۆر لە ئێرانییەکان باسی ئازادکرانی بەم زووانەی ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوز، میر حوسێن مووسەوی، هاوسەرەکەی زەهرا ڕەهنەوەرد و مەهدی کەڕووبییان دەکرد کە لە سەرەتاکانی ٢٠١١ وە بە هۆی ڕێبەریکردنی نارەزایەتییەکانی دوای هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ لەماڵەوە دەستبەسەرن. کوڕی کەڕووبی، حوسێن، گوتی کە «سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو» ئاگاداری کردۆتەوە کە شووڕای بەرزی ئەمنیەتی نەتەوەیی بڕیاری ئازادکرانی ئەم سێیەی داوە. حوسێن بە «ئینساف نیوز»ی گوت «ئەوان گوتویانە کە ئەگەر ڕێبەری مەزن لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بۆچوونێکی دیکەی نەبێ، ئەنجومەنەکە بڕیاری خۆی بەڕێوە دەبا.»

بڕیارەکە وێدەچێ بە شێوەی پێویست جێگای مەتمانە بێ. لەگەڵ کەڵەکە بوونی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکانی ئێران لەم چەند مانگەی دواییدا، گەلێک ڕیفۆرمخواز داوایان لە ڕیبەری گەورەی نیزام، ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی کردووە کە هەنگاوێک بەرەوە ئاشتی نەتەوەیی بنێ.

ئازادکردنی ڕێبەرانی ڕیفۆرمخواز شتێکی چاوەڕوانکراو بوو. تەنیا چەند ڕۆژ پێش ئێستا، جێگری سەرۆککۆمار، ئیسحاق جەهانگیری بەڵێنیی «کۆبوونەوەی سەمبولیکی» ڕێبەرانی وڵاتی دابوو بۆ ئەوەی کە یەکگرتوویی نەتەوەیی لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ گیروگرفتە پەرەئەستێنەکان نیشان بدەن. کۆتاییهێنان بە دەستبەسەرکرانی ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوز و هەڵگرتنی ئابلۆقەی میدیایی لەسەر سەرۆککۆماری پێشووتر محەممەد خاتەمی، ڕێبەری مەعنەویی جووڵانەوەی ڕیفۆرمخوازی، دەتوانێ ئەم شتە بێ. نوێنەرانی مەجلیس کە چاویان بە سەرۆککۆمار، حەسەن ڕوحانی کەوتبوو؛ بە هەمان شێوە بە گەشبینییەوە باسی ئەم مەسەلەیان کردبوو. بەڵام زۆر زوو حاشای لێ کرا، کاتێک کە نوێنەرێکی ڕیفۆرمخواز کە هەوڵی بۆ مسۆگەرکردنی ئازادیی سێ کەسەکە دابوو پرسیاری لە عەلی لاریجانی، سەرۆکی مەجلیس لە بارەی بڕیاری شووڕای بەرزی ئەمنیەتی نەتەوەیی کرد، ئەو گوتی کە بڕیارێکی ئەوتۆ پەسەند نەکراوە.

ڕوون نییە کە شووڕای بەرزی ئەمنیەتی نەتەوەیی ئەم پێشنیارەی تەنیا بۆیە کردووە کە لە لایەن کەسانی نزیک لە ڕیبەرییەوە پێیان بگوترێ کە ئەمە بڤەیە! ڕەنگبێ ئاشکراکردنی هەواڵەکە بۆ ئەمە بووبێ کە گوشار بخەنە سەر خامنەیی

کە ڕەزامەندیی بۆ ئازادکردنیان نیشان بدا. هەرچۆنێک بێ، هیچ کەس گومانی لەوەدا نییە کە بڕیار بە دەست ڕێبەری مەزنە! کە وەک کەسێکی بەخشندە نەناسراوە. دیارە ئەگەرچی ئەو نیشانی داوە کە ستراتیژیستێکی فێڵبازە و هەندێک جار سازشی چاوەڕواننەکراوی کردوون.

پرسیاری گەورەتر ئەمەیە کە ئاسەواری ئازادکرانی ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوز چی دەبێ، و ئاخۆ هەنگاوێکی لەم چەشنە دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی ئاستی پشتیوانیی جەماوەریی کە کاربەدەستانی ئێرانی لەم سەردەمەدا پێویستیانە.

موحسین سەفایی فەراهانی، ڕێبەری یەکێک لە حیزبە ڕیفۆرمخوازەکانی ڕێگەلێگیراو، پێی وانییە ئەمە ئاکامەکەی بێ. فەراهانی کە یاریدەدەری وەزیری ئابووری و بەرپرسی فێدراسیۆنی تۆپی پێ لە سەردەمی خاتەمیدا بوو، و پاشان لە ٢٠٠٩ شەش مانگ لە زیندان کرا، گوتی ئازادکردنی سێ کەسەکە «شتێکی زۆر باش دەبێ، بەڵام گیروگرفتی خەڵک چارەسەر ناکا.» بەهەمان شێوە، یاریدەدەرێکی مووسەوی ئیددیعای کرد کە ئازادکرانی مووسەوی «تەنیا کاتێک کاریگەرە» ئەگەر دەسەڵاتداران بە شێوەیەکی بنەڕەتی ڕێبازی خۆیان بگۆڕن.

ئەمە ڕاستە. ئازاد کردنی مووسەوی، ڕەهنەوەرد و کەڕرووبی هەواڵێکی گەورە و گرینگ دەبێ، بەڵام ئەمە زۆر کەم و زۆر درەنگە. لە کاتێکدا کە ڕیاڵ لە حاڵی تێکڕمان دایە و ئابووریی وڵات بەتەواوی هەست بە گوشاری ئابلۆقە داراییەکانی ئامریکا دەکا، خەڵکی ئێران بە شێوەیەکی پەرەئەستێن لە دەست دۆخی هەنووکەیی وەزاڵە هاتوون. زۆرینەی ئێرانییان کە لە ٢٠١٣ و ٢٠١٧ دەنگیان بە ڕوحانی دا، لە سەرۆککۆمار تووڕەن کە بەڵێنییەکانی لە بارەی کار، خۆشگوزەرانیی و کرانەوەی کۆمەڵگەدا جێبەجێ نەکردوون. ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی کە لە دێسامبر و ژانوییەی ڕابردوودا ئێرانیان هەژاند نیشانەی ناڕەزایەتیی پەرەئەستێن بوو کە لە زۆربەی درووشمەکان دەردەکەوت، لە ناویاندا «ڕێفۆرمخواز، ئوسوڵگەرا، ئیتر تەواوە ماجەرا»، کە نیشان دەدەن کە ئێرانییەکان لە هەردوو تاقمە سیاسییەکە بێزارن.

پرسیاری سەرەکیی لە جێی خۆیەتی کە ئەگەر ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوز، کە لە هەڵسوکەوتی بێ هیواکەری ڕێفۆرمخوازەکان لە هەشت ساڵی ڕابردوودا بێبەرین، دەتوانن جووڵانەوەی ڕێفۆرمخوازیی دووبارە زیندوو بکەنەوە، و سواری شەپۆلی پشتیوانیی جەماوەریی بۆ پاشەکشە کردن بە خامەنەیی بن.

سێ کەسەکە نیشانیان داوە کە ئەوان شەرمەزارکران یا ئازادکرانی بە شەرتەوە قبووڵ ناکەن. لە ژانویە، لە کاتێکدا کە ئێران تووشی مەزنترین ناڕەزایەتی جەماوەریی دوای شۆڕشی ئیسلامیی ١٩٧٩ بوو، کەڕرووبی نامەیەکی توندی بۆ ڕێبەری

باڵای ئێران نووسی و داوای لێ کرد کە بەرپرسایەتیی هەلومەرجی وڵات قبووڵ بکا. پاشان لە مانگی مای، ڕەهنەوەرد هەڵگیرانی بەشێک لە گوشارەکانی دەستبەسەرکرانی لە ماڵەوە ڕەت کردەوە.

ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوز وێناچێ ئازادکرانی بێدەنگ بە بڕیارێکی نهێنی قبووڵ بکەن. ئەگەر سێ کەسەکە بە هەندێک پاشەکشەی دەوڵەتی ئێران ئازاد بکرێن، وەک ئازادکرانی زیندانییانی سیاسی، کرانەوەی کۆمەڵگە و یارمەتی بە چالاککردنەوەی ئابووری لە ڕێگای هەندێک هەنگاوی خێرا، لەوانەیە ڕێفۆرمخوازیی زیندوو ببێتەوە. بەڵام، هیچکام لە ڕەفتارەکانی ڕێبەری مەزن و هاوپەیمانە سیاسییەکانی، واتە کۆنەپارێزەکان، ئاماژە بە مامەڵەیەکی لەم چەشنە ناکەن. جێگای ئاماژە پێکردنە کە لە سەرەتاکانی ٢٠١٧، سەرۆک کۆماری پێشووتر خاتەمی لە بەرامبەر هەڕەشەکانی سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان دۆناڵد ترامپدا بە فەرمیی داوای «ئاشتی نەتەوەیی کرد» کە بیرۆکەکەی زۆر زوو ڕەت کرایەوە و وەک «شتێکی بێ مانا» باسی لێوە کرا.

لە مانگی مای، کەڕرووبی نامەیەکی بۆ ڕێبەریی حیزبی ئیعتیمادی میللی نووسی و بەڵێنی خۆڕاگریی دا و بە تانەوە باسی کرد کە «هیچ کەس بەرپرسیاریی دەستبەسەرکرانی نایاسایی هەشت ساڵەی ئێمە ناگرێتە ئەستۆ... وێدەچێ کە چارەنووس بە دەست فریشتەی مەرگ بێ چونکە ئەو یەکێک لە ئێمە پێش ئەوی تر دەبا: ئێمە یا کەسەکەی دیکە،» کە ئاماژە بە ڕێبەری مەزن، خامنەییە!

**کێشمەکێشی کەللەڕەقانەی خامنەیی لەگەڵ ڕێفۆرمخوازەکان لە سەرەتای لەدایکبوونی جووڵانەوەی ڕێفۆرمخوازیی لە ١٩٩٧ بە هەوراز و نشێوی زۆرەوە دەستی پێ کرد. ئێستا گشت کەس دەتوانێ گریمانەی ئەمە بکا کە ئاخۆ تا مردنی ناوبرا درێژەی دەبێ یا نا؟**

(لە ژمارەی ٧٣١ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٨

## لەمەودوا ئێران، ڕیاڵی ئەو وڵاتە و ئایەتوڵڵا چیان لێ دێ؟

### ئیف ئیکس ئێمپایەر - باب مەسین

لە کاتێکدا کە هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە نزیک دەبێتەوە، سەرۆککۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان بە پێوانەی مێژوویی سەرقاڵ بووە. شەڕی بازرگانی لەگەڵ چین، ڕێککەوتننامەی ڕامالێنی چەکی ئەتۆمیی لە کۆرەی باکوور، وەرچەرخان لە پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕووسیە کە خەریکە دێتە ئاراوە، دانووستانی بازرگانیی نوێ لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپا، وتوویژ لەگەڵ مەکزیک و کانادا و ئابلۆقەی نوێ دژی ئێران لەگەڵ هێرشی ئەم دواییانەی ئابووری بۆ سەر ئەردۆغان و تورکیە.

لە کاتێکدا کە بەربەستە ئابوورییەکانی ترامپ لە حەوتووی ڕابردوو وەک هەوڵێک بۆ ئازادکرانی قەشە برانسۆن سەیر کرا، لەوانەیە کایەیەکی گەورەتر لە ئارادا بێ.

### ئابلۆقەکانی سەر ئێران

دوژمنی ژمارە یەکی سەرۆککۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان ئێران بووە و هێرش بۆ سەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن نیشانەی هۆشداریی ئاڵوگۆڕی هەلومەرج بوو کە دیتمان هەلومەرجەکەش گۆڕا.

یەکگرتوویی لە سەپاندنی ئابلۆقەکانی ئێران لە ڕابردوودا مەودای مانۆڕی ئێرانیان گەلێک سنووردار کردبوو، بەڵام هەلومەرج گۆڕاوە و ئەمە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ویستی ترامپ بۆ تۆراندنی هەموو کەس لەبەر بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

دوو ساڵ لە هەڵگیرانی ئابلۆقەکانی ئێران و گەڕانەوەی بۆ نێو گۆڕەپانی جیهانیی و حەزی کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان بۆ وەدەستهێنانی بەشێک لە دۆڵارە نەوتییەکانی ئێران تێپەڕ بووە.

شتەکان بە گوێرەی هیوای ڕێژیمی ئێران نەچوونە پێش کە خۆبواردنی سەرۆککۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پەسەندکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمیی و سەپاندنەوەی ئابلۆقەی نوێ لە حەوتووی ڕابردووی لێ کەوتەوە.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەکەم

لە کاتێکدا کە ئێران بە هەستکردن بەو ڕاستییە کە هیچ ئاڵوویرێکی بازرگانیی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان نابێ درێژەی بە ژیانی ئاسوودە داوە، بەڕێوەبەرایەتیی ئامریکا هەم هاوپەیمانان و هەمیش دژبەرانی وشیار کردۆتەوە کە ئابلۆقەی سزادەرانە دەخاتە سەر هەر وڵاتێک کە مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ ئێران بکا و ئەمە کاردانەوەی لەسەر ئابووریی ئێران هەبووە؛ بە لەبەرچاو گرتنی ئەم ڕاستییە کە ئامانج ئەوەیە لە مانگی نۆڤامبردا بڕی هەناردەی نەوتی ئێران بگاتە سفر، کە لانیکەم ئەمە بۆ ئێران جێگای نیگەرانییە.

نیگەرانیی گەورەتری ئێران شەڕی بازرگانی و ویستی ترامپ بۆ سەپاندنی گومرگ دژی سەرجەم وڵاتان و لایەنەکانە (کە بە پێچەوانەی ئابلۆقەکان ئاڵوویری بازرگانی لەگەڵ ئێراندا دەکەن) بەبێ لەبەرچاوگرتنی مێژووی پەیوەندییەکانیان (لەگەڵ ئامریکا).

هەڕەشەی شاراوە دژی ئێران هەن، بەڵام زۆرتر بۆ ڕێژیمێک کە لە ۱۹۷۹ دەسەڵاتی بەدەستەوەیە و لە کاتێکدا کە یەکیەتیی ئورووپا و زلهێزە جیهانییەکانی دیکە نارەزایەتی بەرامبەر بە دوایین هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەر دەبڕن، ستراتێژیی ترامپ وێدەچێ یەکێک لەم دوو ئاکامە دەستەبەر بکا، یەکیان گەلێک بەسوود دەبێ بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوی دیکە کارەسات بۆ گشت لایەک.

### ئێران تووشی تێکڕمانی ئابووری دەبێ؟

ئابووریی ئێران لەبەر یەک هەڵوەشاوە، ڕیاڵی ئێران بۆ نزمترین ئاست بەرامبەر بە دۆلار دابەزیوە، زۆربەی تێکڕمانەکە لە ماوەی ئەم هاوینە بە هۆی دەستپێکردنەوەی ئابلۆقەکان لە مانگی ئاگوست هاتۆتە ئاراوە و هەڵاوسانی نرخەکان گەیوەتە ئاسمان لە کاتێکدا کە سەردەمێک بازرگانە گەشبینەکان گریمانەی دوورەدیمەنی تاهەتاییەکی دیکە لە بیابانیان دەکرد.

دوایین جار کە ئاسەواری ئابلۆقەکان دەرکەوت لە نێوەڕاستی شەڕێکی سەخت لە نێوان ئێران و جیرانەکەی عێراق بوو کە کوژرانی یەک میلیۆن کەسی لێ کەوتەوە. ئەمجارە، هیچ شەڕێک لە ئارادا نییە، تەنیا گەشەسەندنی ئابووریی جیهان و خۆشگوزەرانی بۆ ئەو لایەنانەی کە لە بەری دروستی پەرژینەکەن.

هەواڵی خۆپیشاندانی ۱۰۰ هەزار کەسی لە شەقامەکانی ئێران بەدوای دوایین ئابلۆقەکان کە هاوار دەکەن مردن بۆ

دیکتاتۆر ئەمجارەیان بە مانای چەرمەسەرییە. بێکاری، بەرزبوونەوەی دوو هێندەی نرخی میوە و سەوزەمەنی و دابەزینی بەرچاوی نرخی ڕیاڵ لە بەراورد لەگەڵ دۆلار پاشلەرزەی ئابلۆقەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان هیوای ئەم وڵاتەیە تا ببێتە هۆی لێدانی دوایین بزمارەکان لە تابوتی ڕێژیم. ئەویش لە کاتێکدا و لە ئێستادا کە نرخی هەر بۆشکە نەوت سەروو ٧٠ دۆلارە و پاش ئەوەی کە دەوڵەتی ئێران بۆ ماوەی پتر لە دوو ساڵ لە دۆلاری داهاتی نەوت و پارەی وەبەرهێنەرانی بیانی بەهرەمەند بوو. بەڵام لە ئێستادا نرخی فەرمیی دراو لە دۆلاری ١٢٠٠٠ ڕیاڵ ڕا لە کاتی نووسینی ئەم بابەتە گەیشتۆتە ٤٤٠٠٠ ڕیاڵ. بەڵام بە گوێرەی هەواڵی مەیدانیی لە چەند حەوتووی ڕابردوودا نرخی نافەرمیی ١ دۆلار گەیشتۆتە ١١٢٠٠٠ ڕیاڵ.

جیاوازیی نێوان نرخی فەرمیی و نرخی سەر شەقام بەڕوونی لەبەر چاوی خەڵکی ئێرانە. لە کاتێکدا کە ئەمساڵ نرخی فەرمیی دۆلار لە ٣٦٠٠٠ ڕیاڵ ڕا گەیشتۆتە ٤٤٠٠٠، نرخی سەر شەقام لە ٤٤٠٠٠ بۆ سەرووی ١١٠٠٠٠ بەرز بۆتەوە، کە قەڵەمبازی سەرەکیی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی ئاپریل.

شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە کە ڕێژەی فەرمیی هەڵاوسانی نرخەکان لە گەڵ هی سەرشەقام جیاوازە و فرۆشیاران نرخەکان بەرز دەکەنەوە تا قەرەبووی چوونە سەرێی نرخی دۆلار لە سەر شەقام بکەنەوە.
لە کۆتایی مانگی جولایەوە، ڕێژەی هەڵاوسانی نرخی ساڵانە ٢٠٠%ی تێپەڕ کردووە، لە کاتێکدا کە ڕێژەی فەرمیی هەڵاوسان لە لایەن کاربەدەستانەوە ١٠% باس کراوە کە جیاوازیی نێوان نرخی فەرمیی و نرخی ڕاستەقینە لە ژانوییەوە مەودای نێوانیان بێ پسانەوە زیاتر بووە.

## لەمەودوا چ شتێک چاوەڕوانی ئێران دەکا؟

ئابلۆقەکانی سەر نەوتی ئێران تا مانگی نۆڤامبر دەست پێ ناکەن، بەڵام هەر لە ئێستاوە وڵات تێک ڕماوە و (کاربەدەستانی) ڕێژیمی ئیسلامی لێک نزیک بوونەوە، تەنانەت ڕووحانی ڕیفۆرمخواز لە پشت ئایەتوڵڵا خامنەیی سەنگەری گرتووە.

چەند مانگ پێش دەستپێکردنی ئابلۆقەی هەناردە کردنی نەوت، گەڕانەوەی سەرۆکی ڕیفۆرمخواز ڕووحانی بۆ نێو توندئاژۆکان وێدەچێ ببێتە هۆی تووڕەیی زۆرتری جەماوەر، تەنیا بژاردەی ڕێژیمی ئێران گەڕانەوە بۆ مێژی وتووێژە کە دژی سەرجەم بۆچوونەکانی ڕێبەر بەرامبەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکانە.

**بەشی یەکەم**

ئاڵترناتیوەکە ئەمەیە کە (ڕێژیم) بەرەوڕووی شۆڕشێکی نێوخۆ ببێتەوە و نارازییان زۆرتر سەرکوت بکا، لە کاتێکدا کە بە دوای ڕێگاچارە بۆ وەستاندنی دابەزینی نرخی دراو و چارەسەری گیروگرفتی ڕێژەی هەڵاوسانی نرخەکاندا دەگەڕێ، هێچکام لەوانە مومکین نین تاکوو ئێران پێداچوونەوە بە دۆخی دراو نەکا و بەدوای ڕێگاچارەی شیاودا نەگەڕێ و لە هەمووی گرینگتر مەسەلەی ئابلۆقەکان چارەسەر نەکا.

**ئاخۆ ڕۆژئاوا شۆڕشێکی نێوخۆی (ئێرانی) دەوێ و ئەمە چ کاردانەوەیەکی لەسەر دینامیزمی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە کۆتاییدا لەسەر نرخی نەوتی خاو دەبێ؟**

ئێران دەورێکی دەستێوەردەرانەی لە خۆرهەڵاتی ناڤین هەبووە و لەبەر شەڕی دەسەڵات بێگومان ئەگەری هەڵایسانی شەڕ هەیە، تەنانەت بە دەستنیشانکرانی دەوڵەتی ئینتیقالی لە لایەن ڕۆژئاواوە یا گەڕانەوەی شازادەی جێنشین و کوڕی شای پێشوو، ڕەزا پەهلەوی لە تاراوگە، کە لەگەڵ ئیسرائیل و دوژمنانی دیکەی ڕێژیمی ئێستا بۆ پشتیوانیی لە گەڕانەوەی پاشایەتیی بۆ ئێران دانووستانی کردووە.

هەرچۆنێک بێ، سەردەمێکی بەژان دەست پێ دەکا، و ڕەوتی دابەزینی نرخی ریاڵ لە کۆتاییدا تا چەند مانگی دیکە سەقامگیر دەبێ، درێژەکێشانی ناڕەزایەتییەکان و هەڕەشەی شۆڕش وێدەچێ پێش سەقامگیر بوون ببێتە هۆی دابەزینی زۆرتر، لە کاتێکدا کە گۆڕینی ڕێژیم دەتوانێ ببێتە هۆی گەشەسەندنی دەستبەجێی بازاڕەکان، چونکە گریمانەی پەیوەندیی نزیک لەگەڵ ڕۆژئاوا و لە هەمووی گرینگتر ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکرێ.

لە پەیوەندی لەگەڵ نەوتی خاو و وەستانی گەیشتنی ئەو بەدەست کڕیاران، لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی هەڵسوکەوتی ڕێژیم لەگەڵ ئابلۆقەکان و ئاخۆ سپای پاسداران دەگەڕێتەوە بۆ سەر عادەتی کۆنی پێشگرتن بە هاتووچۆ لە گەرووی هۆرمز.

**سەرۆک کۆماری ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکان وێناچێ ئەم تاکتیکە قبووڵ بکا، کە دەتوانێ ببێتە هۆی بەرەوڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ دژکردەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و گرەوەکەی بۆ ترامپ دەتوانێ سەرانگرێ کردنی ڕێژیم بێ.**

**عەجایب دەستکەوتێک دەبێ ئەمە.....**

(لە ژمارەی ٧٣٢ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئاگۆستی ٢٠١٨

## ستراتیژیی ترامپ بەرامبەر بە ئێران لەلایەن ڕاستەکانەوە لەهەڵلا دراوە

**واشینگتۆن پۆست - جێنیفەر روبین**

ئێمە لەگەڵ بڕیاری ترامپ بۆ کشانەوە لە بەرجام هاوڕا نەبووین، چونکە پێمان وابوو ئەمە بژاردەیەکی کردەنی نەبوو، کە جیابوونەوە لە هاوپەیمانەکانی نێو پێنج کۆ یەک زەرەری زۆرترە لە قازانج، و ئێمە دەتوانین بێ هاتنەدەر لە بەرجام بە هێنانە بەرباسی دەسەڵاتی نا ئەتۆمیی ئێران، بە ئامانجەکانمان بگەین. ئێستا پسپۆڕێکی سەربازی، کە لەلایەن زۆر لەو کەسانەی کە لایەنگری هاتنەدەر لە بەرجام بوون زۆر ڕێزی لێ دەگیرێ، هۆشداری دەدا کە، ئەگەر بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ، وەک لە قسەکانی وەزیری کاروباری دەرەوە، مایک پۆمپێئۆ دەر دەکەوێ، کە هەوڵی گۆڕانی بنەڕەتیی ڕێژیم دەدا، ستراتێژیی دروستی بۆ ئەم مەبەستە نییە.

**فرێدریک دەبلیو کەیگان لە ئەنستیتۆی ئینتەرپرایزی ئامریکا دەنووسێ، بە پێچەوانەی یەکیەتیی سۆڤیەت، ئێران بەهۆی زەختی ئابووریی ڕۆژئاوا نارووخێ و دەست لە ئایدیۆلۆژییەکەی هەڵ ناگرێ:**

«هەموو بەڵگەکان ئەمە ئاشکرا دەکەن کە ڕێبەری مەزن، ئایەتوڵلا عەلی خامنەیی، مل نادا. ئەو کە ئەزموونی شەڕی خوێناویی ئێران - عێراقی هەیە، لە چەندین بڕگەدا ئەمری بە هێزە چەکدارەکانی کردووە کە خەڵکی بکوژن، یەکێک لەو بڕگانە دوای ناڕەزایەتییەکانی پاش فێڵکردن لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ بوو...»

بەربڵاویی ئاسەوارەکانی سیاسەتەکانی خودی ڕێژیم، لە ناویاندا بڕیاری گەشەپێدانی جبەخانەی چەکی ئەتۆمی، بۆتە هۆی تەریککەوتنەوەی ئابووری کە هێندە زەرەری هەیە بۆیان کە لەوانەیە بۆ هەندێک ئێرانی نوێ بێ، بەڵام نیشانەکانی ئەو ڕاستییە ڕەنگبێ شاراوە نەبن. تەنانەت ئەگەر چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئابوورییەکانی ڕێژیم پێویست بە کەمکردنەوەی سەرکوتی هاووڵاتیان بکا، و لەوانەیە ئەم کارە نەکا، هیچ بەڵگەیەک لەبەر دەستدا نییە کە پێمان وابێ کەمکردنەوەیەکی ئەوتۆ شۆکێکی سیستەماتیکی وەها دروست بکا کە لە چەند ساڵدا بووە هۆی لێکهەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت.

جگە لەمە کەیگان ئاماژە بەوە دەکا کە مانەوەی سوپای پاسداران، مانەوەی ڕێژیم دەخوازێ. ئەو دەڵی هەر دەوڵەتێکی

بەشی یەکەم

نوێ لە ئێران کە کۆماری ئیسلامیی بەپێی پرەنسیپەکانی باسکراو لە سەرەوە نەبێ، ناتوانێ مانەوەی ڕێکخراوێک تەحەممول بکا کە لەو پرەنسیپانەدا نوقم بووبێ و وەک سوپای پاسدارانی ئێستا خاوەنی توانایی سەربازی، هەواڵگری، و ئابووری بێ.

ئەمە بەکردەوە بەو مانایەیە کە ئێران زۆر وێدەچێ بەرامبەر بە ئاڵوگۆڕ تەنانەت ئەگەر بە مانای تووشبوونی گوشاری ئابووریی زۆریش بێ خۆڕاگریی بکا، و سەرکوتی ئەو خەڵکەی زیاتر بکا کە بیانهەوێ بە هۆی گوشاری دەرەکیی ئابووری بێنە سەر شەقامەکان. «بیرکردنەوە لەوە کە ڕێبەرانی ڕێژیم دەست لە کوشتار هەڵگرن تەقریبەن ناموومکینە، بە هەمان شێوە هیچ هۆیەک نییە کە پێمان وابێ کە سوپای پاسداران و بەسیج لە ڕێژیم جیا ببنەوە و بێ لایەن بن یا تێکەڵی نارازییان بن.» لەمەش خراپتر، لەوانەیە کۆنترۆڵی سوپای پاسداران بە سەر دەوڵەتەوە زیاتر بێ.

ئاکامگیرییەکانی کەیگان وشیارکەرەوەن: «لەبەر ئەو هۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێ گرەو لەسەر ئەم گریمانەیە بکا کە هیچ ڕێژە لە گوشاری دەرەکی نابێتە هۆی تێکڕمانی خێرای کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەڵام گوشارێکی ئەوتۆ دەتوانێ ببێتە هۆی سەرکوتێکی بەربڵاو و خوێناوی کە لەسەرەتادا دەبێتە هۆی بەهێزتربوونی کۆنترۆڵی سوپای پاسداران و تووندڕەوەکانی دیکە.» کەوابوو ئەگەر ئابلۆقەکانی ئابووری نەبنە هەڕەشە بۆ سەر مانەوەی ڕێژیم، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی کە یەکیەتیی ئورووپا، چین و ڕووسیە گوشارەکە کەم دەکەنەوە، ئاخۆ ئەمە واقعبینانەیە کە هیوادار بین کە دەسەڵاتی ئابووری لەخۆیدا ببێتە هۆی گەڕاندنەوەی تاران بۆ سەر مێزی وتووێژ؟ (بە پێچەوانەی سەردەمی پێش بەرجام، ئێران ئێستا میلیاردها دۆلاری ئازادکراوی لە سایەی ڕێککەوتنەکە هەیە، جگە لە وەبەرهێنانی بیانی و یارمەتیی ئەو وڵاتانەی کە لە بەرجامدا ماون.) دژوارە کە ببینین چۆن؟

کەیگان پێشنیار دەکا (هەر وەک ئێمە کردمان) کە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەبێ «جەخت لەسەر پێکهێنانی هاوڕایی لەنێو هاوپەیمانانی ئامریکا بکا»، بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە ترامپ دەیکا. کەیگان باس لە پێویستیی سیاسەتێکی کاریگەر بەرامبەر بە ئێران پاش نەهێشتنی ناکۆکی لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان دەکا:

«هەڵوێستێکی درێژخایەن دەبێتە هۆی چاوترسێن کردنی ڕووسیە و چین کە هەوڵی هێشتنەوەی (ڕێژیمی) ئێران بدەن. ئەو دەبێتە هۆی پێشگرتن بە گەیشتنی کەلوپەلی ستراتێژیک کە ئێران بۆ بەرەوپێشبردنی توانایی سەربازیی ئەتۆمیی و ئاسایی پێویستییەتی. هەروەها ئێران ناچار دەکا کە بۆ پاراستنی پێگەی خۆی لە عێراق و سووریە بە توندی بجەنگێ و هاوکات گوشار دەخاتە سەر ئابووریی ئێران بە هەموو شێوەیەک. ستراتێژییەکی ئەوتۆ بێگومان کۆماری ئیسلامیی ناچار

دەکا پاشەکشە بکا، هەوڵەکانی بۆ سەپاندنی هێژمۆنی بەسەر ناوچەدا بوەستێنێ، ناکۆکی نێوخۆیی لەنێو ڕێبەرانی ئێران و لە نێوان ڕێژیم و خەڵک پەرە پێ بدا، و ڕەنگبێ، دوای ماوەیەک، بەشێوەیەکی تایبەتی ئێرانی، ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕ لە سروشتی ڕێژیمدا.

تا ئێستا کە ترامپ تەنیا وەدوای ئابلۆقەی ئابووری کەوتووە، وێناچێ بتوانێ ئێران ناچار بکا کە بەم زووانە ڕێبازی خۆی بگۆڕێ. دوای ١٨ مانگ لە تەمەنی بەڕێوەبەرایەتیی ئێستاش پێویستی بە سیاسەتێکی گشتگیر بەرامبەر بە ئێران هەیە، سیاسەتێک کە پێویست بە هاوکاریی بێ، نەوەک تەریککەوتنەوە لە هاوپەیمانان. ئەو ناکۆکییەی کە ترامپ بە هۆی کشانەوە لە بەرجام دروستی کردووە، هۆی سەرەکیی بوو کە ئێمە دژی بووین و ئێستا گەورەترین ئاستەنگی هەڵسوکەوت لەگەڵ موشکیلەی ئێرانە.

(لە ژمارەی ٧٣٣ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## هێرشی دڕندانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر قەڵای دێموکڕات و کاردانەوەی لە میدیای جیهانییدا

هێرشی دڕندانە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر قەڵای دیموکڕات لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانان ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو بوو و ئەم ڕووداوە بە شێوەیەکی بەربڵاو لەناو میدیاکانی جیهان دا ڕەنگی دایەوە. لەم وتارە دا گوڵبژێرێک لە بەشێک لەو بابەتانەی کە لەم بارەوە لە میدیاکانی جیهان بڵاو کراونەوە دەخەمە بەر دیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.

**ماڵپەڕی نەیشناڵ ئینتێرێست لە وتارێک دا بە ناوی "هێرشی مووشەکیی ئەم دواییانەی ئێران نیشاندەری ستراتێژی ئێرانە" بە قەڵەمی سێت جەی فرانتز و زەک هاف بەم شێوەیە لە بارەی ئەو کارەساتە دا دەنووسێ:**

**سوپای پاسدارانی ئێران پاش چەندین مانگ پێکدادانی پەرەئەستێن لەگەڵ چەند لایەنی چەکداری کورد لە ڕۆژئاوای وڵات هێرشی کردە سەر کوردەکان.**

لەم هێرشەدا کەڵک لە مووشەکی بالیستیکی وەرگیرا. ئەم بەرنامەی مووشەکییە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک هەڕەشە سەیر دەکرێ و وەزارەتی دارایی ئەندامانی سوپای پاسداران کە پەیوەندییان بە بەرنامەی مووشەکیی و سوپای قودسەوە هەیە خستۆتە ژێر گەمارۆ. ئەوەی کە تاران بە ئاشکرا توانایی مووشەکیی خۆی نیشان دەدا پەیامێکی ئاشکرایە بۆ واشینگتۆن کە ئێران هەست بە گوشار ناکا. ئەو بە هەمان شێوە بە پێکانی ئامانج و کۆبوونەوەکان توانایی هەوڵگریی خۆی نیشان دەدا. بە بێ ڕووبەڕووبوونەوەی مەیدانیی لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، تاران هەست دەکا کە لە عێراق بەتەواوی دەستی بۆ هەڵسوکەوت کردن ئاواڵەیە، کە بە ڕۆژی ڕووناک مووشەکان داوێ. ئێران لە لایەن هەوڵگرییە ڕۆژئاواییەکان لە مانگی ئاگوست بەوە تاوانبار کرا کە مووشەکی داوە بە میلیشیا شیعەکان کە لەناویاندا مووشەکی فتح ١١٠ ئێسیشی تێدان.

بە کوشتنی ١٧ کەس لە باکووری عێراق، ئێران سیاسەتەکەی ڕادەگەیەنێ. ئەو دەیهەوێ نیشان بدا کە عێراق بە تەواوی وەک "دەرەوەیەکی نزیک" لە ژێر دەستی دایە و هەر هەوڵێکی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی لایەنگری واشینگتۆن لە بەغدا دەبێ ئەمە لەبەر چاو بگیرێ. ئەبو مەهدی ئەلموهەندیس سەرۆکی کەتایبی حیزبوڵڵا ئامریکا بە خەتاباری تووندوتیژیی لە بەسرە دەزانێ. هەروەها هادی ئەلعامیری، ڕێبەری مەزنترین حیزبی لایەنگری ئێران کە هەوڵ

دەدا دەوڵەتی داهاتوو پێکبێنێ، ڕەخنەی لە نفوزی ویلایەتە یەکگرتووەکان گرتووە. بەڕیوەبەرایەتیی لێکۆڵینەوەی بەرگریی گشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتی ئەمساڵدا بە هەمان شێوە هۆشداریی دابوو کە ئەو میلیشیایانە کە لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانیی دەکرێن هەڕەشەن بۆ سەر ئامریکا لە عێراق. هێرشەکانی سەر هەرێمی کوردستان بە سیاسەتوانانی ئامریکا نیشان دەدا هەر چەشنە پشتگیرییەک لە گرووپە کوردییەکان بە هێز وڵام دەدرێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئامریکا سیاسەتی وەها داڕێژێ کە بۆ بەرەوڕووبونەوەی ئێران لە ناوچە و کەم کردنەوەی نفوزەکەی لە عێراق بێ.

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد گەمارۆی ئابووری دژی تاران وەک دەرفەتێک بۆ هێنانە ئارای ئاڵوگۆڕ لە ئێران سەیر دەکەن. لە هەمان کاتدا تاران بەم لایەنانە دەڵێ "جیایی خواز" و "تێرۆریست"، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەڵێ داوای ئێرانێکی دێموکراتیک و فێدێراڵ دەکا. ئەمە لەگەڵ ئیددیعای بەڕیوەبەرایەتیی ترامپ کە دەڵێ بە تەمای گۆڕینی ڕێژیم نییە بەڵکو دەیهەوێ ڕەفتاری تاران بگۆڕی یەک دەگرێتەوە.**

بەڵام کەڵک وەرگرتنی ئێران لە مووشەکی هەنگیو بە پێچەوانەی گۆڕینی ڕەفتارە. ئەمە بەشێکە لە ستراتێژی ناوچەیی، لە گەڵ هێرشی مووشەکی لە لایەن حوسیەکان کە ئێران پشتیوانییان دەکا، بۆ سەر عەرەبستانی سعودی، و ئەو مووشەکانەی کە ئێران لە سوریە دروستیان دەکا و بە ئیسرائیلییەوە ناون. بە کەڵک وەرگرتن لە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە هێرش بۆ سەر کۆیەی عێراق نیشان دەدا کە ئێران کەڵکی لە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بۆ دزە کردنە ناو هەرێمی ئاسمانیی ئیسرائیل لە مانگی فێورییە و هاویشتنی بیست مووشەک کە لە مانگی مای ئاراستەی ئیسرائیل کران وەرگرتووە. بە پێچەوانەی ئیسرائیل کە کەڵکی لە هێزی ئاسمانیی بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی ئێران وەرگرت، کۆیەی عێراق هیچ بەرگەرییەکی مووشەکیی نییە. واشینگتۆن دەبێ نیگەران بێ چونکە هێرش بۆ سەر کۆیە نمایشێکی سەرسوڕهێنەری تواناییەکان و ویستی ئێران بۆ کەڵک وەرگرتن لە مووشەک دژی وڵاتان و تاقمەکانی دراوسێیە.

**ماڵپەڕی ئەلمۆنیتۆر لە وتارێکدا لە ژێر ناوی "هێرشی مووشەکیی ئێران دەرگای پەرە گرتنی شەڕ لەگەڵ لایەنە چەکدارە کوردەکان دەکاتەوە" کە فازڵ هەورامی نووسیویەتی بەم شێوەیە باسی ئەم ڕووداوە دەکا:**

ئەلمۆنیتۆر لە سەرچاوەیەکی نزیکی ئێران زانیاریی پێگەیشتووە کە سولەیمانی ئەمساڵ سێ جار داوای لە کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم کردبوو کە پێش بە حیزبی دێموکڕات بگرن. لە جوابدا، کاربەدەستانی کوردستانی عێراق لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان چاوپێکەوتنیان کردبوو بەڵام بە بێ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی جێگای ڕەزامەندیی. سەرچاوەکە هەروەها بە ئەلمۆنیتۆری ڕاگەیاند کە سوپای پاسداران بە وردی پلانی بۆ هێرشی ٨ ی

سیێتامبر دارِشتبوو، تا جێیەک کە لەگەڵ ڕوسییەکان کە قەڵای کۆیەیان دروست کردووە لە بارەی شێوەی دروست کردن و پتەویی قەڵاکە ڕاوێژیان کردبوو تا بزانن چەندە تەقەمەنی لە کڵاوی ئەو مووشەکانەدا پێویستە کە کۆبوونەوەکەیان کردە ئامانج.

ئێران بە هێرشی مووشەکیی نەوەستاوە. ئەو ئێستا هێزی لەسەر سنوور کۆ کردۆتەوە و داوای لە بەرێوەبەرایەتیی کوردستانی عێراق کردووە کە یا شەرکەرە کوردەکان ڕادەست بکا یا دەریان بکا. لەجیاتی ببێتە هۆی کێشەی ناوخۆیی، هێرشی ٨ی سێپتامبر وێدەچێ بووبێتە هۆی لێک نزیکبوونەوەی لایەنە ناتەباکانی کورد، چونکە ئێستا ئەوان دەیانهەوێ هەوڵەکانیان دژی تاران ڕێکبخەن.

**ئەلشەرق ئەلئەوسەت وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز کاک خالید عەزیزی پێکهێناوە کە بەشێک لەم تووێژە بەم شێوە لە ماڵپەڕەکەیاندا بڵاو بۆتەوە:**

چەند ڕۆژ دوای هێرشی مووشەکیی سوپای پاسداران بۆ سەر هەرێمی کوردستان، خالید عەزیزی، بەرپرسێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، گوتی؛ کە تاران بۆیە مووشەکەکانی هاویشت "تا پەیامێکی ئاشکرا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ناوچە بنێرێ."

عەزیزی، سکرتێری گشتیی پێشووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ئەلشەرقەلئەوسەتی گوت؛ کە ڕێژیمی تاران "ئێستا ڕووبەڕووی ئاستەنگی قووڵی سیاسی و ئابووری و ئاستەنگ لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیی بۆتەوە و بە ئاسانی و بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە لە ژێریان نایەتە دەر."

عەزیزی گوتی: "بە هێرش بۆ سەر بنکەی سەرەکیی ئێمە، ئێران پەیامێکی ئاشکرا بۆ لایەنی دیاریکراو وەک ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەدا دەنێرێ کە تاران توانایی پێکانی ئەو لایەنانەی هەیە کە بەرژەوەندییەکانی دەخەنە ژێر مەترسی. ئەمە بەو مانایەیە کە ڕێژیمی ئێران ناوچەی ئێمە کردۆتە گۆڕەپانی تاقیکاریی.".

**لە پەیوەندی لەگەڵ هەڕەشەکانی تاران بۆ دووپات کردنەوەی هێرش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، عەزیزی گوتی:**

"ئەگەری هێرشی دیکەی ئێران بەستراوەتەوە بە ئاکامی هەڵبژاردنی کۆنگرەی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە بەم زووانە

## بەشی یەکەم

بەڕێوە دەچێ، ئاراستەی وتووێژەکان لە بارەی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و جیددی بوونی ئەو هەڕەشانەی کە لە نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن."

"من دەتوانم ئەوە بڵێم کە دووپات بوونەوەی هێرشی ئێران دژی ئێمە بە تەواوی بەستراوەتەوە بە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی تاران و بەغدا، ئاکامەکانی سووتاندنی کۆنسولخانەی ئێران لە بەسرە و ئاراستەی دەوڵەتی نوێی عێراق."

کاربەدەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاماژەی بەوە کرد کە فڕینی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە ئاسمانی عێراق شتێکی "ئاسایی" بوو، ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە کە "پەیوەندی بە عێراق و سەرووەرییەکەیەوە هەیە کە ڕێژیمی ئێران بەتەواوی ژێر پێی ناوە."

**دەنگی ئامریکا لە وتارێکدا لە بارەی هێرشی مووشکیی ئێران بە ناوی "دوای هێرشی مووشەکیی بەرهەڵستکارە کوردەکان بەڵێنی "بەرخۆدانی نوێ" دژی ئێران دەدەن" دەقی وتووێژ لەگەڵ بەڕێز کاک مستەفا مەولودی سکرتێرتی گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی بڵاو کردۆتەوە و دەنووسێ:**

بەرهەڵستکارە کوردەکانی ئێران کە لە سەرەتای ئەم مانگەدا بنکەی سەرەکییان بووە ئامانجی مووشەکەکانی ئێران، ڕایان گەیاند کە بەتەمان چالاکییەکانیان دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران پەرە پێبدەن.

مستەفا مەولودی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە دەنگی ئامریکای گوت؛ "ئەم کارەساتە دەخوازێ کە ئێمە لە نزیکەوە لەگەڵ یەک هاوکاریی بکەین تا پێش بە تاوانکاریی نوێی کۆماری ئیسلامیی بگرین. لە ئێستاوە ئێمە لاپەڕەیەکی نوێ لە بەرخۆدان دژی ڕێژیمی تاران بۆ ئازادای نەتەوەکەمان دەکەینەوە."

مەولودی گوتی؛ حیزبەکەی دەست بە وتووێژ لەگەڵ حیزبە کوردییە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکە دەکا تا هێزەکانیان دژی دەوڵەتی تاران یەک بخەن، ئەوەشی زیاد کرد کە گفتوگۆکان بۆ بەرەیەکی یەکگرتوو تەنانەت پێش هێرشەکە دەستی پێکردبوو.

**پسپۆڕان دەڵێن پەرە ئەستاندنی گرژییەکان لە نێوان ئێران و کوردەکان شتێکی چاوەڕوانکراوە چونکە بەرهەڵستکارەکان بە هۆی زەختە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی سەر ڕێژیمی ئێران بوێرتر بوون.**

بەشی یەکەم

بە گوتەی بابەک تەقەوی؛ کارناسێکی ئێران کە لە ماڵتا دەژی، سنووری ئێران - عێراق وێدەچێ شاهیدی زیادبوونی هێرشی چەکداریی حیزبی دێموکرات و هێزە چەکدارە کوردییەکانی دیکە بێ کە لەوانەیە کەڵک لەو کەلێنە وەرگرن کە بەو هۆیە دێتە ئاراوە کە دەوڵەتی ئێران ناچار دەبێ بۆ سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان لە شوێنی دیکە ناوچە کوردییەکان چۆڵ بکا.

ڕامان قەوامی، لێکۆڵەرێکی دژە - سەرهەڵدان لە لەندەن، گوتی؛ کە ڕێژیمی ئێران دەتوانێ لە تێکهەڵچوون لەگەڵ کوردە چەکدارەکان بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانیی فارسە نەتەوەپەرستەکان کە دژی سەربەخۆیی کوردانن کەڵک وەرگرێ.

قەوامی ئەوەی زیاد کرد کە؛ "هێرش بۆ سەر لایەنە کوردەکانی ئۆپۆزیسیۆن و لە سێدارەدانی کوردان تاکتیکێکە کە لە ڕابردووشدا بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی فارسە نەتەوەپەرستەکان کەڵکی لێ وەرگیراوە. بەڵام هەلومەرجی هەنووکەیی ناوخۆی ئێران کاری ڕێژیمی بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانیی وەک ڕابردوو دژوار کردووە. تاران لە ڕابردووشدا لە کەڵک وەرگرتن لە کوردان بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی خەڵکی ناوەڕاستی وڵات بۆ دەوڵەت شکستی هێناوە."

گۆڤاری لانگ وار جورنال لە وتارێکدا بە ناوی "هێرشی مووشەکیی ئێران دژی کوردە نەیارەکان لە عێراق" بە قەڵەمی بێهنام بین تالیبلو دەڵێ:

بە پێی نەریت ئێران چەکی بچووک، مووشەک، مووشەکی کورت مەودای بالیستیکی و مووشەکی دژی تانک و دژی پاپۆڕ دەداتە بەکرێگیراوەکان و هاوبەشەکانی تا خوێنی دژبەرەکانی بڕژێنێ و بیانوەستێنێ و هەروەها خۆی بشارێتەوە. بەڵام مووشەک هاویشتنی بە ئاشکرا لە خاکی ئێرانەوە بەرەو ئامانجێک لەدەرەوەی وڵاتەکەی لەگەڵ بڵاو کردنەوەی ڤیدیۆ و وێنەی هێرشەکە لەگەڵ بەراورد کردنی

زیانەکانی ئەم هێرشە هەمووی نوێن و دەرخەری لانیکەم پێنج دیاردەن:

١- چوونە سەری ئاستی باوەڕبەخۆبوون لە بارەی هەنگێویی هێزی مووشەکیی ڕێژیم.
٢- ویستی بەردەوام بۆ ڕاگەیاندن بە بیروڕای ناوخۆ و دەرەوە کە توانایيە مووشەکییەکانی لە گەشە کردن دایە.
٣- ئاستی خۆبواردن لە هاویشتنی مووشەک بۆ ناو حەوشەی وڵاتێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابەزیوە.
٤- ڕێژیم دڵنیایە کە کردەوەیەکی لەم چەشنە نابێتە هۆی جووڵانەوەیەکی ناسەقامگیرکەر لە ناوخۆی ئێران.
٥- کاریگەریی مووشەکەکانی ئێران زۆر لە بەهێز کردنی ڕێژیم لە ڕێگای چاوترسێن کردن زیاترە.



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی یەکەم**

**ماڵپەڕی کۆمپانیای میدیایی بلومبەری لە بابەتێکدا بە ناوی "پەیامی دڕندانە و کوشندەی ئێران" بە قەڵەمی ئێلی لەیک بەم شێوەیە باسی هێرشی ١٧ی خەرمانان بۆ سەر قەڵای دێموکڕات دەکا:**

**کاتێک کە دەسەڵاتێکی ناوچەیی بڕیار دەدا کە دژبەرەکانی بترسێنێ، چەند بژاردەی هەن: مانۆڕێکی سەربازیی بەڕێوەبەرێ، مووشەکێک تاقی بکاتەوە، ڕەنگبێ ژەنڕاڵێکی پایەبەرز وتارێکی پڕ هەڕەشە پێشکەش بکا. زۆر دەگمەن چاوترسێن کردن بە مانای کوشتنی بێ تاوانانە.**

**بەڵام ئەوە دەقاودەق شتێک بوو کە سەرەتای ئەم مانگە ئێران کردی، کاتێک کە مووشەکەکانی ئاراستەی بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کرد کە ٢١ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییەکەی لە کۆبوونەوە دابوون. بە وتەی یەکێک لە گیان بەدەربردووان، خالید عەزیزی، ئەندامی کۆمیتەکە، ٦ کەس لە ئەندامانی کۆمیتەکە کوژراون.**

**هێرشەکە بە چەند هۆ گرینگە. یەکەم، شوێنەکە:** دەرەوەی خاکی ئێران لە باکووری عێراق. ئێران پشتیوانیی لەو میلیشیایانە کردووە کە دوای داگیر کردنی عێراق لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ٢٠٠٣ خەڵکی عێراق و هێزی هاوپەیمانانیان لە عێراق کوشتووە. بەڵام لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە لە کاتی شەڕی ناوخۆی کوردان، ڕاستەوخۆ هێرشی نەکردۆتە سەر خاکی عێراق.

**وێدەچوو عەزیزی بەو دۆخەی کە ڕێکخراوەکەی تووشی بووە دڵگران بێ. ئەو گوتی؛** "ئێران هەوڵ دەدا ئێمە بورووژێنێ تا بتوانێ خەڵکی زۆرترمان لێ بکوژێ. ئەوان دەیانهەوێ خەڵکی ئێران بە لاڕێدا ببەن و بڵێن کە ئێمە دوژمنیانین."

**بێگومان ئەوە دروستە، و کوردەکانی ئێرانیش دەبێ ژیر بن و خۆ لە وەڵامدانەوە بە شێوەی شەڕەنگێزانەی ئێران بپارێزن. بەڵام ڕۆژئاوا پێویستە ئەم خۆ بواردنەی نەبێ. ڕێبەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئورووپا دەبێ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ دەستەیەک لە نوێنەرانی کوردەکانی ئێران پێک بێنن و نیشان بدەن کە دونیای ئازاد یارمەتی خەباتی ئەوان دەکەن. ڕێبەرانی ئێران بگومان ئەو پەیامە وەردەگرن.**

**جگە لەم سەرچاوانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، ئەم ماڵپەڕ و گۆڤارانەش باسی هێرشی مووشەکیی ١٧ی خەرمانان بۆ سەر قەڵای دێموکڕاتیان کردبوو:**

**- ئەنستیتۆی واشینگتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک**

## بەشی یەکەم

- ڕۆیتێرز
- والتسریت جورنال
- ئەلعەڕەبییە
- ئانادۆڵ
- ڕادیۆ فەردا
- تایم ئاف ئیزرائێل
- واشینگتۆن پۆست
- گلۆبال نیوز
- عەرەب نیوز
- یو ئێس نیوز
- چانێڵ نیوز ئەیشا
- گاردا
- میدێل ئیست ئای
- بەشی ئینگلیسی کوردستان ٢٤
- بەشی ئینگلیسی ڕوداو

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# ستراتیژیی نوێی ترامپ بە ئیلهام وەرگرتن لە شەڕی سارد

**بازفید نیوز - مایک جیگلیو**

بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لە کاتێکدا کە هەوڵی ستراتیژییەکی هێرشبەرانە دژی ئێران پەرە پێدەدا دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی شەڕی سارد، ستراتیژییەک کە دەتوانێ ڕژێم ناسەقامگیر بکا و ببێتە هۆی تێکڕمانی.

کاربەدەستانی ئێستا و ڕابردووی وڵاتە یەکگرتووەکان دەڵێن کە کەمپەینێکی نوێ کە زۆر جار بە "ئەوپەڕی زەخت" باسی لێوە دەکرێ کە بە چاولێکەریی لە ستراتیژیی ڕۆناڵد ڕەیگان، قارەمانی کۆنەپارێزی پێشوو کە شانازیی ڕێخۆشکەریی لەنێوچوونی یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ ئەو دەگێڕنەوە، ئامادە کراوە.

لایەنگرانی ئەو بۆچوونە کە بە هەمان شێوە پشتیوانی هەڵوێستێکی هێرشبەرانە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیین دەڵێن کە سیاسەتی شەڕویستانەی ڕەیگان بەرامبەر بە یەکیەتیی سۆڤیەت گیروگرفتەکانی کە بە هۆی بەرتیلخۆریی و بەڕێوەبەرایەتیی هەڵە دروست ببوون بەرجەستە کردنەوە و یەکیەتیی سۆڤیەتی بەرەو هەڵدێری نەمان پاڵ پێوەنا. دەلاقەیەک بەرەو ئەو شێوە بیرکردنەوە دەستبەدەست کرانی نوسخەیەک لەو کتێبەیە کە لە ١٩٩٤ بڵاو کرایەوە و ناوەکەی ئەمە بوو: "سەرکەوتن، ستراتیژیی نهێنی بەڕێوەبەرایەتیی ڕەیگان کە بووە هۆی خێراکردنی هەرەسهێنانی یەکیەتی سۆڤییەت." نووسەری کتێبەکە پیتر شوایزەرە. ئەو لە "سەرکەوتن" دا، باسی هەوڵەکانی ڕەیگان و سەرۆکی سی ئای ئەی، ویلیام کەیسی بۆ کەڵکوەرگرتن لە گشت ئامرازی ژێر دەسەڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکان جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی دەکا بۆ فڕێدانی یەکیەتیی سۆڤییەت بۆ نێو "زبڵدانی مێژوو"، هەر وەک ڕەیگان لە وتارێکدا لە ١٩٨٢ لە پارلمانی بریتانیا باسی کرد. ستراتیژییەکەی کە شوایزەر شیکاریی بۆ دەکا، شەڕی ئابوورییە، کە وڵاتە یەکگرتووەکان دژی ئێران لە تویی کەمپەینێکی هێرشبەرانەی گەمارۆیان گرتوویەتە بەر، دەگریتە خۆ. چەندین بەشی کتێبەکە باسی لایەنە نهێنییەکانی ئەو هەوڵە دەکەن، لە پشتگیریی لە جوڵانەوەی جیابیران لە ئورووپا تا دابینکردنی پارە و چەکوچۆڵ بۆ موجاهیدینی ئەفغانستانی، کە خەریکی شەڕ دژی داگیرکاریی یەکیەتی سۆڤیەت بوون. کاربەدەستێکی کۆشکی سپی گوتی ئەوە "شتێکی شاراوە" نییە کە کتێبەکە هەندێک کاریگەریی لەسەر سیاسەت هەبووە.

یەکێک لە پەرەپێدەرانی کتێبەکە مارک دوبۆویتز، سەرۆکی دامەزراوەی داکۆکیی لە دیموکراسییانە، ناوەندێکی لێکۆڵینەوە

**بەشی یەکەم**

لە واشینگتۆن کە لەوانەیە زۆرترین کاریگەریی دەرەکیی لەسەر بەڕێوەبەرایەتی ترامپ لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەت بەرامبەر بە ئێران هەبێ. ڕەخنەگران دەڵێن دژایەتیی چەند ساڵەی دوبۆویتز لەگەڵ ڕێککەوتنی ئەتۆمیی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما لە گەڵ ئێران لە ٢٠١٥ بووە هۆی بڕیاری ترامپ بۆ کشانەوە لەو ڕێککەوتنە لە مانگی مای. (دوبۆویتز دەڵێ ئەو دەیهەویست ڕێککەوتنەکە چاک بکا نەوەک هەڵیوەشێنێ.) ئەوان هەروەها ناوبراو وەک میعماری گەمارۆ تازەکانی ئێران دەناسن. کاربەدەستێکی پێشوو کە لەبەشی سیاسەت بەرامبەر بە ئێران لە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەڵێ: "ئەگەر دەتهەوێ بزانی هەنگاوی دواتر لە سیاسەتی بەرامبەر بە ئێران چییە، ئەگەری زۆر هەیە لە دوایین وتاری مارک دوبۆویتز یا وتاری دامەزراوەی داکۆکیی لە دێموکراسییاندا، باس کرابێ."

دوبۆویتز دوو ساڵە بانگەشە بۆ "سەرکەوتن" دەکا و نوسخەکانی بڵاو دەکاتەوە، کە لە کتێبفرۆشی سەر سایتی ئامازۆن کڕیونی. دوبۆویتزی ٥٠ ساڵە دەڵێ "سەرکەوتن" نەخشە ڕێگایە. ئەو گوتی "ئەوە کتێبێکی دڵڕفێنە. زۆر شتی دەقاودەقی تێدان. بەشێکی زۆر لە بیرۆکەکان دەکرێ لە دژی ڕێژیمی ئێران کەڵکیان لێ وەرگیرێ."

کەمپەینی ئەوپەڕی زەخت بەپەلە و دوای کشانەوەی ترامپ لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی داڕێژراوە. دەستپێکی گەمارۆی نوێ هەر ئێستا دراوی ئێرانی تووشی داڕمان کردووە، و بەشێکی زۆر لە گەمارۆی سزادەر بۆ سەر پیشەسازییەکانی نەوت و وزەی ئێران لە مانگی نۆڤامبر دەست پێدەکەن. وەزیری کاروباری دەرەوە مایک پۆمپیۆ دوای دەستبەکاربوونی لە مانگی ئاپریل سیاسەتێکی نوێ و بەهێزی هێناوەتە وەزارەتی کاروباری دەرەوە، بەڵێنی گەڕاندنەوەی "متمانە" بۆ نێو وەزارەتخانە بە پشتگیریی لە هەڵوێستێکی سەختتر لە وەزیری پێشوو بەرامبەر بە ئێران دەکا، لە کاتێکدا کە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی جان بۆلتۆن، کە بە ئاشکرا داوای گۆڕینی ڕێژیمی ئێران دەکا، هەمان مانگ دەستبەکار بوو. لە کاتێکدا کە خۆپیشاندانی سەرانسەریی لە ئێران لە دێسامبرەوە دەستیان پێکردووە، ڕێبەرانیان تووشی جیددیترین چالش لە ساڵی ٢٠٠٩ بەولاوە کردووە، کاتێک کە دوای ئاکامی هەڵبژاردنی جێی ناکۆکیی سەدان هەزار ئێرانیی ڕژانە سەر شەقامەکان و بێ بەزەییانە سەرکوت کران. ناڕەزایەتییەکان لە میدیای وڵاتە یەکگرتووەکان و بەهۆی ئابرووچوونەکان و شەڕی دیپلۆماتیک کە وڵاتیان گرتۆتەوە تەنیا کەمێک سەرنجیان دراوەتێ، بەڵام کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان سەرنجی زۆریان پێداوە، چونکە دەرفەتی زۆرتر بۆ بنکۆڵکردنی ڕێژیمی ئێران بەدی دەکەن.

**برایان هوک، کە لەلایەن پۆمپیۆ وەک بەڕێوەبەری دەستەی کاری ئێران لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە دیاری کرا لە سێمینارێکی دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییان دوای هەڵبژێرانی لە مانگی ڕابردوودا بە دووپاتکردنەوەی دروشمی خۆپیشاندەران گوتی: "خەڵک سواڵ دەکەن، مەلاکان خودایی دەکەن."**

## بەشی یەکەم

ئەو سەرچاوانەی کە خەریکی برەو پێدان بە دێموکراسین، کە لەوێدا دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا پشتیوانی لە بەرنامەی پشتگیری لە مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی لە وڵاتانی دیکتاتۆر دەکا، گوتیان؛ کە کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا حەزی خۆیان بۆ کەڵکوەرگرتن لە بەرنامەی هێرشبەرانەتر بۆ بە چالشکێشانی ڕێژیمی ئێران نیشان داوە.

بەرپرسێکی ئاسایشی نەتەوەیی پێشوو کە کاری بۆ پرۆژەیەک لە بارەی دەور لێدانەوەی گەمارۆکان و بەرتیلخۆریی لە ئێران کردووە گوتی؛ "ئامانجەکە ئەوەیە کە زەخت بخرێتە سەر دەوڵەت و هەروەها لە داهاتوودا لە ئەگەری ڕووخانی ڕێژیم یارمەتیدەر دەبێ. پێموایە بە گشتی شتێکی باش بێ. بەرپرسیارکردنی ڕێژیمی ئێران تەنیا دەتوانێ شتێکی باش بێ"

بەڵام ئەوەشی زیاد کرد: "ئەوە دۆخێکە بە ڕاستی ئامادەی کەڵک لێ وەرگرتنە."

کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە ناویاندا بۆڵتۆن، بە ئاشکرا پێداگرییان لەسەر ئامانجیان، واتە گۆڕینی ڕێژیم نەکردووە، بەڵکو هاندانی ئێران بۆ گۆڕینی ڕەفتار کە تەنیا بەرنامەی ئەتۆمیی نەگرێتەوە، لەناویاندا گیراوەکانی شارۆمەندی وڵاتە یەکگرتووەکان و پشتیوانیی لە تاقمی بەکرێگیراو وەک حیزبوڵڵا. ئەوان دەڵێن کە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئێران کە بڕیار بدا کە ئاکامی ئەوپەڕی زەخت چی بێ.

هوک لە وتووێژێکدا گوتی؛ "گەمارۆکان پێش بە ڕێژیم دەگرن کە داهاتی پێویست بۆ تێرۆریزم و سەرجەم چالاکییە ناسەقامگیرکەرەکانی ئێران دەستەبەر بکا. ئێمە ئێران ناچار دەکەین کە لە نێوان کۆتاییهێنان بە چالاکییەکان و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ زەختی ئابووریی زۆرتر و تەریک کەوتنەوە یەکیان هەڵبژێرێ. و ئەوە بژاردەیەکە کە تەنیا ڕێژیم دەتوانێ هەڵی بژێرێ."

لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت هەندێک لەو کەسانەی کە یەرمەتییان بە داڕێژانی هەڵوێستی سەختگیرانە کرووە نیگەرانیی خۆیان لە بارەی ئاسەوارەکانی دەربڕیوە. کاربەدەستێکی پایەبەرزی پێشوو لە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپدا کە هێشتا پشتگیریی لەو هەڵوێستەدەکا و وەک ئەوانی دیکە داوای کرد نەناسیاو بمێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕووڕاستانە قسە بکا گوتی؛ "تۆ زەختێکی زۆر دەخەیە سەر ڕێژیم. کەوابوو پێموابێ شتێکی ئاقڵانەیە کە بیر لە ئاسەوارەکانی ئەو زەختە بکەیەوە. گەورەترین موشکیلەی ئەو لایەنەی ستراتیژییەکە ئەوەیە کە وا باشترە تۆ بزانی دوای تێکرمان چی دەکەی. تۆ ناتوانی تەنیا لێگەڕێی کە تێک بڕووخێ، دەنا لیبییەکی دیکەی لێ دەکەوێتەوە."

**کاربەدەستە پێشوویەکە گوتی؛ ئەوانە پرسیارگەلێکن کە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لە پشت شانۆوە پێیانەوە سەرقاڵە. "ئەو کەسانەی کە کار لەسەر پرسی خۆرهەڵاتی ناڤین دەکەن ساویلکە نین. ئەوان تێ دەگەن کە بۆشایی دەسەڵات چ بەسەر ناوچەکە دێنێ. مەبەستم ئەوەیە کە ئەوە هەرگیز باش نییە."**

**کاربەدەستانی هەنووکەیی و پێشوو ئیعتراف بەوە دەکەن کە ترامپیش دەتوانێ ئاراستەی بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بگۆڕێ، هەر وەک لە بەرامبەر کۆرەی باکوور کردی، پاش چەند مانگ هەڕەشە و گوڕەشە، پێشوازیی لە وتوویژ لەگەڵ دیکتاتۆرەکەی کرد. چەند سەرچاوە کە لە سەردەمی ترامپدا کاریان لەسەر سیاسەتی ئامریکا بەرامبەر بە ئێران کردووە دەڵێن معامەلەچییەکە (ترامپ وا خۆی پێناسە دەکا) پێی خۆشە بۆخۆی دەرفەتی ڕێککەوتن لە گەڵ ئێرانی گیر کەوێ، ڕێککەوتنێک کە ئەو شوێنانەی ئەو ڕەخنەی لە ڕێککەوتنی کەسی پێش خۆی گرتبوو بگرێتە خۆ. ئەو ڕۆژی چوارشەممە دەرفەتی باسکردنی مەبەستەکانی بۆ دەرەخسێ، کاتێک کە لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک حازر دەبێ تا سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش لەبارەی پەرەپێدانی ئەتۆمیی بکا. ئەنجومەنەکە بە هەمان شێوە وەبیرهێنەوەرەوەی ئەو ڕاستییەیە کە سەرەڕای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕێککەوتنی ئێران هێشتا لە جێی خۆیەتی. واژۆکەرە سەرەکییەکانی دیکە، بریتانیا، فەڕانسە، ئاڵمان، و یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ ڕوسیە و چین، درێژە بە پشتگیریی خۆیان لە ڕێککەوتنەکە دەدەن، لە کاتێکدا کە نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی کە ئێران تا ئێستا مەرجەکانی بەجێ گەیاندووە، کە وڵاتە یەکگرتووەکان ناچار دەکا داوای هاریکاریی بۆ چەسپاندنی گەمارۆ تازەکانی بکا.**

**کاربەدەستێکی پایەبەرز لە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ گوتی تا ئێستا گەمارۆکان باش کاریان کردووە. کاربەدەستەکە بە مەرجی نەدرکاندنی ناوی بە گوێرەی سیاسەتی دەوڵەت گوتی؛ "نۆڤامبر دێت و دەوری دووهەمی گەمارۆکان لەوەش بەهێزتر دەبن. ئێمە ئاڵوگۆڕی ڕەفتارمان دیتووە، و هەر ئێستا هاتنە خواری بەرچاوی کڕینی نەوتی ئێران دەبینین، کە دەقاودوق ئەو شتەیە کە دەمانهەوێ بیبینین."**

**ڕیچارد جانسۆن کە لەبەر کشانەوەی ترامپ لە ڕێککەوتنی ئێران دەستی لەکار کێشایەوە، یەکێک لە پایەبەرزترین پسپۆڕانی ئەتۆمیی لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە بوو، گوتی ئەو لە بەڕیوەبەرایەتی هەوڵی دژ بەیەک دەبینێ: لە لایەک، بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ئێران و هێنانە ئارای ڕێککەوتنێکی باشتر، و لە لایەکی دیکەوە، کەڵکوەرگرتن لە دەورەی سەرۆک کۆماریی ترامپ بۆ پلانداڕانان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم. ئەو گوتی، حاڵی حازر، هەردووکیان دەتوانن تێکهەڵکێش بکرێن بۆ خستنی ئەوپەڕی زەخت. ئەو گوتی "بە بۆچوونی من، ئەو خەڵکەی کە ئەو سیاسەتە بەڕێوە دەبەن باوەڕمەندی ڕاستەقینەن. ئەوان بەڕاستی پێیان وایە کە دەتوانن کەمپەینێک بۆ ئەوپەڕی زەخت بۆ سەر ئێران دەست پێبکەن، کە بتوانێ ئابووری ئێران هەرەس پێبێنێ و تووشی کەسادیی ئابووری بکەن و ئێرانییەکان بە تەواوی بەچۆک دابێنن، تا ئەو**



سەرچاوە
Serchawe

جێیە کە ئەوان یا دێنە لای ئێمە و دەپاڕێنەوە بۆ وتوویژ، یا ئێمە دەبینە هۆی ڕووخانی ڕێژیم و شتێکی دیکە بەدوای دا دێ."

**جانسۆن کە کاتێک کە لە دەوڵەت دابوو بە شێوەیەکی بەربڵاو هەم لەگەڵ ئێران و هەم لەگەڵ کۆرەی باکوور کاری کردووە و ئێستا بەڕێوەبەری پایەبەرزی دەستپێشخەریی هەڕەشەی ئەتۆمیی، ناوەندێکی نابازرگانیی وڵاتە یەکگرتووەکانە، پێی وایە؛** کە ئێران هەڕەشەیەکی مەزنتر بۆ ناکۆکی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانە، سەرەڕای ئەوەی کە کۆرەی باکوور هەر ئێستا چەکی ئەتۆمیی هەن.

**ئەو گوتی:** "لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوەی کە من پێموایە ئەگەری سەرهەڵدانی دوژمنکاریی لە کوێ زۆرترە، من زۆرتر نیگەرانی ئێرانم. چونکە بە هەر هۆیەک بێ سەرۆککۆمار بڕیاری داوە کە لەگەڵ کۆرەی باکوور باش بێ."

**ئەو ئەوەشی زیاد کرد:** "شتێکی دیکە کە لە بەراورد لەگەڵ کۆرەی باکوور ون دەبێ ئەوەیە هیچ لۆبییەکی دژی کۆرەی باکوور لە واشینگتۆن نییە. و هیچ وێکچوونێک لە دەوڵەتانی ناوچەدا نییە. تۆ ئیسرائیلت نییە، عەرەبستانی سعودیت نییە، تۆ ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبیت نییە. لە پەیوەندی لەگەڵ ئێران هێندە ئەکتەری دیکە بوونیان هەیە کە هەوڵ دەدەن پرسەکە بەرەو ئاراستەیەکی نەرێنی بەرن."

سەرەڕای هەڕەشە و گوڕەشەکانی ترامپ، ئەو بە ئاشکرا، وەک زۆربەی ئامریکاییەکان گوتویەتی کە دەستوردانێکی پڕ تێچوونی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناوێ. لەگەڵ ئەوەشدا ترامپ هێرشی مووشەکیی کردە سەر سوریيە دوای هێرشی چەکی شیمیایی لە ساڵی ڕابردوو و ئێریک بروەر، کارناسی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان کە بەڕێوەبەری دژە پەرەپێدانی (ئەتۆمیی) لە شورای ئاسایشی نەتەوەیی بوو تا مانگی مای، گوتی کە بەرز بوونەوەی گرژیی لە نێوان واشینگتۆن و ئێران ئەگەری پەرەئەستاندن زیادی کردووە. ئەو نیگەرانی ئەوەیە کە ئاخۆ بەڕێوەبەرایەتیی بە تەواوی بیری لەوە کردۆتەوە کە چۆن وەڵامی وورووژاندنەکانی ئێران وەک دەستپێکردنەوەی ڕێژەیی هەندێک لە چالاکییە ئەتۆمییەکانی کە لە کاتی ڕێککەوتنەکەدا وەستاندبوونی بداتەوە. ئەو گوتی "تەنیا بژاردەی کە ئەوان باسیان کردووە ئەوەیە کە "وا مەکە، دەنا"، کە دەکرێ وەک جۆرێک هەڕەشەی کردەوەی سەربازیی تەعبیری بۆ بکرێ، بەڵام ڕوون نییە. هەڕەشەی ناڕوونی کردەوەی سەربازیی بۆ پێشگرتن بە ئێران کە هەندێک سانتریفیوژ زیاد بکەن نە باوەڕپێکراوە و نە ئاقڵانە."

**ئەو ئەوەشی زیاد کرد:** "لەوانەیە هەندێک کەس هەبن کە پێیان وابێ کە هەڵوێستی سەختگیرانە دەتوانێ ئێران ناچار

## بەشی یەکەم

بکا کە دەستی خۆی ئاشکرا بکا، بەڵام من لەو بڕوایە دام کە هەم وێناچێ وابێ و هەم مەترسیدارە. پێموایە ئێمە دەبێ زۆر بەگومان بین لە هەر کەسێک کە ئیددیعا دەکا کە دەتوانێ بە متمانەوە پێشبینی ئەوە بکا کە ئەم شتە بە چ ئاراستەیەک دا دەڕوا."

دوبۆویتز، سەرۆکی دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییەکان، لەبارەی ئەو بیرۆکەیە کە سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لە بارەی ئێران بەشێکی بۆ ناسەقامگیرکردن و ئەگەری ڕووخاندنی ڕێژیم داڕێژرابێ گوتی؛ "بێگومان، ئەوان بە فەرمیی حاشای لێ دەکەن. من پێموایە کە بۆڵتۆن و ئەوانی دیکە ڕاشکاوانە پێیان وایە دەکرێ ڕێژیم تێک بشکێنن هەر وەک چۆن ڕەیگان یەکیەتیی سۆڤیەتی تێک شکاند.'

ئەو گوتی گۆڕینی ڕێژیم دەستەواژەیەکی هەڵەیە چونکە پەیوەندی بە شەڕی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراقەوە هەیە: "لەو پەیوەندییەدا، ئەوە بە مانای داگیرکردنی ئێران لە لایەن هێزی مێکانیزە و داگیرکاریی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ ماوەیەکی درێژخایەنە. ئەو شتە ناقەومێ." ئەو ئەوەشی زیاد کرد کە دەستەبەرکردنی ڕێککەوتنێکی دیکە دەتوانێ ئاکامی سیاسەتی ئیلهام وەرگرتوو لە ڕەیگان بێ، و هەرەسهێنانی ڕێژیمی ئیسلامیی دەتوانێ ئاکامێکی دیکەی بێ. هەر سێناریۆیەک کە بەدوای ڕووخانێکی ئەوتۆدابێ، ئەو زیادی کرد، لە دۆخی ئێستا باشترە، شیکارییەکەی ئەوە بوو کە تەنانەت ئەگەر ڕێژیمێکی دوژمن بە ڕێبەریی سپای پاسدارانی ئیسلامیی ئێران کۆنترۆڵی وڵات بەدەستەوە بگرێ، بە هۆی دووبەرەکیی نێوخۆ و ئەوەی کە مەلاکانی ئێران ڕەوایی پێ نادەن لاواز دەبێ. ئەو گوتی "هاوتەریبیی لەگەڵ شەڕی سارد لێرە دایە. یەکیەتیی سۆڤیەت ڕووسیەی ئێستایە. ڕووسیە مەترسیدارە. من نامهەوێ ئەو مەترسییە کەم بنوێنم. بەڵام هەڕەشەی مان و نەمان نییە وەک یەکیەتی سۆڤیەت بوو."

ئەو موشکیلەیەکی لەگەڵ ئەو وێکچوونە بەدی دەکرد. ئەو گوتی "ترامپ ڕەیگان نییە، مرۆڤ دەبێ هەمیشە ئەوەی لەبیر بێ."

(لە ژمارەی ٧٣٥ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## ستراتیژیی سەرکەوتن بەسەر ئێراندا

### فردریک دەبلیو کەیگان

نووسەر فردریک دەبلیو کەیگان لە گۆڤاری «کۆمێنتەری مەگەزین»دا وتارێکی دوورودرێژی لەژێر ناوی «دەتوانین ئێمە وەدوای ستراتیژییەکی سەرکەوتن بەسەر ئێراندا بکەوین؟» بڵاو کردووەتەوە. ئەو وتارە کورتکراوەی نووسراوەی ناوبراوە.

سەرنجراکێشیی بەکارهێنانی ئەو سیاسەتانەی کە بوونە هۆی تێکڕووخانی ئاشتییانەی یەکیەتیی سۆڤییەت لە هەشتا و سەرەتای نەوەدەکانی زایینی، کە زۆرجار وەک «ستراتیژیی سەرکەوتن» ئاماژەی پێ دەکرێ بەدژی ئێران شتێکی ئاشکرایە. ستراتیژییەکە بووە هۆی دڵخوازترین ئاکام بۆ کۆتاییهێنانی شەڕی سارد، سەرکەوتن بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بەبێ ناکۆکییەکی مەزنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت. بە هۆی وێکچوونەکانی نێوان یەکیەتیی سۆڤییەت و ئێران ئەوە شتێکی عەقڵانییە کە گریمانەی ئەوە بکەین کە بەکارهێنانی هەمان سیاسەت ببێتە هۆی هەمان ئاکام. ئەو گریمانەیە دەتوانێ بە کردەوە دروست بێ و هەندێک شێوە ستراتیژیی وەک سیاسەتی گوشارهێنان بۆ ئێران بێگومان ئەوڕۆ سیاسەتێکی دروستە.

بەڵام فاکتەری گرینگی پێکهاتەیی، ئەزموونی و کەسایەتیی جیاوازییەکی بەهێز لەنێوان مەرجەکانی ئەوڕۆ لەگەڵ هی کۆتاییەکانی شەڕی سارد درووست دەکەن. ئەو جیاوازییانە لەوانەیە ببنە هۆی شکستی «ستراتیژیی سەرکەوتن»، ئەوان بێگومان بەو مانایەن کە تەنانەت ئەگەر بە سەرکەوتوویش جێبەجێ بکرێن ببنە هۆی ئاراستەیەکی زۆر جیاوازتر و گەلێک خوێناویتر.

بەڵام ئەو جیاوازییانە بەو مانایە نین کە وڵاتە یەکگرتووەکان نابێ شێوەیەکی دیاریکراو لە ستراتیژیی سەرکەوتن ڕەچاو بکا. ستراتیژییەکە کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر زۆربەی لایەنەکانی جێگای نیگەرانیی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ تەنانەت ئەگەر بە ئاکامی تەواو نەگەن کە ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی ڕێژیمی ئێستای ئێرانە. لەبەر ئەو هۆیە بیر کردنەوە لە جیاوازییەکان بە واتای دژایەتیکردنی ستراتیژییەکە نییە، بەڵکو هێنانەخوارێی ئاستی چاوەڕوانییەکان لەبارەی ئاکامەکانی و پێشنیاری ڕێگاچارە بۆ گونجاندنی جێبەجێکردنەکەی بە شێوەیەک کە باشترین ئاکامی دژی ئەو بەرهەڵستکارە دیاریکراوە هەبێ.

بەشی یەکەم

## ئەوەی کە ڕێژیمی ئێران دەیکا

جێبەجێکردنی ستراتیژیی ئەوپەڕی زەخت، ستراتیژیی سەرکەوتن کە گونجاوی ئێران بێ، ناکارامەیی ئابووریی ئێران تا ڕادەیەکی زۆر خراپتر دەکا و هاوکات سامانەکانی ڕێژیم بۆ کڕینەوەی خەڵک یا سەرکوتکردنیان کەم دەکاتەوە. ستراتیژییەکی ئەوتۆ دەتوانێ ببێتە هۆی پەرەپێدانی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان و ببێتە هۆی جووڵانەوەیەکی جەماوەری کە سەقامگیریی و مانەوەی بە چالش بکێشێ، ئەگەرچی ئەو قەیرانە ئابوورییە بە ئاشکرا هۆیەکەی هەوڵی دژبەرانی بیانیی بێ، ئاکامەکەی بە ناچار هەر ئەوە دەبێ. ڕێژیم چی دەکا؟

ئەو بێگومان ئاکاری خۆی بەرامبەر بە نارەزایەتییەکانی پێشوو دووپات دەکاتەوە، بەسیجی ژێر دەستی سوپای پاسداران لەگەڵ هێزی پڕچەک و ڕاهاتووی ئینتیزامیی نارەزایەتییەکان سەرکوت دەکەن و تا ئەو جێیەی پێویست بێ بۆ ئەو مەبەستە توندوتیژی بەکار دێنن. لەوانەیە ڕێژیم هەندێک پاشەکشەی سنوورداری ئابووریش بکا تا ناڕازییەکان لێک دوور بخاتەوە، هەر وەک لەو دواییانەدا وای کردووە. ئەگەر دۆخەکە دژوارتر بێ، لەوانەیە ڕێژیم هەوڵ بدا نارەزایەتیی خەڵک ئاراستەی دەوڵەتی هەڵبژێراو بکا، کە دەتوانێ وەک سوپاپێکی متمانە ئیش بکا تا زەختەکە کەم بکاتەوە. چونکە دەوڵەتی هەڵبژێراو لە کردەوەدا کۆنترۆڵی هیچ شتێکی حەیاتیی بەدەستەوە نییە، لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە دەتوانێ لە کاتی پێویستدا وەلای بنێ.

تەقریبەن نامومکینە کە بیر لەوە بکەینەوە کە بەڕێوەبەریی ڕێژیم دەستهەڵگری کوشتار بێ یا سوپای پاسداران و بەسیجی سەر بە سوپای پاسداران خۆ لە سەرکوت بپارێزن یا تێکەڵی ناڕازییەکان بن. ئەڕتەشیش بە هەمان شێوە وێناچی کە تیکەڵی خەڵکی ناڕازی بێ و ڕێژیم لەوانەیە هەوڵی بەکارهێنانی ئەرتەش بۆ سەرکوتکردن نەدا. بۆیە نارەزایەتییە جەماوەرییەکان بە دژواریی دەستیان بە خەڵکی شەڕکەر و شارەزای کەڵکوەرگرتن لە چەکی پێشکەوتوو ڕادەگا کە بووە هۆی پەرەئەستاندنی کوشەندەترین (بۆ ڕێبەران) سەرهەڵدانەکانی بەهاری عەرەبی. بۆیە چاوەڕوانکراوترین ئاکامی نارەزایەتییەکانی جەماوەری لە مێژووی هەنووکەیی ئێراندا، وێدەچێ سەرکوتکردنی خوێناویی و پتەوکردنی کونترۆڵی ڕێژیم بێ. هەر جۆرە سیناریۆی هەرەسهێنانی وەک یەکیەتیی سۆڤیەت ئەگەری زۆر کەمە.

ئەوە هەروەها گرینگە کە لە بیرمان بێ کە سەرەڕای لێکدانەوەی هەندێک لە پسپۆرانی پرسی ئێران، سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی هێشتا کۆنترۆڵی ڕێژیمی بەدەستەوە نییە، بەڵام دەتوانێ بێتە دەستی. بۆ وێنە جێبەجێکردنی ستراتیژیی

## بەشی یەکەم

ئەوپەڕی گوشار لە کاتی دەستبەکار بوونی جێنشینی ڕێبەر، یا لە کاتی سەرقاڵیی یا لاوازیی دەتوانێ ببێتە هۆی هاندانی ڕێبەریی سوپای پاسداران کە بەرەو بەدەستەوە گرتنی کۆنترۆڵی وڵات (ئەگەرچی سوپا وێدەچێ هەوڵ بدا وا بنوێنێ کە بە هۆی ئایدیۆلۆژیکییەوە لە خزمەت ڕێبەری مەزن دایە، تەنانەت ئەگەر واش بێ، دەسەڵات دەگرنە دەست). وەرسووڕانێکی ئەوتۆ دەبێتە هۆی ڕادیکاڵیزە بوونی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم لەوەش زیاتر و دیاریکەرانی ئەو سیاسەتانە ناچار دەکا کە کات و سامانی زیاتر بۆ کۆنترۆڵی نێوخۆ تەرخان بکەن.

کاردانەوەی ئابووریی ڕێژیم بەرامبەر بە جێبەجێکردنی «ستراتیژیی سەرکەوتن» جیاواز دەبێ لە وەڵامی سۆڤییەت بە ڕەیگان. کاتێک کە ڕەیگان هاتە سەرکار، ڕێبەریی سۆڤییەت لەسەر بیرۆکەی چاکسازیی ئابووری تاقیکارییان دەکرد. لە کاتێکدا کە سیاسەتەکانی ئەو هاوکات زەختیان خستە سەر یەکیەتیی سۆڤیەت و تێچووی کێبڕکێ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی بەرز کردەوە، ڕێبەریی یەکیەتیی سۆڤییەت هەوڵەکانیان بۆ خێراترکردنی چاکسازیی ئابووری چڕتر کرد بێ ئەوەی کە بە تەواوی بیر لە ئاسەوارەکانی بکەنەوە.

بە پێچەوانە، ڕێبەرانی ئێران ماوەیەکە ئاگاداری قەیرانی ئابوورییەکەیان بوون. سەرۆک کۆمار ڕووحانی کاتێک کە ڕاوێژکاری خامنەیی بوو «ستراتیژیی مقاومەت»ی لەگەڵ خامنەیی داڕشت. سەرجەم پلاتفۆرمی سیاسەتی نێوخۆی ڕووحانی لە چوارچێوەی جێبەجێ کردنی ئەو ستراتیژییە دایە. بەرداشتی ڕووحانی بە تەواوی لەگەڵ هی ڕێبەری مەزن جیاوازە، سەرۆک کۆمار بەدوای گونجاندنی قووڵی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی وەک ڕێگاچارەیەکە بۆ ئەوەی کە گەمارۆخستنە سەر ئێران ببێتە شتێکی بەژان بۆ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، لە کاتێکدا کە ڕێبەری مەزن! بەتەمای خۆدابینکەرییە کە بتوانێ گەمارۆی داهاتوو بێ سوود بکا. چەندین ساڵ هەردوو بە دیقەت بیریان لە هەڵوێستی خۆیان کردۆتەوە و چاودێریی کاردانەوەی جێبەجێکردنی ئەوانیان کردووە.

بەڵام ڕووحانی بە شێوەیەکی بەربڵاو نە تەنیا لە بەر چاوی ڕێژیم بێ ئیعتیبار بووە، بەڵکوو لەنێو خەڵکی ئێرانیش، تەنانەت ڕیفۆرمخوازەکانیش. ئەو لە گشت لاوە کەوتووەتە بەر ڕەخنە و جێگای سەرنجە دوایین نارەزایەتییەکان دژی ئەو و دەوڵەتەکەی و هەروەها توندئاژۆکان بوون. وێدەچێ کە بیرۆکەی چاکسازیی و ئاڵوگۆڕی ئابووری لەگەڵ خۆی ڕەواییان لەدەست داوە. بێجگە لەوە مۆدێلی سیاسیی نۆرماڵی ئێران وێدەچی ئەوەبێ کە سەرۆک کۆمارێکی توندئاژۆ جێگای ئەو ڕیفۆرمخوازە بگرێتەوە (هەر وەک لە هەڵبژاردنی پێشوو کاتێک کە سەرۆک کۆماری پێشوو نەیتوانی خۆی بەربژێر بکا). بۆیە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ مۆدێلی خۆدابینکەری و دەوڵەتداریی سەرکوتکەر و سیاسەتی ئابووری لەجیات سیاسەتێکی جیددی چاکسازیی.

بەشی یەکەم

خۆدابینکەری و سیاسەتی ئابووریی سەرکوتکەرانە بۆ ئابووریی ئێران گەلێک زیانبارە و بە بێ لەبەرچاوگرتنی زەختی ڕۆژئاوا ڕووخان خێرا دەکا. زیادکردنی زەختی ڕۆژئاوا وێدەچێ ئەو پرۆسەیە خێراتر بکا. بەڵام هەر وەک سۆڤییەت، کۆرەی باکوور، کوبا و ئابووری ناکاریگەری بەرکەوتووی گەمارۆی قورس نیشانیان داوە، دەوڵەتێک کە لە سەرکوتکردن خۆ ناپارێزێ وێدەچی بتوانێ قەیرانی ئابووری بەربڵاو تێپەڕ بکا.

بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ ئەو گریمانەیە بکا کە هیچ پلەیەک لە زەختی دەرەکی نابێتە هۆی هەرەسهێنانی خێرای کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەڵام زەختێکی ئەوتۆ دەتوانێ ببێتە هۆی سەرکوتی بەربڵاو و خوێناوی کە لەسەرەتادا دەسەڵاتی سوپای پاسداران و توندئاژۆکانی دیکە بەهێز دەکا. ستراتێژیی سەرکەوتن پشوودرێژیی و تەحەمولی خراپتربوونی دۆخەکان لەسەرەتادا لەجیات چاکتر بوون دەخوازێ. دۆخی نێو کۆڕی سیاسیی وڵاتە یەکگرتووەکان و لەناو خەڵکی ئامریکا وێناچی بەشێوەیەک بێ کە بە باشی هەڵسوکەوت لەگەڵ گەشەساندنێکی ئەوتۆ بکەن.

ئێمە هەروەها دەبێ دوایین جیاوازیی هەستیار کە دەتوانێ ببێتە هۆی شکستی هەر شێوە ستراتێژیی سەرکەوتن لەبەر چاو بگرین. یەکیەتیی سۆڤییەت یەکێک لە مەزنترین و بەهێز ترین دەوڵەتەکان بوو کە لە هاوپەیمانیی ڕۆژئاوادا نەبوو. کاتێک کە لاواز بوو و کەوتە لەرزین، هیچ وڵاتێکی دیکە نەبوو کە بتوانێ داوای یارمەتیی لێ بکا. ئێران بەو شێوەیە نییە. بۆ وێنە ئەگەر تاران بتوانێ پەیوەندی قایم لەگەڵ چین و ڕووسیە دروست بکا، هەردوو هێندە بەهێز و دەوڵەمەندن کە بتوانن ئێران نەجات بدەن، ئەگەر بیانهەوێ ئەو کارە بکەن (ئەگەرچی ڕوسیە لەوانەیە بە ویستی خۆی ئەو کارە نەکا). لەو ڕوانگەیەوە ئێران تا ڕادەیەک وەک کۆرەی باکوور دەچێ تا یەکیەتیی سۆڤییەت، ئەو دەتوانێ وەک مشتەرییەکی ئابووری درێژە بە ژیان بدا ئەگەر بتوانێ زلهێزێک ڕازی بکا کە لە بن باڵی خۆی بگرێ تا کاتی «ستراتێژیی سەرکەوتن» تێپەڕ دەبێ.

بێگومان ستراتێژیی سەرکەوتن زوو شکست دێنێ ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان نەتوانێ بەرەیەکی یەکگرتووی بەهێز لەگەڵ ئوروپاییەکان بەرامبەر بە ئێران بپارێزێ. هەرەسهێنانی بەرەیەکی بەهێزی ڕۆژئاوایی دژی ئێران دەبێتە هۆی گەیشتنی سەرمایەی ئابووری و زانستی بە ئابووری ئێران کە ئەو شێوە زەختە نابێتە هۆی ڕووخانی ئەو ڕێژیمە خاوەن بڕیارە و لە هەمان کاتدا ئایدیۆلۆژیکە. لێرە ئەندازە گرینگە. گەیشتنی ڕێژەیەکی کەمی سەرمایە بە دەست دەسەڵاتدارانی یەکیەتیی سۆڤییەت بۆ لاوازتر بوونی ئابووریی ئەو وڵاتە یەکلاکەرەوە نەبوو، بەڵام ڕێژەیەکی کەمی پارە و زانست کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئابوورییە زۆر بچووکترەکەی ئێران و هێزی سەربازییەکەی دەبێ تا درێژە بە ژیان بدەن.



سەرچاوە
Serchawe

بۆیە گرینگترین ئاکامگیریی هەموو ئەوانە، ناخۆشترینیانە. هەر هەوڵێک بۆ دووبارە کردنەوەی ستراتێژیی سەرکەوتن دژی ئێران وەک ستراتێژییەکی پەسەندکراو وێدەچێ پێویست بکا کە ئەو ستراتێژییە لە لایەن هەردوو بەرەی سیاسی لە وڵاتە یەکگرتووەکان و هەردوو بەری ئاتلانتیک قبووڵ بکرێ. کاتی پێویست بۆ سەرکەوتنی هەڵوێستی ئەوپەڕی زەخت هێندە درێژە کە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە تەنیا دەتوانێ مەرجەکان بۆ سەرکەوتنەکەی دابین بکا و بیداتە دەستی کەسی جێنشین یا ڕەنگبێ چەندی کەسی جێنشین. بۆیە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەبێ هەوڵ بدا خۆ لە دووپاتکردنەوەی هەڵەی مەزنی کەسی پێشوو، کە سیاسەتێکی تاکلایەنانەی بێ پشتیوانی لایەنەکەی دیکە و (لەو پرسەدا) پشتیوانیی نێونەتەوەیی جێبەجێ کرد کە لە ئاکامدا سەرۆککۆماری دواتر توانی لێکی هەڵوەشێنێ.

## ستراتێژیی سەرکەوتن چۆن فۆرمولە بکرێ؟

گرینگترین پرسیار ئەوەیە: ستراتێژییەکە دەبێ چی دەستەبەر بکا تا ئاسایشی نەتەوەیی ئامریکا و بەرژەوەندییە نەتەوەییە حەیاتییەکانی دابین بکا؟ ئاڵوگۆڕی ڕێژیم تەنیا ئاکام لە کاتی شەڕی ساردا بوو کە دەیتوانی ئەو ئامانجانە دەستەبەر بکا. ئێران بە هەموو پێوانەیەک زۆر لاوازترە و بەرامبەر بە تەریککەوتنەوە هەستیارتر لە یەکیەتیی سۆڤییەتە، هەر وەک لە سەرەوە باس کرا. ستراتێژیی سەرکەوتن دەتوانێ زۆربەی داخوازییە ئەمنیەتییەکانی ئامریکا دابین بکا بەبێ ئەوەی کە ببێتە هۆی هەرەسهێنانی خێرای ڕێژیمی ئێران. ئەوە شتێکە کە دەکرێ جێبەجێ بکرێ.

**تەریکخستنەوەی ئێران لە سامانی دەرەکیی و ناچارکردنی ڕێژیم بە جەختکردن لەسەر خەڵکی خۆی دەسکەوتێکی مەزن دەبێ و دەبێتە هۆی وەرچەرخانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.**

**بنەما سەرەکییەکانی ئەو هەڵوێستە دەبێ ئاوانە بن:**

- جیاکردنەوەی لایەنگران و دابینکەرانی دەرەکیی لە کۆماری ئیسلامیی.
- پێشگرتن بە ئێران کە کەڵک لە سامانەکانی دەرەوەی سنوورەکانی وەرگرێ (بە تایبەتی لوبنان، سورییە و عێراق)
- سەپاندنی شکست بەسەر سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی لە گۆڕەپانە هەستیارەکان (سورییە و بە تایبەتی لە عێراق) بۆ بێ ئیعتیبار کردنی ئیدیعای ڕێکخراوەکە کە دەسەڵاتی بێ بەدیلی لە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی پێ بەخشیوە
- تێکدانی هەوڵەکانی ئێران بۆ دابینکردنی کەلوپەلی پێویست بۆ دروستکردنی جبەخانەی ئەتۆمیی و توانایی سەربازیی

ئاسایی.
- برەودان بە ناڕەزایەتییەکان بەرامبەر بە ڕێژیمی ئێران لە نێوخۆ (بەڵام بێ چاوەڕوانی ئەوە کە ئەو ناڕەزایەتییانە ببنە هۆی گۆڕانی ڕێژیم لە ماوەیەکی دیاریکراودا)
- هاندان و بەرجەستە کردنەوەی دووبەرەکی لەنێو ڕێژیم لەبارەی ویستی درێژەدان بە سیاسەتەکانی پاوانخوازانەی ناوچەیی، و
- کەلکوەرگرتن لە شۆکی جێنشینی ڕێبەری گەورە، کە دەتوانێ مردنی ستالین بیر بخاتەوە کە گرینگترین دەستاودەست کردنی دەسەڵاتە دوای مردنی خومەینی.

ئەوە شتێکی حەیاتییە کە لەبیرمان بێ کە ستراتیژییەکەی بەرامبەر بە یەکیەتیی سۆڤییەت ئەوەشی دەگرتەوە کە ڕۆژئاوای ئورووپا بەشدار بێ لە خەبات دژی هەڕەشەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت و پێش بە هەوڵەکانی یەکیەتی سۆڤییەت بۆ ڕاکێشانی هاوپەیمانەکانی ئامریکا بۆ لای خۆی، بە تایبەتی ڕۆژئاوای ئاڵمان بگیرێ، لەهەمان کاتدا پشتگیریی (بەشێوەیەکی گونجاو و سنووردار) سەرهەڵدانی هاوپەیوەندیی لە لێهێستان و بەرخۆدانی دژی سۆڤییەت لە ئەفغانستان. باسکردن لە ستراتیژیی سەرکەوتن دژی ئێران بێ مانایە ئەگەر دژایەتیی کۆنترۆڵ و نفوزی ئێران لە لوبنان، سورییە و عێراق نەکرێ و هاوکات بەرەی وڵاتانی عەرەبیی (لە ناویاندا عوممان و قەتەر) دژی نفووزی ئێران بەهێز نەکرێ.

سورییە ئەفغانستانی ئێرانە، ئەوێ گۆڕەپانێکە کە هێزەکانی ئێران لە هەموو شوێنێک زۆرتر ئەگەری زیان پێگەیشتنیان هەیە، شوێنێک کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ سوپای پاسداران ناچار بکا سامانە سنووردارەکانی خەرجی شەڕێکی بەرگریکارانە بکا.

عێراق لێهێستانی ئێرانە، ناوچەیەک کە ئێران بە شێوەیەکی سنووردار بەسەریدا زاڵە، و وڵاتێک کە ڕێبەرانی ئێران پێیان وایە کە ناکرێ لە کیسی بدەن. وڵاتە یەکگرتووەکان لە دۆخێکی لە ڕادەبەدەر باشتر دایە بۆ دژایەتیکردنی ئێران بۆ کۆنترۆڵی عێراق لەوەی کە لەبارەی لێهێستاندا هەیبوو (بە هەمان شێوە وەزعێکی باشتری لە سورییە هەیە لەچاو ئەوەی کە لە ئەفغانستاندا هەیبوو).

هەڵوێستێکی درێژخایەن جەختکردن لەسەر دروستکردنی هاوڕایی لەنێوان هاوپەیمانەکانی ئامریکا لە بارەی پێویستیی جێبەجێ کردنی ستراتیژیی سەرکەوتن دەخوازێ. ئەوە ڕووسییەکان و چینییەکان چاوترسێن دەکا کە هەوڵی زیندوو ڕاگرتنی ئێران نەدەن. ئەوە دەبێتە هۆی پچڕانی زنجیرەی دابین کردنی کەلوپەلە ستراتیژیکەکان کە ئێران بۆ گەشە پێدانی


سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

توانایيە ناوەکیی و سەربازییە ئاساییەکانی پێویستییەتی. و ئێران ناچار دەکا کە بە سەختی بۆ دەسکەوتەکانی لە عێراق و سورییە بجەنگێ، هاوکات بە هەموو شێوەیەکی مومکین زەخت دەکەوێتە سەر ئابووری ئێران. بێگومان ستراتێژییەکی ئەوتۆ دەتوانێ کۆماری ئیسلامیی ناچار بە پاشەکشە بکا،

جووڵانەوەکەی بۆ سەپاندنی هێژێمۆنی ناوچەیی ڕاگرێ و بەراوەژووی بکاتەوە، ناکۆکییەکان لەناو ڕێبەریی ئێران و لە نێوان ڕێژیم و خەڵک پەرە پێبدا، و لەوانەیە، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، و بە شێوەی تایبەتی ئێرانی، ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕ لە نێوەرۆکی ڕێژیم.

ئەوە ستراتێژییەکی درووستە.

(لە ژمارەی ٧٣٦ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## ئێران دینامۆی سەرەکیی ناسەقامگیرکردنی ناوچەیە

### کاربەدەستێکی پێشووی سی ئای ئەی: ئێران دینامۆی سەرەکیی ناسەقامگیرکردنی ناوچەیە

### جێروزالم پۆست - یوسی مێلمەن

لە یەکەم وتووێژیدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی ئیسرائیلی، کاربەدەستێکی پایەبەرزی پێشووی سی ئای ئەی پێشبینیی ئەوە دەکا کە ڕێژیمی ئێران لە کۆتاییدا دەڕووخێ.

پۆلێنکردنی نۆرمەن ڕائول شتێکی دژوارە. هەندێک جار ئەو وەک لیبراڵێک قسە دەکا و هەندێک جار وەک کۆنەپارێزێک. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ناتەبایییەک لەنێوان ئەو دوو بەرداشتە دژ بە یەکانەدا نییە. بەرداشتی ساکار ڕووڕاستییە و بۆ مرۆڤێکی ڕاستەقینەی نێو دەزگای هەواڵگریی هیچ سامانێک لە پیشەی ئەودا بەنرختر لە ڕووڕاستی نییە. ڕەنگبێ باشترین شێوە بۆ باس لە دیمەنی پیشەیی ئەو، قەرزکردنی ئەو دەستەواژە عیبرییە بێ، کە هەر دوو خووخدەی کۆتر و باشووی هەن. ڕەنگبێ شتێک وەک «کۆشوو.»

ڕائول ٣٤ ساڵ لە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆپەراسیۆنەکانی سی ئای ئەی (کە لە پێشدا بە ناوی خزمەتگوزاریی شاراوەی بەرگریی دەناسرا) بە ئەرکی جیاواز لە مەیداندا و لە ئاستی بنکەی سەرەکیدا کاری کردووە، لە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، لە ناویاندا ئەرکی بەڕێوەبەریی چەندین بەرنامەی پەیوەندیدار بە ئێرانی ڕاپەڕاندووە. لەو ساڵانەدا، ئەو وەک «بەڕێوەبەری هەواڵگریی نەتەوەیی لەبارەی ئێران» لە بنکەی بەڕێوەبەریی هەواڵگریی نەتەوەیی خزمەتی کردووە. کۆی لێکدانەوەی وردی ئەو لەبارەی ڕێککەوتنی ئەتۆمیی لەگەڵ ئێران، کە لەو دواییانەدا وڵاتە یەکگرتووەکان جێی هێشت، باشترین پێناسەکەی دەتوانین بڵێین ئەوەیە کە هەر کەسەو لە ڕوانگەی خۆیەوە بەرداشتی لەبارەیدا هەیە.

بە هۆی ئەزموونی بەربڵاوی لە سەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەو زانیارییەکی باشی لەبارەی کۆمەڵگەی هەواڵگریی ئیسرائیل هەیە و زۆر لە کاربەدەستە پایەبەرزەکانی پێشوو و ئێستای، لە نێویاندا بەرپرسی مووساد مەئیر داگان، تامیر پاردۆ و یوسی کۆهێن و سەرۆکەکانی هەواڵگریی سەربازیی وەک ئامۆن یادلینی لە نیزیکەوە دیتووە.

## بەشی یەکەم

ئەوە یەکەم وتووێژیەتی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی ئیسرائیلی. ئێمە مانگی ڕابردوو لە هۆتێلێک لە شاری نیۆیۆرک چاوپێکەوتنمان هەبوو. ئەو بۆ بەڕێوەبردنی پانێلێک لە کۆنفرانسێکدا کە لەلایەن «یەکگرتوو دژی ئێرانی ئەتۆمی»، ڕێکخراوێکی مەدەنی دوولایەنە پێکهاتوو لە سێناتۆرەکانی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان، سیاسەتوان و کاربەدەستانی هەواڵگریی، هەروەها کەسایەتیی ئوروپایی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی، لەناویاندا کۆچکردوو مەئیر داگان و سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی ئاڵمان بی ئێن دی (سرویسی هەواڵگریی فیدراڵ) ئاگوست هەنینگ، هاتبووە ئەم شارە.

ڕێکخراوی «یەکگرتوو دژی ئێرانی ئەتۆمی» دە ساڵی پڕ دەکرد و بۆ ڕێزگرتن لەو یادە، چەند میوانی پایەبەرز لە کۆنفرانسەکەدا وتاریان پێشکەش کرد. لەنێویاندا سەرۆکی ئێستای مووساد یوسی کۆهێن، وەزیری کاروباری دەرەوەی عەرەبستانی سعوودی عادڵ ئەلجوبەیر، جێگری وەزیری کاروباری دەرەوەی یەمەن خالید ئەلیەمەنی، باڵوێزانی بەحرەین و ئیمارات لە وڵاتە یەکگرتووەکان، سێناتۆرانی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان جۆزێف لیبێرمەن و برایان هووک نوێنەری وەزارەتی کاروباری دەرەوە بۆ پرسی ئێران.

**ڕائول گوتی؛** «ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران هیچ دووره دیمەنێکی نییە، لە ڕوانگەی لایەنگرانییەوە ڕێککەوتنەکە ئامانجی خۆی پێکا: ئێرانییەکان ڕێئاکتۆری بەرهەمهێنانی پلۆتۆنیۆم لە ئەراکیان لێک هەڵوەشاند، بەشێکی بەرچاوی سانتریفیووژەکانیان کۆ کردنەوە و ئورانیۆمە پیتێنراوەکەیان هەناردەی دەرەوە کرد. بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران لە ژێر چاودێریی پشکنێنەرترین بەرنامەی لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی دایە و هیچ بەڵگەیەک لەبارەی دوایین هەنگاو بۆ دروستکردنی بۆمبی ناوەکی نییە. بەو پێناسەیە، ڕێککەوتنەکە سەرکەوتوو بووە. ئەوانی کە دژی ڕێککەوتنەکەن هەندێک جار وێدەچێ نەیانهەوێ ددان بەو دەستکەوتە ڕاستەقینانە دابنێن.»

### ڕوانگەکەی دیکە چییە؟

ئەوانەی کە پێیان وابوو ڕێککەوتنەکە دەرگای دونیا بەڕەوڕووی ئێران دەکاتەوە و ئەو هان دەدا کە ببێتە ئەکتەرێکی بەرپرسیارتر، هەڵە بوون. ئەوان دەڵێن ئێران پێویستی بە کاتی زۆرترە بۆ ئاڵوگۆڕ. ڕەنگبێ وابێ، بەڵام دەبێ چەند ساڵ ڕاوەستین تا ئێران دەست لە پشتگیریکردنی تێرۆریزم هەڵگرێ؟ ئەگەر تۆ لەو ناوچەیە بژی و قوربانیی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی تێرۆریزم و هێرشی مووشەکیی بێ، شتێکی ئاساییە کە ناتوانی ئەو هەڕەشانە دژی خەڵکەکەت تەحەممول بکەی، بەو هیوایە کە ئێران دەگۆڕێ»!

## هەڵوێستی دڵخواز کە دەبێ بگیرێتە بەر چییە؟

ئەگەر ئێران دەیهەوێ یارمەتیی حوسییەکان بکا، دەبێ یارمەتیی مرۆیی لە ڕێگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بنێرێ نەوەک مووشەک. ئاکارەکانی ئێران کێشەکەیان قووڵتر کردووەتەوە و بۆتە هۆی ئازارچێشتنێکی مەترسیدار بۆ خەڵکی یەمەن. ئێران پشتگیریی زیاتر لە جینێک میلیشیای شیعە و سوننی و تاقمی تیرۆریستیی لە ناوچەدا دەکا. ئەو تێکنۆلۆژیی پێشکەوتووی مووشەکیی بڵاو کردۆتەوە. هیچ شک و گومانێک لەوەدا نییە کە ئێران داینامۆی سەرەکیی ناسەقامگیر کردنی ناوچە و کۆمەڵگەی نێونەتەوەییە. ئەوە دەبێ کۆتایی پێبێ و ئێران دەبێ ناچار بکرێ کە ئاکاری خۆی بگۆڕێ.

ڕائول لەسەر باسکردن لە مەڕ خۆی دوو دڵە و پێی ناخۆشە کە من لە بارەی پێشینەی بنەماڵەیی ئەو پرسیار دەکەم. بە کورتی؛ ئەو لە شارێکی بچووکی کانزایی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی پێنسیلڤانیا لە بنەماڵەیەک، کە هەمیشە هەستی خزمەتکردن بە کۆمەڵگە و وڵاتیان هەبووە، لەدایک بووە. ئەندامانی بنەماڵەکەی لە شەڕە مەزنەکانی ئامریکا لە سەدەی ڕابردوودا جەنگاون: دوو شەڕی جیهانیی و شەڕەکانی کۆرە و ڤییەتنام. لە بنەماڵەکەیدا فێر کراوە کە ئەو دەبێ هەمیشە دژی مرۆڤە شەیتانی و خراپەکان بجەنگێ. ئەو لە کالێجێکی بچووک بەدوای خولیای خۆی بۆ مووزیک دەستی بە خوێندن کرد بەڵام مێژووی دیتەوە و جیهان بەرەو ڕووی کرایەوە. کاتێک کە لە کالێج بوو سی ئای ئەی پێی زانی و کردیانە ئەندامی خۆیان.

ئەو خۆی لە باس لەبارەی کۆمەڵگەی هەواڵگریی بوارد، بەڵام لە سەرچاوەی دیکەوە بۆم دەرکەوت کە لەکاتی ساڵانی دوور و درێژی خزمەتکردندا ئەو وەک جاسووسی نهێنی، بەرپرسی وێستگە و تا پلەی بەرز وەک بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوین کاری کردووە. لە ۲۰۰۸، ئەو پێشنیاری پێ کرا کە لە بەڕێوەبەریی هەواڵگریی نەتەوەییدا کار بکا، کە لە ۲۰۰۵ لە لایەن جۆرج دەبلیوو بووش بۆ باشترکردنی هاوکاریی لە نێوان ئۆرگانە جیاجیاکانی کۆمەڵگای هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان، دامەزرا. دووبارە ڕێکخستنەوەکە ئاکامی ڕووداوی کارەساتباری یازدەی سێپتامبر بوو، کە دەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دیتنەوە و پێشگرتن بە ڕووداوەکەدا ناسەرکەوتوو بوون. بە واتایەکی کرداریی، ئەو کاربەدەستی پایەبەرزی بەرپرس بۆ ئیدارەکردنی پلانە هەواڵگری و ئۆپەراسیۆنەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دژی ئێران بوو.

لە ماوەی ۹ ساڵ خزمەت لەو بەرپرسایەتییەدا، ئەو شاهیدی پتەوتر بوونی پەیوەندیی و هاوکارییەکانی نێوان کۆمەڵگای

بەشی یەکەم

هەواڵگریی ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان بوو بۆ پلەیەک کە تا ئێستا نەدیتراوە. دەکرێ شیمانەی ئەوە بکرێ کە ئەو لەو کاتەدا ئاگای لە گشت نهێنییەکانی نێوان هەر دوو وڵات بووە.

هەواڵنێرییە نێونەتەوەییەکان باسیان کردووە کە سی ئای ئەی و مووساد ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیان بەڕێوە بردوون، لەناویاندا کوشتنی عیماد موغنیە، گەورە تێرۆریستی حیزبوڵڵا، و دەزگای هەواڵگریی ئەو دوو وڵاتە ئەو ماڵوێرەیان (بەرنامەی کامپیوتێر کە ئەرکی سیخوڕی و خرابکاریی بەڕێوە دەبا) بەرهەم هێنا و خستیانە نێو کامپیوتێرەکانی پەیوەندیدار بە پیتاندنی ئۆرانیۆم لە ئێران و هەروەها ئۆپەراسیۆنی بوێرانەی دیکەیان لە چوار دەورەی دونیا بەڕێوە بردوون.

کاتێک کە هەوڵم دا لەبارەی ئەو جۆرە ئۆپەراسیۆنانە پرسیاری لێ بکەم، جوابەکەی بەئەدەبانە بەڵام قایم بوو. ئەو گوتی؛ «من باسی کاری ڕابردوو لەنێو کۆمەڵگەی هەواڵگریدا ناکەم».

سەرۆکی پێشووی مووساد، تامیر پاردۆ، کە ڕائول زۆر باش دەناسێ، پێی گوتم؛ کە «نۆرمەن کوڕێکی گەلێک ژیرە. ئەو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆر چاک دەناسێ. ئەو شیکاریکەرێکی زۆر لێهاتووبە و ئێمە ئەوی وەک دۆستێکی ڕاستەقینەی ئیسرائیل دەناسم. هەموو چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ ئەو لە ڕاددەبەدەر سەرنجڕاکێش بوون». دوای خانەنشین بوون لە سێپتامبری ٢٠١٧، ڕائول لە کەرتی تایبەتدا دەستی بەکار کرد و چووە نێو «یەکگرتوو دژی ئێرانی ئەتۆمیی».

**بۆچوونت لە بارەی دەستبەسەر داگرتنی ئارشیوی ئەتۆمیی ئێران لەلایەن مووسادەوە چییە؟**

«من تەنیا ئەو شتانە دەزانم کە لە مێدیاکاندا خوێندوومنەوە. بەڵام بێگومان شتەکان وێدەچێ بیسەلمێنن کە ئێران لە کۆتاییدا بژاردەی پرۆگرامی چەکی ئەتۆمیی لە داهاتوودا بۆخۆی پاراستووە».

**بە ئەزموونی بەربڵاوی خۆت، شێوەی کار و ئۆپەراسیۆنەکانی ئێران کامانەن؟**

ئێران کەڵک لەو شتە وەردەگرێ کە پێی دەڵێن شەڕی هایبرید یا تاکتیکی زۆنی بۆر. لە ئێران، لەوانەیە کە ڕێبەری گەورە بە ئەوانی ژێردەستی بڵێ ڕیسکی تێوەگلان لە کێشەی مەزن مەکەن، بەڵام لەژێر ئەو ئاستەدا دەتوانن بە شێوەیەکی شەڕئەنگێزانە وەجووڵێن. ئەوە ڕێگا بە ئێران دەدا کە بە خێرایی جووڵە بکا، بە پێچەوانەی ڕۆژئاوا کە هەر هەنگاوێک



سەرچاوە Serchawe

دبێ زۆر بە وریاییەوە لە لایەن سیاسەتوانەکان و کۆنگرەوە چاودێریی بکرێ.

## مۆدێلێکی ئەوتۆ بە کردەوە چۆن لە مەیداندا جێبەجێ دەکرێ؟

ئێران بە قووڵی لە عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن چالاکە. وا دێتە بەرچاو کە ئاکارە شەڕئەنگێزەکانی ئێران لە ناوچەدا شەڕێکی ئاسایی کردووهتە دووبەش: ئۆپەراسیۆنی زەمینی و ئۆپەراسیۆنی هەوایی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە هەندێک وڵات، ئۆپەراسیۆنی هێزی دەریایی لە دەریای سوور، هێرشی سایبری دەورەیی. چونکە ئەو ئاکارانە بەسەر هێندە شوێنانێدا دابەش بوون، ڕۆژئاوا و نەتەوە یەکگرتووەکان کێشەکە پاشگوێ دەخەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک دەمرن.

## بەڵام ئەوە نییە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی گەمارۆی خستوونە سەر ئێران؟

ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕۆژئاوا چەندین گەمارۆیان خستوونە سەر ئێران لەبەر تێوەگلانی لە تێرۆریزم، تەقاندنەوەی چوار باڵوێزخانە (لە بەیروت)، و هێرشی مووشەکیی دژی عەرەبستانی سعوودی. بەڵام ئەو گەمارۆیانە هێشتا لەو ئاستەدا نین کە شوێن دانێنە سەر بڕیاردانی ئێران. لەوانەیە ئێمە ئۆپەراسیۆنەکانی ئێران و حیزبوڵڵامان هێواش کردبنەوە، بەڵام هێشتا ماوەتی تا بیانوەستێنین.

## ڕەنگبێ دیپلۆماسی لە گەمارۆیان باشتر بێ؟

لە کاتی مشتومڕ لەبارەی داهاتووی ڕێککەوتنەکە، من لام وابوو کە دەبوو ڕێککەوتنەکە جێ نەهێڵین و لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان کار بۆ فشارهێنان بۆ سەر ئێران بکەین. ویلایەتە یەکگرتووەکان نابێ وا بێتە بەرچاو کە دژی ئێران بە تەنیایە.

## کەوابوو سیاسەتی ترامپ هەڵەیە؟

من باسی سیاسەت ناکەم. ئێمە دەبێ لەبیرمان بێ کە نارەزایەتییەکانی سەرۆککۆمار ترامپ بەرامبەر بە ڕێککەوتنەکە شتێکی دەگمەن نین. بەشێکی زۆر لە ئەندامانی کۆنگرە، لە نێویاندا دێموکراتەکان، ئەو بۆچوونانەیان لە کاتی مشتومڕ لە سەر ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە هەبوو. من پێموایە کە ئێمە پێویستە لەگەڵ ئوروپا و هاوپەیمانەکانی دیکە کار بکەین،



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

بەڵام ئەوە شتێکی عەقڵانی نییە ڕێگا بە ئوڕووپا بدرێ فشارخستنە سەر ئێران وەدوا بخا. گەمارۆ تازەکان زەخت لەسەر ئێران زیاد دەکەن. ئێران شوێنێکی هێندە پڕ دەسکەوت نییە بۆ مامەڵەی مەزن و، کۆمپانیا گەورەکان ناتوانن ڕەوایی بە هەڵبژاردنی بازاڕی سەخت، ناخۆش و گەمارۆلێدراوی ئێران لە جیات وڵاتە یەکگرتووەکان بدەن.

### کاردانەوەی گەمارۆکان بۆ سەر ئێران چی دەبێ؟

ئێران بەرەورووی چالشی هاوکاتی وەها بۆتەوە کە لە ڕابردوودا وێنەیان نەبووە. ئەو چالشانە لە ئاستی دێموگرافی، ئابووری، ژینگەیی، کۆمەڵایەتی و سیاسین. تووشی بێ ئاوییەکی مەزن بۆتەوە، و دۆخی ڕێگاوبانەکان زۆر خراپن. بەڵام ئێران بۆخۆی خۆی تووشی ئەو گیروگرفتانە کردووە. ئەو بڕیاری دا کە نەوتەکەی لە جیات بەکارهێنان بۆ ڕێگاوبان و یارمەتیدانی خەڵکی مەدەنیی خۆی، بنێرێ بۆ سووریە. بە گشتی نەوەی لاوی ئێران متمانەیان بە دەوڵەت نەماوە و زۆریان وڵات جێ دەهێڵن. کۆچی مێشکەکان چالشێکی دیکەیە.

### هۆی هاتنی ئێران بۆ سەر مێزی وتووێژ ئەوە بوو کە خەریک بوو هەرەس بێنێ؟

هیچ بەڵگەیەک لەبەر دەستدا نییە کە ئێران لە کاتی هاتنە سەر مێزی وتووێژ خەریک بوو هەرەس بێنێ. ئەوان لە ژێر زەختێکی گەورەدا بوون و بۆیە هاتنە سەر مێزی وتووێژ تا بزانن دەتوانن چ مامەڵەیەک بکەن.

### هەواڵگریی ئیسرائیل ئیددیعا دەکا کە ئێران ٦ - ٣ مانگ لە بەرهەمهێنانی بۆمب دوور بوو؟

بە گوێرەی گەلێک ڕاپۆرتی مێدیاکان، ئەوە درووستترە کە بڵێین ئێران تەنیا چەند مانگ لەوە دوور بوو کە هێندە ئۆرانیۆمی زۆر پیتێندراوی هەبێ کە بەشی بۆمبێک بکا. کاری زۆرتر پێویست بوو تا خودی بۆمبەکە درووست بکەن.

### دەتوانی ئامانجەکانی گەمارۆکان پێناسە بکەی؟

گەمارۆکان دەبێ ببنە هۆی یەکلابوونەوەی ڕێبەرانی ئێران. کامیان پێ باشترە: دەستێوەردان لە ناوچە یا سەقامگیریی ئابووری و سیاسی لە نێوخۆ. لەبەر ئەو هۆیە، من پشتگیریی لە سیاسەتی گەمارۆی بەهێزتر دەکەم.

بەشی یەکەم

ئێران بەهەمان شێوە ڕووبەڕووی کێشەی جێنشینیی خامنەییش بۆتەوە. کێ جێگای ڕیبەری گەورە بگرێتەوە و کام شۆڕش بۆ ئەو بە میرات بەجێ دەمێنێ؟ ئەو پرسە دەبێ ڕێبەری گەورەی ئێستا زۆر نیگەران بکا. ئێرانییەکان هەروەها بەرەو هەڵبژاردنی پاڕلمان لە ٢٠٢٠ و هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی لە ٢٠٢١ دەچن. خەڵکی ئێران دەتوانن کەڵک لەو دەرفەتانە بۆ گۆڕینی دەوڵەت وەرگرن.

**من پێموایە کە ڕێژیم لە کۆتاییدا دەڕووخێ بەڵام توانایی کەڵکوەرگرتنی لە توندوتیژیی کاری پێشبینیکردنی کاتی ڕووخان دژوار دەکا. من دەزانم کە کاتێک ئەوە قەوما، هیچ کەس پێی سەیر نابێ.**

(لە ژمارەی ٧٣٧ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# هێرشی بی جی پی و بەبارمتەگرتنی ترافیکی تێلێگرام لە ئێران

## زیرۆ دەی نێت - چارلیی ئۆزبۆرن

توێژەران ڕێژنەیەک کەمپەینیان دژی کاربەرانی تێلێگرام و ئینستاگرام ئاشکرا کردووە، لە ناویاندا بە بارمتەگرتنی ترافیک لە ڕێگای پرۆتۆکۆلی بی جی پی.

ئەکتەرەکانی پشت ئەو هێرشانە، سەر بە دەوڵەت بن یا نا، تەنیا جەخت لەسەر هاووڵاتیانی ئێران دەکەنەوە کە یا کەلک لە پرۆگرامی خاوەن ئێنکرپشن (وەک تێلێگرام) یا خزمەتگوزاریی بەشینەوەی وێنە (وەک ئینستاگرام) وەردەگرن.

بە گوێرەی تیمی ئاسایشی سایبێری سیسکۆ تەیلۆس، ئەو هێرشانە لانیکەم لە ٢٠١٧ وە دەستیان پێ کردووە و دژی نیزیکەی ٤٠ میلیۆن کاربەری تێلێگرام لە ئێران بەڕێوە چووە، سەرەڕای ئەوەی کە پرۆگرامەکە لە ئێران یاساغ کراوە.

ڕۆژی دووشەممە، توێژەرەکان لە پۆستێکی بلۆگدا گوتیان کە کاربەرانی ئێرانی بوونە ئامانجی لاپەڕەی هاتنە ژوورەوەی ساختە، پرۆگرامی سیخوڕیی کە بە شێوەیەک درووست کراون کە وەک نموونە ڕاستەقینەکان بچن (وەک بۆ وێنە تلگرام طلایی، ئەیسگرام، بیتگرام، هتد) و لە ڕێگای بە بارمتەگرتنی بی جی پی، دەستیان بەسەر پرۆتۆکۆلی ترافیکی نێوان ڕاوتێرەکان داگرتووە تا ترافیکی ئینتێرنێت بە شوێنی دیکەدا ببەن (بۆ وێنە بۆ تۆمار کردنی ترافیک و سیخوڕی کردن لەسەر کاربەران).

یەکەم شێواز کە تەیلۆس ئاشکرای کردووە کۆپییە جیاجیاکانی تێلێگرامە کە لە دەرەوەی شوێنی دابەزاندنی جێی متمانەی پرۆگرام وەک گوگڵ پلەی دەست دەکەون.

دوای دامەزراندن، ئەو پرۆگرامانە دەستیان بە لیستەی پەیوەندیی (ژمارە تەلەفۆنەکانی پاشەکەوتکراو لە تێلێفۆنەکەدا) ڕادەگا. پرۆگرامە ساختەکانی ئینستاگرام، کە بە هەمان شێوە تەبلیغاتیان بۆ دەکرێ، دەتوانن هەرچی داتای نێردراو و وەرگیراوە بنێرن بۆ سەرڤەرەکانی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ، کە بە گوتەی توێژەران، «هێرشبەرەکان دەتوانن کۆنترۆڵی ئەکاونتەکە بەتەواوی بەدەستەوە بگرن.»

بەڵام تەیلۆس پێی وایە کە ئەم بەرنامانە دەبێ وەک بەرنامەی نیوەخراپ سەیر بکرێن نەوەک بەرنامەی مەترسیدار. ئەم بەرنامانە دەستدرێژیی دەکەنە سەر زانیاریی تاکیی کاربەران بەڵام ئاکاری بەدخوازانەی دیکە بەڕێوە نابەن و بە شێوەی گشتیی بەو شێوە کار دەکەن کە کاربەر چاوەڕوانیی دەکا.

شێوازێکی دیکە کە تەیلۆس دیتوویەتی، ماڵپەڕی ساختەی چوونە ژوورە تا خەڵکانێک فریو بدا کە زانیاریی سنووردا‌ریان لە بارەی ئاسایشی سایبێریدا هەیە. هێرشی دیکە جەخت لەسەر مەترسیی خستنە سەر پرۆتۆکۆلی بی جی پی دەکەنەوە.

تەیلۆس هەناردەکردنی ترافیکی ئینتێرنێتی سەیر و چالاکیی بەرۆژ کردنەوەی ئاشکرا کردن کە دەریان دەخست کە بی جی پی بە بارمتە گیراوە، بە وتەی تیمەکە زۆر وێدەچێ «هەوڵێکی بە ئانقەست بێ دژی خزمەتگوزارییەکانی تێلێگرام لە ناوچە.»

تەیلۆس دەڵێ، «ئەو تەکنیکە ترافیکی سەرجەم ڕاوتێرەکان بە ئاراستەیەکی دیکەدا بەڕێ دەکا، بێ ئەوەی کە ئامێرەکان (بۆ وێنە مۆبایل) سەرچاوەی ئەو شوێنانە بزانن. بۆ بە بارمتە گرتنی بی جی پی، پێویستە شێوەیەک لە هاوکاریی لە نێوان هێرشبەران و ئای ئێس پی (ئەو کۆمپانیایانەی خزمەتگوزاریی ئینتێرنێت پێشکێش دەکەن) هەبێ و بە ئاسانی دەکرێ ئاشکرا بکرێ بۆیە ماوەی بە بارمتە گیرانەکە زۆر دووردرێژ نابێ.»

ئەو پرۆتۆکۆلە وەک بڕبڕەی پشتی ترافیکی ئینتێرنێت بە ناو ئای ئێس پی و خزمەتگوزاریی کڵاود وایە و لە ڕابردووشدا بۆ هێرش دژی تێلێگرام کەلکی لێ وەرگیراوە، کە لە ڕێگای ئای ئێس پی شیرکەتی دەوڵەتیی موخابەراتی ئێران هەلی بۆ ڕەخساوە.

ئەو کاتی ئەوەش باس کرا کە کۆمپانیاکانی پەیوەندیی بێتەل (ئۆپەراتۆرەکانی تێلێفۆن) کورتەنامەی کۆدی دووهەمی چوونە نێو حیسابی تێلێگرامی کاربەرەکانیان داوە بە دەوڵەت تا بتوانێ دەستی بە ئەکاونتی کاربەرەکان ڕابگا.

کاربەدەستانی ئێران بەڵێنییان دا کە لەبارەی ئەو مەوزووعە لێکۆڵینەوە بکەن بەڵام لە بارەی بەڵگەکانی بە بارمتەگرتنی بی جی پی لەو دواییانەدا بێدەنگییان هەڵبژاردووە.

هێرشی بی جی پی شتێکی نامۆ نییە، لەو ساڵانەی دواییدا بەشی خزمەتگوزاری وێبی ئامازۆن، فەیسبووک، ئەپڵ،

## بەشی یەکەم

مایکرۆسافت و یووتیووب گشتیان قوربانیی ئەو جۆرە هێرشانە بوون.

کاربەری ئاسایی ناتوانێ لە بەرامبەر هێرشی بی جی پی دا خۆی بپارێزێ، بەڵام بەرنامەی ساختە شتێکی دیکەیە. تەکنیکێک کە بکەرانی ساختەکاریی بۆ فریودانی کاربەران بۆ دابەزاندن و دامەزراندنی بەرنامەی مەترسیدار کەلکی لێ وەردەگرن ئەوەیە کە ئەوان زۆرجار بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەرنامەکە «کارایی باشتری هەیە.» بۆ خۆپاراستن لەو هەوڵانە دابەزاندنی پرۆگرامەکان دەبێ تەنیا لە شوێنی یاسایی دابەزاندنی ئەوانەوە بێ (وەک گوگڵ پلەی و ئەپستۆر) کە سازوکاری ئەمنیەتییان هەیە.

توێژەرەکان گوتیان ئەو لێکۆڵینەوە بە هۆی قەدەغەکرانی تێلێگرام لەو دواییانەدا تەنیا جەختی لەسەر ئێران کردبوو. «بەڵام ئەو تەکنیکانە دەتوانێ لەلایەن هەر لایەنێکی ساختەچی کەلکی لێوەرگیرێ، جا بە پشتیوانیی دەوڵەت بێ یا نا.»

هەڕەشەی بە بارمتەگرتنی بی جی پی تەنیا تایبەت بە ئێران نییە. توێژەرەکان مانگی ڕابردوو گوتیان کە کۆمپانیایەکی پەیوەندیی بێتەلی چینی هێرشی بە بارمتە گرتنی بی جی پی بۆ سیخوڕیکردنی سایبێری لە ڕۆژئاوا بەڕێوە بردووە.

تێبینی: بی جی پی ئەو پرۆتۆکۆڵەیە کە بۆ پەیوەندیی نێوان سیستەمی سەربەخۆ لە ئینتێرنێت کەلکی لێ وەردەگیرێت.

(لە ژمارەی ٧٣٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## ترامپ بۆ گەمارۆ ئابوورییەکان دەبێ هەوڵەکانی چڕتر بکا

**سەعید قاسمنژاد - بیزنس ئینسایدر**

ستراتیژیی ئەوپەڕی زەختی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بۆ سەر ئێران لە ٥ی نۆڤەمبەر بەتەواوی کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەوە سەپاندنەوەی گەمارۆی نەوت و خستنی گەمارۆ بۆ سەر زیاتر لە ٧٠٠ دامەزراوە، تاک، فڕۆکە و پاپۆڕ دەگرێتەوە. بەڵام ئاسەوارەکەی تا ئێستا نەیتوانیوە بگاتە ئاستی ئەوپەڕی زەخت، ئەگەرچی ڕێبازی بەڕێوەبەرایەتییەکە درووستە.

ڕیاڵ، دراوی ئێران، خۆڕاگرییەکی سەیری لەخۆی نیشان داوە. لە ٤ی نۆڤەمبەر نرخی دۆلارێکی ئەمریکایی لە تاران گەیشتە ١٤٩٠٠٠ ڕیاڵ. حەوتوویەک دواتر، لە ١٢ی نۆڤەمبەر، نرخەکەی ٧% دابەزی و بوو بە ١٣٨٥٠٠ ڕیاڵ. بێگومان بازاڕی ئاڵووێری بەناو ئازادی دراو لە ئێران لەرزۆکە و، ئامانجی دەستێوەردانی بەهێز لە لایەن بانکی ناوەندییە، بەڵام نرخی ڕیاڵ لەگەڵ نیشانەکانی دیکە گونجاوە.

بازاڕی بوورسی تاران هەمان سەرزیندوویی نیشان داوە. ئیندەکسی گشتیی ٤ی نۆڤەمبەر ٩١٨،١٨٢ بوو. حەوتوویەک دواتر، لە ١٢ی نۆڤەمبەر، گەیشتبووە ٢١١،١٨٢، داکشانێک کە تەنیا ٤،٠ لە سەد بوو. ئەگەر ئیندەکسی بە دۆلار بقەبلێنین لە ڕاستیدا هەڵکشانێکی ٧% لە نرخ دەکا.

لە هەمان کاتدا، بازاڕی مامەڵەی نەوت دووهەمین جەژنی فرۆشتنی نەوتی خاوی لەو حەوتووەدا گرت. بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ گەمارۆکانی سەر نەوت، تاران ڕێگا چارەیەکی دیتۆتەوە. ئەو ئێستا نەوت لە بازاڕێکی وزەی نەناسیاودا بە کڕیارەکان دەفرۆشێ کە ناسنامەکانیان نهێنییە. ئەو کڕیارانە، بە نۆبەی خۆیان، نەوتەکە لە بازاڕە نێونەتەوەییەکاندا دەفرۆشن. بەو شێوەیە کڕیاری نەناسراو ٧٠٠٠٠٠ بەرمیل نەوتی خاوی ئێرانیان لە ١١ی نۆڤەمبەر بە ٩٧،٦٤ دۆلار بۆ هەر بەرمیل کڕی. نرخەکە شتێک کەمتر لە ٪٩ لە ژێر ئەو نرخە بوو کە کۆمپانیای دەوڵەتیی نەوتی ئێران دیاریی کردبوو.

بەڵام هەرچۆنێک بێ ئەوە سەرکەوتنێک بوو چونکە ئێستا هەموو ئەوانەی کە لە چوار دەورەی دنیا دەیانهەوێ گەمارۆکانی ئەمریکا پێشێل بکەن دەبینن کە ڕێگایەک بۆ دەور لێدانەوەی بەربەستەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان هەیە.

لە وەرسووڕانێکی بەرچاوی دیکەدا، عەرەبستانییەکان ئێستا دەیانهەوێ ڕێژەی هەڵێنجانی نەوت کەم بکەنەوە. ڕیاز پێشدا ئیددیعای کردبوو کە نەوت سەرڕێژی بازاڕ دەکا تا دڵنیا بێ کە ئێران نەتوانێ کەلک لە هەڵکشانی نرخی نەوت بە هۆی کەمبوونی نەوت لە بازاڕ بە هۆی گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکان وەرگرێ. نرخی گرانتر واتا داهاتی زۆرتر بۆ ئێران لەو نەوتەی کە دەیفرۆشێ.

جگە لەوە، بە دانی ئیزن بە هەشت وڵات، وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێژەی هەناردەکردنی نەوتی ئێرانی نەکردۆتە سفر، ئەگەرچی بۆ ماوەی شەش مانگ ڕۆژانە یەک میلیۆن بەرمیل نەوتی لە ڕێژەی نەوتی (ئێران) کەم کردۆتەوە تا پێش بە فڕینی نرخی نەوت بگرێ، کە دەسکەوتێکی سەرنجڕاکێشە. داهاتی ئێران ئێستا لە حیسابەکانی سڕکراودا کۆ دەکرێنەوە کە تەنیا بۆ ئامانجی بازرگانیی مرۆڤدۆستانەی ڕێگەپێدراو کەلکی لێ وەردەگیرێ، کە دەبێتە هۆی زەختی زۆرتر بۆ دەستڕاگەیشتنی ئێران بە پاشەکەوتی دراوی بیانی. بەڵام بۆ بەچۆک داهێنانی هەناردەی نەوتی ئێران و چاودێریی بەسەر پارەی سڕکراو بۆ پێشگرتن بە هەوڵی بەربڵاوی خۆ دەرباز کردن لە گەمارۆکان کە جاری ڕابردوو کرا، زۆر شتی دیکە پێویستن.

سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە پەیوەندی لەگەڵ سویفت، سیستەمی بەربڵاوی گواستنەوەی ئەلەکترۆنیکیی دراو، بە جیا کردنەوەی بانکی ناوەندیی ئێران و چەندی بانکی دیاریکراوی دیکەی ئێرانیی لەو سیستەمە، هەنگاوێکی پێویستی هاویشت کە دەمێک بوو چاوەڕوان دەکرا. بەڕێوەبەرایەتییەکە ئیجازەی بە هەندێک بانکی ئێران دا کە بۆ ئاڵوویری مرۆڤدۆستانە لە نێو سیستەمی سویفت دا بمێننەوە، بەڵام هەر وەک هاوکارەکانم مارک دوبۆویتز و ئانی فیکسلەر باسیان کردووە، بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ هەوڵەکانی دووقات دەکا تا چاودێریی کاناڵە مرۆڤدۆستانەکە بکا. ئێران لە ڕابردوودا کەلکی لە چاوپۆشیی مرۆڤدۆستانەی گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ دەور لێدانەوەی گەمارۆکان بە شێوەیەکی بەربڵاو وەرگرتووە.

جگە لەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان ئیجازەی بە عێراق و ئەفغانستان داوە کە بازرگانی لەگەڵ ئێران بکەن. هەردوو وڵات گیروگرفتی بەرتیلخۆری و نەبوونی شەفافییەتیان هەیە کە ئەوان دەکاتە شوێنی گونجاو بۆ ئۆپەراسیۆنە پێشکەوتووەکانی تاران بۆ دەور لێدانەوەی گەمارۆکان. بە تایبەتی عێراق، بۆتە شوێنی مەزنی گیرسانەوەی کاڵا و خزمەتگوزاریی ئێرانی.

لە کۆتاییدا، ئیجازە بە دەستڕاگەیشتنی هیندوستان بە بەندەری چابەهاری ئێران دراوە. دێهلی بۆ ئەو ئیجازەیە زۆر بە پەرۆش بوو تا ڕێگای زەوی بۆ گەیاندنی کەلوپەل بۆ ئەفغانستان لە جیاتی ئەو ڕێگا جێگرەوە کە دوژمنی لەمێژینەی واتە پاکستان کۆنترۆڵی دەکا، هەبێ. بەڵام واشینگتۆن دەبێ لە مامەڵەکە تێ بگا. ئەو بەندەرە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی

بەشی یەکەم

پەیوەندیی بازرگانیی هیندوستان لەگەڵ ئێران. دێهلی هەر ئێستا یەکێک لە شەریکە بازرگانییە سەرەکییەکانی ئێرانە.

بە گوێرەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی جان بۆڵتۆن، گەمارۆی زیاتر و چەسپاندنی چڕتر بەڕێوەن. ئەوان زۆر پێویستن. ئاسەواری گەمارۆ تازەکان تا ئێستا لە ئاستێکدا نییە کە بتوانێ ڕەفتاری ڕێژیمی ئێران بگۆڕێ. بۆ دڵنیایی لە ئەوپەڕی زەخت، کەمپەینی گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستە ڕێژەی هەناردەکردنی نەوتی ئێران لە شەش مانگی داهاتوودا بگەیەنێتە ٥٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژدا. وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ زەخت بخاتە سەر چین، تورکیە و هیندوستان تا ئاستی بازرگانیی خۆیان کەم بکەنەوە، بە تایبەتی کڕینی نەوت. دەستڕاگەیشتنی ئێران بە داراییە سڕکراوەکان دەبێ تەنیا ئالۆویرە مرۆڤدۆستانەکان بگرێتەوە، بە چاودێری چڕ تا دڵنیا بین کە کەلکی خراپی لێ وەرناگیرێت.

پاشان، واشینگتۆن دەبێ بەتوندی ڕایەڵەی نایاسایی دارایی و کڕینی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، کانادا، ئورووپا، ئەمریکای لاتین، تورکیە، قەفقاز و کەنداوی فارس بکاتە ئامانج. جگە لەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستە سامانەکانی ئێران بە گەمارۆ کەم بکاتەوە و بەکرێگیراوەکانی لە ناوچەدا لاواز بکا، بە تایبەتی لە سورییە و لوبنان، چونکە تاران ئەوان وەک پێگەی ستراتێژیک سەیر دەکا.

**ئەگەرچی ئابووریی ئێران لە بەرامبەر ئاسەوارە دەستبەجێکانی دوایین گەمارۆکان خۆڕاگریی نیشان داوە، بەڵام تاران وەلەرزە کەوتووە. ئابوورییەکەی هێشتا لە ژێر گوشار دایە و دەستڕاگەیشتوویی بە دراوی وەک دۆلار و یۆرۆ کەمتر دەبێ. لە هەمان کاتدا نارەزایەتیی لەناو خەڵکی ئاسایی ئێران لە پەرەئەستاندن دایە. بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەرفەتێکی مێژوویی بۆ ناچارکردنی ڕێژیمی مەلایان بۆ گۆڕینی ڕێچکە مەترسیدارەکەیان هەیە، بەڵام ئاکامێکی وەها دەگمەن، هەنگاوی دەگمەن دەخوازێ.**

(لە ژمارەی ٧٣٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# ئێران لە "ستراتیژیی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ" دا

## فارین پاڵیسی - مایک پۆمپیۆ

کۆتایی شەڕی سارد بووە هۆی سەپاندنی بۆچوونێکی نوێ لەنێو سیاسەتمەدار و لێکۆڵەران لەبارەی مەزنترین چالشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکان. سەرهەڵدانی ئەلقاعیدە و تاوانکارانی سایبەری و لایەنە مەترسیدارەکانی دیکە، هەڕەشەی ئەکتەرانی ناحکوومیی سەلماند. بەڵام بەهەمان ڕادەی مەترسیداری، زیندووبوونەوەی ڕێژیمی سەرەڕۆ، دەوڵەتانی تاوانکارە کە دژی نۆرمە نێونەتەوەییەکان دەوەستنەوە، ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان ناگرن و دژی ئاسایشی گەلی ئامریکا، هاوپەیمانانی وڵاتە یەکگرتووەکان و باقی دنیا دەجووڵێنەوە.

سەرەکیترین ڕێژیمەکانی لەو چەشنە کۆرەی باکوور و ئێرانن. پێشێلکاریی ئەوان دژی ئاشتیی جیهانی زۆرن، بەڵام هەردوو دەوڵەت بەدناوترینن لەبەر تەرخانکردنی دەیان ساڵ کات بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامی ئەتۆمی بەپێچەوانەی یاساغکرانە نێونەتەوەییەکان. سەرەڕای ئەوپەڕی هەوڵی دیپلۆماسیی واشینگتۆن، پیوونگ یانگ فێڵی لە بڕیاردەرانی سیاسیی وڵاتە یەکگرتووەکان، بە ژێرپێخستنی زنجیرەیەک ڕێککەوتنی کۆنترۆڵی چەکوچۆڵ کە دەگەڕێنەوە سەردەمی بەڕێوەبەرایەتیی جۆرج ئێچ دەبلیوو بوش، کرد. بەرنامەکانی چەکی ئەتۆمی و مووشەکی بالیستیکی کۆرەی باکوور بەخێرایی درێژەی پێدرا، تا ئەو ئاستەی کاتێک دۆناڵد ترامپ هەڵبژێردرا، باراک ئۆباما پێی گوت کە ئەوە دەبێتە مەزنترین چالنجی ئاسایشی نەتەوەیی ترامپ. ئێرانیش بە هەمان شێوەیە، ئەو ڕێککەوتنەی بەرجام، کە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما لە ٢٠١٥ واژۆی کرد لە کۆتاییهێنان بە خولیا ئەتۆمییەکانی ئەو وڵاتە شکستی هێنا. بە کردەوە، چونکە ئێران دەیزانی کە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما پێشتریەتی بە پاراستنی ڕێککەوتنەکە لە جیات هەموو شتێکی دیکە دەدا، بەرجام لە لایەن ڕێژیم وەک لێبوردەیی لە سزادران سەیر دەکرا کە ڕێگای پێ دەدا پشتیوانی بۆ چالاکییە بەدکارانەکانی زیاد بکا. ڕێککەوتنەکە بە هەمان شێوە پارەیەکی بەرچاوی نایە بەر دەست تاران، کە ڕێبەری گەورە بۆ پشتگیریی هەموو چەشنە تێرۆریزمێک لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا (کە بەکەمی بەرپرسیار کراوە) کەلکی لێ وەرگیرا کە بۆتە هۆی بڕەودان بە سامانە ئابوورییەکانی ڕێژیم کە بە هەناردە کردنی شۆڕشەکەی بۆ دەرەوەی وڵات و سەپاندنی لە نێوخۆ وەفادارە.

ئەوەی کە هەڕەشەکانی کۆرەی باکوور و ئێران لە دوای شەڕی عێراق پەرەیان ئەستاندووە، پرسی چۆنیەتیی بەرپەرچدانەوەیان بە باشترین شێوە ئاڵۆزتر بووە، ئەمریکاییەکان حەقیانە کە لەبارەی تێچووەکانی تێوەگلانی

## بەشی یەکەم

درێژمەودای سەربازی لەژێر ناوی پارێزران لە چەکوچۆڵی کۆمەڵکوژ بە گومان بن. گیروگرفتەکانی عێراق ئێستاش لە یاد ماون و ڕێککەوتنەکانی پێشوو بۆ پێشگرتن بە هەڕەشەکانی کۆرەی باکوور و ئێران ناکاراییان سەلمێندراوە، پێشگرتن بە زیانەکانی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆیانە پارادایمی نوێی سیاسی دەخوازێ.

دەستبەکار بوونی سەرۆک کۆمار ترامپ. بۆ هەموو ئەو خاوەن پلەوپایانەی واشینگتۆن کە نیگەرانی شێوەی هەڵسوکەوتی نێونەتەوەیی ناوبراون، سیاسەتی ئەو پشت ئەستوور بە هەڵوێستێکی بەئانقەستە کە بۆ بەرەورووبوونەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ڕێژیمە یاساشکێنەکان بەکەلکە.

## دۆکترینی ترامپ

هەم لە سەردەمی بانگەشەی هەڵبژاردن و هەروەها لە کاتی بەڕێوەبەریی، سەرۆک کۆمار ترامپ بە ئاشکرا باسی پێویستی ڕێبەریی بوێرانەی ئەمریکا بۆ دانی پلەی یەکەم بە بەرژەوەندییە ئەمنییەتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی کردووە. ئەو پڕەنسیپە عەقڵانییانە هەڵوێستی دڵخوازی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما "ڕێبەریکردن لە دواوە"، وەردەسوورێنێ، ستراتیژییەکی سازشکارانە کە بەهەڵە وای دەنواند کە دەسەڵات و نفووزی ئەمریکا بەرەو لاواز بوونە. ڕێبەریکردن لە دواوە کۆرەی باکووری کردە مەزنترین هەڕەشەی تا ئێستا. ڕێبەریکردن لە دواوە لە باشترین حاڵەتدا هەوڵی ئێرانی بۆ بوون بە دەسەڵاتی ئەتۆمی وەدوا خست، لە کاتێکدا کە ڕێگەی بە کۆماری ئیسلامی دا کە نفووزە بەدخوازانە و هەڕەشە تێرۆریستییەکانی پەرە بستێنن.

ئەمڕۆ هەر دوو کۆرەی باکوور و ئێران هۆشدارییان پێ دراوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان ئیجازە نادا کە چالاکییە ناسەقامگیرکەرەکانیان پاشگوێ بخرێن. کەمپەینی فرەنەتەوەیی توند کە وڵاتە یەکگرتووەکان دژی کۆرەی باکوور گرتوویەتییە پێش، لەگەڵ لێدوانە ڕوون و ئاشکراکانی سەرۆک کۆمار کە وڵاتە یەکگرتووەکان بەرگری لە بەرژەوەندییە حەیاتییەکانی، ئەگەر پێویست بێ بە کەلکوەرگرتن لە هێز دەیکا هەلەکانی بۆ وتووێژ کە لوتکەیان چاوپێکەوتنی سەرۆک کۆمار و سەرۆک کیم یوونگ ئون لە سەنگاپوور لە ژوئەنی ڕابردوو بوو، ڕەخساند. ئەوە لەوێ بوو کە سەرۆک کیم بەڵێنی دا کە کۆرەی باکوور بەیەکجاری و بەشێوەیەک کە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ لە چەکی ئەتۆمی داماڵدرێ. کۆرەی باکوور لە ڕابردووشدا بەڵێنی ئەوتۆی داون، بەڵام بە پێچەوانەی جارەکانی پێشوو، ئەوە یەکەم جار بوو کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە ڕێبەرەوە بۆ ڕێبەر بەڵێنی داماڵینی چەکی ئەتۆمی درا. ئەوە لەوانەیە دەرخەری ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی ستراتیژیی سەرۆک کیم بێ یا لەوانەشە وا نەبێ و، ئێمە کاری زۆرمان لەپێشە بۆ مەزەندە کردنی مەبەستەکانی و دڵنیا بوون لە بەڕێوەبردنی

بەڵێنەکانی. بەڵام هەڵوێستی سەرۆک کۆمار ترامپ ئەو دەرفەتەی ڕەخساند کە بە شێوەیەکی ئاشتییانە پرسێکی حەیاتیی ئاسایشی نەتەوەیی چارەسەر بکرێ کە ماوەیەکی دوورودرێژ بڕیاردەرانی سیاسی نیگەران کردبوو. سەرۆک کۆمار، نوێنەری تایبەتی ئێمە بۆ کۆرەی باکوور (ستێفن بیگان) و من بە چاو ئاواڵەییەوە درێژە بە کارەکانمان دەدەین تا ئەو هەلە بقۆزینەوە.

لە پەیوەندیی لەگەڵ ئێران، بە هەمان شێوە، بەڕیوەبەرایەتیی ترامپ کەمپەینی "ئەوپەڕی زەخت" بەڕێوە دەبا کە مەبەستی وشک کردنی سەرچاوەی ئەو داهاتانەیە کە ڕێژیم و بە تایبەتی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، کە بەشێکە لە هێزی سەربازیی ئێران کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ڕێبەریی گەورە دایە، بۆ دابینکردنی دارایی توندوتیژییەکانی حیزبوڵڵای لوبنان، حەماس لە ناوچەکانی فەلەستین، ڕێژیمی ئەسەد لە سووریە، یاخیبوانی حوسی لە یەمەن، میلیشیا شیعەکان لە عێراق و بەکرێگیراوەکانی کە بە شێوەی نهێنی لە سەرانسەری دنیا خەریکی پیلان گێڕانن، کەلکی لێ وەردەگرن.

لەگەڵ ئەوەشدا، سەرۆک کۆمار ترامپ تێوەگلانێکی دیکەی درێژخایەنی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست یا هەر شوێنێکی دیکە ناوێ. ئەو بە ئاشکرا باسی ئاسەوارە ترسناکەکانی داگیرکاریی عێراق لە ٢٠٠٣ و دەستێوەردان لە لیبی لە ٢٠١١ی کردووە. هەندێک بەناو پسپۆڕ هەوڵ دەدەن ئەو ترسە بخەنە نێو دڵی خەڵکەوە کە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە خەریکە وڵاتە یەکگرتووەکان تووشی شەڕ دەکا، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە ئەمریکاییەکان سەرۆک کۆمارێکیان هەیە کە، لە کاتێکدا کە لەوە ناترسێ کە هێزی سەربازی بەکار بێنێ (لە داعش، تالیبان و ڕێژیمی ئەسەد بپرسن)، حەزیشی لە بەکارهێنانی نییە. هێزی سەربازیی زەبەلاح هەمیشە وەک پشتیوانێک بۆ داکۆکی لە خەڵکی ئەمریکا لەبەر دەستانە، بەڵام نابێ یەکەم بژاردە بێ.

لایەنێکی دیکەی دیپلۆماسی سەرۆک کۆمار ویستی ناوبراو بۆ وتوویژ لەگەڵ سەرسەختترین بەرهەڵستکارانی وڵاتە یەکگرتووەکانە. هەر وەک لە مانگی جولای گوتی، "دیپلۆماسی و وتوویژ لە دوژمنایەتی و ناکۆکی باشترە." بڕوانە هەڵوێستی بەرامبەر بە کۆرەی باکوور: دیپلۆماسی ئەو لەگەڵ سەرۆک کیم کێشەیەکی هێور کردەوە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قووڵتر دەبۆوە.

تەواوکەری ویستی سەرۆک کۆمار بۆ وتوویژ دژایەتی غەریزەیی ئەو بەرامبەر بە ڕێککەوتنی خراپە. تێگەیشتنی ئەو لە گرینگیی دەسەڵات لە گشت دانووستانێکدا ئەگەری واژۆ کردنی ڕێککەوتنی زۆر خراپ وەک بەرجام لەنێو دەبا. ئەو ئامادەیە کە لەگەڵ بەرهەڵستکارانی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێککەوتن بکا، بەڵام ئەو لە کشانەوە لەو دانووستانانە کە قازانجیان بۆ

## بەشی یەکەم

بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکـان نییە سڵ ناکـاتەوە. ئەوە بە تونـدی بە پـێچەوانەی هەڵوێستی بەڕێـوەبەرایەتیی ئۆباما لە پەیوەندیی لەگەڵ بەرجامە، کە لەوێ مامەڵەکە خۆی بوو بە ئامانج جا بە هەر نرخێک بێ.

لە کاتی بیرکردنەوە لە ڕێککەوتنی داهاتوو لەگەڵ کۆرەی باکوور کە گەلێک لە بەرجـام باشترە، ئێمە ئامانجەکانمـان بەو شێوەیە باس کردووە "بە شێوەی کۆتایی، داماڵینی چەکی ئەتۆمی لە نیمچە دوورگەی کۆرە بە شێوەیەک کە بکرێ بە تەواوی بسەلمێندرێ، کە سەرۆک کیم یوونگ ئون پەسندی کردووە". "بەشێوەی کۆتـایی" بەو مانـایەیە کە هیچ ڕێگـایەک بە کۆرەی بـاکوور نـادرێ کە هەرگیـز بەرنـامەی چەکی کۆمەڵکوژ و مووشەکی بـالیستیکی هەبێ، شتێک کە بەرجـام نەیتـوانی لەگەڵ ئێـران دەسـتەبەری بکـا. "بەتـەواوی سـەلمێندراو' بەو مانـایەیە کە سـتانداردی سـەلماندنی بەهێزتـرە لە هـی بەرجـام، کە لەگەڵ کەمایەسیی دیکە، داوای پشکنینی دامەزراوە سەرەکییە سەربازییەکانی ئێرانی نەکردووە. وردەکارییەکـانی نێـوەرۆکی ڕێککەوتنی کۆرەی باکوور جارێ ماویەتی کە دانووستانی لەسەر بکرێ، بەڵام "بەشێوەی کۆتـایی" و "بەتـەواوی سـەلمێندراو" ئەو خاڵانەن کە سازشیان لەسەر ناکرێ.

### هەڕەشەی ئێران

هۆگریی سەرۆک کۆمار ترامپ بۆ ئەمنییەتی خەڵکی ئەمریکا، لەگەڵ دژایەتیی نـاوبراو لەگەڵ بەکارهێنـانی هێـزی سـەربازی کە پێویست نەبێ و ویستی نـاوبراو بـۆ وتـووێژ لەگەڵ بەرهەڵسـتکاران، چوارچێـوەیەکی نـوێی بـۆ بەرەورووبـوونەوە لەگەڵ ڕێژیمە سەرەڕۆکان درووست کردووە و ئەوڕۆ هیچ ڕێژیمێک لە هی ئێران سەرەڕۆتر نییە. ئەوە لە ١٩٧٩ بەولاوە، کاتێک کە تـاقمێکی بچووک لە شۆڕشگێڕی ئیسلامی دەسەڵاتیان گرتە دەست، بە هەمـان شێوە بـووە. بیـری شۆڕشگێرانەی ڕێـژیم لەو کاتەوە هاندەری ئاکارەکانی بـووە، لە ڕاستیدا مـاوەیەکی کورت دوای دامەزرانـی، سپـای پاسدارانی کۆمـاری ئیسلامی هێـزی قودسـی دامەزرانـد، یەکەیەکـی تـایبەتی کە ئەرکـی هەنـاردە کردنـی شۆڕشـەکەی بـۆ دەرەوە لە ئەسـتۆیە. لەوکـاتەوە، کاربەدەستانی ڕێژیم هەموو ئەرکە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی، لە نێویاندا ئەرکەکانیان بەرامبەر بە خەڵکی ئێـران، خستۆتە ژێرەوەی ئەرکی هەناردە کردنی شۆڕش.

لە ئاکامدا، لە چوار دەیەی ڕابردوودا ڕێژیم بۆتە هۆی ڕێژەیەکی بەرچاو لە وێرانی و ناسەقامگیریی، ئاکاری خراپ کە بە بەرجام کۆتایی نەهات. ڕێککەوتنەکە بۆ هەمیشە پێشی بە ئێران نەگرت کە وەدوای چەکی ئەتـۆمی نەکەوێ، لەڕاستیدا، لێدوانی مانگی ئاپریلی بەرپرسی پایەبەرزی ئەتـۆمی کە ئەو وڵاتە دەتـوانێ بەرنـامە ئەتـۆمییەکەی لە چەنـد ڕۆژدا دەست پـێ بکـاتەوە ئەوە دەسـەلمێنێ کە ئەوان بەرنامەکەیـان هێنـدە وەدوا نەکەوتـووە. ڕێککەوتـنەکە جموجـۆڵە تونـدوتیژانە و

## بەشی یەکەم

ناسەقامگیرکەرەکانی ئێران لە ئەفغانستان، عێراق، لوبنان، سووریە، یەمەن و غەززەشی کەم نەکردووە. ئێران ئێستاش مووشەک دەدا بە حوسییەکان کە عەرەبستانی سعوودی دەکەنە ئامانج، پشتگیریی هێرشەکانی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل دەکا و لاوانی ئەفغانی، عێراقی و پاکستانی بۆ شەڕ و کوژران لە سووریە هەڵدەخەڵەتێنێ. لە سایەی سەری یارمەتییەکانی ئێران، داهاتی شەڕکەرێکی حیزبوڵڵای لوبنان دوو تا سێ هێندەی ئاگرکوژێنی تارانییە.

لە مانگی مای ٢٠١٨، سەرۆک کۆمار ترامپ لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی کشایەوە چونکە ڕێککەوتنەکە بە ئاشکرا داکۆکی لە ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکان یا هاوپەیمان و هاوبەشەکانمان نەدەکرد، ئەو بە هەمان شێوە ئێرانیشی ناچار نەدەکرد کە وەک وڵاتێکی ئاسایی ڕەفتار بکا. لە جولای، دیپلۆماتێکی ئێرانی کە لە ڤییەن کاری دەکرد بە هۆی دابینکردنی تەقەمەنی بۆ ئەو تێرۆریستانەی کە دەیانهەویست لە کۆبوونەوەیەکی سیاسی لە پاریس بۆمب دانێن، دەستبەسەر کرا.

ئەوە بەو مانایەیە کە لە کاتێکدا کە ڕێبەرانی ئێران هەوڵ دەدەن قەناعەت بە ئورووپا بێنن کە لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیدا بمێننەوە، ئەوان بەنهێنی پیلانی هێرشی تێرۆریستی لە نێوجەرگەی ئەو ویشکارۆیە دەدەن. لەسەر یەک، ئاکارەکانی ئێران ئەو وڵاتەی تەریک خستۆتەوە، کە بۆتە هۆی بێهیوایی خەڵکەکەی.

(لە ژمارەی ٧٤٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

**بابەتی ساڵی.................... ٢٠١٩**

## ئێران لە «ستراتیژیی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ»دا

**فارین پاڵیسی - مایک پۆمپیۆ**

چاوبرسییەتیی رێـژیم بـۆتە هـۆی کەلـێن لە نێـوان خەڵـک و رێبەرانیـان، کە کـاری کاربەدەسـتانی دژوار کـردووە کە بە شێوەیەکی باوەڕپێکراو لاوانی ئێران هان بدەن تا پێشڕەوی جیلی داهاتووی شۆڕش بن. ئایەتوڵڵاکـانی خوازیـاری حکومەتی ئـایینی دەتـوانن شـەو و رۆژ دروشـمی «مـردن بـۆ ئیسـرائیل» و «مـردن بـۆ ئامریکـا» بـدەن، بەڵام نـاتوانن دووڕوویـی قیزەوەنەکەیان بشارنەوە. محەممەد جەواد زەریف، وەزیری کاروباری دەرەوە، دەرچووی زانکۆکانی سان فرانسیسکۆ و دێنڤەرە و عەلی ئەکبەر ویلایەتی، ڕاوێژکاری پایەبەرزی رێبەری گەورە، لە زانکۆی جـان هـاپکینز خوێنـدوویەتی. خـامنەیی بۆخـۆی ئوتومبێلی بی ئێم دەبلیوی سوار دەبێ و داواش لە خەڵکی ئێران دەکا کە کەلوپەلی ئێرانی بکڕن. ئەو دیـاردەیە وەک هـی یەکیەتیـی سـۆڤیەت لە حەفتـا و هەشـتاکانی زایینـی دەچـێ، کاتێـک کە نێـوەرۆکی شۆڕشـی ١٩١٧ بە هـۆی دووڕوویـی رێبەرەکـانەوە دەرکەوت کە دروشـمی بـێ کـردەوەیە. دەفـتەری سیاسـی چیـدیکە نەیـدەتوانی بە شـێوەیەکی جیـددی بە شارۆمەندانی سۆڤییەت بڵێ کە بـاوەش بۆ کۆمۆنیزم بکەنەوە لە کاتێکدا کە کاربەدەستانی سۆڤییەت بۆخۆیـان شـاڵواری جین و قەوانی گرووپی موزیکی بیتڵیان بە قاچاخی دەفرۆشت.

رێبەرانـی ئێـران، بە تـایبەتی ئەوانەی لە بەڕێـوەبەریی سـپای پاسـدارانی کۆمـاری ئیسـلامیدان، وەک قـاسم سـولەیمانی، سەرۆکی هێـزی قـودس، دەبـێ نـاچـار بکرێن کە ئاسەواری بەڕانەکـانی تونـدوتیژیی و بەرتیلخۆرییـان هەست پـێ بکەن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە رێـژیم لە ژێـر کـۆنترۆڵی ویستی خۆ دەوڵەمەنـد کـردن و ئایـدیۆلۆژی شۆڕشگێرانە دایە کە ناتوانی بە ئاسانی خۆی لێ ڕزگار بکا، گەمارۆکان دەبێ سەخت بن بۆ ئەوەی کە عادەتە ڕیشە داکوتراوەکان بگۆڕدرێن.

بۆیە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ ئەو گەمارۆیانە دووبارە دەسەپێنێتەوە کە وەک بەشێک لە ڕێککەوتنی ئەتـۆمیی هەڵگیرابوون، یەکەم گەمارۆکان لە ٧ی مانگی ئاگۆست سەپێندرانەوە و پاشماوەکانیش لە ٥ی نـۆڤەمبەر. ئێمە بەتەمـاین کە هـاوردەکردنی

بەشی یەکەم

نەوتی ئێران لە دونیادا، ئەگەر بکرێ تا ئەی نۆڤەمبەر بگەیەنینە سفر. وەک بەشێک لە کەمپەینی تێکشکاندنی پشتیوانیی دارایی ڕێژیمی ئێران لە تێرۆریستان، ئێمە هەروەها کارمان لەگەڵ ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی کردووە تا ڕایەڵەی ئاڵوویری دراو کە میلیۆنان دۆلاری بۆ هێزی قودس دابین دەکرد لێک هەڵوەشێنین. وڵاتە یەکگرتووەکان داوا لە هەموو وڵاتێک کە لە چنگ ئاکارە تێکدەرەکانی کۆماری ئیسلامیی وەزاڵە هاتوون دەکا کە یارمەتیی خەڵکی ئێران بکەن و بێنە نێو کەمپەینی گوشار. هەوڵەکانی ئێمە لە لایەن نوێنەری لێهاتووی تایبەتی ئێمە بۆ ئێران، برایان هووک، بەڕێوە دەچن.

زەختی ئابووری بەشێک لە کەمپەینی وڵاتە یەکگرتووەکانە. چاوترسێنکردن بەشێکی دیکەیە. سەرۆککۆمار ترامپ بڕوای تەواوی بە هەنگاوی ئاشکرا بۆ سڵەمینەوەی ئێران لە دەستپێکردنەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی یا درێژەدان بە چالاکییە بەدخوازانەکانی هەیە. بەرامبەر بە ئێران و وڵاتانی دیکە، ئەو بەڕوونی ڕایگەیاندووە کە تەحەمولی ملهوڕی بەرامبەر بە وڵاتە یەکگرتووەکان ناکا، ئەگەر ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکان هەڕەشەی لێ بکرێ ئەو بە توندی وەڵام دەداتەوە. سەرۆک کیم زەختی ئەوی تاقی کردۆتەوە، و بەبێ ئەو زەختە ئەو هەرگیز نەدەهاتە سەر مێزی وتووێژ لە سەنگاپور. پەیوەندییە گشتییەکانی خودی سەرۆککۆمار (مەبەست لێدوانەکانی لە کانالی تویتەرە. و) وەک مێکانیزمی چاوترسێن کردنن. ئەو تویتەی کە لە مانگی جولای بە پیتی گەورە ئاراستەی سەرۆککۆماری ئێران، حەسەن ڕووحانی کرد، کە لەویدا ڕێنوێنی ئێرانییەکانی کرد کە دەست لە هەڕەشەکردن لە وڵاتە یەکگرەتووەکان هەڵگرن، بە گوێرەی ستراتێژییەکی حیساب بۆکراو بوو: ڕێژیمی ئێران لە توانایی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان دەگا و لێی دەترسێ. لە مانگی سێپتامبر، میلیشیاکانی عێراق هێرشێکی مەترسیداری مووشەکییان کردە سەر پێگەی باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتوەکان لە بەغدا و کۆنسولخانەی ئەو وڵاتە لە بەسرە. ئێران ئەو هێرشانەی نەوەستاند، کە لەلایەن بەکرێگیراوانییەوە کە بە پارە، ڕاهێنان و چەکوچۆڵ پشتیوانیان دەکا، بەڕێوە چوو. وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێژیمی تاران بەرپرسی هەر هێرشێک دەزانێ کە ببێتە هۆی بریندار بوونی کارمەندانمان یا زەرەر بە دامەزراوەکانمان بگەیەنێ. ئامریکا بۆ پارێزگاری لە گیانی ئامریکاییان خێرا و بڕیاردەرانە وەڵام دەداتەوە.

ئێمە خوازیاری شەڕ نین. بەڵام ئێمە بە ژان بۆ ئێرانی ڕوون دەکەینەوە کە ئاژاوە نانەوە بژاردەیەکی دۆڕاوە بۆ ئێران، کۆماری ئیسلامیی ناتوانێ لە بواری سەربازییەوە خۆ لە قەرەی وڵاتە یەکگرتووەکان بدا، و ئێمە لەوە ناترسین کە ڕێبەرانی ئێران ئەوەیان بۆ دەرکەوێ.

## ئێران لەقاو دراوە

بەشێکی هەستیاری دیکەی کەمپەینی زەختی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر ئێران ئەرکدارییمانە بۆ لەقاودانی دڕندەیی ڕژێم. ڕژێمە دیکتاتۆرییە یاخیبووەکان لە هیچ شتێک بەقەد ئاشکرابوونی ئاکارە ڕاستەقینەکانیان ناترسن. بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ درێژە بە لەقاودانی داهاتە نایاساییەکان، چالاکییە بەدخوازانەکان، هەڵسوکەوتە نایاساییەکان، و سەرکوتە دڕندانەکانی ڕژێم دەدا. خەڵکی ئێران شایانی ئەوەن کە ئاستی سەرسوڕهێنەری ئەو بەرژەوەندیخوازییەی کە هۆکاری ئاکارەکانی ڕژێمە بزانن. خامنەیی و هاوقوماشەکانی توانایی تەحەممولی تووڕەیی نێوخۆ و نێونەتەوەییان نییە کە ئەگەر هەموو ئەو شتەی کە بە نهێنی دەیکەن ئاشکرا بێ. لە سەرەتای ساڵی ڕابردوو، خۆپیشاندەران هاتنە سەر شەقام و هاواریان کرد، «لە سورییە گەڕێ، بیرێک لە ئێمە بکەرەوە» و «خەڵک سواڵ دەکا لە کاتێکدا کە مەلاکان بوونەتە خودا» وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ خەڵکی ئێرانە.

سەرۆککۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕۆناڵد ڕەیگان لە کاریگەریی لەقاودان گەیشتبوو کاتێک کە گوتی یەکیەتیی سۆڤیەت «ئیمپراتورییەکی شەیتانییە.» بە ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی ڕژێمەکە، ئەو داوای هاوسۆزیی بۆ ئەو خەڵکە کرد کە لە ژێر کۆمۆنیزمدا دەچەوسانەوە. بە هەمان شێوە بە خاتری خەڵکی ئێران بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لەوە نەترساوە کە سەرکوتە بێبەزەیییانە نێوخۆییەکەی ڕژێم لەقاو بدا. ڕژێم زۆر بە هەندێک پرەنسیپە ئایدیۆلۆژیکییەکان وەفادارە، لە ناویاندا هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامی لە ڕێگای شەڕە بە وەکالەتەکانی و وەرگێڕانی هاوڵاتیان لە وڵاتانی خاوەن زۆرینەی موسڵمان، بەربەرەکانی ئاشتینەخوازانە لەگەڵ ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان، و کۆنترۆڵی توندی کۆمەڵگا کە مافەکانی ژنان سنووردار دەکا، کە هیچ ڕوانگەیەکی جیا تەحەممول ناکا. بۆیە، دەیان ساڵە کە حاشا لە مافەکانی مرۆڤ، ڕێز، و ئازادییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی خۆی دەکا. بۆیە بۆ وێنە لە مانگی مای، پۆلیسی ئێران مائیدە هۆژەبری، ژیمناستێکی تازەلاوی لەبەر دانانی سەمای خۆی لە ئینستاگرامدا دەستبەسەر کرد.

بە تایبەتی ڕوانگەکانی ڕژێم لەسەر ژنان کۆنەپەرستانەیە. لە دوای شۆڕشەوە، ژنان ناچار کراون کە حیجابیان هەبێ، و بۆ سەپاندنی ئەوە، پۆلیسی بەربەرەکانی لەگەڵ مونکەرات لە شەقامەکان لە ژنانیان داوە و هەموو ئەو کەسانەیان دەستبەسەر کردووە کە گوێڕایەڵی ئەو یاسایە نەبوون. ناڕەزایەتییەکانی ئەو دواییانە دژی سیاسەتی جلوبەرگی مێینە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ئەو سیاسەتە شکستی هێناوە، و بێگومان خامەنەیی ئەوەی دەزانێ. لەگەڵ ئەوەشدا لە مانگی جولای چالاکێک حوکمی ٢٠ ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە چونکە حیجابەکەی لادابوو.

بەشی یەکەم

ڕێژیم بە هەمان شێوە بەردەوام کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان، لە ناویاندا بەهایی، کریستیان، و دەروێشی گونابادی دەستبەسەر دەکا، لە کاتێکدا کە ئەوان تەنیا داوای مافەکانیان دەکەن. ئێرانییەکی یەکجار زۆر لە بەندیخانەی ئێڤین، شوێنێکی خراپتر لە ژێرزەمینی لوبیانکا، بنکەی سەرەکیی مەترسیداری کاگێبێ، ئەشکەنجە کراون. ئەو زیندانییانە، لە ناویاندا چەند ئامریکایی بێتاوان کە بە تۆمەتی بێ بنەما گیراون، قوربانیی ڕێژیمێکن کە بارمتەگرتن وەک ئامرازێکی سیاسەتی دەرەوە بەکار دێنێ.

لە دێسەمبری ڕابردوودا، خۆپیشاندەران ڕژانە سەر شەقامەکانی تاران، کەرەج، ئەراک، و زۆر شاری دیکە و بە شێوەیەکی ئاشتییانە داوای ژیانێکی باشتریان کرد. لە جوابدا، ڕێژیم لە ساڵی نوێدا لە ژانوییە ٥٠٠٠ کەسی دەستبەسەر کرد. سەدان کەس ئێستاش لە زینداندا ماون، و زیاتر لە دەرزەنێک بە دەستی دەوڵەتی خۆیان کوژراون و ڕێبەرەکان بێدەربەستانە دەڵێن ئەوانە خۆیان کوشتووە.

ئەوە لەبەر تایبەتمەندیی وڵاتە یەکگرتووەکانە کە ئێمە ئەو پێشێلکارییانە لەقاو دەدەین. هەر وەک سەرۆککۆمار ڕەیگان لە وتارێکدا لە زانکۆی دەوڵەتیی موسکۆ لە ١٩٨٨ گوتی، «ئازادی ئەو ددان پێدانانەیە کە هیچ تاکێک، هیچ کاربەدەستێک یا دەوڵەتێک، بە تاقی تەنیا ڕاست ناکا، بەڵام ژیانی هەر تاکێک بێکۆتایی بەنرخە، کە هەرکام لە ئێمە لەبەر هۆیەک هاتووینە سەر ئەو دونیایە و شتێکمان هەیە کە پێشکەشی بکەین.» لە مانگی مای، بەڕیوەبەرایەتیی ترامپ ١٢ خاڵی دەستنیشان کردن کە ئێران دەبێ جێبەجێیان بکا ئەگەر خوازیاری ئاڵوگۆڕ لە پەیوەندییەکانمانە، لە ناویاندا وەستاندنی تەواوی پیتاندنی یۆرانیۆم، دانی زانیاریی تەواو لەبارەی لایەنە سەربازییەکانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی، کۆتاییهێنان بە بڵاو کردنەوە مووشەکی بالیستیک و تاقیکارییە ورووژێنەرەکانی مووشەک، ئازادکردنی شارۆمەندە گیراوەکانی وڵاتە یەکگرتووکان، کۆتاییهێنان بە پشتیوانیی لە تێرۆریزم و شتی زۆرتر.

سەرۆک کۆمار ترامپ بە ڕوونی گوتوویەتی کە ئەگەر ئێران ڕەچاوی ئەو ستانداردانە نەکا کە وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوبەش و هاوپەیمانەکانی و خەڵکی خودی ئێران چاوەڕوانن، گوشارەکان زیاتر دەبن. بۆیە واشینگتۆن داوای کردووە کە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ دەبێ بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر بکرێ. هەر وەک سەرۆککۆمار بەردەوام گوتوویەتی، ئەو ئامادەی گفتوگۆیە. بەڵام هەر وەک کۆرەی باکوور، وڵاتە یەکگرتووەکان تا ئێران سیاسەتەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو و بەردەوام نەگۆڕێ درێژە بە کەمپەینی زەخت دەدا. ئەگەر ئێران ئەو ئاڵوگۆڕانە جێبەجێ بکا، دەرەتانی دەستەبەرکردنی ڕێککەوتنێکی بەربڵاوی تازە بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێز دەبێ. ئێمە پێمان وایە کە مامەڵە لەگەڵ ڕێژیم مومکینە. ئەگەر مامەڵەیەک نەیەتە ئاراوە، ئێران تووشی تێچووی زیاتر بۆ سەرجەم چالاکییە بێبەزەییانە و تووندوتیژانەکەی لە چوار

دەوری دونیا دەبێ.

سەرۆککۆمار ترامپ پێی باشترە کە کەمپەینەکەی بەتەنیا بەڕیوە نەبا، ئەو دەیهەوێ هاوپەیمانانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوبەشەکانی لەگەڵ بن. بێگومان، وڵاتانی دیکە هەر ئێستا تێگەیشتنی هاوبەشیان لەبارەی هەڕەشەی ئێران لە ئەگەری گەیشتنی بە خولیا ئەتۆمییەکانی هەیە. سەرۆک کۆماری فەڕانسە، ئێمانوئێل ماکرۆن گوتوویەتی، «پێویستە بەرامبەر بە ئێران لەبەر چالاکییە ناوچەییەکانی و بەرنامە مووشەکییەکەی خاوەن هەڵوێست بین.» سەرۆک وەزیرانی بریتانیا، تێرێزا مەی گوتوویەتی کە ناوبراو «ئاگاداری هەڕەشەی ئێرانە دژی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی.» ئەو هاوڕاییە بەربڵاوەی کە لە بارەی هەڕەشەی ئێران هەیە هیچ ڕێگایەک بۆ ئەو وڵاتانە ناهێڵێتەوە کە لە بارەی پەیوەست بوون بە هەوڵی جیهانیی بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ئێران دوودڵ بن، هەوڵێک کە مەزنە و مەزنتریش دەبێ.

## هێزی ڕەوشت بەرزیی

سەرۆک کۆمار ترامپ دونیایەکی بە میرات وەرگرت کە لە زۆر بوار بە هەمان ترسناکیی ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان شەوی پێش دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانیی بەرەوڕووی بۆوە، یا ڕاست ئەوەی پێش شەڕی دووهەمی جیهانیی، یا سەردەمی ترۆپکی شەڕی سارد. بەڵام بوێرییە وەستێنەرەکەی، لەپێشدا لە بەرامبەر کۆرەی باکوور و ئێستا لە بەرامبەر ئێران، نیشانی داوە کە چۆن لێکگرێدانی بڕوای ئاشکرا لەگەڵ پێداگریی لەسەر بڵاونەکردنەوەی ئەتۆمیی و هاوپەیمانیی بەهێز چۆن دەبێتە هۆی بەرەوپێش چوون. هەڵوێستی سەرۆک کۆمار ترامپ بەرامبەر بە ڕێژیمە یاساشکێنەکان لەوەوە سەچاوە دەگرێ کە بەرەوڕووبونەوەی ئەخلاقیی دەبێتە هۆی سازشی سیاسی.

ئەوە نەخشەڕێگای یەکێک لە سەرکەوتنە مەزنەکانی سیاسەتی دەرەوە لە سەدەی ڕابردوودا بوو: سەرکەوتنی ئامریکا لە شەڕی سارددا. لە یەکەم حەوتووی سەرۆک کۆمارییەکەی، سەرۆککۆمار ڕەیگان ئاوا باسی یەکیەتیی سۆڤیەتی کرد: «تەنیا ئەخلاقێک کە ئیعترافی پێدەکەن ئەوەیە کە چ شتێک مەسەلەی ئەوان بەرەوپێش دەبا، بەو مانایە ئەوان ئەو مافە بە خۆیان دەدەن کە هەر شێوە تاوانکارییەک بکەن، درۆ بکەن، فێڵ بکەن.» لێکۆڵەوەرەکانی سیاسەتی دەرەوە گاڵتەیان بە وتەکانی کرد، پێیان وابوو ڕووڕاستییەکەی لەمپەرێک دەبن بەرەو ئاشتی. بەڵام سەرۆککۆمار بە هەمان شێوە پێداگریی کردبوو لەسەر وتووێژ لەگەڵ سۆڤیەتییەکان، فاکتەرێک کە بەشێوەیەکی بەرچاو پاشگوێ خرا. تێکەڵاویی ڕەوشت بەرزیی سەرۆک کۆمار ڕۆناڵد رەیگان لەگەڵ وردبینی سیاسی بناخەی وتووێژەکانی ١٩٨٦ لە رەیکیاویک دانا و دواتر، هەرەسهێنانی خودی سۆڤیەت.

بەشی یەکەم

ئەوانی کە ئێستاش کڕنوش بۆ هەمان بڕوا بە میراتماوە دەبەن کە ڕووڕاستیی لەمپەری وتووێژە دەبێ ئیعتراف بکەن کە ڕەوانبێژیی ئامانجدار و زەختی بە کردەوە لەسەر ڕێژیمە سەرەڕۆکان کاریگەریی هەبووە و هەیە. بەو خێراییەی کە ئابووری ئێران لە لاوازبووندایە و پەرە ئەستاندنی ناڕەزایەتییەکان، دەبێ بۆ ڕێبەریی ئێران ڕوون بێ کە وتووێژ باشترین ڕێگای بەرەوپێش چوونە.

(لە ژمارەی ٧٤١ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانیۆیری ٢٠١٩

# ڕێبەری داهاتووی ئێران مردووە

**فارین پاڵیسی - کێڤین لیم**

ئێوارەی پێش ڕۆژی کریسمەس (ئەگەرچی لە ئێران گرینگ نییە)، ئایەتوڵڵا مەحمود شاهرودی، یەکێک لە دەسەڵاتدارە ڕاستەقینەکان کە کەمتر باسی لێوە کراوە، دوای ساڵێک بەربەرەکانیی سەخت لەگەڵ نەخۆشیی شێرپەنجە مرد. سەرەڕای نەناسیاویی لە دەرەوەی ئێران لە بەراورد لەگەڵ هاوکارە ئایینییە زۆرتر ڕووڕاست و جێی مشتومڕەکانی، شاهرودی لە خاوەن نفوزترینەکان بوو کە دەسەڵاتی بێسنووری بە سەر ترۆپکی دەسەڵاتەوە هەبوو و بە شێوەیەکی نائاسایی پەیوەندیی لەگەڵ گشت لایەنەکان هەبوو. لەوەش گرینگتر ئەو کەسێک بوو کە وەک جێگرەوەی ڕێبەری گەورە ئایەتوڵڵا خامەنەیی باسی لێوە دەکرا. مردنی ناوبراو نەک هەر سیاسەتی دیاریکردنی جێنشین دەگۆڕێ بەڵکوو بە تەواوی جەمسەربەندیی لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی ناسەقامگیرتربوونی ئێران.

شاهروودی ساڵی ١٩٤٨ لە عێراق لە دایک و باوکێکی ئێرانی لە دایک بوو، گەڕاوەیەک (بە فارسی دەڵێن معاود) شتێکی نائاسایی لەنێو ئێلیتی سیاسیی ئێران نییە، لە ناسیاوترینیان برایانی لاریجانین، کە ئێستا سەرۆکایەتیی دەزگای یاسادانان و دەزگای دادوەریی ئێرانیان بەدەستەوە. ئەو لە مەکتەبی ناودارانی ئایینی لە شارەکەی نەجەف دەرسی خوێند، لە ناویاندا ڕێبەری ئایینیی حیزبی دەعوەی عێراق، ئایەتوڵڵا موحەممەد باقر ئەلسەدر، و بە ڕێژەیەکی کەمتر، ڕێبەری گەورەی داهاتووی ئێران ڕووحوڵڵا خومەینی. لە ساڵی ١٩٧٤ ڕێژیمی بەعسی عێراق شاهرودی و هەندێک خەڵکی دیکەی لە چوارچێوەی هەڵمەتێکی بەرین دژی مەلاکانی شیعە دەستبەسەر کرد و ئەشکەنجەی دا. دوای داگیرکردنی ئێران لەلایەن سەددام حوسێن، شاهرودی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عێراقی گرتە دەست، بەڵام کاتێک کە خامنەیی بوو بە ڕێبەری گەورە لە ١٩٨٩، بڕیاری دا کە دوای شانسی سیاسی لە ئێران بکەوێ و ئاسەوارە عێراقییەکانی بشارێتەوە.

وەک کەسێکی پایەبەرز لە حەوزە زێڕینەکانی علمییەی قوم، شاهرودی خاوەنی بڕوانامەی ئایینیی بێوێنە بوو، کە هاتنی ناوبراوی بۆ نێو دامەزراوە سیاسییەکانی ئێرانی ئاسانتر کرد. جگە لە ساڵەکانی ١٩٩٥ تا ٢٠٠٩ کە سەرۆکی دەزگای دادوەریی ئێران بوو، شاهرودی لە ١٩٩٥ تا کاتی مردنی ئەندامی شورای نیگابان، ئەنجومەنی بەهێزی چاودێریی کە بەرپرسی دڵنیا بوون لە هاوئاهەنگبوونی یاساکانی پەسەند کراو لە مەجلیس و کاندیدەکانی هەڵبژێران وەک نوێنەری مەجلیس لەگەڵ ئیسلامە بوو. ئەو بەهەمان شێوە ئەندامی ئەنجومەنی خیبرەگانی ڕێبەری، ئەنجومەنێکی پێکهاتوو لە



سەرچاوە
Serchawe

مەلایان کە جێگرەوەی ڕێبەریی گەورە دیاری دەکا، و ئەندامی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندیی نیزام، شورای نێوبژیوانیی و چارەسەریی ناکۆکیی لە نێوان هێزەکانی نیزام کە دوای شەڕی ئێران و عێراق دامەزرا، کە ئەرکی بڕیاردان لەکاتی ناکۆکی لە نێوان پارلمان و ئەنجومەنی چاودێریی لە ئەستۆیە بوو. دوای مردنی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی، سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە لە ٢٠١٧، سەرۆک کۆماری پێشوو کە زۆر خاوەن نفوز بوو، خامنەیی شاهرودیی وەک جێگرەوەی خۆی دیاری کردبوو. بۆیە شاهرودی بەڕاستی کەسێک بوو کە خامنەیی دەیتوانی متمانەی پێبکا، کەسێک کە ڕێبەریی گەورە بەو شێوەیە پێی هەڵداگوت «یەکێک لە کارگێڕە بەوەفاکان لە گرینگترین دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامیدا.»

زۆربەی ئێرانییەکان شاهرودییان وەک سەرۆکی بەدناوی دەزگای دادوەریی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٩ تا ٢٠٠٩ لەبیرە، سەردەمێک کە دەورەی موحەممەد خاتەمی و مەحموود ئەحمەدینەژادی دەگرتە خۆ کە دوو دەوڵەتی بە تەواوی لێکجیاواز بوون. لەو ماوەیەدا، شاهرودی سەرۆکایەتیی هەڵمەتی قەلاچۆکردنی نوێنەرە ڕیفۆرمخوازەکانی پارلمان، ڕۆژنامەکان، خویندکار و ڕۆشنبیران، چالاکانی مافی مرۆڤی کرد و لە کۆتایی سەرۆکایەتییەکەی، سەرکوتی جووڵانەوەی ڕیفۆرمخوازی سەوزی کرد کە دژی ساختەکاریی لە هەڵبژاردنێکدا بوو کە ئەحمەدینژادی بۆ جاری دووهەم کردە سەرۆک کۆمار.

شاهرودی لە ماوەی سەرۆکایەتیی دەزگای دادوەریی، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سەرپەرشتیاری بەڕیوەبردنی ٢٠٠٠ حوکمی لە سێدارەدان بووە، لە ناویاندا کەسی ژێر ١٨ ساڵ. لە کاتی سەردانی شاهرودی بۆ هانۆڤەری ئاڵمان بە مەبەستی چارەسەریی پزیشکی، لە ژانوییەی ٢٠١٨، خۆپیشاندان دەستیان پێکرد، و کاربەدەستانی ئاڵمانی بیریان لە دادگاییکردنی کردەوە بەڵام لە کۆتاییدا دەستیان لە بیرۆکەکە هەڵگرت. بەربژێری ناوبراو وەک دادئەستێنی گشتیی تاران، سەعید مورتەزەوی، لە لایەن زۆر کەسەوە وەک بەرپرسی لاقەکردن و کوشتنی فوتۆ - ڕۆژنامەنووسی ئێرانی - کانادایی زەهرا کازمی دەناسرێ.

لە لایەکی دیکەوە شاهرودی شانازی جێبەجێکردنی هەندێک ڕیفۆرمیشی پێ برابوو، لە ناویاندا دووبارە چەسپاندنەوەی جیاکردنەوەی دادئەستێن و دادوەر کە سەرۆکی پێشوو موحەممەد یەزدی هەڵی وەشاندبوو، وەلانانی بەردباران وەک حوکمی ئیعدام و پێشکەش کردنی پێشنیاری یاسایەک بۆ پارێزگاریی یاسایی زۆرتر بۆ زیندانیانی ژێر ١٨ ساڵ. لە بەرەبەری مردنیدا ڕۆژنامەی ڕیفۆرمخوازی شەهروەند وەک «گەورە دادوەری ڕچەشکێن» (قاضی‌القضات سنت شکن)، و میدیای فەرمیی دەوڵەت لەناویاندا هەواڵنێریی کۆماری ئیسلامیی «ئێران» ئەوی بە «پێشکەوتووخواز» ناو برد.

شاهرودی، وەک خومەینی و خامنەیی مەندیلی ڕەشی لەسەر بوو کە نیشان دەدا بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ محەممەدی پێغەمبەر، ئەو تەنیا خاوەنی بەڵگەنامەی ئایینی بۆ بوون بە ڕێبەری مەزن نەبوو، تایبەتمەندییەک کە پلەیەکی بەرزی

لە کەشوهەوای سیاسی تاران و قوم پێدەبەخشی، ئەگەرچی لە نەجەف ئەوتۆ نەبوو. جگە لەوە، تایبەتمەندیی بێوێنەوی ئەو کە پۆتانسیەلی بوونە ڕێبەریی پێدەبەخشی چەقی سەرنجکێش بوون لەنێو گشت لایەنەکانی خاوەن پێگەی دەسەڵات لە ئێران بوو کە وەک نوێنگەی بەردەوامیی سەیر دەکرا، دوو تایبەتمەندیی گەلێک هەستیار بۆ سەقامگیریی سیاسی داهاتووی ئێران. بە پێچەوانەی خامنەیی و زۆر لە توندئاژۆکان، شاهرودی پەیوەندیی کەمتاکورتێک باشی لەگەڵ هەرچوار فراکسیۆن، کە هەنووکە لە ئێران بوونیان هەیە، هەبوو: کۆنەپارێزەکان، کۆنەپارێزەنوێیەکان، میانڕەوە کۆنەپارێزەکان و ڕێفۆرمخوازەکان. ئەوە لە ٢٠١١ کاتێک کە شاهرودی وەک سەرۆکی کۆڕی تازە دامەزراو بە ناوی سەیروسەمەرەی «کۆڕی باڵای چارەسەری ناکۆکی و ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان سێ هێز» لە ٢٠١١ دەردەکەوێ، کە جوابێک بوو بۆ ناکۆکی لە نێوان سەرۆککۆمار ئەحمەدینەژاد و پارلمانێکی تووڕە. لە کاتێکدا کە کۆنەپارێزێکی تەواو بوو، لە لایەن ڕکەبەری کۆنەپارێزەکانیشەوە بە نابەدڵی ڕێزی لێ دەگیرا.

بە هەمان شێوە، وەفاداریی ناوبراو بۆ خامنەیی و دەفتەری ڕێبەری گەورە، کە بە وەلی فەقێ ناسراوە، دەیتوانی بەردەوامیی دامودەزگاکە بەهۆی پەیوەندیی هاوسەنگ لەگەڵ ناوەندەکانی دیکەی دەسەڵات، بە تایبەتی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی مسۆگەر بکا. بە پێچەوانەی خامنەیی، ئەو پێویستی بەوە نەبوو کە بۆ بەهێزکردنی بناغەکانی دەسەڵاتی لە سوپای پاسداران بپارێتەوە.

شاهرودی تەنیا مەلای شیعە لە تاقمی ئاماژەپێکراو بوو کە ئەگەری بوون بە جێگرەوەی هەبوو، تەنانەت بەگوێرەی هەندێک دەنگۆ ئەو بەتەمای بوون بە ڕێبەری شیعەکانی عێراق بوو. لە ٢٠١٢ دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە کە شاهرودی سەرقاڵی دروستکردنی ڕایەڵەیەکی داکۆکیکار لە جیرانی ڕۆژئاوا و بە تایبەت شاری نەجەف، بە پشتیوانیی باجی ئایینی (خومس و.) و یارمەتیی دارایی دەوڵەتی ئێران بووە. کاتێک کە شتەکان ڕوون بوونەوە، دەرکەوت کە ناوبراو بەتەما بوو پێگەی ئایەتوڵڵای مەزن عەلی سیستانی لاواز بکا یا جێگای بگرێتەوە، کە دەسەڵاتی یەکەمی ئایینی عێراق و شیعەی دوازدە ئیمامی بەدەستە. ئێران بیانوویەکی باشیشی بۆ ئەو کارە هەبوو: سیستانی کە لە ئێران لەدایک بووە، بە پێچەوانەی شاهرودی، بە بێدەنگی دژی سیستەمی سیاسی ئێرانە کە لەسەر دەسەڵاتی ڕێبەری گەورە، ویلایەتی فەقێ، دامەزراوە.

ئەگەر شاهرودی بە هۆی بنەچەکەی عێراقی و فارسی ئاخاوتنەکەی بە زاراوەی عەرەبیی وەک کەسێکی دەرەکیی سەیر دەکرا، کە نە بەتەواوی ئێرانی بوو و نە عێراقییەکی تۆخ، پێشینەی ناوبراو لانیکەم لەلایەن شیعەی دوازدە ئیمامیی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، و بە تایبەتی لە عێراق، شوێنێک کە پێشوازییەکی لاواز لە ویلایەتی فەقێ کرا، سەرنجی

خەڵکی ڕادەکێشا. دوای تێکڕووخانی دەسەڵاتی سەددام لە ٢٠٠٣، دەوڵەتی عێراق کە لەژێر کۆنترۆڵی زۆرینەی شیعە دایە لە ئێران نزیک بۆتەوە، بەڵام هێشتا سەربەخۆیی سیاسیی خۆی پاراستووە کە هەندێک جار دەبێتە هۆی تووڕەیی تاران.

سەقامگیریی نێوخۆیی ئێران و بەردەوامیی ڕێژیم، کە بە شێوەیەکی پەرەئەستێن بە هۆی نارەزایەتییە لەناکاوەکان لە سەرانسەری وڵات لە ساڵی ڕابردوودا تووشی ئالنگاری بووە، بەستراوەتەوە بە ئەوەی کە چینی سیاسی بە شێوەی هاوبەش ڕێبەرێکی مەزن قبووڵ بکەن کە توانایی پێکهێنانی هاوڕایی و هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندییە پێشبڕکێکارەکاندا هەبێ. توانایی بێوێنەی شاهرودی لە قبووڵکرانی لە لایەن بەرە جیاوازەکانی خاوەن پێگەی سیاسی و ئایینی لە ئێران هۆیەک بوو کە پەیتا پەیتا وەک جێگرەوەی خامەنەی باسی لێوە دەکرا. ئەو هەروەها لە ڕوانگەی ئایینی و بەڕێوەبەرییدا لێهاتوویی هەبوو و لەناو تاقمێکی کەمی مەلای نە زۆر پیر وەک کەسێکی جێگای متمانەی سیاسی لە لایەن تاقمی خاوەن دەسەڵاتی ئێران سەیر دەکرا.

بەڵام کۆنترۆڵی درێژمەودای کۆنەپارێزان بە سەر دەسەڵاتی سەربازیی، دادوەریی، ڕاگەیاندنەکان و مەلاکانەوە ئێستا هیچ دەرفەتێک بە ڕیفۆرمخوازەکان و میانڕەوەکانی ئێران، لەناویاندا سەرۆک کۆماری هەنووکەیی حەسەن ڕوحانی نادا کە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی دیاریکردنی جێگرەوەی (ڕیبەر) هەبێ. لەبەر ئەو هۆیە مردنی شاهرودی ڕێخۆشکەری کاندیدای توندئاژۆکان دەبێ، بە تایبەتی لەنێو شورای نیگابان، کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزام، مەجلیسی خوبرەگان و بەرپرسە پایەبەرزەکانی بەشی دادوەریی. بە وەلانانی سەرۆکی ٩١ ساڵە و هەرە توندئاژۆی شورای نیگابان و مەجلیسی خوبرەگان، ئەحمەد جەننەتی، دوو کاندیدای دیکە دەمێننەوە: سەرۆکی پێشووی هێزی دادوەریی کە لەو دواییانەدا وەک سەرۆکی مەجلیسی خوبرەگان دیاری کرا، سادق لاریجانی، و ئیبراهیم ڕەئیسی، چاودێری دامەزراوەی خاوەن دەسەڵاتی ئاستانی قودسی ڕەزەوی لە مەشهەد، کە لە ٢٠١٧ لە کێبڕکێی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارییدا بەشدار بوو، دەنگۆی ئەوەش هەیە کە ناوبراو ببێتە سەرۆکی نوێی دەزگای دادوەری. لە بەراورد لەگەڵ شاهرودی، هەردوو مەلا تەحەممولی زۆر کەمتریان بەرامبەر بە نەیارە میانڕەو و ڕیفۆرمخوازەکانیاندا هەیە، کە ئەوانیش وێناچێ ئەو دووانە وەک جێگرەوەی خامەنەیی قبووڵ بکەن.

بە نەمانی خێرای یەکەم جیلی مەلای شۆڕشگێڕی ئێران، مردنی تا ڕادەیەک زووی شاهرودی کە تەنیا ٧٠ ساڵی تەمەن بوو، جیددیترین و لێهاتووترین کاندیدی جێگرەوە کە لە داڵانەکانی دەسەڵاتی تاراندا باسی لێوە دەکرا، لەنێو چوو. ئەگەرچی لەوانە بوو سیاسەتێکی دەرەوەی ئاشتیخوازانەی برەو پێ نەدابا، بەڵام کۆچکردوو ئایەتوڵڵا هاشمی شاهرودی لەوانەیە نوێنەرایەتیی سیاسەتی کەمترین لێکدابڕان و باشترین بژاردە بۆ سەقامگیریی نێوخۆ وەک پایەبەرزترین دەسەڵاتداری

بەشی یەکەم

ئێران با. کێشەی نێوان تاقمە دەسەڵاتدارەکانی ئێران لەوانەیە شتێکی ئاسایی بێ و پێویست ناکا نیشانەی لاوازیی ڕێژیم بێ، بەڵام ئەوە ڕێبەرێکی مەزن دەخوازێ کە بە شێوەی گشتیی لەلایەن هەمووانەوە قبووڵکراو بێ تا بتوانێ بڕیاری کۆتایی لە نێوان لایەنە ناکۆکەکاندا بدا.

لە وڵاتێکدا کە داهاتووەکەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لێڵتر دەنوێنێ، ڕێژیمی دەسەڵاتدار، کە پێ دەنێتە تەمەنی ۴۰ ساڵەی، زیاتر لە هەموو کات پێویستی بە کەسێکی ئەوتۆ هەیە.

(لە ژمارەی ٧٤٢ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێگاچارەی لاوازی یەکیەتیی ئورووپا بۆ گەمارۆکانی ئامریکا دژی ئێران

**فارین پاڵیسی - کیت جانسۆن**

دوای چەند مانگ بێنەوبەرە، یەکیەتیی ئورووپا ڕۆژی پێنجشەممە ئاخیرەکەی بەرنامەیەکی بۆ خۆبواردنی ڕێژەیی لە گەمارۆ نوێیەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دژی ئێران ڕاگەیاند، کە هەوڵێکە بۆ بێدەنگکردنی زەنگی نەمانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی. بەڵام دەستپێشخەرییەکە، کە گرینگییەکی مامناوەندیی ئابووریی هەیە ئەگەرچی لە ڕوانگەی سەمبولیزمی سیاسییەوە بە نرخە، وێناچێ وەڵامی چاوەڕوانییە ئابوورییەکانی تاران بۆ مانەوە لە بەرجامدا بداتەوە.

بە ڕێبەرایەتیی ئاڵمان، فەڕانسە و بریتانیا، سێ وڵاتی ئورووپایی کە زۆر لە دارشتنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ٢٠١٥ دا بەشدار بوون، ئورووپا بە فەرمی دەستبەکاربوونی ئینستێکس (ئامرازی پشتیوانی لە ئاڵوێری بازرگانی)، ڕێکارێکی ئابووریی تایبەتیی بۆ ڕێگەپێدان بە ئێران بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ کۆمپانیا ئورووپاییەکان سەرەڕای یاساغکردنی واشینگتۆن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو وڵاتە، ڕاگەیاند. بە گوتەی دیپلۆماتێک، ئەو ڕێکخراوە نوێیە، کە بنکە سەرەکییەکەی لە فەڕانسە دەبێ، و ئاڵمانییەک سەرۆکایەتیی دەکا، و لەلایەن بریتانیاوە چاودێریی دەکرێ، تەنیا ڕێگا بۆ بازرگانیکردن بە شتی مرۆڤییانە وەک خواردەمەنی، دەرمان، و ئامێرێ پزیشکی خۆش دەکا.

ئامانجی کۆتایی ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوە نوێیە ببێتە هۆی بەشداربوونی ئەندامانی دیکەی یەکیەتیی ئورووپا و بتوانێ وردە وردە بازرگانیی کاڵاکانی دیکەش بگرێتە خۆ، وەک وزە و کاڵای پیشەسازی. بەڵام ئەوە بەستراوەتەوە بە ویستی کۆمپانیا ئورووپاییەکان، بە تایبەتی کۆمپانیا مەزنەکان، کە ڕیسکی گەمارۆی وڵاتە یەکگرتووەکان لەبەر بازرگانیکردن لەگەڵ تاران قبووڵ بکەن.

نێوەڕۆکی تەنکی ئینستێکس، بەو شێوەی کە ئاشکرا بووە، تەواو بە پێچەوانەی خولیای ئورووپا بۆ ئەو دامەزراوەیە. ئەو بەناو ئامرازی پشتیوانی لە ئاڵوێری بازرگانییە قەرار بوو دوای چوونەدەێی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی لە ساڵی ڕابردوو پشتگیری لەو ڕێککەوتنە بە هۆی ڕێگەدان بە ئێران و بۆ گۆڕینەوەی نەوت بە کاڵای پیشەسازیی ئورووپا بکا، بێ ئەوەی کە کەڵک لە دۆلار یا سیستەمی دارایی ئامریکا وەرگرێ. بەڵام خەونی بەرزەفڕانەی بەگژداچوونەوەی باڵادەستیی دارایی وڵاتە یەکگرتووەکان بەهۆی کۆمپانیا مەزنەکانەوە بنکۆڵ کرا، لەبەر ئەوەی کە لەوە دەترسان کە لەگەڵ

وەزارەتی دارایی وڵاتە یەکگرتووەکان تووشی کێشە بن. گەورە کۆمپانیاکانی ئورووپایی کە لەمێژساڵ بوو بە تەمای دەستڕاگەیشتن بە (گەڕانەوە بۆ) بازاڕی ئێران بوون حەزێکی کەمیان بۆ بوونە بەربەست لە بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ نیشان داوە،

بۆ وێنە، هەر هەموویان بازاڕی ئێرانیان جێ هێشتووە.

جەیک ڕەینۆلدز، پسپۆڕێکی خۆرهەڵاتی ناڤین لە کۆمپانیای گلۆبال ریسک کۆنساڵتەنسی لە لەندەن، دەڵێ: "نیشانەیەکی زۆر کەم دیارە کە کۆمپانیا مەزنەکانی ئوروپا، بە تایبەتی ئەوانی کە مامەڵەی بەربڵاویان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان هەیە، لە وەبەرهێنان لە ئێران لە ڕێگای ئەو دامەزراوە نوێیە دڵنیا بن. چونکە بۆ زۆر کۆمپانیا، دەست ڕاگەیشتن بە مشتەری ئامریکایی گەلێک لە دەرفەتەکانی بازاڕی ئێران گرینگترە."

و ئەو دەستپێشخەرییە نوێیە کاتێک دێتە ئاراوە کە هەڵوێستی ئورووپا بەرامبەر بە ئێران خراپتر بووە، دوای تاقیکاریی مووشەکیی درێژمەودا لەو دواییانەدا کە داڕێژەرانی سیاسیی وریا کردەوە و زنجیرەیەک مرۆڤکوژیی لە سەر خاکی ئورووپا پەیوەندییەکانی نێوان زۆر وڵاتی ئورووپا و تارانی لاواز کردووە. ڕێگای پڕ ژان بەرەو ئینستێکس دەرخەری خولیای ئورووپا بۆ پاشەکشە کردن بە ئاکارە بێزارکەرەکانی تارانە لە کاتێکدا کە بەرەورووی کشانەوەی یەکلایەنەی سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان دۆنالد ترامپ لە ڕێککەوتنەکە، کە ئێران بە تەواوی ڕەچاوی کردووە، دەوێستێتەوە.

ڕەینۆلدز دەڵێ؛ "سەرەڕای گرژییەکانی ئەو دواییانەی پەیوەندیی ئوروپا - ئێران، ڕێبەرە ئورووپاییەکان بە پاراستنی ڕێککەتنەکە وەک کۆڵەکەی سیاسەتی ئەوان لە خۆرهەڵاتی ناڤین وەفادارن."

کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان وێدەچێ گرینگییەکی کەم بە ڕێکارە نوێکەی ئورووپا بدەن. وتەبێژێکی کۆشکی سپی گوتی؛ "وڵاتە یەکگرتووەکان لە کاریگەریی (ئامرازی تایبەتی) بە گومانە و بەتەمایە بە هەموو هێزەوە گەمارۆکانی بەسەر ڕێژیمی ئێراندا بسەپێنێ." وتەبێژی باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئاڵمان هۆشداریی دا بە کۆمپانیاکان کە "چالاکی لەو بەشانەی کە گەمارۆیان لەسەرە، مەترسی کاردانەوەی جیددیان هەیە"

بەڵام گوتی؛ کە ڕێکخراوە تازەکە بە هیچ شێوەیەک کاریگەریی لەسەر کەمپەینی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ دانانی ئەوپەڕی زەختی ئابووری لەسەر ئێران نابێ.



سەرچاوە
Serchawe

هۆیەکەی ئەوەیە کە ڕێکارە نوێیەکە سودی کەم، هەرچەند جێی دڵخۆشیی بۆ سەر ئابووری و خەڵکی ئێران دەبێ چونکە لە دەستپێکدا تەنیا خواردەمەنی و دەرمان دەگرێتەوە. ئەو کاڵایانە تەنانەت لە ماوەی گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتوەکانیشدا ڕێگە پێدراون، بەڵام بەشێکی زۆر لە بانکەکان هێندە لە لەژێرپێنانی مەرجەکانی وەزارەتی دارایی ئامریکا دەترسن کە تەنانەت لە بازرگانیکردنی ڕێگەپێدراویش سڵ دەکەنەوە.

**برایان ئۆتوول، کاربەدەستێکی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پرسی گەمارۆکان لە وەزارەتی دارایی ئامریکا کە ئێستا لە ئاتلانتیک کاونسڵ کار دەکا دەڵێ؛** "ئەوە بۆ" پووچەڵکردنەوەی "گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکان یا شتێکی ئەوتۆ نییە، چونکە گشت ئەو بازرگانییە ڕێگە پێدراوە."

بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئێران پێویستی بەو ڕێکارەیە چونکە بانکەکان، دوای کشانەوەی ترامپ لە ڕێککەوتنی ئێران لە مانگی مای، بۆخۆیان ڕێخۆشکەری ئەو ئاڵوێرە نابن و هەناردەکردنی خواردەمەنی و دەرمان بۆ ئێران وێستاوە. ئۆتوول ئەو ڕێکارەی ئورووپا لەگەڵ ئەو ئاسانکارییانە بەراورد دەکا کە لە ڕێککەوتنی پێشوودا لەگەڵ ئێران ڕەچاو کرابوون کە تەنانەت لەکاتی زەختی چڕ بۆ سەر باقی ئابووری ئێران ڕێگا بە بازرگانیی بەرهەمی مرۆڤییانە درابوو.

ئاخۆ ئەو سوودە سنووردارانەی ئینستێکس بۆ ڕازیکردنی ئێران بەسن یا نا شتێکی دیکەیە. چەند مانگە کاربەدەستە پایەبەرزەکانی تاران زەختیان خستۆتە سەر ئورووپا بۆ دیتنەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ نەجاتدانی پەیوەندییە ئابوورییەکان و پارمەتیدان بەو قازانجە ئابوورییانە کە لە ڕێککەوتنی ٢٠١٥ بەڵێنیان درابوو. بە تایبەتی سەرۆککۆماری ئێران حەسەن ڕووحانی لە نێوخۆ زەختی لەسەرە کە دەستکەوتێکی ڕێککەوتنەکە، کە توونددئاژۆکان دژایەتی دەکەن، نیشان بدا.

**سەرۆکی ناوەندی وزەی ئەتۆمیی ئێران ئەو حەوتوویە داوای لە ئورووپا کرد کە ڕێکارە ئابوورییە نوێیەکە** "پێش ئەوەی کە زۆر درنگ بێ" وەگەڕ بخا، و هەڕەشەی کرد کە ئەگەر هیچ دەستکەوتێکی ئابووری نەبێ، ئێران هۆیەکی کەمی بۆ درێژەدان بە ڕەچاوکردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمیی هەیە. جێگری وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران ڕۆژی پێنج شەممە ئینستێکسی وەک "یەکەم هەنگاو" ناو برد.

**گیروگرفتێکی مەزنی چاوەڕوانیی جیاواز. ڕەینۆلدز گوتی؛** ئێران هیوادار بوو کە واژۆ کردنی ڕێککەوتنەکە دەبێتە هۆی سەرەڕێژەی وەبەرهێنانی ئورووپایی لە کەرتی وزە، فڕۆکەوانیی و پیشەسازیدا، لە کاتێکدا کە ڕێبەرانی ئورووپا دەزانن کە کۆمپانیا مەزنەکانیان لەوە دەترسن کە ئەگەر بچنە ئێران مەترسی گەمارۆی وڵاتە یەکگرتووەکان هەڕەشەیان لێدەکا.

بەشی یەکەم

لە کۆبوونەوەیەکی وەزیرانی کاروباری دەرەوە لە ڕۆژی پێنج شەممە لە ڕۆمانیا، وەزیری کاروباری دەرەوەی بەلژیک، دیدیەر ڕیندێرس گوتی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەر کام لە کۆمپانیاکان کە بڕیار بدەن ئاخۆ لە ئێران وەبەرهێنان دەکەن یا نا.

**ئۆتووڵ گوتی؛** بۆ داهاتووی نزیک، ڕێکاری ئابووری نوێی ئوروپا بۆ دڵنیابوون لە ڕەچاوکردنی مەرجەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمیی سەردەمی ئۆباما، بۆ سنووردار کردنی توانایی تاران بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم و پێشگرتن بە بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی، بەسە.

**ئەو گوتی؛** "بەڵام ئەوە ڕێگا چارەی درێژخایەن نییە."

(لە ژمارەی ٧٤٣ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٩

## کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ نیگەرانی کۆنفرانسی وارشۆ بێ

ژانشیف عەبدو - نەشناڵ ئینتێرێست

ڕێژیمی ئێران دەبێ نیگەرانی کۆنفرانسی وارشۆ لە بارەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بێ کە بە سەرۆکایەتیی ولاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژانی ١٣ و ١٤ی فێورییەدا بەڕێوە چوو. لە کاتێکدا کە چەند ڕۆژ پێش ئێستا وێدەچوو کە دەوڵەتانی ئورووپا، بە هەر نرخێک بێ، ئامریکا لەو کۆبوونەوەدا شەرمەزار بکەن، ئێستا ڕێئال پۆلیتیک و هەڵەکانی خودی تاران ئاراستە سیاسییەکان دەگۆڕن.

ئەو ڕاستییە کە لەهستان میواندارێی ئەو کۆنفرانسە دەکا، لە کاتێکی هەستیاردا کە یەکیەتیی ئورووپا هەوڵ دەدا ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ٢٠١٥ ناسراو بە بەرجام، کە ئامریکا لە ٢٠١٨ جێی هێشت، نەجات بدا کەلێنی نێوان دەوڵەتانی ئورووپا نیشان دەدا. بۆ وێنە هەندێک ڕێبەری ئورووپایی دژایەتیی خۆیان بەرامبەر بە کۆنفرانسی وارشۆ زۆر پێش دەستپێکردنی نیشان داوە، ئەوان دەڵێن تاکە ئامانجی ئەو کۆنفرانسە بەدناو کردنی ئێرانە. فێدریکا مۆگرینی، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا، گوتوویەتی کە کاری دیکەی هەیە و بەشدار نابێ.

لەگەڵ ئەوەشدا وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا، جێرێمی هانت گوتوویەتی کە بەو مەرجە بەشدار دەبێ کە دەستووری کاری کونفرانسەکە باسی قەیرانی مرۆڤی لە یەمەنیش بگرێتەوە، کە هەندێک ڕێبەری ئورووپایی، عەرەبستانی سعوودی و هاوپەیمانەکانی، لەبەر تێوەگلانی شەڕی ئەوێ بە تاوانباری ئەو قەیرانە دەزانن. کاتێک کە ولاتە یەکگرتووەکان ڕەزامەندیی نیشان دا کە باسی یەمەنیش بکرێ، هانت بانگهێشتنی کۆنفرانسەکەی قبووڵ کرد.

بەبێ لەبەرچاو گرتنی قووڵی یا تەنکیی کەلێنی نێوان ولاتانی ئورووپایی، خاڵێکی گرینگ پاشگوێ دەخرێ: هەندێک لە ڕێبەرانی ئورووپا لە گرینگیی کۆنفرانسەکە کەم دەکەنەوە و گەمە بە سەرۆک کۆمار دۆناڵد ترامپ دەکەن، چونکە ئەو کۆنفرانسە پێک دێنێ. بەڵام کۆبوونەوەکە گرینگە، لانیکەم لەبەر ئەوەی کە کۆبوونەوەیەکی دەگمەنی ولاتە یەکگرتووەکان، ئیسرائیل و ولاتانی عەرەبە، کە هەموویان دەیانهەوێ پێش بە دەستدرێژیە سەربازی و سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر جیهانی عەرەب بگرن. هەندێک لە ولاتانی عەرەب تا ڕادەیەک لەبەر ئامانجی هاوبەشیان لە بارەی ئێران، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل باشتر دەکەن. دوایین جار کە ئەو لایەنانە بۆ باس لە ئاشتی لە خۆرهەلاتی ناڤین



سەرچاوە Serchawe

بەشی یەکەم

کۆبوونەوە لە کاتی وتووێژەکانی مادرید بوو لە سەرەتای نەوەدەکانی زایینی.

کۆنفرانسی وارشۆ لانیکەم لاوازیی وڵاتانی ئورووپایی لە دیتنەوەی ڕێگا لە پەیوەندییە نەیارانەکەی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ئێران و لە ئاکامدا سیاسەتە ناکاریگەرەکەیان لە ناوچەدا ئاشکرا دەکا. وەزیری کاروباری دەرەوەی لەهستان، یاشێک ژاپوتۆویچ لە ١٣ی فێورییە لە وارشۆ لە کاتی قسەکردن بۆ هەواڵنێران زۆر بە باشی باسی کرد: «بە بۆچوونی من یەکیەتیی ئورووپا بە تەنیا کێشی سیاسیی پێویستی نییە کە بتوانێ بەڕاستی کاریگەریی لەسەر دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەبێ.»

کۆبوونەوەی وارشۆ بە هەمان شێوە وەبیرهێنەرەوی بێتوانایی هەندێک لە وڵاتانی ئورووپایی بۆ ڕزگارکردنی ئێران لە زەرەرەکانی گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکانە، سەرەڕای هەموو هەراوهوریا و بەڵێنییەکانیان بۆ سەلماندنی ناکاریگەریی گەمارۆکانی ترامپ کە لە مانگی نۆڤامبر دووبارە سەپاندوونییەوە. بریتانیا، فەڕانسە و ئاڵمان ئیدیعایان دەکرد کە کۆمپانیا نەوتییە زەبەلاحەکان گوێ نادەنە گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و یا گرێبەستەکانی پێشوو دەست پێدەکەنەوە یا گرێبەستی نوێ لەگەڵ ئێران واژۆ دەکەن. لە جیاتی، کۆمپانیا مەزنەکان گرێبەستەکانیان هەڵوەشاندەوە و ئەوانی خەریک بوو گرێبەست واژۆ بکەن پاشگەز بوونەوە. پاشان لە ژانویە، وڵاتانی ئورووپا کاریان بۆ هێنانە کایەی چارەسەریی دارایی بۆ دەورلێدانەوەی گەمارۆکانی وڵاتەیەکگرتووەکان و بازرگانی لەگەڵ ئێران کرد و تەنیا ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە کەرتی تایبەت مەیلی لەو کارە نییە. مێکانیزمەکە کە ناوی ئینستێکسە، وەک سیستەمێکی ئاڵوێرە کە لەوێدا کۆمپانیا ئورووپاییەکان، لە تیۆریدا، نەوتی ئێران دەکڕن و لە بەرامبەردا کەلوپەل دەدەن بە ئێران تا بۆ ئامانجە مرۆڤایەتییەکان کەلکی لێ وەرگیرێ.

ئێستا کاربەدەستانی ئێرانی دەڵێن کە ئەوان ئەو کەلوپەلەیان ناوێ و گلەیی لەوە دەکەن کە ئورووپا وەک پێویست یارمەتییان ناکا تا بتوانن گەمارۆکانی ئامریکا دەور لێدەن. بۆ وێنە، ڕێبەری ئێران، عەلی خامنەیی گەیشتە ئەو جێیە کە بڵێ نابێ متمانە بە ئورووپاییەکان بکەن. کاتێک لە ٨ی فێورییە قسەی بۆ ئەفسەرانی هێزی ئاسمانی دەکرد، خامنەیی ئامریکای مەحکووم کرد و هەروەها ئامۆژگاریی کاربەدەستانی ئێرانی کرد «متمانە بەئورووپاییەکانیش مەکەن» و، ئەوەی زیاد کرد کە، «ئەوان وەک ئامریکاییەکانن.»

ئەوەی کە ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەندامانی یەکیەتیی ئورووپا لە بارەی ڕێژەی هەڕەشەی ئەمنییەتیی ئێرانیش نارێکن. لە کاتێکدا کە هەندێک وڵات هەوڵ دەدەن یارمەتیی ئێران بۆ خۆ پاراستن لە گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بکەن و ڕێگا

## بەشی یەکەم

بە ئێرانییەکان بدەن جێ پێی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەهێز بکەن و ئاسایشی ئورووپا لە مەترسی داوێن، هەندێک وڵاتی دیکە خۆ لەو کارە دەپارێزن. یەکیەتیی ئورووپا لە مانگی ژانویە دارایی دامودەزگای هەواڵگریی ئێران و دوو کارمەندی ئەوێی سڕ کرد. هۆڵەند، ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە دوو کەسی لەوێ کوشتووە و بەو شێوەیە هاتە ڕیزی فەڕانسە و دانمارک کە ئێرانیان بە هێرشی توندوتیژانە لە بەشێک لە ئورووپا تاوانبار کردووە.

وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف، قسەکەری شێوە ڕۆژئاوایی ڕێژیم کە دەیهەوێ ئورووپاییەکان لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا بمێننەوە، حەوتووی ڕابردوو ئیدیعای کرد کە کۆنفڕانسی وارشۆ پێش دەستپێکردن شکستی هێناوە. ئەو هەروەها ئەو کۆنفڕانسەی بە «سیرک» ناو بردووە. بەڵام، هەندێک کاربەدەستی واقیعگەرای ئێرانی، ئیعتڕافیان بە نیگەرانییەکانیان لە بارەی ئاکامی کۆبوونەوەی وارشۆ کردووە.

لە کاتێکدا کە ترامپ بەڕاستی لەبەر بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوەی، شایانی ڕەخنە لێگرتنە، ئەو لەوانەیە بە چاکی لە ئێران تێگەیشتبێ. بڕیارەکەی بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی، ئابووریی ئێرانی ئیفلیج کردووە و بەرنامەی مووشەکی بالیستیکیی ئێران و کەڵکوەرگرتنی لە بەکرێگیراوان بۆ ناسەقامگیرکردنی ناوچەکەی هێناوەتە چەقی سەرنج.

ئەگەرچی نەخشە ڕێگایەک یا ستراتێژییەکی بەربڵاو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دەستێوەردانی ئێران لە سووریە، عێراق و یەمەن و نفووزی پەرەئەستێنی ئەو لە ڕێگای کێشی سیاسیی حیزبوڵڵا لە لوبنان، لە وارشۆ نایەتە دەست، ئەوە دەستپێکی بەرەیەکی بەرفراوان دژی ئێرانە کە تا ئێستا بوونی نەبووە. ئیسڕائیل و هەندێک لە وڵاتانی عەرەب بەڵێنییان داوە کە هەوڵ بدەن پێش بە دەستێوەردانە سەربازییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بگرن و وارشۆ پلاتفۆرمێک بۆ ئەو ئامانجە دەستەبەر دەکا.

(لە ژمارەی ٧٤٤ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٩

## ئاخۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و ئورووپا بۆ شەڕ لەگەڵ ئێران لێک نیزیک دەبنەوە؟

### نیووزویک - گالیپ دالای

لە ئێران هەستێکی سووکنایی و سەرکەوتن لە بارەی کۆنفڕانسی وەرشۆ هاتۆتە ئاراوە. ئەو کۆنفڕانسە کە بۆ وەگەڕخستنی هاوپەیمانییەکی نێونەتەوەیی دژی ئێران بەڕێوە چوو، ڕێژەیەکی کەم لە ڕوخساری ناسراوی کۆ کردنەوە، کە لەلایەن زۆر کەسەوە وەک شکستی ئەو کۆبوونەوە لێک دراوەتەوە. ڕووسیە بە ئاشکرا بانگهێشتنەکەی ڕەت کردەوە، لە کاتێکدا زۆر وڵاتی ڕۆژئاوای ئورووپا کاربەدەستی پلە خوارەوەیان بۆ بەشداریکردن لە کۆنفڕانسەکەدا نارد.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ڕوانگەی شەڕێکی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تۆ تووشی دڵەخورپە دەکا، بۆ خۆشحاڵبوون زوویە. وێدەچێ ئەو کۆنفڕانسە پتر لە هێرشێکی گشتیی بێبایەخ بۆ سەر ئێران بێ.

سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان دژی ئێران پرۆسەیەکە نەوەک ڕووداوێک. کۆبوونەوەی وەرشۆ بەشێک لە سیاسەتی بەربڵاوتر بۆ تەریک خستنەوەی ئێرانە و لەسەر بنەمای سیاسەتی دوژمنانەی پێشوو دامەزراوە. لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، وڵاتە یەکگرتووەکان ڕیبەرایەتیی پێکهێنانی هاوپەیمانیی سەربازیی عەرەبی دژی ئێران دەکا. کۆبوونەوەی وەرشۆ بەشێک بوو لە هەوڵی دروستکردنی هاوڕاییەکی نێونەتەوەیی دژی تاران.

بەبێ لەبەرچاو گرتنی ڕوخساری بەشداران، ئەو دەستپێشخەرییانە ئالنگاری مەزن بۆ توانایی ئێران و ئورووپا بۆ دروستکردنی سیاسەتی تایبەت بە خۆیان، جیا لە سیاسەتی ئەمریکا، بۆ ناوچەکە ساز دەکا. کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی هاوڕایی ئەمبەر ئەوبەری ئاتلانتیکی لە بارەی ئێران تێک شکاندووە. بە کۆبوونەوەکەی لەهێستان، وێدەچێ وڵاتە یەکگرتووەکان هاوڕایی نێوخۆیی ئورووپای بەرامبەر بە ئێران تێک دابێ و، ئەو تێکچوونە تەنیا لە چوارچێوەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئورووپا نامێنێتەوە، کە بەپێی نەریت هەڵوێستیان لە هی وڵاتە یەکگرتووەکان نیزیکترە تا دەوڵەتانی خۆرئاوای ئورووپا. ئەگەرچی وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا، جێرێمی هانت، بە ڕواڵەت تەنیا بۆ بەشداریکردن لە باسەکانی پەیوەندیدار بە یەمەن بەشداری لە کۆنفڕانسەکەدا کرد. وەزیری کاروباری دەرەوەی ئیتالیا، ئێنزۆ مۆئاڤێرۆ میلانێسی، یەکێک لەو وەزیرانە بوو کە لە وەرشۆ بوو. کەوابوو ئورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکان لە کوێ جیاوازیی بۆچوونیان بەرامبەر بە ئێران هەیە؟



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

وڵاتە یەکگرتووەکان دەیهەوێ جارێکی دیکە پێناسەی ژێئۆپۆلیتیکیی ئێران و ڕێژیمەکەی تەریک بخاتەوە و پێش بە ئاسایبوونەوەی زیاتری ئێران لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان بگرێ. بۆیە ئامریکا سیاسەتە ناوچەییە فیزەونەکەی ئێران وەک ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی شێوەی پڕ ئاریشەی ئەو ڕێژیمە دەنوێنێ کە ئاکامی ئەو هەڵوێستە ئەوەیە کە وەڵامی کۆتایی بۆ پرسی ئێران گۆڕینی ڕێژیمە، نەوەک گۆڕینی سیاسەت. شێوەی ئاخاوتنی بەڕێوەبەرایەتیی ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکان و چالاکییە سیاسییەکانی بە ئاشکرا ئەو بۆچوونە پشتڕاشت دەکەنەوە. جیاوازیی سەرەکیی نێوخۆیی وێدەچێ لە نێوان لایەنگرانی شێوەی «ڕەقی» گۆڕینی ڕێژیم، کە پێویستی بە بەرەوڕووبوونەوەی سەربازی دەبێ و، هەندێک لایەنی نێو دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لایەنگری بیرۆکەی شێوەی هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤییەت لە نێوەوە بەهۆی گەمارۆی سەختی ئابووری و تەریککەوتنەوەی نێوخۆیین.

بەپێچەوانە، ئورووپاییەکان زۆرتر لایەنگری بیرۆکەی سیاسەتی ئاڵوگۆڕی ڕەفتارن لە جیات گۆڕینی ڕێژیم. ئەوان بە شێوەی ڕووڕاست دەڵێن: تا ئێران زۆرتر ئاسایی بێ لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، زۆرتر دەتوانێ داوا لە ئێران بکەی کە بە شێوەی «ئاسایی» بجووڵێتەوە. سەپاندنەوەی گەمارۆکان نیشان دەدا کە ڕۆژئاوا بەتەمای گۆڕینی خودی ڕێژیمە، نەوەک ڕەفتاری ڕێژیم و، ئەوە دەبێتە هۆی خۆبواردنی ئێران لە هاوکاریکردنی ڕۆژئاوا.
بەڵام، ئەگەر پرسی ڕێککەوتنی ئەتۆمی و گۆڕینی ڕێژیم وەلا بنێین، هاوڕاییەکی بەرچاو لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ئورووپا لە بارەی ئێراندا هەیە. ئورووپا دەتوانێ دووبارە چەسپاندنەوەی گەمارۆ ئابوورییەکان لە سەر ئێران ڕەت بکاتەوە، کە بە نۆبەی خۆی نیگەرانیی ئێران لەبارەی هەرەسهێنان بە شێوەی یەکیەتیی سۆڤییەت کەم بکاتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا وێدەچێ ئورووپا لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان لەبارەی بەرنامەی مووشەکی، سیاسەتی ناوچەیی و ڕایەڵەی میلیشیاکانی ئێران هاوڕا بێ.

بێگومان، بەرنامەی مووشەکی و لایەنی میلیشیایی سیاسەتی ناوچەیی ئێران جێ متمانەترین پرسن کە ئورووپا بتوانێ خۆی لە وڵاتە یەکگرتووەکان نیزیک بکاتەوە. بریتانیا و هەروەها فەڕانسە باسیان کرد کە تاقیکاریی مووشەکی مەودا ماماوەندیی بالیستیکیی ئێران لەوانەیە پێشێلکردنی ئەرکدارییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بێ. بە هەمان شێوە، چەند وڵاتی گرینگی ئورووپا بە شێوەیەکی پەرەئەستێن باسی نیگەرانییەکانیان لە بارەی سیاسەتی ناوچەیی ئێران، بە تایبەتی ڕایەڵەی هاوپەیمانە ناوچەییەکانی دەوڵەتی و نادەوڵەتی، لە نێویاندا شیعەکانی حەشدی شەعبی لایەنگری ئێران لە عێراق، ڕێژیمی ئەسەد، حیزبوڵڵای لوبنان و حووسییەکانی یەمەن، دەکەن. ڕوانگەی ئێران لەبارەی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لەسەر بنەمای پاراستنی ڕایەڵەی هاوپەیمانەکانی لە ناوچە دامەزراوە، بەڵام ئەو هەڵوێستە زێدەخوازانە لە لایەن خاوەن هێزانی ناوچە تووشی شکست دەبێ.

## بەشی یەکەم

وێناچێ ئێران بەو زووانە دەست لە سیاسەتە ناوچەیی یا بەرنامە مووشەکییەکەی هەڵگرێ. بە پێچەوانە هەرچی وڵاتە یەکگرتووەکان زۆرتر هەوڵی پێکهێنانی بەرەی دژی ئێران بدا، بیانووی زۆرتر دەداتە دەست ئێران تا حوزووری خۆی لە ناوچە و ڕایەڵەکەی بپارێزێ، چونکە ئەوە تەنیا شتێکە کە ئێران بەشێوەیەکی کاریگەر دەتوانێ وتوویژ لەگەڵ لایەنە نێونەتەوەیی و هەروەها ناوچەییەکان بکا. پوتانسیێلی ئێران بۆ زەرەر و ئازاری دوژمنە ناوچەییەکانی و، تواناییەکەی بۆ پووچەڵکردنەوەی بەرنامەی خاوەن هێزە نێونەتەوەییەکان هۆی سەرەکیی هاندانی زۆر لایەنن بۆ هەڵسوکەوت و وتوویژ لەگەڵ ئێران. ئێران کە بە تەواوی ئاگاداری ئەو ڕاستییەیە وێناچێ بیهەوێ حوزووری خۆی لە ناوچەدا بەرتەسک بکاتەوە. ئەوە دەبێتە هۆی ئاڵقەی بێکۆتایی. ئەگەر ئێران کاردانەوەی توندی بەرامبەر بە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئورووپا لە بارەی بەرنامەی مووشەکیی خۆی و سیاسەتی هەرێمی هەبێ، ئەوە دەبێتە هۆی لێک نیزیکتر بوونەوەی ئورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکان لە بارەی ئێرانەوە کە بە نۆبەی خۆی دەبێتە هۆی دەستپێکی سەردەمێکی نوێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران و ڕۆژئاوا.

ئەوە شتێکی گاڵتەجاڕانە بوو کاتێک کە بەشدارانی کۆبوونەوەی وەرشۆ بیریان لە پرسی پێشگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران دەکردەوە، ڕێبەرانی تورکیە، ڕووسیە و ئێران لە سووچی کۆبوونەوەیان هەبوو تا بەرنامەی ئاراستەی نوێی سووریە داڕێژن. کاردانەوەیەکی دیکەی کۆبوونەوەی وەرشۆ، ئەگەر لە ڕێگای پلاتفۆرم و ئامرازی دیکە بیانهەوێ بە ئاکامی بگەیەنن، دەتوانێ ببێتە هۆی هێنانەدیی بەرەی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست: وڵاتانی عەرەبیی کەنداو هاوهەڵوێست لەگەڵ ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرامبەر وڵاتانی غەیری عەرەبیی باکووری ئەوان (تورکیە و ئێران) کە وێدەچێ بە هۆی پراگماتیستی هاوکاریی ڕووسیە بکەن.

**سیاسەتی هەنووکەیی ناوچەیی وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕایەڵەی هاوپەیمانەکانی بەرەی دواتر هان دەدا کە ناکۆکییەکانیان وەلا بنێن و بۆ ماوەیەکی زۆرتر پێکەوە بمێننەوە. ئەوە بە نۆبەی خۆی دەبێتە هۆی قووڵتر بوونی کەلێن لە ناوچەدا، دەوری ناوچەیی ڕووسیە بەهێزتر دەکا و مەودای کەمتر بە ئورووپا دەدا کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا مانۆڕ بدا.**

(لە ژمارەی ٧٤٥ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# ڕابوونی کورد

فارین ئەفەیرز - هێنری جەی بارکی

(بەشی یەکەم)

سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان دۆنالد ترامپ لە دوایین ڕۆژەکانی ۲۰۱۸ دا گوتی، "ئێمە ماوەیەکی دوور و درێژە لە سورییە دەجەنگێین، ئێستا کاتی هاتووە کە هێزەکانمان بگەڕێنینەوە ماڵێ." داوای سەرسوڕ هێنەری سەرۆک کۆمار بۆ گەڕانەوەی خێرای هێزی نزیکەی ۲۰۰۰ کەسی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سورییە بووە هۆی ڕەخنەی بەربڵاو لە لایەن ئەندامانی دامەزراوەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان. بەڵام ئەوە بۆ هاوبەشی سەرەکیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە شەڕ دژی داعش، واتە کوردەکانی سورییە سەرسوڕمانێکی گەورەتر بوو. چەند حەوتوو پێش ڕاگەیاندنەکە، سەرۆک کۆماری تورکیە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان هەڕەشەی داگیرکردنی باکووری سورییەی، کە لە ژێر کۆنترۆڵی جەنگاوەرانی کوردە، کردبوو. تەنیا شتێک کە پێشی بە ناوبراو گرتبوو، حزووری هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو و پاشەکشەی ئەوان دەبێتە هۆی بە تەنیا مانەوەی لە ڕاددەبەدەری کوردان. کوردێکی سورییە گوتی، "ئەگەر (ئامریکاییەکان) بڕۆن، ئێمە ئەوان وەک خائین نفرین دەکەین."

وردەکارییەکانی کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سورییە ئێستاش ناڕوونە. بەڵام واشینگتۆن لە کۆتاییدا هەر بڕیارێک بدا، لێدوانەکەی ترامپ وەرسووڕانێکی بێ بەزەییانەی بەرامبەر بە کوردانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نیشان دا. نێوەڕاستی ۲۰۱۷ کاتی ڕێنسانسی کوردان بوو. کوردەکانی سورییە هاوپەیمانی تەنیا زلهێزی جیهان بوون و دەوری سەرەکییان لە شکستدانی داعش لە مەیدانی جەنگدا هەبوو و پێتەختی ئەو گروپە واتە ڕەققەیان گرتەوە. هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە)، جەنگاوەرانی کوردی سورییە، کۆنترۆڵی پانتاییەکی بەرچاوی سورییەیان بەدەستەوە گرت و وێدەچوو دەوری بەرچاو لە دانووستانەکانی کۆتاییهێنان بە شەڕی نێوخۆیی وڵات بگێڕن. کوردەکانی تورکیە، ئەگەرچی لە ماڵێ گەمارۆ دراون، شانازییان بە دەستکەوتەکانی هاوپەیمانانیان لە سورییە کە گەلێک لێیان نزیکن دەکرد. لە عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە لوتکەی دەسەڵاتی خۆیدا بوو و ئامادەکاریی بۆ ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی لە سێپتەمبەری ۲۰۱۷ دەکرد.

لە کۆتایی ۲۰۱۸، بەشێکی زۆر لە کوردان بێهیوا ببوون. دوای ئەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری کوردەکانی عێراق لە

## بەشی یەکەم

ڕێفڕانـدۆمی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان دەنگیـان بە سـەربەخۆیی دا، دەوڵـەتـی عێـراق بە پشـتیوانی ئێـران و تـورکیە، کوردستانی داگیر کرد و کۆنترۆڵی نزیکەی ٤٠ لە سەدی ڕووبەری ئەوێی گرتە دەست. بە شـەوێک حکـومەتی هەرێم نەتەنیـا نیوەی خاکی خۆی بە ڵکو بەشێکی زۆری دەسەڵاتی ناونەتەوەییشی لەدەست دا. کوردەکـانی تـورکیە، سـەرەڕای وەدەستهێنانی کورسییەکانی پارلمان لە هەڵبژاردنی ژووەنی ٢٠١٨، خۆیـان لە بەرامبەر هێرشە بێبەزەییـانەکەی ئەردۆغـان و دەوڵەتەکەی لە تەواوی مـاوەی سـاڵدا ڕاگرتبـوو، لە ناویانـدا دەسـتپێکردنەوەی هێرشـی سـەربازیی دژی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان (پەکەکە). لە سورییە، تورکیە لە مانگی مارسی ٢٠١٨ شاری عەفرینی داگیر کرد کە بەدەست کوردان بوو و بووە هۆی ئـاوارە بـوونی یەپەگە و ٢٠٠٠٠٠ کـوردی ئەوێ. پاشـان، لە مـانگی دێسـەمبەر، کوردەکـانی سـورییە پێیـان زانـی کە پـارێزەرە ئامریکاییەکانیان لەوانەیە بە تەواوی پشتیان تێ بکەن.

بەڵام ئەو نسکۆیانە بە پێچەوانەی ڕەوتێکی گەورە و بەربڵاون، ڕەوتێک کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە چەند سـاڵی داهـاتوو دا شکڵ دەدا. لە سەرانسەری ناوچەکە، کوردەکـان هێـزی بـاوەڕ بەخۆبوونیـان بەهێـز دەبـێ، داوای ئەو مافـانە دەکەن کە زۆر دەمێکە حاشـایان لـێ کـراوە، و لە هەمـوو گرینگتـر، لەوبەری سنوورەکانەوە و لە تـاراوگە هاوکـاریی یەکتـر دەکەن. تـا ڕاددەیەک کە لە مێـژوودا وێـنەی نەبـووە، کوردەکـانی چـوار پـارچەی کوردسـتان، لە ئێـران، عێـراق، سـورییە و تـورکیە، کوردەکان ڕێگـای بـوونە یەک نەتەوەیـان گرتـۆتە بەر. ئێسـتاش بەربەسـتی مەزن لەسـەر ڕێگـای یەکبـوون مـاون، لەناویانـدا جیایی زمان و بوونی لانیکەم دوو دەوڵەتی بەهێز، ئێران و تـورکیە، بە بەرژەوەنـدییەکی هـاوبەش کە پێش بە هەر چەشـنە شێوازێکی پانکوردیسـم بگـرن. لەگەڵ ئەوەشـدا ڕووداوەکـانی ئەو دواییـانە پرۆسـەی درووسـتبوونی وڵاتـی کـوردی دەسـتی پێکردووە، کە لە درێژخایەندا، دژوار دەبێ پێشی پێ بگیرێت. ئەگەر ڤەت دەوڵـەتێکی سـەربەخۆی یەکگرتـوو پێـک نەیە، وەخەبەر هاتنی نەتەوەیی کوردان دەستی پێکردووە. دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاست لەوانەیە لە ڕابـوونی کـوردان بترسـن، بەڵام دەسەڵاتی وەستاندنی ئەویان نییە.

### پرسێکی لەکیس چوو

ئێسـتا نـزیکەی ٣٠ میلیـۆن کـورد لە کوردسـتانی گەورەدا دەژیـن، نـاوچەیەکی یەکگرتـوو لە باشـووری ڕۆژهەڵاتـی تـورکیە، بـاکووری ڕۆژئـاوای ئێـران، بـاکووری عێـراق و بـاکووری ڕۆژهەڵاتـی سـورییە. لە مـاوەی چەنـد سـەدە هـۆزە کوردەکـان لەگەڵ ئیمپراتورییە عەرەب، فارس و تورکەکـان کـاریگەریی دوولایەنەیـان هەبـووە، هەنـدێک جـار هاوکارییـان کـردوون و هەنـدێک جار دژی ئەوان سەرهەڵدانیان وەڕێ خستووە. ناسیۆنالیزمی مودێرنی کورد، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی ئیمپراتـوریی عوسـمانی دوای شـەڕی یەکەمـی جیهـانیی. لە ڕێککەوتنـنـامەی ١٩٢٠ی سـیڤەر، کە لە نێـوان هاوپەیمانـان و عوسـمانی

شکستخواردوو واژۆ کرا، باسی ڕیفراندۆمێکی سەربەخۆ لەو ناوچانەی خاکی تورکیەی مودێرن کە زۆرینەی دانیشتووانی کوردن کرابوو. بەڵام، دوای شەڕی سەربەخۆیی تورکیە، دەوڵەتی نوێی تورکیە دووبارە لەگەڵ هاوپەیمانان دانووستانی کرد. ئاکامی ئەو ڕێککەوتنی لوزان لە ١٩٢٣ بوو، کە زامنی دەسەڵاتی تورکیە بەسەر ئەو ناوچەوە بوو کە ئەگەری ئەوەی هەبوو کە ببێتە کوردستانێکی سەربەخۆ.

بەڵام داوای سەربەخۆیی کوردان، لەنێو نەچوو. بە درێژایی سەدەی بیستەم، سەرهەڵدانەکانی کوردان، کە زۆر جار بە پشتیوانیی دەوڵەتی نەیار بوو، تەقریبەن لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە ڕێژەیەکی بەرچاوی کورد لێیان دەژین هاتنە ئاراوە. تورکیە سەرهەڵدانی کوردانی لە ١٩٢٥، ١٩٣٠ و ١٩٣٧ سەرکوت کردن. پاشان لە هەشتاکان پەکەکە سەرهەڵدانێکی نوێی لە تورکیە دەست پێکرد کە ئێستاش درێژەی هەیە. لە ئێران، لە ١٩٤٦ کوردەکان بە پشتیوانی یەکیەتی سۆڤییەت یەکەم دەوڵەتی ڕاستەقینەی کوربیان دامەزراند، کۆماری سەربەخۆی مەهاباد، کە ماوەی ساڵێک و دوای ئەوەی کە مۆسکۆ پشتی بەردان تێکچوو. کوردەکانی عێراق پەیتا پەیتا دژی دەوڵەتی ناوەندی ڕاپەڕیون. بە پشتیوانیی شای ئێران، دوو شەڕیان لەگەڵ بەغدا کردووە، یەکیان لە شەستەکان و ئەوی دیکە لە حەفتاکانی زایینی، کە لە ١٩٧٥ دوای ئەوەی کە شا ڕێککەوتنێکی لەگەڵ کەسایەتی بەهێزی عێراق سەددام حوسێن واژۆ کرد و پشتی لە کوردان کرد، شکستی هێنا.

ئەو جووڵانەوانە بەو مانایە بوون کە هەرکام لەو چوار وڵاتە کە خاوەنی حەشیمەتێکی زۆری کوردانن، سەرکوتی ناسیونالیزمی کورد بەشێکی سەرەکیی ئامانجی سیاسیی ئەوان بووە. کۆماری نوێی تورکیە لە سەردەمی سەرۆک کۆمار کەمال ئاتاتورک، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ١٩٢٣ قەدەغە کرد و وردە وردە دەسەڵاتێکی بێ بەزەییانەی بەسەر ناوچە کوردییەکاندا سەپاند، گوندەکانی سووتاند، خەڵکی گواستەوە و مڵک و ماڵی ئەوانی داگیر کرد. (ئەگەرچی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان هەمیشە دڵنیا بووە کە تورکیە دەتوانێ بەرەوڕووی ئاڵنگارییەکانی کوردان ببێتەوە، سی ئای ئەی لە ١٩٧١ لە ڕاپۆرتێکدا ددانی بەوە دانا کە سیاسەتەکانی تورکیە، بە تایبەتی ئەوانی کە پێش بە بەکارهێنانی زمانی کوردی دەگرێ، سەرچاوەی ناڕەزایەتییەکانی کوردان بووە). ئێران بە هەمان شێوە لە ١٩٣٠ زاراوەکانی کوردیی قەدەغە کرد. لە سورییە، دەوڵەتی ناوەندی نە تەنیا پێشی بە فێرکردن و خوێندن بە زمانی کوردی گرت بەڵکو مڵکداریی کوردانیشی سنووردار کرد. و لە سەرەتاکانی شەستەکانی زایینی، دیمەشق مافی شارۆمەندیی لە دەیان هەزار کوردی سورییە ئەستاندەوە، و ئەوانی وەک بێ دەوڵەت ناساند. لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناوچە کوردییەکان لە بواری ئابوورییەوە پاشگوێ و پەراوێز خران.

لە بەرامبەر ئەو سەرکوتەدا، کوردەکان توانیویانە خۆ بپارێزن و تەنانەت پێناسەی خۆیان پشتاوپشت بەهێز کردووە. وەک

## بەشی یەکەم

نووسەری کورد حەمید بوزئەرسەلان باسی کردووە، کوردەکان وەک کەمینە لە لایەن دەوڵەتەکانی ئێران، عێراق، سوریيە و تورکیە ڕەفتاریان لەگەڵدا کراوە، بەڵام ئەوان خۆیان وەک کەمینە نابینن. ئەوان لە وڵاتی خۆیان کوردستان زۆرینەن، کە تەنیا بەهۆی ڕووداوێکی مێژووی جوگرافیایی خراونە سەر دەوڵەتانی جیاواز. و ئەوە سیستەمی دەوڵەتداریی مودێرنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، کە بە درێژایی مێژوو، بەربەست بووە دژی خولیای نەتەوەیی کوردان. ڕاپۆرتێکی هەواڵگریی سی ئای ئەی لە ۱۹٦۰ دەڵێ کە کوردەکانی ئێران و عێراق هەموو بنەماکانی پێویست بۆ خۆبەڕێوەبەری، هێزی سەربازی، ڕێبەری و ئەگەری پشتیوانی کەرەستەیی لە لایەن دەسەڵاتێکی دەرەکیی، یەکیەتی سۆڤیەتیان، هەیە.

**لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: "تەنیا سەقامگیریی پێوانەیی دەوڵەت (واتە دەوڵەتانی ئێران و عێراق. و.) ڕێگری جیاییخوازیی بەکردەوەی کوردانە."**

### دوو هەنگاو بۆ پێشەوە، هەنگاوێک بۆ دواوە

بەشی زۆری سەدەی بیستەم، تەنیا ڕێگای مومکین بۆ خودموختاری (یا سەربەخۆیی) کورد، هەرەسهێنانی دەوڵەت بوو و بە کردەوە، ئەوە دەقاودەق هەمان شتە کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا قەوماوە. ئەگەر کوردەکان ئێستا ترووسکەیەکی هیوایان لە عێراق و سورییە هەیە، هۆیەکەی هەرەسهێنانی دەسەڵاتی بەغدا و دیمەشقە. بەتایبەتی، هێرشی وڵاتە یەکگرتووەکان، پشتیوانی ئەو بۆ کوردان دوای شەڕی کەنداوی فارس، ڕووخاندنی سەددام لە ۲۰۰۳ و پاشان داگیر کردنی عێراق، و هەوڵی ئەو دواییانە بۆ شەڕ دژی داعش لە سورییە، بۆتە هۆی زیندوو کردنەوەی خەونە سیاسییەکانی کوردان. واشینگتۆن تاکلایەنانە و لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆیدا، یارمەتیدەری ناسیونالیزمی کورد بووە.

پەیوەندی جیددی سەربازیی و سیاسی ئامریکا لەگەڵ کوردان لە ۹۱ - ۱۹۹۰ لە کاتی شەڕی کەنداو دەستی پێکرد. دوای دەرکرانی هێزی سەربازیی عێراق لە کوەیت، چەکەکانیان دژی کوردان و شیعەکان کە وەڵامی داواکاریی سەرۆک کۆمار جۆرج ئێچ دەبلیو بوش بۆ ڕاپەڕین دژی بەغدا دابۆوە وەرسووڕاند.

لەبەر ئەگەری کارەساتێکی مرۆیی، وڵاتە یەکگرتووەکان، بە پشتیوانیی فەڕانسە و بریتانیا، ناوچەی دژی فڕینیان لە ناوچە کوردییەکانی باکووری عێراق ڕاگەیاند. پارێزراو لە ناوچەی دژی فڕین، کوردەکانی عێراق توانیان ناوچەی خۆبەڕێوەبەر درووست بکەن کە لە ۱۹۹۲ حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ کەوتەوە. کوردستانی عێراق بوو بە قەڵای لایەنگریی لە ئامریکا لە وڵات، بە تایبەتی دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان لە ۲۰۰۳، کە بووە

هۆی قووڵتر بوونی هاوکاریی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردان. هێزە کوردییەکان لە سەرەتای شەڕی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ سەددام هاوکاری وڵاتە یەکگرتووەکان بوون، و کوردستانی عێراق ساڵەکانی دواتر لەنگەری سەقامگیریی بوو لە کاتێکدا کە باقی وڵات نوقمی شەڕی نێوخۆ بوو.

دامەزرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵنەرێکی دەروونیی گرینگ بوو، نە تەنیا لە عێراق بەڵکوو لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئەو نیشانی دا کە کوردەکان دەتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن و ددانپێدانانی نێونەتەوەیی بۆخۆیان مسۆگەر بکەن. ئەو هەروەها شێوەی پەیوەندییەکانی کوردانی لەگەڵ وڵاتانی دیکە گۆڕی. ئەگەرچی تورکیە بەپێی نەریت دژی داخوازیی خۆبەڕێوەبەریی کوردان بووە، دەوڵەتی تورکیە لە ماوەی دەسەڵاتداریی ئەردۆغاندا بڕیاری دا کە بەرەوڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبێتەوە بەڵکو لەجیاتان پەیوەندی سیاسی و ئابووریی لەگەڵ ساز بکا. کوردستانی عێراق کە دەستی بە دنیای ئازاد ڕانەدەگیشت پێویستی بە کاناڵێکی سیاسی و بازرگانی، بە تایبەتی هەناردە کردنی نەوت، هەبوو و ئانکارا خۆشحاڵ بوو کە شتێکی ئەوتۆی بۆ دەستەبەر بکا. لە ٢٠١٠، تورکیە لە هەولێر پێتەختی هەرێم کونسولگەریی کردەوە، لە ٢٠١٢ حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیە ڕێککەوتنێکیان بۆ دروستکردنی هێڵی گواستنەوەی نەوت لە کوردستانی عێراقەوە بۆ مەدیتەرانە واژۆ کرد. لە ٢٠١٨، ڕۆژانە نزیکەی ٤٠٠٠٠٠ بەرمیل نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە دەگاتە بەندەری جیهان. ئانکارا هێڵێکی ژیانی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستەبەر کردووە، و دەرفەتی بەهێز کردنی پێگەی خۆی لە عێراق بۆ ڕەخساندووە. بۆ ماوەیەک، ئەردۆغان لە نێوخۆ کەڵکی لەو هاوکارییە وەردەگرت، کە کوردەکانی نزیک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی، لە هەڵبژاردنەکانی تورکیە دەستیان کرد بە دەنگدان بە حیزبی ئەرۆغان. دڵنیا لە درووستکاریی کوردان، ئەردۆغان لە ٢٠٠٩ پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ پەکەکە دەست پێکرد.

بەڵام زوو، هەڵوێستێکی بێ ئەنقەستی وڵاتە یەکگرتووەکان پێگەی کوردانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕی. لە ٢٠١٤، بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما دەستی کرد بە هەڵمەتێکی بۆمباران بۆ پێشگرتن لە داگیرکرانی کۆبانی، شارێکی کوردستانی سورییە لە نزیک سنووری تورکیە، لە لایەن داعش. لەو کاتیدا، داعش تازە هێرشی کردبوو سەر باکووری عێراق و سورییە و دەستی بە سەر ڕووبەرێکی بەرچاودا گرتبوو، لە ناویاندا دووهەم شاری مەزنی عێراق، موسڵ. بڕیاری واشینگتۆن بۆ پاراستنی کۆبانی بەرەوڕووی نارەزایەتی ناشیرینی ئەردۆغان بۆوە، چونکە ئەوە بە واتای پشتیوانیی ڕاستەوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ یەپەگە بوو، کە پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ پەکەکەی تورکیە هەبوو. هاوپەیمانیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ یەپەگە سەرکەوتنی مەیدانی جەنگی بەدواوە بوو، و سەرکەوتنی کوردان لە کۆبانی بووە خاڵی وەرچەرخان لە شەڕ دژی داعش. بەڵام ئەو سەرکەوتنە وەک زەنگی مەترسیی بوو بۆ ئانکارا.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

بۆ ئەردۆغان، هاوپەیمانیی ئامریکا و یەپەگە وەک نوێنگەی گۆڕانی گەمەکە لە ناوچە بوو. ئەوەی کە سەرۆک کۆماری تورکیە لە هەموو شتێک زۆرتر لێی دەترسا سەرهەڵدانی حکومەتێکی دیکەی هەرێمی کوردستان بوو، ئەوجار لە سورییە. هەرچی بێ، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆخۆی بەرهەمی دەستێوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو کە بووە هۆی شەڕی نێوخۆ و تێکشکانی دەسەڵاتی ناوەندیی لە بەغدا، کە لە کۆتاییدا سیستەمی فێدراڵی لە عێراقی لێکەوتەوە کە حکومەتی هورێمی کوردستان بەشێکە لەو سیستەمە. سورییە کە هەر ئێستا تووشی شەڕی ناوخۆ بووە، ئاشکرا پێی وابوو کە واشینگتۆن خەریکی دووپات کردنەوەی هەمان کارە کە لە عێراق کردی، ئەویش گۆڕینی سورییە بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵیی کە لەوێدا کوردەکان مافی خۆبەڕێوەبەرییان هەبێ. ئەردۆغان نەیدەتوانی سیستەمی فیدراڵی لە دوو وڵاتی جیراندا تەحەممول بکا، بە تایبەتی بۆ کوردەکانی سورییە، کە زۆر لە پەکەکە نزیکن. لە ٢٠١٤، ئەردۆغان دەستی لە دانووستان لەگەڵ پەکەکە هەڵگرت و سیاسەتی ناکۆکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کوردانی تورکیە و سورییە دەست پێکرد. ئەو بەتەمای ئەستاندنەوەی ڕەوایی لە سەرجەم چالاکیی سیاسی کوردان لە ڕێگای گرێدانی ئەو بە پەکەکەوە بوو، و ڕێژەیەکی بەرچاو لە چالاکان و سیاسییانی کوردی دەستبەسەر کرد.

بەڵام ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان بە شێوەی نەخوازراو بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی کورد-تورک، سیاسەتی ئامریکا لە عێراق و سورییە، بە گشتی، بۆتە هۆی ئاستێکی دەگمەن لە ڕەوایی نێونەتەوەیی بۆ کوردان. فەڕانسە، بریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکان پەیوەندییە سیاسییەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان پەرە پێداوە و لە بواری ئابووری و لایەنی دیکە پشتیوانییان لێ کردووە. و کوردەکانی سورییە، کە پێشدا لە لایەن دونیای دەرەوە پاشگوێ خرابوون، توانیویانە ویجهەی ناونەتەوەیی خۆیان بە هۆی دەوری ئەوان لە شەڕ دژی داعش، بەرز بکەنەوە. ئەو ددانپێدانانە تەنیا لە لایەن خاوەن هێزە ڕۆژئاواییەکانەوە نەبووە. لە ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتیی نوێی سورییە، کە لە ٢٠١٧ لە توێی پرۆسەی ئاشتی ئاستانا پێشنیار کرا، ڕووسیە پێشنیاری دوو سازشی گرینگ بۆ کوردانی کردووە: وەلانانی وشەی "عەرەبی" لە ناوی کۆماری سورییە و درووستکردنی "ناوچەیەکی کولتوری خۆبەڕیوەبەر" لە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵات، کە لەویدا منداڵ دەتوانن بە کوردی و عەرەبی بخوێنن. ئەو سازشانە لە لایەن دیمەشق ڕەت کراونەوە، و هیچ گەرانتییەک بۆ دەستەبەر بوونیان نییە. بەڵام باسکردنیان لە پێشنیاری ڕووسیەدا نیشان دەدا کە سەرەڕای دۆخی نالەباری کوردانی سورییە، هێزە دەرەکییەکان دەستیان کردووە بە ئیعتراف کردن بە بوونی ئەوان وەک هێزێکی سەربەخۆ کە دەبێ حیسابیان بۆ بکەن.

(لە ژمارەی ٧٤٦ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٩

بەشی دووهەم و کۆتایی

## ڕێنێسانسی کورد

کوردەکان لە ماوەی سەدەی بیستەمدا بۆ وەدەستهێنانی خۆبەڕێوەبەریی کولتووری و سەربەخۆیی ڕێژەیی بەرامبەر بە دەوڵەتە ناوەندییەکان جووڵانەوەیان وەڕێخست. نزیکەی ١٠٠ ساڵ، سەرهەڵدان و بەرخۆدان بەشێک لە ژیانی ئاسایی کوردان بووە. ئێستا، لەگەڵ ئەوەی کە کوردەکان ئەزموونی دەوڵەتدارییان وەدەست هێناوە، ئەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە؛ نەتەنیا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڵکوو لە زۆربەی شارەوانییەکانی سووریە و تورکیە. ئەوە، بە نۆبەی خۆی، بۆتە هۆی تەشەنەسەندنی یەکگرتوویی کورد بۆ ئەودیوی سنوورەکان.

تا ئێستا، ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی پڕ بووە لە گیروگرفت. بۆ وێنە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، خەریکە ببێتە دەوڵەتی نەوت کە بەستراوەتەوە بە فرۆشی نەوت و گیرۆدەی کۆمەڵێک دیاردەی ناسروشتیی سیاسی و ئیداری بووە. باڵی سیاسیی یەپەگە، پارتی یەکیەتیی دێموکراتیک (پەیەدە)، توانیویەتی بە شێوەیەکی کاریگەر خزمەتگوزاریی پێشکەشی ئەو ناوچانەی سووریە بکا کە لە کۆنتڕۆڵی دان، بەڵام ئەویش حکوومەتی تاک حیزبیی دروست کردوە.

لە تورکیە ئەگەرچی نوێنەرانی حیزبی ژێر کونتڕۆڵی کوردان، پارتی دێموکراتیکی گەل (هەدەپە) توانی لە هەڵبژاردنی ناوچەیی مانگی مارسی ٢٠١٤دا شارەوانیی ١٠٢ شار بباتەوە، بەڵام ئەردۆغان تا ئێستا ٩٤ لەوانی لەسەر کار لابردوون. ئەو بەڵێنی داوە کە لە هەڵبژاردنی داهاتووی شارەوانییەکان لە مانگی مارسی ئەمساڵدا بەهەمان شێوە ڕەفتار بکا. سەرکەوتنی زیاتری هەدەپە لەوانەیە ئەردۆغان هان بدا کە لە ڕێگای دادگای یاسای بنەڕەتییەوە ئەو حیزبە هەڵوەشێنێ، وەک چۆن ژێنراڵەکانی تورک ئەو کارەیان لەگەڵ حیزبەکانی پێش هەدەپە کرد.

ئەگەرچی حوکمڕانیی کورد نەبۆتە سەرکەوتنێکی تۆخ، بەڵام پارمەتیدەری زمان و کولتووری کوردی لە سەرانسەری ناوچەکە بووە. ئەوە بەتایبەتی لە کوردستانی عێراق بەرچاوە، کە دامەزراوە کوردییەکانی خۆی بووژاندۆتەوە، لە نێویاندا قوتابخانە و ڕێکخراوەکانی ڕاگەیاندن. سەرەڕای ئالنگاری وەک دوو زاراوەی کوردیی بەتەواو لێک جیاواز، کە تەقریبەن لەگەڵ هێڵی جیاکەرەوەی سیاسیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان یەکە، کرمانجی لەو شوێنانە قسەی پێ دەکرێ کە لەژێر دەسەڵاتی پارتی دێموکراتی کوردستانە، لە کاتێکدا کە سۆرانی لەو ناوچانە قسەی پێ دەکرێ کە لەژێر دەسەڵاتی

## بەشی یەکەم

یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ژینگەیەکی دەوڵەمەندی کولتووری کوردی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیی دامەزراندووە. ئێستا سەدان کاناڵی تەلەفزیۆنیی کوردی، ماڵپەڕ، ئاژانسی هەواڵنێری و بەرهەمی کولتووریی دیکە وەک ڕۆمان و فیلم هەیە و، لە سووریە شوێنێک کە دیمەشق دەیان ساڵ بوو تەنانەت خوێندن بە زمانی کوردیی یاساغ کردبوو، پەیەدە بەفەرمی پەروەردە و فێرکردن بە کوردیی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا دەست پێکردووە. دوای نیزیکەی سەدەیەک هەوڵی بێوچان بۆ تواندنەوەی زمان و کولتووری کوردی، ئێستا دەوڵەتە ناوەندییەکان بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە شەڕەکەیان دۆڕاندووە.

بەرخۆدانی زمانی کوردی لە عێراق بە نۆبەی خۆی بۆتە هۆی هەست بەخۆکردن لە سۆسیال مێدیای ئەوبەری سنوورەکان و هەروەها لە کۆمەڵگەکانی تاراوگەدا. کوردی تاراوگە بەتایبەتی لە ئورووپا بەهێزن، کە لە ماوەی ٦٠ ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە یەک میلیۆن کورد کۆچیان کردووە بۆ ئەوێ، لە سەرەتادا وەک کرێکاری میوان و پاشان وەک پەنابەر کە لە چنگ سەرکوت ڕایان کردووە. بەهۆی ئازادیی ڕێکخستن و هاریکاری لەگەڵ تاقمەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی، کوردەکانی ئورووپا لە ڕاکێشانی وشیاریی جەماوەر لەبارەی پرسی کورد و زەخت خستنە سەر دەوڵەتەکانی ئاڵمان، فەڕانسە و هۆلەند و، هەروەها یەکیەتیی ئورووپا، بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسەتیان بەرامبەر بە ئێران، عێراق، سووریە و تورکیەدا دەوریان هەبووە. لەو بارەوە، گەشە کردنی سۆسیال مێدیای کوردی یامەتیدەریان بووە.

گەشەکردنی زمانی کوردی تەنانەت گەیشتۆتە ئێران و تورکیەش، شوێنێک کە کوردەکان دەسەڵاتیکی کەمیان هەیە. لە ماوەی کرانەوەی کەشی کولتووریی کوردان لە لایەن ئەردۆغانەوە لە ٢٠٠٩ تا ٢٠١٤، دامەزراوەی زمانی کوردی، بڵاوکراوە و قوتابخانەی تایبەتی گەشەیان کرد. ئەو خۆشییە زۆری پێ نەچوو و لە کۆتایی ٢٠١٧، نیزیکەی گشت ئەوانە لە لایەن ئانکاراوە لەنێو چوون، تەنانەت هەتا ئەو جێیە چووە پێش کە بە شێوەی سیستماتیک تابلۆ کوردییەکان، تابلۆی ترافیک و هەروەها تابلۆکانی قوتابخانە و بیناکانی شارەوانی؛ هێنرانە خوار. بەڵام هەموو شتێک نەگەڕاوە سەر دۆخی ڕابردوو، هەندێک زانکۆی تورکیە ئێستاش ئیزنی خوێندنی زمانی کوردی دەدەن و دەوڵەتی تورکیە کاناڵێکی تەلەفزیۆنیی کردۆتەوە کە بەرنامەکانی بە زمانی کوردییە. لە هەمان کاتدا لە ئێران، لە ٢٠١٥ بەولاوە، ڕێگا بە قوتابخانەی خوێندنی باڵا و زانکۆکان دراوە تا کلاسی زمانی کوردی لەو ناوچانەی کە زۆرینەیان کوردن بکەنەوە.

## دروستکردنی نەتەوەیەک

شلبوونەوەی سنوورە فیزیکییەکان لەنێوان کوردەکاندا، دامەزرانی بەڕێوەبەرایەتیی کوردیی وەک حکوومەتی هەرێمی

## بەشی یەکەم

کوردستان، سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی بەهێز لە تاراوگە (بە تایبەتی لە ئوروووپا) و، گەشەکردنی سوسیال مێدیای کوردی و بەرهەمی کولتووری، بەسەر یەکەوە بوونە هۆی بەهێز بوونی پێناسەی پان - کوردی. ئەمڕۆ کوردەکانی ئێران، عێراق، سووریە، تورکیە و ئەوانی تاراوگە هەموو خەریکی گفتوگۆی هاوبەشن. ئەوان یەکگرتوو نین بەڵام ڕۆژانی توندوتیژیی سیاسیی کورد لەگەڵ کورد، کە لە نەوەدەکاندا باو بوو، تێپەڕ بووە، تا ڕادەیەکی زۆر لەبەر ئەوەی کە ویستی جەماوەری بەرگەی ئەوە ناگرێ. کوردەکان سەرجەم پێناسەکانی نەتەوەیەکیان وەدەست هێناوە، جگە لە سەربەخۆیی.

ئەو یەکگرتووییە تازەیە لە سەرهەڵدانی هێزە سەربازییە پان - کوردییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. کوردی تورکیە شانبەشانی یەپەگە لە سووریە شەڕیان کردوە، هەروەک چۆن کوردی سووریە و تورکیە لەنێو هێزە سەربازییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا ئاوێتە بوون. کوردەکانی تاراوگە بە هەمان شێوە خۆبەخشانە جەنگاون، بەتایبەتی لەنێو یەپەگەدا. یەکینەکانی سەربازیی پەکەکە لە عێراق، تورکیە و سووریە هەن و لە ٢٠٠٤ تاقمێکی لایەنگریان لە ئێران دروست کرد. کاڵبوونەوەی سنوورەکانی نێوان کوردان بە شێوەیەکی بەرچاو دوای سەرکەوتنەکانی داعش لە عێراق و سووریە لە هاوینی ٢٠١٤، کە کوردەکانی لە هەردوو وڵات لە مەترسی هاویشت و یارمەتی بە هاوپەیوەندیی نێوان کوردەکان کرد، پەرەی ئەستاند. کاتێک کە تووشی مەترسیی مان و نەمان بوونەوە، کوردەکان پرشوبڵاویی سیاسییان وەلا نا و؛ یەکگرتوو دەرکەوتن. هەرچی زۆرتر بەو شێوەیە دەجووڵێنەوە، زۆرتر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دادەڕێژنەوە.

لە وڵاتانی عێراق و سووریەدا لاوازیی دەوڵەتانی ناوەندی، دەرفەتی خۆبەڕێوەبەرییەک بۆ کوردەکان دەستەبەر دەکەن کە هێشتا بۆ کوردانی ئێران و تورکیە نەهاتوونە پێش. ئەو پرۆسەیە لە عێراق زۆرتر چۆتە پێش، کە لەوێ خۆبەڕێوەبەریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یاسای بنەڕەتیدا پارێزراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان هێشتا ناسکە، هەروەک لە کاردانەوە کارەساتبارەکەی بەغدا بەرامبەر بە ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی لە ٢٠١٧ دیتمان. لە سووریە، کوردەکان لەوانەیە دەرفەتی ڕێککەوتن لەگەڵ ڕێژیمی ئەسەدیان هەبێ کە خۆبەڕێوەبەریی ڕێژەیی ناوچەییان بۆ دەستەبەر بکا.

هێشتا ئاکامێکی ئەوتۆ هیچ گارانتییەکی نییە، بەڵام، کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەو وڵاتە دەبێتە هۆی ئەوە کە کوردەکان بۆ بەزەیی دیمەشق و ئانکارا جێ بمێنن. ئەگەر واش بێ، هەر هەڵمەتێکی ئانکارا یا دیمەشق بۆ لەنێو بردنی یەپەگە، هەر چەند خوێناویش بێ، دەبێتە هۆی کاردانەوەیەکی جیدی لە لایەن کوردان لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. هیچ شتێک بەقەد دەرهەڵبوونەوەی داوود دژی گولیات (مەبەست بەرخۆدانی لایەنێکی لاواز دژی زۆردارێکی مەزنە) نابێتە هۆی دروستکردنی هەستی نەتەوەیی.

بەشی یەکەم

لە تورکیە کوردەکان لە دە ساڵی ڕابردوودا، سەرەڕای خراپتربوونی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی، بەرەوپێش چوونێکی زۆریان تۆمار کردوە. هەوڵەکانی ئەردۆغان بۆ تەگەرە خستنەسەر ڕێگای سەرکەوتنی هەدەپە لە هەڵبژاردن، بە دەستبەسەرکردنی کاندیداکان، داخستنی میدیاکان و، ئەزیەت کردنی دەنگدەرانی کورد، پێشی بەو حیزبە نەگرتووە کە لە هەڵبژاردنە یەک لە دوای یەکەکاندا بێتە نێو پارلمانی تورکیە. (گەلێک لە سیاسەتوانانی هەدەپە، لە نێویاندا ڕێبەری حیزب، سەلاحەدین دەمیرتاش هەر ئێستا لە زیندانن). یاسای بنەڕەتیی نوێی تورکیە، کە لە ڕێفراندۆمی ئاپریلی ٢٠١٧ پەسەند کرا، تورکیەی بۆ سیستمی سەرۆک کۆماری گۆڕیوە و پارلمانی خەساندووە، کەوابوو دەسەڵاتی هەدەپە؛ سەرەڕای ڕێژەی زۆری ئەندامانی تا ڕادەیەکی زۆر سنووردارە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ڕاستییە کە ئەو حیزبە لە هەڵبژاردنەکانی ژووەنی ٢٠١٨، دوای حیزبی فەرمانڕەوا و حیزبی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆن سێهەم هاتەوە، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە پرسی کورد لە سیاسەتی تورکیەدا بە دامەزراوەیی کراوە. سەرکەوتنی هەدەپە پاڵنەرێک دەبێ بۆ وروژاندنی کۆمەڵگەی مەدەنی کورد و، وردە وردە دەبێتە هۆی گەشە کردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی دیکە لە ئۆپۆزیسیۆنی تورکیەدا و، پەرە ئەستاندنی ڕێکخراوە کوردییەکان لە ئورووپا لەوانەیە یارمەتی بکا؛ بۆوەی ئورووپا هەڵوێستی بەرامبەر بە تورکیە بۆ ئاراستەی لایەنگریی زۆرتر لە کوردان بگۆڕێ. ئەوە کوردەکانی تورکیەن کە ئەگەرچی بەسەر باڵی سەربازیی (پەکەکە) و باڵی سیاسیی (هەدەپە)دا دابەش بوون، باشترین پێگەیان بۆ ڕێبەرایەتیکردنی کوردان لە ناوچەکەدا هەیە. هۆیەکەی ئەوەیە کە ئەوان، بە پێچەوانەی کۆمەڵگەکانی کوردیی دیکە، بەشێکن لە وڵاتێک کە لە نێو دامەزراوە ڕۆژئاواییەکاندا هەڵکەوتووە. تەنانەت ئەگەر ئاکاری تورکیە

## لەگەڵ نۆرمەکانی ڕۆژئاوا جیاوازە، کوردانی

## تورکیە سوودیان لە کەوتنە ژێر کاریگەریی بەها و پرەنسیپە ڕۆژئاواییەکان وەرگرتووە.

دۆخی کوردەکانی ئێران، بەهۆی گرژیی پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ دونیای دەرەوە و سروشتی پرنهێنیی خودی ڕێژیم، لە هەمووان ناڕوونترە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕووداوەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکانی ناوچە کوردییەکانی ئێران دەبێ. ئێران هەمیشە سیاسەتێکی فرەلایەنی بەرامبەر بە کوردان ڕەچاو کردووە. لەنێوخۆ، سەرکوتی کردوون، بۆ نموونە لە ڕێگای سەپاندنی حوکمی ئێعدام بە شێوەیەکی بەربڵاو بەسەر چالاکاندا. لە هەمان کاتدا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەک داڕشتووە کە توانیویەتی سەرکەوتووانە لایەنە کوردە

## بەشی یەکەم

ئێرانییەکانی نیشتەجێ لەوێ کۆنترۆڵ بکا. لەگەڵ ئەوەشدا، هاوکات کە ئێران لە ناوچەکەدا خۆی لەژێر فشار دەبینێ، ڕێبەرانی ئێران نیگەرانی سەقامگیریی ڕژێمەکەیان و خراپتر بوونی ئابووریی وڵاتن، دەوڵەتی ناوەندی لەوانەیە کوردەکان وەک هەڕەشەیەکی مەزنتر سەیر بکا. کوردەکانی ئێران ئەزموونێکی کەمیان لە خۆبەڕێوەبەریدا هەیە و، دەیان ساڵە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکدا دەژین کە خۆ لە هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ژیانی ڕۆژانەیان وەردەدا. بەڵام ئێران، هەر وەک سووریە، دەوڵەتێکی لەرزۆکە. ئاڵوگۆڕ لە ناوەندەوە دەست پێدەکا. هەرچی شوناسی پان - کوردی و باوەڕبەخۆبوون بەهێزتر بێ، زۆرتر وێدەچێ کە کوردەکانی ئێران ئامادەی ناسەقامگیری لە تاران بن.

لە کۆتاییدا، وڵاتە یەکگرتووەکان تاقە گرینگترین ئەکتەرێک دەمێنێتەوە کە داهاتووی کوردان دیاری دەکا، بەتایبەتی لە عێراق و سووریە. لەوانەیە ترامپ هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ یەپەگە کۆتایی پێ بێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکانی سووریە سوود لە پەیوەندییەکە وەردەگرن، چونکە پێشووتر لە لایەن خاوەن هێزەکانی دەرەوە وەک ناگرینگترین حەشیمەتی کورد لە ناوچەدا سەیر دەکران. ئێستا ئەوان لەسەر نەخشەن: چەند کاتژمێر دوای ئەوەی کە ترامپ ڕایگەیاند کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە سووریە دەکشێتەوە، وتەبێژێکی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەڕانسە ئیدیعای کرد کە فەڕانسە «ئاسایشی کوردەکانی سووریە مسۆگەر دەکا». لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستی واشینگتۆن کوردەکانی سووریە ناچار دەکا کە پێشتر لە کاتی دیاریکراودا و لە دۆخێکی لاوازتردا وتوویژ لەگەڵ دیمەشق بکەن. لەوەش بەولاوە، پاشەکشەی تەوای وڵاتە یەکگرتووەکان، دەتوانێ ببێتە هۆی تێکچوونی بالانس لە نێوان خاوەن هێزەکانی سووریەدا، کە ئاکامەکەی بۆ کوردان کارەساتبار دەبێ.

کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە نێویاندا وەزیری کاروباری دەرەوە و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، جان بۆڵتۆن، کە نیگەرانی ئەو کاردانەوانە بوون، هەڕەشەیان لە تورکیە کردوە کە لە باکووری سووریە دژی کوردان دەستێوەردان نەکا.

وڵاتە یەکگرتووەکان کە تووشی گرێپوچکەی بێکۆتایی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە، هەست دەکا کە خۆدەربازکردن لێی دژوارە. واشینگتۆن دەبێ گشت توانایی باوەڕپێهێنانی خۆی لەکار بکا تا دڵنیا بێ کە کوردەکان لە لایەن ئانکارا، دیمەشق و دەسەڵاتە ناوچەییەکانی دیکەوە تێک نەشکێ. ئەوە، بە نۆبەی خۆی، ئاستێک لە هاوتەریبیی بەرژەوەندی و سیاسەت دەخوازێ، کە پێشووتر لە بەڕێوەبەریی ترامپدا نەبینراوە. بەڵام لەبەر ئەوەی کە وڵاتە یەکگرتوەکان دێموکراسی، مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی کەمینەکانی بۆ گرینگە، دەبێ پشتیوانی لە کوردەکان لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە چوارچێوەی دەوڵەت - نەتەوەکانی مەوجووددا بکا. تەنانەت ئەگەر ترامپ نەشیهەوێ سەرمایەی سیاسیی پێویست بۆ پشتگیریی کوردەکان تەرخان بکا، ناوەندی خاوەن هێز و نفووزی ئەوتۆ لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەن، وەک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی؛ کە دەتوانن ئەو کارە بکەن.

## بەشی یەکەم

بەڵام لە داهاتووی نیزیکدا هەر شتێک ڕوو بدا، گەڕانەوە بۆ دۆخی چەند دەیە لەوەپێش، بەر لە دەستێوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەدا کە کوردەکانی بە شێوەیەکی بنەڕەتی هێنایە سەر ڕێبازێکی نوێ؛ مەحاڵە.

سەرەڕای نسکۆ یەک لەدوای یەکەکان، سەرکوتی بێپسانەوە و، سەدەیەک نەبوونی کیانی سەربەخۆ، کوردەکان لە کۆتاییدا وەک گەلێکی یەکگرتوو سەریان هەڵداوە. دەوڵەتی کورد لەوانەیە زۆری مابێ، بەڵام ئەگەر دامەزرێ، خەڵکی هەیە کە ببێتە حەشیمەتی ئەوێ.

**سەرچاوە:**

https://www.foreignaffairs.com/articles/turkey/2019-02-12/kurdish-awakening

(لە ژمارەی ٧٤٧ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠١٩

## نفوزی تێرۆریستیی ئێران لە ڕۆژئاوا دەکرێ چێ لەگەڵ بکرێ؟

سەرۆککۆمار ترامپ سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستیی بیانی ناساند. ئەو کارە دەبوو زووتر کرابا. سپای قودس خەڵکی وڵاتە یەکگرتووەکانی لەدەرووەی ئامریکا کردۆتە ئامانج و یارمەتی دارایی، ئەندام و کەرەستەی بۆ ڕێکخراوی تێرۆریستیی کە لە چوار گۆشە دنیادا قوتی کردوونەوە دابین کردوە.

سپای پاسداران بە شێوەیەکی پەرەئەستێن دەوری سەرەکیی لە پەرەپێدانی نفوزی ئێران لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا هەبووە و لە بواری جوغرافیاییەوە خۆی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان نزیک کردۆتەوە. ئەو تاقمە تێرۆریستییە بە هەمان شێوە بۆتە بەشێکی جیانەکراو لە کردارەکانی دەوڵەتی ئێران دژی نزیکترین هاوپەیمانی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئیسرائیل، و ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە بەرپرسی ڕاهێنانی ڕێکخراوی تێرۆریستیی تاڵەبان لە ئەفغانستانە بۆوەی هێزەکانی ئامریکایی بکوژن. بە گوتەی پسپۆڕان، ئەو هەنگاوە نوێیەی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ گوشار دەخاتە سەر ڕێژیمی ئێران و هەروەها ئەو وڵاتانەی کە هەوڵی بێ ئاکامکردنی ئابلۆقەکان بدەن.

ڕۆژی دووشەممە سەرۆک کۆمار ترامپ لە لێدوانێکدا لە کۆشکی سپی گوتی: «ئەو هەنگاوە کە یەکەم جارە، و وەزارەتی دەرەوە بەڕێوەی دەبا، ئیعتراف بەو ڕاستییە دەکا کە ئێران نە تەنیا پشتیوانی دەوڵەتیی تێرۆریزمە، بەڵکوو سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی بەشدارە لە دابین کردنی دارایی و برەودان بە تێرۆریزم وەک ئامرازی دەوڵەتداریی. سپای پاسداران کەرەستەی سەرەکیی دەوڵەتی ئێران بۆ بەڕیوەبەریی و ئەنجامدانی هەڵمەتی تێرۆریستیی جیهانییە.»

بەڵام هەندێک کاربەدەستی هەواڵگریی لەسەر ئەو بڕوایەن کە بەڕێوەبەرایەتی ترامپ پێویستە هەنگاوێک زیاتر باوێ و بەڕێوەبەرانی سپای پاسداران و دەزگای هەواڵگریی ئێران وەک تێرۆریست بناسێنێ.

### بێگومان سپای پاسداران ڕێکخراوێکی تێرۆریستییە

ئێران گەورەترین پشتیوانی تێرۆریزمی دەوڵەتیی لە جیهانە و بە تێرۆریست ناسێنرانەکە یەکەم هەنگاو بۆ کەمکردنەوەی هەوڵەکانی ڕێژیمە لە سەرانسەری جیهان. ئەندامی ناسراوی کۆمیسیۆنی هەواڵگریی کۆنگرە، سەر بە حیزبی کۆماریخواز، دێڤین نونێز، زۆر دەمێکە کە پێداگر بووە کە سپای پاسداران هەڕەشەیەکە بۆ سەر ئاسایشی جیهان. جگە لەوە، ئەو

ڕێکخراوە تیرۆریستییە کەرەستە، ڕاهێنـان و پشتیوانی دارایی دەداتە ڕێکخراوی تیرۆریستی لە ئەفغانستان و عێراق کە هێزەکانی ئێمەیان لەدەروەی وڵات کوشتووە.

نونێز بە ماڵپەڕی سارا کارتەری ڕاگەیاند کە ئەو پشتگیریی لە بڕیاری بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەکا، کە هەر کەسێک کە مامەڵە لەگەڵ سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بکا تووشی مەترسیی لێپرسینەوە لە لایەن سیستەمی دادوەریی ئامریکا لەبەر یارمەتیدان بە تاقمێکی تیرۆریستیی دەبێتەوە. ئەو ئەوەشی زیاد کرد کە: «سپای پاسداران بێگومان ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانییە، من نازانم چۆن ئەوە بۆ مشتومڕ دەبێ؟»

بە گوتەی جیم فیلیپس، لێکۆڵەرێکی پایەبەرزی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دامەزراوەی هەریتێج، ئەو بڕیارە بۆ مشتومڕ نابێ. فیلیپس ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو دیاریکرانە یارمەتی بە وڵاتە یەکگرتووەکان دەکا تا ئابلۆقەی ئابووری بەسەردا بسەپێنێ.

فیلیپس گوتی: «دیاریکرانی سپا وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی ئابلۆقە داراییەکان دژی سپای پاسداران و سەرجەم لایەنی بیانیی کە لەگەڵیدا یا لەگەڵ کۆمپانیاکانی سەر بە ئەوان مامەڵە دەکەن خێرا دەکا، ئەوە دەبێتە هۆی وێشککردنی سامانەکانی سپای پاسداران کە دەنا بۆ پشتگیریی بەرنامەکانی خۆی یا ڕایەڵە تیرۆریستییەکانی سەر بە خۆی کەڵکیان لێ وەردەگرێ. ئاکامی کۆتایی ئەوە دەبێ کە ئامرازی زۆرتر بخاتە بە دەرست بەڕیوەبەرایەتی ترامپ تا بتوانێ ئەوپەڕی گوشار بخاتە سەر ئێران.»

فیلیپس جەختی کردەوە کە جگە لە ئێران، «ئەو وڵاتانەی کە زۆرترین زەرەر لە ئابلۆقە نوێیەکان دەکەن عێراق، سورییە، لوبنان و تورکیە دەبن چونکە پەیوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ تاران بەردەوامە. بەڵام، من گومانم لەوەدا هەیە کە هەرکام لەو وڵاتانە بە ویستی خۆیان بیانهەوێ ملکەچی ئەو ئابلۆقانە بن.»

## ئێران لە ڕۆژئاوای گۆی زەوی

لێکۆڵینەوەی ورد لە بارەی ئاکارەکانی ئێران لە ڕاپۆرتێکی ساڵی ٢٠١٥دا بۆ کۆمیسیۆنەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا باسیان لێوە کراوە. سکات مادیڵ، ڕاوێژکارێکی پایەبەرزی ناوەندی ستراتێژیک و لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی باسی تەشەنەکردنی ترسناکی سەربازی و هەواڵگریی ئێران لە ناوچە و دەوری سەرەکیی سپای پاسدارانی

شۆڕشی ئیسلامی دەکا.

ئەوە سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی، باڵی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکان، واتە سپای قودس، وەزارەتی ئەمنییەت و هەواڵگریی ئێران، بەکرێگیراوە تێرۆریستەکانی ئێران، کە ناسیاوترینیان حیزبوڵڵای لوبنانە، ڕایەڵەیەکی ناوەندی ئیسلامی، دامەزراوە، ناوەندی بەناو خێرخوازیی، مزگەوت، باڵوێزەکانی ئێران (کە زۆر جار ئەندامی سپای پاسداران و وەزارەتی هەواڵگرین) و کارمەندی دیکەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە و ڕایەڵەیەکی پەرەئەستێنی جیهانیی سیخوڕ، بە کرێگیراو و کاربەڕێکەر دەگرێتەوە کە چالاکیی جۆراجۆری نایاسایی، لە کڕین و فرۆشی چەکوچۆڵ و ماددەی سڕکەر تا قاچاخچییەتی مرۆڤ و دابینکردنی کەرەستەی بەرنامەی ئەتۆمیی بەڕێوە دەبەن.

لە کاتێکدا کە هەوڵە بەرزەفڕانەکەی ئێران بۆ هەناردەکردنی شۆڕشەکەی لە دنیای ئیسلامیدا بەڕێوە چووە، لە ساڵی ٢٠٠٥ بەولاوە بە شێوەیەکی بەرچاو هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی دەستڕۆیشتوویی لە وڵات و ناوچەی ستراتیژیک کە بتوانن وەک هاوبەش لە ڕایەڵەیەکی جیهانی بۆ دژایەتیکردنی سیاسەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بجووڵێنەوە چڕ کردۆتەوە. ئێران بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە هەندێک وڵاتانی ئامریکای لاتین بە ڕێبەریی ڤێنێزوئێلا بۆ پووچەڵکردنەوەی ئابلۆقەکان بەستووە. ئەوان ئاسانکارییان بۆ مامەڵەی نەوتی ئێران کردووە، بواری دەستڕاگەیشتن بە سیستەمی بانکیی جیهانی، بۆ بەرپەرچدانەوە ئابلۆقەکانی ئورووپایی و وڵاتەیەکگرتووەکانیان، خۆش کردووە و ئاسانکارییان بۆ ئێران کردووە تا بتوانێ کەرستەی سەربازیی ئاسایی و ئەتۆمییش دابین بکا.

شێوەی بەرپەرچدانەوەی ئێران بە ئابلۆقەکان و چۆن ئامریکا لە کاریگەر بوونی ئەوان دڵنیا دەبێ ماوەتەوە ئاشکرا بێ. ئەوەش تا ئێستا ئاشکرا نییە کە ئاخۆ دیاریکردنی سپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی چ کاریگەرییەکی لە سەر سنووردارکردنی نفوزی ئێران لە ڕۆژئاوای گۆی زەویدا دەبێ.

## ئۆپەراسیۆنە سەربازییە شاراوە و ئاشکراکانی سپای پاسداران

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی ئێمە لە کاربەدەستانی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ناوەندی ئامریکا دەستمان کەوتووە، سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی خەریکی ئۆپەراسیۆنی بەربڵاوی سەربازیی شاراوە و ئاشکرایە لە وڵاتانی ئامریکای لاتین و ئامریکای باشوور.

ئێران لێبڕاوانە هەوڵی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی بۆ بازاڕە گەشەئەستێنەکانی ئامریکای باشوور و ناوەند داوە. لە ئاکامدا، ڕێژیم پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ ڕێژیمە دیکتاتۆرە کۆمۆنیست - سوسیالیستەکانی وەک ڤێنێزوئێلا و بولیوی درووست کردووە. جگە لەوە، نفوزی ئێران لە ڕۆژئاوای گۆی زەوی تەنیا هەڕەشەی زارەکیی نییە بەڵکو شتێکی زۆر ڕاستەقینەیە.

لە ٢٠١٣، جۆبی واریک هەواڵنێری واشینگتۆن پۆست وتارێکی وردبینانە و نایابی بڵاو کردەوە کە تیایدا باسی تەشەنەی هەواڵگری و یارگیریی ئێران لە مەکزیکی کردبوو. لە ٢٠١٢، کەسێک بە ناوی مەنسوور ئەرباسیار کە لە تێکزاسی ئامریکا دەژیا، ئیعترافی کرد کە یارمەتیی ئێرانی کردووە تا دیپلۆماتێکی سعودی لە واشینگتۆن لە گەڕەکی بەناوبانگی جۆرجتاون بکوژێ. بێجگە لەوە، خولیای ئێران بۆ نفوز لەو ناوچەیە تا ڕاددەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ویستی ئەو بەرامبەر بە دوژمنەکەی واتە ویلایەتە یەکگرتووەکان.

لەمێژ ساڵە کە ئێران ڤێنێزوئێلای وەک دەروازەیەکی ڕاستەوخۆ لە ناوچەکەدا بەکار هێناوە. کاربەدەستە پایەبەرزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کاربەدستانی هەواڵگریی ڕۆژئاوایی لە ناوچەکەدا لە ماوەی ١٦ ساڵی ڕابردوودا دیتوویانە کە ئەو هەوڵانە بەردەوام زیادیان کردووە. هەواڵگریی ئێران و ئەفسەرانی سپای پاسداران زۆر جار ڕاستەوخۆ بە فڕۆکە لە تارانەوە دەفڕن بۆ کاراکاس. جگە لەوە، کاتێک کە کاربەدەستانی هەواڵگریی ئێران لە ڤێنێزوئێلا بن، دەتوانن بە ئاسانی لە سەرانسەری ناوچە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ لە ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکان بکەن.

کاربەدەستە پایەبەرزەکانی سپای پاسداران و هەروەها کاربەدەستانی وەزارەتی هەواڵگری و کاربەدەستانی ئەمنییەتیی دیکەی ئێران زۆرجار لە نێوان تاران و ئامریکای باشوور و ئامریکای ناوەند لە هاتووچۆ دان. کاربەدەستێکی پۆلیسی فێدێراڵ کە لە ناوچەکەدا کاری بۆ هەواڵگریی ویلایەتە یەکگرتووەکان کردووە گوتی: «لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو کە لە دە ساڵی ڕابردوودا ئەو هاتۆچۆیە لە ژێر چاودێری بگری چونکە لە سەردەمی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆبامادا لەچاو بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ، ئەو شتە پشتگوێ دەخرا.»

## دیاریکردنی تاکەکانی نێو سپای پاسداران و هەواڵگریی ئێران وەک تێرۆریست

بە پێچەوانە، هەندێک کەس دەڵێن کە دیاریکردنی سپا وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ئاسەوارێکی ئەوتۆی نابێ. چەند کاربەدەستی هەواڵگریی پێیان وایە کە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ پێویستە بیر لە دیاریکردنی کاربەدەستانی سپای پاسداران وەک تێرۆریست بکاتەوە.

کاربەدەستێکی پێشووی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان کە زانیاریی ڕاستەوخۆی لە سەر ناوچەکە هەیە گوتی، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ لە ڕێگای بە تێرۆریست ناساندنی کاربەدەستە پایەبەرزەکانی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی گوشار بخاتە سەر ڕێژیم و توانایی ئەو سنووردار بکا.

ئەو کاربەدەستە گوتی: «دەستنیشانکردنی سپای پاسداران وەک تێرۆریست کورتبینانەیە، ڕێکخراوەکە چەند باسکی شاراوەی وەک دابینکردن و پشتیوانیی دارایی بۆ سپای قودس، حیزبوڵڵای لوبنان، و چەند تاقمی میلیشیایی لە عێراق و سوورییە هەن.» ئەو کاربەدەستەی پێشوو گوتی کە کاریگەرترین ڕێگا بۆ بە ئامانج کردنی سپای قودس «ئابلۆقەی تاکەکەسی» و «دیاریکردنی کاربەدەستانی سپای پاسداران، بەکرێگیراوە ناوچەییەکانی و ڕێبەری و بەڕێوەبەرانیەتی وەک تێرۆریست.»

ئەو کاربەدەستە هەواڵگرییە ئەوەشی زیاد کرد: «تۆ دەتوانی ناو و ڕوخسار، حیسابی بانکی و کۆمپانیای بازرگانی ئەوان دەستنیشان بکەی و بەڕاستی زەرەرمەندییان بکەی. ئەوەیە جیاوازیی نێوان یەکجار تەقەکردن لە سپای پاسداران لەگەڵ هەنگاوتنی پەیتا پەیتای تەک تیرئەنداز کە دەبێتە هۆی دارمانی سامان و دامەزراوە شاراوەکانی ئەوان کە بە چەندین ساڵ کۆیان کردۆتەوە. لیستەی دامەزراوەی کۆنترۆڵی سامانی دەرەکیی (سەر بە وەزارەتی دارایی وڵاتە یەکگرتووەکان. و.) چەکێکی بەهێزە و تۆ دەتوانی پێش بە مامەڵەی بانکیی ئەوان یا کەڵکوەرگرتن لە دۆلار لە لایەن ئەوانەوە بگری. بیرۆکەی ئابلۆقەکان دەبێ هەنگێو و بەژان بێ.»

(لە ژمارەی ٧٤٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٩

## گۆڕینی ڕێژیمەکانی ئێران و ڤێنێزوئێلا*

### کریستیان ساینس مۆنیتۆر - هاوارد لافرانچی

هەڵوێستی توندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لەبارەی سەپاندنی ئابلۆقەی نەوت بەسەر ئێران و ڤێنێزوئێلا وێدەچێ بە ئاشکرا ئامانجەکەی گۆڕینی ڕێژیم بێ. بەڵام تا ئێستا پێشینەی نەبووە کە ئەو کارە وا بە ئاسانی بکرێ، بۆیە وێدەچێ شتێکی دیکەی لە پشت بێ.

بە چاوپێداخشاندنێکی سەرەتایی وا دێتە بەرچاو کە کاراکاس و تاران کەم شتی هاوبەشیان هەبێ. بەڵام بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ، دەوڵەتەکانی پێتەختەکانی ڤێنێزوئێلای ئامریکای باشوور و ئێرانی فارس وەک دووانەی یەک دەبینێ، کە خەڵکی خۆیان سەرکوت دەکەن و گەمەکەرێکی بەدخواز لە ناوچەدان، بۆیە دەبێ بڕۆن.

لە بەر ئەو هۆیە، بە پێچەوانەی سیاسەتێکی دەرەوە کە زۆر جار کاری بە حاکمە سەرەڕۆکان نەداوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان لەژێر بەڕێوەبەریی ترامپدا توندترین ئابلۆقەی تا ئێستای بە سەر ڕێژیمی سۆسیالیستیی نیکۆلاس مادورۆ لە ڤێنێزوئێلا و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئایەتوڵلاکان لە ئێراندا سەپاندوە.

هەر ئەم حەوتوویە، وەزیری کاروباری دەرەوە، مایک پۆمپێئۆ دونیا و بە تایبەتی هەندێک لە هاوبەشەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی تووشی سەرسووڕمان کرد کاتێک کە ڕایگەیاند کە حەوتووی داهاتوو (دووی مانگی مای)، ویلایەتە یەکگرتووەکان چیدیکە ئیجازە بە وڵاتان نادا کە نەوتی ئێران هاوردە بکەن و ئابلۆقە بەسەر ئەو وڵاتانەدا دەسەپێنێ کە درێژە بە کڕینی نەوتی خاوی ئێران بدەن.

لەو کاتەوە سەرۆککۆمار ترامپ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ ئێران (بەرجام) جێهێشت، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا ڕێگای بە کڕیارە مەزنەکانی نەوتی ئێران وەک چین، هیندوستان، کۆرەی باشوور، تایوان و تورکیە دا کە سەرەڕای ئابلۆقەکان درێژە بە هاوردە کردنی نەوتی ئێران بدەن. ئامانجی کۆتایی هێنان بەو ڕیزپەڕە، بە وتەی ئاغای پۆمپێئۆ، ئەوەیە کە ئاستی هەناردە کردنی نەوتی ئێران بگەیەنێتە خاڵی سفر. ئەو ئامانجە شتێکی ئاشنا بوو، چونکە

## بەشی یەکەم

بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بە هەمان شێوە ئابلۆقەی خستبووە سەر کۆمپانیای دەوڵەتیی ڤێنێزوێلا، پی دی وی ئێس ئەی، بۆ ئەوەی کە سەرچاوەی داهاتی دەوڵەتی مادورۆ وشک بکا.

بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ ئامانجەکانی لە ڤێنێزوێلا نەشاردوونەوە: بەکارهێنانی ئابلۆقەکان بۆ بە چۆکداهێنانی سەرۆککۆمار مادورۆ و هێنانە سەر کاری ڕێبەری ئۆپۆزیسیۆن و خۆ بە سەرۆککۆماری ڕەوازان خوان گوایدۆ. بەڵام لە پەیوەندیی لەگەڵ ئێران، ویلایەتە یەکگرتووەکان دەڵێ کە ئامانجی ئاڵوگۆڕی ڕێژەیی کرداری ئەو ڕێژیمەیە کە پێی وایە پشتیوانی سەرەکیی تێرۆریزمە لە جیهاندا. بەڵام بۆ زۆر پسپۆڕ بەکارهێنانی ئابلۆقەی ئابووری و سنووردار کردنەکان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ یەک ئامانجی بێ ئەملاو و ئەولایان هەیە.

جۆرج لۆپێز، پسپۆڕێکی بواری ئابلۆقەی ئابووری و ئاسایش و هەروەها پرۆفێسۆری لێکۆڵینەوەی ئاشتی لە زانکۆی نۆتردام لە ویلایەتی ئیندیانا دەڵێ: «ئەوان بەرامبەر بە ڤێنێزوێلا و ئێران ئامانجیان گۆڕینی ڕێژیمە. بە ڕاستی هیچ ئاڵوگۆڕی سیاسی یا ئامانج ناتوانێ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ڕازی بکا تا هەنگاوە تاکلایەنەکانیان بگۆڕن.» بەو شێوەیە پسپۆڕان ئەوەش زیاد دەکەن کە تا ئێستا پێشینەی نەبووە کە نیشان بدا کە ئابلۆقەی ئابووری، هەرچەند سخت و دژواریش بن، ببنە هۆی گۆڕانی ڕێژیم.

جیم والش، توێژەرێکی پایەبەرز لە ئەنستیتۆی تەکنەلۆژیای ماساچوسێت بەشی لێکۆڵینەوەی ئاسایش لە کەمبریج و پسپۆڕی بواری کاریگەریی ئابلۆقەی ئابووری دژی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و کۆرەی باکوور دەڵێ: «ئەگەر مەبەستمان لە «کاریگەربوون» سەپاندنی تێچوونە، بەڵێ ئێمە دەتوانین تێچوو بسەپێنین، تەنانەت تێچووی گەلێک بەرچاو. بەڵام ئەگەر مەبەستمان لە «کاریگەر بوون» بەچۆکداهاتن و تەسلیم بوون بەرامبەر بە ئێمەیە، ئەوە زۆر ڕوون نییە.» و لە پەیوەندی لەگەڵ گۆڕینی ڕەفتاردا ئەو دەڵێ: «ئێمە لە هەموو نموونەکان ڕا دەزانین کە بەکارهێنانی ئابلۆقە زۆر کاریگەر نییە.»

بەشێکی دیکە لەوەش بە گومانترن. سوزان مالۆنی، پسپۆڕێکی بواری ئێران و جێگری سەرۆکی ئەنستیتۆی بروکینگ بەشی سیاسەتی دەرەوە لە لێکدانەوەیەکی بروکینگز لەبارەی ڕاگەیاندنی وەزیری کاروبارەی دەرەوە پۆمپێۆ لە ڕۆژی دووشەممە دەڵێ: «هیچ نموونەیەک بۆ ئەوەی کە هەرەسهێنانی ئابووری لەنێوخۆ بە هۆی زەختی دەرەکی ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕی سەرکەوتووانە لە ڕێژیمێکی دیکتاتۆری سەقامگیردا بەرەو دێموکراسی بەردەوام و باشتر بوونی سەقامگیریی لە ناوچەدا بوونی نییە.»

## بەشی یەکەم

پسپۆڕانی گەمارۆی ئابووری دەڵێن کە کاکڵی سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتی ترامپ بەرامبەر بە ئێران و ڤێنێزوێلا وەلانانی بەکارهێنانی ئابلۆقەکان بە شێوەیەکی نەریتی وەک یەکێک لە چەند ئامرازی دیپلۆماتیک بۆ چارەسەری ناکۆکی یا پاشەکشە کردن بە دژبەرێکە. ئەوەی ئێستا بەدی دەکرێ پێناسەیەکی بێ وێنە لە ئابلۆقە وەک گۆپاڵێک بۆ بەچۆکداهێنانی دژبەرە بۆ تەسلیم بوون.

بۆ هەندێک لێکۆڵەرەوە، ئەو گۆڕانەی شێوەی کەڵکوەرگرتن لە ئابلۆقان داهێنانی ئاغای ترامپە کە لەماوەی سەردەمی دوورودرێژی وەک بازرگان کەڵکی لێ وەرگرتوە، بە هەمان شێوە ڕوانگەی ناوبراو لەبارەی ئابووری وڵاتە یەکگرتووەکان و دەوری جیهانیی ئامریکا لە بازارە بازرگانییەکانی دونیا وەک چەکێکی بێ وێنە بۆ سەپاندنی یەکلایەنەی ئاڵوگۆڕە.

پرۆفێسوۆ لۆپێز دەڵێ: «ڕوانگەی ترامپ لەبارەی ئابلۆقە ئەوەیە کە کاتێک کە تۆ خاوەن هێزێکی ئابووریت، دەتوانی پێ لەسەر گەرووی هەر لایەنێک دانێی، و ئەوان درەنگ یا زوو تەسلیم دەبن چونکە ڕێگاچارەیەکی دیکەیان نییە.» ئەو ئەوەش زیاد دەکا کە، «ئێستا ناوبراو ئەو شێوە لە سیاسەتی دەرەوە بەکار دێنێ، بەو بۆچوونەوە کە تا ئێستا هێزی ئابووریی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە شێوەیکی باش و بەو پەڕی تواناییەوە کەڵکی لێ وەرنەگیراوە.»

هەندێک پسپۆڕی نێونەتەوەیی ئابووری دەڵێن ئاغای ترامپ قومارێکی گەورە بە تواناییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئاستی ئابووری نێونەتەوەیی بە کەڵک وەرگرتنی لە ڕادەبەدەر لە ئابلۆقەکان دەکا. ئەوان هۆشداریی دەدەن کە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لەوانەیە ببێتە هۆی لاوازیی دەسەڵاتی نێونەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکان بە هۆی ڕەفتاری هاوشێوە لەگەڵ هاوپەیمان و دژبەرەکانی تا ئەوان ڕێگاچارەیەک بۆ زاڵبوونی وڵاتە یەکگرتووەکان بەسەر سیستەمی ئابووری جیهانیدا بدۆزنەوە.

و لە کاتێکدا کە پسپۆڕانی ئابلۆقە ئاماژە بە بیرۆکەی سەرەکیی تیمی ڕاوێژکارانی ئاسایشی ئاغای ترامپ بۆ کەڵکوەرگرتنی یەکلایەنە لە ئابلۆقان دەکەن، بە تایبەتی بەشی دووهەم کە لە بارەی سزادانی هاوپەیمانەکان و هاوبەشەکانە، ئەوان دەبینن کە سەرۆککۆمار لاینگرێکی قورس و قایمی بۆ ڕوانگەی خۆی لە بارەی ئابلۆقەکاندا دیتۆتەوە کە ئەویش جان بۆڵتۆن ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییە.

بەڕاستی ئاغای بۆڵتۆن زۆر دەمێکە کە بە ئاشکرا باسی گۆڕینی ڕێژیمی تارانی کردوە و یەکێک لەو کەسانەیە کە زۆر خوازیاری لەسەر کار لابردنی ئاغای مادورۆیە.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

بە گوتەی پسپۆڕان مەسەلە ئەوە نییە کە ئابلۆقە ناکاریگەر بن، مەسەلەکە ئەوەیە کە مێژوو نیشانی داوە کە بە تەنیا کاریگەر نین، و کەڵک وەرگرتنی لە ڕاددەبەدەر لەوان دەبێتە هۆی ئەوەی کە دژبەرەکان پێداگریی بکەن و توندئاژۆکانی ڕێژیم بەسەر میانڕەوەکاندا زاڵ بن کە لایەنگری سازش وەک بەشێک لە سیاسەتن.

**وەک خانمی مالۆنی لە ئەنستیتۆی بروکینز ئاماژەی پێدەکا:** ڕێبەرانی ئێران کە بە شێوەی نەریتی «دژی وتوویژ بوون» دوای ئەوەی کە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما «گەمارۆی بێ وێنەی» لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١٠ تا ٢٠١٣ بەسەردا سەپاندن لەناکاو هەستیان بە پێویستیی گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان و لایەنە نێونەتەوەییەکان لە سەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران کرد.

**ئەو دەڵێ؛** ئەوەی کە ویستی ئێران بۆ وتوویژ نیشان دەدا، ئەوەیە کە «ئەو لۆژیکە کە زەختی لە ڕاددەبەدەر تارانی سەرکێش ناچار دەکا خۆی تەسلیم بکا بە تەواوی نارێئالیستییە.»

**هەندێک پسپۆڕی دیکە ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئابلۆقە نەخشیان هەبوو لە کۆتاییهێنان بە شەڕی نێوخۆ لە لیبێریا و سییەرالیۆن و سەقامگیر کردنی دێموکراسی لە وڵاتی پەڕاوی عاج.**

بەڵام ئەوان لەسەر ئەو بۆچوونە پێداگرن کە ئەو ئابلۆقانە لەو مەسەلانەدا و هەروەها بەرامبەر ئێران تەنیا بۆیە کاریگەر بوون چونکە بەشێک بوون لە پاکێجی سیاسیی گێزەر و قامچی، نەوەک چەکێکی سەپاندنی هێزی تاکلایەنە.

**پرۆفێسۆر لۆپێز دەڵێ؛** «ئاکامی ئابلۆقان هەمیشە لە کۆتاییدا دەردەکەوێ، بۆ گەیشتن بەو سازشەی کە مەبەستتە و کە بێ ئەو ئابلۆقانە دەستەبەر نەدەبوو، بەڵام ئەوەی کە ئێمە ئێستا بەرامبەر بە ئێران و ڤێنێزوئێلا دەیکەین، وێدەچێ کە هەنگاوێکی لە ڕاددەبەدەر لە لایەن ئەو بەڕێوەبەرایەتییەوە بێ.»

**پسپۆڕان دەڵێن؛** کە بەڕێوەبەرایەتی ترامپ بەڕاستی نایهەوێ ئابلۆقان وەک ئەوانی پێشوو بە سەر ئێران و ڤێنێزوئێلادا بسەپێنێ، چونکە ئەو بەتەمای ئاکامی نەریتیی سازان و دەستکەوت نییە.

**وەزیری کاروباری دەرەوە پۆمپیۆ نەخشەیەکی ١٢ خاڵی پێشکەش کردوە کە ئێران دەبێ جێبەجێی بکا تا ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بە تەواوی هەڵگیرێن. بەڵام دوکتور واڵش دەڵێ؛** «بەکارهێنانی دیپلۆماسی بۆ داوای گۆڕینی ڕەفتار

لە دژبەرەکەت شتێکە، بەڵام بە ئامانج گرتنی پێناسەی وڵاتێک شتێکی دیکەیە. و ئەگەر چاو لە دوازدە خاڵەکەی پۆمپێۆ بکەی بۆت دەردەکەوێ کە ئەوان بە کردەوە دەڵێن ئێمە بە هیچ شتێک کەمتر لە گۆڕینی تەواوەتی پێناسەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕازی نابین.»

**دوکتور واڵش دەڵێ؛** هەرچۆنێک بێ ئەو لەوە بەگومانە کە نەخشەی کۆشکی سپی گۆڕینی ڕێژیم یا دەستەمۆ کردنی بێ. لە جیاتان، ئەو پێی وایە کە کۆشکی سپی دەزانێ کە گۆڕینی ڕێژیم لە ڕێگای ئابلۆقەوە ئامانجێکی دوورە دەستە، بۆیە نەخشەی دووهەمی هەیە کە بە کەڵک وەرگرتن لە ئابلۆقەی نەوت توندئاژۆکانی ڕێژیم لەداو هاوێ کە هەنگاوی وا باوێن کە ببێتە هۆی خۆشکردنی ڕێگا بۆ هێرشی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان.

**ئەو دەڵێ؛** «شکی من ئەوەیە کە ئامانجی ڕاستەقینەی هەموو ئەوانە ئەوەیە کە ئێرانییەکان بخزێننە قوژبنێک تا ئەوان هیچ ڕێگا چارەیەکیان نەبێ مەگەر ئەوەی کە بەرجام جێهێڵن، کە سەرەڕای جێهێشتنی لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، ئێران هێشتا جێی نەهێشتووە. و ئەگەر ئەوان ئەو کارە بکەن و کارێک بکەن بۆ کڕینەوەی ئابڕووی خۆیان، وەک دامەزراندنی سانتریفیوژی نوێ یا بردنە سەری ئاستی پیتاندنی ئورانیۆم، ئەوکات هەلی لەبار بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازیی دژی ئەو دامەزراوانە دەستەبەر دەبێ.»

(لە ژمارەی ٧٤٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٩

## تای ئاشتی

### واشینگتۆن فری بیکن - ماتیو کۆنتینەتتی

هەرچی دژی پەلە بۆ شەڕە، ڕەنگبێ گاگۆڵکە بۆ ئاشتی بێ، ئامریکا لە نێوەڕاستی دۆخێکی ئەوتۆ دا. دوای ٥ی مای، کاتێک کە جان بۆڵتۆن ناردنی پاپۆڕی ئابراهام لینکۆڵنی بۆ کەنداوی فارس، وەک وەڵامێک بۆ ئەگەری هێرشی ئێران ڕاگەیاند، چاپەمەنی و میدیاکان گەروویان بە هاوار بۆ داواکاریی ددان بەجەرگداگرتن، گرتنەبەری ڕێکاری سیاسی لە لایەن ئامریکاوە و داواکاریی بۆ ڕاکێشانی جڵەوی پیاوە شێتە سمێڵدارەکە پێش ئەوەی کە شەڕێک دەست پێبکا، پچڕاندوە.

ئیتر گرینگ نییە کە سەرکۆمار ترامپ، مایک پەنس، مایک پۆمپیۆ، پاتریک شاناهان و بۆڵتۆن تاکە وشەیەکیان لە بارەی هێرشی پێشگیرانە، چ بگا بە شەڕی تەواو دژی ئێران نەکردوە. ئیتر شک و گومانی سەرکۆمار لەبارەی دستێوەردانی دەرەوەی خاکی ئامریکا چەندە ناسراوە گرینگ نییە. هاوارەکانی دژی شەڕ کاریان بە نێوەرۆک نییە و بێگومان لەبارەی چاوترسێن کردنی ئێران نییە. ئامانجی ئەوان نەجاتدانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئۆباما لە ڕێگای فریودانی ترامپ بۆ لەسەر کار لابردنی بۆڵتۆن و درێژکردنەوەی تەمەنی ڕێژیمی ئێرانە.

ئەوە سێناریۆیەکە کە لە ئێرانەوە سەرچاوەی گرتوە. لە کۆتایی ئاپریل، زەریف خۆی گەیاندە نیویۆرک و لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆیتەرز گوتی؛ « من پێموانییە کە (ترامپ) شەڕی بوێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەو لە لایەن بۆڵتۆنەوە فریو نەدرێ.» لە ١٤ مای، یاریدەدەرێکی ڕوحانی تویتێکی بەرەوڕووی ترامپ بڵاو کردەوە، « تۆ ڕێککەوتنێکی باشترت لەگەڵ ئێران دەویست. ئێستا وێدەچێ کە لە جیاتان شەڕێکت گیر کەوێ. ئەوە شتێکە کە کاتێک کە تۆ گوێ لە سمێڵییەکە دەگری تووشی دەبی. سەرکەوتوو بی لە ٢٠٢٠!»

ئێستا ئەو قسەی ڕێژیم لە هەموو شوێنێک دەنگ دەداتەوە. دوو کاربەدەستی پێشووی ئۆباما لە لۆس ئانجێلێس تایمزدا نووسییان: «ئەوە دونیای جان بۆڵتۆنە. ترامپ تەنیا تێیدا دەژی.» پیتر بەرگەن لە ماڵپەڕی سی ئێن ئێن دا نووسیویەتی، «جان بۆڵتۆن سرتەی شەڕ بە گوێی ترامپدا دەخوێنێ.» تریتا پارسی کە لایەنگری ئێرانە لە ماڵپەڕی ئێنبیسی نیوز نووسیویەتی: «ئەگەری شەڕی ترامپ لەگەڵ ئێران گشتی خەتای بۆڵتۆنە. بەڵام لەوانەیە ببێتە هۆی لەنێوچوونیشی.»

ڕۆبین ڕایت لە نیویۆرکەردا دەپرسێ: «ئاخۆ ترامپ سەرکۆمارێکی دیکەیە کە دەبێتە هۆی هەڵایسانی ئاگری شەڕێکی دیکە؟»

چاو لە وەڵامی وێندی شێرمەن لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بکەن: «ئێمە ناتوانین ڕۆژەکانی پێش شەڕی عێراق دووپات بکەینەوە کاتێک کە جێی باوەڕترین هەواڵنێرییەکان ئەو شتەیان دووپاتە و بەرز دەکردەوە کە بەکردەوە بیانوویەکی بێ نێوەرۆک بوو.» ئەو لەجیاتی ئەوەی کە باوەڕپێکراوترین سەرچاوەی هەواڵ بێ، وتەی دژی بۆڵتۆن دووپات دەکاتەوە.

بێگومان، ئامریکا گومانی ئەوەی هەیە کە ئێران «دەستی لە سابۆتاژی چوار پاپۆڕی نەوتدا هەبووە کە لە کەناری ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لەنگەریان گرتبوو و عەرەبستانی سعوودیش باسی ناردنی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی کرد کە لە لایەن حووسیەکان بۆ هێرشکردنە سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سعودی کەڵکیان لێ وەرگیرا.» بەڵام بڕوانە، «ئێران ئەوەی ڕەت کردۆتەوە.» چی دیکەی دەوێ؟

ئەوە ژووری زایەڵەی ئێرانە کە دەستبەکار بووە. گوێ بگرن لە جێگری پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی ئۆباما کە چۆن لە گۆڤاری نیویۆرک تایمزدا لە ٢٠١٦ ئیعترافی کرد، کاتێک کە گوتی: «ئێمە ژوورێکی زایەڵەمان درووست کرد.» تا هێرش بکەینە سەر دژبەرانی ڕێککەوتنەکە لەگەڵ ئێران، بە بڵاوکردنەوەی دەنگۆ لە دی سی پرێسدا. «ئەوان ئەو شتانەیان باس دەکرد کە ئێمە بۆخۆمان پێمان دابوون.» و «تاقیکارییمان دەکرد تا بزانین کە کێ دەتوانێ پەیامی ئێمە بە شێوەیەکی کاریگەر بگەیەنێ، و چۆن کەڵک لە تاقمی دەرەکیی وەک پلاوشەرز، ئیران پرۆجێکت و هەر لایەنێکی دیکە وەرگرین.

کەوابوو ئێمە دەزانین کە تاکتیکەکانمان کاریگەر بوون. ئەوان بۆیە کاریگەر بوون چونکە «هەواڵنێرەکانی کە ئێمە قسەیان لەگەڵ دەکەین ٢٧ ساڵ تەمەنیانە و تەنیا ئەزموونی هەواڵنێریی ئەوان لە کاتی کەمپەینی هەڵبژاردندا بووە. ئەوە ئاڵۆگۆڕیکە تەواو بوو. چونکە ئەوان بەڕاستی هیچ نازانن.»

کەوابوو، کاتێک کە سەرکۆمار ئۆباما باسی هەڵبژاردنی ڕێککەوتنەکە یا «چوون بۆ شەڕ»ی دەکرد، کەس مرتەقی نەکرد. کاتێک ئۆباما گوتی هێزە خاسەکان سەردەکەون «سەرەڕای پارە، سەرەڕای لۆبی»، ژووری زایەڵە قسەکانیان دووپات کردەوە. کاتێک کە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما سەرکۆمار رووحانی و وەزیری کاروباری دەرەوە زەریفیان وەک ڕیفۆرمیست ناساند کە خولیای تێکەڵ بوون لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەییان هەیە، لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی ڕاستەقینە لەدەست ئایەتوڵڵا خامەنەیی و قاسم سولەیمانی بەرپرسی سوپای قودس دایە، هەواڵنێرەکان وەک ئەرکدار ئەو پەیامەیان گواستەوە. بارمتەگرتنی ئێران، درووستکردنی مووشەک، دابینکردنی دارایی تێرۆریزم و شەڕە بە وەکالەتەکانی پاشگوێ خران.

بەشی یەکەم

ئیسرائیل و سەرۆک وەزیرەکەی، بێنیامین نەتانیاهو، وەک ئاستەنگی ڕاستەقینەی ئاشتی پێناسە کران. چ قسەیەکی بێ مانا.

لەگەڵ ئەوەشدا، سەرکۆمار ئۆباما ڕێککەوتنەکەی گیر کەوت، هەرچۆنێک بێ بۆ چەند ساڵ. کاتێک کە سەرکەوتنی ترامپ میراتی سیاسەتی دەرەوەی ئۆبامای لە مەترسی هاویشت، ژووری زایەڵە جارێکی دیکە وەکار کەوت. هەمان کاربەدەستانی ئۆباما، ڕۆژنامەنووسان و پسپۆڕانی سیاسەتی دەرەوە وایان نواند کە ڕووحانی گۆرباچۆفە، ماوەی دووساڵ بە ئێمەیان گوت کە ترامپ گوێ لەمستی ڕوقسیەیە، ڕەنگبێ لە ساڵی ١٩٨٧ بەولاوە، «خەیانەتی» کردبێ و پاش ئەوەی کە ڕاپۆرتی ڕابێرت موڵێر تاوانکارییەکانی ئاشکرا کرد، لەسەر کار لادەبرێ. ئەوان ئامادە بوون ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ترامپ بە هۆی پێشێلکردنی یاسای لۆگان زیندانیی بکەن، تەنانەت لە کاتێکدا کە جان کێری و دایان فاینستەین، خەریکی وتوویژ لەگەڵ زەریفن.

ئەندامانی ژووری زایەڵە خوازیاری هێرش بۆ سەر ئێران نین، بەڵام بوختان بە بەرهەڵستکارە ئامریکاییەکانیان دەکەن. دوایین ئامانج بۆڵتۆنە، یەکێک لە گەورەترین ڕەخنەگرانی سەرۆک کۆمار ئۆباما، ئەو ڕاوێژکارێکی ئاسایشی نەتەوەیی کاریگەر بووە بۆ سەرکۆمار ترامپ. بۆچی ئەو، لە جیات ئێران بە قووڵکردنەوەی ئاڵۆزییەکان تاوانبار دەکرێ؟ ئەوە لەبەر ئەو هۆیەیە کە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران و لەوانەشە خودی ڕێژیمی ئێران بەرەو لەنێوچوون دەچن.

نێوەرۆک هەموو شتێکە. لە ٨ی ئاپریل سەرۆک کۆمار ڕایگەیاند کە ئەو سپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی دەناسێنێ، ئەو هەنگاوە بۆتە هەڕەشە لەسەر بناخەکانی دارایی ئەوان. لە ٢٢ی ئاپریل، پۆمپیۆ ڕایگەیاند کە وڵاتە یەکگرتووەکان ئیجازەی کڕینی نەوتی ئێران کۆتایی پێدێنێ. لە هەمان ڕۆژدا، ئێران هەڕەشەی کرد کە گەرووی هۆرموز دەبەستێ. لە ٨ی مای، ساڵێک دوای جێهێشتنی بەرجام لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، ئێران هەڕەشەی کرد هەمان کار بکا.

ماڵپەڕی سیئێنبیسی نووسی: «ڕوحانی باسی جێهێشتنی تەواوی بەرجامی نەکرد،» بەڵام ئولتیماتۆمی دا بە ئورووپا. ئەوان ٦٠ ڕۆژ مۆڵەتیان پێدرا کە یا ڕەچاوی ئابلۆقەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بکەن یا کڕینی نەوتی ئێران دەست پێ بکەنەوە بۆ ئەوەی کە بەرجام بپارێزن. ڕێبەری ئێران گوتی، ئەگەر ئەو کارە نەکەن ئێران دەست دەکاتەوە بە پیتاندنی ئۆرانیۆم بە پلەیەکی بەرز.»

## بەشی یەکەم

ئەوە دیپلۆماسی نییە. ئەوە ئەستاندنی باجی سمێڵی ئەتۆمییە و بەڵگەیەکە بۆ بێ هیوابوون. ئێرانییەکان کەوتوونە دۆخێکی یەکجار دژوار. ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان ئابووریی ئەوان تێک دەشکێنێ، بەڵام ئەگەر لە بەرجام بێنە دەر دەگەڕێنەوە سەر شوێنی دەستپێک. بۆ دەرباز بوون لە دۆخە دژوارەکە، هەوڵ دەدەن ڕێگای خۆیان بە هێرشکردن بکەنەوە. **بۆیە ئێران دووبارە هەڵوێستی هێرشبەرانەی گرتووە:** هارووژاندنی ئامریکا بۆ ئەوەی هێرش بکا، دەتوانێ ببێتە هۆی کۆکردنەوەی پشتیوانیی نێوخۆیی بۆ ڕێژیم و پەرتەوازە کردنی هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان.

ئامریکا تووشی کەشوهەوایەکی ئالنگاری خولقێنی نێونەتەوەیی بۆتەوە، بە کێشە لە ڤێنێزوئێلا، کۆرەی باکوور، چین، ئوکراین، ئەفغانستان، سورییە، عێراق و ئێران. پانتایی و قووڵایی کێشەکان شەنوکەو کردنی بێلایەنانە و بڕیاری ژیرانە دەخوازێ.

**ئەو بەهەمان شێوە لە ئێمە دەخوازێ کە جیاوازیی نێوان چاوترسێن کردن، هێرشی تۆڵە ئەستێنەرانە، گۆڕینی ڕێژیم و داگیرکردنی زەمینی بزانین. لە کاتێکدا کە ڕەفتاری ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو خراپتر بوون دەچێ، تەنیا دوو بژاردەی یەکەم بیریان لێ دەکرێتەوە. دەزانن چییە؟ ئێمە تای ئاشتیمان هەیە و تەنیا نوسخە ئەوەیە کە بۆڵتۆن چالاکتر بێ.**

(لە ژمارەی ٧٥٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٩

## گرژیی نێوان ئەمریکا و ئێران قووڵە، بەڵام ئاخۆ دەبێتە شەڕ؟*

**نیووزویک - جاناتان برۆدەر**

جارێکی دیکە دەنگۆی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بڵاو بۆتەوە.

ساڵێک دوای کشانەوەی دۆناڵد ترامپ لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لە نێوان ئێران و شەش زلهێزی جیهانی، ئەو شەڕە ئابوورییەکەی دژی کۆماری ئیسلامیی بە شێوەیەکی بەرچاو قووڵ کردۆتەوە.

لە دوای کشانەوەی ساڵی ڕابردوو و سەپاندنەوەی دووبارەی ئابلۆقەکان، بڕی هەناردەی ڕۆژانەی نەوتی ئێران لە دوو ملیۆن بەرمیلەوە بۆ کەمتر لە نیو ملیۆن دابەزیوە کە بۆتە هۆی داڕمانی ئابووریی ئەو وڵاتە. ئێستا کە خەریکی بەڕێوەبردنی سیاسەتی «ئەوپەڕی زەختە»، ترامپ پاشماوەی هەناردەی بە کۆتاییهێنان بە ئیجازەی کڕینی نەوت لە لایەن هەشت کڕیاری مەزنی نەوتی تاران کردۆتە ئامانج. مەبەستی ترامپ: لە ڕێگای هەژارکردنی ئێران، ڕێبەرانی تاران ناچار بکا کە ڕێککەوتنێکی نوێی ئەتۆمی قبووڵ بکا، ئەمجار بەپێی ئەو مەرجانە کە ترامپ و هاوکارە نیزیکەکانی پێداگرن کە زۆرتر لە بەرژەوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیدا دەبێ.

لەم دواییانەدا وەزیری کاروباری دەرەوە مایک پۆمپێئۆ گوتی، «ئێمە بەرەو سفر دەچین»، کە مەبەستی هەناردەی نەوتی ئێران بوو. «چەندە لەوێ دەمێنینەوە، لە ئاستی سفر، بەتەواویی پێوەندی بە ڕێبەرە پایەبەرزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەیە. ئێمە داواکانمان زۆر بە ئاشکرا بە ئایەتوڵڵا و هاوکارەکانی ڕاگەیاندوە.»

هەم ترامپ و هەم ڕێبەرانی ئێران دەڵێن کە شەڕیان ناوێ. بەڵام لە دوای زیاترکردنی ئابلۆقەکان لە لایەن ترامپەوە لە مانگی ڕابردوودا، ئاستی گرژییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بوونەوە: نیشانە شوومەکانی لە هەنگاوی سەربازیی ئێران دژی هێزە ئەمریکاییەکان لە ناوچە، کەڵەکە بوونی خێرای توانایییە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دەرەوەی کەنارەکانی ئێران، هێرشی سابۆتاژی بۆ سەر پاپۆڕە نەوتکێشەکانی عەرەبی کە گومانی دەست تێدابوونی ئێرانییەکانی لێ دەکرێ و هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ سەر بۆڕی نەوتی عەرەبستان لە لایەن حوسییەکانی یەمەن کە ئێران پشتگیرییان دەکا، دەبینرێن.



سەرچاوە
Serchawe

پاشان، لە ناکاو، هەم واشینگتۆن و هەمیش تاران بەبێ ئەوەی کە پێیان خۆش بێ لە لێواری دوژمنایەتییەکەیان لە سەرەتای ئەو مانگە هەنگاوێک بۆ دواوە کشانەوە، کاتێک کە پۆمپێئۆ ڕایگەیاند کە ولاتە یەکگرتووەکان ئامادەیە بێمەرج لەگەڵ ئێران وتوویژ بکا. سەرۆک کۆماری ئێران لە وڵامدا گوتی دەکرێ وتوویژ بکرێ، بەو مەرجە کە واشینگتۆن «بە ڕێزەوە» لەگەڵ تاران هەڵسوکەوت بکا.

**ئارۆن دەیڤید میلەر، ڕاوێژکاری پێشووی شەش وەزیری کاروباری دەرەوە لە بارەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە نیووزویکی گوت:** «لە سێ حەوتووی ڕابردوودا، تۆ چوونەسەرێی جیدیی ئاستی گرژییەکان دەبینی کە هەم ئێرانییەکان و هەم ئەمریکاییەکان باسیان لەوە کردوە کە ڕێگای چاوترسێن کردنی لایەنی بەرامبەریان هەیە. بەڵام ئەگەرچی هێزەکانی ولاتە یەکگرتووەکان و ئێران ئێستا هەوڵ دەدەن خۆ لە یەکتر لادەن، ئەو دەڵێ، «هێشتا مەترسیی پێکدادانی سەربازی هەیە.»

بەڕاستی، هیچ نیشانەیەک لەبەردەستدا نییە کە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ ئامادەیە پاپۆڕە فڕۆکە هەڵگرەکە، تاقمی فڕۆکەی بۆمبهاوێژی B-52، ١٥٠٠ هێزی دەریایی و سیستمی بەرگریی هەوایی پاتریۆت کە بۆ ناوچە بەڕێ کراون بگێڕێتەوە و، سیاسەتی ئەوپەڕی زەختی ولاتە یەکگرتووەکان هەر لە جێی خۆیەتی، کە پێشبینی کردنی ڕووداوەکانی داهاتوو زۆر دژوار دەکا.

**کالین کال، یاریدەدەری پێشووی وەزیری بەرگری بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما، لە وتارێکدا لە واشینگتۆن پۆست،** سێناریۆیەکی ترسناکی باس کردوە کە چۆن ولاتە یەکگرتووەکان و ئێران چەندە بە ئاسانی دەتوانن بە هەڵە تووشی شەڕ بن. بە وتەی کال ئەگەر هەناردەی نەوتی ئێران، سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی ولات، بەهۆی ئابلۆقەکانی ولاتە یەکگرتووەکان بگاتە چەند سەد هەزار بەرمیل لە ڕۆژدا، ئەگەری ئەوە هەیە کە هێزی سەربازیی ئێران داوا لە میلیشیا شیعەکانی عێراق، کە لە لایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکرێن، بکا کە چەکەکانیان بەرەوڕووی ٥٠٠٠ هێزی سەربازیی ولاتە یەکگرتووەکان کە لەوێ جێگیر کراون و دیپلۆماتە ئەمریکاییی لە ناوچەی سەوزی بەغدا بگرن. ئەو هەروەها گوتی، عەمەلیاتی سابۆتاژی دژی کەشتیوانی لە کەنداوی فارس و چڕکردنەوەی هێرشی حووسییەکان بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی عەرەبستان ئاکاری چاوەڕوانکراون.

بە وتەی کال، هێرش بۆ سەر ئەمریکاییان دەتوانێ هێزی سەربازیی ئەمریکا دژی میلیشیا عێراقییەکان هان بدا، کە بە نۆبەی خۆی ئێرانییەکان بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە کەنداوی فارس مینڕێژ دەکەن. لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژی،

بەشی یەکەم

فڕۆکە شەڕکەرەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەوانەیە ئامانجە سەربازییەکانی نێوخۆی ئێران بۆمباران بکەن، لە نێویاندا دامەزراوە ئەتۆمییەکان. لە جوابدا ئێران لەوانەیە داوا لە هێزەکانی حیزبوڵڵا لە لوبنان و سووریە بکا کە بەرەیەک دژی ئیسرائیل بکەنەوە و شارەکانی مووشەکباران بکەن کە ببێتە هۆی کوژرانی سەدان کەس. بێگومان ئیسرائیل بە هێزێکی زۆرەوە تۆڵە دەستێنێتەوە و حیزبوڵڵا و پێگەکانی ئێران لە لوبنان و سووریە لەنێو دەبا. لە کاتێکدا کە نرخی نەوت بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز دەبێتەوە و ئێران خوێنی زۆرتری ئیسرائیلی و ئەمریکایی دەڕێژێ، بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەکەوێتە ژێر زەختێکی زۆری سیاسی تا بە هانای ئیسرائیلەوە بچێ و کاری ڕێژیمی ئێران بۆ هەمیشە یەکسەرە بکا. بە وتەی کال هەنگاوی بێ ئەملاولای دوایی ئەوە دەبێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان، ئێران بە هێزی زەمینی داگیر بکا و شەڕێکی تەواو دەست پێبکا کە «نە ترامپ و نە ڕێبەرانی ئێران نەیاندەویست.»

ئەوە سێناریۆی مۆتەکەیە. بەڵام ئێستا، بەڕێوەبەرایەتی لەسەر سیاسەت بەرامبەر بە ئێران زۆر ناکۆکە، ترامپ دەوری کەسێکی میانەڕەو دەبینێ و هەردوو ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی جان بۆڵتۆن و وەزیری کاروباری دەرەوە پۆمپێئۆ هەڵوێستێکی توندئاژۆیانەتریان هەیە. سەرۆک کۆمار، بە تەواوی لە توانایی مامەڵەچییەتی خۆی دڵنیایە، بۆیە وێدەچێ کە دڵنیا بێ کە دەتوانێ ئێران ناچار بکا بێتە سەر مێزی وتووێژ، شوێنێک کە ئەو دەڵێ هەوڵەکانی بۆ ڕێککەتنێکی ئەتۆمیی باشتر لە سەرۆک کۆماری پێش خۆی لە بەرامبەر هەڵگرتنی ئابلۆقەکان چڕتر دەکاتەوە. بۆڵتۆن و پۆمپێئۆ دەیانهەوێ هەر ڕێکەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئێران زۆر زیاتر لە مەسەلەی ئەتۆمی لەخۆ بگرێ و مەرجی ئەوتۆ بگرێتەوە کە چیدیکە ئێران وەک دەسەڵاتێکی ناوچەیی نەمێنێ.

لە مانگی مای ڕابردوو، پۆمپێئۆ دەرزەنێک داواکاریی دیاری کردن، لە نێویاندا پێشگرتن بە پیتاندنی ئۆرانیۆم لە لایەن ئێرانەوە تا هەتایە، تەنانەت پیتاندنی ئاشتیخوازانەی، ئاستی کەم بۆ ئیزۆتۆپی دەرمانی. ئەوە گرینگترین سازشێک کە ئێران لە دانووستانەکان بۆ ڕیککەوتنی ٢٠١٥ ئابڕووی خۆی پێ کڕییەوە لەنێو دەبا. بەڵام داواکان هەروەها دەخوازن کە ئێران کۆتایی بە بەرنامەی مووشەکی بالیستیکی بێنێ و دەست لە پشتیوانیی دەوڵەتی سووریە، میلیشیای شیعەی حیزبوڵڵای لوبنان، میلیشاکانی لایەنگری ئێران لە عێراق و شەڕکەرەکانی حوسی لە یەمەن هەڵگرێ. ئێران ئەو داواکارییانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ڕەت کردۆتەوە و دەڵێ کە ئەوە بە مانای تەسلیم بوونی تەواوە.

لەولاوە، بۆڵتۆنیش نەیشاردۆتەوە کە ئاواتەخوازە ڕێژیمی تاران بڕووخێنێ. بۆڵتۆن لە بابەتێکیدا لە ژانوییەی ٢٠١٨ لە گۆڤاری واڵستریت جۆرناڵدا نووسی، «سیاسەتی ئاشکرای ئەمریکا دەبێ کۆتایی هێنان بە شۆڕشی ئیسلامیی ١٩٧٩ پێش

کۆتایی ٤٠ ساڵەی ژیانی بێ. دانپێدانانی ڕێژیمی نوێی ئێران لە ٢٠١٩، دەتوانێ سەرشۆڕیی دیتنی بە بارمتە گیرانی دیپلۆماتەکانمان بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ قەرەبوو بکاتەوە. بارمتەکانی پێشوو دەتوانن باندی کرانەوەی باڵوێزخانە نوێکەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە تاران ببڕن.»

لەم دواییانەدا دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە کە لەوانەیە ترامپ بۆلتۆن لەسەر کار لابا چونکە پێی وایە توندئاژۆیە. کاربەدەستانی کۆشکی سپی دەڵێن کەو ئەو دوو کەسە پەیوەندییەکی نزیکیان بەیەکەوە نییە. بەڵام ئەوەش زیاد دەکەن کە جارێ سەرۆک کۆمار بەوە ڕازییە کە لە بۆڵتۆن وەک «پۆلیسی خراپ» کەلک وەرگرێ، ئەگەر تەنیا بۆ ئەو مەبەستەش بێ کە لەبارەی مەبەستەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان سەر لە ئێران بشێوێنێ.

ژەنراڵی خانەنشینکراو جەیمز جۆنز، ڕاوێژکارێکی پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی ئۆباما بە گۆڤاری دێ هیڵی گوت: «ئەوەی لەبارەی سیاسەتی ئێمە بەرامبەر بە ئێران باشە ئەوەیە کە من دڵنیام ئێرانییەکان ئەسڵەن نازانن ترامپ بە تەمای چییە. ئەوان هاوسەنگیی خۆیان لەکیس داوە و، لەوانەیە بەیانییەک لەخەو هەستن و ببینن کە بۆ وێنە هیچ هێزێکی دەرباییان نییە.»

ئەو نموونەی جۆنز باسی دەکا شتێکی بە هەڵکەوت نییە. لە ئاپریلی ١٩٨٨دا، لە مەزنترین بەرەوڕووبوونەوەی دەریایی لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە، هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان هێرشی کردە سەر هێزی دەریایی ئێران بۆ ئەوەی تۆڵەی مینرێژکرانی کەنداوی فارس لە کاتی شەڕی ئێران - عێراق بکاتەوە، ئەو کارەی ئێرانییەکان ببووە هۆی زیان پێگەیشتنی پاپۆڕێکی ئەمریکایی. لە کۆتایی تێکهەڵچوونەکەدا، هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان نیوەی پاپۆڕەکانی ئێرانیان لەکار خستبوو یا نوقمیان کردبوون.

پسپۆڕانی ناوچەیی دەڵێن کە هێزی سەربازیی ئێران وانەی بەنرخ لەو تێکهەڵچوونە فێر بوون، وانەی ئەوتۆ کە لە بە گوتەی کاربەدەستانی ئەمریکایی و لێکۆڵەرانی سەربەخۆ؛ ئەوان ئێستا لە ڕووبەڕووبوونەوەکانیان لەگەڵ هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان کەلکی لێ وەردەگرن.

میلەر، کە ئێستا جێگری بەرپرسی ناوەندی ویلسۆن، ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی سیاسی لە واشینگتۆنە دەڵێ: «ئەو وانانەی کە ئێرانییەکان فێری بوون ئەوە بوو کە نابێ بەشێوەی ئاسایی بەرەوڕووی هێزی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان ببنەوە، تۆ دەبێ بە شێوەی ناڕاستەوخۆ هێرش بکەیە سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، کەوابوو کەلک لە بەلەمی بچووک کە هەڵگری هێزی تایبەتیی ئێرانن وەردەگیرێ تا پاپۆڕە سعوودی و ئیماراتییەکان مینرێژ بکەن. لەهەمان

کاتدا، حووسییەکان فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەنێرنە سەر سعوودی و هێرش دەکەنە سەر بۆرییە نەوتەکانی ڕۆژهەڵات بەرەو ڕۆژئاوا.»

میلەر دەڵێ کە ئەو دوو هێرشە بۆ نیشاندانی پێشپەردەی شوومی ئەو شتانەی کە لەوانەیە لە ئەگەری درێژەکێشانی زەختی ئابووری بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دژی ئێران بقەومێن گەلێک بەنرخ بوون. ئەو دەڵێ: «ئەوان پێنج تا دوازدە مایل دوور لە کەناری فوجەیرە هێرشیان کردە سەر ئەو دوو پاپۆڕانە. یەکیان هیی ئیماڕات بوو. بۆرییە نەوتەکان نەوتی عەرەبستانیان بۆ دەریای سوور دەگواستەوە. هێرشەکان نائاسایی بوون، کەس نەکوژرا و، زۆر دژوار بوو بیسەلمێنی کێ بەرپرسی بردوون. بێگومان جارێ شتێکی وانین کە ببێتە هۆی هێرشی ڕاستەوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر ئێرانییەکان.»

پسپۆڕەکانی دیکەی ناوچە لەسەر ئەوە هاوڕان کە زۆر وێدەچێ ئێران لە پشت ئەم هێرشانە بۆ سەر پاپۆڕ و بۆرییە نەوتەکان بێ، ئەوەش زیاد دەکەن کە لەوانەیە ئامانجەکە ئەوە بێ نرخی نەوت بەرز بێتەوە چونکە تاران هەست بە ئاسەوارەکانی کەم بوونەوەی هەناردەی نەوتەکەی دەکا.
هێنری ڕۆم، لێکۆڵەرێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ گرووپی ئوراسیا، ناوەندێکی ڕاوێژکاریی بازرگانیی نێونەتەوەیی دەڵێ: «تا ئێستا ئەو شتە نەقەوماوە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەوان هەوڵی خۆیان نەدابێ.»

جگە لەوە، لێکۆڵەران چاوەڕانیی ئەوە دەکەن کە ئێرانییەکان وردە وردە بەشە یاساغکراوەکانی بەرنامەی ئەتۆمیی خۆیان زیندوو بکەنەوە بۆ ئەوەی کە ئورووپا لە بەرامبەر دەستهەڵگرتن لەو چالاکییانە هەندێک زەختی ئابووری لەسەریان کەم بکاتەوە، یا ئەگەر وتوویژ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان دەستی پێکرد لەو شتە وەک کارتی وتوویژ کەلک وەرگرن.

ڕۆم بە نیووزویکی گوت: «لە ڕوانگەی ئێرانییەکانەوە، دۆخی هەنووکەیی ناتوانێ درێژەی هەبێ. ئابووریی ئەوان ناتوانێ بەرگەی دابەزینی هەناردەی نەوت بۆ سەر سفر، بگرێ. کەوابوو ئەوان ناچارن بە شێوەی جۆراجۆر کاردانەوەیان هەبێ تا ئاستی زەختەکە کەم بکەنەوە.» ئێران ڕەتی کردۆتەوە کە هێزەکانی لە پشت ئەو هێرشانە بن.

بەشێک لە چاودێران هەندێک خاڵی ڕوون لە ویستی کوتوپڕی بەڕێوەبەرایەتی و ئێرانییەکان بۆ دەستپێکردنەوەی وتوویژ بەدی دەکەن. بەڵام هێنانی هەردوو لا بۆ سەر مێزی وتوویژ کارێکی ئاسان نابێ، هەروەک بەڕێوەبەرایەتیی ئێرانیش هەندێک داواکاری هەن: تاران پێداگرە کە بیر لە دانووستان بۆ ڕێککەوتنێکی نوێی ئەتۆمی ناکاتەوە تا بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ نەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنی ٢٠١٥، کە بە مانای هەڵگرتنی ئابلۆقەکان و کۆتایی هێنان بە هەڵمەتی ئەوپەڕی

زەختە.

لە کاتێکدا کە ترامپ نیشانی داوە کە پێشبینی کردنی هەنگاوی داهاتووی نامومکینە، زۆر لێکۆڵەر پێیان وایە کە گەڕانەوە بۆ ڕێکەوتنی ئەتۆمی، کە ترامپ هێندە هەوڵی دا تا بێئیعتیباری بکا وەک خۆکوژیی سیاسی دەبێ بۆ سەرۆک کۆمار، کە بەتەمایە لە ٢٠٢٠ دووبارە هەڵبژێردرێتەوە.

**میلەر دەڵێ:** «بەڕێوەبەرایەتی ناتوانێ، بە هیچ شێوەیەک، بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ ئێران، بێ بنکۆڵکردنی جێی متمانەبوونی خۆی و سیاسەتەکەی. لە ڕاستیدا، ئەوان دەبنە گەبجارِ ئەگەر ئامانجی ئەو هەموو هەولانە تەنیا ئەوە بووبێ کە جارێکی دیکە بگەڕێنەوە نێو بەرجام و دیسان (بیرۆکەی) هەڵگرتنی ئابلۆقەکان بفرۆشنەوە.»

**ڕۆم پێی وایە:** کە ئەگەری وتوویژ لەسەر ئەو شەش ئەمریکاییانە کە ئێران زیندانیی کردوون هەیە، «ئەگەر تاران هەست پێ بکا کە بەشێک لە ئابلۆقەکان هەلدەگیرێن.» بەڵام ئەوەش زیاد دەکا کە وەستانی دیپلۆماسی و توندتر کردنی زەختەکان بۆ سەر ئابووریی ئێران لە شەش مانگی داهاتوودا نوسخەیەکە کە بوار بۆ شێوەیەک لە ناسەقامگیری خۆش دەکا کە دەتوانێ ببێتە هۆی ناکۆکیی سەربازی، تەنانەت ئەگەر ڕێبەرانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئێران پێداگر بن کە شەڕیان ناوێ.

(لە ژمارەی ٧٥٢ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٩

بەشی یەکەم

# بۆ چاوترسێن کردنی ئێران لێگەڕێن با شەڕ ببێ

نەیشناڵ ئینتەرێست - کریستیان وایتن

لە ئاپریل، ڕێبەرە تێئۆکراتەکانی ئێران بەڵێنییان دا کە تەگەرە دەخەنە سەر هاتوچۆی پاپۆڕەکان لە کەنداوی فارس. حەوتووی ڕابردوو، بەڵێنییەکەیان بە هێرش کردنە سەر پاپۆڕی نەوتهەڵگری هاوبەشانی بازرگانیی ولاتە یەکگرتووەکان، ژاپۆن و نۆرویژ، بردە سەر. ئێستا ڕێژیم لە دواییین هەوڵیدا بۆ هەڕەشە ئەتۆمییەکەی بەڵێنی داوە کە ڕێژەی ئۆرانیۆمی پیتێندراو لەوەی کە ڕێگەی پێدراوە زیاتر بکا.

تاران حسێب لەسەر مێژووی دوورودرێژی خۆی لە دەربازبوون لە وەلامدەریی بۆ هێرشەکانی بۆ سەر دونیای ئازاد دەکا.

بەلام درەنگ یا زوو ئێمە دەبێ هێڵێک بکێشین و ڕێگە بە شەڕ لەگەڵ دەوڵەتێک بدەین کە هەمیشە خۆی لەگەڵ ئێمە لەشەردا بینیوە.

هێرشە هاوئاهەنگەکان بۆ سەر پاپۆڕە نەوتهەڵگرەکان تەنیا تازەترین ئاکارە سەربازییە بێ پسانەوەکانی ئێرانن، هەم ڕاستەوخۆ و هەم ئەوانەی کە لە ڕێگەی بریکارەکانی ژێر کونترۆلی ئەوان بەڕێوە دەچن. لە سەرەتای مانگی مای، تاران هێرشی کردە سەر چوار پاپۆڕی بازرگانی. چەند ڕۆژ دواتر، بەکرێگیراوەکانی بە کاتیوشا هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی ولاتە یەکگرتووەکان لە بەغدا و بە قسەی وەزیری کاروباری دەرەوە مایک پۆمپێئۆ، هێرشێک لە ئەفغانستان بەڕێوە چوو کە بووە هۆی بریندداربوونی چوار سەربازی ولاتە یەکگرتووەکان. ئێرانییەکان هەروەها تەقەیان لە فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ولاتە یەکگرەتووەکان کردوە.

ئەوە بە باشی لەگەڵ ئەو شێوە ئاکارانە دێتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی، کە لە ۱۹۷۹ هاتە سەر کار، لە کاتێکدا کە دیپلۆماتەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای، بەپێچەوانەی پرەنسیپ و ئامانجە بنەڕەتییەکانی یاسای نێوەنەتەوەیی و خاوەن ڕەوشتیی، بە بارمتە گرتن. بەکرێگیراوانی تاران مۆڵگەکانی هێزی دەریاییان لە لوبنان لە ۱۹۸۳ تەقاندەوە، هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی ولاتە یەکگرتووەکان، دواتر لە هەمان ساڵەکاندا ئەمریکاییان لە سەرانسەری بەیروتدا بە بارمتە گرتن، هەندێکیان ئەشکەنجە کردن و کوشتیانن (ئەوان هەمان کاریان

لەگەڵ دیپلۆماتەکانی سۆڤییەت کرد تا موسکۆ لە ١٩٨٥ تەقەی لە خزمی چەکدارێکی حیزبوڵڵا کرد و خەساندی و لاشەی خزمەکەی بە لەتوکوتکراوی بۆ ناردەوە، دوای ئەو ڕووداوە موسکۆ تووشی گیرگرفتی دیکە نەبۆوە.)

لە ١٩٩٦ بەکرێگیراوانی ئێران پێگەکانی بورجی خوبەڕ لە عەرەبستانی سعودییان تەقاندەوە و تاقمێک ئەمریکاییان کوشتن. لەو کاتەوە، ئێران بەرپرسی کوژرانی پتر لە هەزار ئەمریکایی لە عێراق بووە. تاران لە ٢٠٠٧ سەربازی هێزی دەریایی بریتانیای بەبارمتە گرتن، و لە ٢٠١٦ هەمان کاری لەگەڵ سەربازی هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان کرد، لە هەردوو ڕووداوەکەدا ئێران گیراوەکانی بە شێوەیەکی سووکایەتیکەرانە نیشان دا کە پێشێلکردنی یاسای شەڕ بوو. ئەو وڵاتە بە شێوەیەکی کاریگەر دوو هێزی سەربازیی بەکرێگیراو لە سنووری ئیسرائیل بەخێو دەکا، حەماس لە باشوور و حیزبوڵڵا لە باکوور، و ئەوان بێ پسانەوە هیرش دەکەنە سەر دەوڵەتی جوولەکان. تاران بە هەمان شێوە، بە کەڵکوەرگرتن لە بەکرێگیراوە حوسییەکانی، دژی هاوبەشەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، عەرەبستانی سعودی و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، شەڕ دەکا. لەو شەڕەدا بە مووشەک و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئێرانی هێرش دەکرێتە سەر پێتەختی عەرەبستانی سعودی و بۆ سەر هەندێک ئامانج لە عەرەبستان لە ناویاندا فڕۆکەخانەی ناوچەیی.

تاران بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ خۆی لە ژێر باری بەرپرسیارەتی دەرباز کردوە، و هێرشەکانی ئەو دواییانە ڕاستەوخۆ بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکەنە ئامانج. لە کاتێکدا کە ئێستا ئەمریکا دووهەم هەناردەکەری نەوتە، ئێمە هێشتا نەوتێکی زۆر هاوردە دەکەین تا بیپاڵێوین و بەرهەمی نەوتیی پێ دروست بکەین بۆ بازاڕی نێوخۆ و بۆ هەنارده کردن. بە شێوەیەکی ساکار، هەم ئابووریی وڵاتە یەکگرتووەکان و هەم هی نێونەتەوەیی هێشتا بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەستراوەتەوە.

بەڵام وەک هەمیشە، هەر هەمان "پسپۆڕان" لە واشینگتۆن و پێتەختی وڵاتانی هاوپەیمان ڕاوێژی دەستەوەستانیی دەکەن.

ئەوپەڕەکەی، ئەوان مەئموورییەتی ئیسکۆرتی تانکەرەکان لە کەنداوی فارس بە ڕێبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان قبووڵ دەکەن. ئەوە لە بنەڕەتدا ئێران ئازاد دەکا و سامانە دەریایی، ئاسمانی و سەربازیی دیکەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبەستێتەوە، لە کاتێکدا کە دەبوو ئەو سامانانە بۆ چاوترسێن کردنی چین لە ناوچەی ئۆقیانووسی هیند و ئارام بن.

وەک هەمیشە، ئەو دەنگانە پرسیار دەکەن ئاخۆ ئەو ئاکارە شەڕانگێزانەی ئێران لە لایەن پایەبەرزترین بەرپرسانی دەوڵەتی ئێران بڕیاریان لەسەر دراوە یا عەمەلیاتی سەرەڕۆیانە بوون؟ ئەوان بە هەمان شێوە دەڵێن کە میانڕەوەکانی

## بەشی یەکەم

ڕێژیم ئامادەن دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و هەڵمەتێکی سەربازیی ئەوان بنکۆڵ دەکا. بەڵام هەرکەس کە بڕوانێتە ڕابردووی چل ساڵەی تاوانکاریی کۆماری ئیسلامی، ئەو ڕاستییە دەبینین کە ئیسلامیستە توندئاژۆکان هەمیشە لە سیاسەتی ئێراندا قسەی ئاخیریان کردوە، بۆیە ئەو قسانەیان پێ جەفەنگە. هەڕەشەی ئەتۆمیی تارانیش بە ئاشکرا لە لایەن ڕێبەرانی ڕێژیم بەڕێوە دەچێ و جوان دیارە کە لەگەڵ ئاکارە هێرشبەرانەکانی دیکەیان هاوئاهەنگە.

تاران بە هەمان شێوە سوود لە بێزاری لە ناکارامەیی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە بەڕێوەبردنی شەڕی عێراق و ئەفغانستان وەردەگرن، کە ئێستاش دوای نزیکەی دوو دەیە هێشتا گیرۆدەیانین. بەسەرهاتێکی ترسێنەری دیکە "لیبی"یە، شوێنێک کە ئاڵوگۆڕی ڕێژیم بە یارمەتیی ناتۆ لە ٢٠١١، دەرگای ئاژاوە و پەناخوازانی بە لێشاوی کردەوە. ئێستا دوای هەشت ساڵ هێزە سێکولارەکانی ژێر دەسەڵاتی ژەنەڕاڵ حەفتەر خەریکی وەدەستهێنانی دەسەڵات بۆ پاراستنی لیبی لە ئیسلامیست و جیهادییەکانن. کێ وێرانییەکی دیکە لەو چەشنەی دەوێ؟

بەڵام هەڵمەتی سەربازیی دژی ئێران نابێ هیچ شتێکی وەک هی عێراق، ئەفغانستان یا لیبی بچێ. نابێ باسی نەتەوەسازیی یا خاوەن ئاسایش کردنی دونیا بۆ دێموکراسی بکەین. دەبێ سنووردار، لێدانی سزادەرانە بۆ چاوترسێن کردنیان بێ بۆ ئەوەی کە لە داهاتوودا شەڕانگێزی و هەڕەشە نەکەن. ئێمە دەتوانین کەڵک لە باڵادەستیی بەرچاومان لە هێزی دەریایی و ئاسمانی بۆ تۆڵەکردنەوەی هێرشە دەریاییەکانی ئێران وەرگرین و تواناییە دەریاییەکانی ئەوان بە تایبەتی بە هێرشکردن بۆ سەر دامەزراوە دەریایی و کەنارییەکانیان دابەزێنین. کردنی ئەو کارە ئاخیرەکەی بە ئێران دەڵێ کە ئێمە چیدیکە پێمان تەحەممول ناکرێ. وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی دەتوانن باڵادەستیی خۆیان لە ڕێگای ڕوون کردنەوەی ئەو ڕاستییە بۆ ئێران بپارێزن کە لایەنە سەرەکییە ئابووری و پێناسەی سیاسییان، لە ناویاندا بەشی کەشتیوانیی، پاڵاوتگە و دامەزراوە ئەتۆمییەکانیان لە مەترسیدا دەبن ئەگەر بێتوو درێژە بە شەڕانگێزییە سەربازییەکانیان و هەڕەشە ئەتۆمییەکانیان بدەن.

سەرکۆمار دۆناڵد ترامپ مانگی ڕابردوو لە تویتێکدا کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وریا کردەوە کە، "ئەگەر ئێران شەڕی دەوێ، ئەوە دەبێتە کۆتاییهاتن بە ئێران و هەرگیز جارێکی دیکە هەڕەشە لە وڵاتە یەکگرتووەکان مەکەن." ئێران بە چەندین هێرشی ئەوتۆ وەڵامی داوە کە بتوانێ بە ئاسانی حاشایان لێ بکا، پێی وایە کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانمان جارێکی دیکە تەنیا بە قسە و بە کەمترین شێوە پەرچەکردار نیشان دەدەن، ئەویش تەنیا بە ژێستی بەرگریکەرانە.

کاتی ئەوە هاتووە بەڵێنییەکانمان بەجێ بگەیەنین و بەرپەرچ بدەینەوە. یا دەبێ ئێمە پەلوپۆی ئێران بقرتێنین، یا

بەشی یەکەم

ئەوەی کە بەکردەوە هانی دەدەین ئەو شتانە بکا کە لە سەرەتای دامەزرانییەوە کردوونی، واتە هەڵایساندنی شەڕ لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کوشتنی ئەمریکاییان.

(لە ژمارەی ٧٥٣ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠١٩

## لە کاتێکدا کە گرژیی نێوان ئێران و ئەمریکا پەرەدەستێنێ، حیزبوڵڵا خۆی بۆ شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل ئامادە دەکا

### دەیلی بیست - جێس ڕۆسێنفێلد

بەیروت - جادە ئارام و پانەکەی ناوچەی شاخاویی ناوخۆی لوبنان زۆر دوورە لە گرژیی کەنداوی فارس، شوێنێک کە سەرۆک کۆمار ترامپ دەڵێ ئەمریکا چەند حەوتوو پێش ئێستا ١٠ خولەک لە شەڕ دوور بوو. هەمان

شوێن کە ئەو ڕۆژی پێنج شەممە گوتی کە وڵاتە یەکگرتووەکان فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ئێرانیان خستۆتە خوارەوە. بەڵام ئەگەر هەرکات شەڕ دەست پێ بکا، ئەو گرد و دۆڵانەی نزیک سنووری ئیسرائیل خێرا دەبنە هێڵی شەڕ. و بە گوێرەی فەرماندەکانی حیزبوڵڵا، ئەو ساتەوەختە دەتوانێ بەو زووانە بێ.

کاتێک کە ترامپ باسی شەڕی کرد، ئەو مەبەستی شەڕێکی تەقەکردن بە شێوەی نەریتیی بوو. بەڵام بۆ ئێران و هاوپەیمانەکانی، ئەوە شەڕی ئابووریی ترامپ بە گەمارۆ خنکێنەرەکانییەتی کە ناوچەکە دەگەیەنێتە لێواری ناکۆکی سەربازیی. ئامانجەکانی ئابلۆقەکانی ترامپ هەر دێتو تێکهەڵچوونی سەربازیی وەک تاقە ڕێگای بەرپەرچدانەوە دێڵێتەوە.

لێرە لە لوبنان، فەرمانەدەکانی حیزبوڵڵا هاوپەیمانی نزیک و بریکاری ئێرانن، و ئەوانیش بوونە ئامانجی گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکان. ئەوان هەڕەشە دەکەن کە ئەگەر ئەو زەختە درێژەی هەبێ، ئەو شاخە دژوارانە شوێنێک کە حیزبوڵڵا شەڕی خوێناویی پارتیزانیی بۆ کۆتایی هێنان بە داگیرکاریی ٢٥ ساڵەی ئیسرائیل لە ساڵی ٢٠٠٠ و داگیرکاریی ٢٠٠٦بەڕێوەبردن دەتوانێ سەرلەنوێ ئەوە شەڕە دەست پێ بکاتەوە. ئەوان دەڵێن کە ئەوجار شەڕەکە گەلێک کاولکەرتر دەبێ.

هێزەکانی حیزبوڵڵا، لە شەڕی ناوخۆی سوریە ڕاهێنانی شەڕیان کردووە، لە سنووری ئیسرائیل خەریکی دامەزرانن، نە تەنیا لە لوبنان بەڵکو لە سورییەش لەوبەری بەرزاییە داگیرکراوەکانی گۆلان.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

شەڕکەرانی حیزبوڵڵا کە قسەیان بۆ دەیلی بیست دەکرد دەڵێن ڕێکخراوەکەیان بە هۆی گەمارۆکان زەرەرمەند بووە و ئامادەی شەڕن، ئەگەر و کاتێک کە ئێران بە پێویستی بزانێ.

فەرماندە سەمیر، ئەفسەرێکی حیزبوڵڵا کە بەرپرسی ٨٠٠ شەڕکەر لە سنووری ئیسرائیل و لوبنانە دەڵێ: "گەمارۆکان ئێمەیان ناچار کردووە خۆ بۆ بەرەی ئیسرائیل ئامادە بکەین." ئەو لە بەکار هێنانی نێوی ڕاستەقینەی خۆی خۆ دەبوێرێ چونکە ئیجازەی نییە لەگەڵ میدیاکان وتووێژ بکا. ئەو دەڵێ، "ئەوجار ئێمە یەکەم تەقە دەکەین."

لە دوای چوونە ناو شەڕی سورییە لە ٢٠١٢ بۆ پشتگیریی لە ڕێژیمی ئەسەد، حیزبوڵڵا لەبنەڕەت ڕا گۆڕاوە و بۆتە هێزێکی شەڕکەری ناوچەیی. ئەو ڕێکخراوە شیعەیە لە سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ئیلهام وەردەگرێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان خستوویەتیە ناو لیستەی تێرۆرەوە.

کاتێک کە ترامپ ساڵی ڕابردوو باسی هۆیەکانی چوونەدەر لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێرانی کرد، کە بووە هۆی قەیرانی هەنووکەیی، ئەو باسی پشتیوانیی ئێران لە میلیشیاکانی کرد کە بوونە هۆی پەرە ئەستاندنی دەسەڵاتی (ئێران) لە ناوچە کە وڵاتە یەکگرتوەکان بەتەمایە کۆتایی پێ بێنێ، حیزبوڵڵا ئامانجی سەرەکییە لەو بەینە دا.

بەڵام زەختەکە هەر دێتو زیاتر دەبێ و دەبێتە هۆی هاندانی بەکرێگیراوانی ئێران.

حیزبوڵڵا هێشتا لە سورییە خەریکی شەڕە لە کاتێکدا کە خەریکی ڕاهێنانی میلیشیای هاوپەیمانی ئێرانە لە عێراق و یەمەن. فەرماندەکە دەڵێ ڕێکخراوەکەی و ئێران ناکۆکییەکانیان لەگەڵ هاوپەیمانە فەلەستینییەکان لەسەر مەسەلەی سورییە وەلا ناون، کاتێک کە شۆڕشی سورییە بووە هۆی شەڕێکی ناوچەیی خویناویی ئەوان لەبەرەی جیاواز دابوون، بەڵام ئێران دووبارە دەستی کردووە بە ڕاهێنانی حەماس و جیهادی ئیسلامیی فەلەستین.

لە ژوورێکدا کە بەسەر ئەو دۆڵانەدا دەڕوانێ کە لەگەڵ گردەکانی ئەوێ تیکەڵ دەبێتەوە و ئەو لەوێ بوو بە کەسێکی خاوەن ئەزموون، کەمینی بۆ سوپای ئیسرائیل دادەنا، سەمیر دەڵێ شەڕی داهاتوو وەک هیچکام لە شەڕەکانی پێشو ناچێ.

ئەو جەخت لەسەر گرینگیی پێگەکانی حیزبوڵڵا لە ئەو بەشەی گۆلان کە لە ژێر دەسەڵاتی سورییەدان دەکاتەوە، کە دەبێتە هۆی ڕەخساندنی بوار بۆ کردنەوە بەرەیەکی دیکە دژی ئیسرائیل، و خۆ بە توانایی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و چەکی دژی

فرۆکە و دژی هێزی دەریایی ڕادەنێ، چەکهایەک کە لە سورییە دەستیان کەوتوون لەگەڵ هێزی شەڕکەری ڕاهاتوو.

ئەو فەرماندەیە گوتی: "ئێمە پێش شەڕی سورییە بە ئاوات بووین کە بەرەیەکی دیکە لە گۆلان بکەینەوە بەڵام (دەوڵەتی سورییە) هێڵی سووری دیاریکردبوو." مەبەستی ئەوە بوو کە ڕێژیمی ئەسەدی پێش شەڕ، سنووری بۆ چالاکییەکانی حیزبوڵڵا لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی دیاری کردبوو. ئەو گوتی، "ئێستا هیچ هێڵێکی سوور بوونی نییە."

ئەو فەرماندەیە ددان بەوە دادەنێ: کە شەڕێکی تازە دەبێتە هۆی وێرانیی بەربڵاو لە ئیسرائیل و لوبنان، بەڵام گەمارۆکانی ئابووری ئێران ئیفلیج دەکەن و پشتیوانیی ئابووریی ئێران بۆ حیزبوڵڵا زۆر کەم دەکەنەوە کە دەبێتە هۆی وەڕاستی گەڕانی مۆتەکەیەکی ڕاستەقینە.

بە گوێرەی سێ شەڕکەر کە دەیلی بیست قسەی لەگەڵ کردن، هەر ئێستا مووچەی شەڕکەرانی حیزبوڵڵا بۆتە نیوە. بەڵام لەکاتێکدا کە ئەوان لە بواری ئابورییەوە زەرەمەند بوون، پێداگرن کە ڕێکخراوەکەیان لە ڕوانگەی سەربازییەوە بەهێزە.

فەرماندە سەمیر دەڵێ: "ئێرانییەکان گوتوویانە یا هەموومان نەوت دەفرۆشین یا هیچ کەس ناتوانێ نەوت بفرۆشێ"، کە نیشان دەدا بەرژەوەندیی حیزبوڵڵا چۆن بە هی ئێرانەوە بەستراوەتەوە. هەر وەک ئەو دوو شەڕکەرەی کە قسەیان بۆ دەیلی بیست کرد، ئەو باسی نیگەرانییەکانی حیزبوڵڵا وک شتێکی ناوچەیی دەکا نەوەک ناوخۆیی، کە وەڵامی ئاکارەکانی هاوپەیمانانی وڵاتە یەکگرتوەکان لە خۆرهەڵاتی ناڤینە نەوەک ئاکاری ئیسرائیل لەسەر خاکی لوبنان. فەرماندەکە دەڵێ، "ئەگەر هەر مووشەکێک بەر ئێران بکەوێ، وای هەڵسوکەوت لەگەڵ دەکرێ کە ئیسرائیل ئەو کارەی کردبێ."

سەرەڕای پەرەگرتنی ناسەقامگیریی لە ناوچەدا پاش کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی ئێران و دەستپێکی چەسپاندنی ئابلۆقەکان، بەڕێوەبەرایەتی ترامپ ڕایگەیاندووە کە سیاسەتی "ئەوپەڕی زەخت" ئێران ناچار دەکا کە ملکەچ بێ.

بەڵام بە گوتەی ئەحمەد موسەللی، پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و پسپۆڕی جووڵانەوە ئیسلامییەکان لە زانکۆی ئەمریکایی بەیروت، زەختە ئابوورییەکانی واشینگتۆن کاریگەریی پێچەوانەیان هەیە. موسەللی بە ئاماژە بە ئێران و بەکرێگیراوە ناوچەییەکانی دەڵێ: "تۆ دەبینی کە ئەو تەوەرە خۆی لە شەڕی مان و نەماندا دەبینێ، کە وابوو ئەوان خۆ کۆدەکەنەوە و تەوەرەکە بەهێز دەکەن." ئەو ئاماژە بە حیزبوڵڵا دەکا کە چۆن بە ئاشکرا نفوزی سیاسی خۆی لە لوبنان زیاتر کردووە و

هاوپەیمانەکانی لە یەمەن و عێراق هەنگاوی هێرشبەرانەیان ناون.

**موسەللی دەڵێ:** "ئێران بێدەنگ نابێ و خۆی لە ناوخۆوە لەناو نابا. و تەنیا ڕێگای ئەوان پەرچەکرداری سەربازییە، ئەوان بژاردەیەکی دیکەیان نییە." ئەو هیچ گومانی لەوەدا نییە کە ئەوە ئێرانە کە بڕیاری بەرپەرچدانەوە ناوچەییەکان دەدا نەوەک حیزبوڵڵا یا بریکارێکی دیکە کە بە دەستپێشخەریی خۆی بیهەوێ شتێک بکات.

مووشەکبارانەکانی نێوان ئیسرائیل و غەززە لە بەرەبەری هەڵبژاردنی ئیسرائیل لە مانگی مای نموونەیەکی باشیان لە گۆڕانی تاکتیکەکاندا پێشان داین. فەرماندە سەمیر ئاماژە بە هەڕەشەیەک لە لایەن جیهادی ئیسلامیی لەبارەی هێرشی مووشەکیی بۆ سەر شاری حەیفا لە باکوور دەکا، کە بەڕیوە نەچوو. هەڕەشەکە ئاڵوگۆڕێکی ئاشکرا لە لێدوانی ئەو تاقمە ئیسلامییە فەلەستینییەبوو کە پێشدا هەڵوێستی "بێدەنگیی لە بەرامبەر بێدەنگیی" هەبوو، دەستەواژەیەک کە لە لایەن سوپای ئیسرائیلەوە کەڵکی لێوەردەگیرا بەو مانایە کە ئەوان دەستپێشخەری دوژمنکاریی سەربازیی نابن. ئەو خۆ بە توانایی تەقە کردن لە ئیسرائیل لە باشوور یا باکوورەوە هەڵدەنێتەوە کە بڕیارەکەی بەدەست ئێرانە و دەڵێ، "ئەوە پەیامێک بوو لە لایەن ئێمە و ئێرانەوە. جیهادی ئیسلامیی هەرگیز پێش پەیوەندیکردن بە ئێرانییەکانەوە تەقە ناکا."

"ئەسیر"، جەنگاوەرێکی بە ئەزموونی حیزبوڵڵا دوای چەند ساڵ لە شەڕی خوێناوی سورییە کە وێدەچێ شەڕی بێ کۆتایی بێ گەڕاوەتەوە بۆ لوبنان. ئەو کەڵک لە ناوێکی خوازراو وەردەگرێ چونکە چەکدارانی حیزبوڵڵا بۆیان نییە لە گەڵ میدیاکان قسە بکەن. کاتێک کە ئێمە لە بەیروت یەکتر دەبینین، ئەو دەڵێ وەکوو زۆر لەو چەکدارانە، کە دوای پەرە گرتنی دەسەڵاتی ئەسەد لە ڕووبەرێکی بەرچاو لە سورییەدا، گەڕاونەوە لوبنان ئەرکە سەربازییەکانی کۆتاییان پێ نەهاتووە بەڵکو گوازراونەوە بۆ باشوور بۆ بەرەی سنووری ئیسرائیل.

**ئەسیر دەڵێ:** "ئەو کەسانەی کە مەئمورییەتەکانیان لە سورییە کۆتایی پێدێ، دەچن بۆ باشوور" و باسی خۆی و فەرماندەکانی دەکا کە چۆن دوای تەشەنە کردنی گرژییەکان لە کەنداو مەئمورییەتی نوێیان پێدراون."هەندێک لە یەکەکان لە سورییە ماون بەڵام بەشێکی زۆر گەڕاونەوە بۆ لوبنان و یا گۆلان، بە هەزاران کەس گەڕاونەوە."

سەرکەوتنی سەربازیی لە سورییە باوەڕبەخۆبوونی ئەسیری بەهێز کردووە و ئەو ئاماژە بە گرژییەکانی گەرووی هورموز وەک سەرچاوەی نوێ ناکۆکی لە گەڵ ئیسرائیل دەکا. ئەسیر دەڵێ، "فەرماندەکان دەڵێن ئەگەر پریشکێکی ئاگر لە هورموز هەبێ، پریشکێکی ئاگر لە لوبنانیش دەبێ."

**بەڵام، موسەللی دەڵێ:** ئەگەری شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل، ئەگەرچی بوونی هەیە، وەک ڕووداوێکی گەلێک نزیک نابینێ. ئەو گومانی لەوەدا هەیە کە حیزبوڵڵا لە حاڵی حازردا خوازیاری شەڕ بێ. بە بۆچوونی ناوبراو ئێران ئێستا زۆرتر سەرقاڵی وەڵامدانەوە لە ناوچەی کەنداو و عێراقە.

**موسەللی دەڵێ:** "سوریيە و لوبنان کاتێک تووشی شەڕ دەبن کە ئوروپا و ئێران بە تەواوی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکشێنەوە." ئەو پێی وایە کە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل جارێ زۆر دوورە، "مەسەلەی ئیسرائیل شتێکی گەورەیە." ئەو ئاماژە بە تێچووەکانی شەڕی ٢٠٠٦ دەکا و درێژە دەدا، "کەوابوو زەختێک بوونی هەیە، ئەگەری شەڕ هەیە بەڵام من پێم وانییە ئەوە نزیک بێ."ئەو دەڵێ ئەگەر ئابلۆقەکان سووکتر بکرێن، گرژییەکانیش کەم دەکەنەوە. بەڵام بە ئاماژە بۆ حیزبوڵڵا دەڵێ، "ئەوان ئامادەن (بۆ شەڕ)؟ بەڵێ ئەوان ئامادەن."

بەراوردی موسەللی لە بارەی مارشی لەسەرخۆ بەرەو حەمامی خوێنی ناکۆکی ئیسرائیل - لوبنان کە کاولکەرتر دەبێ لەوانی پێشوو لە وتەکانی "فەرماندە ئەیمەن"، ئەفسەرێکی حیزبوڵڵا کە لە بەیروتە و فەرماندەی یەکە شەڕکەرەکان لە سورییەشە، دەنگ دەدەنەوە. ئەو دەڵێ، "ئەمریکا دەزانێ کە ئێمە چ شەڕکەرێکمان هەن، کەوابوو حیزبوڵڵا و ئێران وەبیر دونیا دێننەوە کە شەڕ دەتوانێ چەندە خراپ بێ." لە کاتێکدا کە باسی بوونی هێڵێ سوور لەبارەی هەر جۆرە هێرش بۆ سەر ئێران دەکا، ئەو پێداگرە کە ویستێکی بەهێز بۆ خۆ بواردن لە شەڕ هەیە، کە دەتوانێ ئاشکراکەری هۆی باسی گەرم لەبارەی تێکهەڵچوونی بەمزوانە لەگەڵ ئیسرائیل بێ واتە قەناعەت هێنان بە وڵاتە یەکگرتووەکان کە دەست لە ستراتێژیی هەنووکەیی خۆی گەڵگرێ."

ئیسرائیلیش وێناچی ئێستا خوازیاری ناکۆکی لەگەڵ لوبنان بێ. لە کاتێکدا کە نەتانیاهو سیاسەتی هێرش بۆ سەر ئێران و حیزبوڵڵای لە سورییە گرتۆتە بەر، ئەو خۆی لە شەڕێکی دیکە لە لوبنان بواردووە. تەنانەت کاتێک کە تونێلەکانی حیزبوڵڵا بۆ ئیسرائیل لە مانگی ژانویە ئاشکرا بوون، هیچ کردەوەیەک دژی لوبنان نەکرا.

بە پێچەوانەی شەڕی ئیسرائیل لە غەززە، کە تێچوویەکی کەمی بۆ سەربازانی ئیسرائیل و خەڵکی مەدەنی هەبووە و دەنگدەرانی بەرەو نەتانیاهو و پاڵناوە، شەڕەکانی لوبنان تێچووی گەورەی سەربازی و مەدەنی بۆ ئیسرائیل بەدواوە بووە، کە زۆرجار بوونە هۆی ڕووەوەرگێڕانی دەنگدەران لە دەسەڵاتداران.

کاتێک کە پرسیار کرا کە ئاخۆ بۆچوونی نەتانیاهو و لەبارەی هاندانی چالاکانەی سەپاندنی ئابلۆقەکانی وڵاتە

بەشی یەکەم

یەکگرتووەکان دەتوانێ ببێتە هۆی هەڵایسانی ناکۆکی لەگەڵ حیزبوڵڵا، ئۆفیسی سەرۆک وەزیران خۆی لە لێدوانی فەرمیی بوارد. ئەرتەشی ئیسرائیلیش خۆی لە دانی لێدوان لەبارەی بۆچوونی لەبارەی گرژییە هەنووکەییەکان لە سنووری لوبنان یا ئاخۆ پلەی هۆشیاریی، دوای ئەوەی کە ئێران بەرامبەر بە ئابلۆقەکان پەرچەکدردار بنوێنێ، دەگۆڕێ بوارد، ئەوان گوتیان، "ئەو مەسەلەیە زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بە تەلەفۆن یا بە لێدوانێک بتوانن شی بکەنەوە."

دوای ئەوەی کە سێ شەممەی ڕابردوو وەزارەتی دارایی وڵاتە یەکگرتووەکان ئابلۆقەی نوێی بەسەر چەند ئەندامی حیزبوڵڵا لە پارلمانی لوبنان سەپاند، هەڕەشەی لەناوبردن لە نێوانی سەرۆکی حیزبوڵڵا حەسەن نەسروڵڵا و سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین نەتانیاهو (کە بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی خەبات دەکا)، ئاڵووێر کراون.

لە لێدوانێکدا بە بۆنەی سێزدەهەمین ساڵوەگەڕی شەڕ لە گەڵ ئیسرائیل لە ٢٠٠٦، نەسروڵڵا زۆر لەسەر پەرە گرتنی توانایییە سەربازییەکانیان ڕۆیشت و هەڕەشەی کرد کە شەڕێکی دیکە دەتوانێ "ئیسرائیل بەرەو نەمان ببا." نەتانیاهو ڕۆژی یەکشەممە لە وەڵامدا هەڕەشەی کرد کە ئەگەر حیزبوڵڵا هێرش بکا "گورزێکی سەربازیی تێکشکێنەر" لە لوبنان و حیزبوڵڵا دەوەشێنێت.

ئەگەرچی حیزبوڵڵا و ئیسرائیل نایانهەوێ ئێستا دەست بە تەقە بکەن، هەر دێتو زۆرتر ئاشکرا دەبێ کە بڕیارەکە لە لایەن سیاسەتەکانی واشینگتۆن و چۆنییەتی بەرپەرچدانەوەی ئێران دیاری دەکرێ. هەرچۆنێک بێ، بە گوتەی ترامپ، چەند حەوتوو لەوەپێش وێدەچوو شەڕێک، کە لەوانەیە لە کەنداو تا مەدیتەرانە بگرێتەوە، تەنیا ١٠ خولەک دوور بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جوولای ٢٠١٩

## ئاخۆ کۆتایی ڕێژیمی ئێران نزیکە؟

### نەیشنال ئینتەرێست - مایکڵ روبین

ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکان لە پێکدادانی ڕاستەوخۆ بەقەد کاتی ئۆپەراسیۆنی سیسرکی نزاکەر لە ١٩٨٨، کە ئەو کاتی مەزنترین تێکهەڵچوونی دەریایی لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بوو، نزیکن.

جەوهەر و ئۆکسیژێنێکی زۆر بۆ شرۆڤە کردنی ئەو مەسەلەیە سەرف کراوە، بەشێکی بە باشی و بەشێکیش ساویلکانە. لێرەدا هەندێک بۆچوون باس دەکەم کە بەخت یارم بوو و ماوەی نزیکەی حەوت مانگ لە کۆماری ئیسلامیی ژیام بۆ تویژینەوەی تەواوکردنی بەڵگەنامەی دوکتۆرایەکەم لەسەر فەلسەفەی مێژووی ئێران، و ئەو زانیارییانەم وەدەست هێناون. من لە سەردەمی بەڕێوەبەرایەتیی جۆرج دەبلیو بوش لە بەشی ئێران لە پێنتاگۆندا کارم کردوە، زۆرجار سەردانی کەنداوی فارسم کردوە،

**و لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام لەسەر ئێران بەدواداچوونم کردووە.**

١- زەخت کاریگەریی لەسەر ئێران هەیە. زیاتر لە دە ساڵە کە ڕوانگەیەکی سەیر بڕەوی پێ دەدرێ کە زەخت خستنە سەر ئێران بێ فایدەیە. بۆ وێنە، دینا ئەسفەندیاری لە دامەزراوەی سەنچری لە تویتێکدا دەنووسێ "ئێران تا زەختی پتر لەسەر بێ وتوویژ ناکا چونکە ئەوە بۆ دەوڵەت وەک خۆکوژی وایە. ئەوان کاتێک وتوویژ دەکەن کە لە بەرامبەر سازش کردندا شتێک وەدەست بێنن." و بە کەڵک وەرگرتن لە ڕێژەی سانتریفیوژەکان وەک پێوانەیەک، وێندی شێرمەن، دانوستانکارێکی بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما، لێکدا لێکدا دەڵێ کە سازش کردن بەسەر ناچار کردندا سەردەکەوێ.

بەڵام هەردوو، ئەسفەندیاری و شێرمەن لە کەم بایەخ نواندنی زەختدا هەڵەن. هەر وەک من لە وتاری سەما لەگەڵ شەیتاندا بە وردی باسی مێژووی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ڕێژیمە سەرەڕۆکان و تاقمە تێرۆریستییەکانم کردوە، چەمانەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە زەخت شتێکە کە پێشینەی هەیە. بۆ وێنە، لە ١٩٨١، ئایەتوڵڵا خومەینی لە کاتێکدا بارمتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئازاد کردن کە بە گشت داواکارییەکانی نەگەیشتبوو. ئەو لەبەر دیپلۆماسیی لێبڕاوانە ئەوکارەی نەکرد، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە تەریک کەوتنەوەی ئێران ببووە بارێکی هێندە قورس کە

نەیتوانی هەڵی گرێ، بە تایبەتی بە لەبەر چاوگرتنی شەڕی ئێران و عێراق.

خومەینی بە هەمان شێوە لە ١٩٨٨ ئاگربەسی قبوڵ کرد و هێشتی سەددام حوسێن لە عێراق لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، شتێک کە پێشدا سوێندی خواردبوو کە هەرگیز قبووڵی نەکا. هۆیەکەی چی بوو؟ درێژەدانی شەڕی ئێران - عێراق لە ڕوانگەی ئابوورییەوە هێندە دژوار بوو کە مانەوەی ڕێژیمی ئێرانی دەخستە مەترسییەوە.

لە سەردەمی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆبامادا، سەرۆک کۆمار حەسەن ڕووحانی هات بۆ سەر مێزی وتووێژ لەبەر زەختی ئابووریی دوای سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووریی یەکلایەنەی ئەنجومەنی پیرانی وڵاتە یەکگرتووەکان، کە لە سەرەتادا کۆشکی سپی دژی بوو بەڵام دوایە شانازییەکەی کردە هی خۆی.

لە پەیوەندی لەگەڵ باسی شێرمەن لەبارەی ڕێژەی سانتریفیوژان، ئەو کۆی مەسەلەکە بە هەڵە تێ گەیشتوە. لە نێوان ١٩٩٨ تا ٢٠٠٥، ئاڵوگۆڕی بازرگانی یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ ئێران نزیکە سێ قات زیادی کرد و نرخی نەوت بۆ پێنج قات بەرز بۆوە. بۆیە ڕێژەی سانتریفیوژەکان زۆر زیادیان کرد و ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە سازش کردنەوە نەبوو، بەڵکو هۆیەکەی دیپلۆماسیی لە ڕادەبەدەر بوو.

بەڵام کاربەدەستانی ئێران پێشکەتوون و لە سیاسەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان تێدەگەن. ئەو ڕاستییە کە ئێران بۆتە تۆپی سیاسی لەکۆنگرە و کاناڵەکانی هەواڵنێرییدا لەوانەیە ئێران بەرەو شەڕەنگێزی هان بدا، بە تایبەت ئەگەر کاربەدەستانی ئێران بگەنە ئەو ئاکامە کە ئەوان دەتوانن ببنە هۆی پەرەئەستاندنی کێشەی سیاسی لە واشینگتۆن. بۆیە، ئەمریکا هیچ ڕێگاچارەیەکی نییە جگە لە یەکگرتوویی.

٢- سیاسەت ماوەی مانەوەی هەر کارمەندێک لە پۆستەکەیدا دیاری دەکا. لە وڵاتە یەکگرتووەکان، زۆربەی ئادمیرال و ژەنراڵەکان بۆ ماوەی چەند ساڵێک کارێکی تایبەتییان پێ دەسپێردرێ. ڕێژەیەکی کەم لە ئەفسەرانی هەرە پلەبەرز زیاتر لە دەورەی بەرپرسی گشتیی هێزە سەربازییەکان، کە ماوەی خزمەتەکەی چوار ساڵە، لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە. بەڵام لە ئێران ئەفسەرە پلەبەرزەکان بۆ ماوەیەکی زۆرتر دەمێننەوە.

بۆ وێنە، سەرۆکی سۆپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی، محەممەد عەلی جەعفەری، پێش ئەوەی کە حوسێن سەلامی لە سەرەتای ئەمساڵدا جێگەی بگرێتەوە نزیکەی دوازدە ساڵ لە سەر کارەکەی بوو. جگە لەوە، عەلی فەدەوی بۆ ماوەی هەشت

ساڵان فەرماندەی هێزی دەریایی سوپای پاسداران بوو، پێش ئەوەی کە ساڵی ڕابردوو عەلیڕەزا تەنگسیری جێگای بگرێتەوە. (پاش ئەو فەدەوی بوو بە جێگری سەلامی). و لە کۆتایی ۲۰۱۷، لەنێو هێزی دەریایی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەڕێوەبەرایەتییەکەیدا ئاڵوگۆڕ پێک هات کە دوای زیاتر لە دە ساڵ بووە هۆی تەکانی ڕێکخراوەیی.

کاتێک کە لە فەرماندەییدا ئاڵوگۆڕ دێتە ئاراوە، بە تایبەتی لە کۆماری ئیسلامییدا، جێگرەوەکە دەبێ بوێریی شۆڕشگێریی خۆی بسەلمێنێ. هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان لەوانەیە چارەی فەدەوییان نەویستبا، کاتێک کە فەرماندەی هێزی دەریایی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی بوو، بەڵام لێی تێدەگەیشتن. و سەرەڕای کێشەی دیپلۆماتیکی نێوان تاران و واشینگتۆن، هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتوەکان پەیوەندیی دووردرێژی گەرم و پرۆفێشناڵیان لەگەڵ هاوشانە ئێرانییەکانیان هەبوو. گشت ئەوانە ئێستا بوونە مێژوو، لە کاتێکدا کە فەرماندە تازەکانی ئێرانی هەوڵ دەدەن هێڵە سوورەکانی کە لەمێژە دیاریکراون تاقی بکەنەوە.

٣- ئێمە لەوانەیە شاهیدی مەرگی کۆماری ئیسلامیی ئێران بین. کۆماری ئیسلامیی ئێران تووشی گەردەلوولێکی بێخەوش بووە، و ئابلۆقەکان زەرەریان بە ئابوورییەکەی گەیاندوە. هیوای تاران بە وڵاتانی ئوروپایی و ئاسیایی بۆ گوێنەدان بە ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان شکستی هێناوە، کاتێک کە بازرگانەکانی ئەو وڵاتانە لە لێکدانەوەکانیان بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئەوان ناتوانن خۆیان تووشی مەترسیی سزاکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بکەن، بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە دەوڵەتەکانیان چ حەز و ئاواتێکیان هەیە. سیاسەتوان و دیپلۆماتکاران ئاڵوێری وشە دەکەن، بەڵام بازرگانەکان دەبێ خاوەن پشکەکانیان و ئاکامەکان لەبەر چاو بگرن. هەڵبەت هیچکام لەوانە نابێ ببنە هۆی سەرسوڕمان، چونکە دەقاودەق هەمان مشتومڕ لە کاتی سەرکۆماریی بیل کلینتۆن لە ١٩٩٤ و ١٩٩٥ بۆ پەسند کرانی بڕیاری خستنی ئابلۆقە بۆ سەر ئێران و لیبی، سەری هەڵدا. تەنیا جیاوازی ئەوەیە کە ئێستا دراوی ئێران تووشی داڕمان بووە.

بەڵام گێروگرفتەکە تەنیا ئابووری نییە. سوپای پیری کۆماری ئیسلامیی بە هۆی چوونەسەرێی تەمەن خەریکی مردنە و ڕێبەری گەورە عەلی خامەنەیی دەزانێ کە بۆخۆشی زۆری نەماوە. بە پێچەوانەی ١٩٨٩، دوایین جار کە لە ئێران ئاڵوگۆری ڕێبەریی لە لوتکەی دەسەڵات بەڕێوە چوو، ئێستا هیچ جێگرەوەیەکی ڕوون لە ئارا دانییە و لەناو سیستەمیشدا ئەو باوەڕبەخۆبوونە نییە کە ئاڵوگۆڕەکە بێ گیروگرفت بچێ بەڕێوە. زۆر وێدەچێ دۆخێکی بێ ڕێگاچارە یا تەنانەت کودەتای سەربازیی بێتە ئاراوە کە مەلاکان بێنێتە ژێر ڕکێفی ژەنراڵەکان. کۆماری ئیسلامیی یا نا، ئەوە نۆرمێک بووە کە بە درێژایی مێژووی سەردەمی ئێران بوونی هەبووە.

## بەشی یەکەم

هەردوو خامەنەیی و سوپای پاسداران دەزانن کە خەڵکی نێوخۆی ئێران لێیان بێزارن. بەڵام، لە کاتێکدا کە ئێرانییەکان ڕقیان لەو وێرانییانەیە کە دەسەڵاتی چل ساڵەی مەلایان وڵاتەکەیانی تووش کردووە، ئەوان زۆر ناسیۆنالیستن. بۆیە، خامنەیی و سوپای پاسداران لەوانەیە هەوڵ بدەن ناکۆکیی وا ساز بکەن کە بتوانن ئێرانییەکان لە دەوری ئاڵاکەیان کۆ بکەنەوە.

ئەوە ئەو دینامیکەیە کە دەبێ بەڕیوەبەرایەتی ترامپ زۆر بۆی بە پەرۆش بێ، چونکە ئەوە زۆر گرینگە کە زەختەکە بپارێزن بێ ئەوەی کە بکەونە داوی ڕێژیمێک کە لە گێچەڵ دەگەڕێ.

**با هیوادار بین کە سەرۆک کۆمار دۆنالد ترامپ هێندە ژیر بێ کە بیڵێ "کەمپەینی ئەوپەڕی زەخت" کاری خۆی بکا بێ ئەوەی کە کاربەدەستانی تاران بتوانن لە ڕێگای دیپلۆماتیک خۆیان دەربازکەن یا کەڵک لە هێزی سەربازیی وەرگیرێت کە لە درێژ خایەندا بەسەر (ئەمریکادا) بشکێتەوە.**

(لە ژمارەی ٧٥٥ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٩

---

بەشی یەکەم

## ئیسڕائیل پەرەی داوە بە شەڕی نهێنیی خۆی لەگەڵ ئێران

### تایم - جۆزێف هیکس

شەڕە نهێنییە دوورودرێژەکەی نێوان ئیسڕائیل و ئێران، دوای چەند هێرش لە عێراق و لوبنان کە ئیسڕائیل بە ئەنجامدەری هێرشەکان تۆمەتبار کراوە، سنووری سووریەی تێپەڕاند و هەڕەشەکانی حیزبوڵڵا لە بارەی تۆڵە ئەستاندنەوە، کە هەواڵنێران لە ئیسڕائیل و لوبنان باسیان کردوە وایکردوە کە هێزی بەرگریی ئیسڕائیل بووکەڵەی لە شکڵی سەرباز کە لەنێو جیپیاندان لە نزیک سنووری باکووری خۆی دامەزراندوون.

ئاستی بەرزی هۆشیاریی ئیسڕائیل لەبەر ئەگەری هێرش لە دەرەوەی سنوورەکانی چەند ڕۆژ دوای ئیعترافی کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەستی پێکرد کە ئەو گومانەیان پشتڕاست کردەوە کە ئیسڕائیل بەرپرسی بۆمبارانی کۆگای چەکوچۆڵ لە عێراق لە مانگی جولای، کە دەگوترا ئێران بۆ گواستنەوەی چەکوچۆڵ بۆ سووریە کەڵکی لێ وەردەگرت، بووە. لوبنان ئیسڕائیلی بەوە تۆمەتبار کرد کە ڕۆژی یەکشەممە بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان هێرشی کردۆتە سەر چەند گەڕەکی قەراخ شاری بەیروت. دوای چاوپێکەوتنی سەرۆک وەزیران سەعد حەریری لەگەڵ نێردەی شورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر "پێشێلکاریی ئاشکرای ئیسڕائیل دژی سەروەریی لوبنان" لە ڕۆژی دووشەممە، نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە هەردوو لا کرد کە "ئەوپەڕی خۆڕاگریی" ڕەچاو بکەن.

ئیسڕائیل کە بەپێی نەریت سیاسەتێکی لێڵی لە پەیوەندی لەگەڵ چالاکییە سەربازییە دەرەکییەکانی هەیە، بەرپرسیاریی هیچکام لە هێرشەکانی عێراق و بەیروتی نەگرتۆتە ئەستۆ، ئەگەرچی ئەرتەشەکەی گوتوویەتی کە ڕۆژی شەممە هێرشێکی ئاسمانیی جیاوازی لە نزیک سنووری سووریە بۆ پووچەڵکردنەوەی هێرشێکی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بە پلاندارێژیی سپای پاسدارانی ئێران و حیزبوڵڵا بەڕێوە بردوە.

سەرەڕای وەخۆنەگرتنی ئاشکرای بەرپرسایەتییەکان، مێدیای ئیسڕائیلی باس لەوە دەکەن کە لە هێرشی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بۆ سەر بەیروت زەرەر و زیان بە کەرەستەی پێویست بۆ پرۆگرامی مووشەکی هەنگێوی حیزبوڵڵا کەوتوە. حەسەن نەسروڵڵا، ڕێبەری هێزی میلیشیای شیعە کە ئێران پشتیوانیی دەکا، ئیددیعای کرد کە ئەوە یەکەم هێرشی ئیسڕائیلە بۆ سەر لوبنان دوای شەڕی خوێناویی ئەو دوو وڵاتە لە ساڵی ٢٠٠٦ و بەڵێنیی تۆڵەکردنەوەی دا. ڕۆژی یەکشەممە نەسروڵڵا

## بەشی یەکەم

گوتی، "ئەمن بە هێزی سەربازیی ئیسرائیل لەسەر سنوور دەڵێم کە لە ئەمشۆوە کێشک بکێشن. چاوەڕوان بن، ڕۆژێک، دووان، سێ، چوار ڕۆژ." سەرۆک کۆماری لوبنان، میشێل عەون، هاوپەیمانی حیزبوڵڵا، هێرشەکانی ئیسرائیلی بە "ڕاگەیاندنی شەڕ" ناو برد و گوتی لوبنان مافی بەرگریی لە خۆی هەیە.

کاربەدەستێکی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان بە مەرجی ئاشکرا نەکردنی ناوەکەی بە تایمی گوت کە بەرپەرچدانەوەی ئێران دەتوانێ بە چەند شێوە بن: هێرش لە لایەن حیزبوڵڵا و بەکرێگیراوەکانی دیکەی ئێران، هێرشی چەکدارە سوننییەکانی هاوپەیمانی تاران و تەنانەت هێرش بۆ سەر "ئامانجی" جوولەکە یا ئیسرائیلی لە دەرەوەی ئیسرائیل. ئەو کاربەدەستە گوتی، لە خراپترین حاڵەتدا لەوانەیە هێرش بکرێتە سەر ئاوایییە جوولەکەکانی کەرتی ڕۆژئاوا یا بەرزایییەکانی جەولان، کە دەتوانێ ببێتە هۆی دەستپێکی شەڕ.

کاتی بەرزبوونەوەی گرژییەکان نارۆونە. لە کاتێکدا کە نفوزی ئێران لە ناوچەدا پەرە دەستێنێ، بە تایبەتی لە ڕێگای ئەو میلیشیایانە کە لە لایەن سوپای قودس لە عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن پشتیوانیی دەکرێن، ئەو کاربەدەستەی کە تایم وتووێژی لەگەڵ دەکرد گوتی، هەڕەشەکانی سەر ئیسرائیل لە چەند مانگی ڕابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیان نەکردوە. کاربەدەستەکە خۆی لە باس لە بارەی هۆی بەربڵاو کردنەوەی شەڕی نهێنی ئیسرائیل دژی ئێران لەو ساتەوەختەدا بوارد. ئەوە ئەو شتانەن کە دەبێ لەبارەی بەربڵاو بوونەوەکەدا بیزانین:

### ڕیشەی ناکۆکی نێوان ئێران و ئیسرائیل لە سووریە چییە؟

دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی خەڵک لە سووریە لە ٢٠١١، نەیارە سوننییەکان، کە زۆربەیان لە لایەن دژبەرەکانی ئێران لە کەنداو، عەرەبستانی سعودی و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبیی، پشتیوانیی ئابووری دەکران، دژی ڕێژیمی سەرۆک کۆمار بەشار ئەسەد تاویان دا چەک. لە وەڵامدا ئێران بۆ پشتگیریی لە ڕێژیمی ئەسەد دەستی کرد بە ناردنی پارە، چەکوچۆڵ و سەرباز بۆ ئەو وڵاتە، کە لە هەشتاکانی زایینییەوە هاوپەیمانییەکی ستراتێژیکی لەگەڵدا پێکهێنابوو.

ئیسرائیل کە نیگەرانی ڕیشەداکوتانی هێزی ئێرانیی دوژمنکار لە نزیک سنووری باکووری خۆرهەڵات بوو، لەو کاتەوە سەدان هێرشی ئاسمانیی لە سووریە بەڕێوە بردوون، لە ناویاندا دژی بنکەکانی حیزبوڵڵا و کاروانی گواستنەوەی چەکوچۆڵ بۆ ئەو گرووپە لە لوبنان. ئێران و میلیشیا بەکرێگیراوەکانی ئێران جاروبار بە هێرش لەوبەری سنوورەوە وەڵامیان داوەتەوە، لە ناویاندا هێرشی مووشەکی بۆ سەر سەیرانگای خلیسکێنە لە بەرزایییەکانی جەولان لە مانگی ژانویە.



سەرچاوە Serchawe

**بەشی یەکەم**

سەرکەوتنی ئیسرائیل لە تێکدانی پلانی دروستکردنی ژێرخانی لۆجیستیکی ئێران لە سووریە، کۆماری ئیسلامیی هاندا کە ڕوو لە عێراق بکا، شوێنێک کە لەو دواییانەدا چەند ڕاپۆرتێک لە بارەی گواستنەوەی چەندین مووشەکی بالیستیکی ئێران بۆ بە ئامانج گرتنی ئیسرائیل بڵاو بوونەوە. وێدەچێ ئیسرائیل سیاسەتی پێشووی خۆی، بە هێرشەکانی ئەو دواییانە بۆ ئەمباری چەکوچۆڵ کە لە لایەن میلیشیا بەکرێگیراوەکانی ئێران لە عێراق و وە ئەستۆ نەگرتنی بەرپرسیاریی، درێژە پێبدا.

## لە لوبنان هێرش کرا سەر چی؟

بە گوێرەی ڕاپۆرت، هێرشی بەیانی ڕۆژی یەکشەممە زیانی بە بەشێکی هەستیاری پرۆگرامی موشەکی هەنگێوی حیزبوڵڵا گەیاندوە: میکسەرێکی تایبەتی ناوەندی پیشەسازیی کە بۆ دروستکردنی پاڵنەرێک کەڵکی لێ وەردەگیرێ کە کارکردی مۆتۆڕی مووشەک دەباتە سەر و ئاستی هەنگێوییەکەی زیاد دەکا. بە وتەی گۆڤاری هائارێتزی ئیسرائیل ئەو دەزگایە کە ناوی پلێنەری میکسەرە، وێدەچێ بۆیە کەوتبێتە بەر هێرش چونکە ئامادەکاری دەکرا کە بۆ شوێنێکی ئەمن ڕاگوێزن.

هێرش لەنێو لوبنان بە بەزاندنی ئەو هێڵە سوورە نافەرمییانەیە دادەنرێ، کە پاش شەڕی یەک مانگەی خوێناویی ئیسرائیل لەگەڵ جیرانەکەی لە باکوور لە ساڵی ٢٠٠٦ ڕووی دا. بەڵام ئامانجی پێکراو لە چوارچێوەی هەمان شێوە هێرشی ئاسمانیی ئیسرائیل لە سووریەدایە، کە تا ڕاددەیەکی زۆر لە لایەن ڕووسیە، کە پشتیوانی ڕێژیمی ئەسەدە، تەحەممول کراوە. هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئەو کاروانانەی کە لە ڕێگای لوبنانەوە زۆرتر بە مەبەستی پێشگرتن بە "پرۆژەی هەنگێویی"، هەوڵی بردنە سەری توانایی مووشەکەکانی، حیزبوڵڵا بووە کە ئامانجیان هەنگاوتنی ئامانجەکانیان لەناو ئیسرائیلە.

## کاردانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ هێرشەکانی ئیسرائیل لە دەرەوەی سووریە چی بووە؟

وێدەچێ واشینگتۆن پێی خۆش نەبێ. ڕۆژی دووشەممە، پێنتاگۆن لە لێدوانێکدا باسی پشتیوانیی لە "سەروەریی عێراق" کرد و پێداگر بوو کە عێراق مافی بەرگری کردن لە بەرامبەر ئەکتەری دەرەکیدا هەیە. لە لێدوانی پێنتاگۆندا هەروەها گوترابوو کە "هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرپرسی ئەو هێرشە تازە بۆ سەر کاروانێک یا هێرشەکانی ئەو دواییانە کە بوونە هۆی تەقینەوە لە کۆگای چەک و تەقەمەنی لە عێراق، نین." کاربەدەستێک کە بە مەرجی ئاشکرا نەکردنی ناوی قسەی لەگەڵ تایم کرد خۆی لەو باسە بوارد کە ئاخۆ هیچکام لە کاربەدەستانی ئیسرائیل شتێکیان لە لای سەرۆک کۆمار ترامپ، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی جان بۆڵتۆن، کە بە هەڵوێستە توندەکانی دژی ئێران ناسراوە، یا کاربەدەستی

دیکەی بەڕێوەبەرایەتی ترامپ لە بارەی ئەوەی کە بیر لە بەربڵاو کردنی هێرشەکانیان بۆ سەر بەکرێگیراوانی ئێران، لە ناویاندا ئەوانەی لە عێراقن، شوێنێک کە ٥٠٠٠ کەس لە هێزی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان هێشتا لێی جێگیرن، درکاندووە یا نا.

## بۆچی ئیسڕائیل گرژییەکانی لەگەڵ ئێران قووڵتر دەکا؟

هیچ کەس بە دڵنیاییەوە نازانێ. ئیسڕائیل بەرپرسیاریی هێرشەکانی نەگرتۆتە ئەستۆ بەڵام ناتانیاهو ئاماژەی بە دەوری خۆیان لە عێراق کردوە. لە ٢٠ی ئاگوست، ئەو بە هەواڵنێرانی گوت، "ئێران لە هیچ شوێنێک لە ئەماندا نیە" و ئەوەشی زیاد کرد کە ئیسڕائیل "لە هەر شوێنێک کە پێویست بێ' دژی ئێران کردەوەی دەبێ.

جگە لە لۆژیکی نهێنی سەربازی، پسپۆڕانی ناوچە دەڵێن چەند فاکتەرێک کاریگەرییان لەسەر لێکدانەوەی سەرۆک وەزیران هەبووە. یەکیان هەڵبژاردنی ١٧ی مانگی سێپتامبرە، کە ئەو لەگەڵ ژەنراڵێکی پێشووی هێزە چەکدارەکانی ئیسڕائیل لە کێبڕکێ دایە. بەڵام لە کاتێکدا کە ناتانیاهو خوازیارە وێنەی خۆی وەک "ئاغای ئاسایش" بریقەدار بکا، لێکۆڵەرەوان ئەوی وەک کەسێک دەبینن کە خۆی لە مەترسی دەبوێرێ و لە ڕابردوودا وریا بووە ئیسڕائیل لە تێوەگلان لە ناکوکییەکانی دەرەوەی وڵاتەکەی بپارێزێ.

قووڵبوونەوەی گرژیی نێوان ئێران و ئیسڕائیل هاوکاتە لەگەڵ ئەگەری لێک نزیک بوونەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئێران. دوای سەردانە لەناکاوەکەی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، محەممەد جەواد زەریف، بۆ کۆبوونەوەی وڵاتانی جی حەوت لە بیاریتز لە حەوتووی ڕابردوو، ترامپ گوتی کە "ئەگەرێکی بەهێز" بۆ چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئێران حەسەن ڕوحانی بەمزووانە هەیە. لە کاتێکدا کە بەربەستی زۆر هێشتا ماون، چاوپێکەوتنێکی ئەوتۆ لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕێبەرێکی ئێران دوای کێشەی بارمتەکانی باڵوێزخانەی ئامریکا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٩ تا ١٩٨١ی زایینی، یەکەم جار دەبێ. کاربەدەستە پلەبەرزەکانی ئیسڕائیل نیگەرانیی خۆیان لە ئەگەری ئەوەی کە وتووێژەکان ببنە هۆی دامرکانی "کەمپەینی ئەوپەڕی زەختی" وڵاتە یەکگرتووەکان دەربڕیوە.

بەڵام ئێهود ئەیران، پسپۆڕێکی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی حەیفا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێک کەس، ئیسڕائیل بۆ وەستاندنی وتووێژ لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ئێران گرژییەکان قوڵتر ناکاتەوە. ئەو بە تایمی گوت کە "ژەنراڵەکانی ئیسڕائیل زۆر وریان کە زەرەر بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نەگەیەنن."

## بەشی یەکەم

### تۆڵە ئەستاندنەوەی حیزبوڵڵا دژی ئیسڕائیل چۆن دەبێ؟

نە ئیسڕائیل و نە حیزبوڵڵا شەڕێکی هەمەلایەنەیان ناوێ. بەڵام ڕێبەری حیزبوڵڵا لێبڕاوانە پێداگریی کردوە کە بەرپەرچی هەر هێرشێکی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان بە هەمان ئەندازە دەداتەوە. سەرچاوی نزیک لە ڕێبەری حیزبوڵڵا ڕۆژی سێشەممە بە ڕۆیتەرزیان گوت کە ئەو گرووپە خەرێکی پلاندانان بۆ "هێرشێکی هەڵسەنگێندراو" بۆ سەر ئیسڕائیلە کە لە ژێر "سنووری شەڕێکی بەربڵاو" بێ.

هیلال خاشان، پرۆفیسۆرێکی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ئەمریکایی بەیروت دەڵێ کە دەیان و لەوانەیە سەدان هێرشی بێ وەڵام بۆ سەر بنکەکانی حیزبوڵڵا و کاروانەکانی لە سووریە، نیشاندەری بێ توانایی ئەو گرووپە بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە بە شێوەیەکی کاریگەرە، کە بۆتە هۆی بەرفراوانتر بوونی هێرشەکان. خاشان دەڵێ "ئیسڕائیل هەموو لایەک ئاگادار دەکاتەوە کە یاسایەکی نوێی کایە هاتۆتە ئاراوە. ئەوە بوو کە حەسەن نەسرڵڵای وا تووڕە کرد کە لێدوانێکی شەڕخوازانە بدا کە من پێم وانییە بتوانێ جێبەجێی بکا."

سەرەڕای ئەوە، مەترسی لێکدانەوەی هەڵە گەلێک بەرچاوە. شەڕی ئیسڕائیل - لوبنان لە ساڵی ٢٠٠٦، کە نزیکەی ١٢٠٠ کەس تێیدا کوژران و هەزاران کەسی دیکە بریندار بوون، لەوەڕا دەستی پێکرد کە حیزبوڵڵا دوو سەربازی ئیسڕائیلی لە نزیک سنوور ڕفاند. هەیکۆ ویمەن، لێکۆڵەرێکی گرووپێکی قەیرانی ناونەتەوەیی، ئاکاری هەردوولای بە دۆخی "ئاکرۆبات لە لێواری چاڵاوێکی بێ بن" شوبهاند.

(لە ژمارەی ٧٥٧ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## نەتەوەسازی بۆ هەندێک وڵات یەک دەگرن، بەڵام هەندێکی تر لێک هەڵدەوەشێن؟

ئاندرێیاس ویممەر

بۆ هەندێک وڵات، زۆر جار بەدرێژایی هێڵی جیاکەرەوەی ئەتنیکی لێک هەڵدەوەشێن، لە کاتێکدا کە ئەوانی دیکە دەیان ساڵ و بگرە سەدان ساڵ بە یەکگرتوویی ماونەوە، سەرەڕای ئەوەی کە بەڕێوەبەریی خەڵکێکی بە هەمان شێوە جۆراجۆر دەکەن؟ بە واتایەکی دیکە، بۆچی نەتەوەسازیی لە هەندێک شوێن سەرکەوت بەڵام لە شوێنی دیکە شکستی هێنا؟ ئاسەواری شکستی ئاوێتەکردنی سیاسی بە شێوەیەکی ناخ هەژێن لە کارەساتی سووریەدا دەبینرێ.

لەدەرەوەی فۆکوسی چرای میدیاکانی رۆژئاوا، سوودانی باشوور و کۆماری ناوەندیی ئەفریقا لەو ساڵانەی دواییدا هەمان شتیان بەسەر هاتوە. لە هەندێک لە وڵاتانی دەوڵەمەند و دێموکراتیکی ئورووپا، وەک ئیسپانیا، بێلژیک و بریتانیای مەزن، جووڵانەوەی سەربەخۆییخوازیی کۆن گوڕوتینێکی نوێیان گرتۆتەوە و ئەگەری زۆرە کە ئەوان لە ماوەی چەند ساڵ یا جیلێکدا لە لەتکردنی ئەو وڵاتانەدا سەرکەون.

ئەدی لە لایەکی دیکە بۆچی لەو بەشەی باشووری چین کە بە زمانی کانتۆنی قسە دەکەن یا تامیلەکانی هیندوستان هیچ جووڵانەوەیەکی سەربەخۆییخوازیی نییە؟ بۆچی هیچ سیاسەتوانێکی جیددی هەرگیز یەکگرتوویی نەتەوەیی لە وڵاتێکی فرەچەشنی وەک سویس یا بورکینافاسۆی نەهێناوەتە ژێر پرسیار؟ چونکە لە وڵاتی ئەوتۆدا، هەروەک دواتر باس دەکەم، سێ پرۆسەی درێژخایەنی سیاسیی بەکاوەخۆ هاندەری پەیوەندیی نێوان هاوپەیمانیی سیاسی و پشتیوانیی لە نێو گشت لایەنە ئەتنیکییەکاندا بووە: گەشەکردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە زۆر کۆنەوە، سەرهەڵدانی دەوڵەتێک کە توانایی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتیی لە سەرانسەری وڵاتی بە شێوەی یەکسان هەبووە و دروستبوونی ئامرازێکی هاوبەش بۆ پێوەندیگرتن.

### نەوتەوەسازیی چییە و چ شتێک نەتەوەسازیی نییە؟

زۆربەی داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوە لە ئەمریکا پێیان وایە کە دێموکراسی باشترین ئامراز بۆ گەیشتن بە یەکگرتوویی سیاسی لە جیهانی باشوورە (مەبەست وڵاتانی ئاسیا، ئەفریقا، ئەمریکای لاتین و کارائیبە کە داهاتی مامناوەندییان لە

هیی وڵاتانی دەوڵەمەند و پێشکەوتوو کەمترە و.)، تا ڕادەیەک کە گەلێک لەوان نەتەوەسازی بە مانای دێموکراتیزەکردن لێکدەدەنەوە. دەلیل هێنانەوەکە ئەوەیە: هەڵبژاردنە دێموکراتیکەکان دەنگدەری سەر بە ئەتنیکە جیاوازەکان بۆ ناوەندی سیاسی ڕادەکێشن.

هەڵبژاردنەکان سیاسەتوانەکان هان دەدەن کە هاوپەیمانیی بەرین پێک بێنن کە سنووری ئەتنیکیی ئەوان تێپەڕ دەکەن. شتێکی مسۆگەر ئەوەیە کە نزیکەی گشت ئەو دەوڵەتانەی کە لە نەتەوەسازییدا شکستیان هێناوە و لە لایەن نوخبەی ئەتنیکێکی کەمینە بەڕێوە دەچن سیستەمی دیکتاتۆرییان هەیە، وەک سووریەی ژێر دەسەڵاتی عەلەوییەکان. بە پێچەوانە وڵاتانی دێموکراتیک بە شێوەی ڕێژەیی زۆر وێدەچێ کە نوێنەری کەمینەکان لە هاوپەیمانیی بەڕێوەبەریی وڵاتدا بەشدار بن.

بەڵام، ئەوە لەبەر ئەو هۆیە نییە کە کۆمەڵگەکان بە تێپەڕ بوونی کات دوای بوون بە دێموکراتیک دەبنە هاوبەشکەر. لە زۆر وڵات کە لەو دواییانەدا بوونە دێموکراتیک، زۆرینە ئەتنیکەکان تەنیا بۆیە دەسەڵات دەگرنە دەست کە تۆڵە لە نوخبەی ئەو ئەتنیکە و لایەنگرانیان بکەنەوە کە لە پێشدا خاوەن دەسەڵات بوون. عێراقی دوای سەددام حوسێن ئەوەی زۆر بە ڕوونی نیشان داوە: زۆرینەی پشتیوانانی نێوخۆیی ئەلقاعیدە و داعش سەر بە بژاردەی پێشووی بەعس و هۆزە نارازییە عەرەبەکانن کە لەو دەسەڵاتەی کە لە کاتی سەددام حوسێندا هەیان بوو بێبەش بوون. جگە لەوە، هەندێک لە وڵاتانی خاوەن دێموکراسی، تەنانەت کەمینەی بەرچاویان لە ماوەی چەندین جیلدا پەراوێز خست. وڵاتە یەکگرتووەکان ٧٠ ساڵ دوای بوون بە وڵاتێکی دێموکراتیک هێشتا لەوێ کۆیلەتی لە ئارادا بوو و ١٠٠ ساڵ پاش نەمانی کۆیلەتیش ڕەشپێستەکان لە سەرەتاییترین مافی دێموکراتیکی خۆیان بێبەش بوون. دێموکراسی و فرەلایەنی شان بەشانی یەکتر دەچنە پێش و ئەو وڵاتانەی کە لە لایەن هاوپەیمانیی فرەلایەنەوە بەڕێوە دەچن زووتر دەبنە دێموکراتیک تا ئەو ڕێژیمانەی کە لایەنەکانی دیکە پەراوێز دەکەن و دێموکراسی لە پەلوپۆ دەخەن. کورت و پوخت: دێموکراسی نەتەوان دروست ناکا بەڵام ئەو نەتەوانەی کە دروست بوون ئاسانتر دەبنە دێموکراتیک.

لەجیاتی جەخت کردن لەسەر هەڵبژاردنی ئازاد و خاوەن کێبڕکێ، من تیشک دەخەمە سەر سێ فاکتەر کە لەسەرەخۆ و لە ماوەی چەند جیلدا گەشە دەکەن بەڵام بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەتنیکەکاندا یەکلاکەرەوەن. لە ئاکامدا، من لە بەشی کۆتاییدا دەیسەلمێنم کە هێزی دەرەکی دەسەڵاتێکی کەمیان بەسەر نەتەوەسازی لە ماوەیەکی کورتخایەندا هەیە، بە پێچەوانەی بۆچوونی زۆر لە ناوەندەکانی داڕشتنی سیاسەت. پێش شرۆڤەکردنی ئەو سێ پرۆسە سیاسییە هێواشە، باسێکی کورت لەسەر پێناسەکردنی نەتەوەسازیی بەجێیە.

سکەی نەتەوەسازیی دوو ڕووی هەن: بەرینکردنەوەی هاوپەیمانیی سیاسی بە شێوەیەک کە گشت وڵات بگرێتەوە (لایەنی پێکەوەبەستنی سیاسی)؛ و سەرهەڵدانی هەستی وەفاداری و خۆ پێناسەکردن لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەت، بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە هەنووکە کێ دەسەڵاتی دەوڵەتی بەدەستە (لایەنی ناسنامەی سیاسی). بۆ گەشەکردنی هەردوولا، پەیوەندیی سیاسیی نێوان هاووڵاتیان و دەوڵەت دەبێ گشت ئەتنیکەکان بگرێتەوە. پەیوەندییەکانی هاوپەیمانیی ئەوتۆ دەوڵەتە نەتەوەییەکان ڕاستەوخۆ بە تاکی شارۆمەند یا ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای ڕێکخراوە سیاسییەکان، ڕێکخراوە خۆبەخشە ناحکوومییەکان، حیزبەکان، تاقمە پیشەییەکان و هتد بەیەکەوە گرێ دەدا. لە حاڵەتێکی ئایدیالدا، سەرجەم شارۆمەندان بەو ڕایەڵە هاوپەیمانییانە کە لە دەوڵەتدا کۆبوونەوە بەستراونەوە، بۆیە نوێنەرایەتیی خۆیان لە ناوەندی دەسەڵاتدا دەبیننەوە. تەنانەت ئەگەر حیزب یا ڕێبەری خۆشەویستی ئەوان لە دەوڵەتی ئێستادا خاوەنی کورسی نەبن، پەیوەندییان بە سیاسەتوانی خاوەن دەسەڵاتی سەر بە ئەتنیکی خۆیان هەیە کە تاکەکان وەک «یەکێک لە خۆیان سەیری دەکەن.» لە ڕێژیمی گشتگیری ئەوتۆدا، ڕووناکبیران، نوخبەی سیاسی و هەروەها تاکی ئاسایی کۆمەڵگەی نەتەوەیی بە شێوەی گشتی وا پێناسە دەکەن کە سەرجەم شارۆمەندان بە شێوەیەکی یەکسان بگرێتەوە بەبێ لەبەرچاو گرتنی پێشینەی ڕەگەزی یا ئەتنیکیی ئەوان.

نەتەوەسازیی ئاسەواری گرینگ و ئەرێنیی هەن. هاوپەیمانیی فرەلایەنە جیاوازیی ئەتنیکی لە سیاسەت دادەماڵێ (دەیکاتە شتێکی ناسیاسی): سیاسەت وەک گەمەیەکی لێ نایە کە کۆی بردنەوە و دۆڕاندن تێیدا سفر بێ کە لەوێدا هەر گرووپێکی ئەتنیکی خەبات بۆ بە دەستەوەگرتنی کۆنترۆڵی دەوڵەت بکا. لە جیاتان پرسی سیاسی گرینگتر لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەرکی ڕاستەقینەی دەوڵەت دێتە گۆڕێ. لەوە زیاتر، هاوپەیمانیی فرەلایەن برەو بە هەستی خۆ بە خاوەنی دەوڵەت زانین دەدا و بیرۆکەی ئامانجی گشتی، لەولای بنەماڵە، گوند، هۆز یا پیشەی خۆت بەهێز دەکا. بۆیە، شارۆمەندانی وڵاتانی گشتگر (واتە ئەو وڵاتانەی کە لەوێدا هیچ لایەک پەراوێز ناخرێ) لە جیات گرووپی ئەتنیکی، چینی کۆمەڵایەتی یا ناوچەی خۆیان، خۆ لەگەڵ نەتەوەکە پێناسە دەکەن و پێی وەفادارن. تەنانەت باشترین ئامێری پرۆپاگاندا، ڕێوڕەسمەکانی ئاڵا، خوێندنەوەی هاوبەشی سروودەکان، یا گۆڕی سەربازی ون، ناتوانن پێناسەیەکی هاوبەشی ئەوتۆ دروست بکەن. ئەوە تەنیا کاتێک دێتە ئاراوە کە مرۆڤ کەسێک لە خەڵکی خۆی لەسەر کورسییەکانی دەوڵەتدا ببینێ. ئەو شارۆمەندانەی کە خۆیان لەگەڵ نەتەوە پێناسە دەکەن کەمتر لە بەرامبەر دانی باج خۆڕاگری دەکەن، پشتیوانیی دەوڵەتی خۆشبژێو دەکەن و دەوڵەتی کاریگەرتر بەڕێوەبەرییان دەکەن. لەوەش گرینگتر، ئێمە بە گوێرەی توێژینەوەی پێشوو دەزانین کە هاوپەیمانیی گشتگیر کە کەمینەکان و زۆرینە لەخۆ دەگرن مەترسیی شەڕی نێوخۆش کەم دەکەنەوە و دەبنە هۆی گەشەکردنی ئابووری.

مەرجەکانی پێکهاتنی ئەو جۆرە هاوپەیمانییانە کامانەن؟ من سێ لایەنی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان و دەوڵەت لێک جیا دەکەمەوە: لایەنی ڕێکخراوەیی، یەکەی سیاسی - ئابووری و لایەنی پێوەندی. بۆ هەرکام دەکرێ فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە دەستنیشان بکرێ کە بوار بۆ تەشەنەکردنی هاوپەیمانیی لە نێوان ئەتنیکەکاندا خۆش دەکا و دەبێتە پێکهێنانی هاوپەیمانیی گشتگیرتر. بۆ نیشاندانی چۆنیەتیی کارکردی ئەو فاکتەرانە لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە، من بە کورتی شرۆڤەی مێژووی سێ جووت وڵات دەکەم، هەر کام لەو جووتە وڵاتانە یەکێک لەو لایەنە و مێکانیزمانە نیشان دەدەن. بەراوردی نێوان سویس و بێلژیک چۆنیەتیی کاریگەریی لایەنی ڕێکخراوەیی لە دروستبوونی نەتەوە نیشان دەدا. بوتسوانا و سومالیا لایەنی دابەشینەوەی خزمەتگوزارییەکان لە دروستکردنی نەتەوەدا نیشان دەدا و، ڕووسیە و چین جیاوازی لە مەڕ لایەنی پێوەندیی نیشان دەدەن. هەرکام لەو جووتانە وڵاتانێکن کە قەبارە، پێکهاتەی دێموگرافی ئەتنیکی، ئەزموونی کۆلۆنیالی، تەمەنی مێژوویی و هەلومەرجی ئابووری وەک یەکیان هەیە بەڵام لە یەکێک لە مێکانیزمەکانی یارمەتیدەر لە درووستبوونی نەتەوەدا لەگەڵ یەکتر جیاوازییان هەیە.

## ڕایەڵەی ڕێکخراوی خۆبەخش

لایەنی ڕێکخراوەیی ئەو دامەزراوانە دەگرێتەوە کە دەبنە هۆی هاوپەیمانیی سیاسی لە نێوان دەوڵەت و هاووڵاتییاندا. ئەوان دەتوانن بۆ مەبەستێکی دیاریکراو پێکهاتبن، بۆ وێنە کاتێک کە هاووڵاتییەک دەنگ بە سیاسەتوانێک دەدا کە بەڵێنی جێبەجێکردنی سیاسەتێکی دیاریکراوی داوە؛ یا بەهۆی پێوەندیی پارێزگاریکردن وەک کاتێک کە وەفاداریی سیاسیی کەسێک بە پشتیوانیی پارێزەرەکە لە کاتی تەنگانە لە داهاتوودا دەگۆڕدرێتەوە؛ یا ئەوەی کە وەک وڵاتانی خاوەن حیزبی بەهێز و سەربەخۆ بەتەواوی بە دامەزراوە دەکرێ، یا دەتوانێ وەک ڕایەڵەی پێوەندیی نێوان دامەزراوە دەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە خۆبەخشەکان خۆی بنوێنێ وەک کلووبی سیاسیی هەرێمی، ڕێکخراوە پیشەییەکان و شتی لەو شێوە. بە بۆچوونی من لە ئەگەری بوونی ڕێکخراوی خۆبەخش، دامەزراندنی پێوەندی لە نێوان ئەتنیکە جیاوازەکاندا ئاسانتر دەبێ. ئەو ڕێکخراوانە بەرژەوەندیی تاکەکان پێکەوە گرێ دەدەن، بە شێوەیەک کە سیاسەتوانان و دامودەزگا دەوڵەتییەکان بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەرتر پێوەندییان پێوە بگرن. بە پێچەوانە لە سیستەمی پارێزگاریکەرانەدا، هەرکام لە هاوپەیمانییەکان دەبێ بەجیا پێیان ڕابگەی. جگە لەوە، ڕێکخراوە خۆبەخشەکان دەتوانن هاوپەیمانیی ئاسۆیی لەگەڵ یەکتر دروست بکەن، وەک هاوپەیمانیی ڕێکخراوەکانی پەرستاران لە کالیفۆرنیا. بۆیە ڕایەڵەی هاوپەیمانییەکان دەتوانێ نفووز بکاتە نێو ناوچەکان و نێوان ئەتنیکە جیاوازەکان، و ببێتە هۆی دروستبوونی ڕێکخراوی چەتریی سەرانسەری وڵات بۆ سەرجەم ڕێکخراوە پەرستارییەکان، کە پاشان دەتوانێ بە دامەزراوە حکوومییەکان یا حیزبێکی سیاسی کە کۆنترۆڵی دەوڵەتی بەدەستە گرێ بدرێ.

ئاستی گەشەکردنی ڕێکخراوەی خۆبەخشی ئەوتۆ بە تایبەتی لە سەرەتای بوونی وڵاتێکدا گرینگن، وەک دوای دارمانی سیستمی پاشایەتی (وەک زۆربەی وڵاتانی ئورووپا) یا کاتێک وڵاتانی کۆلۆنیکراو (موستەعمەرە) سەربەخۆیی وەدەست دێنن (وەک زۆربەی باقی وڵاتانی جیهان). ئەگەر ڕایەڵەیەکی چڕ لە ڕێکخراوی ئەوتۆ لەپێشدا بوونیان هەبێ، دەسەڵاتدارە نوێکان دەتوانن کەلک لەو ڕێکخراوانە بۆ ورووژاندنی لایەنگران و ڕاکێشانی ڕێبەرانی سیاسی لەناو ئەواندا کەلک وەرگرن. پەراوێز خستنی کەمینە نەتەوەکان یا زۆرینەکان لە کەشوهەوایەکی ئەوتۆدا ئەگەری کەمترە: ڕێکخراوە خۆبەخشەکان زۆر جار لقیان لە شوێنە جیاوازەکانی وڵاتدا کە ئەتنیکە جیاوازەکان لێیان دەژین پێک هێناون. بۆیە پێگەی پشتیوانیی ڕێبەرانی نوێ و خودی ڕێبەرایەتییەکە فرەئەتنیکی دەبێ. ئەوە دەکرێ بە شێوەی ئەزمونی بە بەراورد کردنی سویس و بێلژیک نیشان بدرێ.

لە سویس، ڕێکخراوە مەدەنییەکان (کلوبی نیشانەگری، دەستەی کتێب خوێندنەوە، ڕێکخراوی کۆڕ و هتد) لە سەرانسەری وڵات لە ماوەی کۆتاییەکانی سەدەی ١٨ تا نیوەی سەدەی ١٩ گەشەیان کردبوو. ئەوان بە شێوەیەکی یەکسان بڵاو ببوونەوە، چونکە گشت ناوچەکان لە بواری ئابوورییەوە گەشەیان کردبوو و چونکە دەوڵەتشارە بچووکەکان کە سویس لێیان پێکهاتبوو نە توانا و نە ئەنگیزەی سەرکوتی ئەوانیشیان هەبوو. بەپێچەوانە، لە بێلژیک، ناپلیۆن و هەروەها شای هولەند کە جێگای ئەوی گرتەوە، ئەو ڕێکخراوانەیان سەرکوت کردن. لەوەش گرینگتر، ڕێکخراوەکانی بێلژیک ئەو ناوچانەی لەخۆ دەگرت کە لە بواری ئابوورییەوە گەشەی زۆرتریان کردبوو و بەشی خوێندەوارتری فەڕانسەیی زمان و بەشێک لە هاووڵاتیانی دەگرتەوە.

کاتێک کە بێلژیک لە ١٨٣١ لە پاشایەتیی هۆلەند جیا بۆوە و سەربەخۆ بوو، دەسەڵاتدارە نوێکانی وڵات سەر بە ڕایەڵەی ڕێکخراوە فەڕانسەیی زمانەکان بوون. بێئەوەی کە بیری لێ بکەنەوە، ئەوان زمانی فەڕانسەییان وەک زمانی فەرمی بۆ بەڕێوەبەرایەتی، سپا و دەزگای داد دیاری کرد. ئەو کەسانەی کە تەنیا بە زمانی فلامی قسەیان دەکرد بەشێک لەو ڕایەڵەی ڕێکخراوانە نەبوون و لەبەر ئەو هۆیە نوێنەریان لە دەوڵەتی ناوەندیدا نەبوو، سەرەڕای ئەوەی کە لە بواری دێموگرافیکەوە فلامییەکان کەمێک لە زۆرینەدا بوون. بۆیە، لە بێلژیک، فلامییەکان تا کۆتاییەکانی سەدە لە نێوخۆدا وەک کۆلۆنییەک (موستەعمەرە) بەڕێوە دەچوون. سەرەتا نەتەوەسازییەکە شکستی هێنا و پاشان پرسی زمان بە توندی سیاسی کرا. ئێستا ئەو وڵاتە بە درێژایی هێڵی جیاکەرەوەی زمانەکان نیزیکی لەتبوونە.

لە سویس، گواستنەوە بەرەو دەوڵەت - نەتەوە دوای ماوەیەکی کورت شەڕی نێوخۆی لە ١٨٤٨ لێ کەوتەوە. نوخبەی لیبڕال کە شەڕەکەیان بردەوە و دەسەڵاتی وڵاتیان بۆ چەند جیل گرتە ئەستۆ بۆ ڕاکێشانی لایەنگر و ڕێبەر، پشتیان بەو ڕایەڵەی

ڕێکخراوەکانی مەدەنی کە فرە ناوچە و فرە ئەتنیک بوون بەستبوو. بۆیە ئەو پێکهاتەی دەسەڵاتە کە سەری هەڵدا کاراکتەرێکی فرە ئەتنیکی هەبوو: هەر کام لە تاقمە زمانییەکان لە بەرزترین ئاستی دەوڵەت و هەروەها لە ئاستی بەڕێوەبەری فیدراڵیدا نوێنەریان هەبوو، کە تا ڕادەیەکی زۆر بە گوێرەی قەبارەی حەشیمەتەکەیان بوو. فەڕانسەی، ئاڵمانی و ئیتالیایی بوونە زمانی فەرمیی دەوڵەت، بێئەوەی کە زۆر فکری لێ بکەنەوە. لە زۆرینەی مێژووی سیاسیی وڵات و تا ئەمڕۆش، فرەچەشنیی زمانی پرسێکی ناسیاسی ماوەتەوە.

## دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی لە لایەن دەوڵەتەوە

لایەنی ئابووریی سیاسی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و شارۆمەندەکان، ئەو سامانانە دەگرێتەوە کە لەنێویاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێ. هاوڵاتیان زۆر وێدەچێ پشتیوانیی دەوڵەتێک بکەن کە خزمەتگوزاریی گشتییان لە بەرامبەر باج، گومرگ و مز کە لێیان وەردەگرێ دابین بکا. ئەوسا پەیوەندیی دەوڵەت و شارۆمەندان چیتر لە سەر بنەمای باج لە سەر بنەمای باج ئەستاندن بە هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز (وەک لە سەردەمی ڕێژیمە ملهوڕەکانی پێش دەوڵەتی نەتەوە باو بوو)، وەک دیکتاتۆریی پاشایەتی، فەرمانڕەوایەکی ئیمپراتۆر یا ڕێبەرایەتیی کۆلۆنیال نابێ. هەرچی دەوڵەت توانایی لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی لە گشت ناوچەکانی وڵاتدا هەبێ، هاوبەشێکی دڵخوازتر دەبێ وەک شەریک، و هاووڵاتیان زۆرتر هەوڵ دەدەن هاوپەیمانیی لەگەڵدا دروست بکەن. پێکهاتەی دەوڵەت نوێنگەی ئەو هاوپەیمانییە گشتگرە و بەو شێوەیە فرە ئەتنیکیی دانیشتووانی وڵات دەبێ. ئەو هاووڵاتیانەی کە خزمەتگوزاریی گشتی لە بەرامبەر ئەمەگناسیی سیاسی و باجەکەیان وەردەگرن، بە هەمان شێوە زۆرتر باوەش بۆ لێدوانی ناسیۆنالیستی دەکەنەوە کە لە لایەن نوخبەی دەسەڵاتدار و یاریدەدەرە ڕووناکبیرەکانیانەوە ئامادە و بڵاو دەکرێنەوە.

مێکانیزمی دووهەم دەکرێ لە بەراوردکردنی سومالیا لەگەڵ بوتسوانادا نیشان بدرێ. کاتێک کە بوتسوانا لە ١٩٦٦ بوو بە وڵاتێکی سەربەخۆ، دەوڵەتەکەی بە شێوەیەکی کاریگەر توانیی هەلی هەناردەکردن بۆ ئاژەڵدارەکان بڕەخسێنێ، ژێرخانی گواستنەوەی بەشێوەیەکی بەرچاو پەرە پێدا، قوتابخانە و دامەزراوەی پزیشکی دروست بکا و بەرنامەی فریاگوزاریی بۆ کاتی ویشکەساڵی کە جار جار ئابووریی ئاژەڵداری پەک دەخست داڕشت. ئەو دەستپێشخەرییانە سوودی یەکسانی بۆ هەموو ناوچەکان هەبوو، و بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە کە نیشان بدا کە کاربەدەستان لە کاتی تەرخانکردنی سامانەکان بۆ گوندێک یا ناوچەیەک، هەڵاواردنیان بە قازانجی ئەتنیکی خۆیان ڕەچاو کردبێ. لە ئاکامدا، حیزبی دەسەڵاتدار پشتیوانیی دەنگدەرانی سەرجەم ناوچە و ئەتنیکەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، کە بە نۆبەی خۆی بووە هۆی پێکهێنانی پارلمان و کابینەیەک کە هیچ ئاسەواری نایەکسانیی سیاسەتی ئەتنیکیی پێوە دیار نەبوو. دوایە ئەو پێکهاتەی دەسەڵاتی

گشتگیرە، بە تێپەڕ بوونی کات، بووە هۆی خۆپێناسەکردن بە دەوڵەت و زۆرینەی تسوانا، بە شێوەیەک کە تاکەکانی سەر بە کەمینە نەتەوە، وردە وردە ئاسیمیلە بوون (لە نێو ئەتنیکی زۆرینەدا توانەوە).

لە لایەکی دیکەوە، لە سومالیا مەرجەکانی نەتەوەسازی لە ڕێگای دابەشینەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان هێندە سەرکەوتوو نەبوو. دوای ئەوەی کە کۆلۆنییە کۆنەکانی ژێر دەسەڵاتی بریتانیا و ئیتالیا یەکیان گرت و بوونە وڵاتێکی سەربەخۆ، تواناییەکی کەم بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ سەرجەم دانیشتووان هەبوو. ئەو بیرۆکراسییە کە بە خێرایی گەشەی کرد ئاکامی یارمەتی دەرەکیی بوو. کاتێک کە گەیشتە بەشینەوەی پرۆژەکانی دەوڵەت، کاربەدەستەکان سوودیان بەو لایەنانە گەیاند کە توانایی دانی زۆرترین ڕێژەی بەرتیلیان هەبوو یا ئەو کەسانەی کە سەر بە هۆزی ئەوان یا کەسوکاری خۆیان بوون. کودەتای سەربازیی زیاد باررە بە شێوەی کاتی ئەو هەڵسوکەوتەی گۆڕی. لەبەر نەبوونی دامەزراوەی پێویست، ڕێژیمەکەی هەوڵی دا پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتی بە شێوەی هەڵمەتی سەربازیی کورتماوە بەڕێوە بەرێ، وەک خوێندەوارکردنی حەشیمەتە کۆچەرەکەی یا گەیاندنی یارمەتی بە قوربانیانی ویشکەساڵی. لە دەوڵەتی ناوەندیدا هیچ هاوپەیمانییەکی سیاسی نەیتوانی بەو شێوەیە دروست بێ. بۆیە باررە بناخەی فەرمانڕەواییەکەی بە شێوەی پەرەئەستێن بە لایەنگرە بەوەفاکان لە هاوپەیمانیی هۆزی خۆی و هەروەها ئەوانی کە سەر بە هۆزی دایکی بوون پڕ کردەوە. ئەوانی کە پەراوێز خران لەو پێکهاتەی دەسەڵاتە ئەتنیکییە بێزار بوون. تێکبەردانی هاوپەیمانیی هەردەم لە گۆڕانی هۆز و فەرمانده شەڕکەرەکان دژی یەکتر و شەڕی نێوخۆی دەیان ساڵە، وڵاتی پارچە پارچە کرد.

### ئامرازی هاوبەش بۆ پێوەندیگرتن

سێهەم لایەنی دروستکردنی هاوپەیمانیی لە نێوان شارۆمەندان و دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندی. ئەگەر تاکەکان بتوانن بە زمانێکی هاوبەش لەگەڵ یەکتر بدوێن دامەزراندنی پێوەندیی لە نێوان ناوچە جیاوازەکان و لە نێوان ئەتنیکە جیاوازەکاندا ئاسانتر دەبێ. ئەوە «تێچووی ئاڵوێر»، بەو مانایە کە هەوڵی پێویست بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی یەکتر، بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، وتوویژ لەسەر سازشەکان و لەو ڕێگایەوە دروستکردنی پێوەندیی و متمانەی بەردەوام، کەمتر دەکا. لەبەر ئەو هۆیە جیاوازیی زمانەکان تەشەنەکردنی ڕایەڵەی سیاسی بۆ سەرجەم ناوچەکانی وڵات هێواش دەکاتەوە.

بۆ نموونە، ڕێگا بدەن مێژووی چین و ڕووسیە لە سەرەتاکانی سەدەی ١٩ تا کۆتایی سەدەی ٢٠ لەگەڵ یەکتر بەراورد بکەین. خەڵکی چین بە زۆر زمان قسە دەکەن، کە پرۆسەی نەتەوەسازی دژوار دەکا. بەڵام، نامە، ڕۆژنامە و کتێب بە شێوە

## بەشی یەکەم

نووسینێکی هاوبەش دەنووسرێن. ئەو شێوە نووسینە لە هیچکام لەو زمانانەی قسەیان پێدەکرێ نزیکتر نییە کە بۆتە هۆی ئەوەی کە تاکەکان لە چوارگۆشەی ئەو وڵاتە پان و بەرینەدا بەبێ خۆ ماندوو کردن لە یەکتر تێبگەن. نووسینی هاوچەشن، لە سەردەمی ئیمپراتورییەتەوە، بواری ڕەخساند کە نوخبەی بەڕێوەبەری دامودەزگاکان لە ڕێگای سیستەمێکی تاقیکاری بە نووسین هەڵبژێردرێن کە لە سەرجەم ناوچەکانی وڵات بەڕێوە دەچوو کە هیچکامیان بە هۆی جیاوازیی زمانەکەیان لەگەڵ هی ناوەند تووشی هەڵاواردن نەبوون. ئەو شێوەیە ئاکامەکەی ئەوە بوو کە نوخبەی هەڵبژێراو وەک دانیشتووانی وڵات فرە زمان بن. ئەوە لە بارەی ئەو تاقمە سیاسییانەی کە لەنێو ئەندامانیدا دروست دەبوون بەهەمان شێوە بوو، چونکە ئەو کەسانەی نەیانتوانیبا بە زمانی یەکتر قسە بکەن دەیانتوانی بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا و پێکهێنانی هاوپەیمانی بە نووسین پێوەندی بە یەکترەوە بکەن.

ڕێکخراوە کۆماریخوازە دژە ئیمپراتۆرییەکە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ سەری هەڵدا بە هەمان شێوە ئەندامەکانی زمانی جیاوازیان هەبوو (واتە هەموو هاو زمان نەبوون). کاتێک کە ئەو هێزانە لە ١٩١١دا بە ڕێبەریی کۆمینتانگ ئیمپراتورییان ڕووخاند و دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت، پێکهاتەی دەسەڵات بە فرەناوچەیی ماوە و نیشانەی کەمیی باڵادەستیی زمانێکی پێوە دیاربوو. هەمان شت دەکرێ لەسەر حیزبی کۆمۆنیست کە لە ١٩٤٩ دەسەڵاتی گرتە دەست بگوترێ. بە لەبەرچاو گرتنی سروشتی گشتگیری هاوپەیمانیی دەسەڵاتدار، هیچکات ناسیۆنالیزمی زمانی لەنێو گرووپەکانی نێو زۆرینەی گەلی هان کە بە زمانی مەندرین قسە ناکەن سەری هەڵنەدا. هانەکان وەک گەلێکی فرەزمان، بەڵام لە بواری ئەتنیکییەوە هاوشێوە حیساب دەکران. هەراوهوریای ناسیۆنالیزمی زمانیی لەنێو گەلی هان، کە زۆرینەن، هیچکات بەرز نەبۆوە.

بەڵام ئەو شتە لە تەواوی مێژووی هاوچەرخی ڕووسیەدا بوونی هەبووە و ئیمپراتورییەکە دوو جار بە درێژایی هێڵی جیاکەرەوەی زمانەکان لێک هەڵوەشاوە: دوای شۆڕشی بولشویکی لە ئۆکتۆبری ١٩١٧ و دواتر لە ئاکامی ڕیفۆرمەکانی گۆرباچۆف لە ١٩٨٩. یەکێک لە هۆیەکان ئەوەیە کە پێکهێنانی هاوپەیمانیی سیاسی لە نێوان حەشیمەتێک کە بە چەندین زمان قسە دەکەن کە لە ڕوانگەی زمانناسییەوە لێک جیاوازن، لە فینلەندی تا ئاڵمانی، لە ڕووسی تا تورکی و لە کۆرەیی تا ڕۆمانیایی، دژوارە. جگە لەوە، بە پێچەوانەی چین، ئەو زمانانە بە شێوە نووسینی جیاواز دەنووسرێن، لە نێویاندا لاتین، عەرەبی، کریلی و موغولی. کاتێک کە سەردەمی سیاسەتی جەماوەری لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩دا دەستی پێکرد، ڕایەڵەی هاوپەیمانییەکان لەنێو زمانە جیاوازەکاندا دروست بوون، چونکە دەستڕاگەیشتن بە جەماوەری خوێندەوار لە ڕێگای ئامرازی تەبلیغاتی وەک ڕۆژنامە پێویستی بە شێوە نووسینی هاوبەش و زمانی هاوبەشە. بۆیە ئەو حیزبە خاوەن جەماوەرانەی کە لە دە ساڵەی کۆتایی سەدەی ١٩ و دەیەکانی دوای سەدەی ٢٠ سەریان هەڵدا تەنیا لەنێو کۆمەڵگەی بەشێک لە زمانەکاندا دروست بوون (ئەرمەنییەکان، گورجستانییەکان، فینلەندییەکان، لەهستانییەکان هتد). یا ئەوان وەک

## بەشی یەکەم

لێفەیەکی چل تیکە لە ڕایەڵەی زمانی هاوشێوە دەچوون، وەک ئەوەی کە لەنێو مەنشویک دا بەرچاو دەکەوت. هۆشیاریی نەتەوەیی لەنێو دەرزەنێک شێوە زمانی دیاریکراودا سەری هەڵدا، لەجیات ئەوەی کە وەک هی هانەکانی چین بێ کە بووە پێناسەیەکی گشتگیر.

سیاسەتی نەتەوەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت دوای شۆڕشی ١٩١٧ بناغەکانی ئەو شێوە هەڵسوکەوتەی بە خوێندەوارکردنی کەمینەکان بە زمانی خۆیان پتەوتر کرد. نوخبەکانی ئەوان ڕێگایان پێدرا کە ئەو پارێزگا و ناوچانەی خاوەن زمانی دیاریکراو بوون بەڕێوە بەرن بەڵام لەژێر چاودێریی چڕی مۆسکۆدا. ئەوە بواری بۆ پێکهاتنی ڕایەڵەی گەندەڵکار لەنێو ناوچە ئەتنیکییەکان ڕەخساند. کەمینەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو لەنێو بەڕێوەبەرایەتیی حیزب، سەرووترین پلەکانی ئیداریی و سپا بێ نوێنەر مانەوە. کەوابوو جێگای سەرسوڕمان نییە کە ڕێبەرانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە دروستکردنی «گەلی سۆڤیەت»ی یەکگرتوودا سەرکەوتوو نەبوون؛ بۆیە لە سەردەمی خروشچۆف بەولاوە سیاسەتی تواندنەوەی هەرچی زۆرتریان گرتە بەر.

**گۆڕەپانی سیاسی بەردەوام وەک لێفەی چل تیکەی تەریککەوتووی گرووپی ئەتنیکی دەچوو و لە کۆتاییدا کاتێک کە سەهۆڵی دەسەڵاتی سەرەڕۆ لە سەردەمی گۆرباچۆفدا توایەوە، وڵاتەکە بە درێژایی هێڵی جیاکەرەوەی زمانەکان لێک هەڵوەشا.**

(لە ژمارەی ٧٥٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# سەرهەڵدانی دەوڵەت و نەتەوەسازی

## گەڕانەوە بۆ مێژوو؛ سەرهەڵدانی دەوڵەت و نەتەوەسازی

**ئاندریاس ویممەر**

بە گەڕانەوە بۆ مێژووی دوورتر، ئێمە دەتوانین بپرسین توانایی دەوڵەت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتیی و زمانی یەکدەست سەرچاوەی گرتوە. لە ڕوانگەی منەوە هەردووکیان میراتی دەوڵەتی ناوەندگەرا بوون کە پێش سەردەمی کۆلۆنیالی و پێش گواستنەوە بۆ دەوڵەت - نەتەوەی مۆدێرن درووست بوون. لەو شوێنانەی کە فەرمانڕەوایی بە چڕی ناوەندگەرا گەشەیان کردبوو، بەڕیوەبەرایەتیی بیرۆکراتیک سەریان هەڵدا کە فێربوون چۆن ناوچە جیاوازەکانی وڵات بە شێوەی ڕێکخراوەیی ئاوێتە و لە بواری سیاسییەوە کۆنترۆڵ بکەن. ئەو دەوڵەتانەی کە تازە دەوڵەت - نەتەوەیان پێکهێنابوو کەڵکیان لەو زانیارییە و ژێرخانە بیرۆکراتیکەکانی کرد تا خزمەتگوزاریی گشتی بۆ سەرانسەری ناوچەکان دابین بکەن. دوای ماوەیەکی دوورودرێژ، ئەو دەوڵەتە بە چڕی ناوەندگەرایانە نوخبەکانی دەوروبەر و لایەنگرانیان هان دا زمانی نوخبەی ناوەند (یا وەک چین: شێوە نووسین) هەڵبژێرن. ئەوە بووە هۆی گەشەکردنی پێگەی کاریی ئەوان و ڕێگای پێدان کە ئیددیعای خاوەندارییەتیی کولتووری «بەرزی» ناوەندی سیاسی بکەن.

بۆ نموونە پێش ئەوەی بوتسوانا ببێتە کۆلۆنی، چەند میرنشینی ناوەند گەرا و یەکگرتوو سەریان هەڵدابوو، کە لە لایەن ئەو بەگزادانەی کە بە زمانی تسوانا دەدوان بەڕێوە دەچوون. کاتێک کە لە لایەن دەوڵەتی دوای کۆلۆنیالییەوە هێنرانە ژێر ڕکێف، ئەو میرنشینانە بە شێوەیەکی باش خزمەتگوزاریی گشتییان کە لە لایەن دەوڵەتەوە دابین کرابوو بەدەست هاووڵاتیان گەیاند: ئەوان ئەو کارەیان بە پشتیوانیی ڕەوایی و ئەو ژێرخانە دامەزراوییە کرد کە بەڕێوەبەرایەتییان لەسەر دامەزراندبوو. ئەوان بەهەمان شێوە لە سەردەمی پێش کۆلۆنیال، لە ماوەی کۆلۆنیالیزم و دوای کۆلۆنیالیزمیش بڕەویان بە ئاسیمیلە کردنی دانیشتووانی غەیرە تسوانایی بۆ کولتوور و زمانی باڵادەستی تسوانایی دەدا.

لە مێژووی سومالیا، هیچکات فەرمانڕەوایی ناوەندیی بەسەر ناوچەکانی ناوەوە و زۆرینەی خەڵکە کۆچەرەکەی سەری هەڵنەدا. ئەوە بووە بەربەستێکی بەرچاو بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی دوای سەردەمی کۆلۆنیال. ئاستی هەرە بەرزی ناوندگەرایی سیاسی لە چین لەماوەی هەزاران ساڵدا دەرفەتی سەرهەڵدانی شێوە نووسینی یەکدەست لە سەرانسەری

## بەشی یەکەم

ئیمپراتورییەکە ڕەخساند و بەهەمان شێوە بووە هۆی ئاسیمیلە بوونی بەشێکی بەرچاو لە نوخبەی سیاسی لە ناوەندە نوێ کۆنفوسیوسییەکانی ئیمپراتوری. بۆیە دەوڵەتی ناوەندگەرای خۆماڵی، کە فەرمانڕەوایی کۆلۆنیالی پشتی بەوان بەستبوو، مەرجی پاشخانێکی گرینگی بۆ نەتەوەسازیی سەرکەوتوو دەستەبەر کردبوو چونکە ئەوان میراتی دووانەی ژێرخانێکی بیرۆکراسی - سیاسی و زمانێکی هاوشێوە (یا وەک چین: شێوە نووسین) یان هەبوو.

### لەولای نموونەکانی سەرەوە؛ شیکارییەکی جیهانیی

زۆر ڕوونە کە ئەو نموونانەی لەسەرەوە باسمان کردن کاریگەریی ڕێژەیی سێ مێکانیزمەکان بە شێوەی یەکلاکەرەوە دەرناخەن. ئەوە کاتێک دەردەکەوێ کە ئێمە یەکێک لەو جووتە وڵاتانە لەگەڵ یەکی دیکەی دیکە جووتێکی دیکە براورد بکەین. بۆ وێنە لە سومالی، هەموو بە یەک زمان قسە دەکەن، لە کاتێکدا کە سویس لە ڕوانگەی زمانییەوە فرەچەشنترە، گەرچی مێژووی نەتەوەسازیی ئەو دووانە بە پێچەوانەی یەکترە. لە چین بە بەراورد لەگەڵ سویس، گەشەکردنی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیی تا ١٩١١ بوونی نییە (جگە لەو ڕێکخراوانەی کە لە لایەن چینێکی بچووکی خوێندەوار پشتیوانیی دەکران)، سەرەڕای ئەوە هاوپەیمانی لە نێوان ئەتنیکەکاندا سەری هەڵدا. بە واتایەکی دیکە، کاتێک چەند نموونە لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکەین بۆمان دەردەکەوێ کە هەموو شتێک وەک یەک نییە (بە کوردی دەڵێن هەرچی سمێڵی سوور بوو هەمزاغا نییە).

### جگە لەوە، فاکتەری دیکە دەتوانن بۆ نەتەوەسازیی یەکلاکەرەوە بن.

**یەکەم؛** ئەزموونی کۆلۆنیالیی کاریگەریی نییە؟ وڵاتانی وەک سومالی و بوتسوانا، کە قوربانیی سیاسەتی دووبەرەکیی بنێوە و فەرمانڕەوایی بکەی هێزی داگیرکەر بوون، لە بەراورد لەگەڵ سویس و ڕووسیە لە هەوڵەکانیان بۆ یەکگرتوویی سیاسی - نەتەوەیی لە ئاستێکی مافخوراودا نین؟

**دووهەم؛** مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە نەتەوەسازی تا ڕادەیەکی زۆر مەسەلەی گەشەکردنی ئابوورییە. ئاخۆ سویس وەک سومالیی لێ دەهات، ئەگەر پیشەسازیی هەناردەکردنی سەرکەوتوو نەبا و نەکرابا بە ناوەندی سیستەمی بانکیی نێونەتەوەیی و بیمە؟ ئەگەر هیچ ئەڵماسێک لە خاکە خیزەڵانەکەی بوتسوانادا نەدیتراباوە، دەیتوانی هێندە کاریگەر خزمەتگوزاریی گشتیی بگەیەنێ؟

**سێهەم**؛ نەتەوەسازیی لە وڵاتانی وەک سویس ئاسانترە کە جیاوازیی ئایینی و زمانی یەک ناگرنەوە. بە پێچەوانە لە ڕوسیەی ڕۆمانۆف، زۆربەی کەمینە زمانییەکان باوەڕمەندی دینی جیاواز لە زۆرینەی ئۆرتۆدۆکسی ڕوسی زمانی بوون. ئەگەر بەو شێوە بێ، جیاوازیی ئەتنیکی لە ڕوانگەی سیاسییەوە زۆرتر لێک جیاکەرەوەیە و نەتەوەسازیی دژوارتر دەبێ.

**چوارەم و کۆتایی**؛ ئێمە ڕەنگبێ پێویست بکا ڕوانگەیەکی وریاترانەمان هەبێ و بڵێین کە نەتەوەسازیی لەو وڵاتانەدا سەرکەوتوو دەبێ کە زۆر شەڕیان لەگەڵ وڵاتانی دیکە کردووە، کە وروژاندنیان بۆ شەڕی هەمەلایەنە بۆتە هۆی یەکگرتوویی ئەوان. بە هەمان شێوە، لەوانەیە دەوڵەتی ئوروپایی بۆیە توانیان نەتەوەی یەکدەست درووست بکەن چونکە ڕێک کردن و گۆڕانی سنوورەکان بە درێژایی سەدان ساڵ و پاکتاوی ئەتنیکی بووە هۆی دروستبوونی دانیشتووانی یەکدەست کە ئاسانتر لە بەڕێوەبەرییەکی نەتەوەییدا ئاوێتە بوون.

بۆ وەڵامی پرسیاری لەو شێوەیە، ئێمە دەتوانین لە سەر تاقمێک زانیاریی لە بارەی وڵاتانی جیهان لێکۆڵینەوە بکەین. ئەوە یارمەتیدەر دەبێ بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە ئاخۆ ئەو چوار فاکتەرە دەتوانن یەکلاکەرەوە بن بۆ تێگەیشتن لەوەی کە نەتەوەسازی لەکوێ سەرکەوتوو بوو و لەکوێ شکستی هێنا. ئەوە بە هەمان شێوە ڕێگامان پێدەدا کە بزانین ئاخۆ ئەو سێ مێکانیزمانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا لە وڵاتانی دیکە جگە لە سویس، بەلژیک، سومالی، بوتسوانا، چین و ڕوسیە کاریگەر بوون یا نا. بۆ هەرکام لە لێکۆڵینەوە ڕێژەییەکان، ئێمە لە پێشدا پێویستیمان بەوەیە کە بزانین نەتەوەسازیی لە هەر وڵاتێک چەندە سەرکەوتوو بووە. بۆ ئەو مەبەستە، من پشت بە هەندێک زانیاریی دەبەستم کە نیشان دەدا کە ڕێژەی هاووڵاتیانی سەر بە کۆمەڵگە ئەتنیکییان دەپێوی کە نوێنەرانیان لە بەرزترین ئاستی دەوڵەتدا بەشدار نین. ئەو زانیارییە لە ١٩٤٦ ڕا تا ٢٠٠٥ بۆ ١٥٥ وڵات لەبەر دەستدایە. بە کەڵکوەرگرتن لەو زانیارییە، من نیشانی دەدەم کە هەڵاواردنی سیاسی لەو شوێنانە کەمترە کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەنێو دانیشتوواندا بەربڵاوە، لەو شوێنانە کە دەوڵەت لە گەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتییدا باشە، و ئەو شوێنانە کە هەرێمی زمانیی زۆرتر وەک یەکە.

بۆ ئەوەی کە شیکارییە ئامارییەکە زۆرتر لەبەردەست دابن، ڕێگا بدەن زانیاریی سێ وڵاتان لەگەڵ یەکتر بەراورد بکەین. بۆ پێوەری گەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی، من پشت بە ڕێژەی خوێندەواریی دەبەستم، کە تا ڕاددەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەریی سیستەمی قوتابخانەی گشتییە. ئەگەر لە وڵاتێک ٨٠% گەورەساڵان بتوانن بنووسن و بخوێننەوە (١٥% لە سەرووی ناوەندیی جیهانیی کە ٦٥%ـە)، کەوابوو ڕێژەی پەراوێزخراویی دانیشتووان نزیکەی ٣٠% کەمترە لە وڵاتێک کە تەنیا نیوەی خەڵکەکەی خوێندەوارە (١٥ % لە ژێر ئاستی مامناوەندیی). بۆ ئەندازە گرتنی فرەزمانی، ئێمە لە گۆترە دوو کەس هەڵدەبژێرین و ئیحتیمالی ئەوەی کە هاوزمانی یەکتر بن حیساب دەکەین. ئەگەر ٥٢% بوو (١٤% لە سەرووی



سەرچاوە
Serchawe

ڕێژەی مامناوەندیی کە ٣٨% ـە)، ڕێژەی خەڵکی پەراوێزخراو دووبارە ٣٠% کەمترە لە وڵاتێک کە ئیحتیمالەکەی تەنیا ٢٥% ـە (١٤% لە ژێر ڕێژەی مامناوەندیی). ڕێژەی خەڵکی پەراوێز خراو بە هەمان ئەندازە کەم دەکا ئەگەر ئێمە بۆ هەر پێنج کەس ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی زیاد بکەین.

جگە لەوەی کە لەسەرەوە هاتە بەرباس هیچ شیکردنەوەیەکی دیکە بۆ نەتەوەسازیی مومکین نییە، هەر وەک لێکۆڵینەوەی ئاماریی زیاتر بە بگۆڕی دیکە دەریدەخا. وڵاتان وێناچێ ئەگەری شکستی نەتەوەسازییەکەیان زیاتر بێ ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژخایەن کۆلۆنی بووبن یا دەسەڵاتدارییەکە بە شێوەیەکی دیکە بووە (وەک بە کۆلۆنیکراو لە لایەن خەڵکی لە دەروەڕا هاتوو یا فەرمانڕەوایی ناڕاستەوخۆ)؛ ئەگەر ئابوورییەکەیان گەشەنەکردوو بێ؛ ئەگەر مێژوویەکی دوورودرێژی شەڕ لەگەڵ وڵاتانی دیکەیان هەبێ یا ناکۆکیی ئەتنۆ - ناسیۆنالیستییان هەبێ؛ یا جیاوازیی زمانیی و ئایینییان یەکتر داپۆشێ.

لە کۆتاییدا، لێکۆڵینەوە لە تاقمی زانیاریی فرە بەربڵاویش نیشانی دەدا کە لەو شوێنانەی کە دەوڵەتی زۆر ناوەندگەرا پێش سەردەمی کۆلۆنیالیی و پێش دەوڵەت - نەتەوە سەریان هەڵدابێ، دەوڵەتانی ئێستایان خزمەتگوزاریی گشتیی زۆرتر دابین دەکەن و دانیشتووانی بە زمانی کەمتر قسە دەکەن. ئەوە توخمێکی یەکلاکەرەوەی دیکەی پێویست بۆ نەتەوەسازیی پێکدێنێ کە لێرە باسی لێ کراوە. بۆ نیشاندانی ئەوە ئێمە دەکرێ پشت بە دوو پێوەری مێژووی پێش کۆلۆنیالی دروستکردنی دەوڵەت ببەستین. یەکەمیان بۆ ٧٤ وڵاتی ئاسیا و ئەفریقا لەبەر دەستدایە کە پێکهاتەی سیاسی پێش کۆلۆنیالیی ئەوان لە لایەن مرۆڤناسانەوە تۆمار کراون. زانیاریی دووهەم، کە ئابووریناسان کۆیان کردوونەوە، ١٤١ وڵاتان دەگرێتەوە و ئەوە ئەندازە دەگرێ کە دەوڵەتانی خۆماڵیی تا چ ڕاددەیەک کۆنترۆڵی خاکی وڵاتی ئێستایان لە ماوەی نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدە بەدەستەوە بووە.

شتێکی ئاشکرایە کە ناتوانین بگەڕێینەوە دوایە و وڵاتێکی مێژوویی دروست بکەین کە بەکەڵکی نەتەوەسازیی ئەو سەردەمە بێ. توانایی دەوڵەتێکیش بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتیی ناتوانێ بە یەک دوو ساڵان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بێتەوە. زمانێکی هاوبەش ناکرێ بە ماوەیەکی کورت فێری دانیشتووان بکرێ. ڕێکخراوی خۆبەخش کە هاوپەیمانیی سیاسی لە دەوری ئەوان پێکبێ ناتوانن لە ماوەکەی کورتدا ڕیشە داکوتن. لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو سێ فاکتەرە سیاسییە یەکلاکەرەوانە، کات بە چەند جیل ئەژمێر دەکرێ نەوک چەند ساڵ. کەوابوو، چاککردنەوەی دەوڵەتی فەشەل یا نەتەوەسازیی ناکرێ لە ماوەی کاتی دەورەیەک یا دوو دەورە سەرکۆماریی وڵاتە یەکگرتووەکان جێبەجێ بێ.

لە ماوەی نزیک بە بیست ساڵی ڕابردوودا، دامەزراوە جیهانییەکان وەک بانکی جیهانیی هەوڵیان داوە دامەزراوەی ئەوتۆ

دروست بکەن کە بتوانێ خزمەتگوزاریی گشتیی بۆ وڵاتانی جیهانی سێهەم دابین بکا. ئەو پێداگرییە بەردەوامە لەسەر دەوڵەتداریی و دروستکردنی توانایی هەنگاوێکی ئەرێنییە بۆ ڕاستکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی هەڵە کە زۆر جار دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی دەیگرنە بەر. هۆگریی لیبراڵانە و درێژخایەن بۆ بەهێز کردنی دامەزراوە دەوڵەتییەکان و کاریگەرتر کردنی ئەوان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتیی باشترین سیاسەتی نێونەتەوەییە بۆ یارمەتیکردنی نەتەوەسازیی لە سەرانسەری جیهان.

باشترین لایەن بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی دەوڵەتەکان و دەوڵەتە ناوچەییەکانن، نەوەک ئاژانسەکانی کەرتی تایبەت، ڕێکخراوی خۆبەخشی بیانی یا سوپای داگیرکەر. لەوانەیە ئەوانە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە کاریگەرتر بن. بەڵام دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتیی لە لایەن هێزی دەرەکییەوە یارمەتییەکی کەم بە ڕەوایی بەخشین بە دەوڵەتە خۆجێییەکان دەکا. ئەوە دەکرێ بە کەڵکوەرگرتن لە لێکۆڵینەوەی خەڵکی ئەفغانستان نیشان بدرێ، کە هەموو ساڵێک لە ٢٠٠٦ تا ٢٠١٥ لە لایەن دامەزراوەی ئەیشەن فاوندەیشن بەڕێوە چووە. دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتیی لە لایەن بیانییانەوە گەلێک کەمتر کاریگەرە بووە بۆ بردنەسەری ڕێژەی ڕەزامەندیی لە دەوڵەتی خۆجێیی یا هاندانی هاوڵاتیان بۆ ڕووکردن لە دامەزراوە دەوڵەتییەکان بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکییەکانیان، لە جیاتی دەسەڵاتە نەریتییەکان و فەرماندە شەڕکەرەکان. ئەوە هێندەی دیکە ناخۆشە کە ببینی کە ئەفغانستانییەکان ئەو خزمەتگوزارییانەیان پێ باشترە کە لەلایەن تاڵەبانەوە بۆیان دابین دەکرێ تا پرۆژەکانی خزمەتگوزاریی گشتیی لە لایەن بیانییانەوە.

ستراتیژییەکی دووهەمی نەتەوەسازیی کە بۆ لایەنگریکردن دەبێ ئاوێتەیی پێوەندیگرتن لە ڕێگای پشتیوانیی لە سیستەمی خوێندنی یەکگرتووە. وڵاتان لە سەرانسەری جیهان ڕێگایەکی زۆریان بڕیوە بۆ خوێندەوار کردنی دانیشتووانیان و فێر کردنیان کە بە زمانێکی هاوبەش قسە بکەن، کە لە درێژخایەندا، وەک لە سەرەوە باس کرا، یارمەتیدەری نەتەوەسازیی دەبێ. بۆیە پشتیوانیی بەردەوام لە سیستەمی خوێندنی نەتەوەیی لە بەرامبەر بە زەختەکانی بودجەیی، ستراتیژییەکی درێژخایەنی بەکەڵکە نە تەنیا بۆ گەیشتن بە گەشە کردنی بەردەوام و یەکسانیی ڕەگەزیی بەڵکو بۆ ئەوەی کە بوار بۆ نەتوەسازیی خۆش بێ.

سێهەم، پشتیوانیی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە بۆ وێنە لە لایەن دامەزراوە حیزبییەکانی ئاڵمانی وەک فریدریش - ئێبەرت شتیفتونگ یا دامەزراوەی سۆرۆس، لەوانەیە ببێتە شکستی سیاسی و ئاژاوە. سەرکوتی ئەو دواییانەی ڕێکخراوە خۆبەخشەکانی گەلێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا کە لەلایەن بیانییانەوە پشتگیریی ئابووریان دەکرێ، ئەوە بەڕوونی ئاشکرا دەکا. بەڵام لە درێژخایەندا، ئەو ڕێکخراوانە ژێرخانی سیاسی دەستەبەر دەکەن کە یارمەتیدەری

بەشی یەکەم

دروستبوونی پێوەندیی لە نێوان ئەتنیکەکان دەبێ و ئاوێتە بوونی سیاسی پەرە پێدەدا.

دوایین، بەڵام بژاردەیەکی پڕ گیروگرفتتر بۆ برەودان بە نەتەوەسازی، پشتیوانیی لەو گرووپانەیە کە بۆ ڕێژیمی گشتگیرتر خەبات دەکەن و کە بۆخۆیان هاوپەیمانیی فرە ئەتنیکییان دروست کردوون. هەر وەک مێژوو نیشانی دەدا، ڕێژیمە زۆر پەراوێزخەرەکان، کە کەمینەیەک دەسەڵاتیان بەسەریدا هەیە، وەک ئەوەی کە ئێستا لە سووریە هەیە زۆر جار تەنیا لە ڕێگای خەباتی چەکدارییە بەچۆک دادێن. ئاڵوگۆڕی ئاشتیخوازانە وەک هی ئەفریقای باشوور زۆر دەگمەنن. کەوابوو، توندوتیژیی ئێستا، هەندێک جار نرخێکە کە دەبێ بۆ ئاشتیی بەردەوام بدرێ کە ئاوێتە بوونی سیاسی و نەتەوەسازی دەستەبەری دەکەن. بەڵام، هیچ زەمانەتێک نییە کە دەسەڵاتدارە نوێکانی دوای ڕێژیمێکی سەرەڕۆ، زۆر بە ئاسانی تەنیا جێگۆڕکێ نەکەن و ئەو گرووپانە لە نوێنەرایەتیی دەوڵەتی نەتەوەیی پەراوێز نەخەن. جارێکی دیکە، نموونەیەکی باش شێوەی هەڵسوکەوتی نوخبەی شیعەی عێراقە کە چۆن سیاسەتوانە سوننییەکانیان دوای داگیرکاریی ئەمریکا پەراوێز خست. دەکرێ زۆر نمونەی دیکەش لە وڵاتانی دیکەی جیهان بێنینەوە.

بۆیە پێداگریی لەسەر ڕێککەوتنی دابەشینەوەی دەسەڵات، سەرەڕای گشت کەمایەسییە تۆمارکراوەکانی، ئێستاش باشترین بژاردەی لەبەر دەستدایە بۆ هێزە پەراوێزخراوەکان کە لە گۆڕەپانی سیاسی ناوچەییدا خاوەن دەسەڵاتن. ئەوڕۆ ڕێژەیەکی کەم لە چاودێران ئەو خەیاڵپڵاوە دەکەن کە ئەوە بە ئاسانی دەستەبەر دەبێ. دژواریی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنێکی ئەوتۆ بە پێچەوانەی ویستی هێزە سیاسییە زۆرینەکان زۆر بەباشی لە عێراق دەبینرێ و، ڕەنگبێ بە شێوەیەکی خراپتر لە بۆسنی، کە زۆر لەمێژ بوو لێک هەڵدەوەشا ئەگەر لێیان گەڕابان.

**لەبەر ئەو هۆیە داڕێژەرانی سیاست دەبێ ئەو بیرۆکەیە ڕەت بکەنەوە کە ئەوە ڕەوایە و دەکرێ «خەڵکی دیکە فێر بکەی چۆن خۆیان بەڕێوە بەرن،» هەر وەک ڕووناکبیرێکی ناودار لە تروپکی سەردەمی دڵگەرمیی نەتەوەسازیی جۆرج دەبلیو بوشدا باسی کرد. نەتەوەسازیی لەدەرەوەڕا تەقریبەن ناومکینە ئەگەر هەلومەرجە مەیدانییەکان بۆ یەکسانیی سیاسی کەمینەکان و زۆرینەکان ئامادە نەبێ.**

(لە ژمارەی ٧٦٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

## سەرهەڵدان دژی «سیستمی» ئێران لە عێراق و سووریە

ئورشەلیم پۆست - جاناتان سپایەر

هەنووکە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست شاهیدی یەکەم نموونەکانی سەرهەڵدانی جەماوەری لە وڵاتانێکە کە ئێران بە سەریاندا زاڵە. بە شێوەیەکی گەلێک نامۆ بۆ عێراق و لوبنان، ئەو نارەزایەتییانەی ئێستا لە ئارادان جەخت لەسەر گەندەڵیی سیاسی و ئابووری، بەڕێوەبەریی خراپ و سنوورداربوونی دەستڕاگەیشتنی جەماوەر بە سەرچاوەکانی دەسەڵات دەکەن. لە هەردوو شوێن، سەرەڕای ئەو پێداگرییە، خۆپیشاندەران بەرەوڕووی زاڵبوونی سیستمێک لە وڵاتەکەیان بوونەوە کە لە دەرەوەرا بەسەریاندا سەپاوە.

لە عێراق خۆپیشاندانەکان لە یەکی مانگی ئۆکتۆبر دەستی پێکرد. ئەو خۆپیشاندانانە لە بەغدا سەری هەڵدا و خێرا بۆ چەند شاری دیکە لە باشووری وڵات بڵاو بۆوە، لە نێویاندا پارێزگاکانی ناسریە، دیوانیە، بابل، واست، موسەننا و زیقار. هۆی سەرەکیی سەرهەڵدانەکان لابردنی ژێنێراڵی خۆشەویستی عادل عەبدولمەهدی، عەبدولوەهاب ئەلساعدی لە پۆستی جێگری فەرماندەی هێزی دژەتێرۆر بوو. بەڵام، وەلانانی ئەلساعدی نیشانەی مەسەلەیەکی قووڵتر بوو. ئەلساعدی کە بۆخۆی لە شیعەلانی بەغدایە بە هەڵوێستە ناتایفەیی و پرۆفێشنالیزمەکانی ناوبانگی دەرکردبوو. هێزی دژەتێرۆر، کە ئەو تێیدا خزمەتی دەکرد، هێزێک بوو کە ئەمریکاییەکان دروستیان کردبوو و ڕاهێنانیان پێ دەکردن. لابردنی ناوبراو لە پۆستەکەی بە شێوەیەکی بەربڵاو وا لێکدرایەوە کە کاری حەشدی شەعبی بێ، بۆ ئەوەی کە ڕکەبەرێک لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە. کەوابوو، لە کاتێکدا کە ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بەخێرایی بۆ پرسە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان گۆڕا، بە تایبەتی دەستوێڕانەگەیشتنی لاوان بە خانووی هەرزان، لە سەرەتاوە پرسی دەسەڵاتی ناهەڵبژێراو و ناوڵامدەری ئێران لە دڵی دەوڵەتداریی عێراقدا هەبوو.

**خۆپیشاندەر، مووسا ڕەحمەتوڵڵای بەغدادی، تەمەن ٢٨ ساڵ، لە وتووێژێکدا لەگەڵ ناوەندی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەو شێوە باسی ئەو پرۆسەیەی کرد:** «گیروگرفتەکان کۆمەڵایەتی و ئابوورین، بەڵام ئێستا گەورەتر بوونەوە. ئێستا، داوای سەرەکی و ویستی خۆپیشاندەران ئەوەیە کە ئەوان دەیانهەوێ ڕێژیم بڕووخێ.»

هەڵبەت ئەوە، دروشمێکی کۆنە کە لە گۆڕەپانە گشتییەکانی وڵاتانی عەرەب لە کاتی ماوەی کورتی «بەهاری عەرەبی» لە

بەهاری ٢٠١١ - ٢٠١٠دا دەنگی دەداوە. بەڵام لێرە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە. لە توونسی بین عەلی، میسری موبارەک، سووریەی ئەسەد و هتد، ئەوە شتێکی ئاشکرا بوو کە ڕێژیم چییە. بەڵام لە عێراق، بەفەرمی سیستمی دیموکراسی لەسەر کارە، بە پارلمان و هەڵبژاردنی ئاساییەوە. کەوابوو ئەوە کام «ڕێژیمە» کە ڕەحموتەڵڵا و خۆپیشاندەرانی دیکە ئاماژەی پێ دەکەن؟

خۆپیشاندەرێک لە پۆستێکی فەیسبووکدا بەو شێوەیە شی کردۆتەوە: «لە کاتێکدا کە وڵات تاڵان دەکرێ، دیموکراسی بە تەنیا بەس نییە! بەشداری لە هەڵبژاردندا بەکەڵکی چی دێ، لە کاتێکدا ببینی کە میلیشیاکان هەڕەشە لە براوەی هەڵبژاردن بکەن، هەڕەشەی هەڵایساندنی شەڕی نێوخۆیی و شتی دیکە بکەن و، پاشان ڕێگایان پێ بدرێ کە دەسەڵاتی زۆر زیاتریان بەسەر دەوڵەتەوە هەبێ؟!»

ئێران و هاوپەیمانەکانی وێدەچی گومانیان لەوەدا نەبێ کە ئەو «ڕێژیم»ەی کە باسی دەکرێ (لە زمانی عەرەبیدا وشەی «نیزام» مانای «سیستم»یش دەدا کە ڕەنگبێ لێرەدا شیاوتر بێ) ئەوەیە کە لەنێو دامەزراوە فەرمییە دیموکراسییەکاندا، تاران پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی خۆی دروست کردوە، کە هیچ ڕێگایەک بۆ سکاڵا کردن لە بڕیارەکانی ئەوان نییە.

ئەوەی کە ئێرانییەکان لەو بارەوە دڵنیان ڕەنگبێ نەکرێ لە لێدوانەکانیانڕا، بەڵکوو، لە ئاکارەکانیاندا ببینرێ. لە سەرەتاوە، دەسەڵاتی سەربازیی میلیشیا شیعەکان، هاوتەریب و بە هاوکاریی هێزە ئەمنیەتییە فەرمییەکانی دەوڵەت بزوێنران، بەو مەبەستە کە بێبەزەییانە خۆپیشاندەران سەرکوت بکەن. بەگوێرەی هەواڵێکی ئەسۆشیتد پرێس، فەرماندەی سپای قودسی ئێران قاسم سولەیمانی لە ٢ی ئۆکتۆبر بۆ ڕێکخستنی ئۆپەراسیۆنەکە چوو بۆ عێراق.

ئاکامەکەی ئەوە بوو کە تەنیا لە ٤ حەوتووی خۆپیشاندانەکاندا، زیاتر لە ٢٥٠ خۆپیشاندەر کوژران. لە ١٧ی ئۆکتۆبر ڕۆیتەرز باسی وردەکارییەکانی ئەو پرۆسەیەی کرد کە لەوێدا باسی تاکتیرهاوێژی میلیشیاکانی سەربە ئێرانی کردبوو کە لە سەربانی شوێنی خۆپیشاندانەکانڕا فەرمانی تەقە بە مەبەستی کوشتنی خۆپیشاندەرەکانیان پێدرابوو. بە گوێرەی ڕۆیتەرز، ئۆپەراسیۆنەکە لەلایەن کەسێک بەناوی ئەبوو زەینەب ئەلـلامی، کاربەدەستێکی پلەبەرزی حەشدی شەعبی کە پێوەندیی زۆر نیزیکی لەگەڵ ئێران هەیە، بەڕێوە چووبوو. هێزە ئەمنییەکانی عێراق کە ڕۆیتەرز لە زمانی ئەوانەوە باسی شتەکەی کردووە، ئیدیعایان کردوە کە تاکتیرهاوێژەکان «لە جیات پێوەندیکردن بە فەرماندەکانی هێزە سەربازییەکانەوە ڕاستەوخۆ گوزارشیان داوەتە فەرماندەکەیان (وێدەچێ لامی یا سولەیمانی بێ).»

## بەشی یەکەم

وردەکارییەکانی زنجیرەی فەرماندەیی و ڕێژەی هاوکاریی لەبنەوەی نێوان ئەو دوو لایەنە جێگای مشتومڕە. بەڵام دەوری هێزەکانی سەربە سپای پاسداران وەک بکەری سەرەکیی سەرکوتی خۆپیشاندەران، ئاشکرایە.

دۆخەکە هەر دێ و خراپتر دەبێ و کۆتاییەکەی ناڕوونە. ڕۆژی چوارشەممە، تەقەی ڕاستەوخۆ لە خۆپیشاندەرانی شاری ناسراوی شیعە، واتە کەربەلا، کرا. لە ئاکامدا ١٨ کەس کوژران. هێزە عێراقییەکان دەڵێن کە میلیشیاکانی عەسائیب ئەهلەلحەق و کەتائیبی حیزبوڵڵا لەو شارەدا چالاکن. مەزنترین خۆپیشاندانەکان لە مەیدانی تەحریری بەغدا بەڕێوە دەچن.

لە دۆخە جیاوازەکەی لوبناندا، دینامیزمێکی هاوشێوە بەڕێوەیە. ناڕەزایەتییەک کە لەسەرەتادا دژی باجی نوێ بۆ سەر تووتنەوات، سووتەمەنی و خزمەتگوزاریی تەلەفۆنی ئینتەرنێتی بوو، خێرا تەشەنەی کرد و بووە ئالنگارییەکی گشتی بۆ سەر سیستمی سیاسیی گەندەڵی وڵات.

هۆی ناڕەزایەتیی خۆپیشاندەران ئابووری و کۆمەڵایەتین. ئەوان ڕاستەوخۆ دژی حیزبوڵڵا و ئاغا ئێرانییەکانیان نین. خۆپیشاندەران دەیانهەوێ کە هاوپەیمانیی هەنووکەیی لە نێوان بەرژەوەندییە گەندەڵ و تایفەیەکان جێگای خۆی بدا بە دەوڵەتێک پێکهاتوو لە تەکنۆکراتان. هاندەری ئەوان دۆخی خراپی ئابووریی وڵات، بێکاریی بەربڵاو و قورستر بوونی قەرزەکانی وڵاتە.

بەڵام وەک ئاشکرا بووە، دۆخی هەنووکەیی پێوەندی بە ساختاری ئێرانییەوە هەیە، کە دەسەڵاتداری ڕاستەقینەی لوبنانە. ئەو ڕووکەشێکی دڵخوازی بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەر دەکا تا حیزبوڵڵا بتوانێ لەژێر ئەو ڕووکەشەدا دەسەڵاتی قۆرخکراوی خۆی بپارێزێ. لە ئاکامدا، لە دوای ٢٠ی ئۆکتۆبر، کاتێک کە حەسەن نەسرڵڵا بۆ یەکەم جار دژی خۆپیشاندانەکان قسەی کرد و، بە هێزێکی زیاترەوە دوای ٢٥ی ئۆکتۆبر، لاتەکانی حیزبوڵڵا و ئەمەل دەستیان کردوە بە ئازار و ئەزیەتی خۆپیشاندەران تا ئاراستەکە بەرەو توندوتیژیی بەرن.

لە ئێستاوە، سەرۆک وەزیران سەعد حەریری دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش کردوە. خۆپیشاندەران بەڵێنیان داوە کە لەسەر شەقامەکان بمێننەوە. ئەوان داوای دەوڵەتی «پسپۆڕان» و وەلانانی سیستمی سیاسیی تایفەگەرانەی لوبنان دەکەن، کە ڕێگا بە ئێلیتێک دەدا خۆ بسەپێنن، کە بە بۆچوونی خۆپیشاندەران ئەو ئێلیتە بەرپرسی دۆخی خراپی ئابووریی ئێستان. وەک بڕیاردەری ڕاستەقینە، ئێستا نۆرەی حیزبوڵڵایە کە دەوڵەتی نوێ پێک بێنێ.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەکەم

خاڵی سەرەکی، لە هەردوو مەسەلەی عێراق و لوبنان، ئەوەیە کە هەر نارەزایەتییەک یا خۆپیشاندانی جەماوەری لە کۆتاییدا دەبێ پرسی دەسەڵات بگرێتەوە، واتە کێ بڕیاردەرە؟ و گەلۆ مافی سکاڵا کردن، هەیە؟ لە هەردوو دۆخی لوبنان و عێراقدا، کاتێک کە ڕازاندنەوەکان، شتە خەیاڵییەکان و شتە ڕووکەشییەکان وەلا نران، خۆپیشاندەران بەرەوڕووی پێکهاتەیەکی سیاسی - سەربازیی هەڵنەبژێراو، چەکدار و گەلێک بێبەزەیی دەبنەوە کە بڕیاردەری کۆتایی و خاوەنی دەسەڵات لە وڵاتن. ئەو پێکهاتەیە، بە نۆرەی خۆی، لە ڕێگای مێکانیزمی سپای پاسدارانەوە، لەژێر کۆنتڕۆڵی ئێراندایە.

ئێران، لە لێدوانەکانیدا، پێیخۆشە کاتێک کە باسی بەرەی خۆی دەکا بە «تەوەری بەرخۆدان» ناوی بێنێ. مەبەستیشی ئەوەیە کە ئەو، هێزە سەرکوتکراو و ڕاستەقینەکانی ناوچە لە دژی پیلانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیسرائیل و بەکرێگیراوەکانیان، کۆ دەکاتەوە. بە کردەوە، وەک ڕووداوەکانی هەنووکەیی عێراق و لوبنان ئاشکرای دەکەن، سیستمی ئێرانی وەبیرهێنەوەرەی سیستەمێکی کۆلۆنیالییە، کە لەسوێدا تواناییەکانی دانیشتووانی خۆجێیی بۆ بڕیاردان لەنێو دەچێ، و پێکهاتەیەکی ژێر کۆنتڕۆڵی ئێران خۆی دەسەپێنێ بەسەریاندا. پاشان ئەو دەسەڵاتە بە شێوەیەک بەڕێوە دەچێ کە لە بەرژەوەندیی تاراندابێ، بەبێ لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندییە ئابووری و بەرژەوەندییەکانی دیکەی خەڵکی ژێر دەسەڵات.

**ئێستا خەڵکی ژێر دەسەڵاتی عێراق و لوبنان دژی سیستم سەریان هەڵداوە. بەڵام، جارێ دیار نییە کە ئاخۆ ئەوان ئەو ئامرازە پێویستەیان هەبێ کە بتوانێ ببێتە ئالنگارییەکی جیدی.**

(لە ژمارەی ٧٦١ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# ئێران خەریکە خۆرهەڵاتی ناڤین لە کیس دەدا

**فارین پاڵیسی - حەنین غەددار**

ئێران خەریکە خۆرهەڵاتی ناڤین لە کیس دەدا، ناڕەزایەتییەکانی لوبنان و عێراق ئەوە دەسەلمێنن لە کەمتر لە مانگێکدا، خۆپیشاندانەکان دژی گەندەڵیی و نەبوونی چاکسازیی ئابووری لە عێراق و لوبنان دەستیان پێکرد. لە هەردوو وڵات، ناڕەزایەتییە چاوەڕواننەکراوەکان، کە شارە شیعە نشینەکانی گرتۆتەوە، ئاشکرایان کردوە کە سیستمی ئێران بۆ دەستڕۆیشتوویی لە ناوچەدا شکستی هێناوە. بۆ کۆمەڵگە شیعەکانی عێراق و لوبنان، تاران و بەکرێگیراوەکانی لە وەرگێڕانی سەرکەوتنە سەربازی و سیاسییەکانیان بۆ دووره دیمەنێکی ئابووری-کۆمەڵایەتی شکستیان هێناوە، بە واتایەکی ساکار، سێناریۆی بەرخۆدانی ئێران نەیتوانی بژێوی خەڵک دابین بکا.

لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، دەوڵەتی ئێران و سپای پاسداران سیاسەتێکی ئاشکرا، درێژخایەن و وردیان لە بارەی چۆنیەتیی هەناردەکردنی شۆڕشەکەیان بۆ ناوچە، بەتایبەت بۆ وڵاتانی خاوەن زۆرینەی شیعە، هەبووە. ئێران بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتەکەی گەلێک پشوودرێژ و خۆڕاگر بووە و، نسکۆی بچووکی قبووڵ کردوە لە کاتێکدا کە هۆشی لەسەر ئامانجە سەرەکییەکەی واتە هێژمۆنیی بەسەر عێراق، لوبنان، سووریە و یەمەندا بووە.

ئەمڕۆ، وێدەچێ کە ئێران گەمە درێژخایەنەکە بباتەوە. بەکرێگیراوەکەی لە لوبنان لە هەڵبژاردنی ساڵی ڕابردوودا بردییەوە. لە سووریە، ئێران توانی هاوپەیمانەکەی واتە بەشار ئەسەد نەجات بدا. لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ئێران بە هەمان شێوە لە بەغدا لە ڕێگای بەکرێگیراوەکانییەوە، لە نێویاندا هێزی حەشدی شەعبی، میلیشیای شیعە کە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ داعش دروست بوو، دەسەڵاتی زۆرتری وەدەست هێناوە.

بەڵام، ئێران لە پلانە چل ساڵییەکەیدا، خاڵێکی گرینگی پاشگوێ خست: دووره دیمەنێکی ئابووری-کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی لایەنگرانی. لە کاتێکدا کە کەلکی لە هەموو دەرفەتێک بۆ خۆخزاندنە نێو سەرجەم دامەزراوەکانی ناوچە وەرگرت، ڕێژیمی ئێران نەیتوانی ئەوە لەبەرچاو بگرێ کە ئەو دەسەڵاتە پێویستی بە پلانی تۆکمە بۆ داهاتوو هەیە. بە لەبەرچاو گرتنی ڕووداوەکانی ناوچە، ئێران لە حوکمڕانیدا شکستی هێناوە، عێراق و لوبنان نموونەی باشن بۆ ئەم ئیدیعایە.

ئێران لە هەردوو وڵاتدا هێزی بەکرێگیراوی دروست کردن، لە ڕێگای پشتیوانیی ئابووری و چەکوچۆڵەوە دەسەڵاتی پێ بەخشین و، یارمەتی کردن کە خۆ بخزێننە نێو دامەزراوە دەوڵەتییەکانەوە. ئەمڕۆ، دامەزراوە دەوڵەتییەکانی عێراق و لوبنان کاریگەریی سەرەکییان هەیە: لەجیات پارێزگاری لە گەل و خزمەتکردن پێی، ئەوان پارێزگاری لە ئێران (حکوومەت) و بەرژەوەندییەکانی دەکەن.

چاودێران بە چەند هۆ ناڕەزایەتییەکانی ئێستای لوبنان بە "شتێکی بێوێنە" ناو دەبەن. بۆ یەکەمجار لە ماوەیەکی دوورودرێژدا، لوبنانییەکان هەستیان بە دوژمنی نێوخۆیی کردوە، واتە دەوڵەتی ئەوان و ڕێبەرە سیاسییەکان، نەوەک دەسەڵاتێکی داگیرکەر یا شوێندانەرێکی ناوچەیی. لەوێ، ڕێبەرە سیاسییەکان نەیانتوانیوە ئاراستەی ناڕەزایەتییەکان کۆنترۆڵ بکەن، کە سەرجەم کەرت و ئایینەکانی گرتووەتەوە، لە ترابلۆس لە باکوور تا سوور و نەباتییە لە باشوور و لە بەیرووتەوە تا سەیدا. بەربڵاویی ناڕەزایەتییەکان نیشانی دەدا کە ئەوان توانایی یەکگرتوویان بەبێ لەبەرچاو گرتنی پێوەندیی ئایینی و سیاسی هەیە. ئەوەی ئەوانی لێک کۆ کردۆتەوە قەیرانێکی ئابوورییە کە زەرەری بە خەڵکی سەرجەم تاقم و ئایینەکان گەیاندووە. وەک چۆن یەکێک لە خۆپیشاندەرەکان گوتی: "برسییەتی هیچ ئایینێکی نییە."

بەڵام لە هەموو گرینگتر، ناڕەزایەتییەکان بۆیە بێوێنەن چونکە حیزبوڵڵاش هەڵوێستێکی نائاسایی گرت. حەسەن نەسروڵڵا ڕێبەری حیزبوڵڵا کە دەیان ساڵ خۆی وەک پارێزەری هەژاران و دژی نادادپەروەری دەناساند، بڕیاری دا کە دژی خەڵکی سەرشەقام لەگەڵ کاربەدەستان هاوهەڵوێست بێ. شێوەی هەڵسوکەوتی حیزبوڵڵا بەرامبەر بە ناڕەزایەتییەکانی ئێستا نسکۆیەکی مەزن و دژوارترین ئالنگاریی نێوخۆییە کە تا ئێستا بەرەوەڕووی بووەتەوە.

ڕێبەری حیزبوڵڵا لەخۆڕا پشتیوانیی لە سەرۆک وەزیران سەعد حەریری نەکرد. دیمەنی بەشداریی خۆپیشاندەرانی شیعە کە لەگەڵ لوبنانییەکانی دیکەی سەر شەقام تێکەڵ بوون، ترسی خستە نێو دڵی ڕێبەریی حیزبەکەوە. شیعەکانی لوبنان هەمیشە بڕبڕەی پشتی هێزی نێوخۆیی و ناوچەیی حیزبوڵڵا بوون. ئەوان لە کاتی هەڵبژاردندا دەنگ بە حیزبوڵڵا و هاوپەیمانەکەی ئەمەل دەدەن و، لەگەڵ ئەوان لە لوبنان، سووریە و یەمەن شەڕ دەکەن. لە بەرامبەردا زۆر لەوان مووچە و خزمەتگوزاری وەردەگرن کە بە لێشاو لە لایەن ئێران و حیزبوڵڵاوە پێیان دەدرێ.

بەڵام بۆ یەکەم جار لە دوای دامەزرانی حیزبوڵڵا لە هەشتاکانی زایینییەوە، شیعەکانی لوبنان دژی دەوەستنەوە. لە نەباتییە، گرینگترین ناوچەی نفووزی ئەو گرووپە لە باشووری لوبنان، خۆپیشاندەرانی شیعە تەنانەت بارەگاکانی ڕێبەرانی حیزبوڵڵایان سووتاند.

**لێرەدا، سێ هێز کاریگەرن:**

**یەکەم**؛ تێوەگلانی پڕتێچووی حیزبوڵڵا لە شەڕی سووریە و زەختی گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر ئێران، ئەو حیزبەی ناچار کردوە کە مووچە و خزمەتگوزارییەکان کەم بکاتەوە، کە بووەتە هۆی زیاتر بوونی مەودای نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیە. لە کاتێکدا کە زۆربەی هێزەکانی کە دەیانناردنە شەڕی سووریە لە شیعە هەژارەکان بوون، کاربەدەستەکانی حیزب بە هۆی شەڕەکەوە دەوڵەمەند بوون کە بووە هۆی نارەزایەتیی زۆر.

**دووهەم**؛ دەنگدەرانی حیزبوڵڵا ناچار بوون کە هاوپەیمانی حیزبوڵڵا، نەبیل بەرری، وەک سەرۆکی پارلمان، وەک خراپەیەکی پێویست بۆ پاراستنی هاوپەیمانیی شیعە، قبووڵ بکەن. ئەگەرچی گەندەڵیی ئاشکرای بەرری دژی ئیدیعای حیزبوڵڵا لەمەڕ شەفافییەت و دەستپاکیی بوو، کۆمەڵگەکە بۆ دەیان ساڵ پاشگوێی خست. بەڵام کاتێک کە ئابووریی لوبنان بەرەوە خراپی چوو لەهەمان کاتدا کە دارایی حیزبوڵڵا لە کەمیی دا، زۆر شیعە چیدیکە نەیاندەتوانی تێچووی خۆیان دابین بکەن. گەندەڵیی بەرری و سامانە لە ڕادەبەدەرەکەی چیدیکە تەحەمول نەدەکرا.

**سێهەم**؛ حیزبوڵڵا لە ڕادەبەدەر جەختی لەسەر توانایی سەربازی کردوە. حیزبوڵڵا پاش کشانەوەی ئیسرائیل لە لوبنان لە ساڵی ٢٠٠٠ و پاشان دوای شەڕی جوولای لە لوبنان لەگەڵ ئیسرائیل لە ٢٠٠٦ ئەو هەڵوێستەی گرت. ئەو بە هەمان شێوە ئیدیعای کرد کە لە سووریە دژی دوژمنی نوێ، توندئاژۆیی سوننە، سەرکەوتووە. بەڵام، گشت ئەو سەرکەوتنانە نەیانتوانی ببنە هۆی خۆشبژێویی گشتی. لەوانەیە بە قازانجی ئێران بووبێ، بەڵام شیعەکانی لوبنان لە هەموو کات زۆرتر تەریک کەوتنەوە. بۆیە هێندە گرینگە کە کۆمەڵگەی شیعە، بە تێکەڵ بوون لەگەڵ نارەزایەتییەکان، ئێستا هەوڵ دەدا کە پێناسەی لوبنانیی خۆی وەدست بێنێتەوە، لە جیات ئەو پێناسە ئایینییەی کە تائێستا لە دابین کردنی چاوڕوانییەکەی شکستی هێناوە.

بەسەرهاتی عێراقیش بە هەمان شێوەیە. ئەو مانگە، دەیان هەزار عێراقی لە بەغدا و شارە شیعەکانی دیکەی باشووری ئەو وڵاتە هاتنە دەر و دژی شکستی چینی سیاسیی عێراق لەمەڕ دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و کەم کردنەوەی بێکاری و گەندەڵی، نارەزایەتییان دەربڕی. سەرکوتکردنەکان خێرا و شەڕەنگێزانە بوون کە بوونە هۆی کوژرانی زیاتر لە ١٠٠ خۆپیشاندەر. ڕۆیتێرز کەمێک دوای حەفتەیەک لە دەستپێکی نارەزایەتییەکان ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە و پشتڕاستی کردەوە کە میلیشیا بەکرێگیراوەکانی ئێران بۆ کوشتنی خۆپیشاندەران، تاکتیرهاوێژیان لە هەندێک سەربانی بەغدا دامەزراندبوون.

بەشی یەکەم

دەوری ئێران لە وڵامدانەوە بە خۆپیشاندانەکان لە عێراق و شکستی دەوڵەت لە پارێزگاری لە هاووڵاتییەکانی نیشانەیەکی بەرچاوی نفووزی ئێران لەو وڵاتەیە. گەلێک لە فەرماندەکانی میلیشیاکانی سەربە ئێران ئێستا ئەندامی پارلمان و دەوڵەتن، کە ئاجێندای ئێران جێبەجێ دەکەن و ئابوورییەکی جێگرەوە بۆ ئێران کە لەژێر گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندایە دابین دەکەن.

هەر وەک لوبنان، بەرنامەی ئێران دژی داعش یارمەتیدەر بوو کە ڕێبەرانی میلیشیاکان بچنە نێو پارلمان و وردە وردە خۆیان بخزێننە نێو دامەزراوە دەوڵەتییەکان. وەک مۆدێلی حیزبوڵڵای لوبنان، ئەگەر پێشی پێ نەگیرێ، بەکرێگیراوە عێراقییەکانی ئێران لەسەرخۆ و بێگومان لە سپای عێراق بەهێزتر دەبن و، دەسەڵاتی شەڕ و ئاشتی دەکەوێتە دەست ئێران.

ئەوە بە هەڵکەوت نییە کە تەنیا شیعەکان لە عێراق هاتنە سەر شەقامەکان. سوننییەکان دەمێکە لە لایەن ڕێبەرە تایفییەکانی شیعەوە سەرکوت دەکرێن و، شیعەکان تا ئێستا پێناسەی خۆیان لە جیات پێناسەیەکی ئایینی بۆ پێناسەیەکی نەتەوەیی نەگواستووەتەوە. بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەگەر ناڕەزایەتییەکان درێژەیان هەبێ، سەرتاسەری وڵات دەگرنەوە. هەندێک سوننی و کوردی عێراق پشتیوانیی خۆیان بۆ خۆپیشاندەرانی شیعە دەربڕیوە بەڵام خۆیان لە تێکەڵ بوون پاراستووە تا پێش بەوە بگرن کە مۆرکی ئەندامەتیی داعشیان لێ بدرێ، بیانوویەک کە ئێران هەم لە عێراق و هەم لە سووریە بۆ هێرشکردنە سەر سەرهەڵدانەکان کەلکی لێ وەرگرتووە.

ناڕەزایەتییەکانی لوبنان و عێراق هەر شتێک لەگەڵ خۆیانا بێنن، ئێران ڕێگا نادا کە پێکهاتەی دەسەڵاتەکەی بێشەڕ بڕووخێ.

لە هەردوو شوێنان ئێران کارێک دەکا کە زۆر لێی شارەزایە. لە لوبنان، لە جیات پاشەکشە و ڕێگە دان بە چاکسازی لە لایەن دەوڵەتی نوێ بە وەزیری لێهاتووە، حیزبوڵڵا و میلیشیاکانی سەربە ئێران وێدەچێ کە هێزەکانیان بەکار بێنن. هەر وەک نەسروڵڵا بە ئاشکرا گوتی، دەوڵەتەکەی نارووخێ.

حیزبوڵڵا هەوڵ دەدا کە هەڵەی حەشدی شەعبی لە بەکار هێنانی توندوتیژی دووپات نەکاتەوە. بۆیە یەکە سەربازییەکانی ڕاهێنانیان بە چەند ئەندامی غەیرە - حیزبوڵڵا کردوە تا ببنە ئەندامی تیپی بەرخۆدانی لوبنان. ئەرکی ئەو تیپانە دەقاودەق ئەوەیە کە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئالنگارییە نێوخۆییەکان بکەن و ڕێگا بە حیزبوڵڵا بدەن کە بەرپرسیارییەکەی نەگرێتە ئەستۆ. هەر ئێستا، لە هەوڵێک بۆ دروست کردنی دژەشۆڕش، سەدان لاو کە ئاڵای حیزبوڵڵا و ئەمەلیان بەدەستەوە



سەرچاوە Serchawe

بەشی یەکەم

هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران لە چەند شار. تا ئێستا، سپای لوبنان پێشی پێگرتوون کە زۆر لە خۆپیشاندەران نزیک نەبنەوە، بەڵام ئەوان توانییان لە دەرەوەی بەیرووت، زۆرتر لە شار و شارۆچکە شیعەکان، هەندێک خۆپیشاندەر بترسێنن و لێیان بدەن.

لە عێراق، وێدەچێ کە میلیشیاکانی سەربە ئێران کەلک لە توندوتیژی بۆ سەرکوتی نارەزایەتییە نوێکان وەرگرن کە قەرارە لە ٢٥ی ئۆکتۆبر دەست پێ بکەنەوە. بەبێ گوشاری نێونەتەوەیی بۆ هەڵوەشاندنەوەی پارلمان و ناچار کردنی سەرۆک وەزیران عادل عەبدولمەهدی، بۆ دەست لەکار کێشانەوە، خەڵکێکی زۆر دەکوژرێن. بەڵام لەهەر حاڵەتدا، ناوبانگی ئێران تووشی زەرەری بەرچاو دەبێ.

لە سەرانسەری ناوچە، هەمان بەسەرهات دووپات دەبێتەوە. لە هەر شوێنێک ئێران براوە بێ، ئاژاوە حاکمە. لە عێراق تا لوبنان، ئاشکرا بووە کە دەسەڵاتی ئێران چیدیکە تەحەمول ناکرێ و، کاتێک لایەنگرانی خۆی لەو وڵاتانە چیدیکە ئێران و ڕێبەرانیان قبووڵ ناکەن، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرن.

**نارەزایەتییەکانی ئەم دووایيانە نیشان دەدەن کە دەسەڵاتی ئێران زۆر لەوە ناسکترە کە دنیا حیسابی بۆ دەکا و، لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە دەبێ وەبیریان بێتەوە کە شیعەگەری هیی ئێران نییە و ڕەنگبێ کاتی ئەوە هاتبێ کە ئەوان ڕاستەوخۆ کار لەگەڵ کۆمەڵگە شیعەکان بکەن.**

(لە ژمارەی ٧٦٤ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٩

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەزەڵوەری ٢٧٢٠ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ی زایینی

نۆژەنکردنەوە: خەرمانانی ٢٧٣٦ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٣٦ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ کەماڵ حەسەن پوور بۆ وەرگێڕاوەکان لە "ئینگلیزییەوە"، و ئامادەکردنی هەموو بابەتەکان.**

**دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان**

**ڕەحمان نەقشی**

